**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٠٠

**ساڵی/ ٢٠١٤ — بەرگی سەد**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠١٤**

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠١٤)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١٠٠
**چاپی یەكەم: ٢٠١٩**
**تیراژ: ٢٥٠**
**پێداچوونەوە:**
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە ٢٠١٤/١٠/٢٢ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠١٤/١٠/٢٨ ل ٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠١٤/١٠/٢٩ ل ٢٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠١٤/١١/١٠ ل٣٢٧

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی**

**چوار شەممە رێکەوتی ٢٢\١٠\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٢

كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٢ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی نائاسایی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٧)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆكردنی گرفتەكانی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو.

٢. گفتوگۆكردن لە سەر پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان بەپێی خاڵی دووەم بڕگەی یەكەم ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەمواركراو.

٣. گفتوگۆكردن لە سەر پرۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو.

٤ ـ گفتوگۆكردن لە سەر پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان بەپێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو.

٥ ـ خوێندنەوەی یەكەمی یانزە پرۆژە بڕیار و یاسا كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان پێشكەشكراوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو.

٦ ـ دەنگدان لە سەر رەزامەندی پەرلەمانی كوردستان لە سەر بڕیاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان بۆ كۆبانێ لە رۆژئاوای كوردستان بەپێی بڕگەی (١١)یەم لە ماددەی (١٠)یەم لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٥)ی هەمواركراو، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٧)، رۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١٠/٢٢، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی گرێدانی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (٢٠١٤/١٠/٢٢) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت.

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی گرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بەپێی برگەی (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٢. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان بەپێی خاڵی دووەم برگەی یەکەم ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو.

٣. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٤ ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٥ ـ خوێندنەوەی یەکەمی یانزە پڕۆژە بڕیار و یاسا کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەشکراوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٦ ـ دەنگدان لە سەر رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لە سەر بڕیاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ لە رۆژئاوای کوردستان بەپێی برگەی (١١)یەم لە ماددەی (١٠)یەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە. فەرموو کاك علی نوقتەی نیزامییە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین برگەی شەشەم ئەگەر بهێنرێتە پێشەوە، واتا دوای گفتوگۆکردن لە سەر لیژنەی پەروەردە، چونکە تەسەور دەکەین دانیشتنەکە درەنگ بکەوێ و، ئەم بابەتە بابەتێکی هەنووکەیی و چارەنوسسازە بەسەر هەموو میللەتی کورد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو منیرە خان.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك علی حەمە صالح دەكەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك شوان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك علی حەمە صالح دەكەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك علی.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دكەم خاڵە (٦)ی ببت خاڵە ئێكێ ژ بەر كو خەڵكی كوردستانێ چاڤەڕێی پەرلەمانی كوردستانێنە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك ناظم.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك علی حەمە صالح دەكەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو د. ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك علی حەمە صالح دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو خاتوو حیاة.

**بەڕێز حیاە مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك علی هالۆ دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك علی حەمە صالح دەكەم، بۆ ئەوەی ئەو بڕگەیە بێتە پێشەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەم بابەتە، بابەتێكی گرنگە پێویستە بەزوویی هەر ئەمڕۆ پەرلەمانی كوردستان گفتوگۆی لە سەر بكا لە بڕگەی شەشەمەوە بهێنرێتە سەرەوە، بەڵام ئێمە بیرمان نەچێ، ئێستا لەناو گفتوگۆكردنی ئەم بابەتەین، دەكرێ لە شەشەمەوە بهێنرێتە دووەم، بەپێی پەیڕەویش ئێمە لە نیوەی ڕێگاین، ئەم مەسەلەی پەروەردەش جەنابی وەزیری پەروەردەو ستافی وەزارەت لێرەن، بەڵام هەوڵ بدەین بەزوویی گفتوگۆكان تەواو بێ، سەعاتێكی تر، دوو سەعاتی تر، دوای نیوەڕۆ بڕگەی شەشەم بهێنرێتە بڕگەی دووەم بۆ ئەوەی بتوانین دەست بەكاربین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەی ئەو برادەرانە دەكەم، دیارە دەبێ بێتە بڕگەی دووەم، بەڵام بۆچی خۆتان نەتان خستە بڕگەی دووەم ئەم هەموو نوقتەی نیزامییەی تێ بكەوێ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، باس دەكەم ئێستا، فەرموو شیلان خان.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك سالار دەكەم، فیعلەن قسەكانی زۆر تەواوە، چونكە لە دوێنێ وە جەنابی وەزیر لە ئیش و كارەكانیمان كردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان،بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر بابەتێك لە گفتوگۆدا بوو پێویست دەكات تەواو بكرێ و، ئەو كات بڕۆینە سەر گفتوگۆكردن لە سەر بابەتێكی تر، لە ناو هۆڵی پەرلەمان ناكرێت ئەندامی پەرلەمان بە تەلەفۆن قسە بكا، چەند جار دیقەتمان داوە لە ناو هۆڵی پەرلەمان تەلەفۆن دەكرێ، بۆیە

پێویست دەكات ئەم بابەتە تەواو بكەین، بەڵام ئەوە وەستاوەتە سەر ئێوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دوێنێ قسەو باسێكی زۆر لە سەر گرفتەكانی پەروەردە كراوە، تكایە قسەكانتان با ئەمڕۆ دووبارە نەبێ، ئەو بابەتانەی كە گرنگن پەیوەندیدارە بە ئێستای گرفتەكانی پەروەردە، زۆر بە كورتی باسی بكەن، پرسیارەكانتان چی هەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردە و ستافی یاوەری بكەن، بۆ ئەوەی بە زوویی گفتوگۆ لە سەر بڕگەی یەكەم تەواو بكەین، ئەم بابەتە پێویستی بەوە هەیە بەڕێز وەزیری پێشمەرگەش لێرە ئامادە بێ، بۆیە ئێمە لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە رێككەوتووین كە كاتژمێر یەك ئەو لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبێ، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە سەر ئەو بابەتە بكەین، ئەم بابەتە وەكو ئێوە باستان كرد یەكێكە لە هەرە پرسە گرنگەكان بۆ ئەمڕۆی كوردستان، پرسێكی نیشتیمانییە بۆ یەكەم جار پەرلەمانی كوردستان كۆبوونەوە ساز دەكا گفتوگۆ دەكا لە سەر ناردنی هێز بۆ پشتیوانی كردنی برا و خوشكانمان لە یەكێك لە پارچەكانی تری كوردستان، بۆیە بابەتێكی گرنگە نەمانهێشت تەنانەت (٢٤) سەعات بەسەر ناردنی ئەو پێشنیارەی سەرۆكایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی كوردستان تێپەڕێ، هێناومانەتە ناو بەرنامەی كارەوە، بۆیەش لە بڕگەی شەشەم دانراوە، چونكە ئیش و كاری رۆتینی سەرۆكایەتی پەرلەمان و شێوازی رێكخستنی بەرنامەی كار بەم شێوەیە كە بابەتەكانی ماون گفتوگۆی لە سەر بكەن، پێویست دەكات لە بەرنامەی كار بێ ئەو بابەتەی كە ئیزافە دەبێ دەڕواتە خوارەوەی بەرنامەی كار، بەڵام بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان پێش و پاش دەكرێ، بۆیە ئەوە لە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆكایەتی نییە، لە دەسەڵاتی پەرلەمانە پێش و پاش لە بەرنامەی كار بكرێ، داواتان لێ دەكەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان تكایە قسەكانی هاوڕێكانتان كە دوێنێ سەبارەت بە گرفتەكانی پەروەردە كردیان دووبارەی مەكەنەوە، بەشێوەیەكی زۆر كورت و پوخت پەیامەكانتان بنێرن هەر پرسیارێكتان هەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردەی بكەن، بۆ ئەوەی بە زوویی بتوانین گفتوگۆ لە سەر ئەو بابەتە تەواو بكەین و، بە دڵنیایشەوە وەزیری پەروەردە هەر ئەمڕۆ كۆمەڵێك روونكردنەوە لە سەر پرسیارەكانی ئێوە، لە سەر ئەو بابەتانەی ئێوە باستان كرد لە دوێنێ و لە ئەمڕۆش كە باسی دەكەن هەندێك وەڵامی هەیە و، بەهەمان شێوە بڕیاریان داوە كە لە ماوەیەكی نزیكدا ئەو پرسیارانەشی ئەمڕۆ ناتوانن وەڵامی بدەنەوە بە نووسین وەڵامی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان بدەنەوە، ئێستا دەست دەكەینەوە بە گفتوگۆكردن، ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو كاك ئومێد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابتان باستان لەوە کرد، پێشنیاری سەرۆکایەتی هەرێمە، ئەوە پێشنیاری سەرۆکایەتی هەرێم نییە، بەپێی ماددەی (١٠)یەم برگەی (١١)یەم، نامەی سەرۆکی هەرێمە کە بە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی هەرێم دەتوانێ هێزەکانی باشووری کوردستان بجوولێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەشێوەی تەلەفۆنی پەیوەندی بە ئێمەوە کردووە لە رۆژی یەکشەممەوە ئاگاداری تەفاصیلی ئەو بابەتەین، بەڵام ئێستا سەرۆکایەتی هەرێم ئستینادەن بۆ ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیە داوای لە ئێمە کردووە کە پەرلەمانی کوردستان رەزامەندی لە سەر ئەو بابەتە دەربڕێ، بەڵێ ئەوە یەکێکە لە سەلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێم، بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە دوای رەزامەندی پەرلەمان هێز رەوانەی دەرەوە بکات، بۆیە ئەگەر لە بەرنامەی کاریش سەیری بکەی ئاماژە بەوە دراوە، فەرموو بەڕێز سکرتێر.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی یاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢١) مۆڵەت پێدراو بوون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیە خوارەوەیە:

(١ ـ انس محمد شريف ـ مۆڵەت، ٢ ـ جودت جرجيس لطيف ـ مۆڵەت، ٣ ـ خلف احمد معروف، مۆڵەت، ٤ ـ زۆزان صادق سعيد ـ مۆڵەت، قارەمان قادر فتاح ـ مۆڵەت، ٦ ـ محمد على ياسين ـ مۆڵەت، ٧ ـ يروانت نيسان مارکۆس ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦) لە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢١ )بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٤ـ خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی  پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٥ـ ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی (٥)ی بەرنامەی کار بۆ خاڵی سێیەم و، بە پێچەوانەوە.

٦ـ دەنگدان لە سەر زیادکردنی ئەندامانی لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران.

٧ ـ پەسەندکردنی ناوی ئەندامانی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٨ ـ گفتوگۆکردن لە سەر گرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە و، بابەتەکە دواخرا بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، دەست بە گفتوگۆکانمان دەکەینەوە، فەرموو خاتوو پەروا علی.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و شاندی یاوەریان دەکەین، لە راستیدا فەلسەفەی پەروەردە لە فەلسەفەی دەوڵەتەوە هەڵ دەقوڵێ، ئایا شووناسی فەلسەفەی پەروەردەی ئێمە لە کوردستان چییە و لە کوێ دایە؟ ئەگەر بەڕێزیان ئیشارەتی پێ بدەن، لەو راپۆرتەی کە راپۆرتی بەڕێز وەزیری پەروەردە قسەی لە سەر کرد، یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی بەڕاستی پرۆسەی پەروەردە بۆ خۆی بریتییە لە گرنگیدان بە تاك و، دروستکردن و پەروەردە کردنی فێرکار، کەواتە هەموو بوارەکانی تر کە پێداویستییە ماددەیەکان لە خزمەت پێداویستییە مرۆییەکەدا یان لە خزمەت کارەکتەرە سەرەکییەکەن کە ئەویش بریتیە لە فێرکار، بەڵام بەداخەوە ئەوە غایب بوو، واتە هەموو کێشەو گرنگی و کەم و کورتیەکان لە دوو بەشەکەی تردا بوون لە ستاف و پێداویستیە ماددەیەکاندا، بەڵام ئەساسەکە کە کارەکتەری فێرکارە ئەوە غایب بوو، نازانم تا چەند بەڕێزیان گرنگی بەو بوارە دەدەن؟ یەك حاڵەت هەیە بەداخەوە لە سیستەمی پەروەردە کە ئەویش ئەوەیە دەستەواژەیەك هەیە من لەوێوە دەست پێ دەکەم کە لەلایەن خوێندکارانەوە بەتایبەتی لەلایەن خوێدکارانی بنەڕەتی زۆربەی لە کۆتاییدا کە قوتابخانە تەواو دەبێ، دەوامی قوتابخانە دەڵێن بەربووین، ئایا شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی بۆ ئەم دەستەواژەیە بکە بەربووین بە مانای چی؟ واتا کە یەکێك لە کەم و کوڕیەکانی بەڕێزتان ئیشارەتیان پێدا کەم و کوری لە بینایە، بینای قوتابخانەکانی ئێمە بەداخەوە دەتوانین بڵێین هاوشێوەی سجنەکانە، بۆیە زۆربەی زۆری قوتابخانەکان ئەگەر بگەڕێینەوە سەیریان بکەین کە من بۆ خۆم بەدواداچوونم بۆ کردووە و، شتم لە سەر نووسیوە زۆرترینیان سەیر دەکەین ریزێ پەنجەرەی ورد بە تەلبەن هەمووی تەنراوە و، زۆرێك لە قوتابخانەکان بەتایبەتی کۆنەکان رەنگی دیوارەکانیان زەردە، بەشێوەیەك لە شێوەکان سەیر دەکەین لێکچونێك هەیە لە بەینی ئەو و سجنەکاندا و، لە هەمان کاتیشدا حاڵەتێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە زۆربەی دەرگای قوتابخانەکان یەك قفلی گەورەی پێوەیە، کەواتە قوتابی کە بێتە دەرەوە دەڵێن بەربووین، هەموو شتەکان کاری کردۆتە سەر ئەوەی کە قوتابی بە شێوازێك ئێمە بەداخەوە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا تا

راددەیەکی زۆر سەرکوتکەرە وەك لەوەی کە تاکێکی داهێنەر و خولقێنەر دروست بکا، یەعنی ئازاد نییە، هەموو توند و تیژییەکان کە لە ماڵەوە لە موئەسەسەی ماڵەوە وەری دەگرێ لەلایەن دایك و باوکییەوە لەگەڵ ڕێزی زۆرم سەیر دەکەی لە قوتابخانە لەلایەن چەندین مامۆستاوە ئەو توندوتیژیانە بەرامبەری دەکرێت هەست بە ئازادی ناکات، یەك حاڵەتی تر هەیە ئەویش ئەوەیە رەنگ بوونە لە ناو قوتابخانەکانی ئێمە کە ئەمە کاریگەری زۆری هەیە، من زۆر بەکورتی خاڵەکان دەڵێم، ئەگەر نا قسەم زۆرە لە سەر ئەو بابەتە بەڕاستی بەداخەوە، یەك حاڵەتی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی پلانی ستراتیژی تا چەند کاریگەری ئەو پلانە هەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئامانجی پەروەردەییمان لە دوا رۆژدا ئەگەین بە چی و، چیمان دەوێت و، تا چەن دەتوانین لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی دەست بەکاربوونی بەڕێزتاندا چەندێك لەو خاڵانە بە ئامانج بگات، ئایا پلان هەیە بۆ ئەوە؟ بە رای من ئەو کابینەیە ناتوانێ هەموو ئەو کەم و کوڕیانە و، هەموو ئەو پلانەی کە دانراون چارەسەری بکا، دەکرێ بەڕێزتان چەند تەوەرێك لەمانە هەڵبژێرن و، بکرێتە بەرنامەی کاری وەزارەتی پەروەردە کە بۆ بنیاتنانەوەی بەشێك لەم کەم و کوڕیانە بێت، نەك هەمووی بە کاڵ و کورتی کە بەداخەوە زۆر جار وەزیرە بەڕێزەکان کە دێن پلانی وەزیری پێشوو هەمیشە رەفز دەکرێ و سەر لە نوێ پلان دادەنرێتەوە، هیوادارم بەڕێزتان ئەوە بەهەند وەربگرن، یەك حاڵەتی تر هەیە کە ئەویش ئەوەیە بوونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە قوتابخانەکاندا رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن، ئێمە دەزانین کە زیاد لە نزیکەی (٦) هەزار قوتابخانە هەیە، بەڵام بە هەمووی نزیکەی (٥) هەزاریان توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی دوای ئەوەی کە کۆلیژ تەواو دەکەن دانامەزێن، بە مەرجێك یەکێك لەو خاڵانەی ئیشیان لە سەر بکرێ، بەڵام ئەو کاتەی کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی دانرا، پێویستە کە سەرپەرشتیارییەکی سەربەخۆیان هەبێ بۆ ئەوەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکا و، پێویستە مامەڵەیەکی وایان لەگەڵدا بکرێ کە ئەوان رۆڵیان هەبێ لە بنیاتنانی سیستەمی پەروەردە هەر هیچ نەبێ لەو شوێنانەی کە هەیە ئەوە جگە لەوەی کە بەداخەوە لە هەندێك حاڵەتدا تەنانەت بۆیان نییە ئەگەر چەند ساڵیش بێت لە ناو قوتابخانەکاندا بن لە رووی ئیدارییەوە یەعنی پۆستێك وەربگرن، ئەوە ئەگەر بکرێ بە بنەمایەك کە داواکارییەکیان لە (٢٥٪)یان بتوانرێ لە ناو قوتابخانەکاندا بە خێرایی تەعیناتیان بۆ بکرێ، حاڵەتێکی تر هەیە کە ئەویش ئەوەیە سەبارەت بە پەیمانگاکان، بەتایبەتی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ئێمە دەزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و، زۆرێك لە وەزارەتەکان گرنگی بەوە دەدەن یان پلانیان هەیە کە گرنگی بدرێ بە بواری هونەر بە گشتی، بەڵام سەیر دەکەین زۆرێك لە پەیمانگاکان بە تەواوەتی کێشەیەکی زۆریان هەیە لە کۆمەڵێك شتدا، بوونی پەیمانگاکان لە هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتدا زۆر ونە، پەیمانگاکان لە پارێزگاکاندا ئەوان خۆیان راستەوخۆ بە وەزارەتەوە بەندن لە رێگەی فەرمانگەی پەیمانگاکان یان بەشێکیان هەیە، بەڵام لە هەندێ شتدا پەیوەستن بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی شارەکانەوە، لەبەرئەوە ئەوە حاڵەتێکی دروست کردووە کە قورسی یان بۆتە ئاستەنگێك لە بەردەم ئیش و

کارەکانیان جگە لەوەی یەعنی ئەگەر بیانەوێ تەنانەت لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم کار گوزارێك دابنێنن دەبێ چەندین پڕۆسەی پێشکەشکردن بکرێت، ئەگەر بکرێت ئەو دەسەڵاتانە کاری لە سەر بکرێ، لە هەمان کاتدا مەسەلەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە گشتی هەموو ئەو پەیمانگایانە ئەوە حاڵەتێکە کە گرنگە ستافی ئەو پەیمانگایانە کەسێك بن، ئەگەر هونەرمەندیش نەبێت هەر هیچ نەبێ هونەر دۆست بێ، لەبەرئەوەی کە ئەگەر لە بوارێکی تەنیا ئیداری سرفدا بێ، بەڕاستی بەداخەوە زۆریان هەیە تێناگەن لە بواری هونەر و، بە میکانزمێکی زۆر جیاواز مامەڵە دەکەن کە ئەوە پێویستی بە مامەڵەیەکی تایبەت هەیە، لە ناو ئەو کێشانەی کە ئەوان هەیانە، مەسەلەی بودجە کە مەفروزە بودجەیەکی باشتر دیاری بکرێ بۆ ئەوان لەبەر ئەوەی کە پێداویستی هونەری زۆرە بۆ ئەوان و، پێداویستییە ماددییەکان بە گشتی، کەواتە کارێك لە سیستەمی پەیمانگاکاندا بکرێت و، حاڵەتێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆرێك لەو بەڕێزانەی ئەو خوێندکارانەی کە تەخەروج دەکەن جارێ سیستەمی دامەزراندن بە داخەوە و، ئێمە قسەمان لە سەر کرد زۆرێك لەو بەڕێزانە لە سەر ئەوەی کە وانەی هونەر گرنگی پێ بدرێ و، ڕۆڵێکی تایبەتی خۆی هەبێ، گروپێك لەو هونەرمەندانە هەن یان لەو مامۆستایانە دەرفەتی خوێندن بۆ ئەوان لە کۆلێژی هونەر کە بۆ خۆی کۆلیژێکی تازەیە بەداخەوە یەعنی ئەو دەرفەتەیان پێ نادرێ، داوایان لێ دەکرێ بچنە ئێواران کە کۆلیژی بنەڕەتیە، بەڵام ئەمە سوودی نییە بۆ ئەوان، چونکە ئەوان ئیختیساسین، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو دەرفەتەیان بۆ برەخسێ سوپاستان دەکەین، یەك حاڵەتی تر هەیە کە ئەویش ئەوەیە سەبارەت بە دهۆك کە یەکێکە لە حاڵەتە تایبەتەکان من لەگەڵ هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەم کە سەبارەت بە دهۆك قسەیان کرد، بەڵام ئێمە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لەگەڵ ئەوەی کە (٦) هەزار قوتابخانە هەیە و، ئەوەندە کەسەن و، لە هەمان کاتدا نزیکەی (٥٨٠٠) مزگەوت هەیە، ڕاستە مزگەوت ماڵی خوایە، بەڵام دەکرێ ئەو مزگەوتە من لەگەڵ ئەوەدام بەکار بهێنرێ بۆ ئاوارەکان کە بەداخەوە ئێمە پلانمان هەمیشە دوای ئەوەیە کە دەکرا لە مانگی (٩)وە ئەوە بکرایە، ئێستا وەزارەتی ئەوقافیش خۆشبەختانە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدان، سەبارەت بە کەمئەندامان لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا، بەس ئەوەی کە (٢٠) هەزار قوتابخانە هەیە، ئەگەر حیساب بۆ ئەوە بکرێ، هیچ نەبێ پێداویستی لە رووی بیناوە چاك بکرێ، دواین خاڵ ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ ئەمەدا تەمەن نەبێتە هۆکار بەتایبەت بۆ مامۆستای بنەڕەتی کە ببێت یان فەرمانبەر بۆ تەقدیم کردن، بەداخەوە وەزارەتی پەروەردەی ئێمە لەوە دەچێ لە خزمەت چین وتوێژێکی هاووڵاتی هەژارەکاندا بێت، چونکە وەکو هەموو بوارەکانی تری نەخۆشخانەو ئەو شوێنانەی تر لەبەرئەوەی کە چینە دەوڵەمەندەکان لە قوتابخانە تایبەتیەکانن کە ژینگەیەکی لەبارتریان هەیە، هیوادارم ئەمە بەهەند وەربگیرێ و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فرحان.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەوڵ دەدەم هەندێك خاڵ هەنە بە كورتی باسیان بكەم گرفتەكان زۆر بوون و زۆربەی هەڤاڵانمان باسیان لێ كرد، بەڵام ئەو خاڵانەی من دەمەوێ بە كورتی باسی بكەم، جیاوازی قوتابخانە ئەهلی و حكومییەكان بەتایبەتی نموونەییەكان، هەندێك نموونەیی ماون تا ئێستاش، هەر چەندە جەنابی وەزیر دوێنێ وتی نموونەییمان نەهێشتووە، بەڵام تاكو ئێستا ئێمە لە سۆرانین دەزانین قوتابخانەی نموونەیی ماوە كە ئەمە حاڵەتێكی سایكۆلۆژی زۆر خراپی دروست كردووە بە هۆی جیاوازی كردن لە نێوان قوتابیەكان، خاڵی دووەم: بردنی مامۆستای قوتابخانە حكومییەكان بۆ قوتابخانە ئەهلییەكان، من سەردانی بەڕێوبەرەكانم كرد وتی مامۆستای باش هەیە لێرە دەیبەن بۆ قوتابخانەی ئەهلی، هەم مووچە لە حكومەت وەردەگری و، هەم لەوێش بە تەنسیب دادەنرێتەوە ئەمە پار هەبوو نازانم ئەم ساڵ جەنابی وەزیر هێشتوویەتی ئەم حاڵەتەش یان نا؟ بەڕاستی ئەمە شتێكی زۆر نا مەعقولە مامۆستا باشەكان لێ دەگرن لە قوتابخانە حكومییەكان هەر مووچەی خۆشی دەدرێتی و دەچی لەوێش بە تەنسیب دادەنرێتەوە، خاڵی سێیەم: هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بە چ جۆرێكە؟ ئایا تاكو ئێستا سیستەمێك هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە قوتابخانە بنەڕەتییەكان؟ چونكە ئەمە زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر لیژنەیەكە، سیستەمێكە، هەر نەوعێك دابنرێ بۆ ئەوەی مامۆستا هەڵبسەنگیدرێتن، چونكە زۆر جار بە هۆی بێ مستەوایی یان زۆر جار بە هۆی ئاست نزمی مامۆستا یان هەندێك گیر و گرفتەكان، ئەمەش دەبێتە هۆی دواكەوتنی قوتابییەكان لە قوتابخانەكاندا، خاڵی چوارەم: هەرچەندە یەك، دوو هەڤاڵ باسیان كرد بەڕاستی نازانم كێ بوو، مەسەلەی چاپكردنی كتێب، بەڵام من بەرپرسی چاپخانەكانی كوردستان هاتۆتە لای ئێمە پڕۆژە یاسایەكیش هەیە ئەو وەعدی داوە باسی كردووە كە بەڵێ چاپخانەكانی كوردستان دەتوانن ئەم كتێبانە چاپ بكەن و هیچ كێشەیەكیشیان نابێت، بۆیە ئەگەر جەنابی وەزیر لەگەڵ بەرپرسی چاپخانەكانی كوردستانیش دابنیش بۆ ئەمە خۆشی لەگەڵیان دابنیشین باس بكاتن ئایا توانست و كوالێتی ئەوان چۆنە؟ هەرچەندە ئەو لەگەڵ ئێمە باسی كردووە كە بەڵێ ئەو توانایەیان هەیە، و ئەو كوالێتەشیان هەیە وەكو ئەوەی لە دەرەوە چاپ ئەكرێ، بۆیە ئەمە بگەڕێندرێتەوە بۆ كوردستان، هەم هەلی كار، هەم سەرمایەكە لە ناوخۆ بەكاربێتەوە، موختەبەری بەشی عیلمیەكان نازانم بۆ لە بەشە زانسیەكان ئیهمال كراوە، ئەبێ گرنگی پێ بدرێ، لەبەر ئەوەی موختەبەر كۆڵەگەی بەشی زانستییە، وەكو پێویست لە قوتابخانەكان گرنگی پێ نادرێ، خاڵی شەشەم، پەیمانگاكان، خوشكە پەروا باسی كرد، بەڵام بۆ ئەوەی باسی بكەم بە دەقیق تر، باسی ئەوەیان بۆ كردووین كە لە هەندێ پەیمانگا هیچ یاسایەك نییە چۆن تەعامول بكەن، تا ئێستا پەیمانگای وەرزش، كۆمپیوتەر، مامۆستایان، بە سیستەمی ساڵی( ٧٧) ئیش ئەكەن، كێشەی زۆریان هەیە، تا ئێستا ئالیەتێكی قانونی بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەرچەندە پرۆژە یاسایەك حازرە، بەڵام وەزارەتی پەروەردە پێویستە پەلە بكات لەناردنی ئەو پرۆژە یاسایە بۆ ئەوەی ئەو پەیمانگایانە ڕێكبخرێنەوە، زەحمەتی مەنهەج یەكێكە لە كێشەكان، لەگەڵ مامۆستایەك باسم كرد كە وانەی بیركاری مامۆستا خۆی نازانی لە قوتابخانە

بنەڕەتییەکان حەل بکات، گوتم ئەی چارە چییە؟ وتی ئەوان کتێبێکی تری حەلمان بۆ ئەنێرن، یەعنی پەروەردە کتێبی حەلی بۆ ناردووە، زۆر جار ئەم کتێبی حەلە لە بازاڕ دەست ئەکەوێت بە داخەوە، مامۆستا خۆی نازانێ بیرکاری حەل بکات، کتێبێکی حەلیان بۆ ناردووە لەسەر ئەوە پیشانی قوتابی و خوێندکارەکان بدات، بەلأم ئەو کتێبێکە کەوتۆتە دەست خەڵك لە بازاڕ، من بە چاوی خۆم دیومە، نازانم وەزیر تا چەند موعالەجەی ئەو کێشانەی کردووە؟ مەسەلەی دهۆك، هەموو برادەران باسیان کرد، بۆ ئەوەی پشتگیری هەبێ، بەراستی لە دهۆك حالەتێکی سایکۆلۆژی خراپ هەم لە نێوان خێزانەکان و هەم قوتابیەکان دروست کردووە، پێویستی بە چارەسەر هەیە، ئەم چارەسەرە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران خۆیان ئەبێ بیر لە چارەسەرێکی گونجاو بکەنەوە کە چیتر موعاناتی ئەو قوتابیانە لەوە زیاتر درێژە نەکێشێ، پیشنیارێکم هەیە بۆ وەزارەتی پەروەردە کە بەرێز وەزیریش لێرەیە، کردنەوەی پەرتووکخانە، لە دەرەوە ئەبینی قوتابخانەکان هەمووی پەرتووکخانەی لێیە، بۆ ئەوەی قوتابی بیخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بێ خوێندنەوەی دەرەکی قوتابی و مامۆستاش ناتوانێ بگاتە ئاستێکی وای خوێندەواری بتوانێ لە ئاستی کۆمەڵگە دا بێت، بۆیە زۆرجار پێویستە پارەی حانووتەکان کە ئەبێ بەدوا داچوونی بۆ بکرێ ئەبێ بدرێ بە کتێب، پەرتووکخانە بکرێتەوە لە قوتابخانەکان ئەوە گرنگە، پێشنیارێکی تر، پەروەردەی لیبڕاڵ و دیموکرات، وانەی مافی مرۆڤ بخوێندرێت، سەرەتاکانی دیموکراتیەت بە قوتابیان ئاشنا بکرێ، بۆیە گرنگە خوێندنێکی لیبڕاڵ و دیموکرات بە قوتابیان بگوترێتەوە، بۆ ئەوەی چیتر تاکی توندوتیژ لە موستەقبەل بەهەرم نێت، نەبێتە هۆی ئەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگە پەیدا ببێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صالح.

**بەرێز صالح فقی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری پەروەردە و شاندی بەرێزی ئەکەم، شەش خاڵم هەیە، خاڵی یەك، بەرێز وەزیری پەروەردە لە ڕاپۆرتەکەی ئاماژەی بەوەدا هەوڵ ئەدەین خولی سێیەم بۆ ئەو قوتابیانەی نەیانتوانیەوە بەشداری تاقیکردنەوە بکەن، پێشنیار ئەکەم ئەو خوێندکارانەش بگرێتەوە کە بەشداری تاقیکرنەوەیان کردووە، بەلأم سەرکەوتوو نەبوون، خاڵی دوو، بەرنامەیەك دابنرێ بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ خوێندیان نەفەوتێ، چونکە بە هۆی جەنگەوە ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، یان ئامادە بن، خاڵی سێ، دەست خۆشی لە حکومەت ئەکەم بۆ ئەو شەش هەزار گرێبەستە، بەلأم تا ئێستا ماوەی سێ هەفتەیە بڕیار دراوە، بەلأم بەڕێوەبەرایەتییە پەروەردەییەکان تا ئێستا یەك ڕێنماییان پێ نەگەیشتووە، بۆیە پرۆسەکە زۆر بە هێواشی ئەڕوات، و ئێستا پێویست بوو زۆر بە خێرایی بڕوات بۆ ئەوەی خوێندن چیتر دوا نەکەوێ، خاڵی چوار، لە ڕابردوو دەرچووی ئامادەیە پیشەییەکان بە هاوتای شەش حیسابی بۆ ئەکرا، بەلأم ماوەی چەند ساڵێکە بە هاوتای شەش نین، پێشنیار ئەکەم لە بەرنامەی کار

هەبێ لە ئایندە ئەوانیش بتوانن هاوتای شەش بن، خاڵی پێنج، بەرنامەیەك بۆ ئیعتیراز دابنرێ، ئەویش کۆکردنەوەی نمرەکانە، ئەگەر خوێندکارەکە بەراستی وەلأمی دابێتەوە، بەلأم بە هەڵە سەح درابێ، ئەوان تەنیا نمرەکان کۆ ئەکەنەوە، خاڵی شەش، ئەو بینایانەی دروست کراون بۆ قوتابخانە بەشێکی زۆر کەمی ماوە تەواو ببێ، حکومەت بیرێکی لێ بکاتەوە و تەواویان بکات، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فرست.

**بەرێز د.فرست صوفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەمانەویست باسی بکەین زۆربەی هاوڕێکانمان باسیان کرد، تەنیا چەند خاڵێك ماوە تەئکیدی لەسەر ئەکەینەوە، پاڵپشتی هەموو ئەو کەسانە ئەکەم باسی دۆخی دهۆکیان کرد، بۆیە پێویستە بە پەلە چارەسەر بکرێ ئەو دۆخە، ئەوەی تر زۆر گرنگە و پێشتریش لە ڕاپۆرتێك باسم کرد، وزارەتی پەروەردە لەم دۆخە دووەم وەزارەت بێ مووچە وەرگرێ، چونکە ناکرێ مامۆستایان بێنە سەرجادە و خۆپیشاندان بکەن، و پرۆسەی خوێندنیش بەردەوام بێ، تەئسیری سیلبی ئەکات، خاڵێکی تر سەبارەت بە ئیمتیحانی خاریجی، ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە قەزا و ناحیەکانن، ئەبێ بێنە هەولێر، ئەگەر گونجاو بێ لە ڕووی عیلمیەوە پێشنیار ئەکەم هەر لە قەزاکانی خۆیان بێ، بۆ نموونە قەزایەکی وەکو سۆران کە کۆمەڵێك قەزای تری بەسەر وەیە، (مێرگەسۆر، چۆمان، ڕەواندز)، ئەوانە لەوێ ئیمتیحانی خۆیان بدەن، چونکە گرانە بێنە هەولێر، و (٧٠) مامۆستا یاداشتێکیان بۆ ئێمە ناردووە، باسی جۆرێك لە جیاوازی ئەکەن، لە سلێمانی (٨٣) هەزار وەرئەگرن ئەوانەی لە موراقەبە و کۆنترۆڵ بوون، لێرە (٤٣) هەزارە، بۆیە داوا لە بەرێز وەزیر ئەکەین ئەم جیاوازییە نەمێنێ، هەولێر و دهۆکیش وەکو سلێمانی (٨٣) هەزار بێ، جارێکی تر لە ڕاپۆرتێك کە باسمان کرد، باسی هەندێ ئەرقاممان کرد، مەسەلەی چاپ کردنی کتێب، ئەوەی من لام بوو ساڵانە (٤٥) ملیۆن دۆلار ئەچێتە چاپ کردنی کتێب، کە بە (١١) ساڵ ئەکاتە (٤٩٥) ملیۆن دۆلار، ئەوەی پێوتراوە ئەتوانرێ بە (٥٠) ملیۆن دۆلار چاپخانەی زۆر پێشکەوتوو لە کوردستان دابنرێ، و دەرفەتی کار بۆ خەڵکی ئێرە دروست بکرێ، و ژمارەیەکی زۆر کرێکار کار لێ بکەن، و پێم وایە (١٪) لێرە چاپ ئەکرێ، ئەگەر کەمتریش نەبێ، ئەوەی تر وەکو باسم کرد پاڵپشتی هاوڕێکانم ئەکەم بە تایبەتی دکتۆرە جوان، هیوادارم هاتنی جەنابی وەزیر سەرەتایەکی باش بێ بتوانین لە داهاتووش زیاتر لەسەر ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن بتوانین قسە بکەین، و بەخێرهاتنی ئەکەین، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سهراب.

**بەرێز سهراب مكائيل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خال هەبوون، یا ئێکێ پێشنیار و پرسیار بوون، ل سەر پەروەردێ گشتی، خالا دووێ هندەك پرسیار بوون ل سەر پەروەردا ئامێدیێ، خالا ئێکێ گەلەك هەڤالێن بەرێز ئاخافتن ل سەر هەبوون، دووباره ناکەم، پرسیار ل سەر پەروەردا ئامێدیێ ل جەنابێت وەزیرێت دکەم، ل سنوورێت پەروەردەیا ئامێدیێ گەلەك پێتڤی قوتابخانەیا، یەعنی ئاڤا کرنا هندەك بینایەت قوتابخانا، مە سەردانە رێڤەبەریا پەروەردێ کر، ئەڤە (٣) سالە داخازا دکەن بۆ ئاڤا کرنا وان قوتابخانە حتا نووکە بەرسڤی نەبوویە، بۆ نموونە، ل سیریێ و شێلادزێ کێمترین رێژا ئاڤا کرنا قوتابخانا تێدا هەی، ئێك ئامادەیی ل شێلادزێ هەیە، پتر ژ (١١٠٠) قوتابی ل دڤێ ئاڤاهی هەنە، یەعنی سەرانسەرێت شێلادزێ هەمی ڤێت ئامادەیی هەی، هەگەر ئەڤ ئاریشا چارەسەر نەبیت (٣) دەوامی لڤێت دەڤەرێ رێددداتن، پرسیارا من ئەڤەیە بۆچی حتا نووکە بەرسڤ ژ بۆ پەروەردا ئامێدیێ نەبوویە؟ خالا دووێ، لژنەك ل وەزارەتێ پەروەردیێ سەردانە (٣) قوتابخانە کر بوو، ئامادەیێ شیلادزێ، و مێرستکێ، و قادشێ، چونکی هندەك مێز ز کورسی کەتینا ڤێ (٣) قوتابخانە، و رێگا ل قوتابیا گرتی، قوتابی نەشێن دەرکەڤن، و دوو مامۆستا نەشین رابچنە ژوورەڤە پێکەڤە، ئەو لیژنە هات دیڤچوونەکی بۆ بابەتێ بکەت، ئەڤ کورسی هینابوون دا پرۆژێ خاندنێ مە جامیعا بەرێڤە بچیتن، بەس دیارە دیڤ مواسەفاتێ نەبوونە، حتا نووکە رێت نەدایێ کو وان مێز و کورسی بەکاربینن، داخازێت جەنابێ وەزیرێت دکەین، ئەڤ بابەتێ ب زووترین دەم چارەسەر بکەت، دا ئەڤ ئاریشە ڤان هەر (٣) قوتابخانا نەمینێتن، خالا سێ، و بە کورتیا دوا پرسیارا دکەم، ڤەکرنا خولا بۆ مامۆستا ل سەنتەرێ ئامێدیێ داوا دکەم بۆ فێربوونا مەنهەجێن نوێ، یەعنی هندەك مامۆستا (٤٠، ٥٠) کیلۆمێترا رێگەێیەت برن حتا دچنە قەزایەت ئامێدیێ، پرسیارا من ژ جەنابێت وەزیرێ ئەڤەیە، راستە بریارەك دایە کو پارێ رێ بۆ ڤان مامۆستا نەهێتە سەرف کرن؟ ئەگەر وسا بیت، ئەز پرسیارێت دکەم کو چاوا دبیتن (٢ ئان ٣) ئەڤیا جارەکی معاشێ ڤەرگرن؟ و هەگەر ب ڤان شکلێ نەبیتن، هێڤی دکەم ئەڤ ئاریشا چارەسەر ببیتن، خالا چارێ، ئەو مامۆستایەن شەهید و ئەنفال کرێ هەیە، تشتەکی تایبەت بۆ وان هەیە ئان نا؟ یەعنی هەگەر ئێکی بابێ وی شەهید بیتن وەختی دامەزرینن موراعاتێ وێت دکەن کو جێهێت دامەرزراندن ل نزیك مالا خو بیت ئان نا؟ بۆ نموونە مامۆستایەکی ناڤێت (دلخاز شێخ خومار)ە پەیڤەندی کەت کو بابێ وی شەهیدە، دوو برایێ من ئەنفال کرینە، دایکا وی معەوەقە، نسبا معەوقێت (٨٥٪)ە، ئەڤە (٤) سالە چوویتە دەڤەرا بەروارێا، گوندەکی خانکێیە، چەند جارا داخاز کرییە کو بێتە ڤەگاستن، حتا نووکە رێگەت نەدایە، و ب ئاخافتنا وی بەلگەیەت هەی کو هندەك مامۆستا (٦) هەیڤا ئان سالەکی نامیێ ل ڤێرێ هاتیا ڤەگاستن، چونکو وان واستە هەبوویە، خالا دوماهیا، داخازا جەنبێت وەزیرێ دکەم ل دەمەکی نزیك سەردانەکی پەروەردا ئامێدیێ بکەت، و ئەڤ قوتابخانێن سەر پەروەردا ئامادیێ دا ل نزیك پێشنیارێت وان بزانیت، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئایدن.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری ئەکەم، و دەست خۆشی لە ڕاپۆرتی وەزیری پەروەردە ئەکەم، ئەمەوێ باسی پەروەردە و خوێندنی تورکمان بکەم، بوونی قوتابخانەی تورکمانی و سریانی لە هەرێم مانای پێکەوە ژیان و گرنگی دانە بە نەتەوەکانی تر، و مافی پێکهاتەکانیشە بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەبێ ئیهتیمامی پێویستی پێ بدرێ، قوتابخانە تورکمانیەکان لە هەرێم زۆر گرفتیان هەیە، و تا ئێستا چارەسەر نەکراون، و بەڕێز وەزیری پەروەردەش لە نزیکەوە ئاگادارە، لە ڕووی ژمارەوە( ١٣) قوتابخانە لە هەولێر، (٢) لە کفری، و (١) لە سلێمانی هەیە، و ژمارەی قوتابیانی تورکمان (١٨٥٠) کەسە، گرفتەکان گواستنەوەی قوتابیانە بۆ قوتابخانەکان، و کەمی مامۆستای فیزیا و کیمیایە، و بینایەی قوتابخانەکان زۆر کۆنە، تا ئێستا هیچ بینایەکی نوێ نەدراوە بە قوتابخانە تورکمانییەکان، و چاپ کردنی کتێبی تورکمانی زۆر کەمە، ئەوەش گرفتە بۆ قوتابخانەکان، قوتابخانەکان دابەش کراوە بەسەر جوگرافیای کۆنی هەولێر کە ئەمەش گرفتێکی گەورەیە بۆ قوتابیان، و لە پڕاکتیك ئیهتیمام بە قوتابخانە تورکمانییەکان نادرێ بە شێوەی جدی، پرسیار ئەوەیە تا ئێستا بۆ چارەسەر نەکراون؟ بۆ هیچ گۆڕانکاری لە قوتابخانە تورکمانییەکان نەکراوە؟ پلان چییە بۆ قوتابخانە تورکمانی و سریانییەکان؟ پێشنیار ئەکەین، یەك، جێگۆڕکێ بە شوێنی جوگرافی قوتابخانەکان بکرێ، بە تایبەتی لە هەولێر، قوتابخانە پێویستی بە مامۆستا هەیە، ئەبێ قوتابخانە تورکمانیەکانیش لە دامەزراندنی مامۆستا بەشی خۆی هەبێ، خوێندنی زمانی تورکی ببێتە وانەیەکی ئیختیاری لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێم، دابین کردنی کورسی خوێندن بۆ قوتابی دەرچووی قوتابخانە تورکمانیەکان لە کۆلیژی ئاداب لە بەشی تورکی، لە بەڕێوەبەرایەتی دیراسەی تورکمانی لە وەزارەتی پەروەردە ئەکتیف بکرێ، لە کۆتایی پشتگیری قسەکانی کاك محمد و کاك ملا ما جید ئەکەم کە دەربارەی مێژووی ئەدەبی لە قوتابخانە تورکمانیەکان دا، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو منیرە.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر و وەفدی یاوەری ئەکەم، ئەمەوێ لەوە دەست پێ بکەم، بڕیاری هەژمار کردنی نمرەکانی قۆناغی (١٠، ١١) لە ساڵانی ڕابردوو بۆ پۆلی (١٢) حیساب ئەکرا، بەلاّم ئەمساڵ کراوە بە ئیختیاری، خوێندکارو قوتابی خۆی سەرپشکە، ئایا ئەم بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵانی ئاییندە بەردەوام ئەبێ یان نا؟ لەسەر مەسەلەی چاپ کردنی مەنهەج پشتگیری قسەکانی دکتۆر عیزت ئەکەم سەبارەت بەو خوێندنگایانەی خاوەن پێداویستی تێدایە، ئەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم، دیارە لە وەزارەتی پەروەردە و

هەموو بەڕێوەبەرایەتییەكان یەك هۆبە هەیە،ئەویش تایبەت ئەبێت بە خوێندنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان، بۆ نموونە لە شاری سلێمانی تەنیا یەك موشریف هەیە بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری خاوەن پێداویستییە تایبەتیەكان لە هەموو ئەو قوتابخانانەی لە شاری سلێمانی هەیە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە كە وەزارەتی پەروەردە باری دەروونی خاوەن پێداویستیە تایبەتەكانی لەبەر چاو نەگرتووە، و بە پێی ئەو سەردانە مەیدانیەی كردوومانە بۆ مەعهەدی ڕووناكی بۆ نابینایان و مەعهدی هیوا بۆ نابیستان كە سەر بە وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتییە، بەلاًم لەو مەعهەدە هەمان ئەو مەنهەجە ئەخوێندرێ كە لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، ئێمە خۆمان ئەوەمان بینی، پشتگوێ خستن هەیە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەو مەعهەدانە، كە یەكێكن لەو توێژانەی لە كوردستان لە هەموو بوارێك پشتگوێ خراون، لە ناویشیان وەزارەتی پەروەردە ئەو مەعاهدانەی پشتگوێ خستووە، پشتگیری قسەكانی كاك گۆران ئازاد ئەكەم لە باسی مەسەلەی خاون پێداویستی تایبەتی كرد، دیارە ئەو كەسەی لە ماڵەوە خاوان پێداویستییەكی تایبەتی نییە، یان خۆی خاوەن پێداویستی تایبەت نەبێ ئەوە هێندە هەست بە كێشەی خاوەن پێداویستی تایبەت ناكات، لەبەر ئەوە داوا لە بەرێز وەزیری پەروەردە ئەكەین بە جدی هەوڵ بدات كێشەكانیان لە وەزارەتی پەروەردە چارەسەر بكات، لە سەردانێكی مەیدانی سەردانی گوندی (حەیدەر بەگ) م كرد لە نزیكی ئاخجەلەر، ئەم خوێندنگایە تەنانەت سیاجی حەوشەكەشی نییە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هۆڵی پەرلەمان، ئاژەڵی گوندەكە ئەچێتە ناو خوێندنگاكەوە، هیوادارم بەرێز وەزیری پەروەردە بەدواداچوونی بۆ بكات، لەسەر مەسەلەی گواستنەوەی مامۆستایان بەرێز وەزیری پەروەردە ئیشارەتی بەوە دا گواستنەوەی مامۆستایان دوای ئەوەی كاتێكی یاساییان بۆ دانراوە كە لە دەرەوەی شارن، دوایی ئەهێنرێنەوە بۆ ناو شارەكان، بەلاًم بەڵگەمان لەبەر دەستە مامۆستا هەیە یەك ڕۆژیش دەوامی نەكردووە دوای ئەوەی دامەزراوە، بە واسیتە گەڕاوەتە ناو شار، پشتگیری قسەكانی دكتۆرە شیرین و امینە خان و كاك گۆران و دكتۆر شێركۆ حەمە امین و بەرێز كاك مەلا مەروان ئەكەم، و داواكارییەك هاتبوو بۆ نووسینگەی پەرلەمان، دوێنێ بەرێز دكتۆر ئیشارەتی پێدا، ئەمەوێ جارێكی تر ئیشارەتی پێ بدەمەوە، كۆمەڵێك خوێندكارن، داوای ئەوە ئەكەن ئەگەر بەپێی ئەو بڕیارانەی ئەمساڵ وەزارەتی پەروەردە دەری كردووە كە جێگەی دەست خۆشیە، دۆخەكەی لەبەر چاو گرتووە، داوا ئەكەن ئەو خوێندكارانەی لە یەك وانە كەوتوون بۆیان بكرێ بە ئارەزومەندانە، وانەیەكی تریش تاقیكردنەوە بدەنەوە بۆ ئەوەی نمرەكانیان بەرز بكەنەوە، پشتگیری تەواوی قسەكانی كاك صالح فەقێ ئەكەم كە خولی سێیەم هەوڵ بدرێ ئەگەر وەزارەتی پەروەردە لە ڕووی زانستیەوە.......

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باس كرا، سوپاس، بەرێزان ئەوەتان بیر نەچێ ئەمڕۆ یەكێ لە بڕگە سەرەكیەكانی دانیشتنی ئەمڕۆمان بریتی ئەبێ لە قسە كردن لەسەر ڕەزامەندی دەربڕینی پەرلەمانی كوردستان لەسەر داوای بەرێز سەرۆكی هەرێم بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ كۆبانێ، بۆیە تكا ئەكەم قسەكانی خۆتان كورت بكەنەوە، قسەی

پێش خۆتان دووباره مەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیە بە تەواوی کۆتایی پێ بێنین، ئێوەش قسەی خۆتان بکەن، وەزیری پەروەردەش ڕوون کردنەوەی خۆی بدات، فەرموو کاك ئاری هەرسین، لێرە نییە، خاتوو نەجات محمد.

**بەرێز نجاة محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکی دەست خۆشیێ ل جەنابێت وەزیرێت دکەم، و ئێکەم وەزیرە ل سەر داخازیا خۆ بێتە پەرلەمان تا ڕوون کرنا ل سەر وەزارتا خۆ بداتن، بەس ڕوون کرنێ وی ل سەر بارێزگاهێت دهۆکێ بوون نەك گشتگیر بێت، هەروەسا ئاماژە پێدای کو قوتابیێن (١٢) ی ئامادەیی نووکە دخینن، ڕاستە، بەس ڕێڤەبەریا قوتابخانە ناچار بینە ل هەر قوتابخانەکی (٢ـ ٣ ) ژوور دابین بکەن، ل وان ژوور قوتابیان بخینن دگەل ئاوارەکان، ئایا لایەنی دەروونیەت قوتابیا بەرچاوڤ گیرایە؟ هەروەسا جەنابێت وەزیرێ ئاماژە پێدا ئەگەر ئەم خلاس بن ل( ١٢/١) دەوام دەست پێ کەت، کو ل دیڤ ئەو بشێت ل (١١/١٥) کارێت وان دوماهی بیتن، پرسیار ئەوەیە ئایا ڤێ بەرواریێ ل( ١٢/١ )هەگەر خلاس بن دەوام دێتە کرن کو یوئێن ئەرکی نۆژەن کردنا قوتابخانێت ڤەی گرتی، پلانێت یۆئێنێ تەنفیز غێر موباشرە، هەمان پلان کو کەمپێت دروست کرنە، هەم پلان کو قوتابخانێت پێ نۆژەن کرن، ئەڤەش ماڤەکی زۆر دخاینیتن، کو ل دیڤ ئیجرائاتێت وان بەلك, هەیڤەکێ ژی نویژەن کرن بدوماهی نەهێتن لەوما پێتڤی بۆ وەزارەتا پەروەردێ دهەولێن جدی دابا دگەل (un) کو هەر لدەستپێکێ پیلانا خوە برێکا تەنفیز موباشر ئەنجام دابا کو کێم ترین ئیجرائات تێدابن، هەردوو رێك ژی قانونینە بۆ (un) تەنها رێکا تەنفیز موباشر ئەوە کو ئەرك و بەرپرسیارییەتیا (un) کێم تر دکەتن، چونکە دوو سێ جهێن کو ئەو بخوە راستەوخۆ ئەنجام ددەن برێکا (N.G.O) ئەنجام ددەن دبتە ئەرك و مەسئولیەتا (N.G.O) یا، هەرەوەسا پێشنییار دکەم کو لدیڤ بریارا وەزارەتا پەروەردێ قوتابیێن پۆلا (١٢) ئامادەیی ئەگەر ل خۆلا ئێکێ دەربچن سێ نمرە لسەر تێکرایێ دوو ماهییا سالێ بۆ دێتە زێدەکرن و ئەگەر ل خۆلا دووێ دەربچن ئێك نمرە لسەر تێکرایێ نمرەێت وان دێتە زێدەکرن، ژبەر ڤەرە بوو کرن و موراعات کرنا لایەنێ دەروونیێ قوتابیێن پارێزگەها دهۆکێ ئەوێن کو ل خۆلا ئێکێ دەربچن پێشنییار دکم بۆ بکەنە (٥) نمرە لسەر تێکرایێ وان و ئەوێن ل خۆلا دووێ دەربچن بۆ بکەنە (٣) نمرە، هەروەسا بۆ وەرگرتنا قوتابیان ل زانکۆێن دهۆکێ قوتابیێن پارێزگەها دهۆکێ نەکەڤنە دمونافەسێدا و، هەروەسا پێشنییار دکم خۆلا سێ ژی بۆ قوتابیێن پارێزگەها دهۆکێ هەبت، دەربارەی دامەزراندنا مامۆستایا کو بریارە (٦٠٠٠) مامۆستا بشێوێ گرێبەست بێنە دامەزراندن ئایا پیڤەرێن وە چنە لسەر دابەشکرنا ڤێ ژمارێ لسەر پارێزگەها ددەمەکێدا کو ل سالێن بوری نا یەکسانییەك هەبوو دشێوێ دامەزراندنێدا ل پارێزگەها دهۆکێ؟، نووکە دهۆك د حالەتێ نائاسایدایە پێتڤییە حیساب بۆ بێتە کرن تایبەت قەزا ئامێدییێ کو ئەو مامۆستاێن وان هەمی گوندان کو پتر بۆ پارێزگەها دهۆێ دچن و لدیڤ تەعلیماتێن وەزارەتا پەروەردێ ژی (٣) سالا یان ژی (٥) سالا دێ هێنە ڤەگوهاستن، ئەگەر بێنە ڤەگوهاستن پتریاوان

قوتابخانا دێ شاغر مینت ژبەر هندێ دڤێت حیساب بۆ بێتە کرن، ئایا پیلانا وە چییە بۆ یەکسانیبوونا؟ میلاکێ گشت قوتابخانا قوتابخانە هەیە چدبت مامۆستا ڕۆژێ ئێك حیسا بێژیتن یان ژی زۆربەیا میلاکێ هەفتیێ دوو ڕۆژا دچنە دەوامێ و دهەمان دەمدا قوتابخانە هەیە مامۆستا ڕۆژانە (٥) حیسا دبێژیت واتە هەر شەش ڕۆژێت هەفتیێ هەمی حیسا دبێژیتن کو ئێك بهێنڤەدان ژی نینە، هەروەسا پشتەڤانیا پێشنیارا دکتۆر (فرست)ی دکەم بۆ هندێ مووچێ مامۆستایان ژی بێنە ل دیف وەزارەتا پێشمەرگەی و، هەروەسا پشتەڤانیا پرسیارێت کاك (سوهراب موکائیل)ی دکەم کو من ژی هەمان پرسیارێت هەین، بەس من نەڤێت دووبارە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوون ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز وەزیری پەروەردە و شاندی هاوڕێی دەکەم، سوپاس بۆ دەست پێشخەرییەکەی، بەڕێزیان سەردانی لیژنەکەمانی کرد بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی کەئێستا بەڕێزان پەرلەمانتاران ئاراستەیان کرد بەشێکی زۆری لێمان کرد لەکاتی خۆی هیوادارم وەڵامی بۆ هەمووان پێبێت بەقەدەر ئیمکان، چەند خاڵێکم هەیە بە کورتی باسیان دەکەم یەکەم پشتگیری تەواوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەکەم کەلەسەر دۆخی دهۆك قسەیان کردووە، هیوادارم حکومەت چارەسەری بەپەلەی پێبێت بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەی کە ئێستا لە دۆخی پەروەردە و پرۆسەی پەروەردە لە دهۆك دا هەیە، سەبارەت بە کۆمەڵناسان و دەروونناسان کە یاداشتێکیان لای ئێمەیە، پشتگیری لە مامۆستا (پەروا) و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کەلەسەر ئەمە قسەیان کرد هیوادارم وەزارەتی پەروەردە چارەسەرێکی پێبێت بۆ ڕەوانەوەی بەشێك لە نیگەرانییەکانی ئەوان، سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر لە وەزارەتەکەی بەڕێزیان کاك (هەورامان) دوێنێ قسەی کرد من پشتگیری دەکەم و هیوادارم ئەوانیش دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت کە مومارەسەی ئیختیساسی خۆیان بەشێوەیەك بکەن کەلەگەڵ بڕوا نامەکەیان بێتەوە و لەگەڵ ئەو جیاوازییە بێتەوە کەلە نێوان بڕوانامەکەی ئەوان و بڕوانامەی هاوڕێکانیاندا هەیە، واتە فرسەتی ئەوەیان بدرێتێ کە تەمەتوع بکەن بەوەی کە بڕوانامەیەکیان هێناوە کە دەتوانن جیاواز لەکەسێك کە هەڵگری بڕوانامەیەکی بۆ نموونە بەکالوریۆسە خزمەت بکەن، سەبارەت بە خوێندنی سۆرانی و بادینی خوێندکارانی ئازیز لە بەردەرەشدا داوا دەکەن بە سۆرانی بیخوێنن و ئازیزانمان لە خوێندکارانی مێرگەسۆر داوا دەکەن بە بادینی بیخوێنن، من دەزانم پەیوەندی بەوە هەیە کە ئەو دوو شارە هەریەکەیان سەربە دوو پارێزگان کە جیاوازن لە شێوەزاردا بێگۆمان ئەوانەی کە داوا دەکەن کە خەڵکی بەردەرەش سەربە دهۆکن و مێرگە سۆر سەربە هەولێرە هیوادارم مەسەلەی خوێندنی ئەوان لە ڕووی شێوەزارەوە بکرێت بە ئیختیاری ئەگەر ئیمکان هەیە، پرسیارێکی ترم سەبارەت بە مەسەلەی تەحسینی موعەدەلە،

چاككردنی موعەدەل ئایا ئەمە تەنها بۆ ئەو خوێندكارانەیە كە لە تەواوی دەرسەكان دەرچۆن و دەتوانن تاقیكردنەوە بكەنەوە یان بۆ خوێندكارێكیشە بۆ نموونە لە دوو دەرس دەرچووە بۆی هەیە هەموو تاقیكردنەوەكان بكاتەوە؟، سەبارەت بە قوتابخانە و چاپكردنی كتێب پشتیوانی لە (دكتۆر عزت) و كاك (فرحان) و كاك (علی حەمە صالح) و كاك (دكتۆر فرست) دەكەم، سەبارەت بە كردنەوەی خولی سێیەم بۆ خۆشەویستانمان لە هێزەكانی پێشمەرگە و هێزەكانی ناوخۆ داواكارم كە وەزارەت ئەمە بە جدی وەربگرێت و دەرفەتی ئەوەیان بداتێ كە بتوانن تاقیكردنەوە بكەنەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆرە ڕێواز، كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری پەروەردە و وەفدی هاوڕێكانی دەكەم، ئۆمێدەوارین ئەمە ببێتە دیاردەیەك پێش ئەوەی ئێمە بانگهێشتی وەزیرەكان بكەین وەزیرەكانی تر هەر گیرو گرفتێكیان هەبوو ڕاستەوخۆ بێن و پێكەوە قسە بكەین بۆ چارەسەر كردنی، سەبارەت بە و باس كردنەی بەڕێز جەنابی وەزیر من یەكسەر دەچمە سەر خاڵی دووەم كە هەر هەموو هاوكارانم كە باسی پەروەردەی دهۆك دەكەن پێویستیان بە چارەسەرێك هەیە، ئەگەر ئیجازە هەبێت ئێمە پێشنیارێك دەكەین كە ڕەنگە عەمەلی بێتن جا نازانم چۆن دەچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بەوەی كە هەموومان دەزانین گشتگیرە، بە دەستییەوە هەموو دهۆك ئێستا دەناڵێ و ژمارەیەك ئاوارەی كوردستان و شارەكانی تریش لە كوردستان دا یە، وەكو هاوكارییەك و بەهاناوە چوونی حەجمی زەختی ئاوارە لە دهۆك و قوتابی و خوێندكاران دەرس بخوێنن پێشنیار دەكەم هەر پارێزگای هەولێر و دهۆك، هەر ناحییە و قەزایەك چەند قوتابخانەیەك جێگای ئەو ئاوارانەش لە پاڵ ئەوانی تر بكەنەوە بۆ ئەوەی بچێتە بواری عەمەلییەوە و هەندێك قوتابخانە لەوێ چۆڵ بن و هەردوو سنفی قوتابیانی ئاوارە لەوێ دەخوێنن و هی دهۆكیش بچن بخوێنن و، بەڕێز وەزیری پەروەردە باسی ئەو شوێنە سەكەنیانەی كرد كە پێویست بوو قوتابخانە بكەن یان نەیان كردووە یان بەكرێیان داوە چ وەكو ناڵێم وەكو جەریمە، بەڵام وەكو تەشویقێك یەكێكیش قوتابخانەیەك لە ئەستۆ بگرێت ئەو ئاوارانەی لە دهۆك لە ناو قوتابخانەدان ئەو ئاوارانە بێنێتن سەرپەرشتییان بكاتن و ئەو قوتابخانە چۆڵ ببێ و ئەو قوتابیانەی ئاوارە دێنە ناحییەكانی تر لەوێ دەرس دەخوێنن، سەبارەت بە ئاستی خوێندن زۆرتر باسی ئەوە دەكەن كە ئاستی خوێندن لەزانكۆكانمان چوونە، بەڵام دەبێت بزانین قۆناغی پێش زانكۆ قۆناغی فێركردنە دەبێت گرنگی پێبدرێت لە باخچەی ساوایان بۆ ئەوەی، چونكە ئەوانەی دەخوێنن لە زانكۆ دەتوانن قوتابیان خۆیان بەدوایدا بگەڕێن، هەربۆیە پێویستە گرنگییەكی تایبەتی لەبواری نەتەوەیی، كە بەڕێز كاك (عبدالرحمن) باسی كرد بە وەرزش و موسیقا و هۆنەر بدرێت لە باخچەی ساوایان بۆ ئەوەی مرۆڤێكی نەتەوەیی نیشتمانیی پەروەردە بكەین، كە بەلای ئێمە ئەوەیە

لەوێدا زیاتر کەمتر دەبێت، بابەتێکی تر کە بەراستی تەنها دوێنێ بەڕێز دکتۆر (شێرکۆ) بەسەریدا چوو قوتابخانە پیشەییەکانە کە هەڵی کار بدۆزێتەوە لە دونیادا زیرەکترین قوتابیان دەچنە ئەم بەشانە، بەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە بە پێچەوانەیە، ئەم قوتابخانانە ئەگەر ئەکتیف بکرێن جا چ بکرێنە پەیمانگا چ قوتابخانەبن فێری بکرێن ئەو شتانەی کەتێدا دەخوێنرێت میکانیکە، بەناییە، نەجارە، شتێکە لەگەڵ خوێندنی ئەگەر تاقیگاش نەبێتن دەتوانن لە کەرتی تایبەت ڕۆژێك دابنێن هەریەك لەشوێنێك ئیش بکاتن لەدوای ئەوەی خۆی دەچێتە ناو کار و ڕەنگە بۆ خۆشی کار پەیدابێت و سەر گەردان نەبێت و زۆر چاکتر دەبێت، بەتەئکید پشتیوانی ئەو برایانە دەکەم کە باسی چاپخانەیان کرد بەهەر شێوەیەك بێتن ئێمە کتێبەکانی خۆمان لەناو خۆدا چاپ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگۆمان وەك دەزانن ئەوە چەند جارێکە بەکۆمەڵ کچان و کورانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی گەرمیان بەتایبەت لە هەردوو شاری کەلار و کفرییەوە سەرەدانی ئێرە دەکەن، هەم هاتوونەتە پەرلەمان و هەم نوێنەریشیان سەردانی وەزیری پەروەردە و جەنابی وەزیریان کردووە، بێگۆمان ئەم سەرەدانانە بۆ دامەزراندن بووە، چونکە بۆ خۆتان دەزانن لەناویاندا هەیە چوار پێنج ساڵە دیراسەی تەواو کردووە و تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە بە تایبەت لەم زروفە سەختە بێ ئیش و کارەش دا، ئایا کۆمێنتی ئێوە یان دڵخۆشی ئێوە بۆ ئەو خوێندکارانە چییە؟، خاڵێکی تر لە کوردستاندا بەشە کۆمەڵایەتییەکان واتەبەشی ئەدەبی شانسی زۆر کەمە بۆ دامەزراندن، یەعنی مەبەستم ئەوەیە وەکو بەشە علمییەکانی فیزیاء و، کیمیاء و، ئەحیاء نییە ئایا چارەسەر بۆ ئەو گرفتە چییە لەلای ئێوە؟، چونکە ناکرێت تۆ بەشە کۆمەڵایەتییەکان تەواو بکەیت و بێ ئیش و کار دانیشیت ئەگەر وایە یان هەڵبگیرێ یان فرسەتێکی باشی بۆ بدۆزرێتەوە و ڕەچاوی ئەوەش بکرێت، خاڵێکی تر هەر لەسەر گەرمیان جیاوازی دەرچووانی گەرمیان، لەگەڵ شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك کە موحافەزەن لێرە شانسی ئیش کردن یان هەلی کار کەمە، چونکە بەراستی کەرتی تایبەت لەوێ نییە، ئەو مۆڵ و بازاڕانەی کەلە شارە گەورەکاندا هەیە و کۆمەڵێ خەڵکیان تێدا جێ دەبێتەوە بەداخەوە لە کەلار و، کفری و، دەربەندیخان و ئەو شوێنانە ئەوە نییە، بۆیە بەراستی هەق وایە ڕەچاوی ئەوە بکرێت و ئەو حیسانەی کە دانراوە ئەو (٦٠٠٠) کەسە کە قەرارە دابمەزرێن داواکارین حیسەی گەرمیان بەزیادەوە ڕەچاو بکرێت، خاڵێکی تر سەبارەت بە دەستێوەردانی حیزبی من تەنیا یەك نموونەتان بۆ دەگێڕم لە دەستێوەردانی حیزبی لەو ڕۆژانەی ڕابردووا مامۆستایەك تەلەفۆنی بۆ من کرد و دوایش تەلەفۆنی بۆ ئەو کاك (سالار) کرد بوو باسی لەوە کرد کە ئیجازەی (بدون رواتب) بکات بۆ ئەوەی بچێت لە دەرەوە بخوێنێ مودیرەکەی پێوتبوو تو باشە برۆ بەدیلێکم بۆ بێنە، بەدیلەکەی بۆ هێنابوو وتی وڵا ئەمە

گۆڕانە و هەر وەریشی ناگرم لەبەر ئەوە هەر خۆشم بەسایەی سەری گۆڕانیشدا نایەت ئیلا دەبێ بچیت بەدیلێکی ترم بۆ بێنی، ئەمە خۆی نموونەیەکی وازحی دەستێوەردانی حیزبییە و هیوادارم ئەوە نەمێنێت، مەبەستم ئەوەیە بۆ داهاتوو ئەوەی کە تەعین نەکرێت زیاتر بەهۆی دەستێوەردانی حیزبی و تەزکییەی لەپشت نەبێت بەسیفی و ئەوە لەبەر چاو بگیرێت بەرەچاوکردنی فۆرمێك کە تایبەت بێت بە ساڵی خزمەت و، هەروەها لەژێر راستەو خۆی ستافی وەزیری پەروەردە بێت، سەبارەت بە دیراسەی یان باشتر بڵێین سیستەمی سویدی ئەو سیستەمە سویدییە کە لەوێ پیادە دەکرێت و لێرە پیادە دەکرێت فەرقی زۆر زۆرە، لەسویددا هەر (١٠) ساڵ جارێك سیستەمی پەروەردە دەگۆڕێت هەر لە بنەرەتەوە، بەڵام لێرە ئەوە نابینرێت، خاڵێکی تر کە هیوادارم ئیعادە نەزەری تێدا بکرێت خاڵێکی تر کە بە پێویستی دەزانم قسە لەسەری بکەم مەکتەبە ئەهلییەکانە کە بەچاوی خۆم بینیومە یەکێك لەو مەکتەبە ئەهلییانەی کە لێرە هەیە بۆ نموونە مەکتەبی (میدیا) من بۆ خۆم سەردانی مەکتەبی (میدیا)م کردووە هەر لە پرسگەکەیانەوە تا پۆلەکان و تا مودیرەکە زۆر بەدەگمەن دیاردەی زمانی کوردی تێدا دەبینرا، واتە زمانی عەرەبی بە شێوەیەك زاڵە هەست ناکەی کە لە پایتەختی هەرێمی کوردستانی، هەر لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکاندا، هەرلە پۆلەکان، هەرلە هەموو شتەکان زۆر بەسرفی ئەو مەکتەبە دیراسەی عەرەبی تێدا دەوترێتەوە هەست ناکەی بەوەی کوردیە هیچ مایەی دڵخۆشی نییە، هیوادارین وەزارەتی پەروەردە، بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە لە نزیکەوە موشرفەکانی ئەوێ ئاگادار بکاتەوە لەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەلای خۆمەوە بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری دەکەم، دەست خۆشیان لێدەکەم بۆ ئامادە بوونیان بۆ ئەوەی روون کردنەوە لەو بوارە بدەنە پەرلەمانتاران، بەشێکی زۆر پەیامەکەی من گەیشتووە تەنیا چەند خاڵێکم هەیە پشتگیری لە قسەکانی کاك (محمود) دەکەم دەربارەی قوتابیانی گەرمیان بەئیزافەی ئەوەی تاکو ئێستا (٥٠٪) کتێب لە گەرمیان بەسەر قوتابخانەکان دابەش کراوە ئەمەش هۆکاری چییە و نازانیین بۆچی ئەم دواکەوتنە تاکەی؟، خاڵێکی ترم هەیە بەشێك لە قوتابخانەکانی کچان تاکو ئێستا بەزۆر سەرپۆش فەرز دەکەنە سەر قوتابیان، ئەمەش پێچەوانەی مافی مرۆڤە، بەڕێز وەزیری پەروەردە پلان و بڕیاری چییە لەو ڕووەوە؟، خاڵێکی تریش دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە، منیش عەینی پشتگیری لە کاك (هەورامان) دەکەم ناکرێت بەزۆری جلیان پێی ببەستین تاکو زرانیان بێت، بەڵام بۆچی دەبێت بەزۆر شتیش بپۆشن، خاڵێکی تر هەیە لەسلێمانی بڕیار دراوە لەیەك قوتابخانەدا یان بەشی زانستی تێدا بێت لە شەش و، پێنج و ئەوانی تر یان بەشی وێژەیی، ئەمەش گرفتێکی زۆری بۆ قوتابیان دورست کردووە ئەمەش وا دەکات لە گەڕەکێکە وە بۆ گەڕەکێکی تر لەم بارو

دۆخە خرابە بە تەکسی و سەیارە بڕۆن بەشێکیش هەر وازی هێناوە لە قوتابخانـە، هیـوادارم بـەڕێز وەزیـر بەرنامەیەك و پلانێکی هەبێت بۆئەوەی چارەسەری بۆ دابنرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدوێنێوە قسەی زۆر دەکرێت لەسەر پـەروەردەو فێرکـردن بەتەئکیـد پـەروەردە یەکێکـە لـەو کایانـەی کـە کۆمەڵگای لەسەر بنیات دەنرێت، بۆیە من پێشنیار دەکـەم لەسـەرووی هـەموو ئەوانـەوە هـەمووی ئەوانـەی باس کراون پەیوەندی بە ژیانی مامۆستاوە هەیە، ژیـانی مامۆسـتا بـاش بکرێـت مامۆسـتا ناچـاری کـاری تـر نەبێت، من پێموایە پرۆسەی پەروەردە زۆر پێشدەکەوێت لە کاتێکدا لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز وەزیریشدا باس لە ڕێژەیەك کراوە لە قوتابی بۆ مامۆستا من پێموایە بـە تـەقریبی دەکاتـە لـە (٣٠٪) بـۆ (٤٠٪) دانیشـتوانی هـەرێمی کوردسـتان لـەناو پرۆسـەی خوێندنـدا چ وەك مامۆسـتا، چ وەك قوتـابی، چ وەك فەرمانبـەر و کـار گـوزار، مـن بـەکورتی باسـی خاڵـەکان دەکـەم هەڵسـەنگاندن زۆر باسـی لێـوە کـرا کـە زۆر جـار میزاجییـە و ناکرێت، زۆر جار مامۆستا جاری وایە وەك دەڵێم کـاری تـر دەکات ڕەنگـە کـاری دووەمـی لەلایـەوە گـرنگتر بێـت، زۆر جـار لەبـەر ئـەوەی بـڕی مووچـەکەی بـەش ناکـات لـەو کاتـەدا نەخۆشـییەکە، سـەر ئێشـییەکە موشریف بە ئارەزوی خۆی دێت وەکو بۆی لە بۆسەدا بێت ئێدی هەڵسانگاندنەکە لەسەر ئاستی ئەوە دەکات کـە ئـەوە زۆر میزاجییـە و زۆر خراپـە، مـن پێشـنییار دەکـەم بـۆ ئـەو برایانـەی تورکمـان و مەسـیحی پشتیوانیان دەکەم لەناو پرۆسەی خوێندندا بەشێك لە جا لە هینی مێژووە چییە بۆ ئەوەی ئێمە تا ئێسـتا لە کوردستان نـازانین چـەند تورکمـان، چـەند مەسـیحی لـە هـەرێمی کوردسـتان دا هـەن، نـازانین کلتوریـان چوونە، پێشـنییار دەکـەم ژیـان و گـوزەرانی، یـەعنی ئـەوانیش بچـێنە نـاو هـەتا ئاینـەکانیش، ئاینـەکانی لەکوردستانیشن بۆ ئەوەی ئێمە خەڵکی کوردستان لایەنی کەم شارەزاییان هـەبێت لـە داهـاتوودا، هەڵـەکانی چاپ و تێچوونی زۆر باس کرا من تەنیا نموونەیەك دێنمەوە یەکێك لە مامۆستا بەڕێزەکانی دەفەری ئێمـە ڕەخنەی لە کتێبی کوردی پۆلی شەش گرتووە (٨٠٠) هەڵەی ڕێزمانی ڕێنووسی زمانەوانی تێدا دۆزیوەتـەوە، دوای ئەوەی سوپاسنامەی لەلایەن وەزارەتەوە پێی گەیشتووە ئەم کتێبە چاپ کراوەتـەوە و زیـاتر لـە (٨٠٠) هەڵەی تێدا بووە، یەعنی دوای ئەوەی چاپ کراوەتـەوە، پرسـیارەکەی مـن ئەوەیـە ئایا ئیجرائـاتی وەزارەت چییە؟ ئەوە ناکرێت ئێمە هەر باسی هەڵە بکەین و باسـی ئـەو هـەموو تێچوونانە بکـەین، بـەڵام ئیجرائـاتی وەزارەت چـییە بـۆ ئـەو مەبەسـتە؟، دەسـتێوەردانی حیزبـی زۆر بـاس کـرا مـن تـەنها ئەوەنـدە دەڵـێم مەترسـییەکی زۆر گەورەیـە لەسـەر سـتراتیجی نەتـەوەیمان کـە لـەناو حـەرەمی خوینـدنگا و قوتابخانـەو زانکۆکاندا حیزب تەدەخولاتی هەبێت، گواستنەوەی مامۆستا زۆر باس کرا من نموونەم هەیـە، بـەڵام لەبـەر خاتری کۆبانێ زۆر باسی ناکەم، پار قوتابخانە ئیستیلام کراوە هەر پاریش دڵۆپـەی کـردووە، بـەڕێز وەزیـر

لەو بارەیەوە دەڵێت چی؟، خراپی مەنهەج و گۆڕینەوەی من پێموایە مەنهەج کە بۆ خۆم مامۆستای کۆمەڵایەتی بووم بەراستی مەنهەجی بنەرەتی مەنهەجێکی زۆر سقەتە، من پێموایە ئەوەی کە کاک (عمر عینایەت) باسی کرد ئەوەندەی کە مێژووی شوێنی دیکە باس دەکرێت مێژووی وڵاتی خۆمان، کلتوری وڵاتی خۆمان زۆر بە خراپی باس لە مێژووی خۆمان دەکات، قورسی کۆڵی قوتابی (امینە زکری) باسی کرد، بەراستی بەتایبەتی کتێبی کوردی پۆلی یەکەم قەبەیی ئەوەندەیە، یەعنی ئەو تەڵەبانەی کەلە پۆلی یەکەم دێنەوە پشتییان ئازاری هەیە من نازانم کتێبی واش هەن دوو جارە، بیرکاری دوو بیرکارییە، دوو زانستە، ئەوانە هەق وایە وەزارەت بیر لەوە بکاتەوە، بۆ بنەڕەتی من پێموایە شەش وانە لە ڕۆژێکدا بۆ قوتابی بنەڕەتی زۆرە ئەگەر وەزارەت چاوێك بەوەدا بخشێنێتەوە، چونکە بەراستی شەش وانە بۆ قوتابی بنەڕەتی لە ڕۆژێکدا زۆرە، من پێشنیارێك دەکەم بۆ بەڕێز وەزیر ئەگەر ئەمە گونجاو بێت پشووی وەرزی یەکەم لە ٣/١١ بۆ ٣/٢٣ دەستپێدەکات من پێموایە نەقوتابی نە مامۆستا سوود لەو پشووە وەر ناگرێت، ئەگەر ئەو پشووە هەر لە ٣/١٩ یەوە بۆ ٤/١ بێت من تەصەور دەکەم چ مامۆستا، چ قوتابی بتوانێت ئستیفادە لەو پشووە بکات، زۆرێك لە قسەکان کراون من دووبارەیان ناکەمەوە تەنیا ئەوەندە دەڵێم پشتیوانی هەموو ئەو ڕەئیانە دەکەم کە خرانە ڕوو ئەگەر لەو چوار ساڵەدا بەڕێز وەزیری پەروەردە و، وەزارەتی پەروەردە لە (٣٠٪) ئەم بۆ چوونانە، ئەم قسانەی ئەم پەرلەمانتارانە و ئەوانی خۆشییان لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لە (٣٠٪) جێبەجێ بکرێت من لە ئێستادا دەست خۆشی لە وەزارەت و ستافی وەزارەت دەکەم کە بەراستی کارێکی باشییان کردووە و، سوپاسیان دەکەین کە دوو ڕۆژە لە گەڵمان نیشانەی گرنگیدانە بەو پرۆسەیە و، قسەکانم چیتر درێژ ناکەمەوە لەبەر خاتری کۆبانێ لەبەر ئەوەی بەراستی کۆبانێ مەسەلەیەکی گرنگە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئاری هرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری دەکەم پێش هەر شتێك، بۆ ئەوەی نەچمە ناو ئەو شتانەی کە وتراوەتەوە حەزدەکەم بەرستەیەك شتێك بڵێم لەسەر وەزیری سەرکەوتوو، وەزیری سەرکەوتوو لە کۆمەڵگایەکی دیموکرات دا بریتییە لەو کەسەی کە تا سەر ئێسقان دژی گەندەڵییە، بڕوایەکی زۆر بە قوەتی هەیە بەڕیفورم و چاکسازی لە سەنتەرەکەی خۆیدا، لە وەزارەتەکەی خۆیدا و، هیوادارین هەندێك لەو بەڕێوەبەرانەی چ ئەم وەزارەتە بەڕێزە و، چ وەزارەتەکانی تر کە حیساب بۆ ئەندام پەرلەمان ناکات ئاوا چاو لە وەزیرێکی وا بکەن و هیچ نەبێت جەوابی تەلەفوونی ئەو پەرلەمانتارانە بدەنەوە، من پرسیارەکانم زۆر کورت و زۆر بەخێرایی دەکەم، یەکەم: حەزم لێیە بزانم میزانییەی وەزارەتی پەروەردە چەندە؟، دوو: لەسەدا چەندی ئەم میزانییە سەرف دەکرێت بۆ (بناء)، یەعنی بۆ

قوتابخانە؟، دووەم لەسەر سیستەمی سویدییەکە قسەکرا خۆی لە راستیدا موهیم ئەوە نییە تۆ، شێعرێك هەیە بە فارسی دەڵێت (خانە از پایە بند ویران است، خواجە در پی نقش دیوار است)، یەعنی خانووەکە لە بناغەوە وێرانە، بەس ساحیب خانووەکە خەریکی بۆیاغ کردنی دیوارەکانە، مەسەلەی ئەوەی کۆپی کردنی سیستەمێکی سویدی لەوێوە ئیستیراد کردنی بۆ کوردستان هیچ لە مەوزوع ناگۆڕێت ئەگەر تۆ ئەو بیئەیەی کە تەڵەبەی سویدی تێدایە ئەوەی نەگۆڕیبێت لەوە و پێش، یەعنی بەکورتییەکەی مەسەلەی بیئەی قوتابخانەکانەکە، مەسەلەی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەم بە بۆچوونی من ئەوە ئەصڵەن ئەولەوییات نییە، بۆچی من ئیجازەم بۆ خۆم هەیە لەسەر ئەوە قسە دەکەم لەبەر ئەوەی من خۆم مامۆستای بیرکاری بووم لە پۆلی ٧ بۆ ١٢ لە وڵاتی هۆڵەندا بووم بۆ ماوەی (٨) ساڵ، یەعنی شتێکی لێ دەزانم مەسەلەی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەم تۆ دەبێت زۆر شتی ترت کردبێت بەس ئەمەو مابێت بۆ ئەوەی فریای وڵاتانی تر بکەویت ئیجا ئەمەیان دەکەیت، ئێستا ئێمە زۆر شتی تر هەیە یەکەم شت کە بۆ کوردستان پێویستە حاڵ و گوزەرانی مامۆستایە، دووەم بیئەی خوێندن، یەعنی نەبوونی سێ دەوامی لەو بابەتە، بۆیە من ئەوە بە بەردێکی زل دەزانم کەهەڵگرتنی نیشانەی نە هاوێشتنە، مەسەلەیەکی تر دەوری حیزبایەتی باس کرا من ناچمە حیزبایەتی، بەڵام چەمکێکی تری باس دەکەم من لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەپرسم ئایا هەتاکەی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و، خوێندکاران و ئەمانەی کە بڵێن درێژکراوەی حیزبین دەوریان هەیە لە دەرچوونی خەڵك دا، دەوریان هەیە لە دەسەڵاتی مودیر دا، لەهی مامۆستا دا لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و، هەولێر و، دهۆك ئەگەر لە کەرکوك و گەرمیانیش ئەوە تەئکیدم ئەوە هەیە، جا بۆیە هەتا ئەم ڕێکخراوانە دەستیان هەبێت مەعنای ئەوەیە لە هەیمەنەو لە بەرزی بەڕێز وەزیری مەعنی، وەزیری پەروەردە و، موئەسەسەکەی کەم دەکاتەوە، جا مەبەستم لەو ڕێکخراوانەش لە پێشدا مەبەستم ئەو ڕێکخراوانەیە کە نزیکن لە حیزبەکەی خۆمەوە، مەسەلەیەکی تر مەسەلەی مەکتەبە ئەهلییەکان، بە راستی ئەم تەقسیم کردنەی کۆمەڵگا بە ﴿٢﴾ بەشی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، فەقیر و هەژار، ئەمە خەتەرێکی زۆر گەورەیە، شتێك دروست دەکات کە ئەو غەربیانە پێی دەڵێن کولتوور ئەلیناسیون، یەعنی نامۆیی کەلتووری دروست دەکات، مەعقول نییە باوکێك لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندە و وەزعی ماڵی باشە، دەتوانێت منداڵەکەی بنێرێت بۆ مەکتەبێك کە بیئەکەی ئەوەندە باشە داهاتووەکەی تەقریبەن مسۆگەر کراوە، بەس لەوانەیە منداڵی کرێکارێك سەد ئەوەندەی منداڵی ئەو دەوڵەمەندە زیرەك بێت بەس ئەو مەجالەی بۆ نارەخسێت، بۆیە ئومێدەوارم وەزیری پەروەردە سنوورێك بۆ ئەمە دابنێت و ڕێگەش بدرێت بە منداڵی فەقیر کە زەکاوەتێکی تایبەتیان هەیە و خوا ئەو زەکاوەتەی پێ داون، مەجالیان هەبێت لەو مەکتەبانە بخوێنن، مەسەلەیەکی تر، من باسی خوێندنی پیشەیی کرا بۆ ئێوەی بەڕێز باس دەکەم لە وڵاتێکی وەکو هۆڵەندا زیاتر لە ﴿٦٠٪﴾ ئەو قوتابیانەی کە شەشی سەرەتایی بەجێ دێلێن دەچنە حەوت، لەوێ ﴿٦٠٪﴾ قوتابی هۆڵەندی دەچنە بەشی پیشەیی، مانای وایە زۆرینەی خەڵکی هۆڵەندا خەڵکی پیشەیی بەڕێوە دەبات، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە وەکو ئەوەی بڵێین ئەو هەموو ژمارەیەی ماستەر و

دکتۆرای هەیە ئەگەر بەمە بوایە ئێستا دەبێت مونافەسەی یابانمان کردبا، کە وا نییە، مەسەلەیەکی تر کە مەسەلەی ئەو مامۆستایانەی کە لە دەرەوەی دەوامی خۆیان دەرس دەڵێنەوە بۆ قوتابی، ئەمە وەکو مامۆستای بازرگانی لێهاتووە، تەنانەت وای لێهاتووە ئەو زانیارییانەی کە پێویستە مامۆستا بیداتە قوتابی لە شەشی سانەوی نایدات بۆ؟ هەڵی دەگرێت و پێی دەڵێت ئەگەر دەتەوێ شت بزانی یا وەرە بە کرێم بگرە بۆ ئەوەی دەرست پێ بڵێم یان ئەو مەلزەمەیەی بکرە کە خۆم دامناوە، مامۆستایەك کە کارمەندی حکومەت بێت ئەرکێتی ئەو زانیارییانە بگەیەنێت و خۆی ماندوو بکات و ئارەق لە ناو چەوانی بێت بۆ قوتابی، مامۆستای باش ئەو مامۆستایەیە کە قوتابی بە منالی خۆی بزانێت، ئەوەی کە خۆی دەزانێ حەز دەکات ئەوانی تریش بزانن، نەك لە دەرەوەی مەکتەب تیجارەت بە زانستەکەی بکات کە ئەمە لە ئەخلاقیاتی پەروەردەیی زۆر دوورە، نوقتەی ئەخیر، مەسەلەی کێشەی بێکاری مامۆستا لە هەندێك بواردا، ئەمە لە هەموو دونیادا هەیە لە وڵاتێکی وەکو هوڵەندا ئەوەندەی من بزانم لە سوێد ژمارەیەکی زۆر مامۆستای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە و مێژوو بێ ئیشن، بەڵام مامۆستای بیرکاری بە حەیاتی بێ ئیش نابێت، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی لە پۆلی شەش تەواو دەبن و دەچن بیرکاری دەخوێنن زۆر کەمن، چونکە دەرسێکی لەوانەیە توزێ وشك بێت و دەبێت حەزێکی تایبەتیت هەبێت بۆ مەنتیقی بیرکاری، ئینجا دەچی بخوێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر ئۆتمان لێرە نییە، کاك سعید مصیفی فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز و شاندە بەڕێزەکەی دەکەم، دەستخۆشی لە وەزیر و شاندەکە دەکەم بۆ ئەو راپۆرتەی ئامادەی کردبوو و لەسەر داوای خۆشیان هاتبوون بۆ چارەسەری کێشەکان و زۆر بەخێر بێن، یەکەم، ئەو پرسەی کە هەمە بۆ جەنابی وەزیر لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان وانەی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی نییە تا ئێستا تەنیا لە چەند قوتابخانەیەك نەبێت، لەلایەن وەزارەت تا چەند ئامادەکاری بۆ کراوە؟ مەرجی دانانی موشریف بۆ کۆمپیوتەر، کە موشریف دەبێت ﴿١٥﴾ساڵ بێت، بەڵام وانەی کۆمپیوتەر تازەیە پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەم مەرجە بکرێت لە دانانی موشریف بۆ ئەم وانەیە، سێیەم، بەڕێز وەزیر ئاماژەی بەوەدا کە قوتابخانەکان ئەگەر زیاد بکرێن دەوام بۆ کاتژمێر ﴿٣ و ٤﴾ی ئێوارە دەبێت ئایا هەمان مووچەی ئێستا دەوامەکەی زیاد دەکات بۆ مامۆستا یان شێوازێکی تری بۆ ئامادە کردووە بۆ پێدانی مووچە؟ لەسەر چ ئەساسێك دەبێت؟ لە قوتابخانەکان بەرێوەبەری ئێواران کە ﴿٤﴾ ساڵ تەوا دەبێت لادەبرێت لە بنەڕەتی و ئامادەیی و ئەمەش تەنیا لە هەولێر بووە، نەمزانیوە لە سلێمانی و دهوك بووبێ، ئەمە تا چەند و چۆنە؟ پێنجەم، پێویستە ئەو مامۆستایانەی کە لە شوێنی دوور گەڕاونەتەوە مەرجی دەرماڵەیان زیاد بکرێت و دامەزراندنیش بەپێی پێویستی قوتابخانە و سنوورەکە بێت، بۆ ئەوەی

چی تر ئەو گرفتەمان بۆ دروست نەبێت، شەشەم، تا چەند کار بۆ ئەوە کراوە لە لایەن وەزارەت کە موشریف و بەڕێوەبەرەکان بە ئیستیحقاقی خۆیان دابنرێت بەو مەرجەی کە لە وەزارەت بۆیان هەیە نەك لەسەر ئەوەی حزبی، حەوتەم، هەندێ شوێن زاراوەیان بەحس کردووە کە وەکو بەردەرەش داواکارم جێ بەجێ بکرێت، خەڵکەکە زۆر پەرۆش بووە و لە بەردەرەشیش لەو خۆپێشاندانەی کە کردیان داواکاری سەرەتاییان ئەوەبوو، هەشتەم، کێشەی خوێندنی دەرەکی بەردەوامە، ساڵانە بڕیار و ڕێنماییەکان دەگۆڕێن، بۆیە گرنگە وەزارەت بگەیەتە یەك جۆر بڕیار بۆ ئەوەی ساڵانە خوێندکاران لە دڵەراوکێ نەجاتیان بێت و هەندێ خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی دەرەکیان داوە و دەرنەچوون دەیانەوێ بگەڕێنەوە و لە قوتابخانەی ئێواران بخوێنن، بەڵام وەزارەت ڕێگە نادات، بۆیە گرنگە لە پێناو درێژە پێدان بە خوێندن ڕێگەیان پێبدەن، پشتیوانی لە قسەکانی ﴿کاك عبدالرحمن، د. شێرکۆ ، گەشەخان و امنە خان و کاك گۆران و شوکریە خان﴾ دەکەم و ﴿د. فرست﴾ بۆ ڕێزبەندی مووچەکە، سەبارەت بە کێشەی دهۆك پێویست بوو بە ڕاستی وەزارەتی پلاندانان ئامادە بوایە یان بانگهێشت بکرێت لەبەر ئەوەی ئەم پرسە پێویستی بە ئەوە، زۆر باس لە مزگەوت و قوتابخانەکانیش کرا پێویستە نەك هەر ئەمە، ئەو مەزرەعە و خانوو زیادانەی کە بەرپرس و سەرمایەدارانیش هەیانە ئێستا و ئەو شوێنانە کە لە شارەکانیش زۆرن و ئەو شوێنە مەسایفانەی کە ئەمڕۆ لە دەسەڵاتی حکومەت یان کەرتی تایبەت گرتووە ئەمانەش بەکار بهێنرێن بۆ ئەوەی ئەو لێقەوماو و ئاوارانە و جێیان بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێك، بەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز و شاندی یاوەری دەکەم داوا لە وەزیری بەڕیز دەکەم ئەوەی ئێستا باسمانکرد یان ئەوەی باسی دەکەم لە ئەنجامی سەردانی مەیدانیمان بووە، بۆیە ئەوەی باسی دەکەم بۆمان دەرکەوتووە، سەرەتا پاڵپشتی لەوانە دەکەم کە باسی قوتابخانە ئەهلییەکانیان کرد بە ڕاستی ئەوەی وتیان هەر هەمووی وایە، لەوانەیە بەشێکیشیان هەر باس نەکرا بێت بە تایبەتی لە ئاستی لاوازی خوێندنی خوێندنگا ئەهلییەکان، حەق وایە جەنابی وەزیر میکانیزمێك دابنێت، بۆ ئەوەی زیاتر پێداچونەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیان بکات، دووەمین، تایبەت بە قوتابخانە ئەهلییەکان، ئایا لە ڕووی ئیشرافەوە بەڕێزیان چۆن موشرفەکانیان هانداوە بۆ ئەوەی موتابەعە و چاودێری زیاتریان بکرێت؟ لەبەر ئەوەی موشریفەکان وەك پێویست ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە و ئەگەر هەندێ جار موشریفی پەروەردەیی سەردانیان بکات یان وەکو پێویست ئیشی خۆی ناکات یان ئەوان بایەخیان پێ نادەن، بە ڕاستی لە قوتابخانە حکومییەکان دەبینین ساڵانە زیاتر لە ﴿٤ تا ٥﴾ جار هەڵسەنگاندن دەکرێت و موتابەعەیەکی چڕ و پڕ﴾ دەکرێت، بەڵام ئەوەی لە قوتابخانە حکومییەکان هەیە لە شوێنەکانی تر و ئەهلییەکان نییە، من پرسیار

دەکەم لە جەنابی وەزیر، ئایا وەزارەت پلانی چییە بۆ دوو دەوامی و سێ دەوامی کە لە راپۆرتەکەی بەڕێزیدا هاتبوو؟ کە بە خۆی باسی کرد من لە کاتی سەردانم بۆ هەندێ قوتابخانەی ناو هەولێر هەندێ قوتابخانە هەبووە بە ﴿٢﴾ دەوامی لە یەك رۆژدا زیاتر لە ﴿١٨٠٠﴾ هەتا ﴿١٩٠٠﴾ تەلەبە لە یەك رۆژدا بە ﴿٢﴾ شەفت دەوامیان کردووە، ئایا چ دەوامێك دەکرێ؟ چ خوێندنێك دەکرێت؟ لە رووی تەندروستییەوە، لە رووی هۆڵەوە، لە رووی پاك و تەمیزییەوە، لە رووی جەنجاڵییەوە و غەوغا و ئیزعاجییەوە لە بۆ خۆیان و دەور و پشتیان، بە راستی پێداچوونەوە هەیە، حەق وایە حکومەت پلانی تایبەتی هەبێت و ئەو پارە زۆرەی بۆ هەندێ شوێن سەرف دەکریت کە جێی خۆی ناگرێت حەق وایە بۆ پەروەردە و ئەو شوێنانە خەرج بکرێت، پرسیارم ئەوەیە، لە هەندێ قوتابخانە مامۆستای پسپۆر وانە ناڵێنەوە و بە ئیختیساسی تر پڕ دەکرێتەوە و لە هەندێ وانە وای لێهاتووە هەر ئیهمال بکرێت و خۆری ئاوا بێت وەك وانەی ئاین، من زانیومە لە هەندێ قوتابخانە مامۆستای تر وانەی ئاین دەڵێنەوە کە پسپۆری خۆی نییە یان وای لێهاتووە لە جیاتی ئاین، هونەر یان وەرزش یان بە کاری تەفریحی بەرێ دەکرێت و بە راستی ئەمەش جێگەی هەڵوێستە، لە کاتێکدا کە ریفۆرم کراوە لە مەنهەجی ئاین لە مەکتەبەکان، بوویتە باسی خۆشەویستی نیشتمان و دراوسێ و یەکرێزی و برایەتی و تەبایی و لە زۆر شت دەقی ئاینی هەر تێدا نەماوە، سەرەرای ئەوەی کە باسی ئەو شتە نیشتمانی و یەکرێزی دەکرێت لەگەڵ ئەمەشدا بە راستی دەرسی ئاین جێگەی داخە کە رۆڵی خۆی نادرێتێ وەکو پێویست، ئەگەر رۆڵی خۆی بدرێتی لەوانەیە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر خودی قوتابییەکان ببینیت، پاشان پرسیار دەکەم ئایا سیستەمی ئەزموونەکان کە برادەران باسیان کرد، بەڵام بۆ بیرهێنانەوە ئەگەر بێت و ئەو هەڵبژاردنە چارەسەر نەکرێت قوتابییەکانمان بچنە زانکۆ دارشتن و تەعبیریان زۆر لاواز و زەعیف دەبێت، پرسیاری تر، لە هەولێر یەك ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی هەیە دەرچووانی ئەو ئامادەییە بەڕێز جەنابی وەزیر، جەنابت دەبێت عیلمت هەبێت کە دەبێت﴿سید العارفین﴾ بی لەو مەوزوعە ﴿١٠٪﴾یان تەنیا لە کۆلێژی شەریعە وەردەگرێن ئەو ئامادەییە تایبەتە بە وەزارەتەکەی جەنابت بۆ تەنیا ﴿١٠٪﴾ لە کۆلێژی شەریعە وەربگیرێت؟ خۆ دەبوایە ﴿٥٠٪ تا ٦٠٪﴾ وەربگیرابان، چونکە ئەوان شیاون و ئامادەن و ئەوان ئەهلن لە بۆ شەریعە، دەبینین ﴿٦٠٪ بۆ ٧٠٪﴾ لە عیلمی و ئەدەبی وەردەگیرێ کە ئەوانیش حەز ناکەن بچنە شەریعە و بە حەزی خۆیان نییە کە پێویستە لەگەڵ خوێندنی باڵا کۆنتاك هەبیت بتوانن قوتابیانی خوێندنی ئامادەیی ئیسلامی وەربگرن، پرسیاری تر بە چ یاسایەك قوتابیانی ئەم ئامادەییە سەر بە وەزارەتەکەی جەنابت لە هیچ زانکۆیەکی ئەهلی وەرناگیرێن؟ ئەگەر نومرەشیان زیاد بێت هیچ زانکۆیەکی ئەهلی وەڵامی سەلامیام نادەنەوە، بە راستی ئەوانیش هاووڵاتینە مافیان هەیە لە زانکۆ ئەهلییەکان وەربگیرێن، ئەوەش جێی هەڵوەستە و جێی پێشنیارە، پێشنیار دەکەم بۆ جەنابی وەزیر کە ئیعادە تەوزیع بکرێتەوە لەو خزمەتگوزاریانەی کەوا تایبەتن بە وەزارەتی پەروەردە، لەبەر ئەوەی هەندێ قوتابخانە کە دروست دەکرێن نوێ و تازە نە بە ﴿٢ یان ٣﴾ خزمەتگوزار کار دەکەن و قوتابخانە هەیە زیاتر لە ﴿٢٠ هەتا ٣٠﴾ خزمەتگوزاری هەیە، حەقی

ئیعاده نەزەری هەیـە و ئیعـادە لـە تەوزیعـەکان بکرێتـەوە، و پێشـنیاری تـرم دەربـارەی گۆڕینی مەنهـەج و کتێب، بە راستی دەبێت جەنابی وەزیر ئیشی لەسەر بکات لەوکاتەوەی کە مەنهەج و کتێب بڕیاری گۆڕینی دەدرێت، دەبێت مامۆستای ماددەش دەورەی بۆ ببینرێت،باسـی نـەقل و گواسـتنەوەش وابـزانم بـاس کـراوە، لەو کاتەی کە مامۆستا دەچێت بۆ دەرەوەی شار و شوێنە دوورە دەسـتەکان بەڵێننامـەی لێ وەردەگیرێـت کـە بۆ ﴿٧﴾ ساڵ یان ﴿٥﴾ساڵ دوای ئەمە بگەڕێتەوە شوێنی خۆیان، بەڵام دواتر داوا دەکرێت کە بەدیل پەیدا بکات و بەدیلیش زەحمەتە لەبەر ئەوە لێرەدا مامۆستا تووشـی مەلـەل و بـێ تاقـەتی و بێـزاری دەبێـت کـە کاردانەوەی خراپـی لەسـەر خـودی قوتـابی دەبێـت، کـە بـە راسـتی هـەر مامۆسـتایەك کـە لـەو کاتانـەی کـە بەڵێننامەی لێوەردەگیرێت لە کاتی خۆی کە تەواو بـوو ئۆتۆمـاتیکی بگەڕێتـەوە ئـەو شـوێنەی کـە لـە کـاتی خـۆی بەڵێنامـەی پێـداوە، دەربـارەی هەندەسـەی دابەشـکردنی جـۆگرافی قوتابیـان لـە هەنـدێ شـوێن نادادپـەروەری هەیـە لـەناو شـار و شارۆچـکەکان، هەنـدێ ناوچـە هەیـە ﴿٣ بـۆ ٤﴾ گـەڕەك بەیەکـەوە لـەم هەولێرە مەکتەبی شەوی تێدا نییە و هەندێ ناوچەش هەیە ﴿٢ بۆ ٣﴾ مەکتەبی شەوی تێدایـە، هەنـدێك گەڕەکی نوێ هەیە وەکو هیران ستی و لاوان ستی ئەمانە بـە راسـتی ئـەوانیش تـا ئێسـتا ئامـادەیی کـوڕان و کچانی تێدا نییە خۆ حەق وایە دابەشکردنی جوگرافی دادپەروەرانە هەبێت بـۆ ئـەوەی ئـەم ناوچـانەی کـە نوێ دروست کراون وەکو گەڕەك خـەڵك تێـدا دەژیـت، دەربـارەی کتێـب باسـی کێشـەی کتێـب کـرا لـە رووی کوالێتی و ئەوەی لە دەرەوەی وڵات دەکرێت، بـەڵام ئەمـە فیعلـەن مـن پاڵپشـتی لـە هـەموو ئـەو برادەرانـەم دەکەم، بەڵام جەوهەری ئیشەکە ئەوەیـە لـەو کاتـەی کتێـب چاپ دەکرێـت ناگاتـە دەسـتی قوتـابی لـە کـاتی خۆی، بەهەر شێوازێك چاپ دەکرێت ئەوە چاپ کرا کوالێتی خراپە، بە پارەی زۆر، لە دەرەوەی وڵات، بـەڵام چ کاتێك دەگات؟ من زانیومە و لە مامۆستا و بەرێوەبەرم پرسیوە کە لە مانگی ﴿١٢﴾ دەگاتە دەسـتیان، بـە راستی ئەمەش کێشەیە و لە کۆتاییدا داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم لەسەر قسەکانی مامۆستا ﴿هـەورامان و مامۆستا ابو کاروان﴾ ئەگەر شتی وا هەیە لەچك بـە خـورتی، مـن داوا دەکـەم بـۆ راسـتییەکان لیژنـەیەکی پسپۆر دابنرێت و ئـەوەی ئـەو بابەتانـە یـەکلا بکرێنـەوە، مـن گـوێم لێ بـووە جـاری وا هەیـە مامۆسـتا بـە خورتی لەچك دادەنێت یان مامۆستا بە خورتی تـەعلیق لـە لەچـك دەدات، بـە راسـتی لـە رێنمـایی وەزارەت قوتابی ئازادە لەچك دەکات یان نا؟ داوا لە جەنابی وەزیـر دەکـەم ئـەو رێنماییانـە لـە شـێوازی پۆشـین ئـەو شتە یەکلایی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە كێشەكانی پەروەردە پێم وابێت راپۆرتەكەی جەنابی وەزیر زۆربەی كێشەكانی باس كردبوو، بەڵام لە دوێنێ وە كە ئەندامانی پەرلەمان قسە لەسەر ئەو كێشانە دەكەن زۆر لەمە زیاترە كە لە راپۆرتەكە هاتووە، بەڵام زۆرێك لەو كێشانە هەنووكەییە و پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە و هەندێكیان پێویستی بە پلانی كورت خایەن و درێژخایەن هەیە، زۆربەی پێشنیارەكانیش باس كران، بۆیە من پشتگیری لە رای ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە دەكەم كە باسیان لە كێشەی پەروەردە كرد لە پارێزگای دهوك كە ئەمە چارەسەری بە پەلەی دەوێت و پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە خەمی خوێندن بێت لەم دەڤەرە و پشتگیری لە قسەكانی ﴿كەژاڵ خان و مامۆستا مەروان﴾ دەكەم سەبارەت بە ماف و ئیمتیازاتی مامۆستا لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، كە لە ئاست و ئەركی ماندووبوونی ئەو توێژەدا نییە و پێویستە شكۆ بۆ ئەو مامۆستایانە بگەرێندرێتەوە لە هەموو بوارێك، پشتگیری لە قسەكان ﴿د. شێركۆ حەمە امین و مامۆستا مەروان﴾ دەكەم بە تایبەتی دەربارەی كۆتایی هێنان بە دەستێوەردانی حزبی لە وەزارەتی پەروەردە، هەر لە دامەزراندن و پلە بەرزكردنەوە و گواستنەوەی مامۆستایان و سەرجەم بوارەكانی تر ، پشتگیری لە قسەكانی ﴿شكریە خان و مامۆستا مەروان و د. جوان و د. سراج و مامۆستا عمر﴾ دەكەم سەبارەت بە وانەی ئاین كە زۆر پشتگوێ خراوە لە پرۆگرامی خوێندن و زۆر بە دوور و درێژی باسیان لێ كرد من ناچمە سەری، پشتگیری لە قسەكانی ﴿كاك عبدالرحمن و ئاری هەرسین﴾ سەبارەت بە خوێندنی ئەهلی و وانەی تایبەت دەكەم كە ئەمە ﴿٢﴾ كێشەیە بە راستی رووبەرووی خوێندكار بووەتەوە و هەروەها گواستنەوەی مامۆستا دوای مۆڵەتی دایكایەتی، پێویستە ئەمانە پێداچوونەوەی بۆ بكرێت، كێشەیەكی تری پەروەردە كە باس كرا سەبارەت بە خوێندن لە ناوچە دابڕاوەكان و ناوچەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، باسی پرۆگرامی خوێندن و كێشەی خوێندكار كرا، بەڵام من باسی كێشەی مامۆستا دەكەم لەو ناوچانە كە نێزیكەی ﴿٢٠﴾ هەزار مامۆستا سەر بە ئیدارەی هەرێمن، بەڵام لە هەموو ماف و ئیمتیازاتەكانی حكومەتی ناوەند و لە هەندێ ماف و ئیمتیازاتی حكومەتی هەرێم بێ بەشن، وەكو سولفەی عەقار و پێدانی زەوی و تەنانەت تاپۆی خانوو كە بە ناویان ناكرێت و ئەمانە گرفتە و پێویستە هاوكاری مامۆستا بكرێت لەو بوارانە، سەبارەت بە پرۆگرامی خوێندن باس كرا كە پێداچوونەوەی بۆ بكرێت، هەندێ بابەت كە گرنگە لە پرۆگرامی خوێندندا ئاماژەی پێدرا كە من ئەمەی بۆ زیاد دەكەم كە بابەتی یاساناسی، تەندروستی، ژینگە پارێزی و هاتوچۆ ئەمانە پێویست دەكات خوێندكار هەر لە بنەڕەتییەوە لەسەر ئەم بابەتانە زانیاری هەبێت و دامەزراندنی ﴿٦٠٠٠﴾ مامۆستاش بە گرێ بەست باس كرا، هیوادارین كە بە شێوەیەك بێت كێشەی هەندێ لە دانەمەزراوەكان چارەسەر بكات و من پێشنیار دەكەم لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی كوردستان ئاگادار بكرێتەوە یا هەماهەنگ بكرێت لەو دامەزراندنە و ئاگادار بێت و پێشنیارەكانی ترم باس كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك د. شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بە خێر هاتنی گەرمی وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری دەكەم لەوانەیە ئاخیر كەسیش بم كە قسە دەكەم، یەكەم، ئەوەی بەڕێز ﴿خاتوو پەروا علی﴾ باسی كرد دامەزراندنی توێژەرانی كۆمەڵایەتی و دەروونناسی ئێستا لە كوردستان نێزیكی ﴿٥﴾هەزار قوتابخانەی هەیە، بەڵام بۆ ﴿١٧٠٠﴾ قوتابخانە ئەو توێژەرانە دامەزراون و ﴿٣٣٠٠﴾قوتابخانە هەیە كە توێژەری كۆمەڵایەتی و دەروونی تێدا دانەمەزراوە، كوردستان بە وڵاتی ئەنفال و كیمیاباران و شەهیدان و گۆڕی بە كۆمەڵ و بێ سەر و شوێن بەناوبانگە، هەموو ئەو خانەوادانە و منداڵانەی لە مەرحەلەكاندا دەوام دەكەن پێویستیان بەوە هەیە بینا بكرێن و ئارام بكرێن بۆ ئەوەی كە هەم خوێندكارێكی سەركەوتوو و ئارامیان لێ دەربچێت كە سوود بە خۆی و كۆمەڵگاكەی بگەیەنێت، بۆیە داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم لەو ﴿٦﴾هەزار مامۆستایەی كە دادەمەزرێن موراعاتی ئەوانە بكرێت بۆ ئەوەی ئەو قوتابخانانەی توێژەری كۆمەڵایەتی و دەروونی تێدا دانەمەزراوە دابمەزرێنن، خاڵی سێ یەم، ئەوەیە كە باس كرایە دەوری خولی سێ یەم بۆ قوتابیانی پۆلی شەش تاقیكردنەوەی خولی سێیەمیان بكرێتەوە لەعێراقیش ئەنجام دراوە و ئەوانەش رێژەیان كەمە، چونكە ئەمانە زیاتر قوتابیانی دەرەكین كە مەبەستیان زۆر ئەوە نییە دەرەجەی زۆر بەرز بێنن، تەنیا مەبەستیان ئەوەیە بروانامەی شەشی ئامادەیی یان هەبێت، مامۆستایانی مێرگەسۆر و چۆمان و رەواندوز و ئەو دەڤەرە دەڵێن كە ئێمە بڕیار بوو ﴿٣﴾ ساڵ بمێنن و پاشان كرا بە ﴿٤﴾ ساڵ و ئێستا كراوە بە ﴿٥﴾ساڵ، لەوانەیە ئە ماوەیە زۆر بێت، ئێنجا ئەوانە گرفتی تریشیان هەیە دەڵێن ئیفادەكانی ئێمە ﴿٤٠﴾هەزار دینارە لە كاتی پشكنینی دەفتەرەكانی شەشەمی ئامادەیی، بەڵام هیی سنووری سلێمانی رۆژانە ﴿٨٠﴾ هەزار دینارە، ئینجا هەم ئیفادەكانی سنووری دهۆك و دەوری یەكەم و دووەم تا ئێستا پێیان نەدراوە، ئەگەر بكرێت ئەو بابەتە چارەسەر بكرێت بۆ ساڵێكی تر هەر كاتێك مامۆستایانی پشكنەر ئیشەكانی خۆیان تەواو كرد ئەو بڕە پارەیەی بۆیان تەرخان كراوە بیاندرێتێ، قوتابیانی دەرەكی لە سنووری راپەڕین و پشدەر دەوری ﴿٥٠٠﴾ قوتابی دەرەكین و هەموو ساڵ بۆ ئیمتیحانی تەمهیدی و كۆتایی دەیان بەنە سلێمانی و ﴿٢﴾ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە هەیە لە سنووری قەڵادزێ و لە رانیە، بۆچی ئەوان تووشی ئەو زەحمەتە بكرێن و هەر لە پەروەردەی رانیە یان لە قەلادزێ ئەو ئیمتیحانەیان بۆ نەكرێت؟ ئاواركانی دهوك ئەوەی كە باس كرا پشتیوانی لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم، بەڵام ئەگەر تا ﴿١١/١﴾ دەوام دەستی پێنەكرد وا باشترە وەزارەت بڕیاری تایبەت دەربكات كە پرسیاری تایبەت هەبێت بۆ ﴿١٢﴾ی ئامادەیی و ﴿٩﴾ی بنەڕەتی، یەكەمی هەموو كۆلێژەكان و زانكۆكانی كوردستان ئێستا دانامەزرێن وەكو ساڵەكانی پێشوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە نییە دكتۆر.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دامەزراندنیا مەبەستم ئەوەیە وەزارەتی پەروەردە لەو ﴿٦٠٠٠﴾مامۆستایە موراعاتێکی ئەمانە بکات و ئەفزەلییەتێکیان هەبێت، بۆ ئەوەی نائومێد نەبن کە ساڵان لە زانکۆ دەکرانە موعید و ئێستا دانامەزرێن، ئەو ﴿١٣١﴾ کەسەی خوێندکارانی گەرمیان لە ساڵی رابردوو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی تا رادەیەك بەڵێنێکی پێداون، بۆیە ئێستا دێن داکۆکی دەکەن لەسەر مافەکانیان و ئەویش لەو ﴿٦٠٠٠﴾کەسە کە موراعاتێکیان بکرێت باشە، سیاسەتی وەزارەت بۆ دورخستنەوەی کابوسی حزب لە ناو خوێندندا، ئێستا ئەمە کارەساتە لە شوێنێك قوتابخانەیە، لە شوێنێك خوێندنگایە، لەشوێنێك بونیاتە، و لە شوێنێك بونیادە، لە شوێنێك خوێندکارە، و لە شوێنێك قوتابییە، دەکرێت چۆن لێرە ئەو ﴿٥﴾ لایەنە ئیتفاق لەسەر شت دەکەن و لەسەر ئەمەش ئیتفاق بکرێت، بۆ نموونە، لە سەرتاسەری کوردستان قوتابخانە بێت، بەڵام لە ئاستی خوێندکاران خوێندکار بێت، لەو مەرحەلەیەی کە کاك پشتیوان پێشەوای ئەم وەزارەتەیە ئەو کێشانە کۆتایی پێ بهێنرێت لە کۆنگرەی پەروەردەیی دا، بوونی تەلەڤیزیۆنێکی پەروەردەیی گرنگە، بۆ ئەوەی منداڵ لەسەر پەروەردە رابهێنرێت نەك ئەو فیلمە کۆریانە کە خەڵك لەسەر شەڕە شمشێر رابهێنرێت، لەسەر ئەوەی کە کولتوورێکە هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵگای ئێمە نییە، کە بەداخەوە زۆربەی کەناڵە فەزاییەکان وایان کردووە وەکو ئەوە وایە کە ئینسان لە کۆریا بژیت، گرنگی دان بە مێژووی ئیسلام، نەك مێژووی عەرەبی، کە بەداخەوە هەندێك لەو برایانە باسیان کرد، وەکو ئەوە وایە ئێمە لە کۆمەڵگایەك بژین کە کۆمەڵگاکە پێچەوانەی عەقیدەی خۆی هەنگاو بنێت، ئەو مێژوویەی کە ئێستاش هەیە کە باسی مێژووی خولەفای راشدین دەکات مێژوویەکە بە هەستی شۆفێنی نووسراوە، بە تایبەتی باسی ئەو ئەسحابانە دەکات کە لە کاتی خۆی شەڕی فارسیان کردووە، بۆ ئەوەی عەقلییەتی عەرەبی رابهێنرێت کە ئەو شەڕە شەڕێکی درێژ خایەنە، دەیان ئەسحابەی تر هەیە جابانی کوردی و سوهەیبی رۆمی هەیە، سەلمانی فارسی هەیە، بیلالی حەبەشی هەیە، ئەو مێژووە تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ مێژوویەکی شۆفێنێتی کە بە عەقلییەتی عەرەبی نووسرابێت، بابەتی ئاینیش تا ئێستا نە موشریفی تایبەتی هەیە نە لە قوتابخانەکانیش ئیهتیمامی پێدەدرێت، نە لە ئیمتیحانەکانیشدا گرنگی پێدەدرێت، زیاتر لە هەموو وانەکان بەس ئەو وانەیە﴿٢٠﴾ی لەسەرە، لە کۆمەڵگایەکی موسڵماندا ئیمتیحانی ئاین ﴿٢٠﴾ی لەسەر بێت، ئەمە چۆن واناکات خەڵکانێك دروست ببێت و بڵێن ئەم حکومەتە بە راستی بە ئاراستەیەکی خراپ ئیش دەکات، مامۆستا ئومێد لە خۆرماڵ تەلەفۆنی بۆ کردم وتی ﴿١٣﴾ساڵە وانەی ئاین دەڵێمەوە تا ئێستا موشریف نەهاتووە بزانێت من چی دەڵێمەوە، کێ دەڵێت ئەو مامۆستایە بە ئاراستەیەك ئەو قوتابیانە پەروەردە ناکات کە بەرەو ئاراستەیەك بێت کە ئێستا خۆمان دژی دەوەستینەوە، دانەمەزراندنی قوتابیانی کۆلیژی شەریعە، ئەوەی د.سراج باسی کرد کە لە ئەهلی وەرناگیرێن، (١٠٪) لە کۆلیژەکان وەردەگیرێن، ئەوە کارەساتە، ئەوە بە ئاشکرا بەراستی بەگژ داچوونەوەی ئاینە بۆ ئەوەی کەوا لە

شوێنەکاندا ڕۆڵیان نەبێت، دەیان مزگەوت هەیە ئێستا وتار بێژەکەی دەرچووی هیچ شوێنێك نییە، فەرمانبەریش نییە، بۆچی دەرچووی شەریعەکان بە ڕەسمی لەوێ دانامەزرێنن، مەسەلەی مووچەی مامۆستایان، مووچەی مامۆستایان کە ئێستا دوا وەزارەت دەدرێت بەراستی ئەوە ئیهانە و سووکایەتی پێ کردنە بە وەزارەت و مامۆستایان و بە توێژی مامۆستایان، جێی خۆیەتی بخرێتە وەزارەتی سێیەمەوە، بیستووشمانە ئێستا لە سنووری قەڵادزێ (٣، ٤) ڕۆژە دەوام نییە، خەبەرێکی وا بڵاو بۆتەوە کە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەیەوێ سزایان بدات، لەو قۆناغەدا سزادانی مامۆستایان ئەوان لە کاتێکدا سەریان بۆ مووچە نەوی نەکردووە، بەڵام کە ئێستا دەخرێنە دواهەمین وەزارەتەوە، گیرفانیان بەتاڵە ماندەگرن ئەوە پێویستە سەردانیان بکرێت لە نزیکەوە، نەك سزا بدرێن، ئومێد دەکەم ئەو بڕیارە ڕاستیش نەبێت، موخصەصاتی هاتوچۆی مامۆستایان، مامۆستایەك دوور بێت لە سنووری شارەکان یاخود نزیك بێ هەر وەکو یەکە، بۆ نموونە مامۆستایەك لە شێنێ دەوام دەکات کە لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێرانە لەگەڵ مامۆستایەك کە لە گوندێکی نزیك قەزایەك دەوام دەکات یەك موخصەصاتیان هەیە، ئەوەش پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، ماستەر و دکتۆرایەکی زۆر هەیە لە میلاکی وەزارەتی پەروەردە، بەڵام نازناوی زانستییان پێ نەدراوە، ئەوەش وای کردووە کەوا ئیمتیازاتیان، موخصەصاتیان لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ جیاوازی هەبێت، بڕیاری پەرلەمان، بڕیاری حکومەت هەیە کە پێویستە ئەوانە هەمان ئیمتیازاتیان هەبێت کە لە زانکۆکان دەوام دەکەن، مەسەلەی یەکخستنی جل و بەرگ، دەگونجێ لە پۆلی یەکی بنەڕەتی تا پۆلی شەشی بنەڕەتی یەك جل و بەرگ بێت، لە قوتابخانەی ئەهلی بێت، لە قوتابخانەی تایبەتی بێت، لە قوتابخانەی حکومی بێت، بۆ نموونە پۆلی شەش تا پۆلی نۆ، پۆلی نۆ تا پۆلی دوانزە، ئەوانە بەرگی تایبەتییان هەبێت، نەك هەر کەسەو بەرگەکەی ڕەنگدانەوەی کەلتووری وڵاتێکی تر بێت، ئەوەی تووشبوانی ئۆتیزم و کەم ئەندامانیش گرنگیەکی زیاتریان پێ بدرێت، مامۆستای تایبەتییان بۆ دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێ دەکەم کە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لەم هەرێمە بە دەست تەداخولی حیزبی، تەزکییەی حیزبی، واسیتە و واسیتەکاری، وێرانە، ناڵە ناڵیەتی، کەم و کوڕ و گرفتەکانی پەروەردە هەندە زۆرە نازانم لە کوێیەوە دەست پێ بکەم، من سەرەڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی بەڕێزان د.شێرکۆ حەمە امین و پەروا خان، من قسەکانم لە چەند خاڵێکدا دەخەمە ڕوو، یەکەم: لە سنووری پەروەردەی ڕانیە (١٥) خوێندنگا کراوەتەوە لە ناو ڕانیە و چوارقورنە و حاجیاوە، بەڕێوەبەرەکانیان بە تەزکییەی حیزبی، بە

پشتیوانی حیزبی دانراون، پێوەری یاسایی و ڕێنمایی وەك لێهاتوویی بە ئیمتیحان لەبەر چاو نەگیراوە، لە کاتێکدا بە پێی بەندی (١٥، ١٦) لە سیستەمی خوێندنگا بنەڕەتی و ئامادەییەکان تاقیکردنەوە پێوەرە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە باسکرا کاك انور.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەلام لە ئیشارەتیان بە وردی باسیان نەکرد، تەنها خاڵ کە باسی بکەم، وا بزانم لەلایەن وەزارەتەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیە بانگ کراوە، بەس تا ئێستا نەتیجەی نییە، خاڵی دووەم: لە رانیە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان هەبوو ئێستا نەماوە، بەلام ئەو خوێندکارانەی ئەو پەیمانگایەیان تەواو کردووە جگەلە (٣٢)یان هەموویان دامەزراون، بەلام چارەنووسی ئەو (٣٢)ەیان ئەو (١٠) ساڵە دیار نییە، دەکرێ ئەمانە هەر وا بێ چارەنووس بمێننەوە، خاڵی سێیەم: دەرماڵەی خۆ تەرخان کردن لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، لە پارێزگای سلێمانی لە (٥٠٪)ی مووچەی بنەڕەتی خەرج دەکرێت، بەلام لە پارێزگای هەولێر و دهۆك لە (١٠٠٪) خەرج دەکرێت، ئەمەش جیاوازیە لە هەمان وەزارەتدا، خاڵی چوارەم: لە پەروەردەی رانیە ئەوەی بە من گەیشتووە (٤٠٠٠) تەختە دانراوە کاتێك لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە پشکنینیان بۆ کردوون بە پێی ئەو مەرجانەی ئەوان دەیانەوێت و پێویستە هەبن لە پشکنین دەرنەچوونە بە هۆی سەرما و گەرما ئەو تەختانە کەڵکیان نەماوە، تێکچوونە، لە کاتێکدا خوێندنگاکانی رانیە و دەوروبەری، مەبەستم سنووری پەروەردەی رانیەیە، زۆر پێویستییان بە تەختەیە، ئایا وەزارەت پلانی چییە بۆ ئەمە؟ چونکە ئەمە گرفتێکی گەورەیە، خاڵی پێنجەم: لە ماوەی رابردوودا بە هەر هۆکارێك بێ چ سیاسی و شەڕی ناوخۆ، چ رۆیشتن بۆ هاندەران یان هەر هۆکارێکی تر زۆرێك لە کارمەندانی حکومەت و لە وەزارەتی پەروەردەش ئەمە زۆرە، کارمەند و مامۆستاکان دابڕاون و ئێستا دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان، ئایا پلانی حکومەت یاخود وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەمە چییە؟ پێویستە چارەنووسی ئەمانەش بیری لێ بکرێتەوە و هەروا نەمێنێتەوە، خاڵی شەشەم: دوا قسەم ئەوەیە لە هەموو دامودەزگا شەرعیەکانی ئەم هەرێمە، پەرلەمان، حکومەت، دەسەلاتی دادوەری، تا کۆتایی بە تەداخولی حیزبی و تەزکیەی حیزبی نەهێڵدرێت، تا عەقلیەتی هەڵواسینی وێنەی سەرکردە بە دیواری دامودەزگاکانی ئەم هەرێمە و بە بەرچاوی مامۆستا و خوێندکارانەوە بە دیوارەکانەوە بێت، پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لەمە باشتر نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری دەكەم، دەست خۆشی لێ دەكەم بۆ ئەو دەست پێشخەرییە، من بە كورتی چەند خاڵێكم هەیە دەیخەمە روو، یەكێك لەوانە ئەوەیە لە وەتەی قوتابیانی پۆلی (١، ٢، ٣)ی بنەڕەتی بە دەرچوو حیساب دەكرێن، واتە كەوتن نییە لە پۆلی (١، ٢، ٣)ی بنەڕەتی، لە قۆناغەكانی پۆلی (٤) و بەسەرەوە ئاستیان نزمە و گرفتیان بۆ دروست دەبێت، پێشنیار دەكەم هەر لە پۆلی یەكی بنەڕەتی كەوتن هەبێت بۆ ئەوەی ئاستی قوتابی باشتر بێت، جەنابی وەزیر باسی هەڵبژاردنی كرد لە تاقیكرنەوەكان، دیارە ئەویشیان دەبێتە گرفتێك بۆ قوتابیان، لەبەر ئەوەی تەنها ئیختیار دەكرێت، واتە ئەگەر بكرێتە نیوە بە نیوە، واتە نیوەی پرسیارەكان هەڵبژاردن بێت و نیوەكەی تر بە وەڵامدانەوەی بە نووسین بێت بۆ قوتابی باشترە، زۆر جار لە كاتی تاقیكردنەوەكان قوتابی گلەیی هەیە لەوەی كە نمرەی كەم دراوەتێ یەكێك لە وانەكان، كە ئیعتیراز دەنووسێ تەنها ئەوەی بۆ دەكەن كە نمرەكان كۆ بكەنەوە، واتە قەناعەتی بۆ دروست ناكەن كە حەقی خۆی هەر ئەوەندە بووە، ئومێد دەكەم كارێكی وا بكەن قەناعەت بۆ قوتابی دروست بكرێ كە حەقی هەر ئەوەندەیە، یاخود ئەگەر حەقی خوراوە حەقی بۆ بگێڕدرێتەوە، ئەو مامۆستایانەی كە دادەمەزرێن دیارە (٣) ساڵ دەبێت لە گوند بن، ئەمەشیان غەدرێكە لە گوندەكان دەكرێت، چونكە دەبنە شوێنی ئەوەی مامۆستا پێ بگات، دوای ئەوەی كە پێ دەگات مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ نێو شارەكان، من پێشنیار دەكەم لە دامەزراندن رەچاوی ئەوە بكرێت ئەوانەی دادەمەزرێن خەڵكی ناوچەكەبن، یان بە پێی پێویستی قوتابخانەكە و لە سنووری خۆیان دابمەزرێنرێن، نەك لە شوێنانی تر بۆیان بنێردرێت، تەنانەت لەو قوتابخانانەی لەناو شاریشن قوتابخانە هەیە مامۆستای ئەوەندە زۆرە كە شوێن نییە لێی دابنیشن، هەندێك قوتابخانەش بەدەست بێ مامۆستاییەوە دەناڵێنن، خەڵكێكی زۆر لەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەردە مووچە وەردەگرێ و دەوام ناكەن، پێم باشە وەزارەت لیژنەیەك پێك بێنێت بۆ بەدواداچوونی ئەم كێشەیە، سەرپەرشتی كردن لە پەروەردە، پێشنیار دەكەم سەر بە پەروەردە نەبێت بۆ ئەوەی نەكەونە ژێر كاریگەری بەڕێوەبەرەكان، بتوانن چاودێریەكی فیعلی بكەن لە قوتابخانەكان، بینایەی قوتابخانەكان ساڵانە نۆژەن دەكرێتەوە، ئەگەر (٢، ٣) نۆژەن كردنەوە پارەكەی لێك بدرێت لەوانەیە قوتابخانەیەكی نوێی پێ دروست بكرێت، زۆربەی نۆژەن كردنەوەكانیش لە كاتی دەوام كردنی قوتابیانە، ئەمەش ئەگەر بكرێ لە هاویندا بێت باشترە، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە وەزارەتی پەروەردە تەلەفزیۆنێكی سەربەخۆی هەبێت بۆ پەروەردە لەگەڵ چاپخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو مریم صمد فەرمووو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری دەکەم، دەست خۆشـی لـەو دەسـت پێشـخەریەی دەکـەم، بـەڕێزان دیـارە ناوەنـدەکانی خوێنـدن و فێرکـردن، هـەروەها پەروەردەیەکی باش و تەندروست مەرجێکی سەرەکییە بۆ کۆمەڵێك هۆشـیاری چالاك و بـە بەرهـەم، بۆیـە پێویستە سێکتەری پەروەردە و فێرکردن لە ئەولیاتی کارەکانی حکومەت و پەرلەمان بێت، گرنگـی زیـاتری پێ بدەن، بەڕێزان دیارە رەوشی پەروەردەی وڵاتەکەمان بە گشتی لە ئاستێکی مامناوەنـد دایـە، وەك بـەڕێز وەزیری پەروەردە ئاماژەی پێدا لە راپۆرتەکەیدا کە کەم و کوڕیش هەیە، من تەنها دەمەوێ چـەند پرسـیار و پێشنیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردە بکەم لەسـەر ئـەو کـەم و کوڕیانـەی کـە لـە ناوچـەکان بـە تایبەتی لە دەست کەم و کوڕی و گیر و گرفتی پەروەردەوە رووبەروومان دەبێتەوە، یاخود خۆمان سـەردانی ئەو شوێنانەمان کردووە، لە سـەردان و بەسـەرکرنەوەکانمان درکمـان پـێ کـردووە، یەکـەم: زۆر لـە بـەڕێزان باسی بینایەیان کرد، بەڵام بەراستی من دەمەوێ ئەوە بڵێم هەتا ساڵی پاریش لە دەڤـەری پشـدەر و بتـوێن، دەڤەری راپەڕین خوێندنگا هەبووە چوار دەوامـی تێـدا هـەبووە، ئێسـتاش لـە سـنوورەکەی ئێمـە بـە دەیـان خوێندنگا هەیە کە سێ دەوامی تێدا هەیـە، پـەیمانگای وەرزشـی و پـەیمانگای کۆمپیوتـەرمان هەیـە تـاوەکو ئێستا ئەوانە بینایەیان نییە، لە خوێندنگا سەرەتاییەکان دەوام دەکەن، کاك انور باسـی ئـەوەی کـرد لەسـەر نەبوونی پێداویستی ریحلە، ماوەی چوار ساڵە ریحلە نییە، نەهاتووە بـۆ سـنووری پـەروەردەی راپـەڕین، مـن تەئیدی قسەکەی کاك انور دەکەم کە لەسەر ئەوەی کۆمپانیایەك (٥٠٠٠) ریحلەی دروست کردووە، بـەڵام لـە مواسەفاتی تەندەر دەرنەچووە و لەگەڵ ئەوەشـدا تـاوەکو ئێسـتا ریحلـە بـۆ خوێنـدنگاکان نەچـووە، ئـەوەی چووە، مێزەکە چووە، بەڵام بۆ مانگ و نیوێك دەبێ ئەو خوێندگایانە کورسیان نییە، یەعنی خوێندکارەکان بەشـی زۆریـان لـە ماڵـەوە کورسـیان بـردووە یـاخود خێرخـواز هـەبووە کورسـی بـردووە بـۆ خوێنـدنگاکان، خاڵێکی تـر لـە زۆر خوێنـدنگاکان کـارگوزار و پاسـەوان نییـە، مامۆسـتا بـەو مووچـە کەمـەی خـۆی و بـەو قەیرانە داراییەی هەیە لە مووچەکەی خۆی و لە گیرفانی خۆی کـارگوزاری بـە کـرێ گرتـووە، هـەروەها بـۆ دوو ساڵ دەڕوات بەشێك لە خوێندنگا دوورە دەستەکان تێکەڵاو کراونەوە، ئەوانەی گونـدەکان بـە تایبـەتی، (٣) بـۆ (٤) خوێنـدنگا، یـان (٢) بـۆ (٣) خوێنـدنگا تێکـەڵاوی یـەك کراوەتـەوە، ئـەو خوێندکارانـە هاتوچـۆ دەکەن، بڕیار وابوو کە کرێی سـەیارە و مەسـروفاتی ئـەو خوێندکارانـە بگەڕێنرێتـەوە، بـەڵام نـە پـار و نـە ئەمساڵ هیچ بڕیارێکیان بۆ نەدراوە و بۆشیان سەرف نەکراوەتـەوە، ئـەو بینـا تـازەی خوێنـدنگاکان زۆر بـە کـەمی پێویسـتی و کەلوپـەلیان هەیـە، ئێمـە چووینـە، سـەردانمان کـردووە، بـۆ نموونـە خێرخـواز هەیـە خوێندنگای (١٤) پۆلی کردۆتـەوە لەسـەر ئـەرکی خـۆی، مـن لێـرەوە دەسـت خۆشـیان لـێ دەکـەم، جوانترین بینایـەی دروسـت کـردووە، بـەڵام بەداخـەوە پـەروەردە و وەزارەتـی پـەروەردە نـەیتوانیوە وەکـو پێویسـت پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات، نەك هەر ئەوە بە تایبەتی بینا تازەکان هەموویان کەم و کوڕی ئیـدارییان زۆر کەمە، بە تایبەت ئەوەی کە زۆر گرفتە بە نیسبەت ئەوانەوە مەحاویلەیە، چونکە هـەر بینایـەکی تـازە

مەحاویلەیەکی دەوێت، یەك مەحاویلە بایی (٣٦) ملیۆن دینارە کە ئەوە لە دەسەڵاتی پەروەردەدا نییە ئەو مەحاویلەیان بۆ بکرێت، کاك انور باسی دەرچووانی پەیمانگای کرد، ئەو (٦) ساڵە پەیمانگای مامۆستایان داخراوە، بەڵام منیش تەئیدی قسەکەی کاك انور دەکەم بەراستی (٣٠) بۆ (٣٥) دەرچووی پەیمانگامان هەیە نە پەروەردە و وەزارەت فۆرمیان دەداتێ بۆ ئەوەی فۆرم پڕبکەنەوە دابمەزرێن، نە دەشتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، بۆیە من داوا لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم بۆ ئەوەی دەرگایەك بۆ ئەو دەرچووانە بکرێتەوە و ڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها جگەلە لەوانەش ئێمە لە کۆلیژی ڕاپەڕین دەرچووی فەلسەفەمان هەیە تاوەکو ئێستا ئەوانە نە دادەمەزرێن، نە فۆرمیان پێ دەدرێت، ئەوانیش زیاتر لە (٥) ساڵە لە هیچ شوێنێك وەرناگیرێن، ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەکرێتەوە، کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون، بەراستی ئەوانیش گرفتی خوێندنیان هەیە لە هەر کۆمەڵگایەك کە دەکرێتەوە هیچ بینایەی خوێندنگای تێدا نییە و ئەوانە لە کابینەکان وانە دەڵێنەوە، لە بودجەی ساڵی (٢٠١٣) (٣٠٠) ملیۆن دینار تەرخان کرا بۆ سەیارەی کرێ بۆ پەروەردەی ڕانیە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەزارەتی دارایی ئەو بودجەیەی بۆ دابین نەکردوون، سەیارەیان بۆ نەکڕدراوە، بۆیە ئەوەندەی کرێ لە خیلالی ئەو ساڵەدا دەتوانم بڵێم نیوەی ئەو پارە سەرف کراوە بۆ بە کرێ گرتنی سەیارە، بۆیە داوا لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم بەدواداچوون بکات بۆ ئەو کێشەیە، من لە کۆتاییدا دەمەوێت پشتگیری لە ڕای سەرجەم ئەو هەڤاڵانە بکەم کە لەسەر دۆخی پەروەردەی پارێزگای دهۆك قسەیان کردووە، هیوادارم بەڕێز وەزیری پەروەردە پلانێکی چڕوپڕی بە پەلەی هەبێت بۆ ئەو سنوورە، هەروەها شتێك کە زۆر بەلامەوە گرنگ بوو بەراستی کاك گۆران و گەشە خان و تەلار خان بەشێکی زۆریان گوت و زۆر بە وردی قسەیان لەسەر خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان کرد دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام دەمەوێ نموونەیەکی زیندوو بهێنمەوە لەسەر منداڵێکی خۆم کە خاوەن پێداویستی تایبەتە، (٦) ساڵ دوا کەوتووە لە هاوڕێیەکانی، لەبەر ئەوەی خوێندنگایەکی تایبەت نەبووە بۆ ئەو چینە، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ مامۆستایەکان، لەبەر ئەوەی هیچ بڕیارێك و فەرمانێکی تایبەت نییە بۆ ئەو خوێندکارانە، یان خوێندنگایەکی تایبەت نییە مامۆستا ناچارە مامەڵەی وەکو کەسێکی ئاسایی لەگەڵ بکات، بۆیە من هیوادارم بەڕێز وەزیری پەروەردە لە داهاتوودا بەرنامەی جدی و تایبەتی هەبێت بۆ ئەو چین و توێژە، بەشێك لە بەڕێزان پرسیاریان لەسەر ئەو بڕیارەی بەڕێز وەزیری پەروەردە کرد دەربارەی دامەزراندنی (٦٠٠٠) مامۆستا بە گرێ بەست، پرسیاری من لە بەڕێزیان ئەوەیە ئێمە بەدواداچوونمان کردووە تاوەکو ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە نووسراوی فەرمییان بۆ نەچووە لەسەر ئەو بڕیارە، پرسیارێك هەر لەسەر ئەو بڕیارە ئەوەیە ئایا ئەم بڕیارە بە پێوەر دەبێ؟ تا دادپەروەری بە دی بێت، ئایا بە پێی پێویستی پەروەردەیە؟ لە کۆتاییدا دووبارە دەمەوێ پشتگیری بۆ وتەی ئەم بەڕێزە دووبارە بکەمەوە بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی سەبارەت بە داواکاری واژووی ئەو (٨٠٠٠) خوێندکارەی قەزای بەردەرەش، بەڕێز خاتوو کەژاڵ پرسیاری کرد سەبارەت بە دەرچووانی (٦) ئامادەیی ئەوانەی کە نمرەی کەمیان هێناوە ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك فەرهاد و کاك

ئاری هەرسین دەکەم سەبارەت بە پەروەردەی حیزبی و رێکخراوە خوێندکاری و قوتابیەکانی ناو زانکۆکان و پەیوەندییەکان، سەبارەت بە مەنهەجی خوێندن کە بەداخەوە دەیڵێم دوای (٢٣) ساڵ ئازادی ئێمە لە مەنهەجی خوێندن باس لە مێژووی عەرەب دەکەین، زۆر رووداو و مێژووی گرنگمان بەلاناوە و پشت گوێ خستووە بۆ ئەوە پشتگیری لە رای کاك عمر عینایەت دەکەم، پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز مامۆستا ماجد دەکەم لەسەر مەنهەجی خوێندن لەبری ئەوەی باس لە مێژووی عەرەب بکرێ لە مەنهەجی خوێندن با مێژووی پێکهاتە جیاوازەکان بخوێنین، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز د.فرست دەکەم ئەو خوێندکارانەی تاقیکردنەوەی دەرەکیان هەیە لە قەزا و ناحیەکان، ئەوانە ساڵانە دەبێ بچن لە پارێزگاکان تاقیکردنەوە بکەن، بۆیە من داوا لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم کە بڕیارێك دەربکات بۆ ئەوانەی قەزا و ناحیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ابراهیم، پێموابێت بەدواداچوونت کرد بۆ کێشەی ئەو (٣٢) دەرچووەی پەیمانگاکان، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەم دەست خۆشیێ لە وەزیرێ پەروەردێ دکەین کو ئامادە بووی، گرنگە، یەعنی وەکی بێژن گوییێ خۆ بدەتە مە، گەلەکیش ڤان حاڵەتا هاڤێت هەڤالێت مەیێ ئەندام پەرلەمان گوتین، دیارە یان خەبەر درەنگی گەیشتیێ وان، زوی نەگەهاندینە، گەلەکیش ڤان تشتا دناڤبەرا لیژنەیا پەروەردە و خوێندنی بالاً و بەڕێز وەزیرێ پەروەردێدا هاتنە چارەسەر کرن، بە نیسبەت ڤان هەڤالان، ڤان قوتابیێن مە ئەڤێ دەرچوون و نەهاتینە دامەزراندن دوو حاڵەت هەبووینە (١٣١)، پشتی خوشکە د.رێواز خان ئیحسائیەك چێکری هەندەکێ دیتر ژی هەبووینە، لە کۆی گشتی دوو سەد و تشتەك بووینە لە زمنی واندا ژی ئەڤێت ئەم بێژین لە راپەڕین، ئەم دگەل بەڕێز وەزیرێ پەروەردێ و دگەل بەڕێوەبەری گشتی دیوانا وەزارەتێ مە رینیشتنەك کر، ئەو وەکی بێژن سێ نیڤ وەعد داینە مە کو ئەگەر هاتو ئەو پلەی دامەزراندنێ هاتنە دانان ئەو بە دەریش تەعلیماتا چارەیەکێ بۆ بکات و کرنگی پتر بدەنە وان ژی ئەڤێت کو لە لایێش زانستیڤە کو تەخەروج کرنی بێتە کرن، ئەز بێژم ئەو حاڵەتە هاتیە چارەسەر کرن دناڤبەرا لیژنەیا پەروەردێ و بەڕێز وەزیرێ پەروەردێدا هەر بۆ ئاگاداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بشار مشیر فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری دەکەم، بە حەقیقەت سەردانی جەنابی وەزیر لەسەر خواستی خۆی جێگەی دەست خۆشی و دڵخۆشیە، هیوادارین وەزیرەکانی تری حکومەتی هەرێم بە هەمان شێوە سەردانی پەرلەمان بکەن، بەڕێزان هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی کێشەی خوێندن و ڕاوەستاندنی لە پارێزگای دهۆك لە هەموو کێشە و بابەتی تر گرنگترە کە لەم کات و ساتە باسی لێوە بکەین، بەلآم من سەردانی جانابی وەزیری پەروەردە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەقۆزمەوە بۆ گەیاندنی پەیامی قوتابیانی قەزای بەردەرەش و هەندێك ناوچە لە قەزای شێخان، سەبارەت بە خوێندن بە دیالێکتی بادینی لە قەزای بەردەرەش و هەندێك شوێن لە قەزای شێخان کە سەر بە پارێزگای دهۆکن، لە پاڵ ئەوەی شێوازی بادینی زۆر دەوڵەمەندە لە ڕووی ئەدەبەوە و ملیۆنەها کورد بەو شێوەزارە قسە دەکەن و ئێمە هەمووومان شانازی پێ دەکەین، لە باشووری کوردستانیش لە پارێزگای دهۆك پاش سەرهەڵدانی (١٩٩١) خوێندن بە شێوەزاری بادینیە، کە چی لە هەمان کاتدا هەزارن قوتابی هەن لە قەزای بەردەرەش و هەندێك ناوچە لە سنووری قەزای شێخان شێوەزاری سۆرانیان گەرەکە و هەست بە نیگەرانی دەکەن کاتێك شێوەزاری بادینیان لەسەر فەرزکراوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لە ڕووی کەلتووریەوە، لە ڕووی کۆمەلآیەتییەوە، دیالێکتی تایبەتی خۆی هەیە کە نزیکترە لە شێوەزاری سۆرانی، خوێندن لەم ناوچانە بە شێوەزاری بادینی کاریگەریەکی زۆر نەگەتیڤانەی هەیە، سەبر سەبر لاواز بوون و دواتر لە ناوچوونی کەلتووری باو باپیرانی قەومێکی گەورەی کوردستان لەم ناوچەیە، خوشك و برایانی بەڕێز، بەڕێز د.جوان خان و برای بەڕێزم ابوبکر هەڵەدنی و خاتوو شکریە باسیان لە کۆکردنەوەی (٨٠٠٠) ئیمزای قوتابیانی سنووری قەزای بەردەرەشیان کرد، بەلآم من دەڵێم ئێستا زیاتر لە (٦٠٠٠٠) قوتابی نیشتەجێی ناوچەکانی قەزای بەردەرەش و بناری چیای مەقلوب هەیە، هەموویانیش قسەکردن بە شێوەزاری بادینیان لەلایەوە زۆر قورسە، ئەمە لە کاتێکدایە کە (١٠٠٪)یان شێوەزاری سۆرانییان گەرەکە، هەروەها ئەو کاریگەریە نەگەتیڤانەی بەردەوام بوون بە خوێندن بە شێوەزاری بادینی لەم ناوچەیە بەم هۆیانەیە، یەکەم: زۆربەی مامۆستایانی قوتابیەکان خەڵکی ئەو ناوچەیەن و وانە وتنەوەیان بە بادینی لەلایانەوە زۆر قورسە و ئاسان نییە، دووەم: زمانی دایك زۆر گرنگە لە ژیانی تاك و ڕۆڵێکی سەرەکیشی هەیە لە پێگەیاندنی تاکی ئەکتیڤ و بنیات نەر لە دوا ڕۆژدا، بەلآم لەو ناوچەیە قوتابیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فێری شێوەزارێکی جیاوازتر دەبن لە زمانی دایك، منداڵ لە پۆلی یەکەمەوە، لە سەرەتاییەوە تووشی شۆك دەبنەوە کاتێك لە پرێکەوە شێوەزارێکی جیاواز لە شێوەزاری دایك فێر دەکرێن، خاڵێکی تر ئاستی زانستی قوتابیان لەو دەڤەرە بەرەو لاواز دەچێت ، بوون تەنها بەرەو لاواز بوونە ، تەنها مەبەستی قوتابی ئەوەیە نمرە زیاتر بەدەست بێنێت بێ ئەوەی هیچ لە بابەتەکان تێبگەن ، ڕەوشی پەروەردە لەو ناوچەیە ١٠٠٪ جیاوازە لەگەڵ پەروەردەی ماڵەوە ، قوتابی لەسەرەتاوە پێویستە لە ماڵەوە چۆن قسەبکات ئەواش لە قوتابخانەکان فێربکرێت ، بۆ ئەم کێشەیە حەقیقەت نەك تەنها لە کەرتی

خوێنـدن هەیـە لـەم ناوچـەیە ، بـەڵکو لـە زۆربـەی دائیرەکـانی سـنووری قـەزای بـەردەڕەش نووسـینی کتابەکانیان ، موخاتەبەکانیان هەنـدێکیان بـە شێوە زاری سۆرانییە ، هەنـدێکیان بـە بادینییـە ، مەترسـی ئەوەمان ئەوەیە بادینییەکە فێرنەبین و زمانی خۆشمان لە بیربکـەین ، بۆیـە دەڵـێم یـەکێك لـە بنـەماکانی ئازادی تاکە کەسی لە کوردستان ئەوەیە بە شێوەزارێك بخوێنێت کـە خـۆی گەرەکیـەتی نـەك جیـاواز بێـت لەگەڵ خواست و پێویستییەکانی خۆی ، جەنابی وەزیر داوا لەجەنابی بەڕێزت دەکەین ئاوڕێکی جدی لـەو مەسەلەیە بدرێتەوە ، خواسـت و هیـوای سـەدان کـەس فـەرامۆش نـەکرێتن ، هیـوادارم ئـەم بابەتـە نەبیتـە هیوای دلگرانی هیچ لایەنێك و هیچ لەبرادەرەکان ، چونکە حەقیقەت دەبینن خۆپێشاندان ئەنجامـدەدرێت ، ڕاپرسی دەکرێت لەسەر تۆڕی کۆمەلاَیەتییەکان ، ڕێکخراوەکان پێی هەڵدەستن کـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان نەتیجەکە دەردەچێت دەخـوازن بـە زمـانی ، شێوەزاری سۆرانی بخوێنن ، بابـەتێکی زۆر گـرنگ دەمـەوێت جەنابی وەزیر تەرکیز لەسەر قسەکەمان بکات ئەوەیە کە مامۆسـتا لـەکاتی دامەزرانـدنی دوور دەخرێتـەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ، بۆ نموونە مامۆستا هەیە شوێنی نیشتەجێبوونی لەسەنتەری پارێزگای دهۆکـە لە قوتابخانەیەك تەعین دەبیت لە سنووری ناحیەی کەڵەك کە ڕۆژانە (٢:٣٠) دێـت و بـۆ گەڕانـەوە (٢:٣٠)ە کـە نزیکـەی (٥ سـەعات) لـە کـاتی دەچـێت ، هیـوادارین ئەمـە لەبـەر چاو بگیرێـت لـەکاتی دامەزرانـدی مامۆستایان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئیڤار ابراهیم، دکتۆر ابراهیم ناوت نووسراوە دوایی کە هاتینەوە ڕێ بە جەنابت دەدەم قسەی خۆت بکەی، خاتوو ئیڤار فەرموو.

**بەڕێز ئیڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنێکی گەرمی وەزیری پەروەردە دەکەین لەگەڵ وەفدی یاوەری ، تـەواوی قسـەکانی دکتـۆر شـێرکۆ حەمـە امـین دەکـەم هـەروەها مامۆسـتا عبـدالرحمن و کـاك عمـر عینایـەت ، سـەبارەت بـە توێـژەرانی کۆمەلاَیەتی کە خاتوو پەروا قسەی لەسـەر کـردووە ، مـن ئیزافـەم لەسـەر قسـەکانی خـاتوو پـەروا ئەوەیـە بەداخەوە زۆرێك لەو توێژەرانەی کۆمەلاَیەتی کە دادەمـەزرێن کـەم ئـەزموونن ئەگـەر وەزارەتـی پـەروەردە دەورەیان بۆ بکاتەوە ئەوا شتێکی باش دەبێت ، سەبارەت بە پارێزگای دهۆك پشتیوانی تەواوی خاتوو امینە زکری ، خاتوو گەشە دارار دەکەم ، دیارە یەکێك لە مەکتەبـەکان لـە شـاری هـەولێر دواناوەنـدی توانایـە کـە یەکێکە لە مەکتەبە نموونەییەکان هەتاکو ئێستا بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی کە لەدەرەوەی وڵات دێنەوە تاکو ئێستا ماددەی کوردییان نییە ، تەنها هەموو ماددەکانیان ئینگلیزییە ، ئەگـەر بکـرێتن مـاددەی کـوردی هەبێ ، شتێکی باشە ، بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە فەرمووی مەکتەبی نموونەیی نەماوە لـە هـەولێر ، من دەمەوێ وەڵامان بداتەوە ئەگەر مەکتەبی نموونەی نەماوە ئەی بۆ خوێندکار بە بەرزترین دەرەجە لە

مەکتەبە نموونەییەکان وەردەگیرێن؟ کەواتە دەبێ هاوتەریب بێتن ، هیچ جیاوازییەك نەبێتن لەنێوانیان ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یروانت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی ئاریشا مە دهۆکێ ل هەندێ مەزنترە جەلسەك مشتەرەك با چونکە جیلەکی کامل لێ بەرەڤ خاندنێ..

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دوو جەلسەیە ئەمە لەسەر ئەوە.....

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە بەس بۆ دهۆکێ ، بۆ هەمی کوردستان هەمی مشکیلا مە لە مامۆستاوە دێت ، ئەز هەندەك ئامار دەهێنمە بەر چاڤ یەعنی دێ کاریسا ژێ چێبن هەنکە بەرچاڤ نابینن ، جەنابی وەزیری پەروەردە خێرهاتنا تەدکەم دگەڵ شاندێ لگەل ، بەغدا بڕیارەکا بەسیت دا زەحف کرنا دەوامێ هەتا (٩/١٥) هەتا (١٠/١٥) هەتا نەکەڤیتە مەشاکیلا دا ، ئەرێ ئەو هەیڤە هەمی هاتبادانان چ موشیکلە هەبوو ما دا چ بیت ئەو موشکیلا مەیا دهۆکێ حەل نەدبوو؟ وان (١٥) رۆژێت دۆماهیکێ ژی نەدکرە چ موشکیلا ، موشکیلا نووکە دێ بۆتە بێژم ئاوارێن مە یێن کوردستانێ تەقریبەن (٦٠٪)ێ دهۆکێن و سلێمانیێ( ١٧٪) و و ئەربیلێ(١٩٪) ێ یە ئەگەر دویف ڤێ بیت تەعلیم ل دهۆکێ تەقریبەن ٦٤٪ فاشل ببوو ، هەمی ل ئێك زۆنەکن ئەڤە موشکیلەکا مەزن چێبوون سێ قەزایا دهۆك و زاخۆ و سێمێلێ و ئەم ژ بیر نەکەین مە نێزیکی (١٦٨) قوتابخانە ل شنگال هەبوون تابعێ پەروەردا مەنە هەوەسا ل تلکێفێ (٦١) مەدرەس هەبوون و ل زوممار ژی مەهەبوون ، تابعی قەزا سێمێلێ ئەو هەمی زمنی مەدرەسێت مەنە مە ب دەستێن خو یێت ئاڤا کری ، عەدەدێ مەدرەسا تەقریبەن (٥٣,٩٪) نەدرستن ل (١٠/١) بەس نووکە هەتا ئەڤرۆ دهۆکێ ئەگەر قەزا بێژم ل دهۆکێ ل ٢٨٠ مەدرەسا ٣٠ مەدرەسە دەوام تێداکرن ، ل سێمێلێ ل (٢١٤) مەدرەسا ١٣ مەدرەسا دەوام تێدا هاتە کرن ، ل زاخۆ (١٧٦) مەدرەسا (٦) مەدرەسە تنێ ، ل تلکێفێ (٦١)مەدرسا (٢٩) مەدرەسەنە، ل شنگالێ خۆ مەدرەسەك نەهاتییە، ئەرێ ڤێرێ سەحکەن بەنسبەت مە تەڵەبە، تەڵەبە ئەڤێ هاتنە دەوامکرن داوامێ تێدا دکەن تەقریبەن نووکە (١٣) هەزار تەڵەبە تنێ دهۆکێنە، (٨٢٠٠) تەڵەبە ل سیمێلێنە (٧٢٣٠) تەڵەبە ل زاخۆنە ، تلکێف (٧٠٠٠)هەزارن، شەنگالێ مە چ تەڵەبە دەوامێ نائێنە کرن ، تو سەحکێ نیسبەیا ئەڤ عەمەلییە هەیڤەکە مە تێدا شول کەین (٧٠٠) تنێ مە عیلاج کەین، زەرەرە تەڵەبە کەمکەین ژ مەدرەسا بشیاین (٤,٧) زەرەرێ کەمکەین ، بۆ زانینی ژ مەجموعا تەڵەبێ ڤێ نوکە دەوام کەن ژ (٢٣٥٣٨)

تەڵەبە (١٢٠٠٠) تەڵەبە ژ وان نە مەرحەلێنە، خرِ مەرحەلە (١٢)پۆلێنە ، سوپاسی ڤە دوانزە پۆلی پیچەکێ بەرچاڤ هاتیە وەرگرتن، بەس ئەرێ ئەویتر دی چاوابێ مستەقبەلی وانا؟ هەڤرۆکە جەنابێ وەزیری ل رۆژنامە تەقویمەکا دەرخستییە سالا دیراسی، ئەرێ ئەڤ تەقویمە بەس بۆ دهۆك و هەولێر و سلێمانییە؟ ئان دهۆك ئیستبعادە تێدا ئان بنی کۆمێنتەك تیدا بنڤیسابا، چونکە ئەو سەر دهۆکێ نایەتە چێکرن، ئەڤ ژ سەر ئاوارە مە دڤێت گەلەك ژ عەرز کەم بەس ئەز نەگەهیشتم ئەوی دیکە، مشکیلەکا دیش مە هەی مەزن تێدا یا مەدرەسە ئەرمەنییە ب ئیعتبار لسەر ئەرمەنیمە، جەژنا ئەرمەنی (١/٦) پار کە جەنابی دکتۆر عیسمەتی بڕیار هات بۆ دانان پاشیا مە زەحف کر، ئەرێ نووکە نەشێ زەحفت کەین ژ (١/٣)، (١/٢) زەحف بیت بۆ (١/٨) چونکە جەژنا مە ئەرمەنیا (١/٦)ە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدە یاوەرەکەی دەکەم ، دیارە قسەکردن لەسەر پەروەردە زۆرەو کێشەکانیش زۆرن ، ئەوەش ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ هەرشتێك یان ئەگەر دەلالەت لە هەر شتێك بکا، دەلالەت لە گرنگی سێکتەرەکە ئەکا ، گرنگی سێکتەری پەروەردە ، بەرفرەوانی، دەستخۆشی لە بەڕێز وەزیر دەکەم کە دوو ڕاپۆرتی تێروتەسەلی ئامادەکردبوو، لە ڕاپۆرتەکانی جەنابیانەوە دەست پێئەکەم بە خۆشحاڵییەوە لە ڕاپۆرتەکەیەوە کێشەکان و زۆربەی زۆری کێشەکان و چارەسەرەکانیش دیاریکرا بوون، ئەمەی کە جەنابت دیاریت کردووە بریتییە لە حەقیقەت ، ئەم حەقیقەتە هەیە ئەم کێشەیە هەیە وە ئەمەش چارەسەرەکەیەتی، بەڵام ئەم حەقیقەتە پێویستی بە تەرجومەکردن هەیە بۆ واقیع، تەرجومەکردنی ئەم حەقیقەتە بۆ واقع پێویستی بە خوتە هەیە، خوتەی ئیداری و فەنی ، خوتەی زەمەنی کە ئەمە لە ڕاپۆرتەکەی جەنابتا کەم بەدی ئەکرا، بوونی خوتەی ئیداری و فەنی لەگەڵ ختەی زەمەنی زۆر زۆر لە کێشەکان چارەسەر ئەکا ، لەبەر ئەوەی یەکەمین شت ئیستقرار دەدا بە بڕیارەکانی وەزیری پەروەردە کە لەوەو پێش ئێمە ئەو نەبوونی ئیستقراریەتەمان هەست پێکردووە، من پێموایە لە نەبوونی خوتەیا بووە، نەبوونی ئیستقرار هەبووە لە بڕیارەکانە، چەند پێشنیارەکم هەیە یەکەمیان شان بەشانی دابینکردنی باحیسی ئیجتماعی لە قوتابخانەکانا پێموایە بوونی یاریدەدەری پزیشکیش لە قوتابخانەو لە باخچەی ساوایان و لە داینگەکانا پێویستە بۆ ئیهتیمام دان بە لایەنی تەندروستی، بەڵام ئەم یاریدەدەرە پزیشکیانە نوقتەیەکی گرنگ هەیە کە دێنە سەر وەزارەتی پەروەردەو لە خوێندنگاکان و باخچەی ساوایان ئیش دەکەن زۆر گرنگە بە هەموو ئیمتیازاتی وەزارەتی تەندروسییەوە بێن ، کێشەیەك هەبوو لەوەی کە چەند باخچەیەکی ساوایان یاریدەدەری پزیشکی بۆ دانرا بوو، بەڵام کە هاتبوونە سەر وەزارەتی پەروەردە موخەسەساتی خەتورەکانیان بڕابوو ئەمەش ئیجحافێکە بە حەقی ئەوان، سەبارەت بەوەی کە لە

ڕاپۆرتەکەی بەڕێزتان هاتبوو ئیقتراحێك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەزموونەکان لە (١٠٠٪) ئی (١٢) ئامادەیی ببێ بە هەڵبژاردن، پێموابێ ئەم بڕیارە سلبیاتی خۆی هەیە، بۆیە داوا لەبەڕێزتان ئەکەم پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، چونکە ئێستا زەمینەی ئێمە ئامادە نییە بۆ ئەوە ، سەبارەت بە خوێندنگە ئەهلییەکان پێشنیار ئەکەم کۆنترۆڵێکی زیاتر بکرێن، پشتیوانی قسەکانی کاك دکتۆر شێرکۆ حەمە امین، دکتۆر شێرکۆ جودت، کاك عمر عینایەت دەکەم چەند یاداشتێکیش هاتووە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەم ، یەکەم " دوای ساڵی (٢٠٠٧) پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان داخراوە، ئێستا مەجموعەیەك لەو دەرچووانە هەن ئەگەر ئەتوانرێ دابمەزرێن ئیستفادەیان لێبکرێ بۆ شوێنە دوورەکان هیچ نەبێ، دووەم " ئەگەر بڕیار بدرێت وانەی تایبەت نەمێنێ پێویستە ئەو مۆڵەتانەی دراوە بە پەیمانگای وانەی تایبەتەکان لێیان وەربگیرێتەوە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان سەرپەرشتیار یان شارەزا هەیە لە شاری سلێمانی وانەی تایبەت دەڵێتەوە کە ئەمە نابێ، مامۆستای هونەر یان دەرچووی هونەر چەند کەسێکیان لە کۆلێژی هونەر وەرگیراون داوا ئەکەن مۆڵەتی خوێندنیان پێبدرێ، مۆڵەتی خوێندنیان پێنادرێ کە ئەمە حەقێکی خۆیانە، هیوادرام بە ڕێز وەزیر ئەم داوایە بە هەند وەربگیرێ، لە ئەخیرا پرسیارێکم هەیە هەولێر و دهۆك تا ئێستا پارەی پشکنین واتە ( تەسلیحاتی دەفتەر) نەدراوە، هیوادارم وەڵاممان بداتەوە، زۆر سوپاسی ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا وەزیرێ پەروەردەو شاندی هاتنا دگەل دەکەم، بەڕاستی هاتناوا شکاندنا حاجزێکی نەفسی بوو ل نێڤ بەرا پەرلەمان و حکومەتێدا، کو خەڵکێکی مە هاتبووە هاندان کو پەرلەمان جهێ معارەزەیەو، جهێ شەڕییە لەگەڵ حکومەتێ، بەڵکو پەیڤا هەماهەنگی نەبوو، بە هاتنا وەزیری ئەو هەماهەنگییەکی باش انشاءالله دناڤ بەرا پەرلەمانی و حکومەتێدا بت ژ بۆ بەرژەوەندییە گشتی خەڵکێ مە، ژبەر چونکی گەلێك پرسێت مە ژ لایێ وەزیری ڤە هاتبووە دانان، دوێ ڕووینشتنامە یا خێندنی باڵا کو بۆ ماوێ (٤) سعاتا ڤە کێشا و جهێ داخێ یە ژی ئەز داخازەکێ ژ سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دکەم و هەمی هەڤاڵێت ئەندام پەرلەمان وەختێ دەمێ ئاریشەیەکا گرێدای پەروەردێ و خوێندنا باڵاڤە هەبت بلا وان ئاریشەین پێڤە گرێدای بگەهینتە لیژنا پەروەردێ و خوێندنا باڵا داکو ئەم دیڤ چوونێ بۆ بکەین و بەرسڤێ ژ مە وەر بگرن، چونکە ئەڤ لیژنە یت بۆ هندێ هاتینە دانان هەر ئاریشەیەکا گرێدای وێ لیژنێ هەبت بگەهینتێ و ئەو لیژنە پێداچوونێ بکەت و بەرسڤێ بینت و بگەهینتە وی ئەندام پەرلەمانی ڕەنگە گەلەك بار سڤکیێ بۆ ڤان ڕووینشتنێت بڤی ڕەنگەی دێنە دانان ئەڤێت کو وەزیر دڤێت بێتە پەرلەمانی و هیڤی دکەین ئەڤە بتە کاروانەکێ دیتر لدیڤ وی بەڕیزی دا داکو ئەو وەزیرێ بێت هەمیان ڤیانا هندێ هەبت کو بێنە پەرلەمانی و روون کرنا بدەن، براستی ژ بەر چونکی ئەڤ ئاریشێت هەڤاڵا گۆتین ئاریشێن ساڵا ١٩٩٢ تا ڤێ

گاڤێ دانانه بەر سینگێ وەزیری بار گرانییەکا مەزن ژی دانا بەر، بەس ئەز هیڤیدارم ب سینگەکێ بەر فرەهـ وەر بگرت و بشێت لدیف ڤان ئاریشا بچت ئاریشێن پێش کابینا شەش هاتینە بەر سینگێ وی ڕەنگە فورساتییەکێ بێختێ هەر ڤیاناوی بۆ چارەسەر کرنا ئاریشا ڕەنگە باشیەك تێدا بت، هەمی ئاریشێن هاتینە گۆتن جوان بوون دەستێت هەمیان خۆش لێ ئاریشا ژ هەمیان مەزنتر و هەنووکەیی وەکی دبێژن (مهم و الأهم)،(الأهم) ئاریشا دهۆکێ یە، ئاریشا دهۆکێ ژ هەمی ئاریشێت دیتر، ئاریشێت دیتر ئەڤێن (٤)سالا چارە نەبوینە ، ڕەنگە ب دوو هەیڤێن دی چارەسەر ببن یان سالەك دی ژی بچتە سەر وێ ئاریشێ، ئاریشا دهۆکێ مە یا هەی (مهم و أهم والأهم) مە (أهم) یا خۆ دڤی بابەتێ ئەڤرۆکەدا بەرنامێ پەرلەمانی ئەوە بۆ پارێزگەها دهۆکێ چ بێتە کرن دوو چارەسەری هەبوون ئێك یان ئەڤ خەلکە زڤری بان سەر جهێت خۆ کو ڕەنگ ل ستراتیجیا تازە یا شەڕێ تیرۆرێ ڕەنگە هندەك تشت ئالوزی و گیرۆ گرفت تێدابن (تحصیل حاصل) ئاوارەێت ل دهۆکێ هەین ئاوارە بخێر و سەرچاڤا سەر سەرێ مە و هەمی خزمەت و هەمی ڤیانامە بۆ وان ئاوارەیا ، لێ ئاوەرە ل قوتابخانا حالێ حازر نەیا ڕەوایە ژبەر چ؟، ژبەر چونکی دا ئەڤ پرۆسە و ئەڤ گازندە نەئێنە کرن بۆ چی هەولێر بۆچی سلێمانی و بۆچی دهۆك، ئەز دوو تشتا دکەم چونکە کلیلا چارەسەر کرنا ئاوارا کەمپن، کەمپ ژی سێ حالەتن (یونسسێف) و، کەمپێن حکومەتا هەرێمێ یە، کەمپێن یاکو دبێژن هندەك ژلایێ حکومەتا عێراقێ ڤە لیژنا مهجر و مهاجرین و، لیژنا نازحا ڤە ژی یت هاتینە پێش و، کەمپێت پەرلەمانی ژی بۆینە، کەمپێت پەرلەمانی چونکی دەستنیشان کرینە ل گۆڕەی وێ نیسبا هەی مە چ ئیشکال و چ ئەو لسەر نینە نەخاسمە ئەوا گرێدای ژ لایێ کۆبانێ ڤە، لێ مە ئاریشا هندێ یا هەی دیڤ چوونەك لسەر ڤان کەمپا بێتە کرن، چونکە مەعقول نینە هندەك کەمپ ئەڤە بەری دوو هەیڤا بڕیارا داناناوێ هاتیە دان ئەڤە گۆتە مە (٤٥) ڕۆژ بەسن بۆ ڤان کەمپا ئەز داخازێ ژ سەرۆکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم لیژنەیەکا چ هەڤ پشك دگەل حکومەتا هەرێمێ یان لیژنەیەکا سەربەخۆ و بلەز دیڤ چوونا ڤان کەمپا بکەت، چونکە بێهنا نە عەدالەتیێ و بێهنا هندەك پرسیارێت هاتینە ئازراندن ل شەڤامێت کوردستانێ و دهۆکێ ئەم هیڤی دکەین کو ئەو لیژنە بچن دا بۆ مە بەرسڤا بینت کا بۆچی ئەڤ کەمپە ب لاواز بوون ڤە دچن، ب سستیڤە دچن، خالەکا دیتر کو من دڤیا تەوزیحەکێ بدەم ئەڤ تەوزیحە ژی نە ڕەئیا منە ، ڕەئیا لیژنا پەروەردەو خوێندنا بالاو هەڤالێت مە یت لیژنێ ژی ین ل ڤێرێ هەین کو ب ئیمزایا هەمیا بدەمێ ئەو ئاریشا بەردەڕەش هاتی (٩٠٠٠) بوون وەکو هەڤالەکێ دووهی گۆتی و ڕەنگە وەکو ئەڤرۆکە ژی بەڕێز کاك (بشار) ئەندامێ پەرلەمانی دیار کری کو بەڕەف ئاسۆێن هندەك ژمارێت دیتر یێت مەترسیداردا ئانکو (٦٠٠٠) کەسن هەمی سنوورێ دەڤەرێ بن کو براستی مە لیژنا پەروەردێ و خێندنی بالا بڤێ بڕیارێ ئەم دەر چوو بوون وەکو دیتنا مە، دیتنا مە قوتابی یێ ئازادە بۆ خوە ب چ زاراڤ بخوینت چ ب کرمانجی ، چ ب سۆرانی ئەو حالەتە روویدا بوو هنگێ کە بۆ سنوورێ پارێزگەها دهۆکێ، لە مێرگەسۆر ژی نە (١٦٠٠٠) بەلکو هەتا شێست هەزار ئیمزا هاتبوونە پەرلەمانێ خولا بەری، ژبەر هەندێ ئەم ئەڤ بابەتە ئەوسا بەرژەوەند زانی ، دگەل وەزیری پەروەردە کەتینە دانوستاندنەکێدا کو دراسا ڤی وەزعی بکەین ژ لای

ئیداریڤە دوو پارێزگەهێ لێك جودانە ئەڤ سنوورە، ئەم داخوازێ کەین کو هەر کەسەك بە زاراوە خۆ بخوێنێت، ئەم داخوازی ژ دکەین ئەگەر هاتو (١٠٠) مالێ ژی ل هەڤلێرێ بێژن مە دەڤێتن ئەم بادینی بخوێنن یان (١٠٠) مالێ سلێمانی بێژیتن ئەم دڤێت بادینی بخوێنی ڕێگری نەبت بۆ خاندن و ڤەکردنا وان قوتابخانە بۆ وان زاراوە ، ژ بەر هەندێ ڤی ڕەنگێ هاتە کرن، دوماهی ژ جدا وەختی نەبن و چونکی پەیامەکا دی گرنگا لبەر سینگا مەیە کو ئەم بێژینە (الاهم) مەوزوعێ بەرگری کردنا کوردستانێیەو نامەیا سەرۆکێیە، ئەز پالپشتیاکە تەمام تەمامە ژ ئاخافتنێ دکتۆرە ڕێوازێ دکەم کو بەڕاستی بە تێرو تەسەلی باسیکر، ئەز تەمامی پشتگیرییە هەڤالا خۆیێ خۆش تڤیە دکەم علی هالۆ، دکتۆرە شرین، امینە زکری، ڤەمان و هەمی هەڤالێت خەما دهۆکێ ئەڤرۆکە هەلگرتین و ئینانە هۆلا پەرلەمانی، هیڤیدارم زووترین وەخت قوتابخانە دهۆکێ بێنە چۆلکرن و قوتابیا مە مل بە ملێ قوتابیا مە لە هەولێرو سلێمانیا بکەڤنە فاتا خوێندنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕیز وەزیری پەروەردەو شاندە یاوەرەکەی دەکەم، دیارە دوو ڕۆژە لەسەر گیروگرفتەکانی پەروەردە زۆر قسەکرا، من ئەوەندە بەکورتی سەبارەت بەدامەزراندن زۆر قسەی لەوبارەوە کرا، بەلأم من پێشنیار دەکەم دامەزراندنی ئەم جارە جا بە گرێبەست بێت یان بە هەمیشەیی لەسەر بنەمای پێویستی بێ، نەك لەسەر بنەمای لەبەر چاوگرتنی دانیشتوان واتە پێویستی (شواغر) لەسەر ئەو بنەمایە بێ، پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەو مەبەستە پێم باشە لە ٥٠٪ بۆ دەرچووەکان بێت ٢٠٪ بۆ کچ و کوڕی شەهیدانی سەنگەر بێ و ، ٪ ٢٠ بۆ پەیمانگایەکانی مامۆستایان و هونەر و کۆمپیتەر بێت ، ١٠٪ بۆ خزمەت گوزارو بڵێین ئەوانەی کاری پاسەوانی دەکەن، بۆ ئەوان بێت، ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوانەی ئەو برادەرانە باسیان کرد کاك ئەنوەر و مەریەم خان و کۆمەڵێك برادەری دیکە بە تەئکید گرفتی دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان هەیە هەر لە سنوورەکانی سنووری بتوێن و پشدەر لە دەڤەری ڕاپەرین (٤٠) مامۆستا ئەمە گرفتیەتی و بەردەوامیش وێڵە بەدوای چارەسەردا ، ئەمەش لەبەر چاو دەگیرێت، خاڵێکی دیکە من لە ڕێگای بەڕێزتانەوە پێشنیار دەکەم بۆ جەنابی وەزیر کە سەردانی دەڤەری بتوێن و پشدەر بکا، دەڤەری ڕاپەڕین ڕاستە گیروگرفت و کەم و کوڕییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە ، بەلأم ئەوێ چونکە ناوچەیەکی سنوورییە لەهەمان کاتدا ناوچەیەکی بەرفراوانە، دەتوانم بڵێم لە پەراوێزی ناوچەکانی دیکەدایە ، پەیوەست بە دابینکردنی وەسائیلەکانی خوێندن پرۆگرامەکە هەیە وەکو تیۆری بەلأم وەسائیلەکان دابین نەکراون بۆ پراکتیزەکردنی ئەو پرۆگرامە تیۆرییە پێویستە پەلە بکرێت لە دابینکردنی وەسائیلەکانی پەروەردەو فێرکردن ، لەسەر

مەسەلەی دروستكردنی بینا تازەكان زوو قسەی لەبارەوە كرا من پشتگیری دەكەم بە تەئكید هەر لە پشدەر و بتوێن زیاتر لە بیست و قسور خوێندنگا هەیە كە بینای بۆ دروستكراوە بەڵام پێداویستی نییە، لەسەر كەم و كورپەكانی بوونی كابینەو نەبوونی بینایە، یەعنی هەموو ئەمانە برادەران باسیانكرد من پاڵپشتی دەكەم ، من پشتیوانی لە قسەكانی كاك بشار دەكەم كە بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێ بەو (٨٠٠٠) خوێندكارەی كە واژۆیان كۆكردۆتەوە بۆ ئەو مەبەستەی بتوانن بەزاراوەی سۆرانی بخوێنن ، لەهەمان كاتدا پشتیوانی لە قسەكانی كاك دكتۆر فرسەت و هەموو ئەو برادەرانە دەكەم كە باسیان لەوە كرد كە تاقیكردنەوەی دەرەكی تەنها لە مەركەزی پارێزگاكان ئەنجام نەدرێت، پێویستە دەرفەت بدرێ بە قەزاكان كە تاقیكردنەوی دەرەكیان تێدا ئەنجام بدرێ ئەمە یەكێكە لەو گرفتانەی كە دەیلێمەوە لە دەڤەری پشدەر و بتوێن هەیەو بەردەوامیشە، من لەسەر مەسەلەی تێكەلاوكردن و دەمجكردنی لێكدانی قوتابخانەكان زۆر باسكرا تەنها یەك قسە دەكەم لەو بارەیەوە......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەیام باسی كرد.....

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

بەڵێ باسی ناوەڕۆكەكەی ناكەم، ببوورە تەنها دەڵێم پێویستە ئەو بابەتە (استثناء) بكرێ پەیوەست كراوەتەوە بە بودجە سەرفكردنی پارەكە دووساڵە، ڕاستە هەموومان ئاگاداری بارودۆخە داراییەكەین، بەڵام چارەنووسی هاتنی بودجەی كوردستان بۆ پەرلەمان، ئی عێراقیش دیار نییە بۆیە لە ڕاستیدا پێویستە (استثناء) بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسخۆشی لە جەنابی وەزیری دەكەین بۆ هاتنا بۆ هۆڵا پەرلەمانی، ئاخافتنی من هاتە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆچوونەكانم لە چەند خاڵێك دەخەمە ڕوو، یەكەم: بەڕێز وەزیری پەروەردە لە ڕاپۆرتەكەیدا هیچ ئاماژەیەكی بە فەلسەفەی پرۆسەی پەروەردە نەدا، هەروەها لە پلانی حكومەتی هەرێم كە وەزارەتی پلاندانان تا (٢٠٢٠) دایڕشتووە هیچ ئاماژەیەكی ورد بە فەلسەفەی پەروەردە نەدراوە، دیارە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە تا ئێستا پەروەردە خاوەن فەلسەفەیەكی دیار و ئاشكرا نییە كە بنەماو ئەساسە بۆ

پێگەیانـدنی نـەوەی داهـاتوو، لـە کاتێکـدا هـەمووان گلـەیی لـە نـەوەی نـوێ ئەکـەین کـە لـە ئاسـتی بەرپرسیاریەتی گەشەپێدانی ئەم هەرێمەدا نییە، بۆیە هیوادارم لە خولی هەشتا بەڕێزیان بتـوانن هاوکاری خـەڵکی تایبەتمەنـد لـە بوارەکـانی پـەروەردەیا بکـەن ، فەلسـەفەیەکی ورد داڕێـژن تـا ببێتـە بنـەما بـۆ پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو، دووەم سـەبارەت بـە کێشـە و ئاسـتەنگەکانی رەگـەزی مـێ و هـەلی خوێنـدن لـە بەردەمیاندا ئاشکەرایە کە تا ئێستا ئامارەکان لە سەر ئاستی جیهان لە کۆنفرانسـە نێـو دەوڵەتییـەکان بـاس لەو کێشە و ئاستەنگە ئەکەن، ئایا لە هەرێمی کوردسـتاندا ئـەم گرفتـە لـە چ ئاسـتدایە؟ ئایا ئامـارێکی ورد هەیە؟ ئەگەر لە ئاستێکی خراب دایە پێویستی بە چارەسەری باشیش هەیە بکرێتە مایەی شانازی، چونکە ئەزانین یەکێك لە فاکتەر و بنەماکانی دیموکراسی گەشە پێدا بایەخدانە بەو رەگەزە کـە خۆشـبەختانە لـە ئاسـتی باڵایـە ئـەتوانین بڵـێین رێژەکـە لـە ٥١٪ و رەگـەزی نێـر لـە ٤٩٪، ئەمـە خـاڵێکی گرنگـە هیـوادارین پەروەردەش وابێ، سێیەم سەبارەت بە گونـدە دوورە دەسـتەکان کـە تـا ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردسـتان دا ١٦٢ گوند قوتابخانەی تیا نییـە، ئایا هـیچ چارەسـەرێك دانـراوە بـۆ ئەوانـە؟ لایـەنی کـەم مەسـەلەن پـاس، یـان هۆکاری گواستنەوەیان بۆ دابین کرابێ؟ خاڵی چوارەم/ چـەند کێشـەیەکی هەنووکـەیی کـە مـافێکی سـادەی قوتابیانە، کە تا ئێستا نییە و پێویستی بە چارەسەری زۆر خێرا هەیە، چونکە بەڕاستی دەتـوانم بڵـێم ئـەم کێشەیە زۆری خایاندووە، پێویسـتی بـە چارەسـەر هەیـە، ئەگـەر پێمـان بڵـێ بـە مـاوەی سـاڵ تـا کـەی ئـەوە دەتوانرێ چارەسـەر بکـرێ؟ کێشـەی دوو دەوامـی و سـێ دەوامـی و قـەرەباڵغی پۆلـەکان، سیسـتەمی سـارد و گەرمی کە ئەوە سێ کێشـەی زۆر هەنووکـەین، ئـەخیر خـاڵ و پێنجـەم خـاڵ کـە باسـی دەکـەم پشـتگیری لـە هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە ئاماژەیان بە چارەسەر کردنی خوێندن دا لە پارێزگای دهۆك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. سروود، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێر هاتنی وەزیری پەروەردە و وەفدی یاوەری دەکەین، دەمەوێ سەرنجی وەزیر ڕابکێشم بۆ دوو خاڵی گرنگ و بەکورتی، خاڵی یەکەم/ لە عەنکاوە چوار قوتابخانە هەیە کە خوێندنیان بە عەرەبییـە، واتـا (الدراسـة العربيـة)، ئـەم چـوار قوتابخانـە تـەرخان کـراوە بـۆ ئـەو قوتابیانـەی کـە لـە دەرەوەی سـنووری هەرێمەوە هاتوون، بـەڵام هـەتا قوتابییـەك لـەوێ بخـوێنێ یـەك مـەرج هەیـە ئـەوەش کـە دەبـێ کەسـوکاری قوتابی تەعەهود بنووسن و بڵێن کـە نەتـەوەیان عەرەبـە، یـان (عربـي القومية)، بـەڵام زۆر خێـزان هەیـە عەرەب نین، بـۆ نموونـە خێزانێـك هەیـە بـە نەتـەوە کلدو ئاشـوورییە، لـە بەغـدا یـان لـە موصل هـاتووە، مـەجبوورن کوڕەکـەیان یـان کچـەکەیان لـەم قوتابخانانـە بخـوێنن، بـۆ ئـەوەش ناچـار دەبـن بنووسـن کـە نەتەوەیان عەرەبە، یەعنی بە بـەلاش و حـەلاش، دەکـەن بـە عـەرەب، نـازانم وەزارەتـی تەربیـە بـۆ تەئکیـد دەکات لەسەر ئەم بابەتە؟ ئایا بەدیلی دیکە نییە بۆ ئەم مەرجە؟ خـاڵی دووەم/ لەسـەر خوێنـدنی سـریانی

یە، بەڕاستی دوو موشکیلەیان هەیە کە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە، موشکیلەی یەکەم/ مەناهجی دیراسی هەموو ساڵێك زۆر درەنگ دەگاتە دەستی قوتابیان، بە موعەدەلیش ئیعتیمادیان لەسەر مەلازمە، خاڵی دووەم/ موخەصەصاتی گواستنەوەی قوتابیان لە دهۆك هەموو ساڵێك کێشەیان هەیە لەسەری، لە کۆتاییدا پشتگیری قسەکانی برادەران دەکەم کە لەسەر دۆخی دهۆك قسەیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك أیوب عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز أیوب عبدالله إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر دواکەوتنی پرۆسەی خوێندن لە دهۆك، پێشنیار دەکەم بەڕێز وەزیری پەروەردە هەڵمەتێك داوا بکات لە کوردستان، هەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی بەشداری تێدا بکەن بە ئالەتی شۆفڵ و گەلابە و بە تیمی کارەبا، بۆ ئەوەی پەلە بکرێ لە دروست کردنی کەمپەکان، بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن چیدیکە دوا نەکەوێ، لەسەر دروست کردنی خوێندنگاکان ساڵانی رابردوو بینای مەکتەبەکان لەلایەن چەند وەزارەتێکەوە دروست دەکرا، هەندێك جاریش ڕەزامەندی دروست کردنی مەکتەب لەلایەن کەسایەتییەکانەوە وەردەگیرا، کە ئەوە ببوو بە هۆی ئەوەی کە مەکتەب لە زۆر شوێن دروست بکرێ کە پێویست نییە، لەو شوێنانەی کە پێویستیشە دروست نەکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم کە تەنها وەزارەتی پەروەردە بڕیار لە دروست کردنی مەکتەب و لە دیاری کردنی شوێنی مەکتەبەکان بدات، خاڵێکی تر/ بەڕێز وەزیری پەروەردە لە باسی بەڕێوەبەری مەکتەبەکان دا وای پێناسە کرد کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان قایدی پەروەردەیین، بەڵام بەڕێزیان باسی ئەو بنەمایانەیان نەکرد کە قایدی پەروەردەیی لەسەر دیاری دەکرێ، بۆیە پێویستە ئێمەی پەرلەمانتار ئەو بنەمایانە بزانین، چونکە زۆر جار سکاڵای مامۆستایان ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ڕەوایی و ناڕەوایی سکاڵاکانیان بزانین، بەدواداچوونیان بۆ بکەین، لەسەر قورسی کتێبەکانی قۆناغەکانی، یان بڵێین پۆلەکانی یەك و دووی بنەڕەتی کە باس کرا، من پێشنیار دەکەم تا چارەسەری بنەڕەتی بۆ دەدۆزرێتەوە، ڕۆژانە هەر چوار دەرس کە بیرکاری و کوردی و ئینگلیزی و زۆرجار زانست بەیەکەوە دەخوێندرێت، لە یەك ڕۆژدا کە هەر یەکێکیان دوو کتێبن و هەر ماددەیەکیشیان دەفتەرێکی هەیە، کە دەبێتە هۆی قورسی جانتاکان و کتێبەکانیان، پێشنیار دەکەم لە ڕۆژێك دا دوو دەرس لەو دەرسانە بخوێندرێت، ئەگەر کێشەی تەواوبوونی مەنهەجەکەش هەیە، ئەوە دوو بیرکاری بخوێنێ، یان دوو کوردی بخوێنێ ئەو ڕۆژە، ئەوجا دەرسەکانی تر ئاین و هونەر و وەرزش و ئەوانە تەواو بکرێ، خاڵێکی تر پشتگیری لە کاك ئاری هەرسین دەکەم لەسەر تەداخولی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران و ئەوانە، کە بەداخەوە ئێستاش لە زۆر لە خوێندنگاکان و بە تایبەتی لە زانکۆکانی کوردستان ژووری تایبەت بە خۆیان هەیە، کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەو دیاردە ناڕەوایە بهێندرێ لە کوردستان دا، لە کۆتاییدا باس لەوە دەکەم کە لە پۆلی دوانزە بە تایبەتی لە زمانی

عەرەبی لە بەشی ئەدەبی عەرەبی دا دونیایەك ئـەدەب و فـەن و ژیـانی شـاعیری عـەرەبی هەیـە، کـە دەبـێ خوێندکار هەمووی لەبەر بکات، تەنها بیست نمرەشی لەسەرە، تکایە پەلـە بکـرێ لـە چارەسـەر کردنـی ئـەو حاڵەتەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جمال مورتکە، فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتکە:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە زۆر قسە کرا، بەس بە قەناعەتی خـۆم هەنـدێك بابـەت هەیـە باسـی دەکـەم، سـەرەتا بـە رێـز و تەقدیرە بە خێرهاتنی بەرێز وەزیری پەروەردە و وەفدی یاوەری دەکەم، دیـارە هاتنیـان جێگـەی تەقـدیرە ئومێدەوارم کە وا هەموو وەزیرەکان بەردەوام بەم شێوەیە نـاوە نـاوە سـەردانمان بکـەن بـۆ ئـەوەی بتـوانین باشتر لە گرفتـەکان و کـەم و کۆریـەکان و پێویسـتیەکان بەیەکـەوە رێگـە چارەیان بـۆ بدۆزینـەوە، برایـانی بەرێز، هەڤالانی ئەندام پەرلەمان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بـەرێز وەزیـری پـەروەردە قوتابخانـە دەتـوانم بڵێم ماڵی ئەگەر یەکەم نەبێت دووەمی هەموو تـاکێکی کۆمەڵگایـە لـە سـەر رووی ئـەم زەمینـە، و تایبـەتی ئێمەش وەکو نەتەوەی کورد بە راستی لە دێر زەمانـەوە بـە هـۆی زەبـر و زەنـگ و دابـەش بـوون و زوڵـم و زورداری دەستەڵاتدارانی رابردوو نەتەوەی ئێمە لە رووی زانست و فێر کردن بـە راسـتی نـەوەکانی نوێمـان دواکەوتوون، بۆیە من زۆر بە گرنگی دەزانم بە نیسبەت پەروەردە چەندی بکرێ و زیاتر گرنگی پـێ بـدەی هەر چەندە ناتوانم بڵێم بیخەینە سەر خاڵی سفر کە هیچ نەکرایە، هەوڵ نەدرایە، مامۆستا بـەرێزەکانمان، وەزارەت، هەموو ئەو دڵسوزانەی پەروەردە کارێیان نەکردووە، بەڵام پێویستە باشتر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین نەوەیەکی بە بیر و باوەڕ و بـە هێـزی نەتـەوەیی و نیشـتمانیی بـۆ ئاینـدەی نەتەوەکەمان دروسـت بکـەین، ناوچەی ئێمە کەوتووتە مەوقعێکی جوگرافی عەلەساس کە ئەوە بە هەزاران یان دەتـوانن بڵـێن بـە سـەدان ساڵە دوژمنانی ئێمە هەوڵیان داوە زیاتر پەروەردەییان تەرکیز بکـرێ بـۆ ئـەوەی بـە هەڵسوکەوت یـان بـە خوو رەوشت و پەروەردە بکرێن بە مێژوویەکی رەشی زوڵم و زوری کەوا تاکی کۆمـەڵگای ئێمـە هەسـت بـە بوونی خۆی نەکاتن وەکو سەرکردەیەکی ئاینده بـۆ نەتەوەکـەی خـۆی دروسـت نـەبێتن، بۆیـە مـن تەقـدیر دەکەم بۆ ئـەوەی کـە مامۆسـتا بـەرێزەکانمان لـە رووی ژیـان، لـە رووی پێویسـتی فێـر کـردن و بـە تایبـەتی مامۆسـتایانی سـەرەتایی ئاسـتیان لـە ئاسـتی مامۆسـتای زانکـو نـزمتر نـەبێ، چـونکە سـەرکردەی ئاینـدە لـە قوتابخانـەوە دروسـت دەبـێتن، راسـتە لـە خێزانـدا پـەروەردە دەکرێـت، بـەڵام لـە قوتابخانـە زیـاتر چـاوی هەڵدەهێنرێ، بۆیە من داوا دەکەم سەرەتا پێویستە مامۆستایان ئاستی بژێوی ژیانیان بەرز بکرێ بۆ ئەوەی چاویان لە هیچ شتێك نەبێت، لایەکی تر گرنگە ئەوەی کە ئێمە لە سەر ئەساسێکی زانستی و بەرنامـە بـۆ دارێژراو وەکو بەرێز وەزیری پەروەردە گوتی ساڵانە کونگرە دەبەستن بـۆ ئـەوەی باشـتر دیراسـەی لـە سـەر

گیر و گرفت و هەنگاوەکان بکەین، ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین هەم لە رووی مەنهەجەوە کە هەڤاڵان باسیان کرد و هەم لە سەر ئاستی پەروەردەیی بۆ گیر و گرفتەکان بە تایبەتی قوتابخانەکان من بە تەقدیرەوە دەبینم پێویستە قوتابخانە زۆر بایەخی پێ بدرێ و بکرێتە ماڵی دووەم بە شێوازێك بێت کەوا قوتابی بە تایبەتی سەرەتایی هەست بەوە بکاتن کەوا شوێنێکی رێك و پێك و باشی هەیە تێیدا دابمەزرێت، مامۆستا دڵسوزەکانیشمان کە زیاتر گرنگی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان بدەن لە بەر ئەوەی وەکو پێشمەرگەیەکی ئازا بونیاتنەر و دروستکەری ئایندەی نەتەوەکەمانن، باسی تەدەخولاتی حیزبی کرا، من بە تەقدیرەوە دەڵێم ئەوا باگراوەندێکی لەمژێنە هەیە، پێش راپەرین و من ئەوانەی کە هەست پێ دەکەم لە قۆناغەکانی حەفتایەکانەوە زیاتر بە هاتنی دەستەڵاتی بەعس بە تایبەتیش لە پاش نەکسەی شورەشی ئەیلول، ئەو کاتەی من قوتابی بووم گۆرانێك لە سەر شێوازی هەڵسوکەوت و شێوازی سیستەمی پەروەردەیی کرا و زیاتر بە رێرەوی نەتەوەیی و نیشتمانیی و زیاتر بەرەو شێوازێکە بیرو باوەرێك کەوا لە روانگەی، سیاسەت و لە روانگەی زیاتر مەنهەجی بەعس دابدرێت، بۆیە من لێرە داوا دەکەم با هەموومان هەوڵ دەین، هەمومان باسمان کرد کە ئەو زاهیرەیە نەهێڵین دوور بخەنەوە با بریار بدەین لە دەستەڵاتی وەزیر کە مەوقعێکی سیاسییە و هەر خۆیەتی و لە هەموو لیستێك دا وەزیر دەست نیشان بکاتن، بەڵام با بێن لە خوار وەزارەتەوە بریار بدەین هیچ بەرێوەبەرێك، هیچ بەرپرسێك لە سەر ئەساسی حزبی دانەمەزرێت و لە سەر ئەساسی کەفائەت، توانایی، دڵسوزی پاکی و بتوانن بۆ ئەوەی ئایندەیەکی بە هێز و وشیار و دڵسۆز بۆ نەتەوەکەمان دروست بکەین، بابەتەکان گوتران نامەوێ تەئخیر کەم لە بەر ئەوەی زۆربەیان باس کراینە، بابەتی ناوچەی دهۆك کە زۆر گرنگە بابەتی دووەم بوو، بە راستی من نامەوێ زۆر تەفصیل بدەم لە بەر ئەوەی ئەو قسەی کە ئەمرۆ ئێمە نەتوانین چارەسەری پارێزگەیەك بکەین، برادەران هەندێك پێشنیاریان لە بابەت کردن، پێشنیارێك دەکەم هەرچەندە تەئخیرە ئێمە خەڵکانێکی زۆرمان هەیە سوودمەند بووینە لە کوردستان، ئەمە حەملەیەکی نیشتمانیی نەتەوەیی دەوێتن، پێشنیار دەکەم هەموو خاوەن سوودمەندەکانی کوردستان هەڵمەتێکی گەورە بکەن بۆ ئەوەی شوێن بۆ ئاوارە خوشەویستەکانمان کە لێیان قەوماوە، برای ئێمەن، دەربەدەر بوینە لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئەمرۆ خەڵەلێك هەیە هاتوونەتە ناو قوتابخانە بە تایبەتی لە سنووری پارێزگەی دهۆك کەوا هەن خەڵکی پارێزگەی دهۆك قوتابیانمان مەحروم بووینە و هەم ئەوانیش قوتابینە و لە شوێنی باب و باپیرانیان لە ژێر دەستی درەندەترین رێکخراوی سەردەم ئاوارە بووینە، بۆیە من داوا دەکەم کە من یان وەکو بڵێن ئۆردوگاکانیان شوێنی تایبەتیان بە پەلە بۆ دروست بکرێ و هاوکار بن کە بە راستی بە پێی ئەوەی تەقدیر دەکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر لە رووی ئیمکانیات پێ کرابایە قوتابیەکانمان بەو شێوەیە لە دیراسەتدا دوا بکەون داوا دەکەم لە بەرێز وەزیری پەروەردە و هەم لە سەرۆکایەتی هەرێم لە سەروکایەتی پەرلەمان کەوا بتوانین حەملەیەکی نیشتمانیی بکەین لە هەموو ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە هاوکاری بکەن لەو بابەتەی، بابەتی تر قوتابخانە ئەهلییەکان کە زۆر باس کرا منیش دەمەوێ باسێکی بکەم، بە

راستی قوتابخانەی ئەهلی شتێكی سەردەمیانەیە و لە سەر هەموو ئاستی دونیادا هەیە، بەڵام لە رووی گرنگی و زیاتر ئیهتیمام دان بە مەنهەجی دیراسی كە دەتوانم بڵێم فەرقی زۆرە و نەتیجەكەشی ئەوەیە كە زۆربەی قوتابیەكانمان لە نەتیجەی ئیمتیحانی بە تایبەتی لە پۆلی ١٢ دەردەچیتن، بۆیە من داوا دەكەم كە بەرێز وەزیری پەروەردە و هەموو هەڤاڵانی كە لە بەشەكانی موختەس، زیاتر دیراسەت و زەغت بكەن بۆ ئەوەی ئەو بابەتە گرنگی پێ بدرێت و ئەم ئاستەش بەرز بكرێتەوە و لە لایەكی تریش نەتیجەی قوتابیانی پۆلی ٩ و پۆلی ١٢، هەڤاڵان باسیان كرد من داوا دەكەم شەرت نییە هەمووی ئەوانەی قۆناغی سێیەم ئەوەی لە دەرسێك مایتەوە ئەگەر مەجالێكی تێدا هەبێت چارەسەری بكات زۆر شتێكی چاكە، بابەتەكان تەقریبەن زۆر بوون، جیا كردنەوەی مامۆستایانی كە وانە دەڵێنەوە بە راستی ئەوەش زاهیرەیەكە دروست بووە، حەقی خۆیەتی كە مامۆستا وانە دەڵێتەوە، بەڵام بە رای من جیا بكرێنەوە لە قوتابخانەكان كەوا لە بەر ئەوەی تەئسیرات لە سەر نەفسیەتی قوتابی و شێوازەكانی دەبێتن، نازانم دەگونجێ یان نە ئەگەر بكرێ چۆن ئێمە زانكۆی پزیشكیمان هەیە زانكۆی پەروەردەیش بكرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین باشتر مەنهەجی پەروەردەیی، ئایندەیی و نەتەوەیی دیاری دەكاتن، ئەوە زۆر گرنگە، بە رێز و تەقدیرەوە ئامادە بوونی سوپاسی خۆیان دەكەم و شاندێ یاوەریان دەكەم لە گەڵ و ئێوەی خۆشەویست و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە خێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدە یاوەرەكەی ئەكەم ئێمە ٢٢ساڵمان لە بوونی وەزارەتی پەروەردە و حكومەتی هەرێمی كوردستان تێپەڕاند، بەو میكانیزم بە ٢٢ ساڵی تر ئێمە ناتوانین بڵێین سیستەمی پەروەردە و ئەم وەزارەتە بتوانێ ببێتە بنەمایەك و گۆرانكارییەكی جەوهەری لە كومەڵگای ئێمەدا بەرپا بكات، دەلیلەن بۆ ئەم قسەیەم مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەندێك لە وەڵاتان كە تەواو ژێرخان و سەرخانیان دائەروخێ وەكو وڵاتێكی وەك ئەڵمانیا لە دوای حەربی عالەمی دووەم لە ساڵی ٤٨ ەوە بۆ ٩٠، تەماشای بكەین ئەبێتە یەكێك لە وەڵاتە گەورەكان لە سەر ئاستی پێشە سازی، ئابووری و زۆر بواری تر بەر لە دوو ساڵ لە گەڵ وەزیری پێشووی پەروەردە سەردانی پەرلەمانی ئەڵمانیا و وەزارەتی خارجی ئەڵمانیامان كرد پرسیارمان لەوە بوو چۆن ئەڵمانیا لەو فەترەیە بۆ ئەم قۆناغە گەیشتە ئەم ئاستە؟ وتی پەروەردە بۆ بنەمای گەشە كردنی ئێمە و پەروەردەی مەدەنی باشترین یارمەتیدەرمان بۆ ئەڵمانیا لە دوای ئەو هەموو برین و جینۆساید و كاولكارییە بگاتە ئەو ئەڵمانیایە ئێستا لە ئاستی ململانێ هەرە وڵاتە پێشكەتووەكانی دونیایە، بۆیە بۆ ئێمە گرنگە لێرەوە لە گەڵ ئەم تیمە بەرێزە كە ئێستا میوانن لە پەرلەمانی كوردستان كار بكەین ٢٢ ساڵی تر كە ئاوڕمان دایە بڵێین بەڵێ ئێمە دەتوانین

پەروەردە بکەینە بنەما و هەرێمەکەمان هەلاتی ئەوەی تێدایە بە راستی گەشە کردن بە خۆیەوە بینی، ئەوەی لە سەر ئێمەیە لە پەرلەمانی کوردستان ئەو گرفتانەی وەزیری پەروەردە پێشکەشی کردن ببێتە هەگبەی کار کردنمان لە ناو بودجەی گشتی هەرێمی کوردستاندا سێکتەری پەروەردە ئیهتیمامێکی زۆر زیاتری پێ بدرێ و من رام وایە لە کوردستانەوە پەرلەمانی کوردستان لە دەورە تەشریعیەکەی خۆی تەقسیری نەکردووە واتە ئێستا کە پەروەردە لە کوردستاندا و وەزارەتی پەروەردە فراغی یاسایی نییە، چونکە یاساکان دەرکراون و گرفت لە جێ بە جێ کردنی یاساکان هەیە، دەبوو خودی وەزیری پەروەردە ئەو گرفتانە لە ناو راپۆرتەکەی دا باشتر روون بکاتەوە و پێداویستییەکانی ئەوەی ئەکەوێتە سەر پەرلەمانی کوردستان وردتر بخستایەتە روو کە من سەر لە بەر دەست خۆشی لە راپۆرتەکەی ئەکەم، کار کردن بە پەیرەوی ژمارەی ٣ ساڵی ٢٠١٣ کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە تایبەت بە دەستەی چاودێری بەهرەداران لەوەدا مەبەست لێی دیاری کردنی بەرێوەبەرەکانە بە پێی میکانیزمێك کە پەرلەمانتاران گلەییان کرد هیوادارین وەزارەتی پەروەردە کار بەو پەیڕەوە بکات بۆ ئەوەی ئەو گرفتەی نەمێنێت، بە پێی یاسای ژمارەی ٧ ساڵی ٢٠١١ یاسای ئەنجومەنی گشتی راژە لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە دامەزراندن، ئەو پێوەرانەی تایبەتن، پەیوەستن بە دامەزراندن و دامەزرادنەوە واتە گەڕانەوە، وەزارەتی پەروەردە کاری لە سەر بکات و ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان هاوکاریان ئەبین بە جۆرێك کە ئەنجومەنە خۆجێییەکان و کارگێڕیەکان و ناوچە و دەڤەرەکان لە سەر بنەمایەك هاوکار بین، کە لە گەڵ بە دی هێنانی هاوسەنگی نێوان پارێزگاکاندا ناکۆك نەبێ بە پێی هەمان یاسا بەخشینی نازناوی زانستی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە وەزارەتی پەروەردە وەك دامەزراوەیەك لە دەرەوەی دامەزاندنی خوێندنی باڵا کە خزمەت ئەکەن، و لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی زۆر پێ کرا بەو گرفتانە و ئەو کێشانە و چەندین گرفتی لەو بابەتە هاتۆتە لای ئێمە، خودی جەنابی وەزیر، خودی ستافی ئەنجومەنی وەزارەت زۆر گرنگە داکۆکی لەوە بکەن ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران هەڵ نەدەن بچنە دامەزراوەیەکی تر، ئەوەی پەیوەندی بە دابین کردنی ئیمتیازەتەکانیان لەوە هەیە بۆ هاوشێوەکانیان لە وەزارەتەکانی تر بە تایبەت وەزارەتی خویندنی باڵا، ئەرکی خودی جەنابی وەزیرە کە پسپوری هەیە لە گەڵ ئەوانی تر لە رووی بڕوانامەوە ئەم مەسەلە بە هەند وەربگرێ بۆ ئەوەی لە ئایندەی نیزیك دا لە سەر ئەو پلانەی کە ئێمە باسی ٢٢ ساڵی داهاتوو بکەین یان ١٠ ساڵی داهاتوو بکەین ببینین لێشاوی بڕوانامە باڵاکان روو لە وەرزارەتەکانی پەروەردە و سێکتەرەکانی پەروەردە بێت نەك لە وێ هەڵبێن، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان لە ناو سیستەمی پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندندا مەسەلەیەکی زۆر جەوهەری هەیە، کاتی ئەوی هاتووە بە وردی ئاماژەی پێ بکرێ و دەرفەتیشە بخرێتە بەر دەست وەزارەت، حورمەت گرتنی ئاینەکان لە ناو سیستەمی پەروەردە وەك بەشێك لە بەدی هێنانی دادپەروەری لە بیر و باوەری جیاوازەکاندا، ئاینی پیرۆزی ئیسلام، فکری سایدی ئەم موجتەمعەیە بە تەقدیرەوە شوێنی شایستەی خۆی لە سیستەمی پەروەردە کراوەتەوە، بەڵام ئاین و ئاینزا و بیر و باوەڕەکانی تریش حەقە

شوێنی شایستەی خۆیان بدرێتێ، بینا کردنی مرۆڤی کوردستانی و گونجاندنی لە گەڵ پەروەردەی مەدەنی و تەنمینەی بەشەری و مرۆیی ئەمە یەکێکە لە توپی ئەو پرسانەی کە هەمیشە یەکێکە لە شوێن ئیعجابی ڕێکخراوەکانی نێو دەوڵەتی تایبەت بە پەروەردە و تەنمیە، کە سەیری سیستەمەکان و سەیری پرۆگرامەکان و فەلسەفەی خویندنی ئێمە ئەکەن ئەگەر ئەم بنەمایانە شۆڕ ببێتەوە ئەوا ئایندەی ئێمە بە نەزەری ئیعتبارتر وەرئەگرن، خاڵی جەوهەری ئەیبەستمەوە بە پرسی دامەزراندنەوە، هاندانی کاری هەرە وەزیر لە ناو دامەزراوەکانی وەزارەت بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی لە سەر کۆی کۆمەڵ دا هەبێ، ڕەنگدانەوە بە سەر سیاسەتەوە هەبێت لە کوردستاندا، پێکەوە کار کردن و بە مەبادئی یەك ڕیزی، کاری هەرە وەزیر و ئەم خاڵە لە ناویشەوە مەسەلەی کاری خۆبەخشی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەبینین بۆ نموونە لە بەر بەرەکانی شەر کۆمەڵێك خەڵك بۆ پشتیوانی بە خۆبەخشی ڕۆیشتوون خاوەنی بڕوانامەن و دەرچووی زانکۆ پەیمانگاکانن و لە ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چەندین گروپی کاری خۆبەخشی دروست بووە بۆ هاوکاری کردنی ئاوارەکان و کۆ کردنەوی کومەك ... ئەمانە ببنە یەكێك لە پێوەرەکان بۆ دامەزراندن لە ئایندەدا، لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەت، هەندێك کێشەی پۆلیس و پێشمەرگە هەیە لە بەرەکانی جەنگەوە کە خوێندکارن، هیوادارین وەزیری بەڕێزی پەروەردە ئەم مەسەلە بە هەند وەربگرێت، ئەم گرفتانە ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و پەرلەمانتارانیش کراوە، بەرنامەی جدیتان با هەبێ بۆ گێڕانەوەی بیناکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی لای حزب بوو باسکرا، هەندێ بیناتان هەیە لای دامودەزگاکانی تری دەوڵەتە، بۆ نموونە لە قەزای کەلار سێ بینای وەزارەتی پەروەردە لەلای وەزارەتی خوێندنی بالأیە، ئەگەر ئەو بینایانە بگێڕدرێتەوە، بە دڵنیاییەو پێتان دەڵێین بۆ نموونە لە قەزایەکی گەورەی وەکو کەلار خوێندنی سێ دەوامی نامێنێ، هەروەها ئەو قەزایە پێویستی بەوەیە پەروەردەکەی بکرێتە دوو بەشەوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، پشتگیری هەموو ئەو بۆچوونانە دەکەین کە لە خیلالی وەزارەتەکەی جەنابی وەزیرەوە سەبارەت بە پارێزگای دهۆك ئاماژەی پێکرا، من دەمەوێ لێرە قسەیەك بکەم سەبارەت بە پارێزگای دهۆك، لە خولی پێشوودا چەندجارێك وەفدی پەرلەمان ڕۆیشتینە ئەوێ خەڵکی جیاجیامان دەبینی، لە ڕووی ئاوەڕدانەوەی حکومەت بۆ پێویستییە گشتییەکانی پارێزگای دهۆك و قەزای زاخۆ ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە سلێمانی وەکو پایتەخت تەماشا دەکرێت، هەولێر وەك پایتەخت تەماشا دەکرێ، بەڵام دهۆك وەکو شارێك یان وەکو پارێزگا تەماشا دەکرێ، واتە خۆیان بە دەرەجە سێ ئەبیننەوە، هیوادارین لە خیلالی ئەم میحنەتەی ڕووی کردووەتە ئەم دەڤەرە بتواندرێت لە هەموو ئاستەکاندا تەعویزی جدی ئەو پارێزگا جوانە بکرێتەوە، مۆڵەتی بێ مووچە بدرێت بە فەرمانبەران و مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، لەکاتێکدا لە هەندێ شوێن و ئاستدا زیادەی ئەو خزمەتە هەیە، نزیکەی ٣٠٠ خوێندکاری قۆناغی (١٢)ی دەرەکی لە قەزای پشتدەرو بێتوێن داوا دەکەن ئیمتیحانەکانیان لە شوێنی خۆیان لە ڕانیە ئەنجام بدرێ، چونکە لە ساڵانی ڕابردوو لەوێ کردوویانە، ئێستا بارگرانی بۆ دروست کردوون، کۆمەڵێك گرفتی وردتر هەیە، هیوادارین هەموو ئەوانە ببێتە تێشووی کاری جدی

وەزارەتی پەروەردە، وەزیری پەروەردە دڵنیاین دەتوانێ سەرکەوتوو بێ، ئەگەر بەمجۆرە تا دوا قۆناغەکانی کارکردنی وەزارەتی پەروەردە دەستی لەگەڵ پەرلەمانتاران هەبێ، ئەمە ڕاستە وەك دەست پێشخەری بکەوێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەم هەموو خاڵانە خراوەتە بەردەستی، بەرپرسیاریەتی گەورەتری دەخاتە ئەستۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکەوت.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر و وەفدی یاوەری دەکەین، پرۆگرامەکانی خوێندن و چاپ کردنیان خەرجیەکی زۆری بردووە لە رابردوودا، گلەییەکی زۆر بووە لەسەر بەفیڕۆدانی پارە، بەهۆی کەم و کوڕی زمانەوانی، ناتەواوی زیادو کەم، ئایا توانراوە لە رابردوودا ئەمە کە هەبووە لە داهاتوودا چارەسەر بکرێ؟، دیارە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە هەیە بە دەمج کردنی قوتابخانەکان لە گوندەکان، ئەو ڕێژەی خوێندکاران دەبێت قوتابیان لە (١٥) قوتابی کەمتر نەبێ، ئەو ڕێژەیە زۆرە بۆ قوتابیان، بەشێکی زۆری بۆتە هۆی ئەوەی گوندەکان چۆڵ بن هاتوونەتە خوارێ یان ئەو قوتابیانەش کە هاتوون تا ئێستا کرێی هاتوچۆکانیان بۆ سەرف نەکراوە، داواکارم لە وەزارەت چاو خشانەوەیەك بە ڕێژەی قوتابیاندا بکات، لەبەرئەوەی بەشێکی قوتابیان کە دێنە خوارەوە گوندەکان چۆڵ دەبن، کولفەیەکی زۆریش دراوە بە خوێندنگاو قوتابخانەی کە لە سنوورەکاندا هەیە ئێستا بە چۆڵی ماوەتەوە، دیارە کێشەی ئاوارەکان لە راپۆرتەکەدا باسکرا، هەرچەندە کە باسکراوە وابزانم بڕێك پارە لەلایەن حکومەتی ناوەندی و حکومەتی عیراقی هاتووە بۆ پارێزگاکان، داوادەکەم وەزارەتی پەروەردە بودجەیەکی باش تەخمین بکات بۆ وەزارەتەکەی، بۆ مەبەستی ئیش و کارەکانی خوێندنکاران و قوتابیان، پێداویستییەکانی قوتابیان لە سنوورەکانی خۆیان، لە هەموو قەزاو ناحیەکاندا ڕێژەیەکی بەرچاو هەیە ئاوارەن لە سنوورەکاندا، لە بواری مامۆستایاندا دیارە گواستنەوەی مامۆستایان هەرچەند باسکرا، بەڕێزان باسیان کرد پێویست دەکات چاوخشاندنەوەیەك بکرێ، بۆئەوەی زۆربەی زۆری مامۆستایان بەشێکی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان زیاد لە ٨ ساڵ دەبێ لەو سنوورانە بوون، پێویست دەکات چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت، بەڕێوەبەری پەروەردەکانی قەزاو ناحیەکان بەشێکی زۆری داوا دەکەن ئەو لامەرکەزیە بدرێت بە بەڕێوەبەری پەروەردە، دەست کراوە بن زیاتر نەك بگەڕێنەوە بۆ رۆتینات، بۆ مەرجە گشتیەکان، داوادەکەین لە وەزارەت کار ئاسانی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیان، لەسەر موشریفەکانیش داوایەکی زۆری بەشێکی پەروەردەکان وەکو پێویست دەڵێت بە کارەکانی خۆیان هەڵناستن، داواکارین لە بەڕێز وەزیر لیژنەیەك لەلایەن وەزارەت هەبێ بۆ چاودێری کردن و بەدواداچوونی موشریفەکان، لیژنەیەکیان بۆ دابنێ، گرینگی بدرێت بە خوولی ڕاهێنان بۆ هۆشیارکردنەوەی ئاستی مامۆستایان و

بەڕێوەبەرەكانی و یاریدەدەرەكان لە سنوورەكانی خۆیان، بەڕێزان دیارە شێوازی بەكرێدانی فرۆشگاكان خراپە، زۆرجار نرخی بە كردار گەیشتووەتە زیاد لە (٣٠) ملیۆن دینار، كە ئەمەش پارەكەی خوێندنكاران دەیدات، چونكە نرخی خوێندن و شتومەكەكانی زۆر زیاد كردووەو بە بیانووی كرێی زۆر، ئەمە جگە لەوەی كوالێتی خواردنەكان خراپە، بۆیە گرینگە وەزارەت میكانیزمێكی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ بە كرێدانی فرۆشگاكان، چونكە پەیوەندی بە تەندروستی ئابووری خوێندكارانەوە هەیە، دیارە بەڕێزان بەگشتی باسیان كرد من پشتیوانی لە ڕای زۆریان دەكەم بەتایبەت كاك گۆران و مامۆستا عبدالرحمن و ناظم كبیر و ، زۆر سوپاسیان دەكەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا یەك بەڕێز ماوە، بەڕێز حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان چەند خاڵێكی زۆر سەریع و گرینگ، یەكەم: داوادەكەم ئەو بابەتانەی كە بەڕێز وەزیر ئاماژەی پێداوە لە شاشە بینیمان، ئەگەر بكرێت یەكی نوسخەیەكمان لەلا بووایە وەكو ئەندام پەرلەمان لەبەردەستمان بووایە، بۆئەوەی لە نزیكەوە موتابەعەی جێبەجێ كردنی ئەو پلان و ئەو هەگاوانە بكەین كە لەو پلانەیە كە نمایشی كرد بوو لەلامان بێ، پێش ئەوەی بڕۆن، دووەم: داوادەكەم لە بەڕێز وەزیر یان هەر كەسێك كە پەیوەندە بەو بابەتەوە سەردانی ئەو قوتابخانە بكەن، كە لە دەرەوەی دەشتی هەولێری پێ دەوترێت، هیچ قوتابخانەیەك لە (٨٠٪)ی فەراشێكی تێدا نییە بۆ پاككردنەوەی قوتابخانەكان، تەحەدا دەكەم هەریەك لە ئێمە بڕۆینە ناو قوتابخانەیەك و بێینە دەرەوە وەك ئەوە وایە چووبیتە ناو صناعە، سەیارەمان پاك كردبێ بزانە چیمان لێ دێت، من بەش بە حاڵی خۆم منالی خۆم دەركردووە لە قوتابخانە، لەبەرئەوە تووشی ڕەبۆ بووە ، وتوومە بە مەكتەبەكە، بە مودیر دەڵێم بۆ فەراشتان نییە، دەڵێت لەگەڵ مودیری پەروەردەی دەشتی هەولێر قسە بكە، لەگەڵ پەروەردەی دەشتی هەولێر قسەم كردووە دەڵێت (٢)ساڵیش دەبێ یەك نەفەرمان بۆ تەعین نەكراوە، لە حاڵەتێك ئەگەر تەعینیش بكرێت، فەراشێكی داماوی ئیختیاری بە تەمەن یەك مەكتەب چۆن پاك بكاتەوە، داوادەكەم لە بەڕێز وەزیر خۆی سەردانی مەكتەبێك بكات، ئەو مەكتەبەی كە بەڕێز كاك نێچیرڤان سەرۆك وەزیران كە خۆی ئیفتتاحی ئەو مەكتەبەی كرد، كە مەكتەبێكی نموونەیی بوو هەركەسێك بچێت سەردانی بكات، بۆ نموونە ئەیڵێم بچێت بزانی ئەو مەكتەبە لە چ ئاستێكدایە، لەبەر تۆزو خۆڵ و زبڵ ناتوانیت بچێتە ژوورەوە، بابەتێكی تر كە من وەكو پرسیار دەیڵێم چ ئالیەتێك پێشنیاردەكات جەنابی وەزیر بەوەی دەست تێوەردانی حزبی نەمێنێت؟ هەموو گلەیی لەوە دەكرێت، بەڵام هیچ ئالیەتێك هەتا ئەم ساتەوە پێشنیار نەكراوە بۆ نەهێشتنی بە حزبی كردنی مودیری قوتابخانەكان، پرسیارێكی تر دەربارەی ئەوەی ئێمە هەموومان دەزانین هەتا پێنجی ئیبتدائی یان پێنجی سەرەتایی پەروەردە نییە بەو مەعنایە، یەعنی لە پێنجی سەرەتایی بۆ خوارەوە هەیە، بەڵام لە

سەرەوە لە شەشی ئیبتدائیەوە شتێك نییە ناوی پەروەردە بێ، هەمووی تەعلیمە، چۆن تەعلیم عالی هەیە، بە ڕەئی من ناوی وەزارەتەکە بگۆڕێت بەوەی کە تەعلیمی بنەڕەتی بێ باشترە لەوەی کە پەروەردە بێ، چونکە هیچ پەروەرە نەماوە، بە دەلیلی ئەوەی یەك پەروەردەی ئاینی ئیشارەت پێ نادرێت، زەعیفترین وانە خەڵکیش دینی زەعیف دەبێ، مەسئول دینی زەعیف دەبێ، مودیر دینی زەعیف دەبێ، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتەوە دین نەما لە مەکتەبەکە بە هەموو دینەکانەوە، هیچ ئاماژەی پێ نادرێت، من تەمانا دەکەم دەستێك نەبێ و، ئەگەر بمانەوێ چارەسەر بکرێ دەبێ دەرسی دین بگەڕێتەوە بەلایەنی کەم ببێتە دەرسێکی ئەساسی، گرینگی پێ بدرێت، من لەگەڵ وەزیری پێشووتر داوام کرد وتم بۆچی خەریجی شەریعە نابنە مامۆستا، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرایەتیە پەروەردەکان ئەوان داوای ناکەن، یەعنی هیچ بەڕێوەبەرایەتییەك داوای مامۆستای ئاینی ناکات، بۆیە هەرچی خەریجی شەریعەیە ماوەتەوە، خاڵێکی تر دەرسی حیسە، ئەو مامۆستایانەی حیسە دەڵێنەو یەك دەرسێك، یەك سەعاتێك (٤٠) دەقیقە، (٤٥) دەقیقە زیاتر ئەو مامۆستایە لە سەفێك دەمێنێتەوە دەرس ئەڵێتەوە، ئێستا بووەتە (٤) هەزار دینار، بەڕاستی ٤ هەزار دینار بۆ مامۆستایەك ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ فەحسی یەك دکتۆر، فەحسی دکتۆرێك (٥) دەقە ناخایەنێت ٢٥ هەزار دینار وەردەگرێت، مامۆستایەك (٤٠)، (٤٥) دەقە دەرس دەڵێتەوە (٤) هەزار دینار وەردەگرێت، یەعنی ئەوە تەئسیری زۆر کردووە ئەگەر بمانەوێ مامۆستا تەشجیع بێ، هیوادارم جەنابی وەزیر خەمی لێ بخواو زیاد بکرێت، مەعاشی مامۆستا تا ئێستا کە بەڕاستی لەو ئاستەدا نییە، کاك سالار ئیشارەتی بە شتێکی زۆر جوان دا هەموو وڵاتان ئەگەر پێشەکەوتوو بێتن بەهۆی پەروەردەوە پێشکەوتووە، پەروەردەش پێش ناکەوێت تا مستەوای مەعیشی مامۆستا باش نەبێ، پۆلی شەش کە ئێستاکە لەم ساڵەوە دەبێتە سیستەمی هەڵبژاردن، سیستەمی هەڵبژاردن من چوومە ناو هەندێ تەلەبە دەستیان کرد بە پێکەنین و چەڵە ڕێزان، وتم چییە دڵتان خۆشە وتیان بوو بە سیستەمی هەڵبژاردن، بۆ؟ لەبەرئەوەی لەناو پۆلی ئیمتحان تەلەبەی زیرەك و تەمەڵ وەکو یەکی لێ دێت، چونکە زۆر بە ئاسانی قۆپیە دەکرێ، من نازانم چ ئالیەتێك هەیە بۆ حەلکردنی ئەو بابەتە، چونکە بەڕاستی تەلەبەی زۆر سابتە و ئەو سیستەمەی پێ خۆش نییە، لەبەر ئەو بارودۆخە عەسکەری و سیاسییە من داوا دەکەم لە جەنابی وەزیر عبور بۆ دەرسی یەك و دوو دابنێ، ئەوانەی کە ماونەتەوە، من خۆم باوەڕ بکەن ئەم بەیانیە لەگەڵ کچێکی داماوی باوکی شەهیدی پێشمەرگە بووە، لە دەوری زومار شەهید بووە، خاڵێکی شەهید بووە، حاڵەتێکی نەفسی و ماندووی سیاسی دروست بووە لەم کوردستانە زۆر تەئسیری لە تەلەبە کردووە، هیوادارم بتوانن ئەو تەلەبانەی کە لە دەرس ماوەتەوە ئەمساڵ یان بە عبور یان بە ئیمتحانێکی تریان پێ بداتەوە، چونکە کاتی خۆی پار بوو یان پێرار بوو یەغدا ئەوەی کرد بۆ ئەو تەلەبانە ئیمتحانی سێیەمیان دایەوە، ئەوە شتێکی باش بوو، خاڵێکی تر دەرسی تایبەت ئەو مامۆستایەی کە دەرسی تایبەت دەڵێتەوە، بەو تەلەبانە دەڵێن کە من مامۆستام دەرس بە تەلەبەیەك دەڵێم، ئەوە زۆر گرینگە لای تەلەبەکە بووەتە هۆی ئەوەی ١٠٠٪ دێنێتەوە ئەوە حاڵەتێك، چونکە ئەو مامۆستایانەی کە پرسیار دادەنێن هەر ئەوانەن دەرسی تایبەت

دەڵێنەوە بەو تەڵەبە ئەڵێن ئەوە بخوێنە، هەروەکو یەعنی شتێکی دیاریکراو بە تەلەبە دەوترێت، هیوادارم جەنابی وەزیر حەلێك لەوە بکات کە جگە لەوەی تەنها ئەمساڵ بە عەمەلی بڵێم زیاترە (١٠، ١٥) تەڵەبە تەلەفۆنیان بۆ من کردووە، مامۆستا ئەو پرسیارانە دەکڕین حەرامە یان حەلاڵە لەڕووی شەرعەوە؟ پرسیار ئەفرۆشرێت سەرەسالان، ئەوە تائێستا چارەسەر نەکراوە بەڕاستی ئەمە بەهۆی گرفتێکە هیوادارم خەمی لێ بخورێت، کۆتا قسەم ئەوەیە هەندێ قوتابخانەی ئەهلی هەن لەگەڵ ڕێزم من قەسدم ئاینی مەسیحی نییە، قەسدم لایەنەکەی ترە کە پێی دەوترێت تەبشیری، هەندێ لایەن هەیە دەرسی تەبشیری لە مەکتەبەکان دەڵێنەوە، هیوادارم بەدواداچوونی بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە گفتوگۆکان کۆتایی هات لەلایەن پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، دووبارە سوپاس بۆ هەموو ئەو تێبینیانە، پرسیار و سەرنج و بیروڕاتان، ئێستا دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری پەروەردە، بۆئەوەی وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانەو ڕاو تێبینیەکانی ئێوە بداتەوە، هەڵبەت دەکرێتن هەندێك لەو پرسیارانە دواتر بە نووسین بۆئەو بنێرین لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا، فەرموو.

**بەڕێز د. پشتیوان محمد صادق/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر پێ خۆشحاڵ بووم کە ئەو هەموو پرسیار و پێشنیار و سەرنج و تنێبینیانە ئاراستەی ئێمە کرا، تەبیعی پرسیارەکان گەلەك زۆرن، یەعنی لەوانەیە خۆی لە (٤٠٠) پرسیار زیاتر بدات، (٤٠٠) پێشنیار، بۆیە وەکو بەڕێز کاك جعفر باسی کرد بەڵێنتان پێ دەدەین، کە لەماوەیەکی زۆر کورت هەموو سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکانتان وەڵام دەدەینەوە، هەرچەندە ئەگەر لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی پەروەردە وردبینەوە، لە (١٤) خاڵدا تەواوی کێشەکانی وەزارەتی پەروەردەمان بە سەراحەت باس کرد بوو، پێشنیارمان کرد لە بۆ جێبەجێ کردنیان، بەڕێزان باسیان کرد ئایا کات دانەنراوە، بۆ کات دانەنراوە بە چ ئالیەتێك؟ بێگومان مەبەستمان لەو چوار ساڵەی یان لەو سێ ساڵەی تەمەنی خۆمان بوو لەو وەزارەتە، لە خیلالی (٣) ساڵ پێشی کۆتای ئەو (٣) ساڵە، یەعنی چوارەم ساڵی کابینەکە دێینەوە خزمەتتان دەڵێین ئەو بەرنامەی کە باسمان کرد بوو، لە هەر تەوەرەیەك  ئەوەندە لە (١٠٠)ی جێبەجێ کراوە، ئەوەندە هەنگاوەمان هاویشتووە، چونکە هەندێك لەو تەوەرانە لەوانەیە پێویستی بە (١٠) ساڵ بێ، جگە لەوەی لە کات پێویستی بە ئیمکانیەتی دارایی هەیە، پێویستی بە پەرلەمان هەیە، پێویستی بە ڕاگەیاندن هەیە، پێویستی بە وەزارەتەکانی تر هەیە، بەنیسبەت دهۆك لە یەکەمەوە دەست پێ دەکەم، خۆزگە (امنە) خانیش لێرە با، چونکە وابزانم ئەو یەکەم کەس بوو ئەوەی سەر دهۆکی باس کرد، من بەخۆم شەخسی و، هەموو وەزارەتی پەروەردەش خۆمان بە خەمخۆر و دڵسۆزی دهۆك دەزانین، واجبی قانونیمانە، واجبی ئەخلاقیمانە، کە خەمی هەموو بەشێکی کوردستانمان بێ، ئەو وەزعەی بەسەر دهۆك دا هاتیە بەڕاستی زۆر ئازارمان دەدات، کە ئاوارەکانی شنگال هاتن بەڕاستی  ئەوەل جار مەنعمان کرد بێنە ناو قوتابخانەکان، بەلام دوایە لە

دەستمان دەرچوو هاتن، پرسیارەکە ئەوە بووە، روحی ئەوان یان مەدرەسەکان؟، کە هاتیشن لە ئەوەل رۆژەوە ئێمە هەوڵی جدی خۆماندا، بۆئەوەی قوتابخانەکانمان چۆڵ بکرێت، بەلاَم هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەزانن دابینکردنی شوێن بۆ ئاوارەکان ئیشی وەزارەتی پەروەردە نییە، ئێمە بانگەوازمان کرد بۆ هەموو دونیا، لە مانگی هەشتەوە کە ئەگەر تا مانگی نۆ ئەو بابەتە چارەسەر نەکرێ زۆر ئاسەواری سلبی دەبێ، بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەڕێز سەرۆکی حکومەت، برادەرانی تر زۆر هەوڵیان دا، بەلاَم ئەم کارەساتە لە ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی زۆر بە دوور بوو، ئەوەی کە برادەران تەوجیهی ئێمەیان کرد دەڵێم بۆ لە شارەکانی تری کوردستان خوێندن ڕانەوەستا؟، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەموو کوردستانمان تووشی ئەوە کردبا کە منداڵ نەخوێنێ، ئایا ئەگەر بڕیارمان دابا مانگێك خوێندن دوا بکەوێت لە کوردستان، چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، ئەگەر وەزعی دهۆك بە دوو مانگ بمان زانیبا چارەسەر دەکرێ، بێگومان دوو مانگ خوێندنمان لە هەموو کوردستان تەئخیر دەکرد، هەرچەندە سلبیاتی زۆر زۆر زیاتر دەبوو، ئێمە ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار قوتابیمان هەیە، (٢٤٠) هەزار دابڕاوە، کەواتە یەعنی ئەگەر تەماشای (٧) هەزار قوتابخانەمان هەیە، نزیکەی (٤٠٠) قوتابخانە ئاوارەی تێدایە، ئێمە لە سنووری دهۆك زیاتر لە (٨، ٩) قەزامان هەیە، تەقریبەن (٣، ٤) قەزا ئەو موشکیلەی هەیە، بۆیە بەردەوامی خوێندن زۆر ئیستفادەی  زیاترە لەوەی کە هەدەفی تیرۆریستانیش ئەوە بوو کە کوردستان تاریك بکەن، بەداخستنی دەوامی قوتابخانەکان لە کوردستان تەحقیقی هەدەفی تیرۆریستانمان دەکرد، کە چرای زانست بکوژێتەوە، کە ئەوەش وابزانم ئەو منداڵانەی دهۆکیش قبوڵی ناکەن کە ئێستا لە خوێندن دابڕاون، پلانی ئێمە چییە کە کەمپەکان دروست دەکرێت یەکسەر دەست بە نۆژەنکردنەوە دەکەین و پرۆسەی خوێندن دەست پێ دەکات، بەنیسبەت ئیمتحانات لیژنەی ئیمتحانات دەچێتە دهۆك چ پێویست بێ بۆ خزمەتی منداڵانی دهۆك ئێمە بڕیاری لێ دەدەین و تەرەدودی لێ ناکەین، ئەگەر تا مانگی یەك نەتوانرا وەرزی یەکەم تەواو بکرێ، وەرزی دووەمیان بۆ بە دوو کۆرس حیساب دەکەین، چەند نیزامێکی تر هەیە وەکو تەحمیل یان تەلەبە لەگەڵە خۆی بیباتە ساڵی دواتر، یەعنی مەجموعەك ڕێ و شوێن هەیە تا مانگی یەك، بەلاَم دڵنیام کە لە بیدایەتی مانگی (١٢) خوێندن دەست پێ دەکات،  باسی تەقویم کرا، چۆن تەقویم دادەنرێ، بەلاَم وەزعیش ئەوهایە لە (٣، ٤) قەزای دهۆك، تۆ کە قاعیدە عامە ئیشی خۆت دەکەی، تەختیتی خۆت دادەنێی، پلانی خۆت دادەنێی لە بۆ هەموو هەرێم، ئیستسنائەن ئەو شوێنەی مەشاکیلی هەیە دوای ئەوە ئیستسنا لە بۆی دەدەی، بەلاَم ناکرێت تەقویم دانەنێ ئەگەر لە شوێنێك موشکیلەت هەبوو، دیسان دەیڵێمەوە ئەوەی ڕوویدایە لە خاریجی ئیرادەی ئێمەیە وەکو حکومەتی کوردستان، لە خاریجی ئێمەشە وەکو وەزارەتی پەوەردە، خۆمان بە پارێزەر و داکۆکیکەری هەموو قوتابیانی کوردستان بەتایبەتی ئەو منداڵانەی ئێستا لە دهۆك مەحروم بووینە، بەڕێزان باسی ژێرخان کرا بەشێوەیەکی گشتی، ئێمەش وەکو وەزارەتی پەروەردە حەزدەکەین هەموو قوتابخانەکانمان پێنج نەجمەیی بن، ئێمەش حەزدەکەین هەموو هۆیەکانی فێرکردن دابین بکرێت، ئێمەش حەزدەکەین باشترین ژینگە لە بۆ منداڵی کوردستان دابین

بکەین، بەڵام ئەوە حەزە واقیع شتێکی ترە، فیعلەن باسی (٢٢) ساڵی موشکیلەی پەروەردەتان کردیە، زۆر سوپاس، بەڵام بەڕێزتان دەزانن ئێمە وەکو خزمەتکاری ئەو میللەتە (٣) مانگە دەست بەکار بووینە، ئەو (٣) مانگە تەقریبەن (٢٠) ڕۆژی عوتلە بوو، ئەو (٣) مانگە بە کاملی هەمووی مەشاکیل بوو، بەڵێنتان پێ دەدەین کە ئەوە چارە بکرێت لەخزمەتداین، هیچ هەدەفێکمان نییە لە غەیری ئەوەی کە پەروەردە بگەیەنینە قۆناغێکی باشتر، بەڵام بەو مانایە نییە پەروەردە لە هەرێمی کوردستان کاولە، سفرە، باشترین کادیری حکومی لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، ئاستی خوێندنی هەرێمی کوردستان لەسەرەوەی مامناوەندیە ناڵێم (٩٠٪) ، (٨٠٪) یە، بەڵام تموحمان ئەوەیە کە ئێمە زۆر بەرەو باشتر بکەین، ئەگەر لە شوێنێك خەلەلێکتان دیت ڕەجاتان لێ دەکەم تەعمیمی مەکەن لەسەر هەموو پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، پێرێ لەناو هەولێر لەگەڕەکێکی شەعبی سەردانی خوێندنگایەکم کرد لە پاك و خاوێنی، مەنتیقە دەوڵەمەندەکانیش نەبوو، مەکتەبی نموونەیش نەبوو، مەکتەبێکی زۆر خاوێن، مامۆستای زۆر دڵسۆز، پۆلی (١ )کە مانگ و نیوێکە دەوامیان کردووە ئەگەر بە سافی حیساب بکەی، وتم کێ دەزانی ناوی خۆی بنووسی، (٨٠٪)ی دەستی خۆی بڵند کرد وتیان ئێمە دەزانین ناوی خۆمان بنووسین، هەندێکیان هاتن ناوی خۆیان نووسی، باسی هەندێك مەسائیلی پەروەردەیی کرا بەتایبەتی کاك د. شێرکۆ سوپاسی دەکەم، تەبیعی وەزارەتی پەروەردە فەلسەفەی هەیە لە (٩٣) ەوە ئەو وەزارەتە دامەزراوە، ئەگەر فەلسەفەو ڕوئیای نەبێ ئەی وەزارەتی پەروەردە چی کردیە، چەند ساڵە؟، فەلسەفەی ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە چەقی تەوەری سەرەکی ئێمە خزمەتکردنی قوتابییە، خزمەتکردنی خوێندکارە ئەوە میحوەری ئەساسیمانە، فەلسەفەی ئێمە بریتییە لەوەی کە منداڵی کوردستان خزمەت بکەین، بە زانست ومەعریفە، وای لێ بکەین بڕوای بەخۆی هەبێ، نەفسیەتی لە بۆ دروست بێ، وای لێ بکەین کە بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و بە تەسامح و بە دیموکراتی و هەستی نیشتمانی و، بڕوای بە خاك و نیشتمانی خۆی هەبێ، ئەوە فەلسەفەی ئێمەیە لە وەزارەتی پەروەردە، ئەگەر لە قوتابخانەیەك مامۆستایەك ئەدای خۆی جێبەجێ نەکات، مەکتەبێك خراپ بێ مەعنای ئەوەنییە (٧) هەزار قوتابخانە خراپە، ئەوە بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی جینۆسایدی گەلی کوردستان، تەعبیر لە هەموو مەئساتی میللەتی کوردستان دەکات، ئێمە خەریکین بە فلیمیش، بە دیکۆمێنت بۆئەوەی باشتر تەفاعول لەگەڵ عەقڵ و زەینی تەلەبە بکات، لە بۆ هەر ئاستێك، لە بۆ هەر بازنەیەك هەندێ فلیمی دیکۆمێنتاری کورت کە تەلەبە بتوانێ هەزمی بکات، دروستی بکەین لەسەر تەئریخ و نیشتمانی، ئەوە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی فێربوون دەربارەی تایبەتمەندی ( privacy)، چۆن خسوسیەت دەپارێزی، چۆن ئیحترامی برادەرت دەگری، دایك و باوکت دەگری، سەعات چەندی شەو تەلەفۆن ناکەی، سەعات چەندی شەو لە دەرگای ماڵان نادەی، چۆن پاك و خاوێن ی قوتابخانە دەپارێزی؟ ئەوە بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی فێربوون دەربارەی دەسەڵات، سوڵتەی تەشریعی چییە، سوڵتەی تەنفیزی چییە؟، هەموو مەسائیلەکانی تێدایە، ئەوە مافی مرۆڤ بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیە هەرچەندە بۆ خۆم مولاحەزەم هەیە مافی مرۆڤ، بۆ خۆی مافەکانی مرۆڤە، ئەوە هەموو چەمکەکانی مافی مرۆڤی تێدایە لە

حەقی ژیان، لە مافە مەدەنییەکان، مافە سیاسییەکان، مافە ئابووریەکان، مافە کۆمەڵایەتییەکان، مافە رۆشنبیرییەکان، بەپێی ئەو دیکۆمێنتە دەوریانەی کە هەیە، ئەوە بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی فێربوون دەربارەی دادوەری، یەکسانی، عەدالەت، ئەوە فێربوون دەربارەی بەرپرسیارێتی یەعنی (مسئولية) (responsibility) (accountability) لەوەدا هەیە، یەعنی شت زۆرە، بەڵام دەزانی چۆنە؟ یەعنی ئەوە لە هەزار عینوانی کتابمان زیاتر هەیە، هەر هەزار و قسور عینوان لە خزمەت جەنابتان دا ئێمە دەینێرین، بۆ ئەوەی مەعلوماتی تەواوتان لەسەر وەزارەتی پەروەردە هەبێ، تەبیعی بەڕاستی کەنزەك لە مەعلوماتمان لەسەر پێشنیار و ڕەئیەکانی جەنابتانمان وەرگرت، دووبارە زۆر سوپاس، تەبیعی دەربارەی مەوزووعی ریحلە، پرۆسەی پەروەردە بەردەوامە، موستەمیر مەشاکیلی هەیە، موستەمیر مەشاکیلیشی دەبێ، لە هەموو دونیاش مەشاکیلی زۆرە، بەڵام ئیمکانییەتی دارایی کە بودجە دێتە ئێرە، داواتان لێ دەکەم وەزعی وەزارەتی پەروەردە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرن، بەڕێزان ئێستا ٩٥٪ بودجەی ئێمە تەشغیلی و مەعاشە، ٥٪ بودجەی ئیستیماری یە، یەعنی بەڕاستی ئەو پارە زۆر زۆر کەمە، ملیۆنێك و ( ٧٠٠ )هەزار تەڵەبە بمانەوێ، نەمانەوێ مەشاکیلیش دەبێ، کەم و کوڕیش دەبێ، دەربارەی وەزنی کتاب، بەڕێزان لە پەرلەمانی کوردستان زۆر باسیان کرد، ئێستا ئەو کتابانەی پۆلی یەکی بنەڕەتی کە هەیە دوو بەشە، بەڵام لە ئایندە محاوەلە دەکەین بیکەین بە سێ، چوار بەش، جگە لەوەش کە لە بیرمان نەچێ ناکرێ بۆ منداڵی ئیبتیدائی ئەو وەرەقانە دابنێین کە زوو دەدرێ، یەعنی عادەتەن وەرەقەی تەڵەبەی ئیبتیدائی تۆزێك قوڕسترە، بۆ ئەوەی بتوانێ محافەزەی لەسەر بکات، مەشق و ڕاهێنانمان باس کرد لە بەرنامەکانی خۆشمان ئەوە زیاتر تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە، بە نیسبەت بیرکاری مەسەلەن پۆلی پێنج وەکو نموونەك باس کرا کە هەموو پرسیارەکان حەل نەکراوە، بۆ ئەوەی تەڵەبەش مێشکی خۆی بەکار بێنێ زیاتر، بە تایبەتی تەڵەبەی زیرەك بتوانێ ئەو پرسیارانە حەل بکات، دانانی پرۆگرام هەمووی خوبەرا دایدەنێن، پرسی زۆر لایەن دەکرێ، ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین لەمەودوا بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندن لیژنەی پەروەردە و فێرکردنیش بکەینە شەریکی خۆمان لە وەزارەتی پەروەردە، بە نیسبەت چاپخانە زۆر باس کرا، من کە لە دەرەوەی وەزارەت عەینەن ڕەئیم هەبوو، کە هاتمە ناو وەزارەت موتەئکید بن لەوەی چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان ناتوانن ٥٪ یش کتابەکانی وەزارەتی پەروەردە چاپ بکەن، ئەوجارە کە تەندەرین دەکرێ، لیژنەی پەروەردە حەز دەکەین بەشدار بێ، بزانێ کە چاپخانەکانی خۆمان توانایان چەندە؟ ئێستا ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە پێشنیارمان کرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئێستا بۆردی سیاسەتی، ستراتیجییەتی سیاسەتی نیشتمانیی بۆ پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان پێك دێ، سەرۆك وەزیران، جێگری، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و فێرکردن لە پەرلەمانی کوردستان، لەوانەیە وەزیری پلاندانان، وەزیری داراییش لەگەڵ دا بێ، بە نیسبەت وانەی خصوصی و مەلزەمە، بێگومان ئێمە ئیشی ١٠٠٪ی لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی کەمی بکەین، ناڵێین بنبڕی بکەین، بە نیسبەت ئاینەکان و ئاین باس کرا مەداریسی دینی و مەعاهدی ئیسلامی، ئەوانە هەمووی

ئینشاللاّ ئێمە ئیشی باشی لەسەر دەکەین، دابەش کردنی کتێب ئێستا حالیەن رەغمی ئەو زرووفەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان دا هات، زرووفی قاهیرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ٩٥٪ی کتێبەکان هاتووە و گەیشتووە، مێژووی کوردستان، بەڕێزان زۆر گرنگی پێ درایە، کتابەکانی مێژوو دەبوایە بیهینم لەگەڵ خۆم، بەڵام مێژووی خەڵکی تر بەو نەوعە نەمایە ئەوەی جاران هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پێداچوونەوەی زیاتری لەسەر دەکەین، مەشقی مامۆستا گرنگترین میحوەری ئێمە بوو لە ڕاپۆرتەکەش دا، ئەوە خەریکین بە سیستەمی دەکەین، مەشق بە نیسبەت ئێمە بۆ بەرزبوونەوەی کوالیتی خوێندن لە هەموو شتێك گرنگترە، بە نیسبەت مەسەلە ئیدارییەکان زۆر باسی دانانی مودیر و دەستی حیزب و ئەوانە کرا، ئێمە دەبێ واقیعی خۆمانی هەرێمی کوردستان بزانین لە کوێ گەیشتینە کوێ، بێگومان من ناتوانم بڵێم بە ٧٢ سەعات ئەو مەسەلانە کەم دەبێتەوە، ئێمە هەموومان نوێنەری حیزبەکانین تەبیعی هاتووینەتە ئێرە، هەموومان باکگراوندمان هەیە لە مەسائیلەکان، بەڵام بە دانانی پێوەر بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان، بەڕێوەبەری پەیمانگاکان، نەك هەر دەستی حیزبی، عیلاقاتی ئیجتیماعیش کەم دەبێتەوە لە دانانی ئەو بەڕێوەبەرانە، بەڵێنتان پێ دەدەین کە ئیش بکەین بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە زۆر زۆر کەم ببێتەوە، مەعنای ئەوە نییە بەڕێوەبەرەکانی ئێمە هەموویان خراپن، دیسان دەڵێمەوە ئەگەر (٧٠٠٠) ، ئەگەر (٥٠٠، ٣٠٠) خراپ بوو، مەعنای ئەوە نییە هەمووی حیزبییە و هەمووی خراپە و هەمووی تەداخولاتە، ئێمە بە خۆمان تەخویل کراینە کە زەغت لە کەس قبوول نەکەین، کەسیش تەداخولاتی ئیش و کاری وەزارەتی پەروەردە نەکات، بەڕێزان گەورەترین موشکیلەی وەزارەتی پەروەردە واستەیە لێتان ناشارمەوە، کەس نییە واستە لە وەزارەتی پەروەردە نەکات لە کوردستان، نەك هەر حیزب، هەموو کەسێك تەداخولی وەزارەتی پەروەردە بۆ واستە دەکات، ئێستا ئەو دوو، سێ مانگەی ئێمە لەوێندەرین، ٥٪ یش ئیشەکان بە واستە نەڕۆیشتووە، ٩٥٪ی بە حەقی خۆی دەڕوا، لە تەنەقولاتی مامۆستا، ئەگەر بەڕێزتان لە هەر شوێنێك دیتتان مامۆستایەك بە واستە نەقل کرا، مامۆستایەك لە تەنیشتی واستەی نییە نەقل نەکرایە، زۆر بە سوپاسەوە ئاگادارمان بکەنەوە، بەخۆشمان ئاگادارین، یەعنی خەریکین کە ئالیەتی تەواو بۆ ئەوە دابنێین کە تەنەقولاتی مامۆستا چۆن بێ، لەبەر چی؟ ئێمە بە خۆمان باسی ناتەنزیمی میلاکمان کردووە، موشکیلەی ئێمە مامۆستای سەرەتاییمان زۆرە، مامۆستای پسپۆریمان کەمە، لەگەڵ زانکۆ قسەمان کردووە کە بەشە زانستییەکان زیاتر وەربگرێت زانکۆ، بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر بێنەوە ببنە مامۆستا، دەڵێن فلان کەس وەرناگیرێ، یان دانامەزرێ فلان دادەمەزرێ، مەوزووعەکە لەوەیە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە کێ بێ ئەوە دادەمەزرێنێ، مەسەلەن ئەگەر من مامۆستای فیزیام بوێ بۆ مامۆستای شەریعە دابمەزرێنم، ئەگەر مامۆستای شەریعەم بوێ بۆ مامۆستای مەسەلەن کیمیا دابمەزرێنم، دامەزراندنەکان لەسەر ئەساسی ئەو پێداویستییانە دەبێ، ئیتمیئنانتان دەکەم زۆر زۆر بە شەفافی و بە ڕێك و پێکی دەبێ، پێش ئەوەی ناوەکان ئیعلان بکەین دەیخەینە بەردەستی لیژنەی پەروەردە و فێرکردن، دەڵێین ئەوەندە هەزار کەسە تەقدیمی کردووە، پێویستییەکان ئەوەیە،

فەرمووون حەز دەکەن، تەبیعی لە وێب سایتیش ئیعلان دەکەین، هەر کەسێك مولاحەزەی هەبوو پێش ئەوەی کە قەراری نیهائی لێ بدەین، بۆ ئەوەی بەڕێزتان موتمەئین بن کە ئەوە بە شەفافی دەکرێ، ئەو تەڵەبانەی گەرمیان کە باستان کرد، یەعنی هەندێك شت هەیە با ئێمە بە عاتیفی تەماشا نەکەین، پێشتر ئێمە خەڵکمان دادەمەزراند لەبەر ئەوەی کە خەڵکەکە فەقیر بوو، یان ڕازی بکەین لە خۆمان، بەڵام ئێستا ئێمە خەڵکەکە دادەمەزرێنین کە چمان پێویستە، ئەو بەڕێز و خۆشەویستانەی گەرمیان هاتنە ئێرە، دوو ڕۆژ لە پێش ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان بوون ١٢١ کەسن، پێیان دەڵێم کاکە بە پێی ئەو شروتانەی کە هەیە داخیل دەبن، ئەگەر غەدرتان لێ کرا یان ئەگەر ناعەدالەتی کرا حەقتان هەبێ، پرستان پێ دەکەین ئینجا ناوەکان ئیعلان دەکەین، ئەوان دەڵێن/ ئیللا دەبێ ئەو ١٢١ کەسە بە بێ شرووت دابمەزرێ، ئەوە کاك دکتۆر شێرکۆ لەوێ بوو، دوو سەعاتی تەواو من لەگەڵیان دانیشتوومە، کاکە بە شرووت دەبێ، بە حەق دەبێ، بە عەدالەت دەبێ، ئەگەر یەك کەس بە ناحەق تەعین بوو کاکە وەرنە سەر تەلەفزیۆن بڵێن وەزیری پەروەردە دەبێ ئیستیقالە بدات، دەڵێن نا ئیللا دەبێ ئێمە بە بێ شرووت دابمەزرێین، ئەوە سێ ڕۆژە لێرەن، ئێ باشە چۆن دەبێ؟ ئینجا ئەگەر وابێ پێیان دەڵێم سێ ڕۆژ لێرە بن دوو هەزار کەسی تر دێ حەفتەیەك لێرە دەمێنێ، پاش ئەوە خەڵکێکی تر دێ مانگێك لێرە دەبێ، یەعنی ئەگەر وای لێهات تەعینات بەو جۆرە بێ، شکۆی مامۆستا پارێزراوە، پارێزراویش دەبێت، ئەگەر ١٢٠ هەزار مامۆستامان هەبێ، زۆر ئاسایی یە مانگانەش دوو، سێ موشکیلەش ڕوو بدات، بەڵام دوو حاڵەت بزانە زۆرجار (سوء) تەفسیر دەکرێ، مامۆستایەك لە ڕەواندوز خوا عەفوی بکات کوژرا لەسەر حادیسەیەك، لە ڕۆژنامەیەکی هەولێر نووسرابوو تەڵەبەیەك مامۆستایەکی کوشت، بەخۆم تەلەفۆنم لەگەڵ صوحوفییەکە کرد، باشە تۆ بە چ حەقێك دەنووسی تەڵەبە مامۆستای کوشت؟ ئەگەر دەلیلت هەیە دە ناوەکەمان بدێ، یەکسەر یەعنی لە ئەوەل لەحزەی تەحقیق بە خۆم لەگەڵ تەحقیق و ئاسایش و نازانم چ موتابەعەکەم کرد کە لە دهۆك بووین تا ئەخیری، مامۆستایەك لە کانی قرژاڵە کە تەڵەبەکە لێیدابوو، لەگەڵ حاکم، شورتە تەداخولیان کردووە تا تەڵەبەکە گیراوە، جەژنیش هەر لە ژوورەوە بوو، تەداخولی مەحکەمەشمان کرد بەس بۆ ئەوەی تەڵەبەکە بە کەفالەت، یەعنی مەخسەدم بە نیسبەت مامۆستا ئێمە خۆمان بە پارێزەر و دیفاعکەری مافی مامۆستا و شکۆی مامۆستا دەزانین، بە نیسبەت ئیمتیحانات ئەوە مەوزووعێکی مەصیرییە، لەبەر چ ئێمە قەرارمان دا پۆلی دوانزە بە هەڵبژاردن بێ، جارێ ئەوەی باس دەکرێ کە قۆپیە ئاسانە ئەوە هیچ ئەصڵی نییە، بۆ نموونە تەجرووبەمان هەیە، پۆلی نۆی بنەڕەتی دەکاتە سێی متەوەستەی قەدیم، ١٠٠٪ی ئیمتیحانی نیشتیمانی هەڵبژاردنە، نیسبەی نەجاح لەو ١٠٠٪ە قەت لە ٤٠٪ تێناپەڕێ، وابزانم لە کۆششەکە لە ئیمتیحانی پێشتری کە ٥٠٪ی لەسەرە، لە ٨٠٪ کەمتر نییە، تەماشا بکە، دوای ئەوە ڕێز دادەنرێ لە قاعەکان (A-B-C-D)، (A-B-C) پرسیاری A فەرقی هەیە لەگەڵ B، لەگەڵ C فەرقی هەیە، دوایی هەر پۆلی دوانزە بە خۆی ئێستا ٥٠٪ی هەڵبژاردنە، بانکی پرسیارمان هەیە، دەوڵەمەندتری دەکەین، پرسیاری وا دادەنێین، وا تەسەلسولەکان دەگۆڕین، ئەوەی پرسیاریشی دانایە نەزانی A ڕاستە یان B

ڕاسته، مەجالی بیرکردنەوە باشتر دەبێ، مەجالی قۆپیە کەمتر دەبێ، ئەو هەموو پارە و مەصروفاتەی کە ئێستا باسی دەکەین حەقی ئیفادی ئیمتیحان نەدرایە، نازانم چی، ساڵانە وابزانم پێنج ملیار کەمتر نییە، ئەو کاتی ئەو پێنج ملیارە یەکسەر دەبێتە پێنج سەد ملیۆنێك، وەڵلا کەمتریش لەوانەیە، موشکیلەی ئەوەی کە باس دەکەن سۆرانی و بادینی، ئێستا ئەو ساڵ پۆلی دوانزە لە مەنتیقەی بادینان دەبێتە بادینی، ماموستای سلێمانی ناتوانێ دەفتەری ئەوان تەصحیح بکات، بەوەی هەموو موشکیلەکە حەل دەبێ تەبیعی، (A-B-C-D) یان کامیان ڕاستە، غەلەتە، بە خۆی دەزانێ و هەڵیدەبژێرێ، هەموو خەڵك دەچێتە ئەعدادیە، ئێمە باسی پیشەییمان کرد، لە دانانی پیشەیی وەکو نیزامی ئینسیابی قەدیم دەگەڕێنینەوە هەموو کەس نەچێتە ئەعدادیە، بەلایەنی کەم ٢٠٪ تا ٣٠٪ بچێتە پیشەیی، ڕەبتی دەکەین لەگەڵ بازاڕی کار، ئەوەش دیسان پێویستی زیاتر بە ٥٠٠ ملیار دینار هەیە، ئەگەر ئەو ٥٠٠ ملیارە تەئمین بکرێ، (٤)، (٥) کۆمەڵگای پیشەیی زۆر گەورە لە کوردستان بە پێی پێداویستی بازاڕی کار بە پرۆگرامێکی مۆدێرن دەتوانین دروست بکەین، نەتیجەکەشی دەبینینەوە، ئەوەی ساڵی (عدم رسوب)، ئەوەی تەحسینی موعەدەل، ئەوەی سێ نمرەکە، ئەوانە هەمووی ئێمە دیراسە دەکەین، خەبەری بەڕێزیشتان دەدەینەوە، بە نیسبەت ئەهلی زۆر باس کرا، بەڕێزان ئێمە لە خزمەت جەنابتان باسی ئەهلیمان کرد، وتمان ئەوە کەم و کوڕییەکانی قوتابخانە و پەیمانگاکانی ئەهلی یە، (١) (٢) (٣)، پێشنیاریشمان چییە؟ ئێستا ئێمە لێژنەیەکمان داناوە، پێداچوونەوە دەکات، ئیجازەشمان ڕاگرتووە، کاك گۆران ئازاد بوو وابزانم باسی ئەوەی کرد کە هەیە خانووی گرتووە، تەڵەبەش نازانم ناوی نووسیوە، وەری گرتووە لە دەوام، چۆن دەبێ دەوام بکات ئەگەر هێشتا ئیجازەی وەرنەگرتبێ، هەر ئەصڵەن ئەوە حەقی موحاسەبە کردنی هەیە، بەڵام کۆنگرە تەوەرێکی سەرەکی خوێندنی ئەهلی یە، پێداچوونەوەی تەواویان بۆ دەکەین، قانونێك هەیە تەنزیمی خوێندنی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان دەکات، لەو پەرلەمانە خۆشەویستەی خۆمان دەرچووە، بە پێی ئەو قانونە کە تەشجیعی بازاڕی ئازاد دەکات، کە تەشجیعی قیتاعی خاص دەکات ئیستیسمار بکات، بەڵام لەسەر ئێمەیە موراقەبەی کوالیتی خوێندن و ئەو شرووتانە بکەین، یان ئەو ڕێنماییانە بکەین کە هەیە، موتەئکید بن لەوەی کە ئێمە پێداچوونەوەی تەواو بە خوێندنی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، نازانم باسی ئەوە کرا کە ڕۆژانە (٤٠) دۆلار ڕادەوەستێ، من بڕوا ناکەم ڕۆژێ (٤٠) دۆلار بێ، ساڵانە دەکاتە پارەیەکی زۆر، یەعنی بەو سیعرە خەیاڵییە هەبێ، زمانی کوردی لە قوتابخانە ئەهلییەکان ئەگەر ناویان لە خۆیان نابێ ئینتەرناشناڵیش واجیبە دەبێ جێبەجێی بکەن، ئێمە باسمان کرد، ئیشرافمان لەسەر قوتابخانە ئەهلییەکان لاوازە، بۆیە ڕامانگرتووە، بە هەمووی دا دەچینەوە، وابزانم کاك ئاری بوو باسی بودجە و ئەوەی وەزارەتی پەروەردەی کرد، ئەوەش دوای ئەوە وەڵام دەدەینەوە، تەبیعی ئێمە تەنیا مووچەی وەزارەتی پەروەردە، زۆرجار کە زەغت دەکەین مووچەی ئێمە بە پێش بکەوێ وەزیری دارایی دەڵێ مووچەی دوانزە وەزارەت دەدەم، لەگەڵ پێنج، شەش موئەسەسە (دەستە)، هەمووی ناکاتە سەد ملیار، بەڵام تەنیا وەزارەتی پەروەردە (١٥٧) ملیار دینار مووچەی ماموستا و فەرمانبەریەتی، بێجگە لە ئەوانەی تر،

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، من زۆرم پێ خۆش بوو لە خزمەتتان یەك یەك وەڵامی ورد و درشتی پرسیارەکان بدەمەوە، بەڵام دیارە کات نەك بە نیسبەت ئێمەوە، بە نیسبەت بەرنامە و زەرووریاتی پەرلەمان ڕێگا نادا وەڵامی هەمووتان بدەینەوە، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر نزیك سیدییەکە تەبیعی لە پەرلەمان وەردەگرین، هەموو پرسیارەکانتان وەڵام دەدەینەوە، زۆر زۆر سوپاس بۆ هەموو پێشنیار و بۆچوونەکانتان، زۆر زۆر ئیستیفادەمان کرد، دڵنیابن لەوەی یەك لە پێشنیارەکانتان، لە بۆچوونەکانتان ئیهمال ناکەین، گرنگی پێ دەدەین، ئومێدەوارین ئێوەش لە شوێنی خۆتان بتوانن هاوکاری تەواومان بکەن، بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی پێشکەوتوو، پەروەردەیەکی باش لە هەرێمی کوردستان کە خزمەتی ئایندەی کۆمەڵگای ئێمەی تێدابێ بێتە کایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د. پشتیوان صادق، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس بۆ ئێوەش ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا وتووێژی گەرم و گوڕ و تێر و تەسەلتان کرد لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، ئێستا بەڕێزان وەزیری پەروەردە و ستافی یاوەری سەرپشکن لەوەی کە لە ناو هۆڵی پەرلەمان بمێننەوە، لە خزمەتیانین، یان هەر کارێکیان هەیە دەتوانن تەشریف بەرن، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، خواحافیزتان بێ، بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان لە سەرەتای دانیشتنی ئەمڕۆ چەند ئەندام پەرلەمانێك داوای ئەوەیان کرد کە بڕگەی شەشەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان بهێنینە پێشەوە، بیکەین بە بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری دانیشتن، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی شەشەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ بکەین بە بڕگەی دووەم؟ کێ لەگەڵیەتی با دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٩) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، واتا ئێستا دەست دەکەین بە بڕگەی دووەم لە دانیشتنی کاری ئەمڕۆمان، کە بریتی یە لە دەنگدان لەسەر ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لەسەر داواکاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان، بە پێی بڕگەی (١١)یەم لە ماددەی (١٠)یەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، بە هەمان شێوە بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان داواکارییەکی ئەوەمان بە دەست گەیشتووە، ژمارەی یاسایی ئێوە داوایان لە ئێمە کردووە کە وتووێژ کردن لەسەر بڕیاری پەرلەمان سەبارەت بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بە شێوەی داخراو بێ، بەڵام ئەگەر بڕیاریشتان لەسەر ئەوە دا، دواتر دەنگدان لەسەر بڕیاری پەرلەمان بە شێوەی ئاشکرا دەبێ لە ناو هۆڵی پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆ کردن، تەنها گفتوگۆ کردن لەسەر بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان بە شێوەی نهێنی بێت؟ (٦٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، کاك ئاری نوقتەی نیزامی، فەرموو،

کەواتە ئێستا دانیشتنەکە نهێنی دەبێ، داوا لە بەڕێزان دەکەین کەوا هۆڵی پەرلەمان بەجێ بێڵن، فەرموو کاک ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وەللاهی بە پشت بەستن بە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) ماددەی (١٠) بڕگەی (١١) هەروەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێ کرد، مەسەلەی مێوانداری بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، مەوزووعەکە ڕەزامەندی دەربڕینە لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە داوا کراوە، بەڵام من حەز دەکەم ئەوە بڵێم یەعنی...............

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا بڕیارەکە دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بڕگە بە بڕگە دەنگی لەسەر بدەین:

(پاڵپشت بە حوکمی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەپێی بڕگەی (١١) لە مادده (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ ئەم بڕیارەیدا:

یەکەم/ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ.

کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئەوە تەحصیل حاصلە، دوایی دەتوانین وشەی بەرگریشی بۆ ئیزافە بکەین، کێشەیەکی ئەوتۆ نییە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس.

دووەم/ لەسەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

سێیەم/ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەپێی بڕگەی (١١) لە ماددەی (١٠) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو و، بەپێی ئەو دەسەلاّتەی پێیدراوە بۆ جووڵاندنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و بۆ مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە مەترسییەکانی تیرۆر بەتایبەت کردەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی ناسراو بە داعش و بەو پێیەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکن لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگار بوونەوەی تیرۆرو وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٤) لە ٢٠١٤/١٠/١٥ ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، کۆی بڕیارەکەش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ کۆی بڕیارەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەرێمی کوردستان و شەهیدانی کۆبانێ، دەقیقەیەك بەبێ دەنگی وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کۆبانێ و شەهیدانی هەرێمی کوردستان.

پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین، وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێدا ئەمڕۆ بەڕاستی ساتە وەختێکی مێژووییە، وەچەرخانێکی گرنگە لە مێژووی نەتەوەکەمان وەك بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کاك گۆران و ئەندامانی تر ئاماژەیان پێدا، جاران بڕیاری ناردنی

هێز دەدرا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆ سەر کورد، بەڵام بۆ یەکەم جارە کورد بۆ پشتیوانی کردن لە پارچەیەکی تر لە هەرێمی کوردستان بە سەرجەم نەتەوەکانییەوە، گەلی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە بۆ پشتگیری کردن لە گەلی کورد، لە یەکێك لە پارچەکانی تر بڕیاری ناردنی هێز دەدات، بۆیە لێرەوە جارێکی تر پیرۆزبایی لە خۆمان و لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین، زۆر زۆر سوپاسی خۆڕاگری هەموو ئەو قارەمانانە دەکەین کە لە بەرەکانی جەنگدان، هەر لە قەرەتەپەو جەلەولاوە بۆ شنگال، بۆ کۆبانێی ئازیز، کەوا بۆ نزیکەی مانگێکە شەڕڤانانی یەپەگەو یەپەژە ئەو قارەمانانە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەن، سوپاسی شەونخوونی هەموویان دەکەین، دەستی ماندوبوونیان دەگوشین و، ئینشائەللا هەرێمی کوردستان هەر سەرکەوتوو دەبێت، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کە ئامادە بوو لە دانیشتنی پەرلەمان، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان کە ئامادە بوو لە دانیشتنەکەمان، ئەم بڕگەیەی بەرنامەی کار تەواو بوو بەڕێزتان دەتوانن بمێننەوە، دەتوانن تەشریف بەرن ئەگەر کارێکی ترتان هەیە، زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کاك مصطفى سەید قادر.

**بەڕێز مصطفى سيد قادر/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە گەرمی دەستخۆشی و پیرۆزبایتان لێ دەکەم بۆ ئەو بڕیارە گرنگە مێژووییەی کە داتان، ئەم بڕیارە بەلای ئێمەوە دوو گرنگی مێژوویی هەیە، یەکێکیان/ ئەوەیە کە ئێمە وەکو باستان کرد بۆ یەکەم جارە هێز دەنێرین بۆ بەشێکی تری نیشتمانەکەی خۆمان، بۆ بەهانای بەشێکی تری نەتەوەکەی خۆمان و بۆ هاووڵاتیان و خەڵکی خۆمان، کە ئەمە گرنگیەکی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەیە، گرنگی دووەمی/ ئەوەیە کە لە رووی دیموکراتیەوە ئەمە گرنگە، کە ئەم پرسە هێنرایەوە پەرلەمانی کوردستان و رەزامەندی پەرلەمانی کوردستانی لەسەر وەرگیرا، بۆیە هەر لێرەوە پیرۆزبایی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەموو لایەنە سیاسییەکان دەکەم، پیرۆزبایی لە پێشمەرگە قارەمانەکانیش دەکەم، هەرچەندە ئەرکێکی تریان کەوتە سەر شان، بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وەکو چۆن لەم ماوە دوورو درێژە توانیویانە بەرگە بگرن، بەو پەری ورە بەرزییەوە رووبەڕووی ئەم دوژمنانە بوونەتەوە، هیوادارم بە سەرکەوتوویی ئەم ئەرکەشیان تێ بپەڕێنن و، هەر لێرەشەوە سەری رێزو وەفا بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکان دادەنوێنم، هیوای چاك بوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم کە لە ماوەی ئەم چەند مانگەی شەڕ دژی تیرۆری داعشدا بریندار بوون و شەهید بوون، لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزبایی لە هەمووتان دەکەم و هەر سەرکەوتوو بن، هیوادارین ئێمەش بتوانین لە ئاستی ئەم ئەرکەدا بین و بەو پەڕ ی دڵسۆزییەوە بتوانین ئەم ئەرکەی کە کەوتۆتە سەر شانمان، یاخود خستۆتانە سەر شانمان جێ بەجێی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، بەڕێزان، خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار/ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دوابخرێت بۆ سەرەتای وەرزی گرێدانی تەشریعی داهاتوو و دواتر بە بێ دەستکاری کردن پەسەند بکرێ، ئەم داوایەی فراکسیۆنەکان دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دوابخرێت، بۆ سەرەتای وەرزی گرێدانی یاسادانانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان با دەست بەرز بکاتەوە؟ ٥٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٩ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، پێشنیارێکی تر هەیە بۆ پێشخستنی بڕگەی ٦ لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی ١١ پرۆژە یاسا و بڕیار، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراون بە پێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئەو بڕگەیە پێش بخەین؟ ٧٣ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین بێنە سەر سەکۆ بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسایانە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز پەرلەمانتار مامۆستا ابوبکر دەست دەکات بە خوێندنەوەی پرۆژە یاسایەکان لەگەڵ بەڕێز ڤەمان فیصل وەکو دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی با بەڕێزیان بفەرموون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموار کردنەوەی ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١١ ی دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێم کە پێك هاتووە لە ٢٠ ماددە هەروەها هۆیەکانی دەرچوواندن کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەوەش ناو و واژووەکانیانە (١/عمر صالح کۆچەر، ٢/لینا عزریا بهرام، ٣/ئومێد حەمە علی، ٤/منی نبی قهوەچی، ٥/ انور قادر مصطفی، ٦/نجیبە لطیف احمد، ٧/ فرست صۆفی، ٨/تەلار لطیف محمد، ٩/خلف احمد معروف، ١٠/شوان شێخ احمد) داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی کە پێك هاتووە لە ٣٩ مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە خوارەوە ناوەکانیان هاتووە و واژوویان کردووە، (١/ گەشە دارا حفید، ٢/ بێگەرد دڵشاد شکرالله، ٣/ئومێد عبدالرحمن، ٤/ محمد صادق سعید،٥/ سۆران عمر،٦/ حسن صالح، ٧/منیره عثمان علی، ٨/ حاجی کاروان، ٩/عمر صالح کۆچەر، ١٠/سالار محمود، ١١/ بێستون فائق، ١٢/ پەروا علی، ١٣/ برزۆ مجید، ١٤/ ایدن معروف، ١٥/ حسین اسماعیل حسین (مەروان گەڵاڵی)، ١٥/ شکریە اسماعیل، ١٦/ نجیبە لطیف احمد، ١٧/ پەری صالح حمید، ١٩/ کەژاڵ هادی خضر، ٢٠/ حیات مجید، ٢١/ ئاواز جەنگی برهان، ٢٢/ سعید محمد سعید، ٢٣/ دلێر مصطفی حسن، ٢٤/ عباس فتاح صالح، ٢٥/ قادر ئۆتمان رسول، ٢٦/ صالح فقی محمد امین، ٢٧/ مریم صمد عبدی، ٢٨/ زانا عبدالرحمن، ٢٩/ گۆران ئازاد، ٣٠/ سەرکەوت سەرحەد، ٣١/خلف احمد معروف، ٣٢/ ڕێواز فائق، ٣٣/ لینا عزریا بهرام، ٣٤/ سهام عمر قادر، ٣٥/ جودت جرجیس، ٣٦/ کمال یەڵدا، ٣٧/یعقوب گورگیس، ٣٨/ سهراب ڕێکانی، ٣٩/ غریب مصطفی حەمە خان، ٤٠/ بەهار رحمن، ٤١/یروانت نیسان،٤٢/ عبدالله حاجی محمود، ٤٣/ عبدالرحمن فارس عبدالرحمن، ٤٤/ ئاری هەرسین، ٤٥/ ڕۆزا محمود، ٤٦/ محمود حاجی صالح، ٤٧/ شێرکۆ حەمە امین، ٤٨/ تەلار لطیف، ٤٩/ عزت صابر، ٥٠/ د.شوان قەڵادزەیی، ٥١/ عبدالرحمن علی رضا، ٥٢/فیرۆز طە، ٥٣/ شیلان جعفر علی، ٥٤/ عمر عینایەت حەمە، ٥٥/ عادل عزیز، داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری ولیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان دەکرێت، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای........ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەبوو؟ د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە من خوێندوومەتەوە و یەکێکیش بووم لەوانەی کە لە نووسیندا ئاگام لێی بووە، بەشێکی تەواوی، یەعنی فەسڵێکی تەواوی پرۆژەکە تایبەتە بەمەسەلەی هاریکاری بۆ تەعلیم، یەعنی سۆشیاڵ لە مەجالی تەعلیم دا، لەبەرئەوەی داواکارم ئاراستەی لیژنەکەی ئێمەش بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئاراستەی لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵاش دەکرێ، فەرمووو خاتوو تەلار.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم پرۆژەیە پەیوەندارە بەزۆربەی لیژنەکانەوە، من پێم باشە زۆربەی لیژنەکان ئەم پرۆژەیە یاسایە بۆ نموونە هی ژنان ومافی مرۆڤ و لیژنەی تەندروستی و من پێم باشە هەموو لیژنەکان، ئەمانە هەمووی ئەم پرۆژە یاسایەیان پێ بدرێت هەتاوەکو ئەوانیش سەرنج و ڕاپۆرتی خۆیانیان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، خۆی کێشە ئەوەیە ئاراستەی چەند لیژنە بکرێ ئەوەندە ئیشی نووسینی ڕاپۆرتەکەی قورستر دەبێ، فەرموو خاتوو تەلار.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە وایە، بەڵام زۆربەیان پشکیان بەردەکەوێ، ئەگەر تەندروستی و ژنان و مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانە هەبێ زۆر باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئاراستەی ئەو لیژنانەی پەرلەمان ولیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی و تەندروستی و ژنان و مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستانیشی دەکەین، کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ کە لەلایەن ژمارەی یاسی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە خوارەوە ناوەکانیان هاتووە، (تەلار لطیف محمد، ٢/ گەشە دارا حفید،٣/ ئاواز حمید حسین، ٤/ مدینە ایوب، ٥/ مریم صمد عبدی، ٦/ئێڤار ابراهیم حسین، ٧/ پەری صالح حمید، ٨/ ئاواز شێخ جەنگی، ٩/ دڵشاد شعبان غفار، ١٠/ کەژاڵ هادی) کە پێك هاتووە لە پێنج مادده و هۆکارەکانی دەرچوواندن، داواکارین لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی کاروباری یاسایی و لیژنەی بەرگری ولە مافی ئافرەت و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ کە پێك هاتووە لە ٥ مادده و بە بێ هۆکانی دەرچوواندن لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە خوارەوە ناو و واژووکانیان هاتووە (١/ شکریە اسماعیل شێخانی، ٢/فخرالدین قادر، ٣/ سۆران عمر،٤/ عمر مصطفی د.شوان قەڵادزەیی، ٥/ هەورامان گەچێنەیی، ٦/ حاجی کاروان، ٧/ نجیبە لطیف، ٨/ مەروان گەڵاڵی، ٩/ منی نبی قهوەچی، ١٠/ بەهار عبدالرحمن محمد، ١١/ فائق مصطفی رسول، ١٢/ بێستون فائق)، داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووخاتوو تەلار نوقتەی نیزامیت هەبوو؟.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەگەر هەردوو پرۆژەکە بڵێین سێیەم و چوارەم ئەگەر ئاراستەی لیژنەی کۆمەڵایەتی و خێزانیش بکرێ، لەبەرئەوەی چەندین بڕگەی تیایە پەیوەندارە بە خێزانەوە، لەگەڵ ڕێزدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و بەرگری لە مافی ئافرەت و کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان و هەروەها لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەکرێ، ئێڤار خان نوقتەی نیزامی؟ فەرمووو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەتاوەکو ئێستا نەسەکە وابزانم گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، وابزانم لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان، زۆربەی پەرلەمان و ئیعلام هەمووی باسی ئەوە دەکەن لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەتان گۆڕاوە، ئێستا لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەتان نەماوە، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە تێبینیەکەت وەرگیرا، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، سوپاس، کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموار کردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی کە پێك هاتووە لە ٩ مادده لەگەڵ هۆکاری دەرچوواندن، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە کە لە خوارەوە ناو و واژووکانیان هاتووە (١/ تەلار لطیف محمد، ٢/ گەشە دارا حفید، ٣/ ئاواز حمید حسین، ٤/ مدینە ایوب، ٥/

جوان اسماعيل عزيز، ٦/ مريم صمد عبدى، ٧/ نجيبه لطيف احمد، ٨/ شكريه اسماعيل مصطفى، ٩/ كەژاڵ هادى فقێ، ١٠/ ئێڤار ابراهيم حسين، ١١/ ئاواز شێخ جەنگى) داواكارين لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە ياسايەش ئاراستەى ليژنە پەيوەندارەكانى بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە ياسايەش ئاراستەى ليژنەى ياسايى و ليژنەى داكۆكى لە مافى ئافرەت، ليژنەى ئەوقاف و كاروبارى ئاينى و گشت ئەندامانى پەرلەمانى كوردستان دەكرێت، كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پرۆژە ياساى بەرەنگاربوونەوەى لەشفرۆشى كە پێك هاتووە لە ١٣ مادده لەگەڵ هۆكارى دەرچوواندن، لەلايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمان پێشكەش كراوە كە بريتين لەم بەڕێزانەى خوارەوە كە واژوويان كردووە (١/ سهراب ميكائيل ڕێكانى،٢/ تەلار لطيف محمد،٣/ مريم صمد عبدى، ٤/ حسين اسماعيل (مەروان گەلاڵى)، ٥/ عادل عزيز شكر، ٦/ ئاواز جەنگى، ٧/ عباس فتاح صالح، ٨/ نجيبە لطيف احمد، ٩/ شكريه اسماعيل مصطفى، ١٠/هەورامان حەمە شەريف، ١١/ سۆران عمر، ١٢/ شێركۆ جودت، ١٣/ فخرالدين قادر عارف، ١٤/ ايدن معروف) داواكارين لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە ياسايەش ئاراستەى ليژنە پەيوەندارەكان بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنەى كاروبارى ياسايى و ليژنەى داكۆكى لە مافى ئافرەت و ليژنەى ئەوقاف و كاروبارى ئاينى پەرلەمان و گشت ئەندامانى پەرلەمانى كوردستان دەكرێت، ئێڤار خان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهيم حسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئاراستەى ليژنەى تەندروستى وئاراستەى ليژنەى كاروبارى كۆمەڵايەتيش دەكرێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئاراستەى هەردوو ليژنەى پەيوەندارى پەرلەمانى كوردستان دەكرێ، ليژنەى تەندروستى و ليژنەى خێزان و كاروبارى كۆمەڵايەتى، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجى كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ببورە سەرۆكى پەرلەمان، ليژنەى ناوخۆش، چونكە ئەو پابەندە بە جێ بەجێ كردنى ئەو بڕيارەوە، ئەكرێ تەوجيهى ئەويش بكرێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵێ، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاراستە كردنی پرۆژە یاساكان بۆ ئەو هەموو لیژنەیە لەیەك كاتدا قورسیەكی زۆر بۆ ئێمە دروست دەكات وەكو لیژنەی یاسایی، چونكە دواتر ئێمە ئەو ئیمزاییانەمان بۆ كۆناكرێتەوە و بەڕێزانی لیژنەكان دێن لە لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆیان دەدەن و دوایی دەڕۆن و دەبێ ئێمە وێڵ بین بەدوایاندا و لێیان بپارێینەوە تا ئیمزایەكمان بۆ بكەن، بۆیە موراعاتی ئەوە بكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە تێبینیەكی دروستە، بۆیە دواتر بە ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئاراستەی لیژنەكانی تریشی دەكەین كە پەیوەندارە، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پرۆژە یاسا ئێك پاكێج هاتنە بناڤا لێبوردنا گشتی هەرێما كوردستانێ، كو ژ لایێ ژمارا یاسایی هەر پرۆژەك ژ وان ژمارا یاسایا ئەندامان ڤە هاتیە پێشكەش كرن دگەل هۆكارێ دەكرنا ئەڤێ پرۆژە یاسایێ كو پرۆژەیەكی دەست پێ دكاتن (١/ د.شوان قەڵادزەیی،٢/ شكریە اسماعیل، ٣/محمود حاجی عمر، ٤/حاجی كاروان، ٥/ سعید محمد سعید، ٦/ بشار مشیر اسماعیل، ٧/ محمد سعدالدین، ٨/ ئێڤار ابراهیم، ٩/ عزت صابر، ١٠/ جوان اسماعیل)، پرۆژێ دوویێ هەمان پاكێچە و هەمان عنوانیە، كو ١٢ ماددە خۆ دگریت دگەل هۆكارێ دەكرنا ئەڤێ پرۆژەیێ، كو دەست پێ دكاتن (١/سۆران عمر، ٢/ شكریە اسماعیل، ٣/نجیبە لطیف، ٤/هەورامان حەمە شریف، ٥/حسین اسماعیل، ٦/فخرالدین قادر، ٧/حاجی كاروان، ٨/سهام عمر، ٩/كەژاڵ هادی، ١٠/جوان اسماعیل، ١١/منیرە عثمان، ١٢/شێركۆ جەودت) داخازا ژ جەنابێ وە دكەین كو ڕەوانەیەن لیژنەیەن پەیوەندیدار بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەو دوو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەكان و لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی كوردستان كرا، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەیەكا دیش بناڤێ هەمواركرنا ئێكێ یا یاسایێ پارێزگەهێ هەرێما كوردستانێ ژمارە ٣ ساڵا ٢٠٠٩ هاتیە پێشكەش كرن، ژ لایێ ژمارا یاسایا ئەندامان كو ژ ٥ ماددە پێك دێت دگەل هۆكارێ دەركرنا ئەڤێ یاسایێ، دەست پێ دكاتن (١/بەهار محمود، ٢/قارەمان قادر، ٣/ئێڤار ابراهیم، ٤/منیرە عثمان، ٥/فائق مصطفی،

٦/عبـدالرحمن علـى، ٧/ڕابـوون توفيـق، ٨/ايـوب عبـدالله، ٩/بـرزۆ مجيـد، ١٠/رۆزه محمـود، ١١/پـەروا علـى، ١٢/زولفا محمود، ١٣/انور قادر، ١٤/ئومێد حەمـە علـى، ١٥/شـێركۆ حەمـە امـين، ١٦/جـوان اسماعيـل، ١٧/عمـر عينايـەت، ١٨/عـادل عزيـز، ١٩/فرحـان جـوهر، ٢٠/حيـات مجيـد، ٢١/فـيرۆز طـه،٢٢/ ابـراهيم احمـد سمـۆ، ٢٣/فخرالدين قادر) داخازێ دکەين کو ئەڤێ پرۆژێ ژی پێشکەشی ليژنەيەن پەيوەنديدار بکەين.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەم پـرۆژه ياسـايەش ئاراسـتەی ليژنـەكانی كاروبـاری ياسـايی و ليژنـەی نـاوخۆ و ئاسـايش و ئەنجومەنـە خۆجێيەكان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكەين، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆەيا ياسايەکی دی هاتيه پێشکەش کرن بناڤێ (مأذون شرعی) (ڕێپێدراوی شـەرعی) کو پێـك دێت ژ ١٤ مـاددا دگـەل هۆكـارێن دەرکرنـا ئـەڤێ پـرۆژێ دەسـت پـێ دكـات ژ (١/سـراج شـێخ احمـد، ٢/حـاجی كـاروان، ٣/ئومێد خۆشناو، ٤/دڵشاد شعبان، ٥/مەردان خدر، ٧/سۆران عمـر، ٨/شـێركۆ جـودت، ٩/علـی حەمـە صـالح، ١٠/بێستون فائق، ١١/ پەری صالح، ١٢/انـس محمـد شـريف، ١٣/جـوان اسماعيـل، ١٤/ڤـالا فريـد، ١٥/ فخرالـدين قادر) داخازا ژ جەنابێ وە دکەين کو ئەڤێ پرۆژێ ژی ڕەوانەيێ ليژنەيەن پەيوەندار بکەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەيە ياسايەش ئاراستەی ليژنەی كاروباری ياسايی و ليژنەی ئەوقاف و كاروبـاری ئـايينی و ليژنـەی داكۆكی له مافی ئافرەت دەكرێت، هەروەها سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەيەكا دی هاتيه پێشكەش كرنێ، (القانون الاساسی لجمعية الهلال الاحمر الكوردستانی) كو ژ ٥٤ ماددەيـا پێك دێت، دگەل هۆكارێن دەركرنا ئـەڤێ پـرۆژەی، دەسـت پـێ دكـاتن ژ (١/ڕێـواز فـائق، ٢/سـعيد مەصـيفی، ٣/قـادر ئۆتمـان، ٤/سـالار محمـود، ٥/شـيلان جعفـر، ٦/كـەژاڵ هـادی، ٧/سـهراب ميكائيـل، ٨/زولفـا محمـود، ٩/فرسـت صـۆفی، ١٠/عـەباس غـزالی، ١١/مـەردان خـدر، ١٢/بـاپير كامـەلا، ١٣/بێگـەرد دڵشـاد، ١٤/صـالح فقـێ، ١٥/عـزت صـابر، ١٦/خلـف احمـد، ١٧/ فخرالـدين قـادر) داخـازا ژ جـەنابێ وە دكـەين كـو ئـەڤێ پـرۆژێ ژی ڕەوانەی ليجانێن پەيوەنديدار بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاراسـتەی ليژنـەی كاروبـاری ياسـايی و ليژنـەی ڕێكخراوەكـانی كۆمەڵگـەی مـەدەنی و گشـت ئەنـدامانی پەرلەمانی كوردستان دەكەم، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەخیر پرۆژە بڕیار بناڤێ (استحداث محافظة زاخو فی اقلیم کوردستان _ العراق) کو ژ ٥ ماددەیا پێك دێت دگەل هۆکارێن دەرکرنا ئەڤێ پرۆژە بڕیارا، دەست پێ دکەتن ( ١/ڤەمان فیصل، ٢/ئێڤار ابراهیم، ٣/وحیدە یاقو، ٤/منی نبی، ٥/عادل عزیز، ٦/صالح بشار، ٧/زیاد حسین، ٨/عبدالله جاسم، ٩/مدینە ایوب، ١٠/شرین حسنی، ١١/ڤیان عباس، ١٢/مەردان خدر، ١٣/سۆران عمر، ١٤/علی هالۆ، ١٥/گۆران ئازاد، ١٦/بشار مشیر، ١٧/عمر صالح، ١٨/فرحان جوهر، ١٩/شوان شێخ احمد، ٢٠/ادریس علی) داخازا ژ جەنابێ وە دکەین کو ئەڤێ پرۆژە بڕیارێ ژێ ڕەوانەی لیجانێن پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان ئەخیرەن ئاواتەکەت هاتەدی، ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان و گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله سەرۆکی پەرلەمان هەرچەندە نوقتەت نیزامیش نییە، بەس ئەم دڤێتن یەعنی بڕاستی بشێوەیەکا فەرمی سوپاسێ جەنابێ تە وسەرۆکایەتیێ بکەم، پاڵپشتی و پشتەڤانی کرن ڤێ پرۆژەیا بڕیارێ دا، زۆر سوپاس بۆ وان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتا دیار نییە پاڵپشتی لێ دەکەین یان نا؟، زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان بڕگەکانی تری بەرنامەی کار هەڵدەگرین بۆ دانیشتنەکانی ترمان، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)ی**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٨\١٠\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٨

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٨ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی

جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٨)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٢. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٨)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٠/٢٨)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی گرێدانی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (٢٠١٤/١٠/٢٨) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

١. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٢. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

لە دەسپێکی دانیشتنەکە بەخێرهاتنی بەڕێز (د. نوری تاڵەبانی) سەرۆکی ئەکادیمیای کورد دەکەین بۆ دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢٢)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (١. انس محمد شریف ـ مۆڵەت، ٢. زۆزان صادق سعید ـ مۆڵەت، ٣. ڤیان عباس عمر ـ مۆڵەت، ٤. فیروز طه عبدالخالق ـ مۆڵەت، ٥. محمد علی یاسین ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، داوا لە بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکان رۆژی یەکشەممە (٢٠١٤/١٠/٢٦) کۆبوونەوەیان ئەنجامدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە، لیژنەی ئاوادانکردنەوەو نیشتەجێکردن بەڕێز ( شیلان جعفر ـ مۆڵەت) لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی گشت ئەندامان ئامەدەی کۆبوونەوە بوونە، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان دیارە سێ بەڕێز مۆڵەت بوونە (بشار مشیر، مۆڵەت، ئاواز جەنگی، مۆڵەت، عباس غزالی ـ مۆڵەت) لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە دواخراوە بۆ رۆژی دووشەممە، لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان دواخراوە بۆ رۆژی دووشەممە، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دواخراوە بۆ رۆژی دووشەممە، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، دیارە لیژنە بە پێویستیان زانیوە بە نووسراوی (٧٧) لە (٢٠١٤/١٠/٢٦) کە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوپێچ کراوە، لەمەودوا کۆبوونەوەکان خۆیان رۆژانی دووشەممە کاتژمێر (٩)ی بەیانی ئەنجام دەدەن، دیارە بەڕێز (شێرکۆ جودت) ئاگادار نەکرابوو بۆ کۆبوونەوەی (٢٠١٤/١٠/٢٢) و، ئەوەش تۆمار کراوە، بە غایب لە قەلەم نادرێتن، لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی دواخراوە بۆ (٢٧)ی مانگ رۆژی دووشەممە، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان دواخراوە بۆ رۆژی دووشەممە، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت بە هۆی سەفەرێکی کوت و پڕ کە هاتە پێشەوە ئەندامانی لیژنەکە بۆ شاری سلێمانی سەفەریان کردبوو بە مەبەستی بەدواداچوونی ئەو سێ ئافرەتەی زیندانی بوون و، مانیان گرتبوو لە خواردن، کۆبوونەوەکەی لیژنە ئەنجام نەدرا بەو هۆیەوە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێویستیان نەزانیوە کۆبوونەوەکە ئەنجام بدەن و دواخراوە، تەبیعی ئەمە کۆبوونەوەکانی رۆژی دووشەممەنە ئەوەی ئێستا خوێندمەوە، لیژنەی وەرزش و لاوان کۆبوونەوەکەیان ئەنجام نەداوە، لەبەرئەوەی ئەندامانی لیژنە سەردانی پارێزگای سلێمانیان کردبوو بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەکانی وەرزش و لاوان لەوێ، لیژنەی پێشمەرگە و و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە، تەنها بەڕێز (عبدالله محمود محمد) مۆڵەت بووە، ئەمەی دووشەممە، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە کۆبوونەوەکەیان ئەنجام نەداوە، تەنها بەڕێز (د. شرین حسنی) مۆڵەت بووە، لیژنەی دەست پاکی کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە،

به ئامادەبوونی گشت ئەندامانی لیژنە، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە و، دوو بەڕێز (علی حەمە صالح و د. عزت صابر) ئامادەنەبوونە، لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدراوە، لەبەر سەردانی ئەندامان بۆ قەلاَی هەولێر و، بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان تەنها بەڕێز (د. شرین حسنی) مۆڵەت بووە، لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان تەنها بەڕێز (ڤەمان فیصل سلیم) مۆڵەت بووە و، بەڕێزان (د. ڤالاَ فرید و زولفا محمود) ئامادە نەبوونە لەبەرئەوەی کۆبوونەوەی تریان هەبووە، بە غایب لە قەلەم نادرێن، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان تەنها بەڕێز (ناظم کبیر) مۆڵەت بووەن بەهۆی شەهیدبوونی براکەیەوە، کە سەرە خۆشی لە بەڕێزیان دەکەین، لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ حەفتەی ئایندە، لیژنەی کۆمەلاَیەتی و منداڵ و خێزان کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە و، بەڕێزان (کەژاڵ هادی و فیرۆز طه و ئاواز جەنگی و سرود سلیم) مۆڵەت بوونە، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر بەهۆی مۆڵەتی ئەندامانی لیژنە کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ رۆژی سێشەممە و، کۆبوونەوەکە ئەمڕۆ ئەنجامدراوە، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە، دوو بەڕێز (مەردان خضر و زۆزان صادق) مۆڵەت بوونە، دیارە دوو لیژنە کە کۆبوونەوەکەیان دواخرابوو ئەمڕۆ ئەنجامیانداوە، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر وەکو باسمان کرد، دوو بەڕێز ئامادەی کۆبوونەوە نەبوون (زانا عبدالرحن و ڤیان عباس) مۆڵەت بوونە، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، کۆبووەنەوەکەیان ئەمڕۆ ئەنجامداوە دوو بەڕێز ئامادەی کۆبوونەوە نەبوون(علی حەمە صالح و شرین حسنی) مۆڵەت بوونە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە کورتەیەك لە کۆنووسی پەرلەمان بخوێنێتەوە فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧) لە بەرواری ٢٠١٤/١٠/٢٢ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ ـ پەسەندکردنی گفتوگۆکردن لە سەر گرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە.

٤ ـ دەنگدان لە سەر ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لە سەر داوای بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە.

٥ ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ریکخستنی خۆپیشاندان بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان دواخرا بۆ سەرەتای خولی گرێدانی پەرلەمانی کوردستان.

٦ ـ خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١١) پڕۆژە یاسا و بڕیار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، فەرموو د. عزت نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان خوێندیەوە کە دوو بەڕێز لە لیژنەی سامانە سرۆشتییەکان دوێنێ ئامادەنەبوون، خۆتان دەزانن دوێنێ سەعات (١٢) کۆبوونەوە بووە، بەندەش یەکێك بووە لەوانە کە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان سەردانی دیوانی چاودێری داراییمان کردووە، بۆیە ئەگەر بە غایب حیساب کراوم غیابەکەم بسڕنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە مۆڵەت نووسراوە، فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە مەبەستی زیاتر ڕێکخستنەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان، دوو داواکاریمان لەبەر دەست دایە، تکایە ڕەزامەندی بفەرموو بۆ دەنگدان لە سەری، یەکەم: پەرلەمانتاری بەڕێز (عمر صالح عمر) لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان بووە دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەشکردووە، دەیەوێ بچێتە لیژنەی کاروباری پەرلەمان، تکایە ڕەزامەندیتان لە سەر خستنە دەنگدانی (عمر صالح عمر) بۆ لیژنەی کاروباری پەرلەمان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، پەسەند کراوە پێشتر و، ئێستا تەنها دەنگدان لە سەر ئەوە دەکەین کە بەڕێز(عمر صالح عمر) بچێتە لیژنەی کاروباری پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (عمر صالح عمر) بچێتە لیژنەی کاروباری پەرلەمانی کوردستان؟ (٨١) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ (١) کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند کرا،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەها بەڕێز (کەژاڵ هادی فەقێ) لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەشکردووە، دەیەوێ بچێتە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، تکایە ڕەزامەندی بفەرموو بۆ دەنگدان لە سەری بەڕێز(کەژاڵ هادی فەقێ) ئەندام پەرلەمانی ناوبراو، بۆ لیژنەی دیاریکراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (کەژاڵ هادی فەقێ) ببێ بە ئەندام لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان،کێ لەگەڵ دایە با دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە لەگەڵدا نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، بەڕێزان ئێستا دەست دەکەین بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بڕگەی یەکەمی بریتییە لە گفتوگۆکردنی لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، فەرموو کاک ئاری نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ئاری محمد (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە داواکاریەکمان داوەتە دەست جەنابتان کە ئەمڕۆ لیژنەی پێشمەرگە بە شێوەیەکی فەرمی سەردانی پرسەکەی برای کاک (ناظم کبیر) کە شەهید بووە ئێمە داوامان کردووە لە جەنابتان کە لە سەعات (١١/٣٠) و نیو هۆڵی کۆبوونەوە بەجێ دێڵین لەبەرئەوەی ژمارەکەمان زۆرە، بۆ ئەوەی تەشویشێك دروست نەبێ حەزمان کرد جەنابت ئیشارەیەکت بەوە دابا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەڕای دووبارە ڕاگەیاندنی پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە کۆچی دوایی شەهیدی قارەمان بەرای بەڕێز کاك (ناظم کبیر) و، سەرجەم ئەو شەهیدانەی کە لە ماوەی رابردوو لە بەرەکانی جەنگ شەهید بوون و، هیوای چاك بوونەوەی خێرا بۆ سەرجەم بریندارەکانی شەڕی دژی تیرۆر کە ئێستا بە درێژایی (١٠٣٠) کیلۆمەتر لە هەرێمی کوردستان جەنگی دژ بەوان هەیە و، سەرەڕای دووبارەکردنەوەی دەست خۆشیمان لە قارەمانیەتی لە هێزی پێشمەرگە و، سەرجەم شەرڤانان لە قەرەتەپە و جەلەولاوە بۆ کۆبانێ و، دەست خۆشی لێکردنیان داواکاریەکەی ئێوە پەسەند کراوە و، لە کاتی دیاریکراو ئێوە دەتوانن هۆڵی پەرلەمان بەجێ بێڵن، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێشنیارێك هەیە لەلایەن سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کە داوای ئەوە دەکەن کە ئەو هەموارەی پەیڕەوی ناوخۆ بسپێردرێت بەو لیژنە کاتییەی کە دروست کراوە بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە داوایان لێ دەکەین بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی روونکردنەوەی خۆی بدات سەرۆکی لیژنەی هەمواری پەیڕەویش روونکردنەوەی خۆی بدات، دوای روونکردنەوەکانی ئەوان ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە، فەرموو

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکەین ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوەی لیژنەیەکی کاتی تایبەتمەند پێکهاتووە بۆ پێداچوونە بەو پەیڕەوە، بۆیە پێشنیار دەکەین هەرچی پەیوەندیدار بێ بە پەیڕەوی ناوخۆ بسپێردرێتن بەو لیژنەیە و، ئەو لیژنەیەش بەشێوەیەکی تۆکمە ئیشەکانی خۆی جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. فرست، سەرۆکی کاتی هەمواری پەیڕەو قسەیەکت هەیە لەم بوارە؟ فەرموو

**بەڕێز د. فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو پێشنیارەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پێشکەشی کرد پێشنیارێکی بەجێیە و، بۆ ئەوەی باشتر بتوانین دیراسەی بکەین، ئێمەش پێمان باشە ئەو بڕگەیە بەتەواوی تەئجیل بکرێ و، ئێمە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ جێگای بۆ بکەینەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکێك لەو هەموارانەی کە زۆر زەروور بوو بەپێی ئەو هەموارەی کە ئێستا لەبەر دەستتان دایە، مەسەلەی دیاریکردنی خولەکانی گرێدانە کە تا ئێستا بوویتە یەکێك لە کێشەکانی ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەگەر ئەو بابەتە تەئجیل ببێ ئەوە ئێمە لە (٢٠١٤/١١/٦) کە ساڵ ڕۆژی سوێند خواردنی ئەندامانی پەرلەمانە، لەوە بەدوا لە بەرنامەی کاری دانیشتن دەنووسین ساڵی دووەم و، خولی گرێدانی یەکەم تا ئەوکاتەی لیژنەی هەمواری پەیڕەو ڕێکارێکی یاسایی و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتەی کە پەیوەندیدارە بە ڕێکخستنی خولی گرێدانەکانی ساڵەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەتەواوەتی ڕێك دەخا، بەو شێوەیە موعالەجەی دەکەین تا خولی گرێدانەکان ڕێك دەخرێتەوە، ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە کە کۆی ئەو ڕاپۆرتە حازر کراوە لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ بسپێردرێت بە لیژنەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کێ لەگەڵ دایە؟ (٨٣) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە لەگەڵ نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، ئێستا دەڕۆینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتیە لە (گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو). بۆ ئەمە داوا لە سەرۆکایەتی لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە دەکەین کە بێنە سەر سەکۆی تایبەت بۆ دەستپێکردن بە گفتوگۆکردنی بابەتی پەیوەندیدار بە پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە بریتین لەم لیژنانە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر سەرۆکایەتیەکەیان با بفەرموێ بۆ ئێرە، بەڕێزان ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤)

و (٧٥) له پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، لە دەست پێکدا بەڕێز (د. نوری تاڵەبانی) سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی ئەگەر وتەیەکی هەیە با بفەرمووێ،

**بەڕێز د. نوری تاڵەبانی/ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆشحاڵم بە ئامادەبوونم ئەمڕۆ لە هۆڵی پەرلەماندا کە پێشتریش لێرە دابووم، بۆ ئەوەی ئەگەر پرسیارێك یان روونکردنەوەیەك پێویستی کرد، بتوانم وەڵامی ئێوەی بەڕێز بدەمەوە، سەبارەت بەو پڕۆژە قانونەی کە ئەمڕۆ تاوتوێی دەکەن، پێم باشە بە دوو وشەش بێ ئاماژە بە شێوەی دروستکردنی ئەکادیمیای کوردی و کارو ئەرکەکانی سەرشانی روون بکەمەوە، ئەکادیمیای کوردی درێژە پێ دراوی کۆڕی زانیاری کوردە کە لە ساڵی (١٩٧٠) لە بەغدا دامەزرا، دواتر بەپێی قانونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٧) بەناوی کۆڕی زانیاری کوردستان دامەزرایەوە، ئەو قانونە چەند جارێکی تر هەموار کراوەتەوە و ناوی گۆڕاوە بۆ ئەکادیمیای کوردی بەپێی قانونی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، بەپێی ماددەی یەکەمی ئەو قانونە ئەکادیمیای کوردی لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بە بڕیاری ژمارە (١٧٤٠)ی رێکەوتی (٢٠٠٧/٧/١٢)ی ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە، پێویست ناکات لێرەدا ئاماژە بە ئامانجەکانی ئەکادیمیای کوردی بکەم، سەبارەت بەو پڕۆژە قانونە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوامان لێکرا کە نوێنەری خۆمان بنێرین بۆ بەشداری کردن لە ئەو لیژنەیەی کە لەوێ دامەزرا بوو بۆ تەماشاکردنەوەی ئەو پڕۆژە قانونە، نوێنەری ئەکادیمیا لەوێ ئامادەبوو، لەوێ بڕیار درابوو کەوا ئەو کۆمسیۆنە راستە ئەرکێکی زۆری هەیە، بەڵام بەشی زۆری ئەرکەکانی وەکو لەو پڕۆژەیەدا هاتوونە، ئەرکی ئەکادیمیای کوردییە، لەگەڵ ئەرکی چەند وەزارەتێکی دیکەدا بەتایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی رۆشنبیری، ئێمەش ئەو پڕۆژە قانونەمان خستە بەردەمی ئەنجومەنی ئەکادیمیاوە کە باڵاترین دەسەڵاتە لەو دەزگا زانستییەدا زۆر بە روونی راو بۆچوونی خۆی لە سەر نووسی و لە سەر هەر یەکە لەو ماددانەی کەوا لەوێدا پێشنیازکراون رای خۆمان دیاری کردووە، دەتوانن تەماشای بکەن و ئەگەر پێویستیشی کرد ئامادەم لە خزمەتتان بۆ روونکردنەوەی هەر پرسیارێك کە ئاڕاستەی من دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د. نوری تاڵەبانی) سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، ئێستا دەست بە وتوێژەکەمان دەکەین داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە ئەسڵی پڕۆژە یاساکە و، راپۆرتی لیژنەی هاوبەش، راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان لە سەر پڕۆژە یاساکە بخوێننەوە، فەرموو،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د. بەهار ئەسڵی پڕۆژەکە دەخاتە روو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق،

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو و زاراوەکان**

**ماددەی (١):**

**مەبەست لەم زاراوانەی لەم یاسایەدا بەکارهاتوون ئەمانەن:**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**دووەم: زمانە فەرمییەکان: ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمی بوونیاندا نراوە.**

**سێیەم: کۆمسیۆن: کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان.**

**بەشی دووەم**

**بنەماو ئامانجەکان**

**ماددەی (٢):**

**زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دوو زمانی فەرمین لەسەرانسەری عێراقدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.**

**ماددەی (٣):**

**له هەرێمی کوردستاندا زمانی پێکهاتەکانی تری عێراق، زمانەکانی ( تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) لە یەکەی کارگێڕی خۆیان و لەو حاڵەتاندا کە پێویستە، لە پاڵ زمانی کوردیدا فەرمین.**

**ماددەی (٤):**

**ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بەکردەیی کردنی فەرمییەتی زمانی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا و ڕێکخستنی ئەو فەرمیەتییەیە لە پەیوەندی لەگەڵ زمانە فەرمییەکانی دیکەی عێراقی فیدراڵدا.**

**ماددەی (٥):**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی ئاسایشی نەتەوەییمان سیاسەتێکی روون و پتەوی زمان دادەڕێژێ و پەیڕەو دەکات، هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە پێناو پەرەپێدان و پێش خستنی زمان و کلتوری کوردی هەماهەنگی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و رەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵاتیش دەکات.**

## بەشی سێیەم

## زمانی یاسا و دادگاکان

**ماددەی (٦):**

**هەموو پڕۆژە یاسایەك لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی ئامادە و پەسەند دەکرێت.**

**ماددەی (٧):**

**لیژنەکانی داڕشتنی یاسا پێویستە پسپوڕی زمانەوانییان تێدا بێت.**

**ماددەی (٨):**

**لە رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەقی یاسا و بڕیارەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاّودەکرێتەوە، لە حاڵەتی گومان لە شیکردنەوەدا نووسراوی کوردی یاساکان سەرچاوەیە.**

**ماددەی (٩):**

**لە دەرچوونی هەر یاسایەکدا ئاماژە بە زمانە فەرمییەکان و لایەنی جێبەجێکردنی یاساکە دەکرێت.**

**ماددەی (١٠):**

**هەموو ڕێ و شوێنە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن و دەنووسرێن.**

**ماددەی (١١):**

**لە حاڵەتێکدا کە لایەنێکی داواکاری یاسایی عەرەب زمان بێت یان سەر یەکێك لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بێت یان لە هەر حاڵەتێکی دیکەی پێویستدا بەکارهێنانی ئەو زمانەش لە ڕێ و شوێنە دادوەریەکان و بڕیاری دادگاکاندا ڕێگە پێدراوە، بەمەرجێك وەرگێڕ بۆ زمانی کوردی دابین بکرێت.**

## بەشی چوارەم

## زمانی دام و دەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە

**ماددەی (١٢):**

**زمانی کوردی، زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەرییە.**

**ماددەی (١٣):**

**زمانی پەیوەندی و نامەکاری لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی دیکەی عیراق، زمانی کوردی و عەرەبیە، بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان دەکرێ لەگەڵ زمانی کوردی و عەرەبی زمانی لایەنێکی دیکەش بەکاربێت.**

**ماددەی (١٤):**

**ڕێکەوتنە دوو قۆڵی یان چەند قۆڵییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پێویستە بە زمانی کوردی و زمانی لایەنەکەی دیکە بێت.**

**ماددەی (١٥):**

**لە دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران و کارمەندان، بەرزکردنەوەی پلەکانیان، زانینی زمانی کوردی وەك یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە کورد**

**نەبوو یاخود کوردی نەزانێت، ئەوا پێویستە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی بێت.**

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم: تابلۆی سەرجەم فەرمانگە حکومییەکان دەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی بێت، بەمەرجێك نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت.**

**دووەم: تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسەلگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە بێت.**

**ماددەی (١٧):**

**هەر دام و دەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەکانیدا ڕەچاوی زمانی کوردیش بکات.**

**ماددەی (١٨):**

**تابلۆی سەر شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بە مەرجێك نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت.**

## بەشی پێنجەم

## زمانی خوێندن

**ماددەی (١٩):**

**زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستاندا.**

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم: خوێندن بە زمانەکانی (عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) لە قوتابخانە حکومییەکانـدا لـە ژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردەدا دەبێت.**

**دووەم: خوێندن بـە زمانـە بیانییـەکان لـە قوتابخانـە ئەهلیەکانـدا لـە ژێـر چـاودێری وەزارەتـی پـەروەردەدا دەبێت.**

**سێیەم: هەموو باخچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگا و کۆلێژێکی پەروەردەی ئەهلی و کەرتی تایبەت لە سەریەتی خوێندنی بەشەوانەی زمانی کوردی بە پێی پرەنسیپەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ریزی ماددە خوێندراوە سەپێنراوەکانی بێت، بەپێچەوانەوە قوتابیەکان بۆیان نییە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێن.**

**ماددەی (٢١):**

**لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان بەتایبەتی زانستە مرۆییەکان قوتابی بە زمانی کوردی دەخوێنێت و وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەداتەوە، زمانەکانی دیکەش رێگە پێدراون، بەمەرجێك زمانی کوردی زمانی یەکەمی خوێندن بێت.**

**ماددەی (٢٢):**

**لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکاندا بەپێی پسیۆری بەشەکان زمانەکانی دیکە رێگە پێدراون، بەمەرجێك ماددەیەکی تایبەت بە کوردۆلۆجیان هەبێت.**

**ماددەی (٢٣):**

**خوێندن بە خەتی (برایل) بۆ خاوەن پێداویستە تایبەتەکان بە زمانی کوردی دابین بکرێت.**

**بەشی شەشەم**

**زمانی کارو بازرگانی**

**ماددەی (٢٤):**

**هەر دەزگایـەکی خزمـەتگوزاری کـەرتی تایبـەت کـە مامەڵـەی لەگـەڵ هاووڵاتیانـدا هـەبێت پێویسـتە زمـانی کوردی بەکار بهێنێت، بەکارهێنانی زمـانێکی دیکـەی فـەرمی عێـراق یـان زمـانێکی بیـانی بـەپێی پێویسـتی خزمەتگوزارییەکەی و زمانی بەکاربەران ئازادە.**

**ماددەی (٢٥):**

**پێویستە تابلۆی سەر سەرجەم نووسینگە و فرۆشگاو چێشتخانە و ئوتێل و شوێنە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت بە زمانی کوردی بێت، دەشێ لە پاڵ زمانی کوردی بە زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق یان بە زمانی دیکەی بیانی بنووسرێت بەمەرجێك نووسینە کوردییەکە دەرکەوتووتر بێت، بەپێچەوانەوە مۆڵەتی کردنەوەیان پێ نادرێت..**

**ماددەی ٢٦:**

**بۆ دامەزراندن یان گرێبەست لە هەر شوێنێك، پێویستە زمانی کوردی وەکو یەکێك لە زمانە سەرەکییەکان بێت.**

**ماددەی ٢٧:**

**لە پەیوەندی زارەکیی و نووسراوی نێوان خاوەنکاری کەرتی تایبەت و کارمەندەکانیدا ( بەگرێبەستیشەوە) ، زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت، دەکرێت زمانێکی تریش لەگەڵ زمانی کوردی بەکاربهێنرێت.**

**ماددەی ٢٨:**

**پێویستە هەموو ئاگادارییەکی کاردۆزینەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی و هەر زمانێکی تری پێویست بلاوبکرێتەوە.**

**ماددەی ٢٩:**

**پێویستە هەموو شتومەك و کەل و پەل و کالایەك کە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت، بە زمانی کوردی (وێرای زمانی دیکە) لەسەری بنووسرێت، حکومەت لە سیاسەتی مۆڵەت بەخشین و ئاسانکاری بۆ هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی لە دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی عێراق بەرهەم دەهێنرێن، دەبێت مەرجی نووسین بە زمانی کوردی لەسەر بەرهەمەکان وەك یەکێك لە پێوەرەکانی مۆڵەت و ئاسانکارییەکان بەکاربێنێت، ئەمە نووسینی سەر ڕێنمایی بەکارهێنان وکەتەلۆگی سەرجەم بەرهەمەکان بەتایبەتی داو ودەرمانیش دەگرێتەوە.**

**ماددەی ٣٠:**

**پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و پارە وەرگرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسولە و زەرف ... هتد بە زمانی کوردی بن، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی ، یان زمانێکی بیانی لە پاڵیدا ڕێگەپێدراوە.**

**ماددەی ٣١:**

هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشەیەك لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە زمانی کوردی بێت، بەلام بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، یان زمانێکی بیانی لە پاڵیدا ڕێگەپێدراوە.

ماددەی ٣٢:

ڕۆژنامە و میدیا و ناوەندە کلتوورییە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ، بۆیان هەیە زمانی کوردی بەکاربهێنن.

## بەشی حەوتەم

## زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان

ماددەی ٣٣:

لە هەر یەکەیەکی کارگێڕیدا، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی سەر بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کوردبن، بۆیان هەیە بە ڕاپرسییەکی خۆجێیی زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی کوردیدا بکەن بە زمانی فەرمیی کاروباری ناوخۆییان.

ماددەی ٣٤:

دەبێت دامەزراوەکانی ئەم جۆرە پێکهاتانە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، زمانی کوردی بەکار بێنن.

## بەشی هەشتەم -

## کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان:

ماددەی ٣٥:

**لە پێناو جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە و بەڕێوەبردنی سیاسەتی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆنێك بە ناوی کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان دادەمەزرێ.**

ماددەی ٣٦:

**کۆمسیۆن خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی داراییە، بودجەی تایبەت و کارگێڕی هەیە، دەستەلاتی گرتنەبەری هەموو ڕێکارێکی یاسایی هەیە.**

ماددەی ٣٧:

**کۆمسیۆن لە (٩) پسپۆری بواری زمان و یاسا و کارگێڕی کە خۆیان بۆ ئەم ئەرکە تەرخان ئەکەن پێکدێت، ئەندامانی کۆمسیۆن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی (٤) ساڵ دیاری ئەکرێن، ئەکرێ ماوەکەیان جارێك نوێ بکرێتەوە، مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە کۆمسیۆن ئەمانەن:**

**١ تەمەنیان لە (٣٥) ساڵ کەمتر نەبێ.**

**٢- بە لای کەم (١٠) ساڵ لە بواری خۆی خزمەتی کردبێ.**

**٣- بڕوانانەی زانکۆیی هەبێت.**

ماددەی ٣٨:

کۆمسیۆن دەستەڵاتی پەسند کردنی پەیڕەوی ناوخۆ و هەموو ڕێنماییەکی هەیە کە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی پێویست بێ، بۆ مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردن و لێسەندنەوەی مۆڵەتی کارکردن و داخستن، لیژنەیەك لە نوێنەرانی کۆمسیۆن و ئەکادیمیای کوردی و پارێزگا و شارەوانی پێك دەهێنرێ.

ماددەی ٣٩:

کۆمسیۆن لە دوو بەشی لیژنەی زمان و لیژنەی بەدواداچوون و پشکنین پێك دێت:

١ لیژنەی زمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی لە بواری بە کوردی کردنی زاراوە کارگێری و پسپۆریەکان یارمەتی دەزگا حکومی و ناحکومییەکان ئەدات، پاش پەسند کردن لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاًویان ئەکاتەوە.

٢- لیژنەی پشکنین و بەدوا داچوون لەسەر بنەمای تۆمار کردنی سکالاًی هاوولاًتیان، یان بە دەست پێشخەری خۆی پشکنەرکانی ئەنێرێتە سەر ئەو دامەزراو و ناوەندانەی کە ڕەفتاریان لەگەڵ یاسای زمانە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان ناتەبایە.

ماددەی ٤٠:

هەر کۆمپانیا و دەزگایەکی خزمەتگوزاری کەرتی تایبەت کە کارمەندی هەبێت و زمانی کوردی نەزانێ، لە ژێر چاودێری کۆمسیۆن پلان بۆ باش کردنی باری زمانی کوردی دادەنێت.

ماددەی ٤١:

کۆمیسیۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی بۆ ناونان و ناوبردنی شوێن و دەڤەرەکان لە هەرێمی کوردستان پێشنیاز ئەداتە حکومەت بۆ ئەوەی جێ بەجێی بکات.

ماددەی ٤٢:

کۆمیسیۆن هەموو ساڵێك ڕاپۆرتێکی چڕ و پڕ لەسەر باری زمانی کوردی لەبواری گشتی و حکومی ئەداتە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە پێی پێویست بڕیاری لەسەر بدرێ.

## بەشی هەشتەم

## سزاکان

**ماددەی ٤٣:**

ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:

**یەکەم**:ئەگەر بەرپرسیاری سەرپێچیەکە کەسێکی مەعنەوی کەرتی گشتی بوو، کۆمسیۆن لە ڕێی هۆشداریدانەوە سەرنجی دامەزراوە حکومیەکە بۆ سەرپێچیەکە ڕائەکێشێ، ئەگەر پاش تێپەڕ بوونی ئەو ماوەی کۆمسیۆن دیاری ئەکات دامەزراوە گشتییەکە لەسەر سەرپێچییەکە بەردوام بوو، ئەوە کۆمیسیۆن ئەتوانێ هۆشداریدانەکە لە ڕۆژنامە و میدیاکان بلاو بکاتەوە.

**دووەم**: ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەری کەرتی گشتی بوو نەك دامەزراوەکە، وەکو کەسێکی مەعنەوی و لە کاتی جێ بەجێ کردنی وەزیفەکەی ئەو سەرپێچیەی کرد، ئەوە بە نووسین ئاگادار ئەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاری کراو دا سەرپێچیەکەی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچیەکەی بەردەوام بوو لە ڕێگەی بەرزترین بەرپرسی دامەزراوەکەیەوە سزای ئینزیباتی ئەخرێتە سەر بە پێی یاسای ڕێکاری فەرمانبەرانی دەولەت لە هەرێمی کوردستان.

**سێیەم**:ئەگەر سەرپێچیکار کەسی سروشتی بێ یان مەعنەوی، سەر بە کەرتی تایبەت یان دامەزراوەیەکی حکومی دەرەوەی هەرێمی کوردستان یان بیانی بێت، هۆشداری پێ ئەدرێ تا لەماوەی دیاری کراو سەرپێچیەکەی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر پابەند نەبوو ئەوە بە غرامەیەك سزا ئەدرێ کە نابێ لە ئەوەندە دینار کەمتر بێ و لە ئەوەندە زیاتر بێ لە حالەتێك کە ئەو ڕێکارانە نەبنە هۆی ڕاست کردنەوەی سەرپێچیەکە ئەوە کۆمسیۆن بۆی هەیە داوای یاسایی لەسەر لایەنی پێشێلکار تۆمار بکات.

**چوارەم**:

١ لە حالەتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچی غەرامە دوو ئەوەندە ئەکرێ.

٢- ئەگەر لایەنی سەرپێچیکار کەرتی تایبەت بوو و بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچی، ئەوە شوێنەکە بۆ ماوەیەك دائەخرێ.

**پێنجەم**:ئەگەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بە زارەکی یان بە نووسین یان بە هەر شێوازێك ڕێگە لە بەکارهێنانی زمانە فەرمیەکان و زمانی پێکهاتەکانی تری عێراق بگرێت، ئەوە ئەبێ بە بەند کردن و غەرامە سزا بدرێ، بە مەرجێك سزای بەند کردن لە مانگێك کەمتر نەبێ، و لە سێ مانگ زیاتر نەبێ، غەرامەکەش دیاری نەکراوە، ئەوەندە دینار کەمتر نەبێ، ئەوەندەش زیاتر نەبێ.

## بەشی دەیەم

## مادده دوماهیيەکان

**ماددەی ( ٤٤ ):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان،فەرمانەکان یان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی ( ٤٥ ):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکان یان حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**ماددەی ( ٤٦ ):**

دوای ئەوەی بڕیاری کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان دەرئەچیت ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دانانی ئەم یاساییە

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)ی کۆماری عێراقی فیدراڵ، کە شان بەشانی عەرەبی دانی بە فەرمی بوونی زمانی کوردی ناوە لەسەرانسەری عێراق، و دانی بە زمانەکانی پێکهاتەکانی دیکەش دانەوە، لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت وەك یاسا گەلی دەوڵەت و هەرێمی زمانە فەرمییەکان لە بواری سیاسەتی زمانی دا، بە پێویست زانرا یاسایەکی لەم چەشنە وەکو سەرچاوەی سیاسیەتی زمانی پەسند بکرێ، و بخرێتە کار، بۆیە ئەم یاسایە تەشریع کرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار نوقتەی نیزامییە؟ فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا پێشنیارێکم هەیە، دەست خۆشی لە لیژنەی پەیوەندیدار ئەکەم کە پرۆژەکەیان زۆر باشتر کردووە لە ڕاپۆرتی هاوبەشی خۆیان، بۆیە من بەر لەوەی ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە بخوێندرابایەوە، پێم باش بوو ئەو بابەتە کە پەیوەندی بەو پرۆژە یاسایەوە هەیە، ڕاپۆرتەکە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ کردن، چونکە زۆر باشتر کراوە، بە تایبەتی مەسەلەی زمان پەوەندی بە مافەوە هەیە، و یاسای نێودەوڵەتی زمانی

نەتەوەکانی دابین کردووە، لە ڕاپۆرتەکە هەندێ بابەت هەیە لە ئەسڵی یاساکە تایبەت بە زمانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی هەبوو لادراوە، هەندێ مەسەلە هەیە ئەبێ ڕیعایەتی ئەوە بکەین نەخرێتە دەنگدانەوە، مافی زمانی نەتەوەکانی کوردستان بە دەنگدان یەکلایی نەکرێتەوە، بسەلمێندرێ، لەبەر ئەوە وەکو یەکێك لەوانەی واژووم لەسەر پرۆژە یاساکە هەیە، و هەوڵ دراوە مافی زمانی نەتەوەکانی تر لە پرۆژە یاساکە ڕەچاو بکرێ، و لە ڕاپۆرتەکەش ڕەچاو کراوە، بەڵام هەندێ کورت کراوەتەوە، پێم باشە ئەوە بکرێتە بنەما دواتر ماددەکان موناقەشە بکەین، واتە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێتە بنەما بۆ کورت کردنەوە گفتوگۆکانیش، سوپاس.

**بەڕێز محمد یوسف صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ خۆشیان پێشنیارێکی لەو شێوەیان هەیە، بەڵام بە پێی پەیڕەو پێویستە ئەسڵی پرۆژە یاساکەش بخوێندرێتەوە، دوایی ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان، ئەگەر پێشنیار هەبوو ڕاپۆرتی هاوبەش یان لیژنەیەك بکرێتە بنەما، ئەوەش ئەخەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی ئەو کات بنەمای گفتوگۆ کردن ڕاپۆرتە هاوبەشەکە ئەبێت، ئێستا داوا لە لیژنەکان ئەکەین ڕاپۆرتی هاوبەشیش بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت/ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

لێژنەی کاروباری یاسایی و رۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر و پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رۆژی (سێ شەممە ٢٢ی ڕەزبەر)ی کوردی بەرامبەربە (١٤/١٠/٢٠١٤) ی زاینی کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای (**زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان**) کە لەلایەن (ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ) ەوە پێشکەش کراوە ، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە ( ٤ ) لە رۆژی چوارشەممە بەرواری**١٤/٥/ ٢٠١٤** ڕەوانەی لێژنەکان کراوە.دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن، لێژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**یاسای ژمارە (     ) ی ساڵی ٢٠١٤**

**زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو زاراوەکان**

**ماددەی ( ١ ):**

مەبەست لەم زاراوانەی لەم یاسایەدا بەکارهاتوون ئەمانەن:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان–عێراق.

**دووەم:** زمانە فەرمییەکان: ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمی بوونیاندا نراوە.

## بەشی دووەم

## بنەماو ئامانجەکان

**ماددەی ( ٢ ):**

زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دوو زمانی فەرمین لەسەرانسەری عێراقدا ، لە هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی زمانی سەرەکی یە.

**ماددەی ( ٣ ):**

لە هەرێمی کوردستاندا زمانی پێکهاتەکانی( تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان و لەو حاڵەتاندا کە پێویستە، لە پاڵ زمانی کوردیدا فەرمین.

**ماددەی ( ٤ ):**

ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بەکردەیی کردنی فەرمییەتی زمانی کوردییە لە هەرێمی کوردستان و، ڕێکخستنی ئەو فەرمیەتییە لە پەیوەندی لەگەڵ زمانە فەرمییەکانی دیکەی عێراقی فیدراڵدا.

## بەشی سێیەم

## زمانی یاسا و دادگاکان

**ماددەی ( ٥ ):**

هەموو پرۆژە یاسایەك لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی ئامادە و پەسەند دەکرێت.

**ماددەی ( ٦ ):**

لیژنەکانی دارشتنی یاسا پێویستە پسپۆری زمانەوانی شارەزای لە بواری یاساییدا هەبێت.

**ماددەی ( ٧ ):**

دەقی یاسا و بریارەکان لە رۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی بلاّودەکرێنەوە، دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە.

**ماددەی ( ٨ ):**

**یەکەم:** هەموو رێوشوێنە دادوەرییەکان بە بریاری دادگاکانیشەوە ، بە زمانی کوردی بەرێوەدەچن و دەنووسرێن.
**دووەم**: ئەگەر لایەنێکی داواکە زمانی کوردی نەزانێت، پێویستە دادگا وەرگێرێکی بۆ دابین بکات.

## بەشی چوارەم
## زمانی دام و دەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە

**ماددەی ( ٩ ):**

زمانی کوردی، زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستوری و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستانە.

**ماددەی ( ١٠ ):**

زمانی نووسین و پەیوەندی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالّ و هەرێمەکانی تری عیراقدا ، زمانی کوردی و عەرەبییە. بۆ پەیوەندی لەگەلّ دامەزراوە بیانییەکان دەکرێ زمانی کوردی و زمانی لایەنێکی تر بەکاربێت.

**ماددەی ( ١١ ):**

ڕێکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە دەرکییەکاندا، پێویستە بە زمانی کوردی و زمانی لایەنەکەی تر بێت.

**ماددەی ( ١٢ ):**

لە دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران و کارمەندان، زانینی زمانی کوردی وەك یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو یاخود کوردی نەزانێت، ئەوا پێویستە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی بێت.

**ماددەی ( ١٣ ):**

**یەکەم:** تابلۆی سەرجەم دامەزراوە وفەرمانگە حکومییەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت ، بەمەرجێك نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت.

**دووەم:** تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسەڵگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی تر دەبێت.

**ماددەی ( ١٤ ):**

هەر دام و دەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەکانیاندا ڕەچاوی زمانی کوردیش بکەن.

**ماددەی ( ١٥ ):**

تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بە مەرجێك نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکاندا بێت.

## بەشی پێنجەم

## زمانی خوێندن

**ماددەی ( ١٦ ):**

زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستاندا.

## بەشی شەشەم

## زمانی کار و بازرگانی

**ماددەی ( ١٧ ):**

هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت، پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنێت، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی یان زمانی بیانی بەپێی پێویستی خزمەتگوزاری و زمانی بەکارهێنەران ئازادە.

**ماددەی ( ١٨ ):**

بۆ دامەزراندن، یان کارکردن بە رێکەوتن لە هەر شوێن و کارێکدا، ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت.

**ماددەی ( ١٩ ):**

لە پەیوەندی زارەکیی و نووسراوی نێوان خاوەنکاری کەرتی تایبەت و کارمەندەکانیدا ( بەگرێبەستیشەوە ) ، زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت، دەکرێت زمانێکی تریش لەگەڵ زمانی کوردی بەکاربهێنرێت.

**ماددەی ( ٢٠ ):**

پێویستە هەموو ئاگادارییەکی کاردۆزینەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی و هەر زمانێکی تری پێویست بلاوبکرێتەوە.

**ماددەی ( ٢١ ):**

پێویستە هەموو شتومەك و کەل و پەل و کالایەك کە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت، بە زمانی کوردی (وێرای زمانی دیکە) لەسەری بنووسرێت، حکومەت لە سیاسەتی مۆڵەت بەخشین و ئاسانکاری بۆ هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی لە دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی عێراق بەرهەم دەهێنرێن، دەبێت مەرجی نووسین بە زمانی کوردی

لەسەر بەرهەمەکان وەك یەکێك لە پێوەرەکانی مۆڵەت و ئاسانکارییەکان بەکاربێنێت، ئەمە نووسینی سەر ڕێنمایی بەکارهێنان وکەتەلۆکی سەرجەم بەرهەمەکان بەتایبەتی داو ودەرمانیش دەگرێتەوە.

**ماددەی ( ٢٢ ):**

پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و پارە وەرگرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسوولە و زەرف ... هتد بە زمانی کوردی بن، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی ، یان زمانێکی بیانی لە پاڵیدا ڕێگەپێدراوە.

**ماددەی ( ٢٣ ):**

هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشەیەك لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە زمانی کوردی بێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، یان زمانێکی بیانی لە پاڵیدا ڕێگەپێدراوە.

**ماددەی ( ٢٤ ):**

ڕۆژنامە و میدیا و ناوەندە کلتورییە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ، بۆیان هەیە زمانی کوردی بەکاربهێنن.

## بەشی حەوتەم
## زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان

**ماددەی ( ٢٥ ):**

لە هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردندا، کە چڕی دانیشتووانەکەی سەر بە پێکهاتەیەکی نەتـەوەیی جیـاواز لــە کـوردبن، بۆیان هەیە بە ڕاپرسییەکی خۆجێیی زمانی خۆیان لــە پـاڵ زمـانی کوردیـدا بکـەن بـە زمـانی فـەرمیی کاروبـاری ناوخۆییان.

**ماددەی ( ٢٦ ):**

دەبێت دامــەزراوەکانی ئـەم جـۆرە پێکهاتانــە لــە پەیوەندییـەکانیان لەگـەڵ دامودەزگاکـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردستاندا، زمانی کوردی بەکار بێنن.

## بەشی هەشتەم

## سزاکان

**ماددەی ( ٢٧ ):**

ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:

**یەکەم**: سزاکانی بەرزەفتەکردنی بە سەردا جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر هاتو فەرمانبەر بوو.

**دووەم**: ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر نەبێت ئاگادار دەکرێتەوە کە لە مـاوەی (١٥) ڕۆژدا سەرپێچـیەکە ڕاسـت بکاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچییەکەی بەردەوام بوو، بۆ هەر ڕۆژێك بە غەرامەیەك سزا دەدرێـت کـە لــە (٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت .

**سێ یەم**: هەموو زەرەرمەندێك مافی جوولاندنی داوای هەیە لە کاتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## بەشی نۆیەم

## ماددە دوماهییەکان

**ماددەی ( ٢٨ ):**

ئەركی بەدواداچوونی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە لە ئەستۆی ئەكادیمیای كوردی یە.

**ماددەی ( ٢٩ ):**

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**ماددەی ( ٣٠ ):**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی، یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن.

**ماددەی ( ٣١ ):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.

**هۆیەكانی دانانی ئەم یاساییە**

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی كۆماری عێراقی فیدراڵ، كە زمانە فەرمییەكانی لە سەرانسەری عێراقدا دیاریكردووە وە لەبەر پێویستی بوونی یاسایەكی تایبەت، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەمە پوختەی ڕاپۆرتی هاوبەش بوو، بەڵام بەڕێزتان ئاگادار ئەكەینەوە كە لە نووسینی ئەو ڕاپۆرتە چەند نووسراوێكی ڕەسمیمان هەبووە كەڵكمان لێ وەرگرتووە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، یەكەم، ئەو نووسراوە بوو كە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەمان كرا، لەلایەن یەكێتی ئەدیب و نووسەرانی سریان، و دووەم، نووسراوێكی تری سەرۆكایەتی پەرلەمانە كە ئاراستەی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر كراوە، بریتییە لە تێبینیەكانی ئەكادیمیای كوردی لەسەر ئەسڵی پرۆژەكە، و لیژنە لە كاتی خۆیدا كۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجامداوە و ئەو ڕاپۆرتەی نووسیەوە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان ئەكەین كە ڕاپۆرتەكە بكەن بە ئەسڵ و دەنگدانی لەسەر بكرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئێستا ئەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق بكرێتە بنەمای گفتوگۆ با دەست بەرز بكاتەوە؟ (٦١) كەسی لەگەڵە، كێی لەگەڵ نییە، كەس نییە، كەواتە پەسند كرا،**

فەرموو مادده بە مادده بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، بەڵام بەڕێزان مادام ڕاپۆرتی هاوبەش کرایە بنەما، بۆیە ئەوانەی واژوویان لەسەر ڕاپۆرتەکە کردووە بێ هیچ تەحەفوزێك باشتر وایە هەرقسە نەکەن، چونکە واژوویان لەسەر ڕاپۆرتە هاوبەشەکە کردووە، فەرموو کاك عادل نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ منیش ئیمزام کردووە لەسەر ڕاپۆرتەکە، بەڵام لێرە خەلەلێکی سیاغە هەیە لە ماددەی شەش،......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

دێینە سەر ئەوە، فەرموو مادده بە مادده، نوقتەی نیزامییە کاك فرست؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵ هەیە، یەکێك وەکو ئەمانەتێك پێم وایە جێگەی خۆیەتی و هەقی خۆیتی، کۆمەڵێك بەڕێز ئەسلی پرۆژەکەیان ئامادە کردووە، داوا لە بەڕێز لیژنەی پەیوەندیدار ئەکەم ناویان بخوێننەوە لە هۆڵی پەرلەمان، کاك تاریق جامباز، تا ئەخیر، ئەگەر پێیان باش بێ، چونکە ماندوو بوون، دواتر ئەندامانی پەرلەمان واژوویان کردووە، دووەم، دەست خۆشی لە هەرسێ لیژنەی پەیوەندیدار ئەکەم بۆ ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە، ئەوەی من ئەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە، پێم وایە وا باش بوو لەبەر ئەوەی هەیکەلیەتی ئەساسی پرۆژەکە نەگۆڕاوە، و (٨٠٪ بۆ ٨٥٪) وەکو خۆی ماوەتەوە، بۆیە واباشە بۆ داهاتوو کە ڕاپۆرت ئامادە ئەکرێ، بۆ نموونە ماددەی یەکەم، بگوترێ ماددەی یەکەم مولاحەزەمان هەیە، یان بەو شێوە دامانڕشتەوە، یان هیچ تێبینیمان نییە، یان هەموو پرۆژە ئەسڵیەکە لابات و پرۆژەیەکی نوێ ئامادە بکات، لە ئەسڵ ئیشی ئامادە کردنی ڕاپۆرت ئەوە نییە، ئەوەیە مادده بە مادده بە ئەسڵی پرۆژەکە بچێ، و تێبینی خۆی لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی قسەتان لەسەری هەیە؟

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی ئەو کەسانەی کە پێشکەشیان کردووە، یانی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تەبەنی یاساکەیان کردووە، ئەوە لە خوێندنەوەی یەکەم ئەخوێندرێتەوە ناوەکانیان، سەبارەت بە ناوهێنانی ئەوانەی کە ئەسڵی پرۆژەکەیان ئامادە کردووە، پێم وایە نە لە پەیڕەو و نە لە هیچ عورفێك نەبووە ناویان

بخوێندرێتەوە، ئەگەر ئەشکرێ هیچ رێگری نییە، لەمەودوا ناوەکانیان بخوێنینەوە، سەبارەت بە ئەوەی کە لەگەڵ ڕاپۆرتەکە ئەسڵەکەش، تێبینیەکەی بەرێز دکتۆر فرست لە شوێنی خۆیدایە، بەڵام کە ڕاپۆرتە ئەکەین بە ئەساس، لەبەر ئەوەیە سوودمان تەنیا لە ئەسڵی پرۆژەکە وەرنەگرتووە، سوودمان لە چەند شتێکی تر وەرگرتووە، وەکو بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێدا، و سێ لیژنە کۆبووینەتەوە، تەنیا لیژنەی یاسایی نەبووە، و لەسەر ئەو ئەساسە داوا ئەکەین، و بینائەن لەسەر دەنگدان، لەسەر ڕەزامەندی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئەو ڕاپۆرتە ئەکەینە ئەساس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەرێز د.جوان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، سوپاسی ئەکادیمیای کوردی ئەکەم، بەراستی تیبینیەکانیان زۆر لە جێی خۆی بوو، کە گفتوگۆمان کرد لەگەڵ لیژنەی یاسا و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لیژنەی خوێندنی باڵا، هەرسێ لیژنە زۆر ئیستیفادەمان لە ڕەئی بۆچوونی ئەکادیمیامان کرد، و ڕەچاوی ئەوەشمان کرد، و بەخێرهاتنی مامۆستا نوری تاڵەبانی ئەکەم، مامۆستای من بوو لە کۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابووری، قانون تیجاری پێمان دەدا، زۆر سوپاسی ئەکەم.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو سوهام.

**بەرێز سهام عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز حەز دکەم لیژنا یاسایی تەوزیحێ باشتر بدات ل سەر ئەڤ ڕاپۆرتێت هاڤبەش دێنە دروست کرن، ئەڤ ئەندامێت کو ئیمزا دکەتن، و دووبارە حەز دکەم تەوزیحێ بدەن، چونکی ئەگەر نەڤیسیتن ئەز تێبینیا هەی، ئەوێ حەق نینە بئاخڤیتن، ئایا دێ حەسم بیت ئەڤە یان نا؟ ئەز حەز دکەم لیژنا یاسایی ڕوون کرنێ بدات.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باش، فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە تێبینیەکەی بەڕێز دکتۆر فرست ئەکەم، تێبینیەکانی ئەکادیمیای کوردی هەر لەسەر ئەساسی پرۆژەکە هاتووە، بۆیە گرنگە ئەوانەی ماندوو ئەبن و پرۆژە بۆ پەرلەمان ئامادە ئەکەن بکرێتە عورفێك لێرە ناویان بێت، وەکو ڕێزێك لە ماندووبوونیان، چونکە هەمووومان لەسەر ئەسڵی پرۆژەکە تێبینیمان نووسیوە، و لایەنەکانی تریش کە تێبینیان ناردووە بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەر لەسەر ئەسڵی پرۆژەکە بووە، بۆیە بۆ تەشجیع کردنی خەڵك، ئەوانەی لە دەرەوەی پەرلەمانن کاتێ پرۆژە ئامادە ئەکەن، ئەوەندە مافەیان هەبێ لە نێو پەرلەمانی کوردستان ناویان بێت، بۆ ئەوەی ماندووبوونیان بە فیڕۆ نەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ابراهیم.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل راستی ل ئەنجامێ دانوستانەکا دیر و درێژ ل هەرسێ لیژنەیا هاتیە کرن، هەر ئەندامی پەرلەمانەکی دبا هەرسێ لیژنا دا هەی، دەرگەهێ لیژنا یاسایی بۆ ڤەکریی بوو، حەتا بەریڤی وەختی ژی، قەناعەتا مە باش بوو ئەندامێت هەرسێ لیژنا، چ مولاحەزا نەدەن، چونکی لیژنا یاسایی دەرگەهێ خۆ ڤەکریی بوو بچن ڕەئیێ خۆ ل سەر بدەن، هەکە ماددەیەکی نە توازیح بایە، داخاز ژ لیژنا یاسایی کر با تەوزیحاوێ، چونکی مە لڤێرێ ئیتیفاقا کری هەرسێ لیژنا ئەندامێت لیژنێ ئەڤێت ئیمزا کری بێ تەحەفوز موناقەشێ نەکەن، ئەڤێ تەحەفوز موناقەشە کرین تەحدید کەن، ل بەر هندێ ژی لیژنا یاسایی دەرگەهێ خۆ ڤەکری بۆ پرۆژە یاسا ل گەل تەعدیلا خال بە خال ئەمێ چووینە ڤێرێ، جا هەگەر هەر هەڤاڵەك نەچووبتە ڤێرێ یان بۆی نەخەم بوویە، ئەڤ نە گوناها لیژنا یاساییە، گوناها وییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڤالاّ ئێستا دەرفەت ئەدەمە بەڕێزت، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارەمان پێ گونجاوە کە ئەو کەسانەی پرۆژە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان ئەکەن، هیلاك ئەبن بەو پرۆژانەی کە ئامادەی ئەکەن و ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمانی ئەکەن، یان لە ڕێگەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پرۆژەکانیان پێشکەشی پەرلەمان ئەکەن، ناوەکانیان بخوێندرێتەوە، هیچ گرفتێك نییە، ئەوە ئەڕواتە پرۆتۆکۆلەوە، لەوێ ئاماژەی پێ ئەکرێ، فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تەنیا ژمارەی یاسایی کە (١٠) ئەندامی پەرلەمانە لەگەڵ حکومەت ئەتوانن پرۆژەی یاسایی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکەن، خوێندنەوەی ناوی ئەو کەسانەی کە پرۆژە یاسا پێشکەش ئەکەن، یان یارمەتی دەرن، ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی مافی خۆیەتی، ناتوانین هین بکەین، بەلاّم بە پێی پەیڕەو یان (١٠) ئەندام پەرلەمان، لە خولی ئێستا، خولی بەکاربەر، یان لەلایەن حکومەتەوە دێت، پەیڕەوی ناوخۆ تەنیا ئەو خاڵەی تێدایە بە نیسبەت پرۆژە یاسایی و خوێندنەوەی ناوی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، سوپاس، تێبینیتان هەیە لەسەر ئەو بەڕێزانەی لە لیژنەکان واژوو لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەش ئەکەن مافی قسە کردنیان هەیە یان نا؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەص لە ناوخۆ تایبەت بەو بابەتە نییە، بەلاّم عورف وایە کە ئەوەی واژووی کردووە بێ تەحەفوز، مانای ئەوەیە کە لەسەر هەموو برگە و ماددەکان ڕەزامەندی داوە، بۆیە ڕێگەی موناقەشە کردنی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ناوی ئامادەکارانی ئەسڵی پرۆژەکە بخوێننەوە کە لە ڕێگەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەکەیان پێشکەشی پەلەمانی کوردستان کردووە.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی بە ئەسڵی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق هاتووە، ئەم بەڕێزانەی خوارەوە ئەرکی ئەمادە کردنی ئەو پرۆژەیان گرتۆتە ئەستۆ، پارێزەر بەڕێز تارق جامباز، بەڕێز دکتۆر ئاسۆ عبداللە زادە، یاساناس دکتۆر عمر محمد کریم، زماننناس دکتۆر نەریمان عمر عبداللە خۆشناو زماننناس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا فەرموون مادده بە مادده پرۆژەکە بەو شێوەی کە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادە کراوە لە ڕاپۆرتی هاوبەشیان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی یەکەم

## پێناسەو و زاراوەکان

**ماددەی (۱):**

مەبەست لەم زاراوانەی لەم یاسایەدا بەکارهاتوون ئەمانەن:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان–عێراق.

**دووەم:** زمانە فەرمییەکان: ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست ئەکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی یەکەم، کێ قسەی لەسەر هەیە؟ دوو بەڕێز ناویان نووسیوە، (د.سراج، د.شێرکۆ حەمە امین)، بۆ چ ماددەیەك ناوتان نووسیوە؟ فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ کۆی پڕۆژەکە، بەس لەمەیاندا قسەم نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت تەنیا تەحەفوزاتت لەسەر ماددەی (۱۲) نووسیوە؟

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

نە، نووسیومە چەند ماددەیەك لەوانە ماددەی (۱۲) و ئەوانی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بۆ کۆی پڕۆژەکە، بەڵام لە هەندێکیاندا قسەم نییە، بەڵام لەوانەیە لە زۆربەیاندا قسەم هەبێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، باناویان بنووسین، بەڕێز کاك فخرالدین فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(دکتۆر فرست صۆفی، بەهزاد دەروێش، یروانیت نیسان، کاك عباس غزالی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش تێبینیم لەسەر ئەو ماددەیە یەك ڕوون کردنەوەی بچووك دەدەم، من دەزانم پڕۆژە چوون پێشکەش دەکرێت، بەڵام ئەوەی من داوام کرد تەنیا سوپاسنامە بوو کە چۆن بەخێرهاتنی بەڕێز دکتۆر (نوری تاڵەبانی)ت کرد، بەهەمان شێوەش سوپاسێکی ئەوانە بکرێت حاڵەتێکی زۆر ئاساییە، لەسەر ئەصڵی پڕۆژەکە ئەگەر سەیری بکەین بە بەراورد لەگەڵ ئێرە و لەوێ لە تەعریفەکانان تەعریفی کۆمسیۆن کراوە، بەڕێزان هەرسێ لیژنەی پەیوەندیدار کۆمسیۆنیان هەڵگرتووە بەو پێیەی نەماوە، یەعنی هیچ هەیئەیەك نەماوە یەکسەر تەحویلی ئەکادیمیای کوردی کراوە بۆ جێبەجێ کردنی یان چاودێری جێبەجێ کردنی، بەڵام لێرە هەر لە بیدایەتەوە دەمەوێت قسە بکەم ئەویش ئەوەیە ئێمە ئایا یاسای زمانی کوردی دەنووسین یان یاسای زمانە فەرمییەکان دەنووسین، ئێمە دەزانین کە ئەکادیمیای کوردی موتەخەسیسە بە زمانی کوردی هەروەکو چۆن ئەگەر سەیریکەی لە یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراقیشدا بابڵێین ڕەچاوی ئەوە کراوە، کۆمسیۆنێکی تایبەت دانراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لەبەر چی؟، لەبەر ئەوەی تەنیا زمانی عەرەبی نەبووە، ئێستا ئێمەش کە ئەمەمان باس کردووە شان بەشانی زمانی کوردی زمانی عەرەبی، زمانی سریانی، ئەرمەنی، تورکمانی هەموو ئەوانەی تێدایە، بۆیە بە تەصەوری من ئەوانەی کە لە ئەصڵی پڕۆژەکە ئامادەیان کردووە لە جێگای خۆیدا بووە کە جیهەتێکی مەعنی تر هەبێت، یەعنی ئەکادیمیای کوردیش لە ناویدا بێت، لەناو ئەو کۆمسیۆنەدا بێت، بەڵام شانبەشانی ئەکادیمایی کوردی جیهەتی تریش هەبن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، بۆیە من دیسان دەگەڕێمەوە بۆ ئەوە کە لەتەعریفی یاساکەدا وا باشە جا ناوی کۆمسیۆنی لێ بنێین، ئاساییە، لیژنەی باڵای لێ دەنێین هەر شتێکی لێ دەنێین تەعریف بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنیا زمانی کوردی لێرە ڕێك ناخەین، یاسای زمانی کوردیمان نییە، یاسای زمانە فەرمییەکانمان هەیە بە پێی ماددەی (٤) لە دەستووری عێراقی و، پێموایە گونجاوترە دەستەیەك بێت و لێرەش تەعریف بکرێت لە بیدایەتەوە پێکبێت، ئەگەر کاتی خۆی کە گەیشتین لەوێ باسی دەکەم ئەوانەی کە ئەندامن لەو کۆمسیۆنەن یان لەو دەستە باڵایەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، من پێموایە باشترە لەوەی ئێمە وا تەصەور بکەین، ئێستا لە بیدایەتەوە کە دەچین تەصەورێکی وا دورست دەکەین

ئێمە تەنیا یاسای زمانی کوردی دەنووسین نەك یاسای زمانە فەرمییەکان بەپێی ماددەی (٤) لە دەستووری عێراقی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا ئێکێ کو دبێژیت یەکەم و دووەم من پێ باشە سێیەم ئیزافە بت، زمانێ کوردی بێتە پێناسە کرن وەك بۆ مەعلومات بۆ هەمی ماددا کو تێدا بنڤێسین هەموو لەهجەیەك دەگرێتەوە وەك لەهجەی سۆرانی و لەهجەی کرمانجی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك یروانیت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٢)م زمانە فەرمییەکان ئەو زمانەن کە بە پێی دەستووری هەمیشەی عێراق، زومنێ دەستوورێ عێراقێ ماددەی ژمارە (٤)، ماددا ژمارە (٤) راست گۆتییە (اللغة الأم التركمانية و السريانية و الأرمنية)، بەس زومنێ ماددا ژمارە (٤)، رابیعا (اللغة التركمانية واللغة السريانية لغتان رسميتان اخريان في الوحدات الأدارية التي تشكلن فيها الكثافة السكانية)، بەحسا ئەرمەنیا نەکریە ل وێرێ و، تشتەکێ دی ژی نە سەلاحیاتێت حەسری حکومەتا عێراقی یە ئەم دەستوورێ عێراقی دانینە دناڤدا، ئەو زمانێ فەرمی ل کوردستانێ چییە ئەوی بکەنە تێدا، هەمیشەی عێراق دەربێخن ژ دەستووری زمانە فەرمییەکان لە کوردستان ئەوانە کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی، ئەرمەنی لەگەڵ هەمی، یەعنی چونکە نە زومنێ سەلاحیاتێت حەسری عێراقێ نە ئیلا دگەلبت، ب ڕەئیا من ئەو تێدا نەبت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەبوو؟، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت ماددەکەت خستە بواری گفتو گۆ کردن، ئێمە قسە لەسەر ماددەی (١) دەکەین، لەسەر ماددەکانی تر ناکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ راستە، کاك یروانت لەسەر ماددەی یەك قسەت کرد یان لەسەر...؟

**بەڕێز پروانت نیسان:**

ماددەی یەکەم، بەس دووەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی (١) قسەی کردووە و ئیستیشهادی بە ماددەی (٤) کردەوە، باسی ماددەی یەك دەکەین، بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە خاڵی دووەم ئەو زمانەی کە بە پێی دەستووری هەمیشەی عێراق دانیپێداناوە ئەمە شتێکی باشە، بەڵام ئەمە شاملی هەرێمی کوردستان دەکاتن هەرچەندە بەداخەوە تا ئێستا دەستووری هەرێمی کوردستانمان نییە، ڕەشنووسی هەیە، پێم باشە ئەو زمانە فەرمیانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن بۆ ئەوەی دوایی تووش نەبین کە عورفن یان دانیان پێدراوە یان ئێستا هەن بۆ ئەوەی بێجگە لە زمانی کوردی زمانی تری نەتەوەیی هەن لە کوردستان ئەگەر ئیشارەتێکی پێبدرێت کە چ عورف بێت، چ ئەو بێت لیژنەی یاسایی جێگای بۆ بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەگەر لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەیەکیان هەیە لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (١)م با بفەرموون؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کەلە تەعریفی زمانە فەرمییەکان دەڵێین ئەو زمانەیە کەبە پێی دەستووری هەمیشەی عێراق دان بە فەرمی بوونیان دانراوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٤) لە دەستووری هەمیشەی عێراق دەڵێ زمانی کوردی و، زمانی عەرەبی دوو زمانی سەرەکین و، لە هەمان کاتدا هەموو عێراقییەك مافی ئەوەی هەیە کە تەعلیم بکات بەزمانی دایك وەکو تورکمانی، سریانی، ئەرمەنی لە موئەسەساتی تەعلیمی، بۆیە هەر کاتێك کە ئیشارەت بۆ دەستووری عێراقی دەکەین مەبەستمان ماددەی (٤)ە و، لە ماددەی (٤) دان نراوە بەفەرمی بوونی زمانی کوردی و، زمانی عەرەبی و، لە هەمان کاتدا زمانی تورکمانی و، سریانی و، ئەرمەنی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەکانی تر هیچ روون کردنەوەیەکتان هەیە لیژنەی پەروەردە و، خوێندنی باڵا، لیژنەی ڕۆشنبیری و، ڕاگەیاندن و، هۆنەر؟، نیتانە؟، بەڕێز دکتۆر ابراهیم، بەڕێز کاك زانا، کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی پەرلەمان تێبینیەکە هەر ئەوەیە کە بە پێی دەستووری عێراق، لە دەستووری عێراقیش ئەم مافەی داوە بە هەموو پێکهاتەو نەتەوەیەکانی تر لە عێراق دا، بۆیە مەبەست لە کورت کردنەوەی ئەو پێناسەیە وەکو لە پێناسەکەی ئەوەی عێراق دا نەهاتووە کە ئیشارەت بە دەستوور دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرا بەهۆی کە پێناسەی کۆمسیۆن زیاد بکرێتەوە بۆ ماددەی (١)م، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ جەواب دانەوەی ئەو پێشنیارە پێشنیار بۆ بەڕێزتان دەکەم کە داوا لە بەڕێز دکتۆر (نوری تاڵەبانی) بکرێت روون کردنەوە بدات کە ئایا ئەکادیمیا دەتوانێت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستوو یان نە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز کاک فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر لە کۆبوونەوەکەی خۆشمان وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنە هاوبەشەکەش ئەوەمان کردووە کە زیاد کردنی دەستەیەکی تر لە کوردستان دا بۆ ئەم مەبەستە ڕەنگە ببێتە هۆی بارگرانییەکی زیاتر و، لایەنی تر ئەکادیمیا مولزەمە و ئەرکی سەرەکی و ئیختیساسیەتی لە ڕووی زمان و لەهجەو هەموو بابەتێك دا، مەرج نییە هەر لە زمانی فەرمی لە بابەتی لەهجەکانیشدا، بۆیە ئەم ئەرکەمان خستۆتە ئەستۆی ئەکادیمیای کوردی کە خۆشیان پێیان باش بووە کە بەڕێز نوری تاڵەبانیش لێرەیە و لەسەر داوای خۆشیان بووە، ئێمە پێمان باش بووە ئەم دەستەیە زیاد نەکرێتن لەبەر ئەوەی دەکرێتە دوو دەستە ئیشیان وەکو یەك دەبێتن و ڕەنگە ئیشەکان باشتریش بەڕێوە بچن ئەگەر لە ئەستۆی ئەکادیمیا بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوو نوقتەی نیزامی هەیە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من نوقتەی نیزامیم نەبوو تەنیا ویستم بڕگەی دووەم زمانە فەرمییەکان ئەگەر بوار هەیە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی خۆت نەنووسیبوو کاک عمر، ببوورە، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من هەر پشتیوانی لە کاک (فرحان) دەکەم، لە راستیدا ناکرێت بۆ هەموو ئیشێك دەزگایەك زیاد بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناڵێین ئەو کۆمسیۆنەی زیاد دەکرێت مووچەی بۆ ببڕدرێتەوە و خەڵکی بۆ ئەوە بهێنرێت، ئێمە دەڵێین هەندێك شت هەیە ئیشی تەنفیزییە لەوانە پەیوەستە بە مەسەلەی ڤیتعە هەڵواسین و ئەمانە، ئەمە بە ئەکادیمیای کوردی ناکرێت، ئەمە پێویستی بە کۆمسیۆنێکی باڵا هەیە بەدوادا چوون بکات، ئێمە پێشنییارمان کردووە کێبن لەوانەیە یەك کەس یەك دینار لەسەر حکومەت زیاد ناکات کۆمسیۆنێکە، یەعنی ئیشی جێبەجێ کردن و چاودێری جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەیە و، هەروەها ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ ئەو یاسایەش کە لە بەغدا دەرچووە شانبەشانی مەجمەعی عیلمی ئەکادیمیای کوردیشی داناوە لەبەر چی؟، لەبەر ئەوەی ئەمە بەس زمانی عەرەبی نەبووە، لێرەش هەر بە هەمان شێوە، بۆیە ئەگەر کەسێکی پسپۆری تورکمان، سریان ئەمەشی لەگەڵدا بێت مانای وایە، یەعنی یاسایەکە بۆ زمانە فەرمییەکان وەکو خۆی جێبەجێ دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا بۆ ئەم بابەتانە هەقە ڕەئی لیژنەی مەعنی بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرێت بەتایبەتی دوای ئەوەش ئێمە بە ئیجماعی دەنگ ڕاپۆرتەکەمان کردە بنەما، گەڕانەوە بۆ ئەصڵی پرۆژەکە پێمان وایە مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات، بە ئیجماع دەنگی لەسەر درا کە ئەوە بکرێتە بنەما ئەگەر یەك کەسیش پێشنییاری ئەو مەسەلەی کۆمسیۆنی کردووە بەڕەئی من کیفایەت نییە بۆ ئەوەی جارێکی تر گفتو گۆی لەسەر بکەین، ئەگەر وابێ و لە هەر ماددەیەك دا بگەڕێنەوە بۆ ئەصڵی پرۆژەکە هەم کات زۆر دەخایەنێت هەم ناتوانین ئەوەشی مەبەستە و لیژنەکان پێی ماندوو بوون بگەینە ئامانج.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەوەی کە ڕێبدەین بە ئەندامان گفتو گۆ بکەن لەسەر پڕۆژە یاساکە بە پێی ڕاپۆرتی هاوبەش و تەنانەت هەر پێشنیارێکی تریش کە لە دەرەوەی ئەصڵی پڕۆژە یاساکەش بێت ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە، کاک (سالار) مافی خۆیەتی بیخاتە ڕوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە ڕای ئەندامانی پەرلەمان ئەو بابەتە یەك لا دەکرێتەوە کە کام ڕا وەردەگرێت، ئێستا داوا لە بەڕێز دکتۆر (نوری تاڵەبانی) دەکەین کە روون کردنەوەیەکی هەیە لەو بوارەدا پێشکەشی بکات.

**بەڕێز د.نوری تاڵەبانی/ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا کاتێك ئەم پڕۆژە قانونە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ناردیان بۆ ئەکادیمیای کوردی پاشتریش بەشداریمان کرد لەو چەشنەدا، ئێمە لەوێدا پێشنیازی ئەوەمان کرد کە بەشی زۆری ئەو ئەرکانەی لەسەر ئەم کۆمسیۆنەیە ئەکادیمیای کوردی دەتوانێت جێبەجێیان بکات، بەڵام بە مەرجێك هەندێك دەسەڵاتی دارایی زیاتری پێبدرێت، من لەگەڵ بۆچوونەکانی کاك (فرحان)م زۆری و بۆردی لە وڵاتی ئێمەدا بۆتە هۆی ئەوەی کەوا کارەکان تێك بچن لەجیاتی ئەوەی ڕێك بخرێن، لەکاتی خۆشیدا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوو پڕۆژە قانون یەکێکیان تایبەت بە ئەکادیمیای زمانی تورکمانی و، یەکێکیش تایبەت بە زمانی سریانی ناردیان بۆ ئەکادیمیا ئێمە تاوتوێمان کرد و پشتگیریشمان لە دامەزراندنی دوو ئەکادیمیای تورکمانی و، سریانی کرد لە هەرێمی کوردستان دا، چونکە ئەکادیمیای کوردی تایبەتە بەزمانی کوردی، دەبێت ئەکادیمیای تایبەتیش هەبێت بەزمانی تورکمانی و، بەزمانی سریانی، ئەم سێ ئەکادیمیایە دەتوانێت پێکەوە کار بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کەوا لەسەر شانی دایە، ئەوەی کە لەم قانونە دا ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام بەو مەرجەی کە وتم دەسەڵاتی دارایی زیاتر بە ئەکادیمیای کوردی بدرێت، ئەرکەکانی ئەکادیمیای کوردی هەمان ئەو ئەرکانەیە دەتوانرێت بەهاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە و، وەزارەتی ڕۆشنبیری و، وەزارەتی خوێندنی باڵا و، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە تابلۆکانەوە هەیە، ئەرکی سەرەکی وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاکانە ئەگەر ئەوان هاوکاری ئەکادیمیا بکەن دەتوانرێت ئەو کارە بکرێت و، لەم ڕووەشەوە تا ئێستا دوو جار کۆبوونەوەی فراوان کراوە خەڵکانێکی زۆر بەشداریان لەو دوو کۆبوونەوەیەدا کردووە بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە قانونێك سەبارەت بە تابلۆکان لە هەرێمی کوردستان دا، ئەوەی کە تایبەتن بە تابلۆی ڕەسمی و، ئەوەی کە تایبەتن بە تابلۆ تایبەتییەکانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیارێکی تر کرا سەبارەت بەوەی کە پێناسەی زمانی کوردی زیاد بکرێت لە ماددەی (١)م، هیچ روون کردنەوەیەکتان هەیە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لەسەر پڕۆژە یاساکە؟، بەڕیز دکتۆرە جوان فەرمووو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس لەسەر ڕەئی کاك (فرست)ی، بەراستی ڕەئی واردە، چونکە ئێمە لە لیژنەش ئەو تەرحەمان هەبوو، یەعنی کۆمسیۆنێك دانێین یان جیهەتێکی مەعنی دانێین هەتا بەرێك و پێکی ئیشەکە بڕوات و، زمانە فەرمییەکان هەمووی بگرێتەوە، بەڵام گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەکادیمیای کوردی دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێرێت، بەڵام بە مەرجێك سەلاحیاتی ئەکادیمیا زیاد بکرێت وەکو مامۆستا گۆتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەو پێشنیارە هیچ روون کردنەوەیەك هەیە؟

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان وایە کە زمانی کوردی تەحسیلُ حاسڵە کە هەموو لەهجەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی ئێمەش پێویست ناکاتن، پشتگیری لە ڕەئی دکتۆرە (بەهار) دەکەین لەبەر ئەوەی دیارە تەحسیلُ حاسڵە، پێویست ناکات، زمانی کوردی هەموو لەهجەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەفسی ڕەئیم هەیە، چونکە (المظمون و المعروف)، کە دەڵێ زمانی کوردی یەعنی هەردوو زاراوە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەخەینە دەنگەوە، ماددەی (١)م مەبەست لەوانەی لەم یاسایەدا بەکار هاتوون ئەمانەن، یەکەم: هەرێمی کوردستان - عێراق، دووەم: زمانە فەرمییەکان، ئەو زمانانەیە کە بە پێی دەستووری هەمیشەی عێراق دان بە فەرمی بوونیان دانراوە، ئەمە دەخەینە دەنگەوە دوای ئەو پێشنیارانەی کە کراون بۆ زیاد کردن، ئەوانیش دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (١)م بەم شێوەیەی کە خوێنرایەوە دەنگی لەسەر بدرێ و پەسەند بکرێت؟، بەڵێ فەرموو کاك ابراهیم.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١)م خاڵی (٢)م زمانە فەرمییەكان ئەو زمانانەن كە بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراق و یاسا بەركارەكانی هەرێم بە فەرمی دانیان پێدانراوە، ئەگەر ئەو خاڵە زیاد بكرێت، لەبەشی دووەم ئەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەی (١)م بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە پەسەند بكرێت؟، بادەست بەرز بكاتەوە، (٥٥) كەس لە گەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟، (١) كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بە بڕگەی پێناسەی كۆمسیۆن بۆ ماددەكە زیاد بكرێت؟ كێ لەگەڵیەتی؟ با دەست بەرز بكاتەوە، (٣) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟، (٢٩) كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند نەكرا، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بە بڕگەی پێناسەی زمانی كوردی بۆ ئەم ماددەیە زباد بكرێت؟ با دەست بەرزبكاتەوە، (٢) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟، (٣٤) كەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند نەكرا، دەچینە سەر ماددەی (٢)، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دووەم بنەماو ئامانجەكان ماددەی (٢) زمانی كوردی و زمانی عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراق دا، لەهەرێمی كوردستان دا زمانی كوردی زمانی سەرەكی یە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، (بەڕێز كاك عمر عینایەت، بەڕێز كاك جمال مۆرتكە، بەڕێز كاك سالار، بەڕێز كاك فەرهاد، بەڕێز دكتۆر شێركۆ حەمە امین)، فەرموو دكتۆر شێركۆ.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، چوارەم: ئامانجی ئەم یاسایە، مەبەستم لە بەشی دوەم بنەماو ئامانجەكان ماددەی (٤)م نازانم ئەگەر،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی (٤)م نا ماددەی (٢)م.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

دەستم بۆ ئەوە بەرزكردەوە، هیچم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رستەیەکە تەقریبەن (١٢) وشەیە (٥) جار زمان بەکار هاتووە، یەعنی ئەمە کۆرت بکرێتەوە بلێین، بە پێی دستووری عێراقی زمانی عەرەبی و کوردییە، نەك زمانی کوردی و عەرەبی، یەعنی عەرەبییەکە پێویستە لە پێشەوە بێت لە یەکەم جاردا، بە پێی دەستوور پێویستە بوترێت زمانی عەرەبی و، زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراق دا ئیتر سەرانسەرەکەی ناوێت، لە هەرێمی کوردستان دا زمانی کوردی زمانی سەرەکی یە، زمانێکیان لەوێ لابەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان ((جمال مۆرتکە)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەکەی کاك (عمر) دام، بەس یەك بابەت کەلیمەی ئەخیری کە دەڵێت زمانی کوردی زمانی سەرەکی لەباتی زمانی سەرەکی بکرێتە زمانی فەرمی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتەی کە پەیوەستە بە فەرمی بوونی زمانی کوردی و عەرەبی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دا ئەمە بڕاوەتەوە و، یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە دەربکرێت، بەڵام تایبەتمەندییەتی هەرێمەکان، سەڵاحییەتی هەرێمەکانە کاری لەسەر بکات بەتایبەتی زمانەکانیش، ئێمە بیرمان نەچێت لە مێژووی دوور و نزیك دا زمانی کوردی بە پلەی یەکەم و زمانەکانی تری تورکمانی و، سریانی و، ئەرمەنیش بەر لێشاوی تەعریب کەوتوون، بۆیە لە ئێستا دا ئەم هەوڵانە بەشێکە لە گێڕانەوەی ئیعتیبار و دەرفەت دان بەوەی کە ئەم زمانانە ببووژێنەوە و، مەبادئی دیموکراسی و مەبادئی حقوقی ئینسانیش ئەوەمان پێ دەڵێت، بۆیە ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی (٢)م هەیە لە هەریمی کوردستان دا زمانی کوردی زمانی سەرەکی یە، داواکارم بنووسرێت لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم زمانی کوردی زمانی سەرەکی یە، هەروەها بڕگەیەکیش ئیزافە بکرێت بۆ زمانەکانی تورکمانی و، سریانی و، ئەرمەنی بە پێی ڕەچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، واتە ئەم ماددەیە بکرێت بە دوو بڕگە، من تەقدیری گەورەم هەیە بۆ زمانی عەرەبی، بە تایبەتی زمانی قورئانی پیرۆزە ئەمە قابیلی موناقەشە کردن نییە، بەڵام لە مێژووی دوورو نزیکی ئێمە دا لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە و لە ڕێگەی سیستەمەکانەوە هەوڵدراوە ئەو زمانانەی لە ناوچەکەدا هەن بسڕێتەوە یان مەحو بکرێت یان بە عەرەبی بکرێن، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە بۆ گێڕانەوەی ئەو ئیعتیبارانە زۆر گرنگە و یەکێك لە مەهامی ئەم

یاسایانەش پێویسە ئەوە بێت و، جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە ڕەچاو کردنی تایبەتمەندییەتی زمانی، ناڵێم کەمە نەتەوەکان، دەڵێم پێکهاتەکانی تر دەبێت ڕەنگدانەوەی تایبەتی هەبێت لە ناو ئەم یاسایە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ((فەرهاد سەنگاوی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو هەرێم دەتوانین لە ڕووی مەسەلەی دەستووری عێراقەوە کە زمانی ئینگلیزی بکەین بە یەکێك لە زمانە ڕەسیمەکان لە کوردستان، پێموایە ئەوە سەر کەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ خەڵکی کوردستان، چونکە لۆژیك لە پشتی پەرلەمانەوە ئەوەیە پەرلەمان کاری پێشخستنی کۆمەڵگا کەیەتی، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگا کەمان پێش بکەوێت ئێمە، پێویستە زۆر گرنگی بە زمانی ئینگلیزی بدەین و، زمانی ئینگلیزی لە هەرێمدا یە کێك لە زمانە ڕەسمیەکان بێ و کاری بۆ بکرێت، چونکە ئەوە زمانی زانست و، تەکنەلۆژیا و، حەزارەت و، هەموو ئەو شتانەیە، ئەمە یەك، دوو: من تەبعەن پێم خۆشە ڕۆژێك خەڵکی کوردستان ئەوەندە پێش بکەوێت کە پەرلەمانی کوردستان و، حکومەتی کوردستان هەمووی بریتی بێت لە برایانی کلد و، ئاشوور و، تورکمان و، ئەرمەن و، ئەو عەرەبانەی کە لێرە دەژین، خەڵکی کوردستان ئەوان هەڵبژێرێ، زۆر ئاساییە، یەعنی ئەوە مەبەستم ئەوەیە ئاوا تێم نەگەن کە لە موناقەشە کەمان مەبەستم شتێکی تر بێت، مەسەلەن لە ئەوروپا جولەکەکان زمانی خۆیان بەکار دێنن لە مەکتەب، بگرە هەتا لە سەرەتایش دەتوانن بەکاری بێنن، بەڵام دوایی بۆ خزمەتی مناڵەکانی خۆیان، چونکە خۆ تۆ دوایی ناتوانی زانکۆ بکەیتەوە بۆ نموونە بۆ پێکهاتەکان، زانکۆیەك ڕەنگە ٣٠،٢٠ بەشی هەیە هەزاران ستافی هەیە، بۆ ئەوەی کە لە وڵاتێکدا کە زمانی زۆر نەبێت بەتایبەتی لە موستەقبەلدا کاتێك مناڵان دەگەنە زانکۆ هەر لە سەرەتاوە ئەوانە پێی دەوترێت زمانی کلتوری، یەعنی لە مەکتەبیش بەکاردێت وەکو زمانی خاسیش بەکاردێت بۆ خۆیان، بەڵام کاتێك کە دەگاتە زانکۆ و پەیمانگاکان خۆ ناکرێت بەو زمانە زانکۆ و پەیمانگا بکرێتەوە بۆ خزمەتی خۆیان تەنانەت جوولەکەکان کە ژمارەشیان زۆرە لە ئەوروپا زۆر جار لە هەندێ مەرحەلە بە زمانی خۆیان دەخوێنن ئەویش وەکو دەرسی زمان نەك وەکو فیزیاء و، کیمیاء و، ئەحیاءو، ئەو بابەتانە، ئەمە من تەجروبەی ئەوروپایە کە باسی دەکەم کە نموونەی دیموکراسی و ئەوانەشن، تەئکید دەکەمەوە زمانی ئینگلیزی ئێمە پێش دەخات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو پێشنیارانەی خرانە ڕوو، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندی بە سیاغە و زمانەوانییەوە هەبوو ئەوا ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان سیاغەی دەکەینەوە و وشەی زمان لەکوێ بە زیاد هاتووە لەوێ هەڵدەگیرێتن و، ئەوەشی کە پەیوەندی بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمەوە هەیە زیاد بکرێتن، زیاد کردنی کێشەیەکی یاسایی بەدواوە نییە بەهیچ شێوەیەك لەبەر ئەوەی هەردوو زمانەکە دوو زمانی فەرمین بە پێی دەستووری عێراقی، دەتوانین بڵێین لە هەرێمی کوردستان دا و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش کە ئێستا تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی دیفاکتۆ هەمووی لەژێر کونترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدان، دەتوانین بڵێین زمانێکی سەرەکی یە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە زمانی تورکمان و پێکهاتەکانی تر هەبوو کە پێشنییار کرا زیاد بکرێت بۆ ئەو ماددەیە ئێمە نەمان ویست وەکو ڕێزلێنانێك بۆ ئەوان وەکو فەقەرە زیادی بکەین، بەڵام لە ماددەی (٣) حەلی ئەو کێشەیەمان کردووە کە دەڵێین لە هەرێمی کوردستان دا زمانی پێکهاتەکانی تورکمان و، سریان و، ئەرمەن لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان و لەو حاڵەتانەدا کە پێویستە لە پاڵ زمانی کوردی دا زمانی فەرمین، بۆیە بە ماددەیەك حەلی ئەوەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەڕێز دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاساکە ناوی زمانە فەرمییەکانە لە هەرێمی کوردستان - عێراق، مەعنا باسی هەرێم دەکەین یەکەم جار، واتە هەقی خۆمانە کە کورد و، ڕاستە ئەوەی لە دەستووری عێراق دا نووسراوە (اللغة العربية واللغة الكوردية هما لغتان رسميتان للعراق)، ئێمە ئێستا باسی هەرێم دەکەین زۆر ئیعتیادییە بەلامانەوە ئەگەر بڵێین (اللغة الكوردية)، یەعنی یەکەم جار زمانی خۆمان باس بکەین کە زمانی دایکمانە و زمانی ئەغلەبیەیە، پشتگیری ڕەئی کاك (سالار) دەکەم کە دکتۆرا (ڤاڵا) وەڵامی دایەوە لەگەڵیانم ناوچە دابڕاوەکان باس بکرێت لە فەقەرەکەی و، بەنیسبەت تورکمان و، سریان و، برادەرانی تورکمان و، سریان و، ئەرمەنی لە فەقەرەکانی دیکە بەراستی هەموو باسمان کردووە و، یەعنی ڕەئیشمان وەرگرت و مافیشیان دراوە لەو فەقەراتانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕەئیەکەی کاك (سالار) دەکەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی تێدا بێت زۆر باشە لەبەر ئەوەی هەموو عێراق دەگرێتەوە کیشە نابێت لە ڕووی یاسایی و دەستووریشەوە، بۆیە پێمان باشە ئەمە زیاد بکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، باشە ئەگەر بڵێین دوو زمانی فەرمی لە سەرانسەری عێراق دا، لە کوردستانی عێراق دا زمانی کوردی زمانی سەرەکی یە ئەوەی کە پێشتر موعالەجەمان کردووە لە یاساکانی تر، وا نییە؟، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر کاتمان بدەیێ بۆ داڕشتنەوەی ئەو ماددەیە ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، دکتۆرە بەهار فەرموو.

بەس پێم خۆش بوو کە پێشنییارێکی ترمان ئاراستە کرا جەوابی بدەینەوە زمانی ئینگلیزی ببێت بە زمانێکی ڕەسمی ئەوە شتێکی نا دەستوورییە ئێمە ناتوانین لەم قانونەدا جێی بکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە بۆچوونەکەی جەنابت دەکەم کە ویستم ئەوە بڵێم کە بڵێین هەرێمی کوردستانی عێراق لەو بڕگەیەدا و، هەروەها لە بڕگەی (٢) دا باس لە زمانە سەرەکی یەکان دەکات لەڕووی زمانەوانییەوە بە یەکەوە بلکێنرێ باشتر و جوانترە لەبەر ئەوەی یەك وشەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان سیاغەی دەکەنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە. فەرموون بەس پێش ئەوەی بیخوێننەوە، با ئەو پێشنیارەی ﴿کاك فەرهاد﴾ کە خۆی لێرە نییە بیخەینە دەنگدانەوە، زیادکردنی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ نوقتەی نیزامی هەیە، د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە نادەستوورییە، ناخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی «د. بەهار» دەکەم، بە پێی دەستووری عێراق تەنها زمانی کوردی و عەرەبی فەرمییە و ناکرێت زمانی ئینگلیزی لە پاڵی دا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نووسراوە تەنها؟ نووسراوە تەنها؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

سەرۆکی پەرلەمان بیخوێنمەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە، تکایە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان، وەك تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان یان بە هەر زمانێکی دی کە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا، ئەوەی کە لە سەرەوە جەختی لەسەر کراوە زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین، وازحە بە ژمارە ناوی بردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، دەیخەینە دەنگەوە، لەبەر ئەوەی نەوتراوە تەنها ئەو دوو زمانە، دوو زمانی فەرمین لە عێراق، کێ لەگەڵدایە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ژمارە وترا لە کوردیدا، بە واتای ئەمەیە کە دیاری کراوە یەعنی تۆ دەڵێی «٢».

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرمووو کاك زانا،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە هەرێمی كوردستان، ئێمە ئەو پرۆژە یاسایە بۆ هەرێمی كوردستانە و قەناعەتم وایە دەتوانین، ئێمە لە ماددەی ﴿1﴾ كێشەمان هەیە كە گەڕاوینەتەوە بۆ دەستوور، ئەگەر لە ماددەی ﴿1﴾ ئەمە چارەسەر بكەین دەتوانین لێرە ئەوە ئیزافە بكەین بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزیش، زمانی سەرەكی بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی ﴿1﴾ دەنگی لەسەر درا، بەڵێ كاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە عەرەبییەكەی دەیخوێنمەوە كە مەجالی هیچی تێدا نەبیت، دەڵێ ﴿اللغە العربیە و اللغە الكردیە هما اللغتان الرسمیتان للعراق﴾، كە ﴿هما﴾ تێدا هاتووە ئیتر مەجالی تێدا نامێنێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواوە، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام كە ناكرێ مەیسەلەیەكی وا بخرێتە دەنگدانەوە، شتێكیش دەمەوێ ئیزافە بكەم ئێستا بۆمان دەرچوو لە نوسخەی كوردی و عەرەبی لە دەستووری عێراقی دڵنیایی هەیە كە لە نوسخەی عەرەبی لە ئەسڵەكەی ئەرمەنیشی تێدایە لە زمانی فەرمیدا، بۆیە ئێستا ئێمە دەكرێ لە دوایی كە دێینە سەر خوێندنی فەرمی ئەوە بە زمانی كوردی و عەرەبییە، بەڵام دەكرێت خوێندن لە خوێندنگا تایبەتەكان بە زمانی ئینگلیزی بێت و هیچ ڕێگرییەكی تێدا نییە، بەڵام كە زمانی فەرمی دەستوور تەحدیدی كردووە كە ئەمانە زمانی فەرمین،بیخەیە دەنگدانەوە، موخالفی ئەو دەستوورەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ د. شێركۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس ئەوەی تریان كە لەخوێندنگاكان لە یاسای زمانی وەزارەتی پەروەردە تێدایە و ئەمە لە یاسای وەزارەت چارەسەر كراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، زمانی فەرمی واتە ئەو زمانەی مامەڵەی فەرمی پێ دەكرێت، كەواتە جەواز و پاسپۆرت و هەموو ئەوانە و تەبیعەتی هەیە و زمانی فەرمی هەروا ئاسان نییە، لەبەر ئەوە تەئیدی رای ﴿د. بەهار﴾ دەكەم لەوەی كە ئەمە موخالیفەی دستوورە بە نەسەكەوە وازحە و ئیلتیزاماتی دەستووری، ئیلتیزاماتی گەورەیە لەسەر دەوڵەت و لەسەر هەرێمی كوردستان و بۆیە موخالفەی دەستوورە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێم وایە روون بوویەوە ئێستا، بە دڵنیاییەوە ماددەی ﴿٤﴾ بە تایبەتی دەقە عەرەبییەكەی زۆر وازحە ﴿اللغه العربیه و اللغه الكردیه هما اللغتان الرسمیتان للعراق﴾ كەواتە ناتوانین هیچ زمانێكی تر زیاد بكەین و ناخرێتە دەنگدانەوە، پێچەوانەی پێرەوە، دوایی پێی بڵێن، ئێستا بەم شێوەیە كە رێك كەوتوون، لیژنە پەیوەندیدارەكان تكایە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ﴿٢﴾، كوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا، كەواتە لە كوردستانی عێراقدا زمانی كوردی سەرەكییە.،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە؟ ﴿٥٧﴾ كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نیە؟ كەس نییە لەگەڵدا نەبێت، كەواتە پەسەند كرا، كاك صالح نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەند تازە دەنگی لەسەر درا، بەڵام ئێمە لە خاڵی یەكەمدا پێناسەی هەرێمی كوردستانمان كرد، كەواتە هیچ واتایەك بۆ ئەم پێناسەیە نامێنێتەوە، دەبوایە یان كوردستان پێناسە بكرایە یان ئەو پێناسەیە نەكرابا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەعاروزێك نییە لە بەینی ئەوەی كە پێناسەی هەرێمی كوردستان كراوە و دوایی لێرە باس لە كوردستانی عێراق كراوە تەعاروز نییە، چونكە لە شوێنەكانی تر باسی هەرێمی كوردستان كراوە لە ماددەكانی تر، بەڵێ فەرموون ماددەی ﴿٣﴾،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ﴿٣﴾، لە هەرێمی کوردستاندا زمانی پێکهاتەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆیان لەو حاڵەتانەی کە پێویستە، لە پاڵ زمانی کوردی دا فەرمین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ هەیە لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات با ناوی بنووسین؟ کاك عادل نوفتەی نیزامیت هەیە؟ باشە ناوت بنووسە، ئیمزات کردووە؟

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، کە لەماددەی ﴿٢﴾، کوردستانی عێراقمان زیاد کرد لە هەرێمی کوردستان، لێرەش دیسان بە پێی ماددەکانی ﴿١٤٠﴾ لە کەرکووك و لەو سنوورانە تورکمان و ئەوانە هەیە، دەبێت دیسان لێرە دەستکاری هەرێمی کوردستان بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو بۆ هەرێمی کوردستان، جگە لەوە ئەوەی لە یەکە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆیان لەو حاڵەتە، ئەوە ئیشکال دروست ناکەت لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟ ئەم دوو تێبینیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو،

**بەڕێز عباس غەزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی﴿١﴾یش باسم کرد کە دەستووری هەرێمی کوردستان، کە یاسایەك بێت بۆ ئەوەی بتوانین و بۆ جیاکاریش نەبێت پێم باشە ماددەی ﴿٣﴾، بکرێتە فەقەرەی ﴿ب﴾ و فەقەرەی ﴿ج﴾یش زیاد بکرێت، چونکە دەڵێن دەستووری نییە، لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی لە ئاستی جیهانی زمانی پەیوەندی و زانستە، گرنگی و بایەخ لە هەرێمی کوردستان پێ بدرێت و ئیشارەتی پێبدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ ئەوەی پێشوو كە ڕێگەت نەدا قسە بكەم لە ماددەی ﴿١٥﴾، لە مەسەلەی تابلۆكاندا زمانی ئینگلیزی ئاماژەی پێكراوە كە لە پاڵ زمانی كوردی و عەرەبی پێویستە زمانی ئینگلیزیش بنووسرێت، بۆیە ئەگەر نادەستووری بێت پێم وایە لەمەش تووشی خەلەل دەبین، بۆیە هەر ئاماژە پێكردنی لە ماددەكانی تردا تەسەور ناكەم ئیشكالێكمان بۆ دروست بكات، لە ماددەی ﴿٣﴾ لە هەرێمی كوردستان زمانی پێكهاتەكانی توركمانی و سریانی و ئەرمەنی لە یەكەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان و لەو حاڵەتانەدا كە پێویستە لە پاڵ زمانی كوردیدا فەرمین، لەبەر ئەوەی پرۆژەكە زیاتر بۆ گەشەپێدانی زمانی كوردی و زمانی پێكهاتەكانی تریشە، لەو حاڵەتەدا بگوڕێت بۆ لە دۆخی پێویستدا، بۆیە ﴿حاڵ﴾ەش هەر وشەیەكی عەرەبیە و لە زمانەكەمان پێویستی بە پاك كردنەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە تێبینی جەنابت، جیاوازی هەیە لە نێوان زمانی فەرمی و هەندێك حاڵەتی تایبەت كە لەهەندێ شوێن زمانەكانی تر بەكار بێن، زمانی فەرمی كە بۆ نموونە، هەر زمانێكت زیاد كرد بۆ زمانی فەرمی پێویستە هەموو موراسلاتێك و هەموو ئەو بابەتانەی كە هەن یان یاساكان بەو زمانەش بڵاو بكرێنەوە، بۆیە جیاوازییەك هەیە لەم ڕووەوە، كاك سرود فەرموو،

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

﴿٢﴾ خاڵم هەیە، یەكەم، پێشنیارم هەیە ﴿اللغە المندائیە﴾ ئیزافە بكرێت و ببێتە توركمانی و سریانی و ئەرمەنی و مندائی، مندائییەكان لە ڕووی مێژووییەوە دانیشتوانی باشووری عێراقن و لەبەر بارودۆخی نائارامی و نائاسایی ژمارەیەكی زۆر هاتنە هەرێمی كوردستان و ئێستا لە هەرێمی كوردستان نیشتەجێن و بنكەی ڕۆشنبیری یان هەیە و شوێنی نوێژیان هەیە كە پێدەڵێن مەندە، بە پێویستی دەزانم لە ڕووی مەعنەوییەوە ناوی زمانەكەیان كە ﴿اللغە المندائیە﴾یە بنووسرێت لەگەڵ زمانەكانی توركمانی و سریانی و ئەرمەنی، خاڵی دووەم، ڕوونكردنەوەم دەوێت لە لیژنەی یاسایی، كە دەڵێن لەو حاڵەتانەی كە پێویستە، لێرەدا مەبەستتان چییە لەو بابەتە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها سەرنجەكەم سەرنجی زمانەوانییە، پێم خۆشە بەم شێوەیە بێت، لە هەرێمی كوردستاندا زمانی پێكهاتەكانی توركمانی و سریانی و ئەرمەنی لە یەكە بەڕێوەبەرایەتییەكانی خۆیان و لە كاتی پێویستدا

لەگەڵ زمانی کوردیدا فەرمین، ﴿لەپاڵ﴾ وشەیەکی گونجاو نییە لا ببرێت، بەم شێوەیە بێت ئێستا دەنێرمە خزمەت لیژنەی یاسایی و دەتوانن سوودی لێ وەرگرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک جەماڵ فەرموو،

**بەڕێز جمال عثمان کارەسوڵ ﴿جمال مۆرتکە﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەندی ﴿٣﴾ کە دەڵێت، لە هەرێمی کوردستان زمانی پێکهاتەکانی تورکمان و سریانی و ئەرمەنی لە یەکەی بەرێوەبەرایەتییەکانی خۆیان، پێم وایە بکرێتە خۆیاندا، لەو حاڵەتەدا پێویستە ئەمە لاببرێت، بنووسرێت زمانی فەرمین لە پاڵ زمانی کوردی، و سیغەکەی باشتر بێت و لێرەدا بەردەوامە و رووداو نییە لەو حاڵەتەدا، بە رای من بەم سیغەیە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د. سراج فەرموو،

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەوەی ﴿کاک سروود﴾ باسی کرد، لەو حاڵەتانەی کە پێویستن کامانەن ئەو حاڵەتانە؟ حەز دەکەم ئەگەر لیژنەی یاسایی تەوزیحێك بدات، و پاشان ئەگەر بگەرێینەوە بۆ ماددەی ﴿٢٥﴾ پێموایە لەم ماددەیە باسی راپرسی دەکات، بۆ ئەوەی کە ئەوان بتوانن زمانی خۆیان بەکار بێنن لەو ناوچانەی کە ئەوان تێدا زۆرینەن، بەڵام لێرە باسی ئەو راپرسییە ناکات، من دەپرسم ئایا تەناقوزێك نیە لە نێوان ماددەی ﴿٣ و ٥﴾ کە لەوێ باسی راپرسی دەکات و لێرە باسی راپرسی ناکات و حەز دەکەم تەوزیحێك بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەماددەی ﴿٣﴾ ئیشارەتی پێکراوە بە نیسبەت زمانی پێکهاتەکان لە دەستووری عێراقی وەرگیراوە لە ماددەی ﴿٤﴾ و هەروەها فەقەرەی﴿٤﴾یش هەر لە هەمان ماددەدا، کە ئیشارەت دەکات بە تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی، لە فەقەری ﴿٤﴾ تەرکیزی لەسەر پێکهاتەکانی تورکمان و سریانی و ئەرمەنییە لە ماددەی ﴿٤﴾ لە فەقەری ﴿١﴾ ببوورە، لە فەقەرەی ﴿٤﴾یشدا بە هەمان شێوە دەڵێ زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی رەسمین لە وەحداتی ئیداری خۆیاندا، کاتێك کە کەسافەی سوکانی هەیە، بۆیە ئێمە ئیستینادمان لەسەر فەقەرەی ﴿١﴾ و فەقەرەی ﴿٤﴾ لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کردووە کاتێك کە

تەحدیدی ئەو پێکهاتانەمان کردووە لە ناو کەوانەدا، لەو حاڵەتانەی کە پێویستە کە باسکرا، مەبەستمان ئەو راپرسییەیە کە ئەنجام دەدرێت و لە مادەیەکی سەربەخۆ دا ئێشارەتمان پێکردووە، چونکە لەوێ دەڵێین زمانی پێکهاتەکانی دەبێتە زمانی فەرمی لە کاتێکدا کە راپرسی دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، بۆیە دەڵێین لەو حاڵەتەدا کە پێویستە مەبەستمان ئەوەیە کە کاتێك ئەوان بە پێویستی دەزانن راپرسی ئەنجام بدرێت لە یەکەی کارگێری و بەرێوەبەرایەتی خۆیان، دوای ئەنجامدانی راپرسییەکە زمانەکەیان دەبێتە زمانی فەرمی لەپاڵ زمای کوردیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی رۆشنبیری فەرموو،

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ﴿د. ڤالا﴾ شەرحی کرد حاڵەتە پێویستەکە، پێویست ناکات، بەڵام من لەسەر ئەوەی ﴿کاك ئومێد﴾ کە باسی تابلۆکان و دوو زمانی فەرمی کرد چارەسەر کراوە، بەوەی کە لە هەر تابلۆکان لە ریکلام ئەم دوو زمانە دەنووسرێت کە فەرمینە و لەهەر حاڵەتێکی تر کە پێویست بکات لە کاری ریکلامی و شوێنێکی تر دەکرێت بە زمانێکی تر بنووسرێت، بۆیە رێگر نییە بەوەی کە تابلۆیەك ئینگلیزی یان، بەڵام دوو زمانی فەرمی کوردی و عەرەبی بنووسرێت و مەرجی سەرەکی کوردییە لە هەرێم کە لە سەرەوەی تابلۆکە بنووسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەدە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی فەرموو،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم ئەوەی هەڵە نەبم وتیان زمانی ئینگلیزی بەکار بێنین، بەڵام ئەمە لە هەرێمی کورستان کە کورد لەگەڵ کێ دەژین؟ لەگەڵ تورکمان و سریان و ئەرمەنی، و مافی ئەوانە پێش زمانی ئینگلیزییەکەیە و زمانی ئینگلیزی زۆر مافی دراوەتێ لە بڕگەکانی دیکە کە برگەی ﴿١٠ و ١١ ﴾ بخوێنی لە ماددەکانی دیکەش هەموو دەڵێن زمانی دیکە، کەواتە هەر زمانێکی دیکە هەبێت ئینگلیزییەکەیە، دەتوانین حەقی بدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی زمانی مەندائی کرا، وەڵامتان دایەوە، باشە، داڕشتنەوەی بۆ دەکەن، ئاواز خان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کاك «د. نوری تاڵەبانی» لێرەیە، پێم وایە ئەگەر ئەویش ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە بدات بە پێی شارەزایی و هەم ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات ژیاوە و هەم بە پێی پسپۆری خۆی، ئەگەر بەرچاو ڕوونییەکمان بداتێ لەسەر ئەم بابەتە، ئەو زمانانە لەم وڵاتانە چۆن چارەسەر کراوە؟ زۆر سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. نوری تاڵەبانی هەرکاتێك ڕوونکردنەوەیەکت هەبوو ئاگادارمان بکەوە، فەرموو ئەگەر ڕوونکردنەوەت هەیە لەسەر ئەم ماددەیە،

**بەڕێز د. نوری تاڵەبانی «سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی»:**

لەسەر ماددەی «٣» نووسراوە لە هەرێمی کوردستاندا زمانی پێکهاتەکانی تورکمانی و سریانی، ئەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕاست نییە، لە سەرەتادا کە باس کراوە لە هەرێمی کوردستاندا زمانی پێکهاتەکانی تری عێراق، زمانەکانی تورکمانی وسریانی، چونکە ئێمە باس لە زمان دەکەین نەك لە زمانی پێکهاتەکان، لەم حاڵەتەدا دەبێ بڵێین لە هەرێمی کوردستان زامنی پێکهاتەکانی تورکمان و سریان و ئەرمەن کە لە یەکە بەرێوەبەرایەتییەکانی خۆیاندا لەو حاڵەتانەی کە پێویستە، دەکرێت بکرێن بە زمانی فەرمی، لە زمانی کوردیدا، ئەمە بۆچوونی منە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، لیژنە پەیوەندیدارەکان داڕشتنەوە دەکەن بۆ ماددەکە؟ خاتوو امنە فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب رەئیا من ماددێ «٢» یێ ل ئەو حالەتانەی کە پێویستە، تشتەکی گەلەکی زێدەیە و ئەسبابێت کو بەڕێز «د. ڤالا خان»ێ ژی ئینای یا موقنیع نییە، چونکە ئەگەر تو سەحکەیە ماددێ «٢٥»ێ بەحسێ هندێ دکەت کو ب راپرسییەکێ ئەو رێڤەبەرییێت کو دانیشتییێت ئەو پێکهاتە تێدا بن دێ ئێك لا کەن بابەتێ، بۆ هندێ کو زمانێ فەرمی و زمانێ خاندنێ ل ڤێ دەڤەرێ و ئیدارێ بهێتە خاندن، رەئیا من «لە ئەو حاڵەتانەی کە پێویستە» ئەڤە کێم کرنا زمانێ نەتەوەیی یێ دیترە، چونکە یا وازحە ب راپرسی دێ هێتە ئێك لایی کرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە زۆر سوپاس، د. فرست نوقتەی نیوامیت هەیە؟

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ماددەیە ببەستینەوە بەو ماددەیەی کە باسکرا سەبارەت بە راپرسی، ئێستا من برگەی ﴿٤﴾، لە ماددەی ﴿٤﴾ی دەستووری عێراقی دەخوێنمەوە ﴿ اللغة التركمانية و اللغة السريانية لغتان رسميتان اخرى فى والحدات الادارية التي تشكلن فيها الكثافة السكانية﴾، لەوێ باسی کەسافەی سوکانی کراوە، ئەگەر بێین رەبتی راپرسی بکەین من دامنابوو مادەم رەبت تان کرد بەیەکەوە، ئەگەر بمانەوێت لەوێ عیلاجی بکەین هەم دەبێت لەوێ بکەینە کەسافەی سوکانی و هەم لەو حاڵەتەی کە زۆرینەن، چونکە تۆ ناکرێت کە دەستوور حەقی داوە بە کەسافەی سوکانی تۆ بێی قەیدی کەی بە راپرسییەوە، ئەم حەقەی پێ بدەی، بۆ نموونە ئەگەر عەنکاوە وەربگرین یەعنی مەعلومە کە لەوێ زۆرینەیان مەسیحینە لەوێ پێویستی بە راپرسی نییە، کەواتە دەستور باشتر چارەسەری کردوە، پێموایە ئەو موفرەدەی لە دەستوور هاتووە زۆرینەی دانیشتوان پێك بهێنن لەوێ زمانی فەرمی با زمانی تورکمانی بێت بۆ نموونە، لە تەلەعفەر یان عەنکاوە یان هەر شوێنێکی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەو برگەی لەو حاڵەتانەی کە پێویستە کە هێنامانە ناو ئەو ماددەیەوە، بە مەبەستی زیاتر زامن کردنی مافی پێکهاتەکان بوو، لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەڵێین لە یەکەی بەرێوەبەرایەتی خۆیان، واتە لەو شوێنانەی کە رەئیس وەحدەی ئیدارین، بەڵام لە هەندێ کات هەیە ئەوان رەئیسی وەحدەی ئیداری نین، بەڵام پێویست دەکات کە زمانەکەیان زمانێکی فەرمی بیت، هێنانی ئەم موستەلەحە و برگەیە بۆ ئێرە لەسەر ئەساسی ئەوە بوو کە زیاتر زامنی مافی پێکهاتەکان بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی یەکی تریش، کەسافەی سوکانی بە مانای زۆرینەی دانیشتوان نایەت تەنانەت لەو شوێنانەی کە ژمارەیەکی دانیشتوانی تێدایە ئەگەر زۆرینەش نەبن لەو شوێنانەش بە پێی دەستووری عێراق زمانی ئەو پێکهاتەیەی کە لەوێ بە رێژەیەکی زۆر هەیە تەنانەت ئەگەر زۆرینەش نەبن پێویست دەکات زمانەکەیان فەرمی بێت، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەبوونی لە حاڵەتی پێویستدا لێرە لەجێی خۆیەتی، چونکە ئێمە هەر ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ نموونە تورکمانی زۆر و خەڵکێکی زۆر ئاوارە بووە بۆ کوردستان، ئەم حاڵەتە پێویستە، چونکە زۆر جار لەو

شوێنانەی کە نیشتەجێن زمانەکەیان کاری لەسەر بکرێت و بکرێتە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی کوردی، بۆیە دۆخی جۆراوجۆر دروست دەبێت پێم وایە ئەمە لە بەرژەوەندی پێکهاتەکانی ترە، ئەگەر ئەمە لەناو ئەم ماددەیە بمێنێت لە حاڵەتی پێویستدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسا بۆ هندێ یە کو پەسەند یان فەرمی کرنا زمانێ کوردی پاڵ ڤان زمانا، زمانێ سریانی یان تورکمان و ئەرمەن و هەر نەتەوەکا دیتر کو دگەل مە دژیتن، وەختێ تۆ دبێژی ئەڤ زمانە ژی ل پاڵ زمانیْ کوردییە زمانەکێ رەسمییە، دێ بۆچی حاڵەتێ پێویست بۆ ئینی؟ تۆ بخۆ ئیعترافێ پێدکەی ڤانونێ دیار دکەی ل هەرێما کوردستانێ دا پاڵ زمانێ کوردی زمانێ تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی زمانێت رسمینە، یەعنی ڤانون بخۆ یا ڤەدبێژیت، بۆچی دبێژی ل حاڵەتێ پێویست دا زمانێ فەرمییە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیکیدا خۆشکا ﴿امنە خان﴾ دکەم، ئەڤ حاڵەتە سەرێ مە هات ل پێشخابیر و گوندەکێ دی، ئەم ل بەغدا هاتین مە دڤیا سریانی بخوینن ئیسرار کر کو عەرەبی بیت، ئەو زمانێ مە ل وێرێ دڤیا سریانی بخوینین، راستە زمانێ سریانی کێمن ل پێشخابیرێ، لەوما ئەز پشتگیرییا خۆشکا خۆ ﴿امنە﴾ دکەم بلا نە بۆ کارێ پێویست بیت بۆ کارێ فەرمی بیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی ﴿د. بەهار﴾ دەکەم لە دۆخی پێویست یان حاڵەتی پێویستدا بە دیموکراتیانە تر دەزانم و زەمینەی باشترە بۆ بەکارهێانی زمانی پێکهاتەکانی تر لەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوان ئەوان نین، لەو شوێنانەی کە ئەوان بەڕێوەبەرایەتی خۆیان نییە، دەتوانرێت بە دۆخی پێویست دابنرێت و زمانی ئەوانیش بەکار بهێنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز د. عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی پێڕەوی ناوخۆ نابێت لەسەر بابەتێك یەك كەس دوو جار قسە بكات، كەسی وا هەیە سێ جار قسەی كردووە، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات هەر هیچمان لەبەر ناچێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە، كاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

﴿كاك زانا﴾ حاڵەتە پێویستەكەی شەرح كرد، حاڵەتی پێویست لە قازانجی خۆیانە، نازانم ﴿كاك یروانت﴾ چۆن ئەم حاڵەتە لابرێت؟ ﴿كاك ئومێد﴾ باسی كرد لە قازانجی خۆیانە، دەڵێ لەو وەحدانەی كە ئیدارەی خۆیانە، بەڕێوەی دەبن و ئەو حاڵەتانەی كە پێویستە، بۆ نموونە كەسافەی سوكانی یان لە شوێنێك ئاوارە دەبن یان داوا دەكەن یەكەی ئیدارەی خۆیان نییە لەو حاڵەتەشدا پێویستە ئەمە بكرێت، ئەمە لە قازانجی خۆیانە ناكرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. جوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعيل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لە گەڵ ﴿كاك فرحان﴾ دا مە، بە ڕاستی كە دەڵێی لە حاڵەتی پێویست دا بەو مانایەیە كە لە مرونەی پێویستدایە، مافەكانی پێكهاتەكانی زیاتر ڕووندەكاتەوە و مافیان دەداتێ و لە قازانجی ئەوانە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە بە دەنگدان یەكلا دەكەنەوە، بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان یەكلایی دەكەینەوە، بەڕێز د. نوری جەنابت هیچ ڕایەكت هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ ماددەكە بە پێی ئەو سیاغەی كە داتانڕشتووە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، د. فرست ئیزاافەیەكت هەیە؟

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەیەكم كردووە بۆتان دەخوێنمەوە ئەگەر پێتان باش بوو، ﴿لە هەرێمی كوردستان زمانی پێكهاتەكانی توركمان و سریانی و ئەرمەن لە پاڵ زمانی كوردی زمانی فەرمین، كەچڕی دانیشتوانی ئەو پێكهاتانەی تێدایە﴾، ڕێك لەگەڵ دەستووریش دەگونجێت و لەم حاڵەتانەش دەردەچین.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئەو سیاغەی كە ئێوە داتانڕشتبوو و لیژنە پەیوەندیدارەكان دایانڕشتبوو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پێشنیار کرا لە ماددەی ﴿٢٥﴾ دا لە زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا هاتووە، ئەوەیە کە بەشێکی تایبەتە بۆ خۆیان لە هەر شوێنێك تەوزیحێك نەبێت لەسەر ئەم بابەتە، یەکسەر کە گەڕایەوە بەشێوەیەکی موباشر بۆ بەشی حەوتەم، کە بە ناوی زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا هاتووە، هەموو هەر نەقسێك لە ماددەیەکدا هەبێت لەوێ موعالەجە کراوە، بۆیە لیژنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەیە ماددەی ﴿٣﴾ دادەڕێژنەوە، ﴿لە کوردستانی عێراقدا زمانی پێکهاتەکانی تری تورکمان و سریان و ئەرمەن لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا، لە کاتی پێویستدا لەپاڵ کوردیدا فەرمین﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەی کارگێری هەیە، من تێناگەم یەکەی بەڕێوەبەرایەتی هەر نییە لە زمانی کوردیدا، لە حاڵەتی پێویستدا بکرێت بە لە کاتی پێویستدا، ئەوەم ناردووە بۆ ئەو بەڕێزانە یان دەبێت وەڵاممان بدەنەوە یان بڵێن نابێت ئەمە، یان کە بۆیان دەنێرین بە هەندی وەربگرن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە یەکەی کارگێری خۆیان کردوومانە بە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان، لەسەر پێشنیاری ئەکادیمیای کوردی بووە، ئەوان پێیان وایە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی لە شوێنی کارگێڕی بەکار بهێنرێتن و لەو حاڵەتەشدا کە پێویستە دەکرێت بڵێین لەو دۆخەدا کە پێویستە وەکو ئەوەی کە پێشنیار کرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە وەحیدە خان فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم پێویست باشترە، چونکو دا نەبیتە ئیجباری، کارێ پێویست یەعنی ئەگەر ئەو دانیشتوو دەعوا کرن ب سریانی بخوینن دێ خوینن ئەگەر پێویست نەبوو دێ بیتە ئیجباری، ئەو جهێ زۆرینەی پێکهاتە ل وێرێ بن دێ بیتە ئیجباری لسەر وان بەلکو هندەکا نەڤێت، وەکی من گوت نازح یێن هەی خەلکێ مەنتەقا ﴿بەغدا و میسلە﴾ ب سریانی نەڤێت بخوینن، بەلکو ئەڤە ببیتە نەوعەکێ دیموقراتییەتێ، بۆ زمانێ حەقێ وان یێ هەی بخوینن سریانی ئەگەر نە، نە، ڤێجا ئەگەر کارێ پێویست تێدا بیت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاسن، تكایە جارێكی تر بخوێنن بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

﴿لە كوردستانی عێراقدا زمانی پێكهاتەكانی تری توركمان و سریان و ئەرمەن لە یەكەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا، لە كاتی پێویستدا لەپاڵ زمانی كوردیدا فەرمین﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە با دەست بەرز بكات؟ ﴿٤٧﴾كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٢﴾كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند كرا، كاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەسەڵاتمان نییە كە لە ﴿١٠٠﴾ساڵی رابردوودا رەنگە هەندێك دێهاتی عەرەب هاتبێتە ناو كوردستانەوە، ئەوانە ئێستا لەگەڵ كورد گونجاون و هیچ كێشەیەكیان نییە، ئێستا لە ناوچەكانی خانەقین و ئەوانە شتی وا هەیە یان ئەو عەرەبانەی لە كەركووك هەن دیارە هەندێكیان هەر ناڕۆینەوە ئەگەر بەهەرچی هینێك بێت، بۆیە ئێمە زۆر جار ناوی عەرەبەكان، راستە ئێستا زمانی عەرەبی هاتووە و كوردی...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە ماددەی ﴿٢﴾ ئاماژەی پێدراوە كاك فەرهاد، زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەیانی ئەگەر حكومەتی عێراقی نەما و پارچە پارچە بوو ئەوكاتە چییان لێ دەكەی؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر لە ماددەی ﴿٢﴾ لێرە تەسبیت كراوە كە زمانی عەرەبی لە پاڵ زمانی كوردی زمانی رەسمین.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەزانم ئەگەر عێراق و كوردستان بەیەكەوە نەمان ئەو دەستووورە نامێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە تەسبیت كراوە بە یاسایەك لە هەرێمی كوردستان و هیچ گرفتێك نییە، یاساكانی هەرێمی كوردستان بەركارن و تەنانەت ئەگەر ئێمە لە عێراقیش نەمینین ئەوا زمانی عەرەبی هەر زمانی فەرمییە هەتا

گۆڕانكاری بەسەردا دێت، سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا دەچینە ماددەی ﴿٤﴾، كاك ماجد نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ماجد عپمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورن یەك تێبینیم هەبوو، ﴿د. ڤاڵا﴾ بە شێوەیەك خوێندییەوە وا بزانم هەڵەیەكی ئیملائی تێدایە ئەمە دەبێت ڕاست بكرێتەوە لە هەرێمی كوردستان دا زمانی پێكهاتەكانی تری توركمان نابێت، زمانی پێكهاتەكانی توركمان، نابێت بڵێی پێكهاتەكانی تری توركمان، چونكە ئێمە پێكهاتەینە، پێكهاتەكانی تری توركمان، یەعنی ئەمە دەبێتە شتێكی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد، ئەوە لە ناو كەوانە دایە پێكهاتەكانی (توركمان، سریان، ئەرمەن)، باشە، تكایە ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوار: ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بە كردەیی كردنی فەرمیەتی زمانی كوردیە لە هەرێمی كوردستان و، ڕێكخستنی ئەو فەرمیەتییە لە پەیوەندی لەگەڵ زمانە فەرمییەكانی دیكەی عێراقی فیدراڵدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە زمان بەدەر لەوەی كە ئامرازیان هۆكاری بنیاتنانی لێك تێگەیشتن و پێگەیشتنی مرۆڤە، لە پاڵ ئەوەدا زمان وەك ئەوەی كە دەگوترێت ماڵی بوونی مرۆڤیشە، لێرەدا هەر خزمەت و چاكەكاریەك لە زیاتر كردن و فراوانكردنی زمانی كوردی كە ئەنجام دەدرێت دەبێتە هۆی پتەوكردن و نۆژەنكردنەوەی ماڵی بوونی نەتەوەیی و نیشتیمانیی مرۆڤی ئێمە، ئەم پڕۆژەیە دەرچوواندنی لە پەرلەمان و جێبەجێكردنی لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەكان زەمینەی تەشەنەكردن و بەرجەستەبوونی زمانەكەمان دەڕەخسێنێ، ڕۆڵی گرنگی بڵند بوونەوەی كەسایەتی نەتەوایەتی و كەسایەتی و گەوهەری زمانی كوردی دەبێت، لایەنێكی تری ئەم پڕۆژەیە كە بەلای منەوە سەرنج ڕاكێشە، ئەوەیە كە بە شێوەیەكی دیموكراتیانە و ڕێزگرتنی زمانی پێكهاتەكانی تری بە بنەما گرتووە، ماددەی چوارەم: ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بە كردەیی كردنی فەرمیەتی زمانی كوردییە لە هەرێمی كوردستان و ڕێكخستنی ئەو فەرمیەتیە، لێرە ئەو فەرمییەتیە (ی)یەكی نوقسانە، ئەو( فەرمیەتییە)، لە پەیوەندی لەگەڵ، ئەو لە پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لە رووی زمانەوانییەوە هەڵبەت بە رای من نەگونجاوە، بۆیە دەكرێت بگۆڕێ یان لە پەیوەندی لابرێت، یان

ئەوەتا لەگەڵ لابرێت، بکرێتە لە پەیوەند بە زمانە فەرمیەکانی دیکەی عێراقی فیدراڵەوە، بەو شێوەیەی لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال مۆرتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم کە دەڵێت (ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بە کردەیی کردنی فەرمییەتی زمانی کوردیە لە هەرێمی کوردستان و، رێکخستنی ئەو فەرمییەتیە لە پەیوەندی لەگەڵ زمانە فەرمییەکانی دیکەی عێراقی فیدراڵدا، بە رای من زمانەکانی دیکەی عێراق دیار نییە، یەك زمانە عەربیە ئەوی تریش کوردیە لە کوردستان و لە عێراق بە فەرمی ناسێندراون، بۆیە بە رای من بنووسرێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لە عێراقدا، یەعنی سیاغەکەی کورتر بکرێتەوە، وازحتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە زیادە، یەعنی ئەو ئامانجانە لە ماددەی دووەم و سێیەمدا هاتۆتە دی، هەروەها لە هۆکاری دەرچوواندنیشدا باس لە بنەما و ئامانجەکان دەکات، لەبەر ئەوە پێشنیاری لابردنی ئەو ماددەیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە لە ماددەکانی دیکە باسی زمانەکانی پێکهاتەکان کراوە، بەڵام لە ئامانجەکە لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە شەرحی ئامانجی ئەم یاسایە دەکات، هەروەها لەبەر ئەوەی برادەرەکانیش باسی ئەوەیان کرد کە ئەمە یاسای زمانە فەرمییەکانە، مەخصوص نییە بە زمانی کوردی، پێویستە رستەیەك ئیزافە بکرێت، ئامانجی ئەم یاسایە چەسپاندن و بە کردەیی کردنی فەرمییەتی زمانی کوردیە لە هەرێمی کوردستان و، رێکخستنی ئەو فەرمییەتیە لەگەڵ ئەوە ئەوەش بنووسرێت رێکخستنی بە کارهێنانی زمانی پێکهاتە نەتەوایەتییەکانی هەرێم، چونکە لێرە تەنها رێکخستنی، یەعنی بە رەسمی کردنی زمانی کوردی نییە، رێکخستنی بە کارهێنانی زمانی پێکهاتەکانی تورکمان و کلد و ئاشووری و سریان)یش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: پشتگیری لە بۆچوونەکەی بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی دەکەم، ئەو بەندە پێویست ناکات هەبێت، زیادەیە، لە ئەسبابی موجیبە باس دەکرێ ئەو یاسایە بۆچی هەیە، خاڵی دووەم: پێشنیار دەکەم کە من دڵنیام نیەتی پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی هۆڵەکە هەمووی هەر ئەوەیە لەو یاسایەدا بۆچوونی برا مەسیحی و تورکمانەکان بە جدی وەربگیری بۆ ئەوەی دواجار یاساکە بە جۆرێك دەربچێت کە ئەوان پێی رازیبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو امنە زکری فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی لەگەڵ بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی و کاك رابوون هاڤ رەئیمە، بەس ئەگەر هاتو ئەڤ ماددە وەکی خۆی ما پێشنیار دکەم ماددەیەکی دی بێهتە زیدە کرن، بۆ دابینکرنا ماڤێ بکارهێنانا زمانێ تایبەت ژ لایێ پێکهاتێن دیتر لە کوردستانێڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی لیژنە هاوبەشەکان دیارە من تێبینیەکەم بە شێوەی گشتی لەسەر زۆربەی ماددە و بڕگەکان هەیە، بەڵام لەم ماددەیەدا زیاتر باسی دەکەم، دیارە ماددەی چوار لە دەستووری عێراقدا لە بڕگەی یەکەم زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی داناون، لە بڕگەی چوارەمیشدا زمانەکانی تر لەو یەکە کارگێڕیانەی بە فەرمی دانی پێناون کە زۆربە دانیشتووانەکەی پێك دەهێنن، لێرەدا ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە ئەو پڕۆژە یاسایەی ئێستا ئێمە لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکەین بە کردەیی کردنی، بە فەرمی بوونی زمانی کوردیە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە پێویست ناکات لە زۆربەی بڕگە و ماددەکاندا دەبینم کە زمانی عەرەبی دووبارە کراوەتەوە، چونکە لە ماددەی یەکەمی ئەم پڕۆژەیەش ئاماژە بە دەستووری عێراق کراوە، لەوێ بڕاوەتەوە، هەر چەندە دەستووری عێراقی بە درێژایی مێژوو بۆ سەرکوت کردن و پێشێلکردنی مافەکانی کورد بە کارهێنراوە، ئێستاش دڵنیام......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك انور، ماددەی چوار باسی دەستووری عێراقی تێدا نییە لێرەدا، لە ماددەی چوار باسی دەستوور نەكراوە.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر كۆی پڕۆژەكە لەسەر دەستووری عێراق هاتووە، بەڵێ، سەرۆكی پەرلەمان، بۆیە من پێموایە كە كاتێك پێگەی عەرەب لە بەغدا بەهێز بێت یەك وشەی كوردی لە دەستووری عێراقدا نامێنێت، لای دەدەن......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لەسەر ماددەی چوار چیت هەیە بیلێ؟ وەكو ئەو برا بەڕێزانە باسیان كرد، ئەگەر لای دەبەین لای بەرین، ئەگەر ئیزافەت هەیە ئیزافەی بكەین، ئەگەر چی بە كەڵك نایەت دەستكاری بكەین.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك شتی دیكەم ماوە، بۆ ئەم پڕۆژە یاسایە و بۆ زۆربەی پڕۆژە یاساكانیش كە من پێموایە گرفتی دروست كردووە بۆشایی دەستووریە، بۆیە من پێم باشە كە بە زووترین كات پەلە بكرێت بۆ گێڕانەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بۆ پەرلەمان، بە شێوازێك گۆڕانكاری تێدابكرێ و هەمواربكرێتەوە كە لە بەرژەوەندی هەموو خەڵكی كوردستان و دەستووریەتی نیشتیمانیی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سرووود فەرموو.

**بەڕێز د.سرووود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم هاتنە گوتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەری فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەكانی كاك ابوبكر هەڵەدنی دەكەم، ئەگەر ماوەش فاریزە زۆر دووبارە دەبێتەوە لە نووسراوەكانمان، هەروەها ئامرازی لێكدەر و فاریزە لە پاڵ یەك نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە (ئامانجی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا بە کردەیی کردنی فەرمیەتی زمانی کوردیە)، وشەی بە کردەیی کردن پەسەند تر و راست ترە بەسەر یەکەوە بنووسرێت، لەبەر ئەوەی یەك وشەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر جەنابت دەبینم، بەلآم با رای ئەندامان تەواو ببێت، دوایی دەرفەت بە جەنابت دەدەم کە روونکردنەوە لەسەر کۆی ئەو رایانەی ئەندامانی پەرلەمان کە خستیانە روو پێشکەش بکەی، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك ابوبکر هەڵەدنی و کاك رابوون دەکەم، کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاساییش پێان باشە بمێنێتەوە، پێمخۆشە ئەگەر بە وردی بەم شێوەیە بینووسنەوە (ئامانج لەم یاسایە چەسپاندن و بە کردەیی کردنی زمانی کوردیە لە کوردستانی عێراق و، پەیوەندی لەگەڵ زمانی عەرەبی و پێکهاتەکانی دیکە لە کوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاساکە بە خۆی یاسای زمانە فەرمییەکانە، من ئەم ماددەیە لێرە بە زیاد دەزانم و پشتگیری لەو رەئیانە دەکەم کە ئەو ماددەیە نەمێنێت، چونکە لە شوێنی تر ئیشارەتی پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.نوری تالەبانی فەرموو.

**بەڕێز د.نوری تالەبانی/ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن، ناچارم کە جاروبار موداخەلەم هەبێت، منیش لەگەڵ ئەو برادەرانەم کەوا ئەم ماددەیە زیادەیە و پێویست ناکات، ئەگەر دەتانەوێ بێخەنە جێگایەك ئەوە لە هۆیەکانی دەرچوواندن کە هۆکاری دەرکردنی ئەو یاسایەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای تـاوتوێكردن لەگـەڵ ليژنــە پەيوەنديـدارەكان، هـەموو ليژنــەكان پەسـەنديانە كـە ئـەو ماددەيـە هەڵبگيرێت، ئەو رايە پەسەند دەكەين، تكايە بيخەرە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەيخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدايە كـە مـاددەی چوارەم لابـبرێت لـە پـڕۆژە ياسـاكە؟ تكايە دەست بەرزكاتەوە، (٥٣) كەس لەگەڵدايە كە لابـبرێت، زۆر سـوپاس، كـێ لەگـەڵ دانييـە، تكايـە دەسـت بەرزكاتەوە، (٥) كەس لەگەڵ دانييـە، زۆر سـوپاس، كەواتـە بەزۆرينـەی دەنـگ پەسـەندكرا، بـەڵێ، فـەرموو ماددەی پێنج بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی سێيەم

زمانی ياسا و دادگاكان

ماددەی پێنج: هەموو پڕۆژە ياسايەك لە هەرێمی كورستاندا بە زمانی كوردی ئامادە و پەسەند دەكرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەيـە لەسـەر ئـەم ماددەيـە؟ ناوەكـان (كـاك د.شـێركۆ حەمـە امـين، مامۆسـتا انـس، كـاك ابـوبكر هەڵەدنی، كاك ڤەمان، مامۆستا ماجد، د.فرست، كاك صالح فقێ)، فەرموو د.شێركۆ.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئـەوەی مـن تـەنها لـە ڕووی ڕێنووسـە، هـەموو پـڕۆژە ياسـايەك دەبـێ فاريزەيەكی هەبێت، لە هەرێمی كوردسـتاندا ديسـان دەبـێ فاريزەيـەك هـەبێت، لـە زمـانی كـوردی ئامـادە و پەسەند دەكرێت، هەر وەكو تێبينييەكی گشتيش پێش هەموو ئامرازێكی پەيوەندی پێويستە لە ڕێنووسـدا فاريزە هەبێت، ئەمە بەتايبەتی باس لەسەر فەرمييەتی زمانی كورديش دەكەين، دەستتان خۆش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو پڕۆژە ياسايەك لە وێرێ بڕيارەكيش ئەگەر ئيزافە بيتن، بڕيار لەگەڵ ياسا، هەروەسا من پێم باشـە نە بەس بە زمانێ كوردی بيتن، زمانێ عەرەبيش لەگەڵ بيتن، چونكە هەر لە نەفسی پڕۆژەيدا ماددەی (٧)

هـەر دیسان ئیشارەت کریـە کـو کوردسـتان بـە زمـانی کـوردی و عـەرەبی بـڵاو دەکاتـەوە، مـادام بـە زمـانی عەرەبیش پڕۆژە یاسا بڵاو دەبیتن دەبێ پەسەندکرنا ویش بە زمـانێ عـەرەبی هـەر لێـرە پەسـەند ببـیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله ( عمر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە ئەوهای لێ بکرێت ( هەموو پڕۆژە یاسا و پڕۆژە بڕیارێك لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی ئامادە و پەسەند دەکرێت)، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٧)یش ناوی بڕیاریش هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانی من کرا، کە منیش دەمویست هەموو پڕۆژە یاسا و بڕیار و سیستەم و ڕێنمایی، یـەعنی ئەنزیمە و تەعلیماتیش ئیزافە بکرێت کە بەپێی زمانی کوردی دابڕێژرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ رای بەڕێز مامۆستا انس، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ رایەکانی پێشووتر، بەڵام ئەگەر ئەوهاش بمێنێتەوە بەس پەسەندکردن بمێنێت، چونکە ئامادەکردن مەجال دەدات لەوەی کە ئامادەی بکەی ئیعتیادیە، بەڵام پەسەندکردن با بە زمانی کوردی بێت، ئەگەر بەو شێوەیەش بێت ئامادەکردن هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر ئەوەبوو، یەك: بڕیار و سیستەم و ڕێنمایی کە کاك ڤەمان ئاماژەی پێدا، دوو: هەرێمەکە لابرێ هەر کوردستان بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من هەر مولاحەزەم لەسەر ئەوەیە ئێمە لە زمانی کوردی یاسادا لاوازین، وەکو پێویست نین، ئەگەر زاراوەیەکی کوردی یاسایی نەبێت وشەکە بخرێتە کەوانەیەکەوە لەو پرۆژانەدا، پرۆژەکە بە گشتی خۆی زۆر تەواوە کە دەبێ بە کوردی ئامادە بکرێت، بەڵام لە کاتی نەبوونی زاراوەیەکی یاسایی لە کوردیدا زمانی عەرەبی دەبێ لە پاڵیدا لە کەوانەدا بەکار بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.نوری تالەبانی هیچ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە؟ کاك عمر ناوت نەنووسی بوو، بەڵام فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من وشەی هەمووەکە لابرێت، یەعنی هەموو پێویست ناکات، پرۆژە یاسا و بڕیارەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی دەردەچووێندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە رای ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆر لە پێشنیارەکان لوغەوی بوون ئەوەیان چارەسەر دەکرێ لە کاتی داڕشتنەوەی ماددەکاندا، هەروەها ئەو پێشنیارەی کرا لەلایەن سێ بەڕێزەوە بۆ زیادکردنی یاسا و بڕیار و ئەنزیمە و تەعلیمات ئەویشیان بە پەسەند دەزانین و لە کاتی سیاغەکردنەوە جێگای دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی یاسا و بڕیار ئەوە پەسەندە بۆ ئەوەی کە بڕیار ئیزافە بکرێ، بەلاَم مەسەلەی سیستەم و ڕێنمایی کە لەگەڵ ئەوەشدام جێگای بۆ بکرێتەوە، بەس لێرەدا دەڵێ پەسەند دەکرێت، ئەگەر وشەی پەسەند دەکرێت بمێنێتەوە سیستەم و ڕێنمایی ناگرێتەوە، چونکە ئەوانە هەموو جارێ پەسەند ناکرێت سیستەم و ڕێنمایی، ڕاستەوخۆ دەردەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوای ئەوەی گفتوگۆ تەواو دەبێت نابێ کەس قسە بکات، ڕاستە، موخالەفەمان کردووە جار بە جار ڕێماندەوە قسەتان کردووە، بەلاَم تکایە سەرنجی ئەوە بدەن لە دوای داخستنی دەرگای گفتوگۆکردن، ئەگەر نوقتەی نیزامیتان هەیە فەرموون، بەلاَم ئەگەر رایەکی ترتان هەیە ئەوە دەبوو لە کاتی خۆیدا باسی بکەن، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی لەبەر ئەو مەوزوعێت زمانێ عەرەبی، لیژنەی یاسایی تەوزیحێ خۆ لەسەر نەدا، زمانێ عەرەبی زەرورە لە پەسەندکردنی، وەکی مامۆستا انس گوتی ئەوە ژی بێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموون لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج: پڕۆژە یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٩) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢) لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، تکایە ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش: لیژنەکانی داڕشتنی یاسا پێویستە پسپۆری زمانەوانی شارەزای لە بواری یاساییدا هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ بەشداری لە گفتوگۆ دەکات؟ بەڕێز کاک صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێموایە ئەم ماددەی (٦)ە، یەك: زیادە، لابرێت، دوو: ئەگەر دەمێنێتەوەش ئەوە بەم شێوازەی ئێستا كە هەیە پسپۆری زمانەوانی شارەزا لە بواری یاسا ئەمە لە كاتێكدا دەبێتە كەسێك هەم یاسایی بێت، هەم زمانەوانیش بێت، پێموایە بۆ ئەمە پێویستە لیژنەكە سوود لە راوێژكاری پەرلەمان ببینێت، هەروەها لەلایەكی تریش ئەگەر پێداویستییەكانی ماددەی پێنجەمە ئەمە تەنها پڕۆژە بڕیار ناگرێتەوە، سیستەم و رێنمایی و ئەوانەشە، بۆیە پێویست بەوە ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك جمال مۆرتكە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان كارسول (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕەئییەدام كە ئەو ماددەیە زیادە ، چونكە وازیحە داڕشتنی یاسا كەسانی پسپۆر و كەسانی شارەزا لە بواری زمانەوانی بن ، ئەگەر بشمینێتەوە بەو شێوەیە بە ڕەئی من بە موختەسەری دابڕێژرێتەوە ، كە دەڵێ لێژنەكانی داڕاشتنی یاسا پێویستە پسپۆری زمانەوانی شارەزای لە بواری یاسایدا تیا هەبێت ، بە ڕای من لیژنەكانی داڕشتنی یاسا پسپۆری یاسایی و زمانەوانی بن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا مەڕوان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕەئی هەردوو برای بەڕێزمدام ئەو ماددەیە نەمێنێتن ، بەلاَم ئەگەر ماوەش لیژنەكان بكرێنە لیژنە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕیز ماجد عثمان فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام نابێ ئەو ماددەیە لە یاسا بنووسرێ ، بەڕاستی ئەو ماددەیە یاسایی نییە ، دەبێ هەڵبگیرێتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك تحسین دۆڵەمەڕی فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد (تحسين دۆڵەمەڕى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لــە زمنەوانيــدا ئيختيساســى ياســا نييــە كــە بگــوترێ پســپۆڕى زمانــەوانى لــە بــوارى ياســا ، دواى ئـەوەش شـارەزايى و پسـپۆڕى تـەنها لـە زمـانى كـوردى نييـە ، زمانـەكانى تـريش هەيـە كەواتـە دەبـووا ئيشـارەتى پێبـدرێ پسـپۆڕى زمـانى كـوردى بـن ، مـن پـێم باشـە بـەم جـۆرە دابرێـژرێت ( پێويسـتە ليژنـەكانى داڕشتنى ياسا پسپۆڕى زمانى كورديان تێدابێت) ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك ئومێد حەمە على فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بـەڕاى مـن پێوبسـتە ئـەوە هـەبێ بـۆ تەئكيـد كردنـەوە گـەورەترين كێشـەى ياسـاكانى يـان بڕيارەكـانى ئێمـە ئـەتوانم بڵـێم كێشـەى زمانـەوانى يـان نـەبوونى شـارەزاى زمانەوانييـە ، بۆيـە مـن بـەو شـێوەيە ئــەو دەقــە دادەڕێژمــەوە يــان بــەم شــێوەيەى لێبكــرێ ( لــە ليژنــەكانى داڕشــتنى ياســادا پێويســتە پسـپۆڕى زمانـەوانى شـارەزا لـە بـوارى ياسـاييدا هـەبێ واتـە (لەگـەڵ داى بـۆ زيـاد بكـرێ) يـان بـەم شـێوەيە ( پێويسـتە پسـپۆڕى زمانـەوانى شـارەزا لـە بـوارى ياسـاييدا لـە ليژنـەكانى داڕشـتنى ياسـادا هەبێ) ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئـەڤ دەقـە گەلـەك وازح نينـە بەڕاسـتى كـە دەبێـژيتن (ليژنـەكانى داڕشـتنى ياسـا پێويسـتە پسـپۆڕى زمانــەوانى شــارەزا لــە بــوارى ياســاييدا هــەبيت) ئــەوە فيعلــەن هــەم زمانــەوانى دەگرێتــەوە ، هــەم ياسـاش پـێم باشـە ئـەوهاى لێبێـت ( لـە داڕشـتنى پـڕۆژە ياسـا و بڕيارەكانـدا پێويسـتە پسـپۆڕى زمانەوانى ڕەچاو بكرێت) ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا حسن صالح فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەرچـەندە بـاس لـەزمانى فـەرمى دەكـەين و زمـانى كـوردى دەكـەين ، بـەڵام هـەر ووشـەيەكى كـوردى نييـە ئـەوە بـە خـۆى (تحصـيل حاصـل)ە ئـەوە ، مـن پێشـنيار دەكـەم نـەمێنێ ئەگـەر مـا ليژنـەكان

ببێتە لیژنە ، لیژنەی داڕشتنی یاسا (پێویستە پسپۆڕی زمانەوانی و شارەزاییان لەبواری یاساییدا هەبێت) ، یەعنی ئەوە (و)ی دەوێت ، شارەزاکەش بکرێتە (شارەزاییان لە بواری یاساییدا هەبێت) نەك شارەزای لەبواری یاساییدا هەبێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەم یەك ماددەیە پێویست نییە ، پشتگیری هاوڕێیان دەکەم یەعنی ئەمە ( تحصیل حاصل)ەو پێویست بەم ماددەیە ناکات ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا غەریب مصطفی فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕام وایە مانەوەی ئەو ماددەیەی پێویستە ، بەلاَم وشەی (لیژنەکان) بکرێت بە (لیژنە) وەکو کاك مەلا مەڕوان باسی کرد ، وشەی داڕشتن بکرێت بە داڕشتنەوە چونکە ئەوە (اعادة صیاغة )یە نەك سیاغەکردن ، یاسایەکە دەرچووە جارێکی تر ئیعادە سیاغە دەکرێتەوە ، وشەی (داڕشتنەوە) تەرجومەی ئەوەیە نەك (داڕشتن) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی ڕایەکی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. نوری تاڵەبانی / سەرۆکی ئەکادیمای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کەوا ئەم ماددەیە زیادەیە ، پێویستش ناکا ماددەی لەو جۆرە بخرێتە ناو قانونەوە ، ئێمە پێشنیازی ئەوەمان کردبوو کە ئەکادیمای کوردی ئامادەیە بۆ هاوکاری کردنی پەرلەمان بەتایبەتی لەگەڵ لیژنەی قانونیدا ، دەکرێت ئەگەر هاتو کێشەیەك دروست بوو ، دووریش نین لێرەوە دەتوانین هاوکاری یەکتر بکەین پرۆژەکە بومان بنێرن یان یەکێمان دێین لێرە هاوکاریتان دەکەین بۆ داڕشتنەوە ، ئەوە (تحصیل حاصل)ە پێویست ناکا کەوا ماددەیەکی لەو جۆرە لەناو وەکو دەڵێن صولبی قانون دا هەبێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە ڕای ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڤالاَ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی دیارە بە گرینگمان زانیوە كە لیژنەی داڕشتنی یاسا (پێویستی بە پسپۆڕی زمانەوانی شارەزا لە بورای یاساییدا هەبێت) ، كە دەڵێن: (شارەزا لە بواری یاسادا ئێمە مەبەستمان كەسانی پسپۆڕی وەك بەڕێز دكتۆر نوری تاڵەبانییە) كە هەم یاسایی بێت و هەم لە ڕووی زمانەوانیش پسپۆڕبێت ، چونكە ئەوەی ئەمە پێویستیمان پێیە لە لیژنەی یاسایی تەنها زمانەوان نییە ، لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن كە زمانی یاسا زمانێكی تایبەت بەخۆی هەیە ، زۆربەی ئەو موناقەشانە كە دەكرێتن لەناو جەلسەكانی پەرلەمانی كوردستان زیاتری مەسەلەی زمانەوانییە و داڕشتنیتی بە زمانی كوردی لەو زەرورەتەوە ئەو ماددەیەمان هێناوە ، ئەو ڕایەی بەڕێز دكتۆر نوری تاڵەبانی زۆر پەسندە ئەوان داوایان كردبوو كە ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان هاوكاری ، یاخود لە ماددەیەكدا جێگای بكەینەوە كە ئەكادیمای كوردی پاڵپشتمان بێتن لە مەسەلەی داڕشتنەوەی زمانەوانیدا ، دیارە ئەوە نەچەسپا لەو گفتوگۆیانەی لە نێوان لیژنەكان ئەنجامدرا ، بۆیە ئەگەر ئەو ماددەیە لێرەش هەڵبگیرێتن ئێمە بەباشی دەزانین كە لە پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆدا ماددەیەك هەبێتن كە ئەو مافە زامن بكاتن بەتایبەتی بۆ ئەو لیژنانەی كە ئیش لەسەر داڕشتنی یاسا دەكەن و بە تایبەتیش لیژنەی یاسایی ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك فرحان فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو لیژنەی ڕۆشنبیری پێمانوایە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێتن ، تەنها لە پەیڕەودا ئەگەر لە پێداچوونەوەكاندا لە پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئیلزام بكرێت ، ڕاوێژكاری زمانەوانی بۆ لیژنەی یاسایی دابنرێتن لێرەدا زیادە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دكتۆرە جوان فەرمووو.

**بەڕێز د. جوان اسماعيل عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆ چوونم هەیە ، دەتوانرێ لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەوە چارەسەر بكرێتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بۆیە ئێستا سەرەتا ئەوە ئەخەینە دەنگەوە كە ئەم ماددەیە لابرێ؟ ئەگەر مایەوە دوایی بەشێوەیەكی تر دائەڕێژرێ بە پێی ڕای ئەندامانی پەرلەمان كە پێشنیاریان كرد بۆ

داڕشــتنەوەی ، کـێ لەگـەڵ ئەوەیە کـە ئـەم ماددەیـە لابـرێ؟ (٤٤) ئەنـدام لەگـەڵ ئەوەیـە کـە لابـرێ ، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە کـە بمێنێتـەوە؟ (٧) ئەنـدام لەگـەڵ ئەوەیـە کـە بمێنێتـەوە ، کەواتـە پەسـەندکرا لابـرێ ، مـاددەی (٧) کـە دەبێتـە مـاددەی (٥) لـە ئێسـتادا دوو ماددەمـان لابـردووە دەبێتـە مـاددەی (٥) ئێستا.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٧) " دەقـی یاسـا و بڕیارەکـان لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی لـە هـەرێمی کوردسـتان بـە زمـانی کوردی و عەرەبی بلاّودەکرێنەوە ، دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز کاك محمد سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە مـاددەی (٥) کـە تەعـدیل کـرا هاتینـە سـەر ئـەوەی کـە یاسـا و بڕیـار و پـەیڕەو بـەزمانی کـوردی دەردەچـێتن؟ بۆیـە لێـرە ئیعـادەکردنی وە نووسـرایە لەڕۆژنامـە بـە فـەرمی دەربچـیتن ، خـۆی ئەگـەر ڕۆژنامەکــە کــوردی بــوو بــە کــوردی دەردەچــێتن یــەك ، دووەمــیش ئەگــەر هــەرێمی کوردســتان ڕۆژنامـەی فـەرمی بـە زمـانی تورکمـانی و سـریانی دەرهێنـا و بـە پێویسـتی زانـی ، ئـەوکات بـەپێی ئـەو یاسـایە ناتوانرێـت زمـانی تورکمـانی و سـریانیش ئـەو یاسـایانە بنووسـرێن تەقیـد دەبـێتن ، بۆیـە یەعنی ئەگەر ئەوە ڕەچاوبکرێتن ، زۆرباش دەبیتن ، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا مەڕوان گەلاّلی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین(مەروان گەلاّلی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو دەقـە کوردییـە کـە لـە ئـاخیردا هـاتووە نووسـراوە دەقـە کوردییەکـە سەرچـاوە و بنەمایـە ، بـە ڕەئـی مـن ئـەوە نـەمێنێتن ، لابـرێتن ، لەبـەر ئـەوەی کـەلیماتی کـوردی زۆر مانـا هەڵـدەگرێتن ، یاسا دەبـێتن کـەمترین مانـا هـەڵبگرێتن ، ئێسـتا بۆنموونـە کێشـەیەکمان بـۆ دروسـت بـوو لـە مەسـەلەی زمـانی فـەرمی گەڕاینـەوە بـۆ دەقـە عەرەبییەکـەی ، ئـەو حـەسمی خیلافەکـەی کـرد ، بـەڕەئی مـن ئــەوە زیــادە نەنووســرێتن ئەگــەر بشنووســرێتن بگەڕێنــەوە ســەر دەقــە عەرەبییەکــەی کــە کەلیماتەکانی وەکو بڵێی حەسمی ئەوەکەی دەکاتن ، دەستانخۆش بێتن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) ئەو ماددەیە من پێم باشە بكرێتە دوو فەقەرە (ا ، ب) ئەو یاسا و بڕیارانەی تایبەتن بە پێكهاتەكان لەگەڵ زمانی كوردی و عەرەبی بە زمانی خۆیان بڵاو بكرێنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك جمال مۆرتكە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان كارسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) كە دەڵێ دەقی یاسا و بڕیارەكان لە ڕۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی كوردستان بەزمانی كوردی و عەرەبی بڵاودەكرێنەوە ، دەقە كوردییەكەی سەرچاوە و بنەمایە ، بەڕای من بەو شێوەیە سیاغە بكرێتەوە ( دەقی یاسا و یان یاسا و بڕیارەكان لە هەرێمی كوردستان بەزمانی كوردی و عەرەبی بڵاودەكرێنەوە دەقە كوردییەكە سەرچاوە و بنەمایە) بەڕای من هەندێ جار هەیە وەكو هەڤاڵان باسیان كرد زۆرجار هەیە ئێمە لە مەسائیلی زمانەوانی دەگەڕێینەوە سەر دەقە ئەسڵییە عەرەبییەكەی لەبەر ئەوەی تەقریبەن دەتوانین بڵێین وەكو ئەو ئیستشهادە زمانەوانییەی كە كراینە هێشتا نەمانتوانیوە بە تەواوەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە دەقیق ڕای خۆمان دەربڕین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك ابوبكر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابو بكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەوە نووسراوە بەشی سێیەم زمانی یاسا و دادگاكان ، یاسا جیاوازە لە دادگاكان ، پرسی یاسا لە ماددەی یەكەم چارەسەرمان كردووە كە یاسا و بڕیارەكان دەردەكرێن بە زمانی كوردی ، دادگاكانیش لە ماددە هەشتدا باسی ئیجرائات و هەروەها هەموو لایەنەكانی تری كردووە ، لەبەر ئەوە من ئەم ماددەیە بە زیاد دەزانم كە هەر لابېرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا ماجد عثمان فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ماددە حەوت تەناقوزە لەگەڵ ماددەی پێنج ، لەبەر ئەوەی لەمادەی پێنج كە ئێمە وتمان دەبێ عەرەبیشی لەگەڵ بێ ، لەبەر ئەوەمان بوو كە بڵاوكردنەوەی یاسایەكان زۆر موستەڵەحاتی یاسایی هەیە بە عەرەبی نەبێ مەعنای نادا ، لێرە ئێستا كە ئێمە دەڵێین دەقی

یاسا و بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێتەوە دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە ، باشە لێرە چۆن بڵاوی دەکەیەوە بە عەرەبی؟ چۆن لەوێ بە کوردی دەری دەکەی؟ ئەگەرنا خۆ دەبێ ڕاستبکرێتەوە بکرێ بە لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی دەردەچێت و بەعەرەبی تەرجومە دەکرێت دەبێ ئەوهای لێبکەن دەنا تەناقوز دەبێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا بەو پرسیارە دەست پێدەکەم کە ماددەی (٥) لابرا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم پڕۆژە یاسایە تەنها بۆ پەرلەمانی کوردستانە؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥)لا نەبراوە تەعدیل کرا.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

باشە، تەنها پڕۆژە یاسا و بڕیارەکان ڕاستە پڕۆژە یاسا تەنها پەرلەمان دەری دەکا، بەڵام حکومەتیش بڕیار دەردەکا ، بۆیە ئەمە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ وادەردەکەوێ لە نووسینەکانادا تەنها بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە دانرابێ ، سەبارەت بەو ماددەیە (دەقی یاسا و بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان) ئەو (لە) یە زیادەیە (ڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێنەوە دەقە کوردییەکە سەرچاوەو بنەمایە) هەڵبەت من لەگەڵیدام پێویستە بمێنێتەوە نابێ بە پاساوی ئەوەی کە تاکو ئێستا زمانی کوردی لە ڕووی یاساییەوە بەهێز بکرێت ، ئەوەی کە بە بنەما نەگیرێت ، ئەم پڕۆژەیە خۆی سەرەتایەکە بۆ بەبنەماگرتن و گەشەپێدانی زمانەکەی ئێمە ، بۆیە لەو ڕووەوە پسپۆڕەکان دەبێ بیربکەنەوە ئەوانەی کە لە بواری زمانەوانی شارەزان تاوەکو زمانی کوردییەکەمان بچەسپێنین ، بەبێ چەسپاندنی زمانی کوردی لە هەموو ڕووەکانەوە بەتایبەتی لە ڕووی یاساییەوە پێموایە ئێمە زمانەکەمان تووشی خەلەل دەبێت ، بەرنامەشمان بۆ گەشەپێدانی زمانەکە پێموایە بە بەرنامەیەکی جدی هەنگاوی نابێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ماددە (٧ ، ٨) بکرێ بە یەك، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، ئێستا ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان ، لیژنەی ڕۆشەنبیری کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە ماددەیەکی زۆر زۆر گرنگە ، پێموایە یان یاساکە لەناو ئەو ماددەیەدایە کە ئێمە زۆرجار کێشەمان لەگەڵ ئەوە هەیە کە گرفتێکمان لە یاسا بۆ دروست دەبێ بگەڕێینەوە کامە سەرچاوە بنەمایە ، لەبەر ئەوە وەکو ئەوەی کاك ئومێد باسی کرد ناکرێ بە بیانووی ئەوەی کە زمانی کوردی هەژارە ئێمە دەست بەرداری ئەوە بین کە دەقە کوردییەکە بکەینە سەچاوە و بنەما بۆ یاساکانمان لە هەرێمی کوردستان ، بۆیە زۆر گرنگە ئەو ماددەیە بچەسپێ لەناو یاساکە بۆ ئەوەی لەمەو دوا هەر گفتوگۆیەك کە کرا دەقە کوردییەکە سەرچاوە بێ ، چونکە کۆمەلاّنی خەلکی کوردستان نەوەیەکی نوێی پێگەیشتووە کە زمانی تر نازانێ ، ڕاستی پێویستی بەوە هەیە کە شارەزای یاسا بێ ، بزانێ سەرچاوەی یاساکان ، بنەمای یاساکان لە کوردستان لە کوێن؟ بۆیە ئەو ماددەیە ماددەیەکی گرنگە بە بڕوای من ڕۆحی ئەم یاسایەیە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك فرحان جوهر فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی کاك زانا بوو ، بەڕاستی ئێستا ئێمە هاتووینە زمانی کوردی بەفەرمی بکەین لە هەرێمی کوردستان ، ئەگەر ئەمەی تێدا نەبێ سەرچاوە و بنەمایە ئەسڵەکەیە ، کەواتە ئێمە هیچمان بە هیچ نەکرد ، یەعنی ناوەڕۆکی یاساکە هەمووی بەتاڵدەکەیەوە لەو دوو وشەیە ئەگەر لایببەین ، یەعنی لەبەر ئەوە ئێمە هاتووینە زمان تەقوییە بکرێ ، هێزی بدرێتێ ، شکۆی بۆ بگەڕێتەوە لە ڕووی مەعنەوییەوە ، هەم لە هەموو ڕوویەکەوە جگە لە زمانی کوردی دەبێ ئەو سەرچاوە بێ هەر خیلافاتێك ڕووبداتن ئەگەر هەر نوسخەیەکی تر ئەسڵی بێتن یان ئەوە بێت ناکرێتن ئەم یاسایە جێبەجێ ناکرێتن و ناکرێ ، بۆیە مانەوەی زۆر زەرورە ، پشتگیری ڕایەکەی کاك زانا دەکەم و کاك ئومێدیش ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـــڕای پشـــتگیریم بـــۆ ڕەئییەکـــە کـــاك فـــەرحان و کـــاك زانـــا ئەمـــەوێ ڕوونکردنەوەیـــەك لەســـەر ئەوەبـــدەم کـــە چـــەند بـــەڕێزێك لەئەنـــدامانی پەرلـــەمان وتیـــان تـــەناقوز هەیـــە لـــەنێوان مـــاددەی (٧) مـــاددەی (٥) یـــاخود ئەمـــە پێویســـت ناکـــا ، ئەمـــەوێ ئـــەوە ڕوون بکەمـــەوە کـــە دانـــانی یاســـا یـــاخود تـــا ئـــەو کاتـــەی یاسایەك دەبێـــت بـــە یاســـا بـــە چـــەند مـــەراحیلێك تێپـــەڕ دەبـــێ ، ئـــەوەی کـــە لـــە مـــاددەی (٥) باســـدەکرێ مەرحەلـــەی ئامـــادەکردن و پەســـندکردنە ، مەرحەلـــەی بڵاوکردنـــەوە جیـــاوازە لـــە مەرحەلـــەی ئامـــادەکردن و پەســـندکردن ، بۆیـــە لێـــرە ئـــەو ماددەیـــەش پێویســـتە و هـــیچ تەناقوزێکیشی تێدانییە لەگەڵ ماددەی (٥) دوو مەرحەلەی جیاوازن لە دانانی یاسا ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس ، بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز نوری تاڵەبانی /سەرۆکی ئەکادیمای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم ماددەیـە لـە قـانونێکی پێشـتر هـاتووە لـە سـاڵی (١٩٩٩)ز لەلایـەن ئـەم پەرلەمانـە پەسـەندکراوە بـەناوی قـانونی بڵاوکردنـەوە لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی لـە هـەرێمی کوردسـتان بـەناوی (وقـائع کوردسـتان) لـەو قانونـەدا هـاتووە هـیچ قانونێـك ، هـیچ ڕێنماییـەك هـەتا فـەرمانی سـەرۆکی هـەرێمیش جێبـەجێ ناکرێـت تـاکو لـە ڕۆژنامـەی ڕەسمـی وقـائعی کوردسـتان بڵاونەکرێتـەوە ، کەواتـە ئـەوەی ئێـوە باسـی لێـوە ئەکـەن لـە سـاڵی (١٩٩٩)ز کـاری پێـدەکرێت ، بۆیـە ئـەمن وائـەزانم ئـەوە وەکـو دەڵێـت تەحسـیل حاسـڵە پێشـتریش باسـی کـراوە ، باسـی ئـەوە کـرا کـە زمـانی کوردیمـان نییـە ئەگـەر ڕێگـام بـدەن ببـوورن نوکتەیـەکتان بـۆ ئەگێڕمـەوە سـاڵی (٢٠٠٧) ئەنـدامانی لیژنـەی قـانونی بـانگ کرابـووین چـووین بـۆ لای کـاك نێچـیرڤان ئـەو کاتـە سـەرۆکی حکومـەت بـوو مـن لـەوێ داوام لێکـرد هـەتا ئـەو کاتـە بەداخـەوە ئـەڵێم لـە ئەنجومـەنی وەزیـران پـڕۆژەی قانونـەکان هـەر بـە زمـانی عـەرەبی ئامـادە دەکـرا جاروبـاریش بـە زمـانی کـوردی ، مـن داوام لێکـرد وتم تکادەکـەم لەمـەودوا پـڕۆژەی قانونـەکانتان بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و کـوردی ئامادەبکـەن ، وەزیرێـك لـە لای ئـەو دانیشـتبوو وتـی ئێمـە زمـانی قـانونی کوردیمـان نییـە ، ئـەو وەڵامـی دایـەوە وتـی ئەگـەر تـۆ نایزانی خەڵکی تر هەیە بیزانن ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس ، بـەڕێز دکتـۆر نـوری تاڵـەبانی ئێسـتا ئـەوە مـن یاسـای بڵاوکردنـەوە لـە ڕۆژنامـەی ڕەسمیـدا لەبـەر دەسـتم دایـە مـاددەی یەکـەم وەزارەتـی داد دەرچـوواندنی ڕۆژنامەیـەکی ڕەسمـی بـۆ هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق لـە ئەسـتۆ دەگـرێ بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و کـوردی پێـی دەگـوترێ

(وقــائع كوردســـتان) ، لێـــرەدا تـــەنها ئـــەوە زیـــادە كـــە دەقـــە كوردییەكـــە بـــە سەرچـــاوە و بنـــەما وەردەگـــیرێ ، كەواتـــە دەقـــە كوردییەكـــە بـــە بنـــەما وەردەگـــیرێ ، ئـــەلێرەدا ئـــەوە زیـــادكراوە ، لیژنـــەی یاسایی ڕایەكی ترتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە وەكو خۆی بخرێتە دەنگدانەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، بەڕێز دكتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە دكتۆر.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، وەكو خۆی ئەیخەینەوە دەنگەوە ، بیخوێنەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

مـاددەی(٧) " دەقـی یاسـا و بڕیارەكـان لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی لـە هـەرێمی كوردسـتان بـەزمانی كـوردی و عەرەبی بلاّودەكرێنەوە ، دەقە كوردییەكە سەرچاوە و بنەمایە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـێ لەگەڵیـەتی ؟ (٤٩) ئەنـدام لەگەڵیـەتی ، كـێ لەگـەڵی نییـە؟ (٤) ئەنـدام لەگـەڵی نییـە كەواتـە پەسەندكرا ، ماددەی (٨) كە دەبێتە مادده (٦).

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(٨)"

یەكـەم: هـەموو ڕێ و شـوێنە دادوەرییـەكان بـە بڕیـاری دادگاكانیشـەوە بـە زمـانی كـوردی بـەڕێوە دەچن و دەنووسرێن.

دووەم: ئەگەر لایەنێكی داواكار زمانی كوردی نەزانێت پێویستە دادگا وەرگێڕێكی بۆدابین بكات.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس ، كـێ قسـەی هەیـە لەسـەر ئـەم ماددەیـە بانـاوی بنووسـین ، نوقتـەی نیزامـی هەیـە؟ كـاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئێمە ماددەی (٤)مان لابرد کەواتە ئەبێ ببێتە ماددەی (٧) لە ئێستاوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئەبێتە ماددەی (٦) چونکە دووماددەمان لابردووە.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

یەعنی ئەبێ ماددە (٦) بخوێنرێتەوە ، یەعنی دەنگ لەسەر ماددەکە دەدەین قسە لەسەر ماددەکەیە ، رەفەمەکەی ناگۆڕێ؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەڕۆکەکەی دەخوێنینەوە ئینجا دەنگ لەسەر ماددەکە دەدەین کاک عمر ، لەبەر ئەوە ئێستا من باسیشم کرد وتم ماددەی (٨) لێرە کە بووەتە ماددەی (٦) لەبەر ئەوەی دوو مادەمان حەزفکردووە ، بەڕێز مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت هەندەك ئاریشەیا مە هەین ، گەلەك جارا لە دادگایەت مە دیار بن ئەوژی ئەوە کو مەسدەرێ ئی قانونی ، مەسادری مەیێ قانونی هەمی عەرەبینە ، هەروەسا تائێستا کولیەت قانونێ ل سەرانسەرێ کوردستانێ مەناهجێت وان ب عەرەبینە تەرجومەی کوردی نەبووینە هەتا ڤێ گاڤێ ، مەناهجێت خۆ قانونێ هەمی ب عەرەبی دێنە خاندنێ ، دیسان مەحیکەمەیەت مە لە کوردستانێ وان لەسەرانسەری عیراقێ هەموو یەکن یەعنی نەفسی قوەتە ئیلزامی ل بەسرا ئەگەر بڕیارەك دەرکات ل دهۆکێ تەنفیزبت ، یان دهۆکیش عەینەن هوسایە ، ژبەر هەندێ ئەگەر ئەم وی حەقێ بدەینە حاکما کو نە ئیلزامێ بت ئیختیاری بیتن ل دادگاها وەختی بڕیارەك دەربێخێن یان بنڤیسن بە زمانی عەرەبی بیتن یان کوردی بیتن وەکی ئێك بیتن نەبیتا تەنها کوردی ، دیسان ژ گەلەك جارا هەر گرێ دای بابەتی مەحکەمە ل دائیرا نفوسێ گەلێك جارا گازاندە تێتە کرن سەر ناڤێت عەرەبییە مرەکەب وەختێ ب ئیملا کوردی بێتە نڤیسین گەلەك جارا جێگا نامێنیتن عوبیدالله یە معتصم باللە ، عبدالرحمن ئەگەر ناوی مورەکەب بیتن ناوێ وی و بابێ وی و باپیرێ وی ئەگەر بە کوردی بن بە ئیملای کوردی بنڤیسی جێگا لە نفوسی وی نابت دەبی دەفتەرەك بت هەتا جێگابتن ، ئەگەر ئەویش ئیملا بە عەرەبی بت ناوی عەرەبی ئیملایەکە بە عەرەبی بت بە ئیختیاری کەسەکە بیتن وابزانم پتر دێیە عەمەلی بیتن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك تەحسین دۆڵەمەڕی فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد (تحسین دۆڵەمەڕی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکەی من تەنها لە ڕووی زمانەوانی و داڕشتنە ، ڕێو شوێن بەڕێوە ناچێ دادەنرێ ، کەواتە دەبێ هەموو ڕێ و شوێنە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە بە زمانی کوردی دادەنرێن و دەنووسرێن نەك بە ڕێوەدەچن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە وشەی هەموو (ڕێ و شوێنەکە) لابرێت بنووسرێ (سەرەدەری و ڕێکارە دادوەرییەکان) ، (سەرەدەری) یەعنی (موعامەلات) وشەیەکە پێموایە لە زاراوەی کرمانجی سەروو هاتووە وشەیەکی زۆر جوانە لە بری موعامەلات دێت ، ئەگەر بکرێ سوودی لێوەربگرن سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك ڕابوون معروف فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم نییە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ئەوەندە لەگەڵ ئەوەم کە ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوە ، تەواوی پڕۆژەکە دەتوانم بڵێم ئەمە بەشێك لە بەرجەستە بوون و جێبەجێکردنی تەواوی پڕۆژەکەیە بۆیە ناکرێ گۆڕانکاری یان زمانێکی تری بخرێتە پاڵ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان ، کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین وەكو خۆی بمێنێتەوە ، ئەگەر تەنها لە ڕووی زمانەوانییەوە (ڕێ و شوێن) بكرێتە (ڕێكار) ئەگەر نا وەكو خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوە داین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ڕای هەمووتان وایە؟ بۆیە ئەگەر سیاغەیەكتان هەیە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە ، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا كەسیان لێرە نین ، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(٨) "

یەكەم: هەموو ڕێكارە دادوەرییەكان بە بڕیاری دادگاكانیشەوە ، بەزمانی كوردی بەڕێوە دەچن و دەنووسرێن.

دووەم: ئەگەر لایەنێكی داواكار زمانی كوردی نەزانێت پێویستە دادگا وەرگێڕێكی بۆ دابین بكات.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە كە بەو شێوەیە خوێندرایەوە؟ با دەست بەرزكاتەوە ، (٥٥) ئەندام لەگەڵێەتی ، كێ لەگەڵی نییە؟كەس نییە لەگەڵی نەبێ كەواتە پەسەندكرا ، ماددەی (٩) كە بۆتە ماددەی (٧).

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم : زمانی دام و دەزگاكانی حكومەت و دامەزراوەكانی دیكە.

ماددەی(٩)" زمانی كوردی زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستووری و فەرمانگەكانی هەرێمی كوردستانە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەیەكی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز دكتۆر فرسەت صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ماددەی (٩) بكرێتە دوو بڕگە ، بڕگەی یەكەم وەكو خۆی ، بڕگەی دووەم كە پێموایە زۆر گرنگە و لە كۆی ئەو یاسایەش باسی لێنەكراوە ، هەم لە یاسای زمانە فەرمییەكانی عێراق ، هەم لە دەستووری عێراقیش هاتووە ئێمەش گرنگە لێرە تەسبیتی بكەین ، زمانی كوردی لەسەر دراو و پەساپۆرت و پوول شان یەشانی زمانی عەرەبی دەنووسرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس ، بەڕێز كاك ڕابوون معروف فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرنجەكەم بە عام لەسەر یاساكەشەو بەتایبەتیش لەو بەندە ، تەبعەن یاساكە لە بنەڕەتدا بۆ پێشخستن و پاراستنی زمانی كوردییە ، بەلاّم هیوادارم لە داڕشتنەوەی بەندەكاندا یەعنی دۆخێك نەخولقێنی كە تەعەسوب بچێتە ناو بەندەكانی یاساكەوە ، من بۆخۆم كابرایەكم یەعنی تەجروبەی ئەوریپیم پێ تەجروبەیەكی باشە بۆ كەڵك لێوەرگرتن لە زۆربەی ئەو شتانەی كە ئێستا ئێمە لێرە دەیكەین بە یاسا لە بەریتانیا نەماوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك محمد سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە وشەیەك هەیە یەعنی زیادە زمانی كوردی زمانی نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوەكانە، ئاوها بێتن، ئەگەر بلێین زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمییە، یەعنی موەزەفەك و مودیرەك نابێ بە توركمانی قسە بكەن یان قەدەغە دەكرێتن، چونكە نووسراوە زمانی ئاخافتن و نووسینی فەرمی، یەعنی بەرەسمی نابێ كلدو ئاشووریەك لەگەڵ ئەوی دیكە بە زمانی خۆی قسە بكات بەراستی، دەبێ بەس بە كوردی قسە بكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخافتنی فەرمی، نەك هەموو ئاخاوتنێك.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

ئاخاوتنی فەرمی، یەعنی ئیجازە وەرگرتن، بۆ نموونە یان مودیرێك لەگەل مودیرێك دەلێن نابێ بە توركمانی قسەی بكەی، ئەوە بە رەسمی یاساكراوە دەلێ ئیلا دەبێ بە كوردی قسە بكرێتن، یەعنی نووسینی نووسراوەكان دەكرێ مەسەلەن، ئێمەش پشتگیری ئەوە دەكەین زمانی كوردی زمانی نووسینی فەرمی بیتن، بەس ئەو ئاخاوتنە بە شێوەی قسە كردن دەكرێت، یەعنی شەفەهی دەبیتن لەبەر ئەوە مەبەستم ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە برگەیەك زیاد بکرێت، بەو شێوەیە لەو شوێنانەی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی لە یەکێك لە پێکهاتەکانی ترە، لە پاڵ زمانی کوردی زمانی خۆیان بەکاربێنن سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

من سەرەتا ئەمەوێ سەرنجێ بدەم لەم وشەی مادده جەنابی مودیریش لێرەیە وەکو شارەزایی زۆریشمان هەیە د. ڤالا خان د. فرسەت یەعنی مادده، بۆ نەکەینە بەند یەعنی مادده بەند لەسەر بابەتەکەش زمانی کوردی زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمییەکە لابدرێ و پشتگیری قسەکەی د. فرسەتیش دەکەم کە برگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، لەگەل ڕێزم .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سروود فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی ئاخاوتن ئیبتیهادی  زۆری تێدایە ئیحتیمالە کێشە و مەسەلە بۆمان دروست بکاتن بەراستی، بە پشتگیری قسەکانی کاك محمد دەکەم  کە لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بێجگە لە موئەسەساتی رەسمی هەندێك دەزگای عورفیشمان هەیە، وەکو ئەحزاب و مونەزەماتی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوانەش کۆمەڵێك تەعلیمات و مەنشورات و ئەوانە دەردەکەن پێم باشە، ئەگەر برگەیەك زیاد بکرێتن یەعنی ئەحزاب و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ مونەزەماتی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوانەش ئەو مەنشوراتە، ئەو شتانە دەردەکەن بە زمانی کوردی بێتن سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن فەرموو.

**بەرێز حسن صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم زۆربەیان کران، تەنها یەك شت هەرێمی کوردستان مادام لە ماددەی یەکەمدا پێناسە کراوە، هەربلێی فەرمانگەکانی هەرێم نازانم بۆ هەرێمی کوردستان هێندە دووبارە دەبێتەوە؟ بەڵێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرمووو.

**بەرێز علی علی هالۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ئەز پێشنیار دکەم کو ل ڤێرێ بنڤێسن زمانێ کوردی زمانێ فەرمییە ل هەرێما کوردستانێ یان ژی باشوورێ کوردستانێ، ئێدی پێویست ناکەت ئەڤ دامەزراوە ل فەرمانگا، چونکی هندەك پێشنیارێت دی ژی هاتن پێش ئەحزابێت کومەلگەهێت مەدەنینە گەلەك دام و دەزگاهێت دینە، ڤێجا ئەگەر زمانێ فەرمی بیتن ل هەرێمێ ئێدی پێویست ب چ تەعریف و چ ئەوێن تایبەت ناکەت، سوپاس

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لێژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان .

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.نوری تالەبانی فەرموو.

**بەرێز د.نوری تالەبانی /سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەل ئەو بۆ چوونەم ئاخاوتن، وشەی ئاخافتن لابرێ، بەڵکو لە هەرێمی کوردستان چەندین نەتەوەی دیکە هەیە، پێویست ناکا کەوا ئێمەش ئەبێ زۆر زۆر کراوە بین، بۆ ئەو بابەتانە وشەی ئاخافتن پێویستە لابرێت بە بۆ چوونی من سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە؟ حاجی فەرموو .

**بەرێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان ):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

لەسەر قسەی د. فرسەت ئەو بەندە زیاد بکرێ ئەو برگە زیاد بکرێ، لە دەستووری عیراقیدا هەروایە، یەعنی هاتووە، بەڵام ئێمە نە دراو دەرئەکەین .

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە.

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجى كاروان ):**

ببووره، ئەڵێم نەوەك موخالەفەی دەستوور بێ، يەعنى، ئێمە ئەوە لێرە دەربكەين، نە دراو دەر ئەكەين، نە پاسپۆرت دەر ئەكەين، ئێمە چۆن ئەتوانين فەرمان لێرە دەركەين؟ كە شتەكە لە دەست ئێمە نييە سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو د.ڤاڵا فەرموو .

**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان بۆ ئەو پێشنيارانەی، كە كران ئێمەش لێژنە هاوبەشەكان هەڵگرتنی ئاخاوتن پەسەند دەكەين، وەكو ئەوەی بەرێز د. نوريش ئيشارەتی پێدا، بەڵام ئەوەی كە پەيوەندی بەو پێشنيارە بوو زمانی كوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی لەسەر پاسەپۆرت و پوول و دراو بنووسرێت، ئەوەيان دەستووری عيراقيش ئيشارەتی پێداوە لەهەمان كاتيشدا ياسايەك كە تايبەتە بە لوغاتی رەسمی ژمارە (٧)ی سالی (٢٠١٤)ە كە دەرچووە ئەويشيان هەرتەئكيدی لەسەر ئەوە كردۆتەوە پێم وايە ئەوە كارانەش لە ئيختساسی حكومەتی ئيتحاديدايە و لەوێ نەسی لەسەر كراوە، بۆيە پێويست ناكا لێرە ئاماژەی پێ بكەين.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وا بزانم لێرە كراوە، ئێستا لەسەر جواز بە زمانی كورديش نووسراوە، لەسەر پارە ماوە، بەڵێ نوقتەيەكی نيزامی هەيە. كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل ابراهيم :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

ديارە ئەو سەنەدی قانونی ئێمە دەستووری هەميشەيی عيراقە، ئەگەر تەماشای ماددەی (٤) برگەی دوو بكەين خالی (ب)، چی دەڵێتن (التكلم والمخاطبة)، يەعنی ئەو شتانەی ياسای زمان بە خۆيانەوە دەگرن دەبێ ئەمانەی تێدا بێ، يەعنى چەند فەقەرەيەكی داناوە (ا تا ه)ی هی دووەمی داناوە (التكلم والمخاطبة و التعبير)، يەعنى ئاخاوتن، دەبێ لەناودابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ پێم وابێت ئەوەی تۆ گەيشت، وايە سوپاس، كاك فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانمان د. ڤاڵا كردی، هەمووی هەردووكمان هاوبەش بووين لەوە رئيمان يەك بوو، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، هيچ رايەكتان هەيە؟

**بەڕێز د. جوان اسماعيل:**

بەس رەئی د. ڤالایە سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بمبوورە تەنها من دەلێم ئاخاوتن مەبەستی کۆبوونەوەی رەسمیە مەبەستم ئەوە نییە لێگەڕێی موزەفێك لێرە قسە بکا. وە لە دەستووری عیراقیشدا هاتووە، پشتگیری قسەکانی کاك ڤەمان ئەکەم بەراستی ئەبێ ئاخاوتنەکە بمێنێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای خۆت وت کاك محمد.

**بەڕێز محمد سعدالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستوری عیراقی هاتیە ئاخاوتن لە( مجلس النواب) و (مجلس الوزراء)ی، لە وێندەر ئاخاوتن بەوەی دەبیتن تەماشای ماددەکەی بە جوانی بخینتەوە تا ئەخیر، چونکە لێرە ئەوەکە تەوزیح نەکرایە هەر ئەوەندەیە لەوانەیە یەکێك نەجات پەرست بیتن یان حەز بکا فتنە دروست بکاتن لە دائیرەکەی، ئەو نوقتەیە ئیستغلال دەکا، ئەمە لەبەر ئەوەی ئێستا موناقەشەی یاسا ناکا لە داهاتووی هەرێمی کوردستان موناقەشەی، ئەو یاسایە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی چوار (التکلم والمخاطبة و التعبیر في المجالات الرسمیة کمجلس النواب ومجلس الوزراء والمحاکم و المؤتمرات الرسمیة بأي من اللغتین) زۆر فراوانە بەس تەنها مجلس نواب و حوکمەت نییە، کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبووردن ئەکەم، ئەگەر سەرنجەکەم نوقتەی نیزامی بەو مەعنای نوقتەی نیزامی پێشێڵ کردنی مافی نەتەوەو پێکهاتەکان لە دەستووری عیراقی و وپێچەوانەی یاساکانی کوردستان بێ و، ئەو بنەمانەی کە خەریکین کوردستانی لەسەر دادەمەزرێنین، بەڵام کێ قبوول دەکا ژنی خانمێکی عەنکاوە یان خانمێکی هەولێری بێتە دادگا کوردی نەزانێ رێی پێ نەدەی بە تورکمانی یان بە مەسیحی یان بە زمانەکەی خۆی قسەی بکا، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەکانی پێشوو مافەکانی ئەوان پارێزراوە، لێرەیە نابێ پێچەوانەی دەستووری عێراق هەمیشەی عێراق بێ دوو! بڵێین قسەو گفتوگۆ کردنە لەسەر کۆبوونەوەکان، منیش پشتگیری کاك عمر دەکەم، بەراستی ئەبێ وشەی ئاخافتنەکە بمێنێ لەو ماددەیە، چونکە ئاماژەش پێ ئەکرێ دامەزراوە دەستووری و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من ڕام ئەوە بوو کە ئاخاوتن لابرێ، بەڵام یەك شت بیر ئەخەمەوە مەسەلەی ماڤ نەتەوەکانی تر لە هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام بیرتان نەچێ لەناو زانکۆکان بەشێکی زۆری منداڵەکانی ئێمە بە عەرەبی دەرسەکانیان پێ دەگوترێ کە تێیناگەن، بۆیە ماڤ مندالەکانمان بەر چاو بێ، کاتێك باسی ئاخاوتن ئەکەین باسی تەعلیم دەکەین، دەبێ ئاگامان لەوە بێ نەوەکان وە گەنجەکانی کوردستانیش حەقی خۆیانە کە بە کوردی قسەیان لەگەل بکرێ وانەیان پێ بگوترێ سوپاس .

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەیخەینە دەنگەوە پێم وابێت ڕۆشن بوویەوە هەردوولا ئەوانەی بۆ چوونیان وایە ئاخاوتن لابرێ بۆ چوونەکەی خۆیان، بە باشی ڕوون کردەوە، ئەوانەشی کە داواکارن، کە ئاخاوتن بمێنێتەوە بۆچوونەکانیان ڕوون کردەوە بۆیە دەیخەینە دەنگەوە پێش ئەوەی کە کۆی ماددەکە بخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە، کە وشەی ئاخاوتن لە ماددەی حەوت لابرێ؟ کێ لەگەلیەتی؟ بەڵێ (٢٢) کەس لەگەڵیەتی کێ لەگەلی نییە؟ (٣٣) کەس لەگەڵی نیە کەواتە پەسەند نەکرا ئیستا کۆی ماددەکە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

ماددەی نۆ زمانی کوردی زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستووری و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستانە .

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیایەتی با دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٤٤) کەس لەگەڵیەتی. کێ لەگەڵی نییە؟ (١٢) کەس لەگەلی نییە، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

ماددەی (١٠) زمانی نووسین و پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی تری عیراقدا ، زمانی کوردی و زمانی عەرەبییە، بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان دەکرێت زمانی کوردی و زمانی لایەنێکی تر بەکاربێت .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ د. سراج نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی لەو ماددەیەی تازە کە پێشتر دەنگمان لەسەر دا جەنابت دەبوایە زیاتر هەڵوەسەتەت لەسەر کردبا گفتوگۆی لەسەر کرابا بە شێوازەك دابرێژرابا، ئەوەی کاك محمد باسی کرد فیعلەن وایە بە شێوازەك باس کرا با.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە دەنگی لەسەر درا موناقەشە ناکرێتەوە بەڕێز د. سراج هەموو، ئەوانەی کە ناویان نووسیبوو قسەیان کرد دواتر زیاد لەوەش، ئەوانەشی کە ناویان نەنووسی بوو بۆ روونکردنەوە زیاتر قسەیان لەسەری کرد بۆیە دەمەوێ روونکردنەوەی زیاتر لەسەری بدەم، ئەو روونکردنەوەیەش کەپێشتری یان لێرەیە مەبەستی ئاخاوتنی رەسمی نییە مەبەستی ئاخاوتنی رەسمیە، هەموو ئاخاوتن و قسە کردن و نووسراوێکی رەسمیە، بۆیە ئێستا دێینە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر، ئەو ماددەیە ماددەی (١٠) کە بۆتە ماددەی (٨)، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

حکومەتی فیدراڵ و پارێزگاکانی تری بۆ زیاد بکرێ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینی زۆر بچووکم هەیە، لە کۆتایی فەقەرەکە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان دەکرێ، یەعنی ئەو مەجالی هێشتییە، مەفروزە واجب با ، یەعنی (یجب) نەك (یجوز) نازانم، ئەو چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك تێبینی کە لە ماددەی پێشووشدا وترا و پێم وابێ بۆ هەموو ماددەکان راستە، لە هەر شوێنەك هەرێمی کوردستان هاتبوو، بکرێتە هەرێم، چونکە لە سەرەتاوە پێناسە کراوە کاك حسن ئەگەر قسەکەت لەسەر ئەوەیە،کاك سروود فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ماددەی (٨-٩) دەمج بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وە للا من هەر پێشنیارم لەسەر ئەوەیە نووسراوە زمانی لایەنێكی تر بەكاربێت، لایەنێكی تر من پێم وایە بیكەیە لایەنەكەی تر، ئەولایەنەی كە لە بەرامبەرتە نەك لایەنێكی تر، هەر لەسەر وشەكەیە، سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

ئەو پێشنیارانەی كە كران زیاتر پێشنیاری لوغەوی بوون لە كاتی دارشتنەوەی، كە دەیدەینە دەنگدان، بۆ كۆتایی دایدەرێژینەوە و رێكی دەخەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە كاك عمری عینایەتیش پیم وابێت قسەی هەیە. كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستم بەرز كردبوویەوە پێم وابێت كاك فخرالدین ئاگای لێنەبوو زمانی كوردی و زمانێكی دی، یەعنی ترەكە لابرێ بكرێتە دی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەرز مانێكی تر

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی هەر سەرنجەكەم لەسەر دی كەیە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی کاك ڤەمان جوانە راستە دەکرێ دەبێ یان پێویستە و لەگەڵ لایەنەکەی تر، و نەك لایەنەکی تر رەنگە لێرە رەنگە هەڵەی تابیعە یان شتێکی ترِ بیتن لایەنەکەی تر نەك لایەنەکی تر وای لێبکرێ وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوی تر زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز د. نوری هیچ سەرنجێکت هەیە جەنابت، خاتوو جوان فەرموو.

**بەرێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دێری دووەم پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان دەکرێ بیلفیعل منیش لەگەڵ رەئی کاك ڤەمانیمە بکرێتە پێویستە زمانی کوردی بی، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو د. رێواز فەرموو.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

قسە زۆر لەسەر زمانی لایەنێکی تر یان لایەنەکەی تر ئەکرێ، بە تەسەوری من ئیختیاری بێ بۆ حکومەت، چونکە بۆ نموونە رەنگە لەو کاتە ئینگلیزی بەکار بێنێ، لە کاتێکا کە تەعامول، لەگەڵ ولاتێك ئەکا، رەنگە زمانەکەی فورس بێ، یەعنی زمانی فیعلی و رەسمی لایەنەکەی تر رەنگە فورس بێ، لەبەرئەوەی کە ئەڵێ لایەنەکی تر رەنگە حکومەتی ئینگلیزی یان فەرەنسی بەکاری بێنێ، بەڵام تۆ مەسەلەن لەگەڵ بەنگلادیشا تەعامول دەکەی، لەگەڵ هیندۆراسا تەعامول دەکەی، رەنگە تۆزێ گران بێ، یەعنی لایەنەکەی تر، بە تەحدید ئیشکالیەت دروست بکا .

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی ئەگەر بلێین، بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان، دەبێت زمانی کوردی و هەر زمانێکی تری پێویست بەکاربێت، پێویستە یان بلێین بۆ ئەوەی پێویستە دوو جار دووبارە نەبێتەوە زمانی کوردی و هەر زمانێکی تری پێویست بەکاربێت دەبێت، تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

ماددەی (١٠) زمانی نووسین و پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی تری عیراق زمانی کوردی و عەرەبیە، بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان دەبێت زمانی کوردی و هەر زمانێکی تری پێویست بەکاربێت .

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیایەتی؟ (٥٠) کەس لەگەڵیەتی . کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، بەڕێزان ئێستا پشوویەك ەرئەگرین کاتژمێر (٤) ئەگەڕێینەوە بۆ تەواو کردنی گفتوگۆی ئەم پرۆژە یاسایە سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەینەوە، بەردەوامین گفتگو کردن لە سەر پرۆژە یاسای زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارەی یەك ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو، لە مادەی یازدەیین کە ئەبێتە مادەی (٩) نۆ لە پرۆژە یاساکە، فەرموون لیژنەی یاسایی تکایە مادەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆ کردنەوە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (١١) یانزدە : ڕێکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا پێویستە بە زمانی کوردی و زمانی لایەنەکەی تر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟ بەڕێز کاك ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەو تێبینی یانەمان هەیە لە سەر ئەو مادەیە بەس لە گەڵ ئەو فەقەرەیە ڕێکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ لایەنە دەرەکییەکان، ئەو لایەنانە دەست نیشان بکرێن بە مونەزەمات و دوەل ئوخرا، یەعنی نەبێتن هەر ئەو لایەنانە روون نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك تحسین دوڵەمەڕی فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە باسی زمان کراوە لە ڕێکەوتنەکان، دیارە ڕێکەوتنەکان بە نووسینە، کەواتە ڕێکەوتنە نووسراوییەکانی حکومەتی هەرێم لە کۆتاییشدا لە جیاتی لایەنەکی تر ببێت بە لایەنی بەرامبەر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر پەری صالح فەرموو.

**بەڕێز د. پەری صالح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێكەوتنەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە گەڵ لایەنە دەرەكییەكاندا ئەوە پێویستە بە زۆری دەیخەینە پەرەگرافی بەشی دووەم، پێویستە لە سەرەتا بێت، پێویستە ڕێكەوتنەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە گەڵ لایەنە دەرەكییەكاندا بە زمانی كوردی و زمانی لایەنەكەی دی یان وەك برادەران باسیان كرد لایەنی بەرامبەر بێت، ئەو ترە روون كرایەتەوە لە یاسا و ڕێساكانی زمانی كوردی، تر پلەی بەراوردە، یەعنی لو فەرق، جوانتر، گچكەتر ئەو دی یە راسترە، بە زۆریش لێرە ئەو لە نووسینەكان تری بە كار دێنن تكایە ئەگەر تێبینی بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی خەتی ئەخیری لە گەڵ دامەزراوە بیانییەكان دەكرێت زمانی كوردی و زمانی لایەنەكانی تر بێ، ئێ باشە ئەگەر لە گەڵ كوردی عەرەبیەكەشی بۆ ئیزافە بكرێ، چونكە هەندێ عقودەكەی تۆ لە گەڵ شەریكە ئەجنەبییەكە بە كوردی و ئینگلیزی بە تەنیا، جا حكومەتی عێراقی ئەیەوێ ئەگەر بە عەرەبیش بێ عقودەكان، لەوە ئەچێ باش بێ، بەس هەمان مادەی (١١) یانزدەش لە گەڵ (١٠) دە هەر یەك ئەگرێتەوە، وابزانم بیكەن بە یەك لەوەچێ باشتر و ئاسانتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێكەوتن و پەیوەندییە رەسمییەكانیشی بۆ ئیزافە بكرێ باشترە، پەیوەندییە رەسمییەكان و لە بڕی لایەنەكی تری هەر زمانێكی تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رای لیژنە پەیوەندیدارەكان لە سەر رای ئەندامانی پەرلەمان، بەڵێ فەرموو دكتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆری تێبینیەكان، تێبینی لوغەوی بوون، لایەنی بەرامبەر پەسەندە لە سیاغە كردنەوەی دایدەرێژینەوە، و ئەوەی كە دكتۆرە پەری ئیشارەتی پێدا پەسەندە لە سیاغە دایدەرێژینەوە، ئەوەی كە بەڕێز ئەندام پەرلەمان لایەنی پێدا لایەنەكی دیكە بگاتە بە زمانی عەرەبیش بنووسرێت كە ئێمە دەڵێین زمانێكی دێكە ئەو ڕێكەوتنانە ئەگەر لە گەڵ وڵاتێكی عەرەبی بێت و لە گەڵ، بە هەر زمانێكی دیكەوە واتە لە پاڵ زمانی

کوردی زمانی عەرەبی و زمانی ئینگیلیزی دیکە کێشە نابێت، لێرانە کە دەڵێین لایەنەکی دیکە لەوانەیە زمانەکە زمانی عەرەبی بێ و لەوانەشەوە زمانی ئینگلیزی بێ و لەوانەیە هەر زمانێکی دیکەی تری فەرمی بێ، بۆیە بە موتڵەقی هاتووە ئەوەیان نابێتە بەربەست، و رێکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە گەڵ لایەنە دەرەکیەکاندا لێرانە هەر بە موتڵەقی هاتووە و مەبەستمان ئەوەیە کە زۆری رێکەوتنەکان بگرێتەوە چ لە بواری ئیقتیصادی دا بێت و چ لە بواری کلتوری دا بێت و لە بوارەکانی تریش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیژنەکانی تر فەرموو کاك فرحان.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هاو راین لە گەڵ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، لیژنەی پەروەردە و خویندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

رەئیەکەم دەڵێت دەبێ رێکەوتنەکان نووسراو بێت، هەر ئیتیفاقیەتی حکومەت بیکات لە هەرێمی کوردستان دەبی مووەسەق بێت، یەعنی ئەصڵەن دەبێت نووسراو بێت، پێویست ناکات بڵێ نووسراوەکان رێکەوتنەکان دەبێ نووسراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆیە ئەگەر سیاغەی ئەکەنەوە، سیاغەی بکەنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (١١) یانزدە : پێویستە رێکەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا، بە زمانی کوردی و زمانی لایەنی بەرامبەر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵێیەتی؟ (٥٩) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی (١٠) دە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڵێ، مـاددەی (١٣) یـە کـە دەبێتـە مـاددەی (١٠)، لـە دامەزرانـدن و گواسـتنەوەی هەمیشـەیی و کـاتی فەرمانبەران و کارمەندان، زانینی زمانی کوردی وەك یەکێك لە پێوەرە سـەرەکییەکان بـە کـار دەهێنرێـت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو یا خود کوردی نەزانێت ئەوا پێویستە ماوەیـەکی بـۆ دیـاری بکرێـت بـۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ با ناوەکان بنووسین، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢) دوانزدەدا، لە دامەزاندن و گواسـتنەوەی هەمیشـەیی و کـاتی فەرمانبـەران و کارمەنـدان، لـە راستی دا فەرمانبەران و کارمەندان تەقریبەن یەعنی یەك مانان، بوچی ئـەم دوو وشـەیە لـە یـەك رسـتەدا بە کـار دەهێنـرێـت کـە هـەمان مانـا دەدەن؟ و جگـە لـەوەش دەڵێـت زانینـی زمـانی کـوردی وەك یـەکێك لـە پێوەرە سەرەکییەکان بە کار دەهێنردرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسـە کـورد نـەبوو یـا خـود کـوردی نـەزانرێت ئەوا پێویستە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببیت، بـە رەئیـی مـن لێـرەدا ئـەو مەرجـە، مەرجێکـە کـە لـە بنەڕەتـدا بـۆ خـۆی جـێ بـە جـێ کردنـی گرانـە، و لـە رووی پاراسـتنی مـافی مرۆڤیشەوە بە راستی ئاستەنگێکی گەورەیە، تو زوڵم بەرامبەر بەو کەسـە دەکـەی کـە دادەمـەزرێت، دوایـی ئەوەی کە دادەمەزرێت تۆ بە چ میکانیزمێك دەزانـی کـە فێـری زمـانی کـوردی بـووە و ئـەو پێوەرانـەی کـە فێری زمانی کوردیان کردووە چی بوونە، و ئەگەر فێر نەبوو تۆ مەفروزە جارێکی دیکە دامەزراندنەکەی یان گواستنەوەکەی دووبارە هەڵبوەشێنییەوە لە بەر ئەوە، بـەڵام ئەگـەر ئـەو مەرجـە بـە رای مـن لابـبرێ و فەرمانبەران و کارمەندان تەنیا یەکێکیان بە کار بهێنرێت تەواوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو امنە زکری فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی بەشەکی ئاخفتنێت بێگەرد خانێ تەئیید دکەم، ئەڤە دژی پرەنسیپێن مافێن مرۆڤینە، ب تایبـەتی ژی ئەز تێدگەهەم کو دانانا ڤی ماددەی ژ چ هاتیە، ب تایبەتی کەرتێ پـەروەردێ و خوێنـدنا باڵادا، کێشـەکا هـەرە زۆر مـە یـا هـەی ب تایبـەت ئـەو مامۆسـتایێن دهێنـە دامەزرانـدن و ئـەوێن زمـانێ کـوردی نـەزانن، بەشەکێ زێدە یێ قوتابی و گەنجێن وەڵاتێ مە تووشی موشکیلا بووین د مەوزوعێ نەزانینا یان ژی شـارەزا نەبوونا مامۆستایێن وان دزمانێ کوردی دا، لێ ڤێ پرەنسیپێ یان ڤێ رەهائییێ کـو دڤـێ مـاددێ دا هـاتی ئـەز

دگەل هندێ نینم ئەگەر هندەك یان تایبەتمەندییان بدەینێ یان ژی گۆڕانكارییەكێ ل سەر دا بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەروان گەڵاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم و داوا دەكەم كە لابېرێت و دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك یروانت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی تناقض دكەت ئەگەر مەنتیقە هەمی مەسیحی بن، خەریجێ كوردستانێ بیت ئەكید دێ ماددێ كوردی دهێتە خاندن ژ مەرحەلا ئێكەم، خۆ ئەگەر ئێك حیسە ژی بیت، یەعنی ئەكید دێ زانیت، بەس ئەگەر ژ خارجێ ئەقلیمێ بیت، بێتە دئەقلیمێ دا بەڵكی معیارەكێ هوسا هەبیت، و ئەز ژی تەئییدا مامۆستا مەروانی دكەم ئەڤ فەقەرە گەلەك زێدەیە ئەو بۆ خۆ دهێتە تەتبیق كرن ژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڕێز كاك رابوون معروف فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێشەوە پێم وایە ئەو مادده زیادەیە، پێشنیار دەكەم لە یاساكە دا بهێنرێتە دەرەوە، بەڵام ئەگەر دەنگی بۆ نەدرا بهێنرێتە دەرەوە دەستكاری بكرێت بە جۆرێك سەرەنجی برا پەرلەمانتارەكان بەوە ڕادەكێشم یەعنی دەمانەوێ كەركووك بێتەوە سەر كوردستان، ئەو مەنتیقانەی تر بەشی تۆركمان بێنەوە سەر كوردستان، هەندێ مەنتیقە هەیە عەرەبە، یەعنی تو بەو خەڵكە بڵێ تۆ بۆ ئەوەی ئیشت دەست كەوێ دەبێ فێری كوردی بی، یەعنی چۆن سەرنجی خەڵكی رابكێشین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك علی علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی هالۆ :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی كاك رابوون دەكەم، منیش پێم باشە ئەم ماددەیە ئەگەر لە دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و كاتی فەرمانبەران و كارمەندان هی كوردستان، واتە ئەوانەی كە دانیشتووانی

کوردستانن وەکو برادەران باسیان کرد زۆربەیان زمانی کوردی دەزانن ئەگەر نەشزانن ئەمە دژی مافی مرۆڤە، لە دامەزراندن پەیوەست بکرێت بە زانینی زمانی کوردی، ئیتر بۆ فێربوونی زمانی کوردی رێگای تر هەیە دەتوانین بە شێوازی تری زۆر ئینسانی هانی خویشك و براکانمان بدەین کە فێری زمانی کوردی بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك سعید مصیفی فەرموو.

**بەرێز سعید محمد :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی (١٢) دوانزدە ئەوەی کە زیادە لو هەلگرتن، بەڵام ئەگەر هەڵیش نەگیرێ ئەوەی کە بێگەرد خان گوتی، ناکرێت دوو شانسی هەبێت ئەگەر زمانی کوردی نەزانێت کە دامەزرا دوایی فێر نەبوو لابدرێتن بۆیە ئەگەر داشمەزرێندرا لە ماددەی (١٨) هەژدە دا دەرفەت بە ئەوانە بدرێت کە زمانی کوردی ئەزانن لە ماددەی (١٨) هەژدە وا دەڵێت، بۆیە ئەگەر دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران و کارمەندان زانینی زمانی کوردی وەکو یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکان بە کار بهێنرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو ئەوا پێویستە لە کاتی دامەزراندنی دا زمانی کوردی بزانیت، پێویستە پێشتر نەزانی یان دابمەزرێنە یان ناکرێ دابمەزرێنێ و زمانەکەی نەزانی و دوایی دەری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆر سراج فەرمووە؟

**بەرێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە زەرورە هەبی، ناکرێ لابدرێت، لە بەر ئەوەی ئەوروکە لەو رۆژگارە زۆر لەو کەسانە هەن کە دێنە هەرێمی کوردستان، پێویستییان بە دامەزراندن هەیە یان داوا ئەکەن، ئەبێ زمانی کوردی بزانن بو رایی کردنی ئیش و کارەکانی خۆیان، جا من پێشنیار دەکەم کە بنووسرێت ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە پێکهاتەکانی ناوەوەی هەرێمن، چونکە ئەوان کوردی ئەزانن، با حەسر بکرێت لە سەر ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵات دێن وەکو نیپالی و هندی و مەسەلەن ئەوانەی کە غەیری زمانی خۆمانن، ئەوان ئەبێ زمانی کوردی بە چاکی بزانن، دووەم باس ئەکرێتن ئەبێت ماوەیەکی بۆ دیار بکرێت، موددەی زەمەنی ئەو ماوەیە ئەبێ تەحدید بکرێ لە شەش مانگ بە رای من، بە شەش مانگ وەکو حەدی ئەعلا تێپەڕ نەکات، چونکە هەندێ کەس هەنە ئەگەر وا بە موتلەقی بمێنێتەوە لەوانەیە هەندێ کەس هەیە حەز نەکاتن ئەسڵەن خۆی فێری کوردی بکاتن، دەڵێ فێر نابم و لەوانەیە موماتەڵە و موراوەغەی تێدا بکاتن، جا مەفروزە موددەیەکی بۆ دیاری بکرێتن لە شەش مانگ تێپەڕ نەکاتن و لە بیدایەتیش کە باس ئەکاتن دەڵێتن بە کار

دەهێندرێت، تەبعەن بە کار دەهێنرێ وا ناکات دەبێ بە مەرج بگیرێ، بە مەرج بگیرێ ئەو مەرجانەی کەوا دێن داوای گواستنەوە و تەعیین ئەکەن مەرجە ئەبێ زمانێ کوردی بزانێ نەك وەکو نووسرایە بە کار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە گەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، بەڵام هەندێك گۆڕانکاری تێدا بکرێ، پێم وانیە وەك زانینی زمانی کوردی یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکان بە کار دەهێنرێ، باسی مەرجی نەکردووە، وەك یەکێك لە پێوەرەکان نەك تەنها پێوەریش بێ و جگە لەوەش کە مەرجیش نییە بەڵکو پێوەرە، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو یا خود کوردی نەزانێ ئەوە پێویستە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی بێ، دەتوانن ئەمە بگۆڕن بۆ ئەوەی هێواش بکرێتەوە، لە ماوەیەکی دیاری کراودا حکومەت زەمینەی فێرکردنی زمانێ کوردی بۆ برەخسێنێ ، وەك چۆن لە وڵاتانی ئەوروپا هەیە کوچبەر ئەچیتە ئەوێ، خۆڵی زمانی بۆ ئەکرێتەوە، با زۆر قورسی نەکەین لە سەر خۆمان و پێشێلکاری مافی مرۆڤ و هەموو لە گەڵ چەسپاندنی مافی مرۆڤداین، بەڵام واقیعەك هەیە ئێرە زمانی کوردی زمانی رەسمییە، دانیشتوانی هەرە فراوانی کوردستان کوردن، بۆ ئاسانکاریش یەعنی هەر کەسێك لە دەرەوەی کوردستان دێتە ئەم وڵاتە باشتر وایە فێری زمانەکە ببێت، جا ئەگەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار ئیلزام بکرێت بۆ ئەوەی کە دەرفەتی فێر بوون بۆ ئەو کەسانە برەخسێنێت ئەمە دەتوانێت دەقەکە باشتر بکات و ئاسانکاری باشتریش بۆ ئەوەکەسانەی کە دێنە ئەم وڵاتە بکات، ئەمە هیچ دژایەتییەکی وەك مافی مرۆڤی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو وحیدە یاقو؟ لێرە نییە، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرمووو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لە گەڵ ئەوەم کە ماددەکە بمێنێتەوە، ئەگەر هەندێك دەستکاری تێدا بکرێت وەکو کاك ئومێد وتی، یا خود دەستکاری تر کە بە گونجاوی ئەزانن، و هەروەها من لە گەڵ ئەوەم لە راستی دا دامەزراندن و پلە بەرز کردنەوە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ، و لە راستی دا بە هیچ جۆرێك نابینم ئەمە دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ بێ، من هەر پرسیارێك لەو هاوڕێیانە ئەکەم کە خۆیان ئەوروپایان بینیوە و لە ئەوروپا ژیاون یا خوێندنیان لەوێ تەواو کردووی، هیچ کەسێك هەیە لە ئەوروپا ئیشی دەست

کەوێ ئەگەر فێری زمانی ئەو وڵاتە نەبێت؟ یەعنی لە راستی دا خۆ ناکرێ ئێمە لەوەی کە بنەماکانی مافی مرۆڤی داناوە لەوان باشتر تێبگەین، بۆیە بە داخەوە من لە ئەوانەی پێشووتریش هەستم ئەکرد بە جۆرێك زمانی کوردی هەژارە، لاوازە، نەخێر بە راستی بەداخەوە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە زانکۆکانمانەوە بە ئەکادیمیشەوە بە گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی زمانی نییە، پلانی زمانی نییە، ئەگینا هیچ لۆجکێکی زمانی رێگا بەوە نادات زمانێکی زەنگینی وەکو زمانی کوردی کە چوار دیالێکتی هەیە کە دنیایەك شێوەزاری هەیە، من دڵنیام ئەگەر بێت و سیاسەتێکی زمانی گۆنجاو، پلانێکی زمانی گۆنجاو هەبێ ئەوە دەتوانین فەرهەنگێکی نەتەوەیی زۆر باش بەرهەم بێنین لە هەرێمی کوردستاندا، من پێش لە هەموو کەس رەخنە لە خۆم ئەگرم لەوەی ساڵانێك لە ئاستی پێویستدا نەبووبێتم، لە راستی دا هەم زمانی کوردی زمانێکی زەنگینە هەم رێنووسەکەی رێنووسێکی جوانە، من ئەگەر سەرتان نەئێشێنم، تو سەیری زمانی ئینگلیزی کە، لە شوێنێکدا (sh) بە (ش) دەخوێنرێتەوە لە شوێنێکدا (tio) بە (ش) دەخوێنرێتەوە لە زمانێکی تردا جۆرێکی ترە، لە شوێنێکدا ئەمە لە سەرەتاوە وایە لە ناوەراستە، لە زمانی کوردی دا کوا شتی وا هەیە لە رێنووسەکە؟ بە بڕوای من یەکێك لە رێنووسە جوانەکان رێنووسی زمانی کوردیە، ئەوە زمانێکی زۆر زەنگین و دەوڵەمەندیشە، و ئەمە بۆ ئەوانەیە کە لە دەرەوەی کوردستانەوە دێن بۆ کوردستان، بۆ نموونە لە کۆمپانیا زەبەلەحەکانی کوردستان خەڵك هەیە لە دەرەوەی کوردستاندا هاتووە، من دڵنیام نیوەی توانای ئەندازییەرەکانی ئێمەیان نییە، بەڵام دوو بەرامبەر بە ئەو مووچە وەرئەگرێت و ئامادەش نییە فێری زمانی کوردی بێ، یەعنی دەکرێت حکومەت ماوەیەکی بۆ دیاری بکات، شەش مانگ خولی بۆ بکاتەوە، هەر بۆ زانیاری ئەو بەرێزانەی من کاتی خۆی لێرە لە بەشی کوردی بووم لە زانکۆی صەلاحەددین، کۆمەڵێکمان هەبوو عەرەب بوون بە جیا لە ئێمە دەرسییان ئەخوێنن، و کتێبەکانیش لە ئێمە جیاواز بوون، بە رەحمەت بێ کامیل بەصیر کتێبەکانی بۆ دانابوون، زمانی کوردی بۆ دەستپێکەران، لە بەر ئەوە دەگۆنجێ یەعنی حکومەت ئەگەر پلانی زمانی، سیاسەتی زمانی هەبێ دەتوانێت ئەم کارانە زۆر بە رێك و پێکی ئەنجام بدات و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) دوانزدە پێم وایە هەڵە تێگەیشتن هەیە، لە بەر ئەوەی بە پێی قانونی خدمەی مەدەنی زۆر بە وازحی شروتی دامەزراندنی دیاری کردووە، دەبێ مواتن بێ یەکەم جار، یەعنی مواتن نەبێ دانامەزرێ، واتە دەبێ عێراقی بێ یەعنی، لە بەر ئەوەی بیانی و ئەوانەی لە دەست نەدات لەو نەصەی، ئەگەر مەبەستتان بیانییە، بیانی تێدا نییە شروتی دی هاتووتە خوارەوە، بۆیە بە تەصەوری من ئەو مەسەلەیە دامەزراندن و گواستنەوە و پلە بەرز کردن ئەوانە هیچ رەبتی بە مەسەلەی زمانەوە نییە،

هاوڕام لە گەڵ ئەو بەڕێزانەی گوتوویانە ئەو ماددەیە بە تەواوی لێرە زیادە، دەکرێ و هەڵی دەگرین و هیچ کێشەش بۆ یاساکە دروست ناکات، دیسان تەئکیدی دەکەمەوە شروتی دامەزراندن و ئەمانە هەمووی لە قانونی خدمەی مەدەنی هاتووە، یەعنی لێرە ئێمە زیادەیە لەو مەسەلەیە باس دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك صالح فقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە پێویستە لە کاتی دەرکردنی ئەم یاسایە و هەر یاسایەکی دیکەش ڕەچاوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکەین، بەردەوام لە پەیام و وتارەکانی ئێمە بۆ ناوچە کوردستانییەکان ئەوەیە کە مافی ئەو نەتەوە و پێکهاتانە پارێزراوە، لە بیرشمان نەچێ ئێمە لە قۆناغی داهاتوودا پێویستمان بە راپرسین و بە ریفراندۆم و دەنگی ئەوانە هەیە، بۆیە ئێمە ئەگەر ئەم یاسایە و کۆمەڵێك یاسای تریش کە ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەوانە نەکەین لە دواجار ئەوانیش لە دژی ئێمە دەنگی خۆیان ئەدەن و ئامادە نین بۆ ناو هەرێم، بۆیە من پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە لابردرێت، دوو ئەگەر ئەو ماددەیە ئەمێنێتەوە ڕەچاوی ناوچە کوردستانییەکانی ئیدارەی دەرەوەی هەرێم بە جیا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو وڵاتانی دونیا پێش ئەوەی دەست بە کار بی ئەوان شروتێك دادەنێن، شروتی ئیمتیحانە بۆ زمانی ئەوانە، کەواتە من پێم باشە ئەو فەقەرەی یەکەم هیچ خیلافم لە سەر نییە، بەڵام فەقەری دووەم ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو یا خود کوردی نەزانێ وەرنەگیرێت ئیلا لە ئیمتیحانی زمانی کوردی دەربچێت و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە بە راستی هەندێ لە هاوڕێیان باس لەوە ئەکەن فێربوونی زمانی کوردی لادان بێ لە مافەکانی مرۆڤ، لە کاتێدا لە هەموو وڵاتەکانی دونیادا دا فێری زمانی ئەو وڵاتە نەبی مافی ئەوەت نییە

ئیشیش بکەی، ئیشی رەشیش بکەی لەو وڵاتە، پێم سەیرە فێربوونی زمانی کوردی لە کوردستانی خۆماندا بە لادان و لیشاندنی مافەکانی مرۆڤ بێ، ئەمە بە راستی راییەکی زۆر سەیرە من لەم قاعەیە ئەی بیستم، لە بەر ئەوە من پێم باشە ئەو ماددەیە بمێنێت، پشتگیری لە دکتۆر سراج دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاک عمر، هیچ رایەك کە لە پەرلەماندا باس ئەکرێت و ئەخرێتە روو سەیر نییە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان رای خۆیان ئەڵێن، جەنابیشت رای خۆت ئەڵێی، با رێز لە رای یەکتر بگرین لە ناو هۆڵی پەرلەمان.

**بەرێز عمر عینایەت:**

من رێزییان لێ ئەگرم بەڵام بەلامەوە سەیرە، بە لای منەوە سەیرە دکتۆر، یەعنی من پێم سەیرە بڵێی تۆ فێری زمانی کوردی بی ئەمە لادانە لە مافەکانی مرۆڤ، ئەمە شتی وا نەبیستوومە لە دونیا، لە بەر ئەوەپشتگیری لە قسەکانی دکتۆر سراج ئەکەم، پشتگیری لە قسەکانی کاك ئومێد ئەکەم، و دکتۆر شێرکۆ ئەکەم، ئەوە ئەگەر ئەم ماددەیە بمێنێتەوە پێویستە و داوا ئەکەم بمێنێتەوە و بەم شێوەیەی لێ بکرێ و ئێستاش ئەمە دەقەکەیەتی و بۆ بەرێزتانی دەخوێنمەوە لە کاتی دامەزراندن و گواستنەوەی کارمەندان لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زانینی زمانی کوردی پێوەرێکی سەرەکی دەبێت، ئەگەر کەسی پەیوەندیدار کوردی نەزانیت پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا فێری زمانی کوردی بێت، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بێگەرد فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەرێز بێگەرد دڵشاد :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان**

ببورە لە بەر ئەوە کە قسە لە سەر قسەی من کرا، من روون کردنەوەیەکی بچووکم هەیە، ئەگەر ئیجازە بدات سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە لە سەر قسەی تو نەکرا خۆ، رای زۆر لە ئەندامان وا بوو، ئێستا کاك رابوونیش ئەڵێ پێچەوانەی مافی مرۆڤە.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد:**

بەڵێ دەزانم، قسەکانی من بە هەڵە خوێنرایەوە، مەبەستم لەوە بووە کە ئەوەی کە من باسم کردووە دەڵێم رستەکە لابرێت، و رستەی یەکەم دەبێتە ئەوەی کە پشتیوانێکی موتلەقی فێربوونی زمانی کوردیە لەو کەسانەی کە دادەمەزرێنن لە ناو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نەك ئەوەی کە وەها تەفسیری بۆ بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كاك علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بتنێ تێبینیەك یا هەی، برادەرا گەلەك بەحسێ ئەوروپا كر، جارێ ئەوێ ل ئەوروپا بیانینە فەرزە فێری زمانی وی وەڵاتی بن دا بهێن دامەزراندن یان كارەكێ ببینن، بەس كوردستانێ، ئەڤە خەڵكێ كوردستانێنە، نە منەتە ئەم دێ ل وان كەین كو ئەو بێنە دامەزراندن یان كارەكێ بو وان بكەین، هیڤیدارم هەڤالێ ڤێ جیاوازیێ بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەی خۆتان دووبارە مەكەنەوە، رای خۆتان گوتووە، كاك رابوون نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو قسانە هەموو دەبنە پروتوكۆل، دوایی تاریخ ئەڵێت پەرلەمانتارەكانی ئێمە چییان وتووە، من بۆ خۆم (١١) یانزدەساڵ لە بەریتانیا بووم لە ئەكادیمیەكانی بەریتانیا بووم خاڵی یەكەم فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا مەرجی كار نییە ئەوا خاڵی یەكەم، و تازە زۆر زۆر تازەیە بۆ ئەوەی ببیت بە مەواتن لە ئەوروپا زمان لە هەندێ وڵات ئەویش لە هەموو نا، بووە بە مەرج ئەویش هەندێك مونەزەماتی مافی مرۆڤ پێیان وایە پێچەوانەی مافی مرۆڤە ئەوەی كە تۆ كەسێك بكەی بە مەواتن فێری زمان بێت، بە راستی هیوادارم كەسێك كە شارەزای ئەوروپا نەبێت با قسەی لە سەر نەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ایدن معروف فەرموو.

**بەڕێز ایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠) دە، لەو ماددەیە هەندێك تەعەسوبی تێدایە، پێویستە گۆڕانكاری تێدا بكرێت لە بەر ئەوەی ئێستا هەندێ برادەران و پەرلەمانتارە بەڕێزەكان باسیان كرد كە قەلەق بوون لە فێر بوونی زمانی كوردی كە لە سەر ئەساسی دامەزراندن و تەعین، ئێمە كە وەكو فێری زمانی كوردی بوون كە نە تەعینیش بوون، لە بەر ئەوەی من تەئیدی كاك رابوونیش ئەكەم، تەئییدی كاك مەروانیش ئەكەم، تەئیدی دكتۆر فرست صۆفیش ئەكەم، ئەو ماددەیە زیادە هەڵبگیرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ابوبكر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش داوای لابردنی ئەو ماددەیە ئەکەم، بەڵام ئەگەر مایەوە دەقەکەم بەم شێوەیە بکرێت، ئەوەی کە کوردی ئەزانێ ئەوە (تحصیل حاصل)ە، پێویست ناکات بیکاتە مەرجی دامەزراندن، دووەم فێر بوونی زمان لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەکەوە مافە، لە لایەکەوە ئەرکە، چونکە کەسێك کە کوردی نەزانێت ئەو هاووڵاتی کە موراجعەی ئەو ئەکات و راستی زیان بە ئەویش ئەگەیەنێ بۆیە ئامار لێ بکرێت لە سەر سەرجەم دەزگای حکومی و ناحکومییەکان پێویستە کارمەندەکانیان کە زمانی کوردی نازانن کۆرسی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی ببینن، مودەشی بۆ دیاری نەکرێ وەکو چۆن شاهدەی کومپیوتەر وەردەگیرێ، شاهدەی فێربوونی زمانی کوردیش وەربگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو وحیدە یاقو فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس من پێم وایە کەسێ کورد نەبوو، یەعنی ئەڤ کەلیمەیە و وشەیە زیادە دبێژیت، یا خود کوردی نەزانیت تەمامە، چونکی گەلەك کوردن نەبەس پێکهاتێن کوردی نزانن، یەعنی گەلەك نوکە یێن هاتین مەسەلەن خەڵکێ میسل و بەغدا ئەو بۆ خۆ کوردە، بەس کوردی نزانیت، ڤێجا ئەو کەلیما کوردی نزانیت ئەز بێژم زێدەیە، ئەگەر کوردی نەزانیت تەمامە، یەعنی گەلەك خەڵك یێن هەین کوردی نزانن، بەس ئەو کورد نەبوو ئەڤ کەلیمەیە پیچەکێ یا گرانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ماجد عثمان فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ببورە ئەگەر هندەکێم نووسیوە، لە بەر ئەوە پێکهاتەکانی تورکمان و برادەرە مەسیحیەکان، حەز دەکەم هەندێك دەرفەتمان پێ بدەن بۆ ئەوەی رای خۆمان بە تەواوی بگەیینە جەنابتان، ئەو یاسایە یاسای زمانە فەرمییەکانە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە باسی ئەوە ناکەین کە خەڵکی بیانی ئەگەر بێت بۆ کوردستان، وەکو هەندێ لە برایان باسیان لێوە کرد چۆن دەبێ؟، ئێمە باسی یاسای زمانە فەرمییەکانی ناو کوردستان دەکەین، دوای ئەوە نالێین خەڵك با فێری زمانی کوردی نەبێ، بەڵکو وەکو وحیدە خان ئاماژەی پێ کرد، لە بڕگەکە نووسرایە دەبێت کورد بێ، یەعنی ئەگەر کورد نەبێ دانەمەزرێت، ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ریفراندۆم، هەوڵ دەدەین کە بۆئەوەی هەموو شارو شارۆچکەکان و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئێمە هەست دەکەین کە ئێمە خۆمان لە پەرلەمانی

کوردستان ئەو هەوڵە دەدەین، ئێمە وەکو نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان داوا دەکەین، تکا دەکەین دووبارە کە لە هەندێك بابەتی نەتەوەیی مەجالمان پێ بدرێت کە ڕوونی بکەینەوە، بە وردی ڕاوبۆچوونی خۆمان بدەین، خۆ یاسا دەرکردن ئەوەنیە ئێمە لە هۆڵی پەرلەمان قسەی لەسەر بکەین، بەشێوەیەکی عاتیفی یان بە تەعەسوب قسەی لەسەر بکەین، بەڵکو ئەو یاسایانە دەخرێنە بەردەم خەڵکی کوردستان، دەخرێنە بەردەم پسپۆران و شارەزایان، رەخنەمان لێ دەگیرێت دواتر، زۆر برگە هەن پێویست ناکات لە یاساکان ببێتە ماددەی یاسایی، بۆئەوەی ئیستفزازی نەتەوەکانی تری پێ بکرێت، بەیانی کێ بەرپرس دەبێ؟ ئەگەر تورکمانەکانی کەرکووك یان تەلەعفەر یانی دوزخوورماتوو دەنگیان بۆ خستنەوەی شاری کەرکووك نەدا بۆ سەر کوردستان، کێ لەوە بەرپرسیار دەبێ ئەگەر برایانی ئاشووری و مەسیحییەکان دەنگیان نەدا، ئێمە لە پەرلەمان بەوشێوەیە ئەو ماددە یاسایانە خۆمان دژایەتی لەو پرۆسەیە دەکەین، هیچ پێویست ناکات بچین لەناو گفتوگۆیەك کە بەرژەوەندی گەلی کوردستان نەبێ، هەر بۆ نموونەش ئەو ماددەیە مەسەلەی دامەزراندن و گواستنەوەی فەرمانبەران چ عیلاقەی بەوە نییە کە لەو یاسایە ببێتە ماددە، من پێم وایە ئەوە تەنها تەحەدایەکە لە مافی مرۆڤ دەکرێت بەڕاستی، مادام ئێمە تاکو ئێستا لە زانکۆکان، پەیمانگاکان وانەی فێرکردن بە تەواوی نەکراوەتە کوردی، مەسادیرەکان هەمووی بە کوردی نییە، زۆربەی مەسادیرەکانمان بە عەرەبییە، غەدرە ئێمە مافی قوتابییە دەرچووەکانی پێشێڵ بکەین لەوەی لە هەرێم کوردستان دابمەزرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتا پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم، ئەگەر هاتو بەڕێز پەرلەمانتارەکان کە دەنگیان پێدرا لەلایەن پێشنیارەکەی، لەلایەن مامۆستا مەروان ئەو ماددەی هەڵبگیرێت ئێمەش لەگەڵ ئەوەداینە ئەو ماددەیە نەمێنێتن، چونکە ئەوە زیادەیە لەناو ئەو یاسایەدا بچەسپێت، بەڵام ئەگەر هاتو دەنگی پێ نەدرا کە ماددەکە وەکو خۆی ماوە، لە سەرەتاوە ئێمە بەو شێوەیەی دارشتنی بەباش دەزانین، دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران هەورەکو بێگەرد خان ئاماژەی پێکرد کارمەندان ، فەرمانبەران وەکو یەکە، یەکێکیان دەبێ بەکار بهێنێ، زانینی زمانی کوردی وەك یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکان بەکاردەهێندرێت، واتە لێرە ئەوە موقەیەد دەکەین ئەو کەسانەی ئەگەر هاتو زمانی کوردی نەزانی یاخود کورد نەبوو، ئەوە دەبێتە پێشێلی مافی مرۆڤ و بەتایبەتی زەرەرمەندی پێکهاتە نەتەوەییەکانی تورکمان، کلدان، سریان، ئاشووری، ئێمە چەندەها مانگە بۆماوەی ساڵێك زیاترە خەبات دەکەین،بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەگەر لێرەوە وەکو پەرلەمانتارێکی تورکمان، کلدان، سریان و ئاشوورین ئەگەر هاتو نەمانتوانی

زمانی خۆمان له یاسای زمانه فەرمیەکاندا بچەسپێنین، بەشێوەیەکی رێك و پێك ئێمه ناتوانین بەیانی له ریفراندۆم لەوێ کاریگەریمان هەبێ، بۆئەوەی ئەوانیش ڕۆڵیان هەبێتن له گەڕانەوەی بۆ سەر هەریمی کوردستان، ئەوه بەپێویست دەزانم، بەلاّم ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو یان کوردی نەزانێت، ئەوە پێویستە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت، لێرەدا پشتگیری له د. فرسەت صۆفی دەکەم، ئەوە له قانونی خدمەی مەدەنی جێگیر بووە، پێویست ناکات لێرە هەبێ، له کۆتاییدا پشتگیری بەڕێز کاك رابوون و امنە خان و کاك یروانت و کاك علی هالۆ و کاك سعید محمد و دکتۆر سیراج و د. فرست و کاك ایدن و کاك ماجد و وحیدە خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە تایبەتمەندەکان لەسەر ڕای ئەندام پەرلەمانەکان، بەڵێ دکتۆرە ڕێواز فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە لەبەر چاوگرتنی چەند تێبینیەك، کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان خستیانە ڕوو، سەبارەت بە مەسەلەی کاتی گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها مەسەلەی ئەوەی ئەو کەسە کورد نەبوو لەڕاستیدا ئێمەش ئێستا تێبینیەکمان لەلا دروست بوو، ئێمە ئەمانەوێ ئەگەر ماددەکە مایەوە سیاغەکەی بەمشێوەیە بێ، له دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران و کارمەندانی هەرێمی کوردستاندا زانینی زمانی کوردی یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکان دەبێ، بەلاّم ئەگەر کەسێك کوردی نەزانێ، ئەوە پێویستە بۆ فێربوونی زمانی کوردی حکومەتی هەرێم زەمینەی گونجاوی بۆ برەخسێنێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤالاّ فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تەفسیرکردنی نەسێك لە نیتاقی قانونێکدا، کە لە ٣١ ماددە پێك دێت، بە تەنها دەرهێنانی ئەو ماددەیە، تەفسیرکردنی بەوشێوەیە بەهیچ شێوەیەك گونجاو نییە، لەبەرئەوە تەفسیر دائیمەن لە ئیتاری عامی یاساکەدا دەکرێ، دەنگمان لەسەر چەند ماددەیەکدا له پێشەکی جەلسەکەمان، زمانی کوردیمان کرد بە زمانی فەرمی لە دامودەزگاکان، زمانی کوردیمان کرد بە زمانی یاسادانان، زمانی کوردیمان کرد بە زمانی رەسمی لە دادگاکان، هەمووی ئەو ماددانە دەنگی لەسەر دراوە، هۆی یاخود بابڵێین ئامانجی یاساکە بریتییە لە چەسپاندنی زمانی کوردی وەکو زمانێکی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان یان لە کوردستانی عیراقدا، کاتێ: کە کەسێك داوای دامەزراندن دەکات یان داوای گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی دەکات چ فەرمانبەر و چ کارمەند لێرە جیاوازیشی هەیە لەڕووی یاساییەوە، ئەگەر ئەو کەسە زمانی کوردی نەزانێت چۆن

دەتوانێ لە دادگاکاندا دابمەزرێت و ئەحکام دەربکات، کار بە زمانی کوردی بکات، چۆنە دەتوانێت لە دامودەزگافەرمییەکانی تر دابمەرزێت ، کە لەماددەکانی پێشووتر دەنگمان لەسەر داوە ئەوە خاڵێکیان، خاڵی دووەم ئەو دامەزراندن و گواستنەوەیە لە ماددەی (١٢) بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە پێکهاتەکانەوە نییە، لەبەرئەوەی پێکهاتەکان بەشێکی سەرەکین لە هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی دەزانن تاکو ئێستا هیچ کێشەیەکیان لە بواری دامەزراندندا نەبووە، مەسەلەی یاسایی خدمەی مەدەنی کە باسکرا، پێویستە ئەو کەسە مواتن بێ، ئینجا دادەمەزرێ، بەڵێ ڕاستە پێویستە ئەو کەسە مواتن بێ ئینجا دادەمەزرێ، بەڵام مەرج نییە ئەو کەسەهەڵگری جنسیەی ئەسڵی وڵاتەکەی تۆ بێ، کەسەکە بیانییە ئێمە قانونی جنسیەمان هەیە دێ لە عێراق بیانییە دوای تێپەربوونی ماوەیەك دەتوانێ ببێتە مواتن، دەتوانێ کاری دامەزراندن بکات، واتە دابمەزرێت لە فەرمانگە ڕەسمییەکان، لە دامودەزگا دەستووریەکان، ئەو کەسە ئەگەر زمان نەزانێتن چۆن دادەمەزرێت لەو شوێنانە، بۆیە ئەو ماددەیە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤیش نییە، دیارە ئەو ماددەو ئیتیفاقیەکان کە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێ، پەیوەندی بە مافی پێکهاتە جیاوازەکان هەبێ لە بەردەست دایە، ئەگەر بەڕێزان ماددەکەم بۆ بدۆزنەوە، ئەو ماددەیەی کە لێرە هاتووە پێچەوانەی کام بڕگەیە؟، کام ماددەیەیە؟، لەکام ئیتیفاقیەی نێودەوڵەتی کە باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکاتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانم دکتۆرە ڤالا کردی، بەڵام بۆئەوەی وازح بێتن ئەو ماددەیە، ئەوانەی یاساکەشیان داناوە موقارنەی کردووە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ وڵاتانی تر، ئەمە بنەمایەکی سەرەکییە لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتوو، زۆر دیموکراتی کە ئێمە لەچاو ئەوان لەسەرەتای ئەلف و بێی دیموکراتیداینە، نە پێچەوانەی دیموکراتیە، نە پێچەوانەی مافی مرۆڤە، ئەوە بۆ بەرزکردنەوەی روحیەتی نەتەوەیەکە کەسێك دێت دادەمەزرێت، سبەی لێرە دەبێتە دادوەر، دەبێتە ئەندام پەرلەمان، ماوەیەك تێدەپەڕێتن، پێویستە زمانی کوردی بزانێتن، لەڕێی زمانی کوردی تاریخی ئەو نەتەوەیە دەخوێنێتەوە، ئەگەر شارەزای نالی نەبێت، شارەزای خانی نەبێ، تاریخی ئەو میللەتە نەخوێنێتەوە، چۆن ئەو گرێ دەروونیانەی کە لە کورد دا هەیە هەندە ساڵێکە کە دەبینی لە مەتعەمێکدا شاگردێك بە عەرەبی قسە بکات، ئێمە هەموو دەچین بە عەرەبی قسەدەکەین، ئەمانە هەموو پەیوەندی بە گرێی دەروونی و گرێی بن دەستی نەتەوەیەکەوە هەیە، کە ساڵانێکە ئێمە خۆمان بە کەم دەزانین لەبەرامبەر نەتەوەکانی تر، با پێکهاتەکان تێك نەدەین، پێکهاتەی تورکمان، مەسیحی ئاشووری هەرشتێك لێرە دادەنیشێ ئەوانە مواتنی کوردستانن، کوردستانینە پەیوەندی بەوانەوە نییە، پەیوەندی بە کەسێکەوە هەیە لە وڵاتێکی تر دێ، پاشماوەیەکی تر دێ داوای دامەزراندن دەکات، پۆست وەردەگرێت وەکو چۆن ئێستا ئێمە لە دەرەوە ئەندام پەرلەمانمان هەیە، لە ئەوروپا و لە

شوێنەکانی تر، ئەوانە بۆ زانینی سەقافەی ئەو میللەتەیە، بۆئەوەی دیموکراتی نەسیجی ئەو میللەتە بکاتن، بۆئەوەی تاریخی ئەو میللەتە بزانێتن، ئەوە بەهیچ شێوەیەك پێچەوانەی ئەوە نییە،چونکە دێتە سەر ئە و خاگە دەژێتن، دێ لە ئیمتیازاتی ئەو وڵاتەی تۆ سوودمەند دەبێتن، چۆن لەو وڵاتی تۆ سوودمەند دەبێ، دەبیتە بەرپرس، دەبێە مواتنی تۆ، بەڵام تاریخی تۆ بە هەند وەرناگرێ، شیعری تۆ نازانێ، ئەدەبی تۆ نازانێ، ئەمانە تکایە با لێتان تێك نەچێتن، بەناوی دیموکراتی و مافی مرۆڤەوە ئەو میللەتە چی دیکە گرێی دەروونی بۆ زیاد نەکەین، ئێمە هەمووومان گرێی دەروونیمان هەیەبەرامبەر بە خۆ کەم زانین، ئەمانە هەموو مەسەلەیەکی تاریخی زۆر دوور و درێژن، چۆن شکۆ بۆ زمانی کوردی و بۆ نەتەوەی کورد بگێڕینەوە، ئەمە گرینگە، ئەم یاسایە ئامانجی ئەوەیە، ئامانجی نەهێشتنی ئەو گرێ دەروونیانەیە، خۆ بە کەم زانینی کوردە بەرامبەر خەڵکی تر، ئەمە نەشۆڤینیەتە، ئەمە نەپێچەوانەی مافی مرۆڤە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە د. جوان فەرموو.

**بەڕێ. د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من (١٠٠٪) لەگەڵ ئەو ماددەیەمە، ئەو ماددەیە باسمان کرد لە لیژنە، پێکهاتەکانی تورکمان و سریانی و ئەرمەنی لەگەڵمان بوون، باسی ئەوەمان کرد وتمان بەهیچ شێوەیەك عیلاقەی بە ئێوەوە نییە، بەڵکو بەو کەسانەیە لە خاریجی ئیقلیمی کوردستان، کە دێنە هەرێمی کوردستان مونافەسەی کورد دەکەن، مونافەسەی برادەرکانی ئێمە دەکەن، بەڵکو ئەو کەسانەی خاریجی ئیقلیمی کوردستان کورد نینە، زۆر مەعقولە یەعنی ئەولەویەتی، ئەفزەلیەتی پێگەی خۆت، مکەونی خۆت ئەویش کوردە، وابزانم برادەران یەك لەوانە وتی ئەگەر خاریجی نەدیتیە، بەڵام ئێمە زۆرمان خاریجیمان دیتیەو خوێندیتیشمان لەسەر ئەوەی خاریجی، دائیمەن دەرەجە دەدرێتە مواتنی یەکەم، یەعنی ئەو مافی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕای بەڕێزان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەم، سەبارەت بە نوقتەیەك ، ویستم بە (٢) نوقتە ڕوونکردنەوە بدەم، سەبارەت بە پلە بەرزکردنەوە وترا، کە پلە بەرزکردنەوەی بۆ زیاد بکرێ، مەسەلەی بەرزکردنەوە لە قانونی ئیداریا، لە قانونی خدمەی عامە، لە قانونی ئینزباتی مۆزەفی دەولە ڕێکخراوە، ناکرێت ئێمە لێرە پلە بەرزکردنەوە بکەین بە پێوەرێك بۆ ئەو بابەتە، دووەمیان: سەبارەت بە دامەزراندن کە گوایە شروتەکانی دامەزراندن لە قانونی خدمەی عامە هاتووە، خدمەی مەدەنییە بەڵێ ئەوە دامەزراندنی گشتییە ئەوە لەلایەك، ئێمە لێرانە دامەزراندنی هەمیشەیی و کاتیشمان وتووە، لەلایەکی

ترەوە ئێمە ئەو یاسایە لەچوارچێوەی عیراقدا دەرناکەین، لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا دەریدەکەین، بۆیە ئەو شروتانە کە دەڵێ دەبێ مواتنی عیراق ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو مواتنانەی لە دەرەوەی هەرێم دێن مونافەسەی ئەوانەی هەرێم نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زمان گرینگە، ئەو بابەتەش گفتوگۆی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ڕاستیەکەی بوون بە فەرمانبەری دەوڵەت لە هەر شوێنێکی دونیا پێویستە تۆ زمانی دەوڵەتەکە، زمانی فەرمی ئەو وڵاتە بزانی، بۆئەوەی چۆن مامەڵە دەکەی لەگەڵ فەرمانبەرەکانی هاوڕێت، چۆن لەگەڵ موراجعەکان کە دێنە ناو فەرمانگەکە، ئێمە ئێستا بۆ خۆمان موشکیلەیەکمان هەیە لە سنووری کەلار و کفری، بەشێکی زۆری هاوولاتیانی ئەوێ کە قسەیان کردووە کێشەیان هەیە، هاوولاتی لەوێ کە دامەزراون زمانی کوردی نازانن، ئەی مافی ئەو هاوولاتیە کوردە موراجیعانەی کە ڕۆژانە دەچن بۆ لایان ئەوان لێیان تێناگەن، مافی ئەوان لەکوێیە؟ لەبەرئەوە بەڕاستی کاتێ کە دەبی بە مۆزەفی دەولە، پێویستە تۆ فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانی، پێویستە زمانی کوردی، زمانی رەسمی هەرێمی کوردستان بزانی، لێرە بە موتلەقیش نەهاتووە، ئەگەر نەیزانێ دانامەزرێ، ئەوەی کە لێرە هەیە دەڵێت ئەگەر هاتو نەیزانی خولی بۆ بکرێتەوە، مودەی بدرێتێ بۆئەوەی فێر بێ، هەرچی سەبارەت بە خوشك و براکانە لە پێکهاتەکانی تر ئەوە حاڵەتی ئیستسنایان هەیە، هەر لێرە یاسایەك هەیە کە دەڵێ لە هەرێمی کوردستان تورکمان، سریانی، ئەرمەن ئەوان یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان هەیە، حالەتی ئیستثنایان هەیە من پێم وایە بە هیچ شێوەیەك ئەوە شمولی ئەوان ناکات، چونکە بە حالەتی ئیستسنا بۆ ئەوان داندراوە، مەسەلەیەکی تر هەیە کە دەڵێت پەیوەندی بە کۆمپانیاکانەوە هەیە، باسی مافی مرۆڤ کرا، پێم خۆشە لەسەر ئەوەش بێینە دەنگ ، یەعنی دنیایەك کۆمپانیای نەوت و مەعمەلی چیمەنتۆ هەیە، بە هەزاران کەسیان هێناوە لە دەرەوە، لێرە ئێمە موهەندیسمان هەیە زۆرباشە، لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی نازانین وەریناگرن تا کار بکات لەوێ، لەبەرئەوەی زمان نازانێ نایەڵن لە کێڵگە نەوتییەکان کاربکات، ئەی بۆ باشە بۆ لەسەر ئەوان بێ دەنگین؟، ئەگەر ئەوە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، مەسەلەی زمان شتێکی بنەڕەتییە، کۆمپانیایەك هاتووە لە وڵاتەکەی من ئیش دەکات، لە من قبولێ ناکات کە زمانی ئەو نەزانم و بچم ئیش بکەم لەوێ، لەبەرئەوە پێم وایە حاڵەتەکە تەعەسوبی تێدا نییە، یەعنی یاسای نێودەوڵەتی وایە، هیچ تەعەسوبێك لە یاساکە نابینم، بۆیە بۆئەوەی شتەکەش نەڕوات تەعەسوبی قەومی تێدایە، حاڵەتێکی زۆر ئاساییە ئەوانەی کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن ئیستسنایان بۆ کراوە، گرینگیشە ئەوەی کە دادەمەزرێت زمانەکە بزانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تەقریبەن دوو ڕەئی هەیە لەناو پەرلەمان، ڕایەکیان پێی وایە کە پێویست دەکات ئەو ماددەیە لابברێت بە تەواوەتی، ڕای دووەم پێی وایە بمێنێتەوە، بەڵام هەموار بکرێ، بەڕێزانی ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بەڕوونی ڕای خۆیان باسکرد، تەنهای دوو کەسی تر وەردەگرین بۆ ئەوانەی کە داوای ئەوە دەکەن، کە ماددەکە هەر لە بنەڕەتەوە لابברێت، بۆئەوەی ئەوانیش زیاتر ڕای خۆیان ڕوون بکەنەوە، بەڵام ئەو بەڕێزانە وەردەگرین کە قسەیان نەکردووە، کاك تحسین تۆ لەگەڵ ئەوەی کە لابברێت، یان بمێنێتەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگام بدەی منیش ڕەئی خۆم بدەم، بەکورتی ئەگەر ڕێگام بدەی، ئەوانەی کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن، ماف و ئەرکیان هەیە، بەڕەئی من زمان نەبێتە مەرج بۆ دامەزراندن، چونکە ژیانی خەڵکی پێوە بەندە، من دەڵێم وای لێبکرێت یەعنی بکرێتە (٣) برگە، برگەی أ: بۆ دامەزراندن گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی، خزمەتگوزار و کارمەندان رەچاوی ئەوە بکرێت، کە پێویستە خەڵکی رەسەنی هەرێم بن، بۆ دامەزراندنی ئەو خەڵکانەی کە خەڵکی هەرێم نین، زانینی زمانی کوردی مەرج بێت و بەشێوەی گرێبەست بن، ج: دەکرێت لەسەر فەرمانگەکان فەرز بکرێت کە ئەوانەی دادەمەزرێن و کوردی نازانن فێرە زمانی کوردی بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز کمال یلدا مەرقوز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئێمە سەبەب نەبین بەهۆی فەلسەفەی کوردستانی تێك بدەین، لەسەر مافی مرۆڤ باسکراوە وابزانم دوەلی ئەوروپی هەموو شت لە مافی مرۆڤ تەتبیق دەکەن، بەس لە تەعینات و لە دامەزراندن تەتبیقی ناکەن، چونکە تا ئێستا نەمبیستوە ئەگەر خەریجی ئەو دەوڵەتە نەبێ تەعین لە دەوائیری ئەوروپی نەکراوە، ئیللا شتی خەدەمی زۆر بەسیتی پێ دراوە، ئەوەش بەرامبەر مافی مرۆڤ غەدرێکی زۆر گەورەی دەزانین، کە ئێمە خەڵکی کوردستانین، عزەتمان هەیە بە کوردی و بە زمانی کوردی زۆریش، چونکە لێرە نووسرایە کە ئەو کەسەی کورد نەبێتن، یەعنی ئەوانی تر کەس شمولی ناکات، کاك زاناش دەڵێ ئەوە ئیستسنا نییە، ئەمە عەتفمان پەیا ناکرێن کە ئەمە لێرە بین و عەتفمان پێ بکرێت و ئەوەی تەعین بێ یان تەعین نەبێ، ئێمە دەمانەوێ ئەو وشە لابدرێتن ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێتن، ئەگەرنا ئەمن پشتگیری (امنە) خان دەکەم، (بێگەرد) خان، کاك (یروانت)، مامۆستا (رابوون)، مامۆستا (علی)، (د. فرست)، مامۆستا (تحسین) دەکەم، بۆ هەڵگرتنی ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورن ئەگەر نەختێ ئەوەم کرد، بەڕاستی من دیسان دووبارەی دەکەمەوە یەعنی ئێمە یاسایەکان بەشێوەیەکی عاتفی دادەڕێژین، ئێمە باسی ئەوە ناکەین کە دەڵێن تەعەسوب، تەعەسوبمان لەسەر نەتەوەی کورد نییە، بەڵکو ئێمە لەوانەیە کوردیەکەی من زۆر باشتر بێ لە زۆربەی ئەو بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتوون، لەبەرئەوەی زۆر لە ئیدارە ئیشم کردووە، بەلاّم مەخسەدمان ئەوەنییە کە فێرە کوردی نەبین، هەموومان دەزانین ئەو کەسانەی کە لە دامودەزگا حکومییەکان، لە دەزگا ناحکومییەکان کاردەکەن دەبێ کوردی بزانن، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، ڕاستە هەندێ برادەران باس لەو دەکەن دەڵێن نەتەوی خۆمان هەرێمی کوردستان، خۆ کەس خێرمان پێ ناکات، ئێمە فیعلەن نەتەوەی کوردستانین، نەتەوەیەکی رەئیسین، ئەو ماددەی دکتۆرە بەهار ئاماژەی بەوە کرد، هەر بەخۆی ئەوماددەیەش ماددەیەکە لە ماددەی قانونی ئیداری ئەوە، یەعنی بۆ هاتووەتە ناو زمانە فەرمییەکان، نازانم؟، دوایێ ئێمە یەك کۆمەڵ ماموٚستای زانکۆمان هەیە، بە عەرەبی وانەکان دەڵێینەوە، یەك کۆمەڵ دکتۆرمان هەیە لە نەخۆشخانەکان عەرەبن، هاتوونە لێرە موعالەجە خەڵك دەکەن، ئەگەر وابێ ئەوانەش دەربکەین مادام وایە کەس لێرە نەمێنێ، خەلاس خواحافیزیان بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاواز خان.

**بەڕێز ئاواز شێخ جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە سوئی تەفاهومێك هەیە لەو ماددەیە، لە دامەزراندن و گواستنەوەی هەمیشەیی و کاتی فەرمانبەران و کارمەندان، کە دەگاتە ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت، بەلاّم ئەگەر ئەو کەسە کورد نەبوو، من پێم وایە بکرێتە، بەلاّم ئەگەر ئەو کەسە خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبوو، بۆئەوەی پێکهاتەکانی تر نیگەرانییان لا دروست نەبێت، چونکە بەهیچ شێوەیەك هیچ یەکێك لە ئێمە مەبەستمان ئەوەنییە، ئەو پێکهاتانە بەشێکن لە نەسیجی هەرێمی کوردستان، بەشێکن لە ئێمە، ئێمە بەشێکین لەوان، یەعنی ئەوانمان ئیستسنا نەکردووە ئەو بڕگەیە بەهیچ شێوەیەك ئەوان ناگرێتەوە، هیوادارم نیگەران نەبن لەوە، بەلاّم ئەگەر ئەو کەسە خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبوو، بۆئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، بەڕاستی زۆرم پێ ناخۆشە ئەو بەڕێزانە نیگەران بن، چونکە ئێمە بەهیچ شێوەیەك نامانەوێ ئەوان نیگەران بکەین، ئەوان بەشێکن لە نەسیجی هەرێمی کوردستان، هیوادارم لێمان دلگران نەبن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە، ڕایەکیان داوای ئەوە دەکات کە کۆی ماددەکە لابرێت، ڕای دووەمیان داوای ئەوە دەکات کە ئەگەر بمێنێتەوە هەموار بکرێت، ئێستا جارێ ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کە کێ لەگەڵ ئەوەیە کۆی ماددەکە لابرێت؟ ٣٧ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە کۆی ماددەکە لابرێت، کێ لەگەڵی نییە؟ ١٤ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، کۆی ماددەکە لادەبرێت، ماددەی ١١، نوقتەی نیزامی هەیە خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کاتێك کە موناقەشەی ماددەیەك دەکرێت، ئێوە حەقە وەکو سەرۆکایەتی لەوکاتە ئیجرائەت بکەن، کە دەزانن دوو ڕەئی جیاواز هەیە، ڕایەك دەڵێت وەکو ئەو ماددەیە بمێنێتەوە یاخود تەعدیلی تێدا بکرێت، یەعنی ئێمە زیاتر لە ٢٥ دەقیقەیە ئەندامانی پەرلەمان موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە دەکەن، لە کۆتایشدا بڕیار دەدەین دێینە سەر ئەوەی ئەو ماددەیە لابدرێت، حەقە هەر لەسەرەتاوە بەرلەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین، ئایا ئەو ماددەیە بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە؟، کاتێك کە دەنگ بە مانەوەی درا ئینجا موتاقەشە بکرێ، بەڕاستی ئێمە لە کەیەوە موناقەشەی ئەوە دەکەین لە کۆتایشدا لادەبرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە لابردنی ماددەیەك یان مانەوەی بە هەموار کراوی پەیوەندی بە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە، ئەوە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان وا دەکات کە ئەنجامی دەنگدانەکە بە چ لایەك دەکەوێتەوە، ئایا لابرێت ماددەکە یان بمێنێتەوە تەعدیل بکرێت؟، بۆیە پێویست دەکات ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئەوجا بخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە دەبێ گفتوگۆ بکرێت پێش لابردن یان هێشتنەوەی، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی باشتر بوو لەسەر ماددەکە، دەنگ بدرێت، لەسەر ئەوەی بمێنێتەوە، نەك ئەوەی لابرێت، دووەم: جەنابت ڕێگاتدا کەسی وا هەیە سێ جار قسەی کرد لەسەر ئەم بابەتە، ئەمەش دژی پەیڕەوی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها یەك کەس قسەکانی خۆی دووبارە کردەوە، کە بریتی بوو لە مامۆستا ماجد، لەبەرئەوەی ئەو دژی ئەوە بوو کە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، ڕێمان پێدا کە ئەوانە جارێکی تر ڕای خۆیان دەربڕن، فەرموون ماددەی (١١) بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی/ ١١:**

**یەكەم: تابلۆی سەرجەم دامەزراو فەرمانگە حكومییەكان بە زمانی كوردی و عەرەبی دەبێ، بە مەرجێك نووسینە كوردیەكان لە بەشی سەرەوەی تابلۆكە بێ.**

**دووەم: تابلۆی نووسینگەو نوێنەرایەتی و كونسولگەری و ولأتان و رێكخراوە بیانییەكان لە هەرێمی كوردستاندا بە زمانی كوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەكەی تر دەبێت.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ گفتوگۆی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ با ناوی خۆی بنووسێ، كاك رابوون فەرموو.**

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ئەوەم سیاغەی یەكەم لە ماددەكە بكرێتەوە، بەجۆریك كە ڕێ بدات بە زمانی تر لە پاڵ زمانی كوردی و عەرەبیدا بەكاربهێندرێت، زۆرجار ئینگلیزی پێویستە لەو ناوەندانەش بۆ عنكاوەو چڕی دانیشتوان توركمان هەیە، ڕێ بە توركمان و مەسیحیەكانیش بدەن، بۆئەوەی زمانی ئەوانیش بەكاربهێندرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**د. سراج فەرموو.**

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**داوا دەكەم خاڵی یەكەم وا بنووسرێتەوە، نووسینە كوردیەكان كە لە بەشی سەرەوەی تابلۆكە بێ، بەلأم گەورەتر خۆی نیشان بدات، یەعنی هی كوردیەكە گەورەتر خۆی نیشان بدات لەوەی لە عەرەبیەكە، لە بەشی دووەم باسی تابلۆ دەكرێتن، ئیجاب ناكاتن لە كونسولگەریەكە ئەگەر عەرەب نەبن، چۆن عەرەبی لەسەر بنووسرێتن، با تەنها كوردی بێ و لەگەڵ زمانی لایەنەكەی دیكە، ئیجاب ناكات عەرەبی هەبێ لە شوێنەكانی تر، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك یروانت فەرموو.**

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو دروستە بەس فەقەرەی سێیەم ئەو دەزگای لەسەر نەتەوەیەکی دیکی بن، لەسەر تابلۆکە بە زمانی ئەو نەتەوەیە بێ، وەکی ئێمە سریانی بێ، وەکی ئێمە بە ئەرمەنیش بنووسێ، کوردی و ئەرمەنی بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج لەوە زمانە فەرمییەکان زمانی کوردیە، بەلام ئێمە وەکو وڵاتێکی گەشتیارین، یەکێك لە گەشتیارەکان دەبێ تەشویق بکرێن، بۆ هاتنیان، پێویستە لەسەر تابلۆکانمان بە زمانی تری نێو نەتەوەیی کە ئەویش ئینگلیزیە لەسەر تابلۆکانمان بێڵن بنووسین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم لەسەر زمانی نووسینەکە، لەسەرجەم فەرمانگە حکومییەکان بە زمانی کوردی بێ شتیکی تەبیعییە، بەلام لە هەندێك فەرمانگە و دەزگا هەیە سەر بە تورکمان و کلد و ئاشوورییەکان، شتێك هەیە دەمەوێ لێرە ئەو تێبینیە بڵێم، حکومەتی هەرێم لە (١٩٩٢) تا ئێستا بە فیعلی زۆر شت هەیە بۆ تورکمان و ئاشووریەکانی کردیە، ئێمە کە یاسا دەردەینین پێویستە هەوڵ بدەین ئەو شتانەی کە بۆمان کراوە باشتر بکرێتن، نەك ئەوەی کە بۆمان کراوە لە تەنفیز، لە هەرێمی کوردستان کە ئەو مافەی پێمان دراوە لە یاساکە نەکرێتن، لەبەرئەوەی ئێستا هەیە بەخۆی بوونی هەیە، لە دامودەزگاکانی حکومەت زۆر دەزگاو، زۆر فەرمانگەی حکومی هەیە سەر بە حکومەتی هەرێمە، بە زمانی تورکی نووسرایە لەگەڵ زمانی کوردی یان بە زمانی نووسرایە، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەوە ئیزافە نەکەین دەبێتە یاسا، دەبێت ئەوان بگۆڕنەوە، تورکمانی و سریانیەکەی بگۆڕنەوە، چونکە ئەوە دەبێتە یاسا، لەبەر ئەوەی ئەو ڕستەیەش ئیزافە بکرێ، ئەو فەرمانگە و دەزگا ناحکومییانەی کە سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانن بە زمانی خۆیان بنووسن لە پاڵ زمانی کوردی، یەعنی زمانی سەرەکی کوردییە، بەلام ئەو فەرمانگە و ئەو دەزگایانە بە زمانی خۆیان بنووسن، زۆر شتێکی باشە لێرە باسی ناوچە کوردستانییەکانی تر دەکرێت، بەلام لە هەرێمی کوردستان تورکمان ئێستا مافی هەیە لە پەروەردە، لە ڕۆشنبیری، لە پەرلەمان، لە حکومەت، لە موئەسەساتی موجتەمەعی مەدەنی، تورکمان لە هەرێمی کوردستان خۆی مافی هەیە، یەعنی لەبەر خاتری تورکمانەکانی هەرێم ناکەن، دەڵێن ئیلا ناوچەکانی دیکە، یەعنی ئەوە

بەشێوەیەکی گشتی پێویستە بکەین، هەرێمی کوردستان پێویستە ڕێز لە مافی پێکهاتەکان بگرێت، نەك بەس لەبەر خاتری ناوچەیەك لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئێستا بە فیعلی هەیە، یەعنی ئێمە بۆ غەدر لە ئەزموونی دیموکراسی خۆمان دەکەین لەبەر خاتری ناوچەیەکی تر، بە گشتی مافەکانی تورکمان و کلدو ئاشور پێویستە بپارێزین، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك أنور قادر، فەرموو.

**بەڕێز أنور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم تەنها زمانی کوردی بێ، زمانی عەرەبی لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو منى نبى، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بەڕێز کاك رابوون و کاك محمد سعدالدین دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بەم ماددەیە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم/ لیژنەی یاسایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە ماددەی (١٣)دا هاتووە تەنها دوو بڕگەیە، ئەوەیشی کە پەیوەندی بە زمانە فەرمییەکانی تر هەیە لە هەرێمی کوردستان، یان لە کوردستانی عیراق کە لە دەستووری عیراقی دا جێگیر بووە، ماددەی (٢٥) بەشی (٧)ەم باس لە زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان دەکات، لە هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردن دا کە چڕی دانیشتووانەکەی سەر بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد بوون، بۆیان هەیە بە ڕاپرسییەکی خۆجێی زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی کوردی دا بکەن بە زمانی فەرمی کاروباری ناوخۆییان، لێرەدا کاروباری ناوخۆیی بە شێوەیەکی موتڵەق هاتووە، واتا لە پاڵ زمانی کوردی و هەر زمانێکی تر مەسەلەی تابلۆیە، یان هەر بابەتێکی تر، ئەوان دەتوانن بە زمانی خۆیان بینووسن، لە ماددەی (٢٥) هاتووە، یانی پێویست بە تیکرار ناکاتەوە لە ماددەی (١٣)، لەبەر ئەوەی ئەو مافە مافێکی سابتە، هەر کە لە ڕێگای ڕاپرسی بوو بە زمانی فەرمی، بە زمانی فەرمی خۆیان کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن، جا مەسەلەی تابلۆ نووسینە یان هەر بابەتێکی تر، هەمووی لەو خاڵەدا جێگای بۆتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر/ لیژنەی ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە زمانەکی تری نووسین دەکرێتن لەسەر تابلۆکان، کەس کێشەی لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەم زمانە بە پێی دەستووری عیراق زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی ڕەسمین، دەبێ ئەوە مولزەمە لە هەرێم، لە عیراق ئەم دوو زمانە بکرێتن، بەڵام بە ئینگلیزیش بنووسرێ کە تا ئێستا نووسراوە، هیچ کێشەیەك و تەعاروزێکی لەگەڵ ئەوە نییە کە نەنووسرێت، بۆیە پێویست ناکات لێرە هیچ ئیشارەتێکی پێ بدرێت، مەسەلەی پێکهاتەکانیش بە ماددەیەکی تر موعالەجە کراوە لەو شوێنەی کە کەسافەی سوکانیان زۆرە، یان ئەو وەحداتی ئیداریەی تابیعی خۆیانە، ئەوانە هەمووی دائیرەکانیان و موعامەلاتی ناوخۆیان بە زمانی فەرمی تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە ئێرە هیچ تەعاروزێك لەگەڵ حقوقی ئەوانیش ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. جوان، فەرموو.

**بەڕێز د.جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ماددەی (١٣) کە دەڵێ بە زمانی کوردی و عەرەبی، ڕەئیەك هەبوو بە زمانی ئینگلیزی، ڕەئیەکیش هەبوو بە زمانی تورکی و ئەوانە، بە من ناڵێن قیتعەکە چەندی لێ دێ؟ چی لێ دێ؟ تابلۆیەکە چەند گەورە دەبێ تا هەموو ئەوانە بگرێتەوە؟ یەعنی مەعقول نییە، ماددەی ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی بێ، ماددەی (١٣)، وابزانم بە شێوەیەك لە ماددەی (١٥) جێی کراوەتەوە، عەینی گلەییەکەی لە ماددەی (١٣)، لە ماددەی (٢٥) ئەگەر بیخوێنین لەوێش جێی کراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ کاك یروانت، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێك قوتابخانا یێتە سەر خۆ ئەرمەنیم، لە گوندی هەوریسکی یە، یەعنی نەوعەکی دیموقراتیێ زیاترە، قوتابخانەی هەوریسك بە ئەرمەنیش دەنووسێ قوتابخانەی هەوریسك، قەصدمان ئەوەیە، هەموو ناحیەکە نە ئەرمەنییە، یەك قوتابخانەی ئەرمەنی هەیە، قەصدم ئەو دیموقراتییە هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیعادەی صیاغەی ئەو ماددەیە دەکەینەوە، بەوەی کە پێداویستی، یاخود داواکاری هەموویان تێیدا جێگای بکرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ جودت نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وەللا نیقاشێ لێرە دروست بووە لەسەر ئەوەی کە نیصابی قانونی پێویستە بۆ مانەوە لە هۆڵی پەرلەمان، یان تەنها بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ تەنها بۆ ئیفتیتاحی جەلسە پێویستە؟ ئەگەر دواتر نیصابی قانونی دەرنەکرد، یان ژمارەکە کەم بووەوە، دوو ڕەئی دروست بووە، ڕەئیەکیان دەڵێ دەکرێ بە عەدەدێکی کەمتر لە نیصاب ئیدارەی جەلسەکە بکرێ، ڕەئیەکیش دەڵێ نابێ، لەبەر ئەوەی بۆ بڕیاردان و بۆ دەنگدان کاریگەری دەبێت، جا تکایە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەمان بۆ یەکلایی بکەنەوە، بۆ ئەوەی نوێژەکانمان دوا نەکەوێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە خۆمان ڕەئیەکمان هەیە، بەس دەمانەوێ لە پێشتردا گوێمان لە لێژنەی یاسایی بێت، ڕەئی ئەوان چییە؟ دکتۆرە نیصاب بۆ دەنگدان پێویستە یان نا؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆ زۆر بە وازیحی هاتووە، بۆ ئینعیقادی جەلسە پێویستە نیصاب تەواو بێت، بۆ دەنگدانیش ئەغلەبیەی بەسیتەیە، یەعنی وازیحە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وایە، بۆ دەنگدان بە ئەغلەبیەی بەسیتە یەکلا دەبێتەوە، بە زۆرینەی سادە یەکلا دەبێتەوە، بەڵام بۆ دەنگدان پێویستمان بە نیصاب هەیە، لە کاتی دەنگدان پێویست دەکات نیصاب هەبێ، کاک د. فەرسەت، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو جەلسەیە جەلسەی دەنگدانە، لە هەر پێنج دەقە جارێك ئێمە دەنگ دەدەین، بۆیە جەلسەی قسە کردن نییە، هەر چەندە بەو نەصەی کە ئێستا لێرە هەیە، لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی، ئەگەر بکرێ چاکی بکەین دوایی، ئەگەر نا لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی دەبێ نیصاب لە ژوورەوە بێ (٥٦)، گریمان ئەو قسەیەش ڕاستە ئەگەر با بڵێین لە کاتی ئینعیقادەکە بێ، بەڵام ئێمە دەنگدانمان هەیە، چەند دەقە جارێك دەنگ

دەدەیــن، مــەعنای وایــە پێویســتمان بەوەیــە (٥٦) کــەس لــە ژوورەوە بێــت، (٥٦) لــە ژوورەوە نــەبێ نیصــاب دروست نییە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وایە، کەواتە لە کاتی دەنگان پێویستمان بە (٥٦) کەس هەیە، بەڵێ کاک عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، کۆبوونەوەی پەرلەمان یاسایی نابێت تەنها بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان نەبێت، پەرلەمان بڕیارەکانی بە زۆرینەی ئامادەبووان، یەعنی مــەرج نییــە، دوای ئــەوە جەلســەکە کرایــەوە (٥٠) کەسـیش بمێنێتــەوە، تــۆ دەتــوانی بــە زۆرینــەی ئــەو (٥٠) کەســە تێپــەڕێنی، لــە هــەموو پەرلــەماناتی دونیاش دا وایە، ئەوە نییە بڵێی کاکە پێویستە بە بــەردەوامی ئــەو ٥٠ زائیــدەن ١ حــازر بــێ لــە نــاو قاعــەی پەرلەمان، ئەوەش نابێ هیچ بۆ ئێــوە تــەحقیق نــابێ، دەیشــیبینی جەلساتی تــریش دێتــە بــەردەممان، ئــەو زۆرینەیە بۆ ئێمە دروست نابێ، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من زۆرینەی ئامادەبووان، کاتێ ٤٠ کەسیشی لێ بێ، ٢١ کەس دەنگی دا دەتوانین ئەو قەرارە تێپەڕێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک عمر دەقی ئەو ماددەیە هێندە موتڵەقە، بەو شێوەیە بێت تەنانەت گفتوگۆش لە نــاو پەرلــەمان دا جائیز نییە، ئەگەر زۆرینە ئامادە نەبن، ماددەی (٤) وانییە؟ کۆبوونەوەی پەرلەمان یاسایی نابێــت تــەنها بە ئامــادەبوونی زۆرینــەی ئەنــدامانی نــەبێت، نــاڵێ ســەرەتا، نــاڵێ ئینعیقــاد، دەڵــێ کۆبوونــەوەی پەرلــەمان، یەعنی کۆی کۆبوونەوەکە یاسایی نابێ ئەگەر زۆرینە لێرە نەبن، کاک رابوون، فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێگەیشــتنی مــن بــۆ پــەیڕەوی نــاوخۆ ئەوەیــە کــە دەســت پێکردنــی کۆبوونەوەکــە پێویســتی بــە زۆرینــەی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەندامان یــەعنی لــە (١١١) کەســەکە، بــەڵام دوایــی دەنگدانــەکان بــە زۆرینــەی حــزوور دەکرێ، بەڵام سەرنجت بۆ ئەوە ڕادەکێشم ئەگەر ئەوەی ئێستا کە تــۆ پێشــنیاری دەکــەی ســابت بــێ، هــەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان مەترسی بۆ دروست دەبێ، چونکە بێنە بەرچاوت (٦٠) کەس لە ژوورەوەیە، هەموو لەحزەیــەك شــەش کــەس دەتــوانن کۆبوونەوەکــەت پــێ هەڵبوەشــێننەوە، بۆیــە هیــوادارم بــە ئاگادارییــەوە موتابەعەی ئەو وەزعە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە شێوەیەکی عورفی ئەم ماددەیە لە پەرلەمانی کوردستان وا پــەیڕەو کــراوە کــە بــۆ کــاتی دەســت پێکردنــی دانیشتن و بۆ کاتی دەنگدان ڕەچاوی نیصابی یاسایی پەرلەمانی کوردســتان کــراوە، ســەیری پرۆتۆکۆڵــەکانی

پێشووشم کردووە، ئەو کاتەی نیصاب هەبوو دەنگدان کراوە، کە نیصاب نەبووبێ دەنگدانێك کە کرابێ هەڵوەشێنراوەتەوە، کاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆبوونەوە و گفتوگۆ کردنیش بە نیوە زائید یەك نەبێت ناکرێ، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە چەندین جار فراکسیۆنێك یان کێشەیەك دروست دەبێت، بەشێك لە ئامادەبووان دەچنە دەرەوە، هۆڵی کۆبوونەوەکان جێ دێڵن، ئەگەر نیوە زائید یەك کەمتر مایەوە ئەو کۆبوونەوەیە درێژەی پێ نادرێ، لەبەر ئەوەی ناتوانن کۆبوونەوەکە بکەن، کەواتە لە کاتی گفتوگۆکردن و لە کاتی دەنگدانیش پێویستی بە نیوە زائید یەکە، بەڵگەشم ئەوەیە بەو شێوەیە کۆبوونەوەکە چۆڵ کرا، کۆتایی پێ هاتووە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر دەمەوێ ئاگادارتان بکەین، ئێمە ئەو لێژنەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم مەسەلەیەمان موعالەجە کردووە، یەعنی نیصابمان تەنها بۆ ئینعیقاد داناوە، کە کۆبوونەوە دەستی پێکرد، ئیتر لەوێوە هیچ پێوەرێك بۆ نیصاب، ئەوە ئەو حاڵەتانەی کە باس کرا لە پەرلەمانی دونیادا، لە پەیڕەوی ناوخۆ زۆر بە وازیحی نووسیویانە، ئینعیقاد زەرورە، ئیتر پاش ئەوە چەند لە ژوورەوە بمێنێتەوە کۆبوونەوە بەڕێوەدەچێت، ڕێك ئێمەش لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان دا وامان لێ کردووە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، خاتوو آمنة زکری، فەرموو.

**بەڕێز آمنة زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خو دە دەقێ یێ پەیڕەوی ناوخۆدایێ دیارە عورفێ پەرلەمانی ژ هەریا واسانی بویە، زۆرینە دڤێت بۆ بڕیاردانا حازر بن، وە ئەگەر نیصابی وی کامل نەبیتن، نابێ دەنگدان بێتە کرن، وە ترسا هەڤالا بەحسێن د دکەن کو گەلەك جار دەبێتە سەبەبا هەندێ ئەگەر شەش کەس کەم بیتن، هەمی جارا ساتی بڕیاردانێ ئەڤە دهەندێ چارەسەر کو جەلەسێت بڕیاردانێ، جەلەسەیەت گفتوگۆکرنێ  جودا ببیتن، پەرلەماناتی عالەمی ژی ئەو پەرلەمانێت کومە سەرەدانی وان کریت رووژێ جەلەسێت بڕیاردانێ جیاوازە دگەل یێت گفتوگۆکرنێ، ژ بەر هەندێ هەموو ئەو ڕۆژێت کو دەنگدانن هەی پەرلەمانتار دزانێ، ئەڤە دێ تە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەم عیلاجی وێ بکەین و دێتا من نووکە بگۆڤێ دێتن نیسبەیا کامل دبی هەبیتن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو تەلار.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نییە لە داهاتوودا لە پەیڕەو چۆن هەموار دەكرێتەوە؟ چۆن دەكرێ؟ چۆن تەنزیم دەكرێ؟ بەڵام لە ئێستا لە پەیڕەوی ئێستا پێش هەمواركردنەوە زۆر بە وازحی و بە موتڵەقی هاتووە، ئەو نیصابە پێویستمان پێیە لە سەرەتای كۆبوونەوەكە تا كۆتایی، بۆیە زەرورە نیصابی قانونی تەواو بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە، زۆر سوپاس، فەرموون تكایە ماددەكە بخوێننەوە بەو شێوەی كە داتان ڕشتووە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە هاوبەشەكان لەسەر داڕشتنەوەی ڕێككەوتوون لەسەر بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم: تابلۆی سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حكومییەكان بە زمانی كوردی و عەرەبی دەبێت، بە ڕەچاوكردنی زمانی پێكهاتەكانی تر لەو شوێنانەی كە چڕی دانیشتووانەكەی پێك دێنێت، بە مەرجێك نووسینە كوردییەكە لە بەشی سەرەوەی تابلۆكە بێت.

دووەم: تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و كونسولگەری وڵاتان و ڕێكخراوە بیانییەكان لە هەرێمی كوردستان دا بە زمانی كوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەكەی دیكە دەبێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە پەیڕەوی ناوخۆ دەقی كوردی و عەرەبییەكەی ماددەی (٤) جیاوازە، لە دەقە كوردییەكەدا دەڵێ كۆبوونەوە پێویستی بە زۆرینەی ئامادەبووانە، ماددەی (٤) / كۆبوونەوەی پەرلەمان یاسایی نابێت تەنها بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەكانی نەبێت، لێرەدا كەواتە كۆی هەموو كۆبوونەوەكەی بەستۆتەوە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندام، بەڵام لە دەقە عەرەبییەكەدا كە ئێستا بەڕێز كاك عمر عینایەت پێشانی داین، دەڵێ/ (لا یكون إنعقاد البرلمان قانونیا) لێرەدا كردوویەتی بە ئینعیقاد.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام لەسەر زمانە فەرمییەكانە لەسەر زمانە كوردییەكە ئیش دەكەین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیتر لەمڕۆوە زمانە كوردییەكە بەركارە كاك عمر، باشە، تەواو بوون؟ فەرموون بیخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣)

یەكەم: تابلۆی سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حكومییەكان زمانی كوردی و عەرەبی لە خۆ دەگرێت، بە ڕەچاوكردنی زمانی پێكهاتەكانی تر، بە مەرجێك نووسینە كوردییەكە لە بەشی سەرەوەی تابلۆكە بێت.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بڕگەی دووەم.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم: تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و كونسولگەری وڵاتان و ڕێكخراوە بیانییەكان لە هەرێمی كوردستان دا بە زمانی كوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەكەی دیكە دەبێت. بە مەرجێ زمانی كوردی دەركەوتووتر بێ.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەڵێ لە بەشی سەرەوە دەبێت، یەعنی ئیتر تەواو، باشە ئەو تێبینیەش ڕەچاو دەكەین، دەركەوتووتر بێ، باشە كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێوەی كە خوێنرایەوە؟ ئەوەش ڕەچاو دەكرێ كە زمانی كوردی بەرچاوتر بێ، یان دەركەوتووتر بێ، (٥٦) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێت، كەواتە پەسند كرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم:**

ماددەی (١٤)

هەر دامودەزگایەكی حكومی و ناحكومی عیراقی و بیانی كە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێم دا هەبێ، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەكانیان دا ڕەچاوی زمانی كوردیش بكەن.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو كاك صالح فەقێ.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم یان لەگەڵ ئەم ماددەیە جێی بكرێتەوە، یان بە ماددەیەكی جیا باس لە ساڵنامەی كوردیش بكرێ، كە ڕۆژ و مانگ و ساڵەكە بە زمانی كوردی، بڵێین بە ساڵی كوردی بنووسرێ لە نووسراوەكەدا، یان بە ماددەیەكی جیاواز.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج أحمد حمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كۆتایی ماددەكە باسی ئەوە دەكات دەڵێ ڕەچاوی زمانی كوردی بكرێ، پێشووش باسی (پێویستە)ی دەكات، تەبیعی (پێویستە) فەرزە، بەڵام (ڕەچاوكردن) فەرز ناكرێت لەسەری، بەڕای من ڕەچاوكردن لابدرێ، وا بنووسرێت زمانی كوردیش لەسەر هەبێ، یەعنی حەصر بكرێ و فەرز بكرێ، نەك بە موراعات، چونكە لێرە باسی موراعات دەكات، پێشتر باسی پێویستە دەكات، پێویستە و موراعاتیش دوو شتی لە یەك جیاوازن، پێویستە فەرزە، بەڵام موراعات فەرزی تێدا نییە، بە ڕای من ڕەچاوكردن لابدرێ، بەڵكو حەسم بكرێ، باسی زمانی كوردی بكرێ كە لەسەری دا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا پشتگیری قسەكەی د. سراج دەكەم، كە بنووسرێ لە فۆرم و نووسراوەكانیان دا زمانی كوردی بەكار بهێنرێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك حاجی كاروان، فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ڕەئیەكەی (د. سراج الدین)م هەبوو، بەڵام هەر ئەوەی سەرەتا بنووسرێت پێویستە هەر دام و دەزگایەكی حكومی، ڕەچاوەكە لابدرێ و پێویستییەكەش (تەحصیل حاصلی) ئەخیرەكەیەتی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێركۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان منیش پشتگیری لەو ڕایانە دەكەم، لەگەڵیشی دا ئەگەر ئەو وشەی دام و دەزگا بەسەر یەكەوە بنووسرێ، هەر دامودەزگایەكی، ئەو وشەیە بەسەر یەكەوە بنووسرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر ڕای ئەندامان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەی بەڕێز (د. سراج الدین) قبووڵە لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە، بەو شێوەیە ماددەكە دادەڕێژینەوە (هەر دام و دەزگایەكی حكومی و ناحكومی عیراقی و بیانی كە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێم هەبێ، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەكانی دا زمانی كوردی بەكار بهێنێت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ جارێكی تر لیستی ئامادەنەبووانمان هێنایەوە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەوەی دوچاری ئەم كێشەیە نەبینەوە، لەمەولا لە كاتی دانیشتنەكانی پەرلەماندا چەند جارێك لیستی ئامادەنەبووان دهێنینەوە ناوهۆڵی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان پابەند بن بە كۆبوونەوەكان و دانیشتنەكانی پەرلەمان، بەو شێوەیە نەبێت كە لە سەرەتای دانیشتنەكان ئامادە بن و ئیمزای خۆیان بكەن و دوای ئیمزا كردن پەرلەمان بەجێ بهێڵن، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێك دەكەم بۆ ئەوەی دوو جار و سێ جار ئەوە نەسوڕێت هەر لە پێش كۆتایی جەلسەكە لیستەكە دابنێین واچاكترە، نەك لە نیو سەعاتی ئەوەڵی، ئەوها چاكترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەخوا لە چەند كاتێكی جیاواز بێ باشترە پێموابێ، ئێستا نصاب هەیە، تكایە ماددەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) هەر دامودەزگایەكی حكومی و ناحكومی عیراقی و بیانی كە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمدا هەبێت پێویستە لە فۆرم و نووسراوەكانی دا زمانی كوردی بەكاربهێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە؟، ٥٥ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێ، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی ١٥ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ١٥ كە دەكاتە ماددەی/ ١٢

ماددەی/ ١٢

تابلۆی ڕێنمایی شەقامەكان و دەست نیشان كردنی شوێن و دەڤەرەكان بە زمانی كوردی وعەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بەمەرجێك نووسینە كوردیەكان لەبەشی سەرەوەی تابلۆیەكە دابێت و (دەركەتووتریش بێت) ئیزافە دەكرێ بۆی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەگەر ئیزافەیەك بكرێ لیژنەی یاسایی ئاگایان لێ بێ، ئێمە تا ئێستا باسمان لە تابلۆی سەیارەكان نەكردووە، تەسەور دەكەم لێرە جێی ببێتەوە، لەوە دەچێ شتێكی باش بێ، تا ئێستا هەولێر هەر (اربیل)ەو، سلێمانی هەر بە عەرەبی دەنووسرێ و كوردی تیا نییە، ئەگەر جێی دەبێتەوە تەمەنا دەكەم جێی بكەنەوە لێرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو تابلۆیانەی كە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و كوردی دەنووسرێن، داڕشتنی ئەم بەندە وا هاتووە كە ئەو سێ نووسینە بەسەر یەكەوە دەكرێن لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بۆناوەڕاست و بۆ خوارەوە، بەڵام بەلای كەمەوە ئێستا من دوو فۆرمی ترم هەیە بۆ نموونە لەمەتاری هەولێر بە كوردی دەستە ڕاست نووسراوە كە بچێت پێش چوونە ژوورەوە بۆ ناو مەتار، ئینجا بە عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە، واتە دەستە ڕاست ئینجا لە چەپ عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە، ئەوە فۆرمێكی ترە، فۆرمێكی تر هەیە كە ئەو سێیانە بەڕیز دەنووسرێن، كەواتە لەو فۆرمەی دووەم كەدەڵێم ڕاست دەبێتە كوردی و ئەوەی تریش ئینجا عەرەبی و ئینگلیزی یان ئەوەی مەتارەكە ئینگلیزی ئەوجا عەرەبییە، سێیانەكەی تریش كوردی لە ناوەڕاست بێ باشتر دیارە، هیوادارم لیژنەی یاسایی موعالەجەی ئەو كێشەیە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سروود فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكم هەیە كە ئەو فەقەرەیە ئیزافە بكرێ لەسەر ئەو جوملەیە، پێك هاتەكان بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان لەسەر تابلۆی ڕێنمایی شەقامەكان بنووسن (فی مناطق تواجدهم).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە ماددەكە بكرێتە سێ بڕگە، بڕگەی یەكەم وەكوخۆی بێت، بڕگەی دووەم لەگەڵ ڕەئی برای بەڕێزم كاك حاجی كاروانم، ئۆتۆمبیلەكان تابلۆكانیان بەكوردی بنووسرێت، (ج)یش ڕەچاوی زمانی پێكهاتەكان بكرێ لەو شوێنانەی كە ئەوان زۆرینەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە زۆر تابلۆ هەیە، بۆ ئەوەی خۆمان بەدوورگرین، ناوی هەمووشی ناهێنرێ، تابلۆی ڕێنمایی شەقامەكان و هەر تابلۆیەكی تری تێ بكرێ، هەر تابلۆیەك هەمووی دەگرێتەوە و گشتگیرە، بۆ زمانەكەش بۆ ئەوەی حەسر نەبێ كوردی و عەرەبی و هەر زمانێكی تر بێ، لەگەڵ ئەوەی كە د.ڤالا ئاماژەی پێیدا دەركەوتوو تر بێ، كە نەنووسراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەری فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لاریمان لە هەمووی نییە هەتا دەگاتە كۆتایی ڕستەكە لە بەشی سەرەوەی تابلۆكان دابێت و ئەوە زۆر گرنگە ئەوەی ئاسەوارەكان نەماوە ناوە ئەسڵەكان بە تایبەتی سەر ڕێگای كۆیە وهەولێر، ڕەچاوی لایەنی ئیتنی ناوەكە بكرێ ونەگۆڕدرێ، واتە خەڵكی شوێنەكان بە تایبەتی گوندەكان چۆن ناوەكەی دەهێنن لە ئینگلیزیەكەش هەر وابنووسرێ، بۆ نموونە گوندی ئاریان كراوەتە (ئاریانە)، تەكەور كراوەتە (تەكەول)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەكەی كاك تحسین و كاك حاجی كاروان دەكەم، بڕگەیەكە زیاد بكرێ بۆ تابلۆی ئۆتۆمبیلەكان كە بەزمانی كوردی بنووسرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموٚستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ڕای ئەو بەڕێزانە دەكەم كە لەو شوێنانەی كەمە نەتەوایەتی تری تێدایە بە زمانی ئەوانیش بنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەكەم لە دەستوور نازانم باسی زمانەكان بڕاوەتەوە، بەس هەموو بڕگەكانی دیكە لە پاڵ زمانی كوردی، زمانەكانی دی بەردەوام دووبارە بۆتەوە، وەكو مرۆڤ و سێبەری لێ هاتووە، پێموایە پێویست ناكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان چییە؟ د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تابلۆی ئۆتۆمبیلەكان ڕایەكی بەجێیە، ئێمە وەریدەگرین بە فەقەرەیەكی جیا، سەبارەت بە زیادكردنی فەقەرەی هەر تابلۆیەكی تر، ئەوا لێرە ناتوانین ئەوە زیاد بكەین، چونكە ئێمە لێرە بەس باسی شەقامەكان دەكەین، باسی تابلۆی دامەزراوە حكومیەكانمان كردووە بە جیا، باسی زمانی بازرگانی دەكەین بە جیا، بۆیە ئەمە تایبەتە بە شەقامەكان لێرە ئەوە زیاد ناكرێ، سەبارەت بە زیاد كردنی بڕگەی پێكهاتەكان، لەڕاستی دا من تێ ناگەم ئەگەر لە هەموو شوێنەكان، مەسەلەی پێكهاتەكان زیاد بكەین، ئەی ماددەی ٢٥ دەوری چی دەبێ لێرە كە دامانناوە و وتوومانە لەهەر یەكەیەكی بەڕێوەبردن دا كە چڕی دانیشتوانەكەی سەر بە پێكهاتەیەكی بنەڕەتی جیاواز بن، بۆیان هەیە بەڕاپرسیەكی خۆجێیی زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی كوردی بكەن بە زمانی فەرمی كاروباری ناوخۆییان، یەعنی ئەم ماددەیە بۆ هەموو كۆی یاسایەكەیە، بۆ كۆی یاسایەكەیە، یەعنی لەهەر شوێنێك دا ئێمە دەڵێین زمانی كوردی فەرمییە، كە ئەو ماددەی (٢٥) دەڵێ لەهەر شوێنێك دا ئەوان چڕی دانیشتوان پێك دێنن، فەرمییە، كەواتە هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی كە زمانی كوردی لە ماددەكانی تردا پێیدراوە، لەو شوێنانەیە كە ئەوان چڕی دانیشتوان پێك دێنن پێی دەدرێ، بۆیە زیاد كردنی پێكهاتەكان لە هەموو شوێنێك دا یان دەبێ ماددەی ٢٥ یان ئەو بەشەی

کە بە پێکهاتەکاندا بە تەواوەتی هەڵبگیرێت یان نابێ لە هەموو شوێنێك دا پێکهاتەکان دووبارە ببنەوە و لەگەڵ ڕێزی تەواوم بۆیان، مەسەلەکە یاسایی صرفە، هیچ شتێکی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایدن فەرموو.

**بەڕێز ایدن سلیم معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٥) دا تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەست نیشان کردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، لێرەدا پێشنیار دەکەم ئەوەی ئیزافە بکرێ، لەو، ناوچانەدا کە زۆرینەی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە پێك دێنن لە پاڵ زمانی کوردی و عەرەبی دا پێویستە بە زمانی ئەو پێکهاتە بنووسرێت، میسال لەوەش کە ئەوە دەتوانرێ ئیشی لەسەر بکرێ، لەبەرئەوەی ئێستا لە کەرکووك بە چوار زمان دەنووسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە بدەی تەوزیحێك لەسەر ئەغلەبیەی حزورەکە بدەم، ئێستا لەگەڵ برادەرانی بەغدا قسەم کرد، ئا بەم شێوەیە، ئەغلەبیەی ئەعزا کە بەیانی دێن ئەوە ناویان دەنووسرێ، ئەغلەبیەی حزور بۆ نموونە بەیانی نەوەد کەس حازر بووە، ئەغلەبیەی حزور دەکاتە ٤٥ + ١ ئەوە ئەغلەبیەی حزورە بۆ ئەوەی لەمەودوا ڕۆشنتر بێ لەبەرچاوی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێزیشت، ئەغلەبیەی ئەعزا، کە بەیانی بۆ نموونە ئێمە ١١١ کەسین کە بەیانی هاتین ئێمە ٩٠ کەسمان هاتبوو بۆ ئەوەی جەلسەکە بەردەوام بێ و بۆ گفتوگۆ هەرچەندە بێ، ئەبێ، بەڵام بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژە بێ، دەبێ ئێمە ئەگەر ٩٠ حازر بووبووین هەمیشە قەرارەکانمان تێ بپەڕێنین بە ٤٥+١، ئا بەو شێوەیە دەبێ، سەبارەت بەم بابەتەش بەڕەئی من ئاوا بێ باشترە، تابلۆی ناو و ڕێنمایی شەقام و گەڕەك و شارو دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن و بەمەرجێك نووسینە کوردیەکە لەبەشی سەرەوەی تابلۆکاندا بێت و دیارتر بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوە، من لەسەر یەك مەسەلە قسە دەکەم، زمانی بەڕێزان پێکهاتەکانی کوردستان، لەڕاستی دا ئێمە لە کۆبوونەوەی هەر سێ لیژنە بەڕێزەکە کە هەمووومان بەیەکەوە دانیشتبووین ماددەی (٢٥) مان بۆیە دانا بۆ ئەوەی ماددەیەکی موتڵەق بێ، لە هەموو شوێنێك دا کە زمانی کوردی حزوری هەیە بۆیە یەك بەش و یەك فەسڵ بە تەواوەتی بۆ بەڕێزان دانراوە بۆ ئەوەی لە هەموو ئیمتیازێك کە زمانی کوردی لەهەر شوێنێك هەیەتی ئەوان ئەو ئیمتیازە وەربگرن، بیرمە موناقەشەیەکی زۆر زۆر کرا سەبارەت بەوەی ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی لە هەموو ئموری مەحەلی خۆیان، یەعنی کاروباری ناوخۆی خۆیان شمولی بکات بیرمە من بۆ خۆم بووم کە پێشنیاری ئەوەم کرد بیکەن بە زمانی فەرمی کاروباری ناوخۆییان، هەرئەو کاتە وتمان مەفروزە لە کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بۆ ئەوەی زەمانەت بدرێ بە حەقی ئەوان و پاراستنی زمانەکەیان بە تەفسیلی باس لەوە بکرێ کە کاروباری ناوخۆیی بریتیە لە تابلۆی فەرمانگە حکومییەکان، بریتییە لە تابلۆی شەقامەکان، بریتییە لەهەر شتێك کە ئێمە لێرە بۆ کوردیمان داناوە بۆ ئەوانیشە، جا ئەمە دانانی زمانی پێکهاتەکان بە فەقەرە لە هەموو شوێنێك دا چەندێك قازانجی هەیە، ئەوەندە زەرەری هەیە، چۆن؟ ئەگەر من موفەسیر بم گریمان، لەهەر شوێنێك دا وجودی هەبوو کەواتە حەقەکەیان دەدەمێ، بە پێچەوانەوە مەفهومی پێچەوانەکە ئەوەیە، لەهەر شوێنێك دا باسی پێکهاتەکان بە دەق نەکرابوو کەواتە حەقەکەیان نادەمێ و زەمانەتەکە کەمتر دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ماددەی (٢٥) بکەی ماددەیەکی موتڵەقە لە هەموو شوێنێك دا، یەعنی لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی کە زمانی کوردی هەیەتی، لەهەموو ئەو شوێنانەی کە ئەغلەبیە تیایدا کوردە، ئەوان لە هەموو ئەو شوێنانەی کە کەسافەی سوکانی بەڕێزیانی لێیە، ئەوان هەموو ئەو ئیمتیازاتانە بۆ زمانەکەیان هەیە، لەبەرئەوە تکا دەکەم کەس بە حەساسیەت وەری نەگرێ، ئەوان چاوی ئێمەن و پێکهاتەی ڕەسەنن لێرە، یەعنی دووبارە کردنەوەی ئەم فەقەرەیە یەعنی کێشەم هەیە لەوەی زمانی خوێندن عەینەن کێشە دروست دەبێ، لە زمانی موئەسەساتی کەرتی، قتاعی خاس عەینەن کێشە دروست دەبێ، ئەوان ئەگەر ماددەی (٢٥) مان بە موتڵەقی لێ وەربگرن کە ئەمان هەموو حەقەکانی کوردی و زمانی کوردیان هەیە، ئەشتوانین سیاغەکەی هەموار بکەینەوە بەو شێوەیەی کە لەبەرژەوەندی زمانەکەی ئەوان بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری؟ کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مەسەلەی پێکهاتەکان تەواو هاوڕاین لەگەڵ هەڤاڵانمان لەلیژنە پەیوەندارەکان و د.ڕێواز بەتەواوی شی کردەوە، کە ئێمە موعالەجەی ئەوەمان کردووە، لەبەرئەوەی ئەگەر فەقەرە فەقەرە هەرچی هاتە ناوی دوایی ڕەچاوی پێکهاتەکان، ئەمە دەبیتە زمانێکی تر لەسەرتاسەری هەرێم، یەعنی کێشەیەکی یاساییشمان

بۆ دروست دەبێ، بۆیە موعالەجە کراوە لەو فەقەرەیە بە هەموو شێوەیەك لەو شوێنەی ئەوان تێیدا دەخوازن حاڵەتێك پێویست دەکات وچڕی دانیشتوانە، بە ئیستفتایەك دەتوانن زمانی خۆیان بکەنە فەرمی و هەرچی پێویستە معامەلەی ڕەسمیان لەگەڵ دەکرێ ولە پاڵ زمانی کوردی دا، ئەمە موعالەجە کراوە، ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەداین کە فەقەرە یەك بۆ ئۆتۆمبیل زیاد بکرێ لەگەڵ ئەوە داینە و پێمان باشە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ مافی پێکهاتەکان ماددەی (٢٥) چی ئیزافەیەکتان هەیە؟ لەسەر کۆی ئەو بابەتانەی کە لەم ماددانەی پێشووتریش هاتوون، لەم ماددانەی پێش ماددەی ٢٥ یش هاتوون، دوایی ئیزافەی بکەن، سبەینێ لە دانیشتنی داهاتوو کە سبەینێ کە موناقەشەی ماددەی ٢٥ دەکەین، ئەو کات چی ئیزافەیەکتان هەیە دەتوانین بخەینە ناو پرۆژە یاسایەکەوە، بەڵام ئەو تێبینیەی لیژنە پەیوەندارەکان دروستە، کە ناکرێ ماددەیەکی تایبەت هەبێ بە پێکهاتەکان، بەڵام لە هەموو ماددەکانی تریش ناوی پێکهاتەکان دووبارە ببێتەوە، د.سروود فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێ ولەسەر مەنتق، ماددەی (٢٥) کە دەڵێ (کەچڕی دانیشتوانەکەی سەر بە پێکهاتەکەی... ) ئەو شتە لەهیچ شوێنێك لە هەرێمی کوردستان تەتبیق ناکرێ، ئەمە لە هیچ شوێنێك کەسافەی سوکانیمان نیە با مەعلوم بێ لە بۆ هەمووتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن؟ ئێستا بۆ نموونە لە کەرکووك کەسافەیەکی سوکانی تورکمان هەیە، لە هەولێر کەسافەی سوکانی تورکمان هەیە و کەسافەی سوکانی مەسیحیش هەیە، یەعنی بۆ ئەوە زۆرینە نییە، کەسافەی سوکانی زۆرینە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو پێکهاتەیە لەو شوێنە هەبێ، ئێستا ماددەکە بخوێننەوە بەو شێوەیەی کە داتان ڕشتووەتەوە، باشە، پێشنیارێك هەبوو کە تابلۆی ئۆتۆمبیلەکانیش بە کوردی بنووسرێ، کێ لەگەڵیەتی کە ئەوە زیاد بکرێ بۆ ماددەکە؟ پێش ئەوەی کە سیاغەی ئەخیری بخەینەڕوو؟ ٤٧ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، کۆی ماددەکە بخوێننەوە تکایە؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ١٥

یەکەم/ تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و نیشان کردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بەمەرجێك نووسینەکە کوردیەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆیەکە دابێت و دەرکەوتوو تر بێ.
دووەم/ پێویستە تابلۆی ئۆتۆمبیلەکان بە زمانی کوردی بنووسرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟ (٥٩) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (١) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، بەڕێزان دانیشتنی ئەمرۆمان کۆتایی پێ دێنین، سبەی کاتژمێر ١٠:٣٠ دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، تێبینی ئەوە بکەن تکایە یەك دەقە، لەبەرئەوەی سێ لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی کوردستان دروست کراوە و تا ئێستا سەرۆکایەتیەکەیان هەڵنەبژێردراوە، بۆیە سبەی دوای تەواو بوونی دانیشتنی پەرلەمان ئەو لیژنانە کۆبوونەوەی خۆیان دەکەن و سەرۆکی تەمەن دەست بەکار دەبێ و تا ئەو کاتەی کە فراکسیۆنەکان دەگەنە ڕێککەوتن، بەشێوەی تەمەن سەرۆکایەتیەکەیان دەست نیشان دەکرێ، سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| **د. یوسف محمد صادق** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **فخرالدین قادر** |
| **سەرۆکی پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سکرتێری پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی**

**چوارشەممە رێكەوتی ٢٩\١٠\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٩

کاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٩)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٩)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٠/٢٩)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی گرێدانی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١٠/٣٠)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٠/٢٩) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەریڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، بەڵام لە بەراییدا، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢٨)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە، لە کۆبوونەوەی یەکەمیدا (١. ئێڤار ابراهیم حسین ـ مۆڵەت، ٢. بێستوون فائق ـ مۆڵەت، ٣. زۆزان صادق ـ مۆڵەت، ٤. شرین حسنی ـ مۆڵەت، ٥. ڤیان عباس ـ مۆڵەت ٦. محمد علی یاسین ـ ئامادەنەبووە، ٧. محمود عمر ـ ئامادەنەبووە، ٨. مریم صمد ـ مۆڵەت، ٩. ناظم کبیر. مۆڵەت)، لە کۆبوونەوەی دووەم لە کاتژمێر (٤) بۆ کاتژمێر شەش و دە دەقیقەی ئێوارە، ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، ناوەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (١. ئاری محمد (ئاری هەرسین). مۆڵەت، ٢. دلێر مصطفی ـ مۆڵەت، ٣. بەهار عبدالرحمن ـ مۆڵەت، ٤. محمد صادق ـ مۆڵەت، ٥. قادر ئۆتمان ـ مۆڵەت، ٦. محمود عمر ـ مۆڵەت، ٧. هەورامان حەمە شریف ـ مۆڵەت، ٨. عبدالرحمن فارس ـ مۆڵەت، ٩. باپیر کامەلا ـ مۆڵەت، ١٠. عبدالله محمود ـ مۆڵەت، ١١. یعقوب گورگیس ـ مۆڵەت، ١٢. دڵشاد شعبان ـ مۆڵەت، ١٣. سۆران عمر ـ مۆڵەت، ١٤. بەیار طاهر ـ مۆڵەت، ١٥. ئومێد عبدالرحمن ـ ئامادەنەبووە، ١٦. ئێڤار ابراهیم حسین ـ مۆڵەت، ١٧. بەهزاد دەروێش ـ مۆڵەت، ١٨. بشار مشیر ـ ئامادەنەبووە، ١٩. بێستوون فائق ـ مۆڵەت، ٢٠. جمال عثمان ـ ئامادەنەبووە، ٢١. جودت جرجیس ـ ئامادەنەبووە، ٢٢. خلف احمد ـ ئامادەنەبووە، ٢٣. ڕۆزا محمود ـ ئامادەنەبووە، ٢٤. زۆزان صادق ـ مۆڵەت، ٢٥. سهراب میکائیل ـ ئامادەنەبووە، ٢٦. صالح بشار. مۆڵەت، ٢٧. ڤیان عباس ـ مۆڵەت، ٢٨. عزت صابر ـ ئامادەنەبووە، ٢٩. عمر مصطفی (د. شوان قەڵادزەیی). مۆڵەت، ٣٠. فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی) ئامادەنەبووە، ٣١. فیروز طه ـ مۆڵەت، ٣٢. محمد علی یاسین ـ ئامادەنەبووە، ٣٣. مەردان خضر، مۆڵەت، ٣٤. مریم صمد ـ مۆڵەت، ٣٥. ناظم کبیر. مۆڵەت، ٣٦. هێڤا حاجی ـ مۆڵەت، ٣٧. یعقوب گورگیس ـ ئامادەنەبووە، ٣٨. ئاواز حمید ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزیان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی دوێنێ بخوێنێتەوە، بەڵام نوقتەی نیزامیمان هەیە؟ فەرموو هیڤا خان

**بەڕێز هیڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، ناوی محمد علی بە ئامادەنەبوو خوێندراوەتەوە، من حەفتەی رابوردوو ئیجازەی ئەوم تەقدیم کرد، هەم بۆ فراکسیۆن هەم بۆ سکرتاریەتی پەرلەمان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی سەیری دەکەین، بەڕێز سکرتێرچێکی ئەوەش دەکات، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ نووسینێکم دایە جەنابت و ئینجا ڕۆیشتم، وتم من ئەڕۆم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە کاك فەرهاد مۆڵەتی وەرگرت، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم ژمارەی ئامادەبووان ئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی بڕیاردان لە سەر پڕۆژە یاساکان پشتی پێ ببەستین، ژمارەی ئامادەبووی ئێستا کەی جەلسەکە دەکەین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تەدقیقمان لەو مەوزووعە کرد، بۆ پەرلەمانی کوردستان ئامادەبوونی سەرەتا، پێویست نییە بۆ ژماردنی دەنگەکان لە داهاتوودا زۆرینەی ئەوانەی کە لە بەیانی ئامادەبوون پێویست بێ، بۆ بڕیاردان لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵکو لە دانیشتنی پەرلەمان تا بە ئێستا وایە کە لە سەرەتاوە پێویست دەکات نیوە زائید یەك ئامادەبن، بەڵام داوا لە بەڕێز سکرتێر دەکەین کە ئەوە تەسبیت بکا نیوە زائید یەك ئامادەیە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ و، دواتر لە کاتی دەنگداندا پێویست دەکات نیوەی ئەوانەی کە بەشدارن لە کۆبوونەوەکەدا کە دەبێ نیوە زائید یەك بن دەنگ بدەن لە سەر پڕۆژە یاساکە، فەرموو کاك محمود،

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دوێنێ ئامادەبووم، بەڵام دوایی لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە بۆ پرسە ڕۆیشتم کەچی بە ئامادەنەبوو ناوم خوێندرایەوە، مۆڵەت بووم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێ بە مۆڵەت ناوت خوێندرایەوە، هەردووکتان بە مۆڵەت خوێندرانەوە و، بە ئامادەنەبووش خوێندرانەوە، لەوانەیە ئیشکالێك دروست بووبێ، داوا لە بەڕێزیان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی دوێنێ بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژمارەی ئامادەبووانی هۆڵی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان بریتیە لە (٨٤) کەس، بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨) لە بەرواری (٢٨/١٠/٢٠١٤)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنەبوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٤ـ خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٥ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان سپێرا بە لیژنەی پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٦ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی (د. نوری تاڵەبانی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمڕۆش لە دەسپێکی دانیشتنەکەمان بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی (د. نوری تاڵەبانی)دەکەین، کە بەشدار دەبێت لە گفتوگۆکانی ئەمڕۆماندا، ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆکردن لە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەتایبەتی بڕگەی یەك فەرموو خاتوو بەهار نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو حەفتە لەمەوبەر بیرۆکەیەکم ئاڕاستەی سەرۆکایەتی کردووە کە تایبەتە بە ئامادەسازی پێش وەخت بارو گوزەرانی هێزی پێشمەرگە پێش هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵە، ئەگەر مەجالم بدەن ئەمڕۆ بیرۆکەکە بخەمە روو، بۆ ئەوەی چیتر تەئخیر نەبێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەیەکی زۆر بیرۆکە لەلای بەڕێز سکرتێری پەرلەمانە لە کۆتایی دانیشتنەکەدا ئەگەر دەرفەت هەبوو بیرۆکەکانیش دەخرێنە روو، فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی دەکەم لەو بۆچوونەی خوشکی بەڕێزم بەهارخان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، سەبارەت بە پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان کە بێنە سەر سەکۆ بۆ دەست پێکردن بە گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاساکە، فەرموون لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەڕێزان ئەمڕۆ کە وتو وێژ دەکەین سەبارەت بە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، راپۆرتێك لە یەکێك لە گۆڤارە بەناوبانگە زانستیەکان لە بواری زمان بڵاوبۆتەوە کە گۆڤاری (لا

فرِانس دانس لیَموندا) له ژمارەی (٣٣٥)ی خۆیدا، باسی له لیستی کاریگەرترین زمانەکانی جیهان کردووه و، پلەبەندی زمانه کاریگەریەکانی جیهانی کردووه، خۆشبەختانه زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی که بەداخەوه تا ئیَستا نەتەوەی کورد له هیچ یەکیَك له پارچەکان نەیتوانیوه دەوڵەتی خۆی دروست بکا له ریزی (٣١)مین زمانی کاریگەری جیهانه، بۆیه زۆر گرنگه وا بکەین زمانه نەتەوەکەی خۆمان و، هەموو زمانی پیَکهاتەکانی تری هەریَمی کوردستان زیاتر ببووژیَتەوه و، زیاتر کاریگەر بن له ئاستی جیهاندا، ئەمەویَ ئەوەتان پیَ بلیَم که ئەو ژمارەیه نزیکه له ژمارەی نەتەوەکانی دەوروبەرمان و، هەندیَك له نەتەوەکانی دەورووبەرمان که من نامەویَ ناو بلیَم، زمانەکانیان له دوای زمانی کوردییەوەیه، بۆیه ئەمه موژدەیەکی دڵخۆشکەره هانمان دەدات، زیاتر و زیاتر هەوڵی بەهیَزکردنی زمانەکەمان بدەین، بۆیه ئیَستا دەست دەکەینەوه به وتو ویَژکردن له سەر ئەو پرۆژه یاسایەی له بەردەممان دایه بۆ زمانه فەرمییەکان له هەریَمی کوردستان، پیَم وابیَت گەیشتینه بەشی پیَنجەم، زمانی خویَندن که له ماددەی (١٣)دا وەستاین، فەرمووون ماددەی (١٣) بخویَنەوه بۆ ئەوەی بیخەینه گفتوگۆوه،

**بەڕیَز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕیَز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی پیَنجەم**

**زمانی خویَندن**

ماددەی (١٣):

زمانی کوردی له پرۆسەی پەروەردە و فیَرکردندا زمانی فەرمییه له هەریَمی کوردستاندا.

**بەڕیَز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیه له سەر ئەو ماددەیه؟ با ناوی بنووسین، فەرموو کاك محمد،

**بەڕیَز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕیَز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا له هەریَمی کوردستان له پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتی پەروەردە، زمانی تورکمانی و زمانی سریانیش هەیه له هەریَمی کوردستان، چەندەها قوتابخانەی تورکمانی و سریانیش هەیه، ئەوە کاریگەری له سەر ئەوان نابیَتن، بۆیه پیَشنیاز دەکەین که ئاماژە بەوەش بکریَتن که بەڕیَوبەرایەتی گشتی خویَندنی تورکمانی و سریانیش هەیه، قوتابخانەشیان هەیه، یەعنی ئاماژە بەوەش بکریَ جگه لەو قوتابخانەی که به زمانی تورکمانی و سریانی خویَندن و پرۆسەی فیَرکردنیان تیَدا بەردەوامه، یاخود رەچاوی ئەو قوتابخانانه بکریَت که به تورکمانی و سریانی خویَندنیان تیَدا دەکریَت، سوپاس.فەر موو کاك ئومیَد حەمه علی.

**بەڕیَز ئومیَد حەمه علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) كە بوویتە ماددەی (١٣)، پێویستە لێرە جەخت لە سەر ئەوە بكرێتەوە كە باس و لێكۆڵینەوەی زانكۆكان، ئەكادیمیا و ناوەندە رۆشنبیرییەكان بە زمانی كوردی بنووسرێ، ئێمە گەلێك كەم سەرچاوەین، لە رووی سەرچاوەی زانستی و مەعریفیەوە ئێجگار خراپین، دیارە ئەو قسەیە بۆ ئەوە نییە كە پێمان وابێ نابێ بە زمانەكانی تر مێژووی نەتەوەكەمان، كەلتوری نەتەوەكەمان یان هەر باس و لێكۆڵینەوەیەكی زانستی كە گرنگی خۆی هەیە بۆ ئاشنا كردنی نەتەوەكانی تر، دەربارەی هەموو رەهەندە جیاوازەكانی میللەتەكەمان بنووسرێ، نەخێر، ئەمانەش پێویستە بسپێرێن بە دام و دەزگای تایبەتی، بەڵام هەموو لێكۆڵینەوە زانستیەكانی زانكۆكان پێویستە لە هەموو بەشەكاندا بە زمانی كوردی بنووسرێن، چونكە بیركردنەوەو نووسین بە زمانی كوردی یان بە هەر زمانێكی تر هەم پێشمەرجە و، هەم بنچینەیە بۆ گەشە و فراوان بوون و دەوڵەمەند بوونی ئەو زمانە، بۆیە نموونەیەكی زۆر زۆر سادە، ئەگەر هەر یەكێك، هەر لێكۆڵەرێك، هەر نووسەرێك ئێستا لە ئینتەرنێت بە دوای سەرچاوەی كوردیدا بگەڕێ، دەتوانم بڵێم لەو رووەوە كەم سەرچاوەترین زمانمان هەیە، ئەوە جێگەی دڵخۆشییە كە لە رووی بەهێزی زمانەوە، لە رووی ناوەڕۆكەوە، لە رووی رێزمانییەوە و، لە رووی پتەوی زمانەوە، ئێمە زمانەكەمان پتەوە بەبێ هیچ عونسوریەتێكی نەتەوەیی، بەڵكو بەشێوەی زانستی ئەمە پێش ئەو گۆڤارەش دەتوانم بڵێم لە سەدەكانی رابوردوودا رۆژهەڵات ناسەكان ئاماژەیان بە گرنگی و پاكی و خاوێنی و پاكژی زمانی كوردی كردووە، دیارە ئەمە دوور لە هەر مەسەلەیەكی پێ هەڵدان و فوو تێكردن، بەڵكو بە واقیعی ئەوەی كە زمانی كوردییە، ئەمە سەرباری ئەوەی كە لە رووی سیاسییەوە ئێمە دۆخێكی خراپی سیاسیمان هەبووە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نەبووینە، كە دەوڵەت لەلای زۆر بیریارەكان، لەلای زۆر لە سیاسییە گەورەكان وەك مەرجێك دادەنرێت بۆ گەشەكردن، بەتایبەتی بۆ گەشەكردنی زمان، بۆیە لێرە پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ كە دەوترێ زمانی فەرمی، دوێنێش ئەمە روونكرایەوە، ماددەی (٢٥) هەموو مافێكی لەو رووەوە بە هەموو لایەك داوە، بۆیە لە رووی دیموكراتییەوە هیچ كێشەیەك لەمەدا نییە، بەڵام زمانی لێكۆڵینەوە زانستییەكان، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و، لە لیژنەكانی تریش بیر لەوە بكەنەوە چۆن لێرە جێی بكرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو لێكۆڵەرانە بۆ ئەوەی ئینسانی كورد، نووسەری كورد، لێكۆڵەری كورد لە تەواوی زانكۆكان و ئەكادیمییەكانی كورددا بە كوردی بیر بكەنەوە، بە كوردی بنووسن، ئەمە پێش مەرجێكە بنچینەیەكی زۆر زۆر سەرەكییە بۆ گەشەكردنی زمانەكەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێ لە سەر ئەو ماددەیە، واتە ببێتە خاڵی دووەم ئەوەی ئێستا دەیخوێنمەوە، دەکرێت قوتابخانە لە هەموو قۆناغەکان بە زمانی (کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) لە دامەزراوە زانستییە حکومییەکان بکرێتەوە، یان بە هەر زمانێکی دیکە، بە دامەزراوە تایبەتییەکانیشەوە (أهلی) بەپێی ڕێ و شوێنی پەروەردەیی، وابزانم فکرەکەش وازحە، ئێمە لەلای تەنها ئەو پەیامەماندا زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی لە خوێندن، بەڵام لێرە هەم زمانی پێکهاتەکانی تر دەکەین هەم خوێندنی ئەهلی لەگەڵ خوێندنی حکومی جیا دەکەینەوە، چونکە تۆ ناتوانی ڕێگە بگری کە قوتابخانەیەك بە زمانی ئینگلیزی بێ، بەڵام بەپێی ڕێ و شوێنی پەروەردەیی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە لە ڕاستیدا من دوو مولاحەزەم هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستاندا، مادام لە ماددەکانی پێشوو ئێمە بۆ جێ کردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کوردستانی عێراقمان بەکار هێنا، لێرەش ئەو سیاغە لە ڕێگەی لیژنەی پەیوەندیدارەوە بگۆڕێ، تەسەور دەکەم کارێکی باش بێ، پرسیارێکم لە لیژنەی پەیوەندیدار هەیە، زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ئەگەر بوترێ پەروەردە و خوێندن جیاوازیەکە چییە، چونکە مەسەلەی تەعلیم بابەتێکی عیلمی بەحسە و، لە ناو تەعلیمیشدا زمانە جیا جیاکان وەکو زانستی زمانەوانی دەخوێندرێ، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە دیقەتی زیاتری تێدا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم د گەل ڤی ماددەیا یان جهەکی دی دوو پێشنیار منێت هەی ئەگەر بێن جێه کرن، یەك: هاریکەر گەل کوردێ بەشێ وین کوردستانێ ب تایبەتی کوردستانا باکوور و، ڕۆژهەڵات، ئەڤرۆکە کو پێشمەرگەی کوردستانێ ل هاوارا بەشێك، پارچەکە دیا کوردستانێ دچت، لە وڵاتێ خەڵکی ئالیێ فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و زمانەوانیدا پێشتر ئەڤ شۆڕشە و ئەڤ هاریکارییە هاتیە کرن، ل دیڤی پرۆژە یاساییدا ئەز نابینم کو ئیشارەت ب هەندێ هاتبێ دان، ل وڵاتێ هەرە پێشکەڤتی و دیموقرات ژی بێژن وڵاتێ ئەورووپی ئەگەر (١٠)هۆڵەندی، (١٠) بەریتانی ل وڵاتەکی دی لە جهە کی دی بن هەمیی هاریکاریا بو دکەن کو فێری زمانی خۆ بن، ئیدی ئەڤە ئەرکی حکومەتە کوردستانیا، ئەرکی مەیە کو د ئالیێ زمانەوانیدا ئەم د هەوارا

خوشك و برایێ خۆ ل پارچێ دیا كوردستانی بكەین بۆ خورتكرنا گیان و هەست و هزرا نەتەوەیی كارێكی پیرۆز و گەلەك گرنگە، دوو: ب (١٠٠) هەزار كورد دەرڤەی كوردستانێ دژین ل ئەوروپا و وڵاتێن دی دونیایێ ئو پرانیا زارۆیێ وان ژ خاندن و نووسینا زمانێ كوردی بێ بەهرەن، ژ بەر هەندێ پێویستە دڤێ پرۆژە یاساییدا ماددەیەك بێتە زێدە كرن بۆ ڤەكرنا قوتابخانێن كوردی بۆ فێركردنا زمانێ كوردی بۆ زارۆێن وان، ئەڤە دێ هاریكاریا گەلەك باش بێت كو ژ كلتور و مێژوو و سەروەرێی خۆ دوور نەكەڤن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو منیرە،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) كە دەكاتە ماددەی (١٣) من پێشنیار دەكەم كە دەڵێ: زمانی كوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا، لیژنە پەیوەندیدارەكان جێگەی خوێندنی باڵاشی تێدا بكەنەوە، چونكە بەڕاستی ئێستا بەشێك لە خوێندكارانی زانكۆ بەتایبەتی لە زانكۆ ئەهلیەكاندا گرفتیان هەیە، كاتێك مامۆستاكەی بە زمانەكی غەیری كوردی وانا دەڵێتەوە پێیان، یەعنی ئەمانە تووشی گرفت بوون زۆر جار مامۆستاكە داوا لە خوێندكارەكانی دەكا كە بۆ نموونە فێری زمانی عەرەبی بن، بەڵام مامۆستا ئامادە نییە خۆی فێری زمانی كوردی بكا، لە كاتێكدا خوێندكارەكان عەرەبی نازانن، لەبەرئەوە ئەمە بەشێكە كە ناتوانێ ئەو ماددەیە كە خوێندكار بەشێوەیەكی باش وەریبگرێت لە رووی زانستییەوە بۆیە من پێشنیار دەكەم خوێندنی باڵاشی تێدا جێ بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ماجد،

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی قسەكانی بەڕێزان (كاك سعدالدین و د. فرست و كاك سالار) دەكەم و، پێم باشە ئەمەش بخرێتە سەر جوملەكە، كە بەو شێوەی بێت: زمانی كوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا زمانی فەرمییە لە هەرێمی كوردستاندا، جگە لەو زانكۆ و پەیمانگا و قوتابخانانەی كە تایبەتن بە نەتەوەكانی تر، پرۆسەكە بە زمانی خۆیان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك د. شێركۆ.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەم ماددەیە لە دەقی با بڵێین ئەسڵی پرۆژەكە زۆر فراوانە، بەس وابزانم لە كاتی وتو وێژی لیژنەكاندا لەبەرئەوەی هەم یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە و، هەم یاسای پەروەردە هەیە لە ناو ئەوانە هەموو كێشەی زمان چارەسەر كراوە، بۆیە لێرە هەر وا دانراوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی تۆزێك روونتر بێ، دەكرێ دەستكاریەكی ماددەكە بكرێ، چونكە ئێستا بەم شێوەیە تەنها تایبەتە بە وەزارەتی پەروەردە و، تەنها تایبەتە بە خوێندنی حكومیش ئینجا ئەگەر دەستكاریەكی بكرێ بۆ نموونە خوێندنی ئەهلی واتا خوێندنگا نا حكومییەكانی وەزارەتی پەروەردە و، خوێندنی باڵاش بگرێتەوە بە بۆچوونی من بنووسرێ لە پرۆسەی با بڵێین پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی كوردستاندا لە دەمەزراوەكاندا، ئینجا دەمەزراوەكان لە باخچەی ساوایانەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە زانكۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من هاتنە كرن ژلایێ كاك ئومێد و منیرە خان و ماجد بازرگان پشتەڤانی لێ دكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فەرهاد،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكانم بڵێم یان ئەگەر كات نییە، بۆ ئەوەی نەیڵێم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە سەر ئەو ماددەیە چیت هەیە فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر هەمووی موتەداخیلە هەموو شتەكان پێكەوەیە، جاری وا هەیە پیاو نازنێ بڵێ چی، سوپاستان دەكەم ئەگەر مەجال هەبێ بیڵێم، چونكە من حەزم لە درێژ دادڕی نییە، بەكورتی دەیڵێم، زمانی كوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا من لە هەموو برادەرانی توركمان و كلد و ئاشوور زیاتر حەز دەكەم و، زیاتر پشتیوانی هەموو شتێكیانم لە خۆشیان زیاتر، بەڵام یەك شت هەیە، ئێستا هەر كەسێك بچێتە هەر وڵاتێكی ئەجنەبی یەكەم شت مەكتەبی زمانی بۆ دادەنێن تۆ دەبێ زمانی ئەو وڵاتە فێربی، چونكە خۆ تۆ بەردەوام موتەرجیمێكت لەگەڵ دانانێن، لە دوكانێ تۆ كە (سوء تفاهم)ت تووش دەبێ، دەبێتە قڕە قڕ و شەڕ لە تەیارە، لە سەیارە، لە هەموو شوێنێكی دونیا، بۆیە هەر كەسێك لە هەر وڵاتێك بژی دەبێ زمانی

فەرمی ئەو وڵاتە فێر بێ، چۆن دەچێ بۆ دکتۆر؟ چۆن دەچێ بۆ دائیرە؟ چۆن دەچێ بۆ موعامەلات؟ رۆژانە تووشی کێشە دەبێ، ئەمە شتێکی دەولی و عالەمی و ئینسانییە، لە هەر شوێنێك بێ دەبێ زمانی رەسمی ئەو وڵاتە فێر بێ، ئەمە پەیوەندی بە رەگەز پەرستیەوە نییە، پەیوەندی بە هیچەوە نییە، وڵاتانی ئەوروپی دونیایەك پارە سەرف دەکەن لە مەکتەبەکاندا بۆ ئەوەی ئەجنەبیەکان فێری ئەو زمانە بن، ئێمە خۆمان دەیان جار تووشی کێشە بووین لە سەر ئەو مەسەلەیە کە زمانی رەسمی ئەو وڵاتەمان نەزانیوە، یەعنی ئەمە پەیوەندی نییە بەوەوە، دوایی من دوێنێ شتێکم باس کرد تێگەیشتنێکی تەواو بۆی نەبوو، من داوا دەکەم هەڤاڵان، برادەرانی پەرلەمان ئێمە هەوڵێك بدەین زمانی ئینگلیزی ببێ بە زمانی رەسمی لە کوردستان، چونکە ئێمە روو دەکەینە عیلم و مەعریفەت و تەکنەلۆجیا و دونیا، میللەتەکەمان دەردەکەین لە جەهالەت، ئەمە پەیوەندی بەوەوە نییە من پێم خۆشە یان یەکێکی دیکە پێی ناخۆشە، ئەمە یەك، تکاتان لێ دەکەم زۆر بە وردی بیر لەو مەسەلە بکەنەوە، ناوی تەعریب کراو، تەتریك کراوی کوردستان سەدان ساڵە شار و دێهات و شاخەکانی ئێمە تەعریب و تەتریك دەکرێ، ئێمە دوو جۆر ناوی تەتریك و تەعریبمان هەیە، یەکێکیان لە رووی سیاسی و نێو دەوڵەتییەوە کراوە، یەعنی مەسەلەن عوسمانییەکان لێرە بوون بە ئارەزوو ناویان گۆڕیوە، ئەمە پێویستە بیخەینەوە سەر زمانی خۆمان، دووەم: ناوێکی تر هەیە بڵێین چی کوردێکە ناوی (رحیم)ە بوو بە رەحیماوە، ئەمە ناگۆڕین، بەڵام ناوێك بە عەمدەن کراوە، ئاخر وتم با بابەتەکانم بڵێم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی ئەوە رەنگە لە ماددەکانی تر جێی ببێتەوە، هەرکاتێك هاتینە سەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەو قسانەی جەنابتەوە هەیە دەتوانی باسی بکەی، بەڵام ئێستا لە ماددەی (١٣) کە باسی زمانی کوردی، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی پێویستە ببێتە زمانی فەرمی خەڵکی کوردستان ئەو کەسەی میللەتەکەی خۆی و نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هاوڕێم کاك ئومێد و د. شێرکۆ و منیرە خان ئاماژەیان بەوە کرد، تەئکید لەوە دەکەمەوە کە سەنتەرەکانی توێژینەوە بەڕاستی گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت، تەنانەت نامەی ماستەر و دکتۆراکانیش بە زمانی کوردی بنووسرێ، چونکە یەکێك لە کێشەکانمان لە ئێستادا ئەو بابەتەیە و، من پشتیوانی

قسەکەی کاك فەرهاد سەنگاوی دەکەم کە گرنگی تەواو بە زمانی ئینگلیزی بدرێت هاوشانی زمانی کوردی لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غریب،

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەی بەخشندەی میهرەبان، من سەرنجی بەڕێزتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی و، لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ بابەتێکی گرنگ را دەکێشم، ئەگەر مۆڵەتم بدەی دوو دەقیقە، هەر لە سەر ئەو ماددەیە، بەس ماددەکە تێ دەپەڕێت، لەبەرئەوە مۆڵەتم بدە، گرنگە بەڕاستی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەر زمانی کوردی، پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردنە؟ فەرموو مامۆستا غریب،

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئەگەر لە ماددەیەکدا جێی نەکەینەوە هەر لە پێشی ئەم ماددەیە تێ دەپەڕێ کاتەکە ئەگەر مۆڵەتم بدەی دوو دەقیقە زیاتر کاتم ناوێت، ئێمە باسی نووسراوی دادگا و دەقی یاسا و بڕیار و فەرمانی کارگێری و تەعین و عقود و شتی زۆرمان کرد، کە هەمووی بە ماددە جێگەی کرایەوە، بابەتێکی تر هەیە کە دەبێ ماددەیەکی بۆ تەرخان بکرێ، کە ئەویش پێناسی باری کەسێتی و مۆڵەتنامەی شوفێرییە لە هیچ ماددەیەکی تردا جێگەی نەکراوەتەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ باس کرا، بەڵام دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی نەهێنا، ئەو ماددەیە ئەسڵەن هەر لابرا لە پڕۆژە یاساکە، فەرموو مامۆستا غریب،

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام ئێمە پاسپۆرتەکانمان بە کوردی لێی نووسراوە، بەڵام تەسکەرە و ئەوەش مۆڵەت نامەی شوفێری هەردووکیان بەعەرەبی نووسراوە ئێمە لە ناو کوردستانداین و ئەمەش تێ دەپەڕێ بەسەرمان، ئەگەر ماددەیەکی بۆ تەرخان نەکەین جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئیتر تێ دەپەڕێ لە دەستمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی دەستوری عێراق و، بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق ئەو بەڵگەنامە رەسمیانە هەمووی دەبێ زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە سەر بێ، بۆیە ئەگەر تەنانەت لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەش نەنووسرێت هیچ کێشە و گرفتێك دروست نابێ، فەرمووو مامۆستا غریب،

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام سەیری ئەوێشمان کرد، ئەم بابەتەی تێدا نەهاتووە، ئەوە لەگەڵ د. ڤالآ قسەمان لە سەر کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر رەزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەموو ئەو رایانە دەکەم کە رەچاوی مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەش بکرێ، وابزانم بەپێی یاسای پەروەردە و فێرکردن، یەعنی مولزەمن بەوەی کە بە زمانی کوردی و عەرەبیش بخوێنن، بەڵام رەچاوی مافەکانیان بکرێ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، پێشنیار دەکەم کە زمانی فەرمی بێ، نەك تەنها لە هەرێمی کوردستانی عێراق و، لە پرۆسەی خوێندنی کەرتی خوێندنی باڵاش، لە راستیدا ئەو برادەرانەی ئاماژەیان پێکرد من پشتگیری دەکەم، چونکە زانکۆ هەیە دەرفەت بە خوێندکار دەدات بە زمانی عەرەبی و بە زمانی ئینگلیزی وەڵام بداتەوە، بەڵام دەرفەتی پێ نادات بە زمانی کوردی بنووسێ یان وەڵامی پرسیار بداتەوە، لەگەڵ پێویستی زمانی ئینگلیزی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سعید،

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك فەرهاد سەنگاوی و کاك سالار و مامۆستا عبدالرحمن دەکەم و، لە شێوازی نووسینەکەش زمانی کوردی لە پرۆسەی پەرورەدە و فێرکردندا زمانی فەرمییە لە کوردستاندا، یەعنی هەرێمەکە نەمێنێتن، کوردستانی باشوور بنووسرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سراج.

**بەڕێز سراج احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە پرۆسەی خوێندنی حەسر كردووە لە سەر زمانی كوردی، لە كاتێكدا كە پێكهاتەی دیكەش هەن لە كوردستان، بە رای من زمانی كوردی دەكرێ بكرێتە زمانی ئەساس و فەرمی خوێندن، بەڵام لە پاڵ زمانی كوردیشدا زمانەكانی تری بنووسرێ وەك (توركمانی، سریانی، ئەرمەنی) بەپێی پێویست، بە مەرجێ فێربوونی زمانی كوردی تێدا لەو شوێنانە ئیلزامی بكرێ، ناكرێ بە نیودێڕ بابەتی زمانی كوردی لە یاسایەكی ئاوا پرۆسەی خوێندنی كۆتایی پێ هێناوە، لەم وڵاتە بە دەیان قوتابخانەی توركمانی و سریانی و عەرەبی هەن كە لەو قوتابخانانە هەیانە یەك وشەی كوردی تێدا ناخوێندرێ، ئەكرێ پرۆسەی خوێندنی ئەوان بنبڕ بكرێ؟ بەڵام ئەكرێ لەسەریان فەرز بكرێ ئەوانیش فێری زمانی كوردی بكرێن وەكو لە یاسای وەزارەتی پەروەردە هاتووە لە ماددەی (٥) كە ئەڵێ (جعل اللغة التركمان والسريان والارمن لغة التعليم في المناطق التي يشكل الناطقين فيها كثافة سكانية)، و لە ماددەی (٤) پێش ئەو ماددەیە باس ئەكات ( جعل اللغة الكردية لغة الدراسة في جمع مراحلها)، ئەكرێ تیكهەڵكێش بكرێ، جەماعەتی یاسایی ئەوە ڕێكبێخەن، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی بەڕێز فەرهاد سەنگاوی ئەكەم دەربارەی نابێ هیچ كەسێك لەم وڵاتە كارمەند بێ ئەگەر زمانی كوردی نەزانێ، دووەم، زمانی ئینگلیزی زۆر گرنگە ئەبێ گرنگی پێ بدرێ، پشتگیری قسەكانی ماموستا غەریب، كاك ئومێد حەمە علی، مامۆستا عوسمان، مونیرە خان، و بەڕێز دكتۆر سیراج دەكەم دەربارەی ئەوەی وتی پێویستە لە هەموو قوتابخانەكان زمانی كوردی بخوێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وەڵامی لیژنە پەیوەندیدارەكان بۆ ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو دكتۆرە جوان، فەرموو مونا خان.

**بەڕێز منی نبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، پشتگیری كاك محمد و دكتۆر فرست و كاك سالار و كاك ماجید و كاك قادر و دكتۆر سیراج ئەكەین، ئێمە ئەمانەوێ شتەكی ڕوون بكەینەوە، چونكە ئەچێتە پرۆتۆكۆل، ئێمە دژایەتی زمانی كوردی ناكەین، بەڵام پرۆسەی خوێندن (٢٢) ساڵە بەردەوامە بە زمانی توركمانی و كلدانی و ئاشووری، ئایا ئەمڕۆ دانیشتین یاسا دەرئەكەین، بە یاسا ئەڵێین ناتوانین چیتر زمانی توركمانی یان كلدان و ئاشوور لە پرۆسەی فێركردن بێ؟ دواتر لە قوتابخانە توركمانەكان بە تایبەتی زمانی كوردی زمانی سەرەكییە، لە هەموو وانەیەك زمانی كوردی ئەخوێنیتەوە، دوو فەصڵ هەیە، بەشێك زمانی كوردی و توركمانییە، خوێندنەكانی

تر هەموو زمانی تورکمانییە، یەك زمانی کوردییە، واتە زمانی کوردی هەیە، دواتر نالێین زمانی کوردی نەمێنێ، پێم وایە تورکمان و پێکهاتەکانی تر هەموویان بە کوردی قسە ئەکەن، و ڕێز لە زمانی کوردیش ئەگرین، چونکە زمانێکە لە ئاستی وڵات ناسراوە، بەڵام زۆربەی پەرلەمانتارانی بەڕێز وا هەست ئەکەن ئێمە دژایەتی زمانی کوردی ئەکەین، نەخێر، ئێمە داوا ئەکەین پرۆسەی خوێندن تا ئەمڕۆ کەچەندین قوتابخانەمان هەیە، باخچەی ساوایانمان هەیە، وەکو پێکهاتەی تورکمان بەردەوام بن لەسەر خوێندنی خۆیان، بەڵام بەو مەرجەی زمانی کوردیش ئەبی بزانن، چۆن ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەیە عایدی تەرکمانەکانە، بەو شێوەیە بەردەوام بێ، زمانی کوردی بنەڕەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کمال یەڵدا.

**بەڕێز کمال یلدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نوسخەی عەرەبی لە ماددەی (١٩- ٢٠) نووسرایە ( تکون دراسة باللغة العربية والتركمانية والسريانية والارمنية في المدارس الحكومية تحت اشراف وزارة التربية)، و پشتگیری قسەکانی کاك فەرهاد ئەکەم کە قوتابخانەیەکی خاس بکرێ بۆ فێرکردنی ئەوانەی ئەجنەبین، یان لە کوردستان ئیش ئەکەن ئەوانەی ئیقامەیان هەیە، و ئیجباری بێت، و پشتگیری قسەکانی کاك محمد و دکتۆر فرست و مامۆستا علی و مامۆستا ماجد و کاك سالار و دکتۆر سیراج ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت پرسیاری کاك سالار، ئەوەی پەیوەندی بە پەروەردە و خوێندن هەیە وەڵامی ئەدەمەوە، وتی فەرق مابەینی پەروەردە و فێرکردن چییە؟ بەراستی فەرقی ئەوەندەی نییە، بەڵام یاسایەکمان هەیە پێی ئەڵێین یاسای پەروەردە، کە وتت پەروەردە هەمووی ئەگرێتەوە، خوێندن و فێرکردن، بەس بوویتە عورف ئەڵێن پەروەردە و خوێندن، باشترە بوتری پەروەردە، چونکە یەك لە مەهامی پەرەوەردە کردن فێرکردنە، پرسیارێکی تر وتی (اللغة الكردية في اقليم كردستان لغة التربية والتعليم)، واتە حەقی پێکهاتەکانی تر بدەین، برادەرانی خۆمان باسمان کرد، وتمان ئەوان بووینە خوێن و گۆشتمان، ئەتوانین دوو بڕگە زیاد بکەین، وەکو کاك کمال وتی لە نوسخەی عەرەبی هەیە، ئەڵێ ( تكون الدراسة باللغة العربية والتركمانية والسريانية والارمنية في المدارس الحكومية تحت وزارة التربية)، ئەتوانین بڵێین ئەو پێکهاتانە ئازادن بە چ زمانێك بخوێنن، ئەو بڕگەیە زیاد بکەین، بڕگەی (٢١) ئەڵێ کە خوشکە منیرە باسی کرد لە زانکۆ بە زمانی کوردی، لە دیراسەتەن ئینسانی، ئەبێ وابێ راستە، چونکە دەبی زمانی دایك بخوێندرێ، لە ماددەی (٢١)

هەیە بە زمانی عەرەبی، ئەتوانین ئەو بڕگەیەش زیاد بکەین، بەڵام بە نیسبەت ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن، ئەوە ناتوانین بە گوێرەی دەستوور، چونکە لە فەقەرەی ماددەی (٤) ئەڵێ ( بە دوو زمان، زمانە فەرمییەکان کوردی و عەرەبی)، ناتوانین بیکەینە ئینگلیزی، بەڵام خەتەوات هەیە لە هەرێمی کوردستان تەشجیعی ئەوە ئەکات زمانێکی جیهانی بزانی، و بە تایبەت لە خوێندن و پەروەردە شەرتێکی ئەساسیە بێ کەفائەی ئینگلیزی ناتوانێ ماستەر و دکتۆرا بخوێنی ئەگەر زمانی ئینگلیزی نەزانی، ئەتوانین ئەو شروتانە زیاد بکەین تا بتوانین زمانی ئینگلیزی بچەسپێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەڵامی ئەو پەرلەمانتارانە، و بۆ زەمانی پێکهاتەکان، ئەوەمان بیرنەچێ لە پەرلەمانێك کۆبووینەتەوە ناوی پەرلەمانی کوردستانە، و زمانی فەرمی لە عێراق زمانی کوردی و عەرەبیە، بۆ ئەوەی زمانی پێکهاتەکان و خوێندنیان بکرێ، لە ماددەی (٢٥) حەقی تەواو دراوە بە هەموو پێکهاتەکان کە ئەڵێ (لە هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردندا، کە چڕی دانیشتووانەکەی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە بن)، واتە سەر بە پێکهاتەی تر بن، بۆیان هەیە بە ڕاپرسیەکی خۆجێی زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی کوردی بکەن بە زمانی فەرمی کاروباری خۆیان، با ئێمە بە هەڵە تێنەگەین کە زمانی سریانی نابێتە زمانی فەرمی لە هەموو هەرێمی کوردستان، زمانی سریانی بە نموونە ئەبێتە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی کوردی، یەعنی زمانی کوردی تا دوا خاڵی سنوور زمانی فەرمییە، زمانەکانی تر لەو شوێنانەی چڕی دانیشتوانیان زیاترە لە پاڵ زمانی کوردی زمانی فەرمیەن سەبارەت بەوەی خوێندنی باڵاش جیا بکرێتەوە لە ناو، بە بڕوای من کە ئەڵێی پەروەردە و فێرکرن، مرۆڤ تا دواین هەناسە پێویستی بە فێکردنە، پێم وایە فێکردن فەزایەکی گەورەی خوێندنی باڵاش ئەگرێتەوە بە ماستەر و دکتۆراشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەکان تەنیا ڕوون کردنەوە ئەدەین لەسەر پیشنیاری ئەندامانی پەرلەمان، دوایی لە نێوان خۆمان ڕێك ئەکەوین لەسەر وەرگرتنی یان وەرنەگرتنی ئەو پێشنیارانەی پێشکەش ئەکرێ، ماددەی (١٣) (زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێکردن زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستان)، ئەو ماددەی بە شێوەیەکی ئەوتۆ موتڵەق هاتووە، لەبەر ئەوەی یاساکە یاسایەکی گشتییە، و چەند یاسایەکی تر بەدوای خۆی دێنێ، و یاساکانی تر چەند پەیڕەو بە دوای خۆیان دێنن، و ئەوانیش چەند ڕێنماییەك بە دوای

خۆیان دێنن، واته كاتێ ئەڵێین پرۆسەی پەروەردە و فێركرن بە شێوەیەكی ئەوتۆ موتڵەق هاتووە، هەم فێركرن بگرێتەوە، هەم خوێندن بگرێتەوە، هەردوو وەزارەتی تەربییە و وەزارەتی تەعلیمی عالیش ئەگرێتەوە، ئینجا كە دێینە سەر یاسای وەزارەتی تەعلیمی عالی و یاسای وەزارەتی پەروەردە، ئەوانە حەلی كێشەكەیان كردووە، لە ڕووی زمانی پێكهاتەكان لە لایەك، و زمانی كوردیش لە لایەكی تر، بۆ نموونە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە وەرگرین، لە ماددەی (٥) دا زمانی كوردی بە فەرمی داناوە، لە ماددەی (٤)یش زمانی كوردی بە ئیلزامی داناوە، لە ماددەی (٥)یش باس لە كردنەوەی قوتابخانەكان ئەكات كە سەر بە پێكهاتەكانی ترە، و ڕێگەی پێداوە، كە ئەگەرێیەوە سەر قانونی خوێندنی بالاَ، بە هەمان شێوە حەلی ئەو كێشەی كردووە، بۆخۆمان لە خوێندنی بالاَ بووین، و كیتاب هاتووە لە وەزارەتی خوێندنی بالاَ و جامیعەكانەوە بەوەی كە ئەبحاسەكان لە زمانی كوردی بنووسرێ، نەك هەر بە زمانی كوردی، بەڵكو ئەو بەحسانەی كە ئەشنووسرێن پەیوەندیدار بێ، و خزمەت بكات بەو كێشانەی كە كورد پێیەوە دەناڵێنێ، واتە ئەو وردە كاریانە ئەچنە ناو یاسای وەزارەتەكان كە كاری خۆیانە، بەلاَم ئێمە ماددەكەمان بە شێوەیەكی موتڵەق هێناوە، و كە باس لە فەرمی بوون ئەكەین مەبەست ئەوە نییە مەكتەبێكی سریانی یان توركمانی هەموو وانەكانیان بە زمانی كوردی بێ، فەرمی بوونی زمانی كوردی ئەوەیە دەرسێكی ئیلزامی بە زمانی كوردی هەبێ لە هەموو قوتابخانەكان بە ئەهلی بە تایبەتیش، ئەوەش پەیوەندی بە موستەڵەحی فێركردن و پەروەردەوە هەیە، ئەوە پێم باشە بەڕێز دكتۆر نوری تاڵەبانی ئەگەر یەكلایی بكاتەوە، جیاوازی چییە لە نێوانیان؟ بۆ ئەوەی بتوانین لێرە بە شێوەیەكی شامل تر ئەو ماددەیە دابڕێژینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، با ئەندامانی لیژنەكان قسەكانی خۆیان بكەن، دەرفەت بە بەڕێز د.نوری تاڵەبانیش ئەدەین كە تێبینی خۆی لەسەر كۆی گفتوگۆكان بخاتە ڕوو، بەڕێز دكتۆر ابراهیم فەرمو.

**بەڕێز ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هەندێ مولاحەزاتمان هەیە، بە مەشورەت لەگەڵ دكتۆرە ڕێواز ڕێگە بە ئەو ئەدەم ئەو تەوزیحاتانە بدات، چونكە من نەخۆشم.

**بەڕێز د.یوسف محمد/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕوون کردنەوە لەسەر ئەو تێبینیانەی ئەندامانی پەرلەمان ئەدەین کە پەیوەندیان بە لیژنەکەمانەوە هەیە، سەبارەت بە ڕەچاو کردنی پێکهاتەکان، تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەینەوە کە پێویست ناکات لە هەموو دەقێکی ئەم یاسایە کە قسە لەسەر فەرمی بوونی زمانی کوردی ئەکرێ دیسانەوە زمانی ئەو پێکهاتانە قسەی لەسەر بکرێتەوە، هەم لەبەر ماددەی (٢٥)، هەم لەبەر ئەوەی تەئکید ئەکەمەوە کە لە هەردوو یاسای خوێندنی باڵا و یاسای پەروەردە ئەمە بە شێوەکی باش چارەسەر کراوە، ئەوەش بیری ئەندامان ئەخەمەوە کە لە ڕابردوو زمانی عەرەبی زمانی فەرمی خوێندن بووە، بەڵام دەیان و بگرە سەدان خوێندنگای کوردی لە هەرێمی کوردستان هەبوو، کەسیش ڕێگر نەبوو، موتڵەقیەتی ئەو ماددە بۆ ئەوە نییە بڵێ تەنیا زمنانی کوردی زمانی فەرمییە، وای نەوتووە، ماددەکە ئەڵێ زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستان بۆ پرۆسەی خوێندن و فێرکردن، واتە ئەکرێ زمانی تر هەبێ، خۆ ئەگەر بیوتبایە زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن، یان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن تەنیا زمانە، ئەوکات بوار بۆ هیچ زمانێکی تر نەئەمایەوە، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك وەکو لیژنەی خۆمان لەگەڵ ئەوە نین لە هەموو ماددەیەك پەیوەندی بە زمانەوە هەبێ دیسان ماددەیەکی تایبەت دابنێین، چونکە بەشێکی تایبەت بە پێکهاتەکان هەیە، سەبارەت بە قسە کردن لەسەر جیاوازی نێوان فێکردن و پەروەردە، لە ڕاستی دا ئێمەش هەمان ڕەئیمان هەیە کە بەڕێز نوری تاڵەبانی ڕەئیمان پێ بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەین خوێندنی باڵاش بە نەزەری ئیعیتبار وەرگیرێ، و بە شکلێك ماددەکە دابڕێژین ئەوانیش بگرێتەوە، قسە زۆر لەسەر ئەوە کرا کە هەموو بحوسی زانکۆکان بە زمانی کوردی بێ، ئیلزامی بکرێ، ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵ ئیلزام نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەین زەمینە سازی بکرێ بۆ ئەوەی توێژینەوەکان بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێن، یان لە دەزگاکانی بڵاو کردنەوەی هەرێمی کوردستان بڵاو نەکرێنەوە تا وەرنەگێرنە سەر زمانی کوردی، بەڵام ئیلزام کردنی هەموو ئیختیساس و پسپۆریەکان لە هەرێمی کوردستان بەوەی ئەبێ بحوسەکان بە زمانی کوردی بێ، ئەوە لەگەڵ ستراتیجی وەزارەتی خوێندنی باڵا ناگونجی، ئێمە ئێستا کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردوون، ئەوان یەکێ لە پلانەکانیان بۆ ئەو (٤) ساڵە ئەوەیە کە زمانی تەحسیل عیلمی پەرە پێ بدەن، ئەویش زمانی ئینگلیزیە، لەبەر ئەوەی بوعدێکی عالەمییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێخ شامۆ نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز شامۆ شێخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامی نینە ببوورن، مولاحەزەك هەنە ئەگەر جەنابت ئیزن بدەنە من هەر دناڤ زمانێ کوردی دا، سەرفرازیێ بۆ مە، و زمانێ مە ژی و زمانی دینێ مە ژی زمانی کوردیە، وەکو کەونەکی ڕەسەنێ کوردی، و پێشنیارێ ب لاتینێ کرنێ دینێ مە هەی چ ل روسیایێ، چ لە ئەوروپایێ، مە دڤیا ب شێوازەکی فەرمی

ڕەزامەندی هەبی ل سەر لاتینا کرنا پرۆگرامێ مەیە دینی، چونکە زمانێ کوردیە، و دگەل زمانێ کوردی چۆتە بواری ئەزموونێدا دناڤ خوندنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی فەرموو بۆ ڕوون کردنەوەکانت.

**بەڕێز د.نوری تاڵەبانی/ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داڕشتنی ئەو ماددەیە وەکو بەڕێزان لەو سێ لیژنە ڕوونیان کردەوە، بە شێوەیەکی گشتی داڕێژراوە، باس لە زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەکات، فێرکردنیش وەرگێڕاوی دەقا و دەقی تەعلیمە، ئەتوانین بڵێین زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی خوێندنی باڵادا، چونکە لەبەر ئەوەی لە زۆر شوێن لە ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستاش بابەتەکان بە زمانی کوردی نانووسرێنەوە، تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەینەوە ئەبێ لەمەودوا بە کوردی بێ، زمانی فەرمییە لە هەرێم، هەتا زانکۆ بیانیەکانیش  لەو ڕووە تا پێیان ئەکرێ بابەتێك پەیوەندی بە زمان و کلتووری کوردی هەبێ ئەبێ زمانی کوردی سەرەکی بێ، لەو باوەڕەم بوونی ئەو ماددەیە هیچ جۆرە ئیشکالەك بۆ زمانی پێکهاتەکانی تر دروست ناکات، چونکە وەکو بەڕێزان ئاماژەیان بۆ کرد، لە هەموو وەزارەتەکان بە تایبەتی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دا کە ئاماژەی بۆ کراوە، ناکرێ لە هەموو شوێنێك دووبارەی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوو نەقتەی نیزامی هەیە، دکتۆر عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا کاك فەرهاد سەنگاوی دەکەم کو زمانێ ئینگلیزی ببیتە زمانەکی فەرمیی ل کوردستانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زولفا خان.

**بەڕێز زوڵفا محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان بە هەڵەدا نەچن لە جیاوازی نێوان خوێندنی باڵا و پەروەردە، کە خوێندنی ئامادەیی تەواو ئەکەین، لە سەرتاسەری کوردستان یەك مەنهەجە، کەواتە کێشەمان نابێ، هەر بە زمانی کوردییە، بەڵام کە دێینە سەر خوێندنی باڵا، لە زانکۆیەك (٢٠) کۆلێژی تێدابێ، کەواتە (٢٠) مەنهەجی جیاوازە، ناکرێ لە کۆلێژە پزیشکیەکان بە کوردی بخوێنین، ناکرێ لە کۆلیژی عەرەبی بە کوردی قسە بکرێ، کەواتە وەزارەتی پەروەردە ئەتوانێ یاسایەك دابنێ هەر کۆلیژێك بە پێی خۆی یاسای بۆ دابنرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، ئەوەی بەڕێز کاك (شامۆ و کاك عبداللە) ش هەر نوقتەی نیزامی نەبوو، ڕەئیە، ئەتانتوانی لە کاتی ناو نووسین بۆ گفتوگۆ کردن ناوی خۆتان تۆمار کردبایە، کاك زیاد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز زیاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونەکی هەمە، داخاز دەکەم زمانی کوردی و ئینگلیزی ل پەرۆسا پەروەردی ببیتە زمانی کوردی و ئینگلیزی، ببیتە زمانێ ڕەسمی.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، کاك ئاری فەرموو.

ئەوەی منیش نوقتەی نیزامی نییە، مادام ڕێگەت دا بە (٢) کەسی تر، حەز ئەکەم بڵێم سابیقەن وەکو مامۆستایەك لەسەر ئەو دوو تێرمە، مەسەلەی پەروەردە و فێرکردن، ئەگەر موقابیلی سەیر بکەی (ڕەیزینگ ئاپ ئان ئەجوکەیشن)، مەسەلەی پەروەردە ئەوەیە کە مناڵەکانمان فێری ئەوە ئەکەین ئیشی باش بکەن و ئیشی خراپ نەکەن، بە ڕەوشت بن، ڕێز لە خەڵکی بگرن، ئەوە لایەنی پەروەردەیە، بەڵام لایەنی فێرکردن میتۆدە، ئەو ئسلوبەیە کە هەڵیئەبژێری بۆ گواستنەوەی زانیاری لە عەقلی پسپۆڕێکەوە بۆ تەڵەبەکانی، ئیتر لە مەکتەبەوە تا زانکۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان ماددەکان دابڕێژنەوە، داتانڕشتەوە؟ ئامادەیە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تێبینی ئەوە ئەکەین زۆر قسە ئەکەن پێکەوە، ئەگەر قسەتان هەیە پێکەوە با چارەگێك دانیشتنەکە هەڵگرین، قسەکانی خۆتان بکەن، دەست ئەکەینەوە بە گفتوگۆکان، ئەگەرنا بەم شێوەیە لێك تێناگەین بەراستی، فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) بەم شێوەیە داڕێژراوەتەوە (زمانی کوردی لە پەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراقدا)

**بەڕێز د.یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کوردستان بووە کوردستانی عێراق، هەر ئەوە؟ دکتۆر شێرکۆ نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز د.شیرکۆ حمە امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فێرکـردن بکـەن بـە خوێنـدن کێشـەکە چارەسـەر ئـەبێ، ئەگـەر یارمەتیشـم بـدەی هـەر زۆر بـە خێرایـی، (فێرکردن کردەیەکە پێویستە بەرامبەرەکەت فێرت بکات، ئەوەش قۆناغی وەزارەتی پەروەردە ئەگرێتەوە،) فێر بوون ئەوەیە خۆت فێر ئەبی بێ ئەوەی کەسێکیش هـەبێ فێـرت بکات، و بەردەسـت تـرین کتێـب لـەو بوارە کتێبێکی بەرێز (د.کریم شەریف)ە، و کۆمەڵێك نەزەریاتی لەسەرە، و ئەتوانن هەر کەسێك پێویستی پێ بێ سەیری بکات، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ئیبراهیم فەرموو.

**بەرێز د.ابراهیم احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن نـەڤیا ئـاڵۆزی بکەتـە هۆڵێـدا، ئەگـەرنا دانوسـتاندنێت مـێ لابـەلا موئەسـر بـوون کـو فێرکـردن ببیتـە خوێندن، بس مە سەح کری مەسارێ هۆلێ و ڕەئیا پتریا لیـژنێت ئـەوە بـوو بمینێـت وەکـی خـۆ، و پەسـندا ڕەئیا دکتۆر شێرکۆ دکەم، سپاس.

**بەرێز دکتۆر یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی، لیژنەی ڕۆشنبیری، ئەگەر ڕوون کردنەوەتان هەیە بیلێن.

**بەرێز عادل عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەکانی دکتۆر شێرکۆم.

**بەرێز د.بەهار محممود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ قسەکانی دکتۆر شێرکۆم.

**بەرێز دکتۆر یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز دکتۆر نوری ئەگەر سەرنجێکت هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز د.نوری تاڵەبانی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تـەنیا مـن باسـی ئـەوە دەکـەم کـە وەزارەتێکمـان هەیـە بـەناوی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاوە، لـەوێ دەڵێـت وەزارەتی فێرکردن، لـەوێ باسـی فێرکـردن دەکرێـت، چـۆن وەزارەتـی پـەروەردە هەیـە وەزارەتـی خوێنـدنی باڵاش هەیە بـاس لـە فێرکـردن دەکات، ئێمـە کێشـەکەمان ئەوەیـە کـەوا لەچـوار چـێوەی ئـەو وەزارەتـە لـە زانکۆکانمان زۆر جار بابەتی ماستەر و دکتۆرا یان توێژینەوەی دیکە ئامادە دەکرێت بەزمانی کـوردی نییـە،

ئێمـە دەمانـەوێت لـەو شـوێنانەدا  ناچـاریان بکـەین کـە بـە زمـانی کـوردی ئـەو بابەتانـە بنووسـنەوە، مەبەستەکە زیاتر ئەوەیە با خوێندنیش و با فێرکردنیشی لە گەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە ڕەئیەکـەی دکتـۆر (شـێرکۆ) زۆر تـەواوە و ڕەئیەکـەی دکتـۆر (نـوری)ش تـەواوە، بـەڵام ئێمـە دەبێـت لەمەسەلەی خوێندن فەقەرەیەکی تـر زیـاد بکـەین، فەقەرەکـە ئەوەیـە توێژینـەوەی زانسـتی خوێنـدکارانی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیاکان مەرجە بە زمانی کوردی بێت، یـەعنی لەگـەڵ ئەمـە یـەك فەقـەرەی تـر زیـاد بکەین، چونکە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەوەرەیە مەسەلەی توێژینەوە لە زانکۆ و ناوەنـدە ئەکادیمیـەکان، کـە بە کوردی بێت لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم ماددەیە ببێتە دوو فەقەرە حەلی ئەو بابەتەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) زمانی کوردی لـە پـەروەردە و پرۆسـەی فێرکـردن و خوێنـدن زمـانی فەرمییـە لـە کوردسـتانی عێراقدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لە گەڵدایە با دەستی خـۆی بـەرز بکاتـەوە، (٥٨) کـەس لەگەڵـە، ئـەوەی لەگـەڵی نییـە؟ کـەس نییـە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، خاڵی نیزامیت هەیە؟ فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ((فەرهاد سەنگاوی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە شـوێنەکەمان بـۆ ئەوەیـە، دەڵـێین کـوردی و ئینگلیـزی زمـانی فـەرمی بـن لـە پرۆسـەی پـەروەردە و خوێندندا، کە ئێوە ئەوە دابڕێژنەوە ئێمە لە دوایی دا لە کوێدا دایبنێین؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیارێکی ترە، ئێسا گوێ لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەگرین، بـەهار خـان فـەرموو روون کردنـەوە بدەن لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ باسمان لەوە کرد کە ئێمە هەموومان دەزانین کە زمانی ئینگلیزی زمانی عیلمە، زمانێکی عالەمییە زەڕورە فێر بوونی، بەڵام باسمان لەوە کرد کە ئێمە لە یاسایەکدا ناتوانین جێگەی بکەینەوە و بیکەین بە زمانی فەرمی لە کاتێکدا کە دەستوورەکە ڕێگات پێنادا ئەوە شتێکی نا دەستوورییە ئەمەمان روون کردەوە، سەبارەت بەو خوێندنگایانەی کە هەن بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، ئەوە لە یاسای وەزارەتی پەروەردە چارەسەر کراوە، یەعنی ڕێگا پێدراوە کە بە ئینگلیزی بیخوێنرێن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوە، دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، بەراستی دەستوور ڕێگا نادات ئەمە یەك و، دوو: من لە گەڵ کاك (فەرهاد)م زۆر پێم خۆشە کە لە جامیعە زمانی ئینگلیزی بە ڕەسمی بکرێت، بەڵام تۆ هەتا ئەو زمانە دەکەیە ڕەسمی مەجموعەك پێداویستی دەوێت، (متطلبات)ی دەوێت، هیچ لەوانەمان نەکردییە هەتا ڕەئسەن بیکەینە زمانی ئینگلیزی، (انشاء الله) لە ئایندەدا ئەو شتە دەکرێت، بەڵام حاڵی حازر ناتوانین بەو ئیحتیاجەی، بەو هەموو (متطلبات)نەی ئێستا لە زانکۆکاندا هەیە، لە قوتابخانەکاندا هەیە زمانەکە بکەینە فەرمی ئەمە یەك، دوو: دڵنیات دەکەم ئەمە لە ئیختیساساتی عیلمی، یەعنی ئەوەی دکتۆرا دەخوێنێ یان ماستەر دەخوێنێ یانیش لە کولییەی توبە یان لە هەندەسەیە بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنێ، هەتا لە دیراساتی ئینسانی ئێستا کەفایەی عیلمی مەتلۆبە، سەرچاوەکان ئیعتیمادیان لەسەر دەکەن، سەرچاوە عەرەبیەکەمان تەرك کرد، چونکە سەرچاوە عەرەبیەکان لە زمانی دایك دێت کە زمانی ئینگلیزیە، (معظم)ی مەصادری عەرەبی لە مەصادری ئینگلیزییەوە وەر دەگیرێت، وە لە ماستەر و دکتۆراش لە دیراساتی ئینسانی جەخت لەسەر ئەوەمان کردووە بە زمانی ئینگلیزی بخوێنرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ دکتۆرە جوان بۆ ئەو روون کردنەوەیە، ئێستا گوێ لە دکتۆر ابراهیم دەگرین روون کردنەوەیەك بدات سەبارەت بەوەی کە چۆن ئەوە چارەسەر بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە دوو قانون یێت هەین، قانونا تەعلیم عالی و قانونا پەروەردێ، بلا ئەو دناڤ وان قانونادا وی مەوزوعی چارەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ دکتۆر ابراهیم بۆ ئەو روون کرنەوەیە، بەڕێز کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە پەسەندکرا، بەس بە بڕوای من وەکو دکتۆر (نوری)ش ئاماژەی پێ کرد، ئەو فەقەرەیە هێشتا تێر نییە، ئێمە مەسەلەی توێژینەوە بابەتێکی زۆر گرنگە لە زانکۆکان کە بەشێکن لە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دونیاش لەسەر توێژینەوەی ناوەندەکانی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان تا ئێستا ئەمە لە هەرێمی کوردستان بەزمانی کوردی نییە، لەبەر ئەوە گرنگە فەقەرەیەك هەبێت بە جیا لەبەرگرنگی ئەو مەسەلەیە جێی بکرێتەوە، کە مەرج دابنێ توێژنەوەی خوێندکارانی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان بە زمانی کوردی بێت، کە ئەمە هەم زمان دەوڵەمەند دەکات هەم خوێندکارەکەش ئەگەر سەرچاوەکەی ئینگلیزی و عەرەبیش بێت هەوڵدەدات وەری بگێڕێتە سەر کوردی، لە ڕووی زمانەوانیشەوە بۆ خویندکارەکە سوودی هەیە، من پێموایە ئەو فەقەرەیەی کە نووسیومانە ئەوە ناگرێتەوە لەبەر ئەوە دەبێت مەسەلەی توێژینەوە لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکاندا بە فەقەرەیەکی جیا بێت هەر لەگەڵ ئەم ماددەیە، ئەوە پێشنیارە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك زانا، دکتۆرە جوان روون کردنەوەیەك بدەن لەسەر ئەوە بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێنین.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێستا لە وەزارەتی تەعلیم عالی لە هەموو کولێژەکان (مخیرة باحث لعلمي) بە چ زمانێك بنووسرێت، دەوێت بە کوردی بنووسرێت، دەیەوێت بە عەرەبی بنووسرێت، دەیەوێت بە ئینگلیزی بنووسرێت، یەعنی ئەوە لەسەری دەڕوات وەزارەتی تەعلیمی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روون کردنەوەی دکتۆرە جوان، ئێستا دێینە سەر ماددەی (١٤).

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**ماددەی (١٤) زمانی کار و بازرگانی**

ماددەی (١٤) هەموو دەزگایەکی خزمەت گوزاری کەرتی تایبەت پێویستە زمانی کوردی بەکار بهێنن، بەکارهێنانی زمانی عەرەبی یان زمانی بیانی بە پێی پێویستی خزمەت گوزاری و زمانی بەکارهێنەران ئازادە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی دەیانەوێت موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە بکەن با دەستی خۆیان بەرز بکەنەوە، دیارە (١١) بەڕێز دەیانەوێت قسە بکەن، بەڕێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو دەزگایەك ڕەنگە دامەزراوەکە گونجاوتر بێت بۆ ئەوەی ئیلتیزامەکەی بەهێزتر بێت ئەوە پێویستە بکرێت، دەبێت باشترە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەیەکی گرنگە لەراستیدا پێویستە زمانی کوردی لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە خزمەت گوزاری کەرتی تایبەتەوە هەیە بەکار بهێنرێ، بەڵام پێویست ناکات بەکارهێنانی زمانی عەرەبی جارێکی تر ئیزافە بکرێتەوە، هەر بوترێت پێویستە زمانی کوردی بەکار بهێنرێت یان زمانی بیانی بەپێی پێویستی خزمەت گوزاری، زمانە عەرەبیەکە لابدرێت، چونکە ئەو تەئکید کردنەوە و دووبارە کردنەوە و هاوشان کردنی زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردیدا بەپێویست نازانرێت، ناچینە سەر ئەو سەرەتایانەی کە باسمان کرد لەراستیدا زمانی عەرەبی لە کوردستاندا، یەعنی شۆڕ بۆتەوە بەویست بێت یان نەخوازراوبێت بۆ هەموو ماڵێك و بۆ هەموو سێکتەرێکی ژیانی ئەم وڵاتە، بۆیە ئێمە لێرە مەبەست لە ڕۆحی یاساکە تەوزیف کردنی زمانی کوردییە، بۆیە زیاتر تەرکیزەکە لەسەر زمانی کوردی بێت و لە بەرامبەریشدا ئەگەر پێویست بکات زمانەکانی بێگانە یان بیانی لە پێویستی خزمەت گوزارییەکانی کەرتی تایبەتدا بەکار بهێنرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو دەستەواژەیە لابدرێت بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، هەربوترێت هەموو دەزگایەکی خزمەت گوزاری کەرتی تایبەت پێویستە زمانی کوردی بەکار بهێنن یان زمانی بیانی بەپێی پێویستی خزمەت گوزاری و زمانی بەکارهێنەران ئازادە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك سالار محمود، بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەویت تێبینیەکانم گشت لەسەر بەشی شەشەمدا بڵێم، ئێمە هەر بەشێك یاسادانان دەبێت بەشێوەیەکی کورت بێتن و ماددەکانیش کورت تربێت لەبەر ئەوەی ڕەنگە من بە شێوەیەکی تر و، هەمیشەش دەگەڕێینەوە خاڵی صفر ئەگەر باسی پێکهاتەکان و زمانەکانی تر دەکەین پێویست ناکات ئەوەندە دووبارە و تەئکیدی لێ بکەیەنەوە کە ئەوە خۆی گۆمانێك دورست دەکات لەبەر ئەوەی من بەو شێوەیە پێشنیار دەکەم، بەشی شەشەم ماددەی (١٤) أ)- هەموو دەزگاکانی کەرتی تایبەت پێویستە زمانی کوردی بەکار بێنن. ب)- بۆ دامەزراندن و کار کردن لە هەرێم ئەوانەی کوردی دەزانن دەرفەتی زیاتریان دەبێت. ج)- لە پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنی کەرتی تایبەت و کارمەندانی، زمانی کوردی بەکار دەهێنرێت، د) هەموو ئاگادارییەك و کار دۆزینەوە لە بازرگانیدا ڕێکلامیش پێویستە، ڕێکلام لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عباس غزالی، ئەوەی باست کرد زیاتر پەیوەستە بە سیاغەوە، چونکە لە بەشی شەشەم چەند ماددەیەکی تریش ماون، بەڕێز کاك ابو بکر فەرموو.

**بەڕێز ابو بکر عمر ((ابو بکر هەڵەدنی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە جۆرێك لە جۆرەکان پشتگیری لە بەڕێز کاك (عباس غزالی) دەکەم، هەست دەکەم ئەم یاسایە و لە یاساکانی تریشدا ماددەی زۆر و درێژ کردنەوەی یاساکان (مطلوب) نەبێت، بۆیە من ئەم بەشە، بەشی شەشەم لە ماددەی (١٧) وە تا کو ماددەی (٢١) تەنیا ماددەی (٢١) و (٢٤) بمێنێتەوە بەم شێوەیە سیاغەم کردۆتەوە، کە هەموو ڕێ و شوێنەکانی دەزگاکانی خزمەت گوزاری بازرگانی کەرتی تایبەت و گشتی لە دامەزراندن و، گرێبەست کردن و، ئاگاداری و کار دۆزینەوە و، نووسراوەکان و، پەیوەندییەکان، ڕیکلام و بانگەشە پێویستە زمانی کوردی بەکار بهێنرێت و بەکارهێنانی زمانی تر لەگەڵیدا ڕێپێدراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ابو بکر هەڵەدنی، دەتوانی ئەوەی نووسیوتە بیدەی بە لیژنەکە، بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل ((تحسين دۆڵەمەڕی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو ماددەیە بکرێتە سێ بڕگە، واتە ماددەی (٢١) لا ببرێت ببێتە بڕگەیەك لەو ماددەیە، واتە أ) وەکو خۆی بمێنێت، ب) زۆربەی دوکان و مارکێت و چێشتخانە و بازاڕ بە گشتی تا ئێستاش تابلۆکانیان عەرەبیە ئیلزام بکرێتن کە بە کوردی بێت، واتە ب) بەم جۆرە بێت پێویستە تابلۆی سەر دوکان و مارکێت و چێشتخانە و بازاڕ بە گشتی بە کوردی بنووسرێت، ج) وەکو وتم ماددەی (٢١) بکرێتە بڕگەی (ج) لەو ماددەیە و ماددەی (٢١) نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تحسين دۆڵەمەڕی، دەتوانی ئەوەی کە نووسیوتە بیدەی بە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی لیژنەکان پێکەوە سوودی لێ ببینن، بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا قسە لەسەر ماددەی (١٤) دەکەم، قسەکەمان ئێستا لەسەر ماددەی (١٤) یە، دەکرێت ئاوا سیاغە بکرێتەوە پێویستە گشت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت پابەند بن بە بەکارهێنانی زمانی کوردی و، پشتگیری لە قسەکانی کاك (سالار) دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عينايەت، بەڕێز فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی منیش هەر بۆ کورت کردنەوەی ماددەکەیە بەم شێوەیە و پشتگیری کاك (سالار) دەکەم، بەڵام ئەوەی کە نووسراوە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی یان زمانی بیانی تەنیا ئاوای لێ بکرێت بەکارهێنانی هەر زمانێکی تر بە پێی پێویست ئازادە و بەو شێوە ماددەکە کورت دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهيم ئێمينكی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فائق مصطفى، بەڕێز کاك ئۆمێد فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو زۆر جەخت کردنەوەیە لە زمانی عەرەبی پێموایە تەنیا مەسەلەیەکی دەستووری نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کێشەیەکی دەروونی نەتەوەیشەوە هەیە، بۆیە لەو ڕووەوە من پشتیوانی لا بردنی دەکەم، پشتیوانی کاك (سالار) و کاك (عمر عينايەت) و کاك (فائق) دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئۆمێد حەمە علی، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ولا منیش هەر پشتگیریا وان بەڕێزا دکەم تایبەتی مامۆستا (ابو بکر) کو ئەڤ مادده ببیتە ئێك مادده، بەلام ببیتە (أ، ب، ج) و ل ئاخیر کو هەر بڕگەیەك بێتە گۆتن دۆماهییێ کو دبێژیت پێویستە زمانێ کوردی بەکار بهێنرێت و هەر زمانەکی تر بە پێی پێویستی خزمەت گوزاری و زمانی بەکارهێنانی ئازادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهزاد دەروێش، بەڕێز کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز کمال یلدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیاری مامۆستا (ابو بکر) دەکەم بۆ ئەوەی ببێتە یەك مادده، بۆ ئەوەش بگەڕێینەوە سەر ئەصلییەی عەرەبی دەڵێت (تستعمل لغة الكوردية وأنها حرة في استعمال لغة الرسمية العراقية أخرة أو لغة أجنبية)، لە باتی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بێت، یەعنی زمانی عەرەبی لابدرێتن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کمال یلدا، بەڕێز کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من هەموو دەزگایەکی خزمەت گوزاری و کەرتی تایبەت پێویستە زمانی کوردی و لە پاڵیدا زمانی ئینگلیزی و بەس، پیشتیوانی لە ڕای زۆرێك لە برادەرانم دەکەم، ئینجا وا باشە حکومەت و دەزگای پەیوەندیدار خۆیان ناو و ئەدرەس و نووسینی تابلۆ و شوێنە گشتییەکانمان حکومەت بە لیژنەیەك دیاری بکرێت وەکو ئەوەی لە ئەوروپا هەیە، ئێستا لە ئەوروپا تۆ ئەگەر بتەوێ کۆمپانیایەکی بچووك یان دوکانێك یان هەر مەحەلاتێك بکەیتەوە تۆ پێشنیاردەکەی و دەی دەیتە حکومەت و حکومەت بۆ خۆیان ناوت بۆ دیاری دەکەن، بەپێی ویستی تۆ نییە، تۆ ناو بنێی فلان و فلان و ئەوە، بۆیە وا پێویستە، وا باشە بۆ تەرکیز کردن لەسەر ئەوە لیژنەی تایبەت و دەزگای تایبەت لە پەروەردەوە ئەو مەرجەعە ناوەکە دیاری بکات و بە کوردی و بە ئینگلیزی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز محمود عمر، ئێستا گوێ لە ڕەئی لیژنە پەیوەندیدارەکان دەگرین، لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەست پێدەکەینەوە، دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی برادەران کاك (عمر) و کاك (ئۆمێد) و کاك (سالار)م، تبینیەکان زۆر لە جێی خۆیەتی دەستیان خۆش بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆرە جوان، بەڕێزیکی تر ماوە با ئەو تەواو بکەین ئینجا دێینە لیژنەیەکی تر، دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پێناسەیە چەند دەستەواژەیەکی ئابووریشی تێدایە، بۆیە دەبێت تۆزێك بە دیقەت وردی کەینەوە، مەسەلەی دەزگا ئەگەر بکرێت بە دامەزراوەکان زۆر باشترە، چونکە دیارە ئێمە مەبەستمان لەم ماددەیە ئەوەیە کە بەدەر لە کەرتی گشتی، کە دەڵێین کەرتی تایبەت ئێمە ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیمان هەیە، ئێمە چەندین ڕێکخراوی نێو دەوڵەتیمان هەیە، چەندین موئەسەساتی تر هەیە لە غەیری کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڵێین هەموو دامەزراوەکانی جگە لە کەرتی گشتی، کە ئەوە کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش دەگرێتەوە، یەعنی لە بەینی دوو کەوانە (کە دەڵێین جگە لە کەرتی گشتی لە بەینی دوو کەوانە کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) ئینجا ئەوی تر ئاسایی بێتەوە پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنرێت، بەکارهێنانی زمانی عەرەبیەکە لابدەین یەکسەر بێینە سەر بەکارهێنانی زمانی بیانی، کاتێك کە باس لە خزمەت گوزارییەکان دەکرێت مەرج نییە ئەو دەزگایە تەنیا خەدەمی بێت، دەزگا هەیە سەرمایەدارییە، دەزگا هەیە ئیستیسمارییە، خاصەتەن ئێمە باسی کەرتی تایبەتیشمان کردووە لەبەر ئەوە مەرج نییە ئیلا خەدەمی بێت، لەبەر ئەوە بڵێین بەپێی پێویستی چالاکییەکانی ئەو دامەزراوەیە ئازادە، ئیتر زمانی بەکارهێنەران نەکەین بە مەرجێك لە زمانی بەکارهێنەراندا، واتە سیغەکە، سیغەی نیهائی بەو شێوەیەی لێ بێت (هەموو دامەزراوەکانی جگە لە کەرتی گشتی لە بەینی دوو کەوانە (کەرتی تایبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنێت، بەکارهێنانی زمانی بیانی بەپێی چالاکییەکانی ئەو دامەزراوەیە ئازادە)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت، دەتوانی ئەو پێشنیارەی کە نووسیوتە بیدەی بە لیژنەی یاسایی، لیژنەی ڕۆشنبیری، بەڕێز کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاک (عمر عینایەت) و کاک (سالار) دەکەین، ئەوەی کاک شێرکۆ دەڵێتن کۆمەڵگای مەدەنی ناچێتە بابەتی بازرگانییەوە، کۆمەڵگای مەدەنی چالاکییەکی ئینسانی غەیر ربحییە بە هیچ شێوەیەك ناچێتە بابەتی بازرگانییەوە ئەمە ناکرێت لێرەدا شوێنی بکرێتەوە بەڕەئی ئێمە، تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە کە گوتت کۆمپانیا و لێرە دامەزراوە خزمەت گوزارییەکانی کەرتی تایبەت پێویست ناکات بڵێی ئەوانەی کەرتی گشتین ئەوانە بێنێت لەبەر ئەوەی تەحدید بازرگانییە و، تەحدیدیش کراوە کەرتی تایبەتە و، کۆمپانیاشی ڕێکخراوە کە لەسەر قسەی کاک (عمر) ئەوەی کە سیاغەکەی کراوە وەکو کاك (سالار) گوتی پەسەندە لای ئێمە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، لیژنەی ڕۆشنبیری، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا من یەك تێبینیم هەیە، تێبینیەکەم ڕەنگە زۆر پەیوەندیداریش نەبێت بە لیژنەکەوە، قسەکردن لەسەر بەکارهێنانی زمانی بیانی لە ئێستادا ڕەنگە جۆرێك لە جەدەل دورست بکات لایەنی کەم ڕەنگە بەڕێزان تورکمانەکان بڵێین ئەوانی تر یان مەسەلەن عەرەبی ئەمانە، ئێمە لە جیاتی ئەوەی لەم هەموو جەدەلە دەربچین بەم شێوەیەی لێ بکرێت (بەکارهێنانی زمانی دیکە بەپێی پێویستی چالاکی و زمانی بەکارهێنەران ئازادە) خۆمان لە جەدەلی بیانی و نابیانی دوور بگرین، یەعنی مەجالی تێدایە، سەبارەت بە ئیعادەی سیاغەو دەمج کردنی ماددەکان لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسەمان کردووە منیش بەهەمان شێوە لەگەڵ دەمج کردنی بەعزێك لەو ماددانەم، بەڵام هەمووی لەیەك ماددەدا نە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیەو ڕەئیەی بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فائق، لە لیژنەی یاسایی فەرموو دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە هاوبەشەکان بڕیاریاندا ماددەی (١٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئەو ماددانەی کە بە دوای ئەودا دێت، کە ماددەی (١٨،١٩،٢٠) ئەوانە دەمج بکرێن، بەڵام وەکو (مبدأ) ماددەی (١٤) لەگەڵ وەرگرتنی پێشنیارەکان لەبەر ئەوەی زۆربەی پێشنیارەکان بەجێ بوون دایدەڕێژینەوە ئەو ماددەیە پێمان باشە بدرێتە دەنگدان ئینجا کار بکەین لەسەر دەمج کردنی ئەو سێ ماددەیەی کە بە دوای ئەودا دێتن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆرە ڤالا سەرۆکی لیژنەی یاسایی، خاڵێکی نیزامی هەیە فەرموو بەڕێز خاتوو شیلان.

**بەڕێز شیلان جعفر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێت لەگەڵ دەمج کردنی ماددەکان ماددەی (٢٣)ش، چونکە ئەویش هەر پەیوەستە بە هەمان ماددەکانی پێشوو ترەوە، ئەویش دەمج بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕەئیە، بەڕێز خاتوو پەروا خاڵی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دەمج کردنی ماددەکان زۆر جار بەڕێزان ئیشارەت بەوە دەدەن کە لیژنەکان بڕیاریانداوە لەسەر ئەوەی کە ماددەکان دەمج بکرێت بەمەرجێك هێشتا هەندێکیان نەچۆتە دەنگدانەوە، کە خۆی پێویستە لە ڕێگەی دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کاك (فرحان) بە تەواوەتی لەمن تێنەگەیشتیت، من نەموت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بازرگانین، من وتم لێرەدا دەبێت باس لەوە بکەین کە جگە لە کەرتی گشتی تەنیا کۆمپانیا و کەرتی تایبەت نییە، ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیمان هەیە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیمان هەیە، ئەم ماددەیە دەیەوێت ئەو ئیشکالیەتە عیلاج بکات بە تەصەوری من، کە دەبێت موشکیلەی زمان حەل بکەین بۆ ئەوان لە بەرئەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و، کەرتی تایبەت و، کۆمپانیاکان دەبێت لەم ماددەیەدا جێیان بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت بۆ ئەو روون کردنەوەیە، بەڕێز کاك دکتۆر نوری تاڵەبانی ئەگەر ڕەئیەکت هەبێ لەم بارەیەوە؟، ڕەئیت نییە، سوپاسی جەنابت دەکەین، ئێستا دەرفەت بە لیژنەکان دەدەین لیژنە پەیوەندیدارەکان کاتێکیان پێدەدەین بۆ ئەوەی دووبارە سیاغە بکەن، کردووتانە؟ ئێستا دەیخوێننەوە؟، خاڵی نیزامیت هەیە بەڕێز خاتوو گەشە؟ فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە ڤالاّ پێشنیارێکی کرد کە ماددەکان یەك بخرێن، جارێ دەبێت ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە کە ماددەکان یەك بخرێن یان نا .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنە هاوبەشەکان تەنیا پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە ماددەی (١٤) بەدەستکاریەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە دوا جار لەسەر پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەی (١٨،١٩،٢٠) کە بە دوایدا دێت ئەو ماددانە دەمج بکرێن پێکەوە، بەڵام ئەو پێشنیارەی کەهی ئەندامانی پەرلەمانە دەدرێتە دەنگدان و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان یەك لای دەکەنەوە ئایا بکرێت بە یەك ماددە یاخۆد نا؟، ئەمە تەنیا تەئید بووە بۆ پێشنیارەکە لەبەر ئەوەی بڕیاردان بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، ماددەی (١٤) بەو شێوەیە لیژنە هاوبەشەکان دایان ڕشتووە و زۆربەی پێشنیارەکان بەجێ بوون و وەرگیراون، پێویستە گشت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت زمانی کوردی بەکاربێنن، بەکارهێنانی زمانی بیانی بەپێی پێویستی خزمەتگوزاری و زمانی بەکارهێنەران ئازادە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لەگەڵیەتی با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟ (٥٠) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟، (١) کەس لەگەڵی نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دوو خاڵی نیزامیمان هەیە، بەڕێز کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی (دەبێت) لەگەڵ (پێویستە) فەرقی هەیە، (دەبێت) بە قوەترە، ئیلزام ترە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ سیاغە دەتوانن دواتر سوودی لێ ببینن، سوپاس، بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی ماددەی (١٨) و ئەوانی تر کرا کە دەمج بکرێن، ماددەی (١٨) ئۆتۆماتیکی نامێنێت، چونکە هاوشێوەی ماددەی (١٢)یە کە لا براوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە، دوایی لە ماددەی (١٨) دەتوانن ڕەئی خۆتان لەسەر بدەن، بەڕێز مەلا أنس فەرموو.

**بەڕێز أنس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە دەنگ لسەر هاتە دان، بەلێ ل ڤێرێ لەفزا بیانی ئەرێ ئیشکالیەتێ بۆ مە دورست ناکەت ژبلی زمانێ کوردی مەعنا دڤێ فەقەرەیێ دا ژبلی زمانێ کوردی هەمی زمانێت دی بیانی نە، مەعەلعیلم مە تورکمانی یا هەی، سریانی یا هەی، ئەڤێت دی نا حیسابین بیانی، چونکە هەر خەلکێ مەنتەقێ بخوەنە، ئەز نزانم کا ئەڤ ئیشکالیە لایێ لیژنا قانونی چاوا دێ هێتە حەل کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ڕەئیا بەڕێز مەلا انس دۆسکی، دکتۆرە بەهار روون کردنەوەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەم ماددەیە دەنگی لەسەر درا، بەس بۆ عیلاج کردنی ئەوەی کە بەڕێز کاك (أنس) فەرمووی ئەوە ئێمە ماددەی (٢٥) مان هەیە، ماددەی (٢٥)، یەعنی هەمووی هەر چ ئیمتیازێك ئێمە لە هەموو ناو یاساکە باسمان کردووە بۆ زمانی کوردی ماددەی (٢٥) دەیدا بە زمانەکانی پێکهاتەکانی تریش، بەس ئەم ماددەیە تایبەتە بە، یەعنی کەدەڵێین زمانی ئەجنەبی مەبەستمان لە زمانی ئەوانەیە کە لە پێکهاتەی کوردستاندا نین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روون کردنەوەی دکتۆرە بەهار، بەراستیش ئەو وشەیە راستە، وشەی بیانی پێشتریش باس کرا بوو، ئاماژەی پێکرا، دکتۆرە (ڕێواز)یش باسی لێ کرد، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆیە موناقەشە ناکرێت، ئێستا دەچینە سەر ماددەی (١٥)، کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە بە پێی پەیڕەو ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە سەر ئەو ماددەیە، بەڵام مدام ئیشکالی دەستووری هەیە و تێڕوانینەکەش لە لایەن پەرلەمانتارانەوە عەرز کرا بە تایبەتی لە ڕێگەی نوێنەری لیژنەی پەروەردەوە و دکتۆر (أنس)یش ئاماژەی پێکرد، دەکرێت لە سیاغە کردنەوە زمانی بیانی بگۆڕن بە زمانی دیکە هیچ ئیشکالێك نییە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە، دەکرێتن لە سیاغە کردندا چارەیەکی بۆ پەیدا بکەن دەنگی لەسەر دراوە بچنە ماددەی (١٥) ، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پێشنیار کرا لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سێ بەڕێز لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد کە ماددەی (١٨) کە دەبێتە ماددەی (١٥) و ماددەی (١٩) کە (١٦)یە و ماددەی (٢٠) لەگەڵ ماددەی (٢٢) و (٢٣) دەمج بکرێتن، واتە هەموویان بکرێن بە یەك مادده، لە یەك مادده دا کۆ بکرێنەوە، ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئێمەش سیاغە بکەینەوە، دەمج کردنەکان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیمان هیە با ئەو نوقتە نیزامیانە وەربگرین ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارەی دەکەمەوە کە ماددەی (١٨) جیایە لەوانەی تر، ماددەی (١٨) و ماددەی (١٢) یەك ماددەن، ماددەی (١٢) نەما بۆ ئەوەی فەرز نەکرێت لە دامەزراندن کە دەبێت زمانی کوردی بزانێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای روون کردنەوە لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لێرەدا هاتووە، لە ماددەی (١٥) بۆ دامەزراندن و کار کردن بە عەقد لە کار و بازرگانی، واتە لە کۆمپانیا تایبەتەکان، بۆیە ئێمە لێرەدا زمانی کوردی زیاتر دەرفەت دەدەین بەوانەی کە زمانی کوردی دەزانن بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیانە ئیحتیکار نەکەن کارەکان بەو کارمەندانی کە خۆیان دەیانەوێت، بەلکو زیاتر دەرفەتی کار بڕەخسێنین بۆ کارمەندانی ناوخۆ، هەدەف لێرە لە دانانی ئەو ماددەیە لەو فەصڵە بیزات ئەوەیە کە دەرفەتی کار بۆ هاونیشتمانیان و هاووڵاتیانی خۆمان بڕەخسێنین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روون کردنەوەی بەڕێز دکتۆرە ڤالا، سەرۆکی لیژنەی یاسایی، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك کەنعان؟ فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین ((حاجی كاروان)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببووره خاڵی نیزامیم نییە، بەس ویستم دەرفەت بدەن بە لیژنەی یاسایی بۆ ئـەوەی سیاغەیەك بكەن بـۆ ڕێكخستن یان یەكخستنی ئەو چوار خاڵە ئەگەر بكرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

با دەنگی لەسەر بدرێت ئینجا داوای سیاغەیان لێ دەكەین، ئەوەی لەگەڵە ئەو(٥) مـاددەی ئامـاژەی پێكـراوە (١٨،١٩،٢٠،٢٢،٢٣) دەمج بكرێن لە یەك مادده دا با دەستی خۆیان بەرز بكەنەوە ئەوی لەگـەڵ دەمجـە ، دەمـج كردنـی (٥) مـاددە ، لیژنـەی یاسایی دووبـارە ئـەوەی داواتـان كـردووە دووبـارەی بكەنـەوە. ڕوونكردنـەوەت هەیە؟ بەڵێ فەرموون، كاك عادل ڕوونكردنەوەی هەیە؟

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر ماددەی ﴿١٢﴾مان لابرد كە حەق بـە هـەموو هاووڵاتییـەكی كوردسـتان دەدات لـەو دامەزراوانـە یان لەو شوێنانە یان لە كەرتی تایبەت یان لە كەرتی حكومی كە بچێت دابمەزرێت و ئەولەوییەت بـۆ ئـەوە بێت كە خەڵكی هـەرێمی كوردسـتانە و كوردی بزانێت، ئێمـە لـە هـەرێمی كوردسـتان ئەمـە پێچـەوانەكەی ڕاستە بەڕێزان، كە كۆمپانیایەكی ئینگلیزی دێت، ئەوەی ئینگلیزییەكەی باشتر بێت لـە كوردییەكـەی هـەلی كاركردن بۆ ئەو زیاتر ڕەخساوە، لەبەر ئەوە مـن پـێم وایـە ئـەو ماددەیـە بمێنێتـەوە و دەمـج نـەكرێت، بـۆ ئەوەی وەكوو ماددەی ﴿١٢﴾مان بەسەر نەیێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ڕوونكردنەوەی كاك عادل، دیارە ڕوونكردنەوەیەكی ترمان هەیە لە لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، فەرموو د.جوان،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارەی ناكەمەوە، هەمان ڕای كاك عادلم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ڕوونكردنەوەی د. جوان، لیژنەی یاسایی باسی دەمجتان نەكردووە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەمجكردنەكـەدا نـین، ئـەو هـەموو ماددەیـە پێكـەوە دەمـج بكـەین، بـەڵام ئەگەر دەنگی ئەندامانیش لەسەر بدرێت دەتوانین سیاغەی بكەینەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە موناقشەی ماددەی﴿١٥﴾، موناقشەکە با تەواو بکەین، لە سێ کەس زیاتر داوای دەمجیان کردبوو با بیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی لەگەڵ دەمجە با دەستی بەرز بکاتەوە، ﴿٢٣﴾ کەس لەگەڵدایە، ئەوەی لەگەڵدا نییە دەستی بەرزبکاتەوە، ﴿٢٣﴾ کەس لەگەڵدا نییە و ﴿٢٣﴾ کەس لەگەڵدایە، ﴿٢٤﴾ کەس لەگەڵ دەمجدایە، منیش لەگەڵ دەمج نیمە، چونکە ﴿وحیدە خان﴾ پێشتر ئامادەی بابەتەکە نەبوو، ڕوونکردنەوەیەك لەلیژنەی یاسایی لەم حاڵەتەدا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگی سەرۆك یەکلایی دەکاتەوە، دەنگی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێرە بە دوو دەنگ هەژمار دەکرێت بۆیە دەمج ناکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامی مان هەیە، کاك سالار فەرموو،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم حاڵەتەدا، لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەکان جیاکراونەتەوە، کەواتە دەمج ناکرێن هەر وەکو ﴿د. ڤالا﴾ ئاماژەی پێدا دەنگی سەرۆك بە دوو دەنگ هەژمار دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە سەر ماددەی ﴿١٥﴾ کە لێرەدا بە ماددەی ﴿١٨﴾ هاتووە، فەرموون ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (١٨) دەبێتە ماددەی (١٥):**

بۆ دامەزراندن، یان کارکردن بە ڕێکەوتن لە هەر شوێن و کارێکدا، ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی دەیانەوێت موناقشەی ئەو ماددەیە بکەن؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف /سکرتێری پەرلەمان:**

کەرتی یەك ﴿سالار محمود، صالح فەقێ، ئاواز جەنگی، مریم صمد﴾ کەرتی دوو ﴿د. سراج، کاك تحسین﴾ کەرتی سێ ﴿ئومێد حەمە، پەروا عەلی، زولفا محمود، عمر عینایەت، د. شێرکۆ، شێرکۆ جودت﴾ کەرتی چوار ﴿د. شوان قەڵادزەیی، عبداللە محمود، یروانت نیسان، د. سروود﴾.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی ﴿15﴾ کە لێرە بە ماددەی ﴿18﴾ هاتووە، کاک سالار فەرموو،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، من جۆرێك لە توندی لە داڕشتنەوەیدا دەبینمەوە، دەبێت واقیعی کوردستان لەبەر چاو بگیرێت، ئێمە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوە، فرە ئاین، فرە مەزهەبین، ئەم بابەتە پەیوەندی بە زمانی فەرمی هەیە ئێمە تەتەروقمان کردووە بۆ کۆمەڵێك سێکتەر، کە شوێنی ئەم یاسایە نییە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی کار و کار بۆ دوزینەوە هەیە، یاسای کار هەیە لە کوردستان و دەتوانێت چارەسەری بکات و ئەوەی پەیوەندی بە دامەزراندن و خزمەتەوە هەیە دەکرێت لە یاسای خزمەتی مەدەنی یان یاسای ڕاژە چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەم بابەتە پێم وایە ئیجحافی بە حەقی پێکهاتەکانی تری کوردستان، جارێکی تر ناچینەوە سەری و ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی، بە فەرمێتی کردنی ببەینە ئاستی کولتوور و ئەدەب و رۆشنبیری و فکر و زمانی دەوڵەت، دەکرێت لە زۆر بواری تر کار لەسەر ئەمە بکەین نەك بە سەپاندن، ئێمە لە بیرمان نەچێت هەندێك جار لە ڕێگەی بڕگەیەکی یاساییەوە ناتوانین حەقی ئەو ئیجحافەی بە حەقی ئەو زمانەی کراوە وەربگێڕێتەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم بەم سیاغەتە دابڕێژێتەوە تەنیا زمانی کوردی، هەر چۆن زمانی کوردستانییان لەبەر چاو دەگیرێت لەبەر چاو بگیرێت، بەڵام تەنیا زمانی کوردی نەبێت یان ئەسڵەن ئەو ماددەیە لابرێت، ﴿کاک تحسین﴾ لە قسەکانی پێشوویدا ئاماژەی بەوە کرد ماددەی ﴿12﴾ هاوشێوەی ئەم موحتەوایە بوو، لادرا، بۆیە من ئەمە بە شتێکی زیادە دەزانم و ئیزافەیەك ناخاتە سەر بە فەرمی کردنی پرۆسەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاک سالار، کاک سرود فەرموو،

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی ﴿کاک تحسین و کاک سالار﴾ دەکەم کە ئەم ماددەیە بە یەکجاری ئیلغا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زولفا خان فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم سیغەیە زۆر تەواوە و غەدرێکی زۆر گەورەمان لەخەڵکی هەرێمی کوردستان کرد بە لابردنی ماددەی ﴿١٢﴾، ئێمە کەسەیر بکەین لە نەخۆشخانەکان، خەڵك خەریکە روو ناکاتە نەخۆشخانەکان، لەبەر ئەوەی کە دکتۆرەکان عەرەبەن نە ئەو لە نەخۆشەکان تێدگات و نە نەخۆش لە دکتۆر تێدەگات، کە سەیری زانکۆ و پەیمانگاکانمان بکەی چەندین پسپۆرمان هەیە کە ماستەر و دکتۆرایان هەیە دانامەزرێن،بەڵام چەندین مامۆستای عەرەب هاتووە کە چەندین قوتابی ئیستیفادەی یەك نوقتەی لێ ناکات، لە کەرتی تایبەتیش بە هەمان شێوە دەبێت، پێم وایە بە عەقد دامەزراندن یان لەمەودا وەکو خۆی بمێنێتەوە هەم رێژەی بێکاری کەم دەکەینەوە و هەم کەمە نەتەوەییەکان رێزم هەیە بۆیان کە لە کوردستاندان، ئەو برادەرانەی کە لێرەن هەموویان کوردی دەزانن و پێویستە هەر کەسێك لە هەر وڵاتێکی جیهان نیشتەجێ بێت دەبێ زمانی ئەو وڵاتە بزانیت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. سراج فەرموو،

**بەڕێز د. سراج احمد حەمەدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مادەیە مەبەستی زیاتر، ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن زمانی کوردی نازانن، بە راستی لە ماددەی ﴿١٨﴾دا دەرفەتی زیاتر دراوەتە ئەوانەی کە زمانی کوردی دەزانن و قسەی پێدەکەن، بەڵام ئەوانی تر دەرفەتیان پێنادرێت، بە رای من دەبوایە لیژنەی تایبەت هەوڵی زیاتر بدابایە و شوێنێکیان لەم ماددەیە بۆ ئەو کەسانە بدۆزیبایەتەوە کە زمانی کوردی نازانن، بەڵام لە هەمان کاتدا زانا و شارەزا و بلیمەتن لە بوارێکی تایبەتدا، لە سێکتەرێك لە سێکتەرەکان خزمەتێکی بەرچاو بە پسپۆری خۆیان و خەڵکی خۆمان دەکەن، لەوانەیە خەڵکی ئێمە نەتوانێت لەم شوێنانە کار بکات بۆ نموونە، بە دەیان کۆمپانیا و کارگەی زەبەلاح لە کوردستان کار دەکەن پسپۆری بیانیان بۆ هاتووە و عەقدیان لەگەڵ کردووە و وەکوو شارەزا کاری بۆ دەکەن، بە دەیان زانکۆی ئەهلی مامۆستای عەرەب و بیانی تیایاندا وانە دەڵێنەوە، بە دەیان ئەندازیار و پزیشك و بیرمەند لەم وڵاتە بە گرێ بەست کار دەکەن یەك وشەی کوردیش نازانن، بەڵام کارێکی بەرچاو پێشکەش دەکەن و خزمەتێکی زۆری وڵات دەکەن، دەکرێت ئەوانە بەرێ بکرێن؟ بۆ نموونە شاری دۆبەی دەهێنمەوە، ﴿٥٠٪﴾ی خەڵکی ناو شاری دۆبەی خەڵکی ئەو شارە نییە و لەو ﴿٥٠٪﴾یەش، ﴿٥٪﴾ی عەرەبی نازانن، زۆرترین خزمەتیش بە خاك و خەڵکی ئەوێ دەکەن، لێرەدا حەقە لیژنەی یاسایی لەگەڵ رێزم بۆ هەوڵ و ماندووبوونیان، بەڵام دەبێت بەهەر جۆرێك بێت مەجالێك بۆ ئەو کەسانە بێڵنەوەکە شارەزا و بلیمەت و پسپۆرن لە بوارێکی تایبەتدا ئەگەر بێت و کوردیش نەزانن، بەڵام لەوانەیە

لە بوارێك لە بوارەكان خزمەتی خەڵكی خۆمان بكەن تایبەت لەو رۆژگارەدا پێویستیمان بە بونیادنانەوەی وڵاتە لە زۆربەی بوارە جیا جیاكاندا، دەستتان خۆش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك صاڵح فەرموو،

**بەڕێز سالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە بە رەچاوكردنی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و رەچاوكردنی هەندێك لە پسپۆرییەكان ئەم ماددەیە لەسەر ئەمری واقیع ناتوانرێت جێ بە جێ بكرێت و تەفسیلی زۆر هەڵدەگرێت و پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە لابرێت و نەمێنێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من هیچ كەسێك لە هیچ وڵاتێك ناتوانێت كار بكات ئەگەر زمانی ئەو وڵاتە نەزانێت، لە ماددەكەشدا روون نییە دامەزراندنەكە مەبەستی كەرتی تایبەت و گشتییە یان كەرتی تایبەتە، چونكە وازح نییە لە ناو ماددەكە، بۆیە باشترە هەر كەسێك لەم وڵاتە كار بكات پێویستە زمانی كوردی بزانێت و ئەوانەی كە باس لەمەدەكەن دكتۆر لە جنوبەوە هاتووە و لێرە كار دەكات، ئەوانە لەبەر چاوی خەڵكی كورد نەهاتوونەتە ئێرە، ئەوانە نازیحن لە وڵاتی خۆیان شوێنیان نەبۆتەوە هاتوونەتە ئێرە و لێرەش سەرباری ئەوەی فێری زمانی كوردی نابن لە هەندێ شوێن ئیهانەی قوتابی كوردیش دەكەن، لەبەر ئەوە من پێم باشە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بەڕێزان بۆیان دەنێرم لە خزمەت لیژنەی یاسایی و لیژنە تایبەتەكانی، كاركردن بە شێوەی دامەزراندن یان گرێ بەست لە كەرتی تایبەت و گشتی دەرفەتی زیاتر بەو كەسانە دەدرێت كە شارەزان لە زمانی كوردیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئەگەر زەحمەت نەبێت ئەوەی نووسیوتە بینێرە بۆ لیژنەی یاسایی، كاك تەحسین فەرموو،

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دووبارەی دەكەمەوە كە ئەم ماددەیە نەمێنێت و ئەگەر بمێنێت وای لێبكرێت بۆ دامەزراندن یان كار كردن بە رێكەوتن لە هەر شوێنێك و كارێكدا ئەوانەی خەڵكی رەسەنی كوردستانی عێراقن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یروانت فەرموو،

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم ئەوا عاملا، یاسایا ئیستسماریٚ دیٚ دەرئێخیت ئەگەر شەریکەکا موستەسمیر بهێتە ئێرە ئەمریکی بیت ئەگەر ﴿٥٠٪﴾ موهەندس بیت، چ ئیلتیزام لسەر موهەندسی ناکەت بێژیێ وەرە ئەرمەنی یان کوردی بخوینە یان فێرە ڤی شۆلی بی، یان مەعمەلەکا ئینتاج بیت ئیلزام ناکەی لسەریٚ، قانونا ئیستیسمار یا هەی دبێژیت هندە عاملێت تە یێت مەنتەقیٚ بن و قانونا عەمەل و زەمان ئیجتیماعی دیٚ تە مولزەم بکە لسەر ڤی تشتی، و ب رەئیا من ئێك کۆمپانیایەکیٚ ڤەکەت و مولزەم بیت و پرۆفیسۆرەکیٚ ل عەردەکیٚ بینیت چ جاران ناهێت فێری زمانیٚ ئەرمەنی یان زمانەکیٚ دی بیت وەکی خۆ، چونکی ئەز ئەرمەنیمە دبێژم، ئەڤە نە دگەلٚ هندیٚ یە و ئەز دگەلٚ هندیٚ مە بهێتە راکرن و چ خزمەتا مللەتیٚ مە ناکەت، چونکو تۆ عاملیٚ دی فەرز ناکەی بێت و ئەویٚ موحتاج وەك پرۆفیسۆر یان هەر دەرەجەیەکا علمی بیت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالله فەرموو،

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من لەبەر ئەوەی دەرفەتی تێدایە و ﴿ئیلزام﴾یشی تێدا بێت باشترە، من لەگەڵ ئەوەدام ماددەکان بکرێن بە یەك و ئەگەر نەکرێن بە یەك ناوەڕۆکی ئەم ماددەیەش بمێنێتەوە وەکو خۆی، ئیلزامی تێدا نییە لە پێشەوە دەڵێت خۆی، لە پاشەوە دەڵێت دەرفەت، دەبێت پێویستییەکی لەگەڵدا بێت، دەبێت بۆ دامەزراندن نا، پێویستە بۆ دامەزراندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاواز خان فەرموو،

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لەم ماددەیەدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ماددەی ﴿١٢﴾، زمانی کوردی زمانی سەرەکی و فەرمییە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێموایە لە جیٚ بە جیٚ کردنی ئەم ماددەیە دەرفەتی یەکسان دەرەخسێت بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان و هەلی کاریان بۆ برەخسێت و پشتیوانی ﴿کاك تحسین و زولفا خان﴾ دەکەم، زۆر جار لە زانکۆ و پەیمانگەکان و لە نەخۆشخانەکانیش بە راستی خەڵکی هەرێمی کوردستان تووشی گرفت دەبنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لەویٚ کاردەکەن زمانی کوردی نازانن، کەواتە پێویستی بەوە هەیە وەرگێڕێك لەگەڵ خۆی ببات ئەگەر نەخۆشێکی ئێمە بچێتە ئەو

نەخۆشخانانەی کە زۆربەی هەرە زۆری کارمەندانی زمانی کوردی نازانن، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی ئەوان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێدەکەم، مادەم ئەم یاسایە بۆ زمانە، پێویستە هەمو کێشەکان ئەوەی پەیوەندی بە زمانەوە هەیە لێرە چارەسەر بکرێت، با روون بێت ئێمە ئەو یاسایە بۆ ئەوە نییە و ئەو ماددەیەش بۆ ئەوە نەوتراوە کە دەبێت ئەم خەڵکانە ببن بە کورد، دەڵێت کوردی بزانن، هەروەکو چۆن هەر یەکێك لە ئێمە بۆ ئیش و کار و ژیانی خۆیان سەردانی وڵاتانی کردبێت، من خوێندنم لە وڵاتانی تر کردووە، یەك ساڵ زمانی ئەو وڵاتەم خوێندووە، ئینجا ڕێگەم پێدراوە بچمە زانکۆکانیان بخوێنم، ئەمە زۆر زۆر ئاساییە، لێرە ناڵێت دەبێت ئەمانە ببن بە کورد، بۆیە هیچ عونسوریەتێکی تێدا نییە، بۆچی لێکدانەوەکان بەو ئاقارەمان ببات کە تووشی ئیشکالمان بکات، بە رای من ئەو ماددەیە ئێکجار گرنگە و دەکرێت شتێکی دیکەشی بۆی زیاد بکرێت، بۆ دامەزراندن یان کار کردن بە ڕێکەوتن لە هەر شوێن و کارێکدا ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر بێت، حەز دەکەم وردەکاری ئەو مانایانەی کە لە پشتی زمانەوە هەیە پێویستە تەماشا بکرێت، دەڵێت دەرفەتی زیاتری هەبێت، ناڵێت تەنها دەرفەت بۆ ئەوان بێت، ئەمە زۆر جیاوازە، دەرفەتی زیاتریان هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسانەی کە کوردی دەزانن تەواو بوون، بێگومان دەرفەت بۆ ئەوانیش هەیە، ناڵێت تەنها دەرفەت بۆ ئەوانە، بۆیە زۆر ئاساییە تۆزێك وردەکاری زیاتر و چڕبوونەوەی زیاتر لە تێگەیشتن لە وشەکان، ئەوەی کە بۆی زیاد دەکرێت ئەمە بێت، ئەوانەش کە نازانن و لە ماددەیەکی تریش ئەو پێشنیارەم کرد بە داخەوە لابرا، ئەوانەی کە نازانن دەرفەتی فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن حکومەتەوە بۆی برەخسێنرێت، ئەمە چۆن ڕێکی دەخەن لە لیژنەی یاسایی بۆ خۆتان ئازادن، حەز دەکەم ئەمەش بڵێم ئێمە لەسەر هەندێ قسە کە نموونەی وڵاتانی تر دەهێنینەوە دانیشتووانیان و ئەو کۆچبەرانەی لەوێن، بەڵام کێشەیەکی گەورەی ئێمە ئەوەیە، ئێمە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتین، نەك هەر بوونێکی مەعنەوی زمان و کلتوور و هەموو رەهەندەکانی تری، بەڵکو زۆربەی جار و لە ئێستاش بوونی فیزیکی ئێمەش لەبەردەم هەڕەشەدایە، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی کیان و دەوڵەتی دانپێدانراوی خۆیانن جیاوازە، مەسەلەن وڵاتی ئەڵمانیا کۆچبەری ئێکجار زۆری تێدایە، بەڵام وڵاتی ئەڵمانیایە و دانپێدانراوە و زمانەکەشی زمانی رەسمییە و لەوێ کار بکەی و بخوێنی پێویستە زمان فێر بی، بۆیە لەم روویەوە با ئاسایی بێت هیچ خەلەلێکی تێدا نییە و لەگەڵ ئەوەدام وەکو خۆی بمێنێت و ئەو برگەیەی بۆی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە دامەزراندنە و بابەتێکی ئابوورییە، ئێمە لە بابەتێکی ئابووری مەرجێکی زمانەوانی دادەنێین کە لێرەدا نایەکسانی لە دەرفەتی بەدەستهێنانی کار دروست دەکەین بەدەستی خۆمان کە ئەمە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤە وەکو پێشتر باس کرا، لە بڕی ئەوەی کە زمانی کوردی حەسر بکەین کە بە بڕوای من زمانی کوردی بەمە تەسبیت ناکرێت کە ئەوانەی بە دوای هەلی کار دەگەڕێن ئیلزامیان بکەین کە دەبێت زمانی کوردی بزانن، بەڵکو بڵێین دانیشتووانە رەسەنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە ساکنی ئەسڵیی هەرێمی کوردستانن هەلی یەکسانیان هەبێت نەك ئەوەی کە حەسریان بکەین بە زمانی کوردی، دەتوانین بڵێین ئەم مەرجە حەسر بکەین بۆ ئەوانەی کە بیانین و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دێن بۆ دامەزراندن پێویست بکات فێری زمانی کوردی بن، بەڵام بۆ تورکمانێك یان کەسێکی تر کە زمانی غەیری کوردی هەیە ئێمە بە چ حەقێك ئەولەویات بدەین بۆ وەرگرتن لە هەلی کاردا بۆ خاوەن زمانی کوردی و پرسیارێکی تر، بەرامبەر بە لاڵەکان ئەوانەی کەزمان بەکار ناهێنن ئەوانەش بەشەر نین نابێت هەلی کاریان دەست کەوێت، هی وایان هەیە زۆر بە توانا و عەبقەرییە کە بە زمانی لاڵەکان فێر بووە و ئەمە چۆن ئیلزامی دەکەی کە دەبێت زمانی کوردی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بچێت هەلی کارێکی دەست کەوێت؟ لەبەر ئەوەی لە چەند بنەمایەکدا تەعاروز دەکات، بۆیە بە بڕوای من پشتیوانی لە رای ﴿کاك سالار و کاك تحسین﴾ دەکەم، ئەم بڕگەیە پێویستە لابرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مریم خان فەرموو،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ پێشنیاری بەڕێز ﴿ئومێد حەمە عەلی﴾ و پشتیوانی لە قسەکەی دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاسن پەروا خان فەرموو،

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا، زۆر سوپاس، پشتگیری لە ﴿کاك عمر عینایەت و کاك ئومێد حەمە علی﴾ دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمير ﴿د. شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێویستە ئەوانەی كە زمانی كوردی دەزانن دەرفەتی زیاتریان بۆ برەخسێت كە دابمەزرێن، بەڵام یەكێك لەهەمان كاتدا زمانی كوردی دەزانێت، بەڵام بەرامبەرەكەی بیانییە مەرجەكان بۆ ئەو دامەزراندنە لەو دەزگایە لەودا زیاتر بەدی بكرێت، ئەگەر ئەمەی بۆی زیاد بكرێت لە كاتێك كە مەرجەكانیان یەكسان بوون، ئەوەی كە زمانی كوردی بزانێت ئەفزەلییەتی زیاترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. شێركۆ فەرمووو،

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كاتی وتووێژ لە لیژنەكاندا، زۆر باسی ئەم بابەتە كرا، تكام وایە بە هیچ شێویەیەك وا لێكنەدرێتەوە كە ئەمە رەگەزپەرستی و ئەو بابەتانە دەیهێنێتە ئاراوە، داوا دەكەم لە لیژنەی یاسایی روونكردنەوەی زیاتر بدەن، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆكۆلیشدا قسەكان تۆمار بكرێت كە پەیوەندی بەمەوە نییە بە هیچ شێوەیەك و بە دڵنیاییەوە مەبەست لەو كەسانەیە كە لەدەرەوەی عێراق یان هەرێمی كوردستان بە لایەنی كەم دێن كێبڕكێ دەكەن لەگەڵ ئەوانەی لەناو هەرێمی كوردستاندا دانیشتوانی رەسەنن، ئەو كات من بۆ خۆم نموونەم هێنا كە كۆمپانیا هەیە كەسی هێناوە دوو ئەوەندی كەسێكی ناو كوردستانی دەداتێ و من دڵنیام كەسەكەی ناو كوردستان زۆر باشتر دەتوانێت ئیشەكەی بۆ بەرێوە ببات، ئێمە رۆژانە مامەڵە دەكەین لەگەڵ كێشەی هەلی كار لە هەرێمی كوردستاندا، هەم ئەو یاسایەی كە بۆ وەبەرهێنان لە كاتی خۆی دانراوە لە هەرێمی كوردستان زۆر خراپە، دیاری نەكردووە لەوەی كە چەند پێویستە ئەو كۆمپانیانە دەستی كاری ناوخۆیی بەكار بێنن، هەم زۆر مەرج و قەید و قیودی تر كە كۆمپانیاكان خۆیان دایانناوە، بۆیە ئەمە بە دڵنیایی پەیوەستە بەو كەسانەی كە لەدەرەوەی هەرێمی كوردستانەوە دێن كێبڕكێ لەگەڵ ئەو كەسانە دەكەن چ كورد بن چ غەیرە كورد بن، بەڵام دانیشتوانی رەسەنی هەرێمی كوردستانن لە مەسەلەی هەلی كاردا، هیچ ئەوە نییە بڵێی هەموو ئەوانەی كە كوردن، یان دەبێت ببن بە كورد، یان ئەگەر یەك قسەی كوردی نەكرد ئیشی بۆ نەدۆزرێتەوە مافی ئەوەی نەبێت لەم وڵاتە بژیت و بە هیچ شێوەیەك شتی وانییە و ئەساسەن بۆ ئەوەیە لە شوێنێك كە دەرفەتی هەبوو كە كەسێكی دانیشتوانی ئێرە لەگەڵ دانیشتووی دەرەوە لە یەك ئاستدا بن بگرە ئەوەی ئێرە باشتریش بوو، ئەوەی دەرەوە ئەفزەلییەت نەكرێت بەسەریدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، یەك نوقتەی نیزامی هەبوو، فەرموو كاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەكرێت بەو دیوە تەفسیر بكرێت كە ﴿علی اساس﴾ ڕەگەزپەرستییە، بۆ ئەوەی ئەمەشی پێوە نەبێت، بۆ دامەزراندن یان كاركردن بە ڕێكەوتن لە هەر شوێن و كارێك دا دەبێت زمانی كوردی بزانێت ئیتر ئەمە دەرفەتەكە زیاترە، كە تۆ وتت دەبێت زمانی كوردی بزانیت هەموو كێشەكە حەل دەكات لە ئەمریكا ﴿٤٠﴾ ملیۆن ئێرلەندی هەیە هەموو ناچارن ئینگلیزی بزانن، ﴿٤٠﴾ ملیۆنن، هاوڵاتی كوردستان هەر پێكهاتەیەك بێت پێویستە كوردی بزانێت ئەمە لەبەر خاتری كورد و ڕەگەزپەرستی نییە، بۆ ئەوەی دوور بی لە شەڕ و قڕە و زمانەكە بزانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرهاد ئەمە نوقتەی نیزامی نەبوو، ڕوونكردنەوە بوو، زۆر سوپاس، دوو بەڕێزمان ماون بەڕێز باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو یاسایە كە دەردەكەین،لە كۆی یاساكە سەرنج و تێبینیم هەیە كە لەبەر هەستیاری باسی ناكەم، بەڵام ئەوەی كە پەیوەندە بەو ماددەیە چ بە شێوەی ڕێنووسەكە چ بە شێوەی دیالێكتەكەوە دیاری بكەین، بەڵام ئەوەی كە گرنگە من لێرە باسی دەكەین ئەم ماددەیەیە، ئێمە كە یاسا دادەڕێژین بۆ ڕێكخستنی ژیانی خەڵكە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی، لێرەدا پەیوەندی تێكەڵكێشێك هەیە لەم یاسایەدا كە پەیوەندی بە ڕەهەندی ئابوورییەوە هەیە، ئێمە پێشتر یاسای وەبەرهێنانمان هەبووە كە ئەوە تەعاروز دەكات لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان، لە لایەكی تر لە ماددەیەكی پێشووتردا باسمان لەوە كردووە كە ئەو یاسایە نەك بۆ هەرێمی كوردستان، بۆ كوردستانی عێراقە، شوێنێك دەگرێتەوە كە ناوچەكانی كەركووك و دەشتی موسڵ و ئەوانەش دەگرێتەوە كە پێكهاتەی تری تێدایە، مانای ئەوە نییە كە پێكهاتەكانی تر ڕەت دەكاتەوە، بەڵام بوون و نەبوونی ئەم ماددەیە هیچ كاریگەری نابێت لەسەر چەسپاندنی بە فەرمی ناساندنی زمانی كوردی، من پێم وایە ئەگەر تەماشای واقیعی ئەمڕۆی كوردستان بكەین چ ئەو كرێكارانەی لە ماڵەكان، زۆربەی هەر یەكێكمان لە ماڵەوە كرێكارێكی هەیە كە زمانی كوردی نازانێت، بە تایبەتی كەرتی تەندروستی و شارەوانی كە زۆر كارمەندی تێدایە خەڵكی خۆمان كاری تێدا ناكەن، ڕێگریش لەمە بكەین و بیكەینە فەرمی، ئەمە بە دروستی نازانم، لە لایەكی تر زۆر لە برادەران باسی ئەوەدەكەن خۆمان دەپێوین بە وڵاتی ئەمریكا یان هۆڵەندا یان فەرەنسا، ئەوە واقیعەكەمان لە یەك جیاوازە لە ڕووی كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە بە تایبەتی كە ڕەهەندێكی ئابووری هەیە، ئێمە پێویستمان بە پسپۆڕ هەیە ئەو پسپۆڕە چۆن لەسەری ئەمە دەكەین؟ كە لە ئایندەدا لە كەرتی پیشەسازیمان بە تایبەتی شارەزای ئەوتۆمان نییە هەر كارگەیەك بێنینە كوردستان پێویستمان بە شارەزایی

هەیە، ئەمە چۆن بتوانین لەسەری بکەینە فەرز، دەبێت زمانی کوردی بزانێت؟ بۆیە لەم سۆنگەوە و لەم روانگەوە نامەوێت وردەکاری زیاتر بدەم هەرچەندە دەتوانم وردەکاری زیاتریش بدەم و بچینە ناوی، پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاسن کاک مەروان فەرموو،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین «مەروان گەڵاڵی»:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رام لەگەڵ ئەو برادەرانەیە کە دەڵێن ئەم ماددەیە لابچێت و ئەگەر بمێنێتیش پێشنیار دەکەم ئەوهای لێ بێت، بۆ دامەزراندن یان کار کردن بە رێکەوتن لە هەر شوێن و کارێکدا ئەگەر لە پسپۆری وەکو یەك بن، گرنگی بەوە بدرێت کە زمانی کوردی دەزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رایەکی تر بە نووسین بۆ ئێمە هاتووە لە لای «کاك دڵشاد شعبان» و دەیدەینە لیژنەی یاسایی و سوپاس بۆ ئەم رایە، ئێستاش روونکردنەوە لە لایەن د. بەهار،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، هەندێ پرسیار کرا کە ئەمە وازح نییە بۆ کەرتی تایبەتە یان کەرتی گشتییە؟ ئەمە بۆ کەرتی تایبەتە، چونکە ئەمە لە بەشێکدا هاتووە کە زمانی کار و بازرگانییە، سەبارەت بەوەی باسی قانونی خدمەی مەدەنی، خدمەی مەدەنی شمولی ئەمە ناکات، چونکە ئەمە هی کەرتی تایبەتە و ماددەی «١٢» هی کەرتی گشتی بوو، ئێمە پێمان وایە لابردنی ئەم ماددەیە ئەگەر وجودی ئەم ماددەیە وا لێکبدرێتەوە ئیجحاف بێت بە حەقی چەند کەسێك، ئەوا لابردنەکەی ئیجحافە بە حەقی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بۆیە ئێمە ئەم ماددەیە بە زەروور دەزانین کە بمێنێتەوە ئینجا ئێمە لەم ماددەیەدا فەرزمان نەکردووە کە هیچ کەسێك زمانی کوردی بزانێت و دەرفەتیشمان دانەختووە بۆ ئەوانەی پسپۆرن و لە پلەیەکی زانستی بەرزدان، چونکە ئێمە وتوومانە ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت، واتە ئەگەر تۆ دوو کەست هەبێت یەکێکیان پلەی شارەزایی و پسپۆرییەکەی زیاتر بێت هەرچەندە زمانی کوردیش نازانێت رێگەی پێدەدەی کەئیش بکات، بەڵام کاتێك کە تۆ دوو کەسی هاوتات هەبن لە هەموو مەرجەکانەوە، ئەوکاتە تۆ ئەفزەلییەت دەدەیە ئەو کەسەی کوردی دەزانێت، نازانم چ ئیجحافێك هەیە کە تۆ ئەفزەلییەت بدەیە هاووڵاتییەکی کوردستانی خۆت بە هەموو پێکهاتەیەکەوە، چونکە ئێمە نەمان وتووە کورد بێت، بەڵکو

وتوومانە کوردی بزانێت، دڵنیام هەموو پێکهاتە خوشەویستەکانی ناو هەرێمی کوردستان کوردی دەزانن، بۆیە ئێمە بوونی ئەم ماددەیە بە زەروور دەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روونکردنەوەکەت، د. ڕێواز روونکردنەوەی هەبوو،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان دانانی ئەم دەقە لە ناو یاساکەدا بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکەی ئەوەیە کە نیگەرانییەکی زۆر زۆر لە لای دەستی کاری هەرێمی کوردستان هەیە سەبارەت بەوەی کە لە توانا و لە پسپۆری وەکو کەسێکن کە لە دەرەوەی کوردستانەوە دێت، بەڵام لەکاتی ئیشکردندا، ئیش بە ئەوان ناکرێت و ئیش بە کەسێك دەکرێت کە لە دەرەوەی کوردستان دێت، هەندێك جار ئەو دەستی کارەی کە لە دەرەوە دێت دەستێکی کاری هەرزانە، ئەمە بۆ ڕێگەگرتن بووە لەمە، دەمەوێت روونکردنەوەیك لەسەر ئەمە بدەم، کاتێك دەوترێت دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت، کەواتە پلەکە پلەی بەراوردە، ئەوە کەسە ئەگەر لە هەموو شتێك وەکو یەك بوون پێوەرێك دانراوە وەکو ئەم دەقە پێوەری سەربارە، واتە ئەگەر دوو کەس لە هەموو شتێك وەکوو یەك بن زانینی زمانی کوردی بە پێوەری سەربار دادەنرێت، واتە ئەو کاتە ئەو کوردیزانە وەردەگرێت و ئەوەی تر وەرناگیرێت، وەکو بەڕێز ﴿د. بەهار﴾یش روونیکردەوە، قسەر زۆر لەسەر ئەمە کرا، ئەم دەقە شوێنی خۆیەتی یان نا؟ ئێمە یاسای نەوت و غاز مان هەیە و یاسای وەبەرهێنان و یاسای کاریشمان هەیە، لە هەرسێك لەمانە بە نەس زیاتر لە یاسای نەوت و غاز و یاسای وەبەرهێنان بە دەق دانراوە کە دەبێت ئەفزەڵییەت بدرێت بە کرێکاری مەحەلی، بەڵام دانەنراوە کە پێوەرەکە چییە؟ بۆ ئەوەی ئەفزەلییەت بۆ کرێکاری ناوخۆیی بێت، ئەمە هاتووە جەخت کردنەوەیە لەسەر مەبدەئی بایەخدان بە کارپێکردن و پێدانی هەلی کاری ناوخۆیی و پێوەری ئەفزەلییەت پێدانەکە تەنیا زانینی زمانی کوردییە، لەبەر ئەوە ﴿کاك د. ابراهیم﴾یش لێرە نییە، بەڵام ئەو رۆژەی کە لە لیژنەکە ئامادە بووین پێداگریمان لەسەر مانەوەی ئەم دەقە کردووە لە مونتەلەقی کۆبوونەوەمان لیژنەکان دەتوانم بڵێم ئێستاش لە روانگەی ئەو ئامانجەیەی کە لە پشت دانانی ئەم ماددەیە هەیە و خوێندنەوەمان بۆ دەقەکە، لەگەڵ مانەوەی دەقەکە دەکەین وەکو خۆی لەگەڵ ئەو دەستکارییانەی کە کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روونکردنەوەکەت، کاك عادل فەرموو،

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەو لەوێ هەندێك قسە دەکرێت لەسەر پێکهاتەکان و کەمە نەتەوەییەکان، پێم خۆشە قسەی دڵی رەنگە زۆربەی فراکسیۆنەکان بکەم کە ئێمە میللەتێکین وەکو میللەتی کورد سەدان ساڵە ستەممان لێدەکرێت،

لەبەر ئەوە دڵنیا بن کە ئێمە بۆیە هەر هەموویان بەو زمانە قسە لەگەڵ پێکهاتەکان دەکەن کە جۆرێك لە نەرم و نیانی تێدایە، دوای ئەمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە وڵاتێك، نەتەوەیەك کە ستەمی لێکرابێت قەت ستەم ناکاتەوە، غەدری لێکرابێت، غەدر ناکاتەوە، زوڵمی لێکرابێت، زوڵم ناکاتەوە، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین، هەموو وڵاتێکیش ڕێساو یاسای خۆی هەیە و ئەگەر بە شێوەیەکی قانونی تر قسە بکەین بە پێی دەستووری عێراقی ماددەی ﴿٤﴾ی دەستووری عێراقی زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا و ئێمەش کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین، هەموو وڵاتێکیش ڕێساو یاسای خۆی هەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی یاسایی تر قسە بکەین بە پێی ماددەی (٤)ی دەستووری عێراقی زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا، ئێمەش کە لە هەرێمی کوردستان کە ئەو سێ پارێزگایە پەرلەمانێکمان هەیە بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە، ڕاستە لە کوردستانی عێراقدا کەمینەکان هەن (سریانی، تورکمان، مەسیحی، صابئە) هەیە، هەروەها ئێزدی کە کوردی ڕەسەنن، بۆیە من لێرەوە قسەی دڵی زۆرەکیان دەکەم، ئێمە ستەممان لێکرابێت، ستەم ناکەینەوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ڕێزی زۆرم لێرەوە پێویست بە موزایەداتی سیاسی ئەوانە ناکات کە موراعات بکەن، چونکە بە یاسا مافی پێکهاتەکان ڕێکخراوە، هەر لەم یاسایەشدا بە پێی ماددەی (٢٥) هەموو حەق و حقوقێکی پێکهاتەکان ڕێکخراوە، هەندێ بەڕێز دەڵێن ئەم ماددەیە لابرێت، من لێرەوە وەکو بڕیاردەری لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێیان دەڵێم کە زۆرینەی وڵات و مەملەکەتی ئێمە هەمووی فەقیر و نەدارن، ئەگەر ئەم هەژارانە سامانێکیان هەبێت کە بەیانی ئەم یاسایە چەسپێندرا بۆ ئەوەی بەرگرییان لێ بکات، بۆ ئەوەی کە دابمەزرێن زمانەکەیانە، بەڕێزت لێرە دێی حەقی زمانەکەشیان لێ دەسەنیتەوە، دەتەوێ ئەم یاسایە لابرێ، ئەی باشە هەر کورد نەیوتووە تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە، سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی کاك د.شێرکۆ جەودت کە باس لە زمانی لاڵەکان دەکات، لەوەشدا پێموابێت لە وەزارەتی پەروەردەدا ئەمەش چارەسەرکراوە کە زمانی ئیشارەیان بۆ داناون، هەروەها زمانی لاڵەکان ئەوە خوای گەورە بەسەری هێناون، ئەوە گوناحی هەرێمی کوردستان و کوردی تێدا نییە، ئەوانیش بەو زمانەی خۆیان دەتوانن دابمەزرێن، بینیومانە لە هەموو کەناڵەکاندا بە زمانی ئیشارەت قسە دەکەن، بەڵام بە بڕوای من پێم باشە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە وەکو خۆی، هەروەها واش بێ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی دەزانێ و هەموو ئەو بەڕێزانەش ئێستا لە پێکهاتەکان لێرەن، پێموابێت هەر هەموویان بە زمانی کوردی قسە دەکەن، یەعنی هیچ بەڕێزێکی تورکمان بە تورکمانی قسەی نەکردووە لەم پەرلەمانی کوردستانە، هیچ بەڕێزێکی مەسیحی بە زمانی مەسیحی قسەی نەکردووە، لەبەر ئەوە لە هەموو هەرێمێکیش و لە هەموو وڵاتێکیش یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، بۆیە من پێموایە ئەم یاسایە بمێنێتەوە کە حەقێکی گەورە دەدات بە هەژار و نەدارانی هەرێمی کوردستان کە تەنها سامانیان زمانەکەیانە کە زمانی کوردیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روونكردنەوەی كاك عادل لە لیژنەی رۆشنبیری، دوو نوقتەی نیزامیمان هەیە، هەردووكیان وەردەگرین، دواتر گفتوگۆكان بەردەوام دەكەین، بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی من سەرۆكی لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەكانی بەكاربەرم، پێموایە دەبوایە ئەو پرۆژە یاسایە بۆ لیژنەی ئێمەش رەوانە بكرایە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەكی تێروتەسەلمان لەسەر بكردبا، هەروەها راوێژمان بكردبا لەگەڵ پسپۆڕانی بازرگانی، ئێستا لەگەڵ رێزم بۆ رای هەموو برادەران هەر كەسێك رایەكی جیاواز دەدات، یەك تەئیدی دەكات، یەك پێچەوانە رەئی دەدات، ئێمە دوێنێ بە نیسبەت دامەزراندن بڕگەیەك هەبوو سوپاس بۆ هەموو ئەو برادەرانەی كە تەئیدی ئەوەیان كرد ئەو بڕگەیەمان هەڵگرت لە یاساكەدا، ئەو بڕگەیەی كە ئێستا هاتووە بۆ دامەزراندنی رێكەوتن، عەقد، هەمان شێوەیە، من ئێستا كە هاتم بۆ ژوورەوە تەعلیقم لەسەر قسەی هەندێك برادەر هەیە، كە هاتم بۆ ژوورەوە باسی لێدانەكەی دوێنێیان دەكرد كە من باسی ئەوەم كرد گوتم كەواتە مامۆستایانی زانكۆ یان دكتۆرەكان......

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەرچوونە لە بابەت، تەركیز لەسەر نوقتەی نیزامی بكەن.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر لەسەر قسەكەی من قسە كرا، لەبەر ئەوەی دەمەوێ تەوزیحێك بدەم ئەگەر یارمەتیم بدەی، من بەحسی توركمان ناكەم، واز لە توركمان بێنە، ئێمە هەموومان كوردی دەزانین، دوێنێش ئەوەم باس كرد، باشە ئەو كەسانەی ئەو خەڵكانەی كە ئێستا ئەو پسپۆڕ و دكتۆر و مامۆستایانەی لەو زانكۆیانە كە لێرەنە ئەوانە هەموویان عەرەبن و كوردیش نازانن، چۆن ئەمانە عەقد دەكەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سالار محمود نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەقیم و دەست خۆشیم هەیە بۆ لیژنەی پەیوەندیدار كە بۆ هەر یاسایەك كە لیژنەی پەیوەندیدار دەچێتە سەر سەكۆی لیژنەكان ماندوو دەبن، بەڵام لە راستیدا پێویستە ئەركی لیژنەی پەیوەندیدار وەرگرتنی رای پەرلەمانتاران بێت، هەروەها دیراسەكردنی بێت بەبێ تەعلیق، چونكە لایەق نییە بۆ هیچ ئەندامێكی لیژنەی بەڕێز تەعلیق لە بۆچوونی هیچ یەكێك لە پەرلەمانتاران بدات، ئەمە موخالیفی

پەیڕەوی ناوخۆیە، خالّی یەکەم: هەر ئەندامێکی بەڕێز لە لیژنەکە دەیەوێ ڕەئی شەخصی خۆی بلّێ باشتر وایە بە پێی عورف یان بچێتەوە سەر کورسی خۆی یان بچێتەوە سەر سەکۆ بلّێ ئەم بۆچوونە تەعبیرە لە بۆچوونی خۆم، خالی دووەم: جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە قسەکانی من تەعلیق نییە لەسەر بۆچوونی هیچ بەڕێزیك بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ڕای خۆمان بلّێین و لیژنەش ڕای ئەندامانی پەرلەمان وەکو خۆی وەربگرێت، تەفسیری نا لایەقی بۆ نەکات لە ڕاستیدا، وشەیەکی قێزەوەن، دەستەواژەیەکی قێزەوەن زۆرجار لە هەموو لایەکەوە دەوترێتەوە دەستەواژەی موزایەدە، کە نە شوێنی هەیە، نە ڕێی هەیە، نە دەگونجێت، بە تایبەتی لە ساتە وەختێکی وەك ئێستا و لە ماددەیەکی لەم جۆرەشدا، خالّێکی تر دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم پشت ئەستوورە بە بنەمای دەستووری، بە بنەمای یاسایی، بە بنەمای نیزام و پەیڕەو، ئەم شوێنە شوێنی تەشریعە، پەرلەمانی کوردستانە، دەتەوێ بۆچوونێکی خۆت یان لیژنەکەت موقەویماتی دەستووری و قانونی بۆ پێدا بکە، پشت ببەستە بە بنەمای دەستووری و قانونی و پەیڕەو و نیزام و بەو دەستەواژانە، نەك پەندی پێشنیان، لەوانەیە هەندێك پەندی پێشینان بەسەرچووبێ، هەروەها لە شوێنی خۆیدا جێگای خۆی نەگرێت، قسەکانی من وەلاّم نییە بۆ بۆچوونی هیچ کەسێك، بە تایبەتی برای بەڕێزم کاك عادل عزیز کە دلّنیام بەو مەبەستەی نەبووە، تەنها بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕوونکردنەوە بوو، بەڕاستی نوقتەی نیزامی نەبوو، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو کاك باپیر.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە باس دەکرێ لە مەسەلەی زمانی کوردی بزانرێ دەکرێ لە قانونی ئیقامە ئەگەر نەبێت بە تەعلیمات جێبەجێ دەکرێت، حەلی ئەوە دەکات، نەك ئەوەی کە ئەوەی ئیقامەی کوردستانی هەبێت دەکرێت فێرە کوردی ببێت، ئینجا ئیقامەکەی بدرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە کاك یروانت؟ فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدا کاك (سالار محمود)ی دکەم، ڕاستی کەس موزایەدەیا بە کوردستانێ سەر مە پێکهاتەیا نەکەن، ئەم خۆ کوردستانینە، کەس نەبێژیتە مە هین کوردستانینە و تەعاتوفێت گەل مە بکەن، هەر کە تەعاتوف بیت دەرگەهـ ڤەکرینە، وی تەعاتوفێدا درەگە وە کر چییە، ئەم خۆ خەلّکێ وێرێینە، ئەم خۆ لە ڤێرێ خودانین، بابێ مە لە ڤێرێ خودانین، مە موشارەکە عەمەلا سیاسی دکەین، کەسیش تەعاتوفێ دگەل مە نەکات، چونکە وەختێ تەعاتوف دگەل مە کەن بە کێماسی خۆ دبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤە ژی نوقتەی نیزامی نەبوو، کاك محمد سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەکەدا یاساکە وابزانم گوڕدراوە لە هەرێمی کوردستان بۆ کوردستانی عێراق، چونکە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بێتن قسەی بەڕێزیان تەواوە، یەعنی هەموومان کوردی دەزانین، بەس ئەگەر بوویتە کوردستانی عێراق وا دەکەین هەموو ناوچەی کوردستانیش بگرێتەوە، ناوچەیەکی وەکو ئامرلی، یاخود وەکو بەشیر، یاخود وەکو عەیازیە لەلای تەلەعفەر، ئەگەر ئەوە لە سنووری هەرێمی کوردستانە، ئەوان تورکمانن و زۆربەیان کوردیش نازانن، لەبەر ئەوە دەڵێین ئەگەر ئێمە......

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە کاك محمد.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر لە ماددەکە دەڵێ کوردستانی عێراق، ناڵێ هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەرێمی کوردستانە ئێمە هاوڕاین لەگەڵیان، بەڵام ئەگەر کوردستانی عێراقە و دەڵێین ئەو هاووڵاتیانەی کە نیشتەجێی کوردستانن و هاووڵاتی کوردستانینە ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە پێویستە رەچاوی ئەوان بکەین، چونکە هاووڵاتی کوردستانی هەیە لەوانەیە کوردی نازانێتن لەو ناوچانەیە کە تاوەکو ئێستا لە نێو سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان نەبووینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە سیاغە چارەسەری دەیکەن، نوقتەیەکی تری نیزامی هەیە؟ بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام راست کردنەوەیەکی ئیملائیە، داوای لێبووردن دەکەم، رێکەوتن نابێ، نووسراوە کارکردن بە رێکەوتن، کارکردن بە گرێبەست دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە بواری سیاغە دەتوانن بە نووسین بیدەنە لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان، سوپاستان دەکەین، بەڵێ، روونکردنەوەیەکی تر بەڕێز کاك فرحان جوهر لە لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیری و لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکانی تر حەقی ئێمەیە کە ئەو خاڵانەی کە لە لیژنەمان هێشتۆتەوە لێرەش بەرگری لێ بکەین و روونکردنەوەی زیاتر بدەین، بۆیە ئەم روونکردنەوانەی ئێمە و بەرگریکردن لەم خاڵانەی کە هەیە ئەوەیە یەکێك لە حەقەکانی خۆمانە، نەك رەئی خۆمان فەرز بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە بەرگریمان کردووە کە ئەمە بهێڵینەوە زیاتر روونکردنەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەدەین، یەعنی لۆبیەك دروست دەکەین بۆ ئەوەی دەنگ بە دەست بێنین کە ئەوەی مەبەستمانە بمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر لەو چوارچێوەیە حیساب بکرێ، نەك لەوەی کە ئێمە رەئی خۆمان دەسەپێنین، سەبارەت بەوەی ئامانجی ئەم یاسایە چییە؟ ئامانجی ئەم یاسایە ئەوەیە زمانی کوردی بە فەرمی بکات لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە جیاوازە لەگەڵ قانونی عەمەل و خدمەی ئیلزامی، نازانم ئەو یاسایانەی کە تایبەتە بە وەزارەتەکان و رێنماییەکان دەردەکەن بۆ رێکخستنی کار لە نێوان کرێکار و ئیشەکەی خۆیدا، ئەمە یاسایەکی گشتییە بۆ بە رەسمی کردنی زمانی فەرمییە بۆ بناغەدانانی نەتەوەیەکە لە هەرێمێك کە پێی دەڵێن کوردستان، ئەوە بە هیچ شێوەیەك تەعسوبێك و تشتێکی تری تێدا نییە، لەبەر ئەوەی پێکهاتەکانی کوردستان هەموویان هەزاران ساڵە لەگەڵ یەکدان و زمانی کوردی دەزانن، بۆیە هەر کاتێك کە ئێمە بردمانەوە سەر ئەوەی دەبێ زمانی کوردی بزانێ، یەکسەر نەچێتەوە سەر ئەوەی کە ئەها ئەدی ئەگەر مەسیحیەك نەیزانێ؟ ئەدی ئەگەر تورکمانێك نەیزانێ؟ ئەمە بۆ ئەوە نییە، ئەمە بۆ ئەوەیە ئەگەر هاتو بەنگلادیشییەك هات خۆتان دەزانن کۆمپانیاکان بازرگانی دەکەن، بۆ بازرگانی کردن ئەوان هەوڵدەدەن ئەیدی عامیلەیان بە هەرزانترین شێوە دەست بکەوێ، کەواتە بەنگلادیشییەك دەهێنن خۆشتان دەزانن خەڵکی ئاوارە لە وڵاتێکدا بە هەر نرخێك بێت کار دەکاتن، بەنگلادیشییەك لە دەرەوە دەهێنێت بە (٢٠٠) دۆلار ئیش دەکاتن، بەلام کوردێکی کوردستانی یان هەر هاوولاتیەکی کوردستان و لە دەرەوەش خۆتان دەزانن تا مرۆڤ ئاوارە بێت هەرزانتر ئیش دەکات، بەلام لە ولاتی خۆی ناتوانێ بەو نرخە ئیش بکات، نرخی کەسێکە کە لێرە ئاوارەبووە یان لە دەرەوە هاتووە بەنگلادیشییەك، یان نیپالییەك، یان هندییەك، یان پاکستانیەك، ئەمە زیاتر بۆ ئەوانەیە، بۆ نموونە کۆمپانیا دەچێت ناچار (٢٠٠) دۆلاری خۆی دەداتە بەنگلادیشییەك و ئیش دەکات، کوردە بەستەزمانەکە کە خەڵکی ئەو ولاتەیە خەباتی بۆ ئەو ولاتە کردووە، هاوولاتی ئەو ولاتەیە ئەو داوای (٣٠٠) دۆلار دەکات بە (٢٠٠) دۆلار ئیش ناکات، کۆمپانیاکە زەق و زەق لەبەر چاوی ئەو ئەمە ئیش دەکات و کابرا کوردەکە بێ کار دەبێت، کوردستانییەکە بێ کار دەبێت، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە، دواتر خاڵێکی گرنگتر بازرگانی هیچی کەمتر نییە لە بواری کلتوور و ئەدەبدا، کاك سالار باسی کرد کە چۆن دەبێ لە بارەی کلتوور، ئەوە دەبێ لە بارەی کلتووری بەرز بکرێتەوە، بازرگانی زۆر گرنگە، پیشەسازی زۆر گرنگە، زراعەت گرنگە، ئەگەر یاسایەکەمان نەچێتە ئەو جومگانەشەوە لە رووی بازرگانی، لە رووی یاسایی، لە رووی خوێندن، نابێتە زمانی فەرمی، بۆیە بازرگانی

کردن زۆر گرنگه، چەسەپاندنی ئەم مەرجانە بۆ ئەوەیە هەلی کار بۆ خەڵکی کوردستان زیاتر بدۆزرێتەوە، کۆمپانیاکان ئیجبار بکرێن بەوەی کە ئەیدی عامیلە لە کوردستان دەستیان بکەوێت، هەر بۆ نموونە نەك ئێستا، ئێستا کۆمپانیایەکی بیانی لێرە هەیە، دوێنێ کرێکار و شۆفێرێکیان دەویست، حەرەسەکیان دەویست، دەڵێ ئەرێ زمانی ئینگلیزی دەزانێت، یەعنی لێرەدایە کۆمپانیا لە وڵاتی خۆمانە داوا دەکات زمانی ئینگلیزی بزانێت، نەك زمانی کوردی، یەعنی بۆ ئەوەی بە هەڵە لێك نەگەین، بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك بەلای تەعسوب و ئەمانەدا نەچێتەوە، ئیجحاف نییە بە حەقی هیچ پێکهاتەیەکی کوردستان، ئەم پێکهاتانە ئیدی خەڵکی کوردستانن، هەموو مافێکی هەیە ئەوەی کە هەر کوردستانیەك هەیەتی، بۆیە ئەگەر ئەم یاسایە لابچێتن، ئەگەر ئەم دەقەش لابچێتن وەکو دەقی ماددەی (١٢)، بەراستی ئەم یاسایە ناوەڕۆکی بەتاڵ دەبێتەوە، ناتوانێ تەنفیز بکرێت، یەعنی بەرەو فەرمی بوونی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بچێتن، بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و ئابووریدا زۆر گرنگە زمانی کوردی ڕەچاو بکرێت، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئیجحاف بێ وەکو گوتم بە حەقی ئەوانی تر، بەڵام خاڵێکی تر لێرەدا لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١٢) لابراوە من ناچارم تێبینیەکەم دەربڕم، راستە، کاك د.سراج باسی کردووە تێبینیەکی بۆ ئێمە ناردووە لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی زمانی کوردی نەزانێت چ تاوانێکی هەیە، راستە دەبێ لە خاڵێکدا لە ماددەی (١٢) لابرا، ئەگەر نا لەوێدا بوو حکومەت مولزەمە بۆ خەڵکی بیانی قوتابخانە بکاتەوە، فێرە زمانی کوردی بکاتن، وەك چۆن ئێستا بەڕێزت بچیت بۆ ئەوروپا لە هەر وڵاتێك داوا بکەی حکومەت یەکسەر دەتباتە بەر خوێندن لەسەر حیسابی خۆی، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێرەدا مولزەم بکرێ بەوەی ئەوەی بیەوێت زمانی کوردی فێر بێ و رەغبەتی هەیە بۆ ئەوەی کاری دەست بکەوێت، فیعلەن دەبێ ئەو دەرفەتەی هەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بکرێت هەر کەسێك کە بیانییە لەو وڵاتە فێری زمانی کوردی بکات بێ بەرامبەر و بە خۆڕایی قوتابخانەی بۆ بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماددەی (١٢)ی تێیدابوو هەڵگیرا، بە دەنگدان لابرا، پێویستە لێرەدا حکومەت ئیلزام بکرێ خەڵکی بیانی کە لەو وڵاتەنە فێرە زمانی کوردی بکرێن، ئەدی کابرا چ تاوانی نییە فێرە زمانی کوردی نەبێتن، چۆن فێر ببێت؟ رەنگە بە ئیختیلات فێر نەبێت، فێریش بێت فێرە رێزمان نابێتن، بۆیە لێرەدا من لەبەر ئەوە دیفاع لەوە دەکەم، چونکە لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١٢) لابرا و تێیدابوو، لێرە بێتەوە حکومەت مولزەم بکرێ بۆ خەڵکی بیانی، چونکە ئەوە یەکێکە لە بەندەکانی ماف مرۆڤ، یەکێکە لە حەقی هەر هاووڵاتییەك کە لەو وڵاتە زمانی ئەو وڵاتە بخوێنێ و بچێتە قوتابخانە فێر ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر بۆ ئەو روونکردنەوەیە، هەرچەندە زۆر درێژبوو، ئێستا داوا لە بەڕێز د.نوری تالەبانی دەکەین ئەگەر رەئیەکی لەم بارەیەوە هەبێت سەبارەت بە ماددەی (١٨)، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری تاڵەبانی/ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەراستی لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیەدام، هەروەها داڕشتنێکیشم نارد بۆ جەنابی سەرۆکی لیژنەی یاسایی، تەنها لێرە شتێکی تر دەڵێم یەکێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باسی ئەوەی کرد کە وشەی ڕێکەوتن هاتووە لێرەدا هەڵەیە، پێشنیاری کرد وشەی گرێبەست بەکاربێت، بە پێچەوانەوە گرێبەست هەڵەیە، وەرگێڕاوی دەقاودەقی عەقدە، کورد هەرگیز نەیوتووە لەگەڵ فلاَن کەسدا گرێبەستێکم کرد، گوتوویەتی ڕێکەوتوومە، وشەی ڕێکەوتن لە ڕووی یاساییشەوە لە عەقدیش فراوانترە، عەقد دەچێتە ناو ئیتیفاقەوە کە ڕێکەوتنە، بەڵام ڕێکەوتن ناچێتە ناو عەقدەوە، لەبەر ئەوە تکا دەکەم کەوا لەمەودوا وشەی ڕێکەوتن بەکاربێتن لە جیاتی وشەی گرێبەست کە چەند ساڵێکە ئەو وشەیە خەریکە بە هەڵە جیگای خۆی لەناو زمانی کوردی دەکاتەوە، لێرەدا زۆر بەراستی هاتووە دامەزراندن یان کارکردن بە ڕێکەوتن لە هەر شوێن و کارێکدا دەرفەتی زیاتر بەو کەسانە دەدرێ کە زمانی کوردی دەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا گفتوگۆ بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم ماددەیە کرا، دەرفەت بە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەدەین بە تایبەتی لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی ئەو داڕشتنەی پێشنیارەکان کە هاتوونە بە شێوازێکی وا دابڕێژن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئێستا هەردوو پێشنیارەکە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئۆتۆماتیکی ئەوەی کە لەگەڵن زیاتر بوونە، ئەوەی کە داوایان کردووە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، تەبیعی ژمارەیەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان زیاتر لە (٥) کەس داوایان کردووە ئەم ماددەیە نەمێنێتەوە، لێرەدا ئەوەی داوایان کردووە بمێنێتەوە تەئکیدیان لەسەر مانەوە کردووە، یەکەم جار ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەوە بە دەنگی ئێوە یەکلایی بووە، ئەوە ئەوەی تر نایخەینە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوە جاری یەکەم ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئینجا سیاغەکە بۆ ئێوە دەخوێنرێتەوە، ئەو سیاغەی پێشنیارەکان کە ئێوە داوتان کردووە، ئەوەی لەگەڵە ئەو ماددەیە بمێنێت لەگەڵ ئەوەی کە لیژنەی یاسایی بە هاوکاری لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان دووبارە سیاغەی دەکەنەوە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك عمر عینایەت؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت سیاغەکەمان بۆ بخوێننەوە بۆ ئەوەی هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بزانن چۆن دەنگ بە مانەوەی دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، وەکو مەبدئێك دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ناکرێت بەو شێوازەیە بمێنێتەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك کمال؟ فەرموو.

**بەڕێز کمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشنیارەکان کام خاڵ زیاتر دەنگی هێناوە ئەوە بە پێش بێخە بۆ دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە لەگەڵ بوون ئەو ماددەیە بمێنێت زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کردووە لەگەڵ ئەوەبوون بمێنێت، (٥) پەرلەمانتار داوایان کرد ئەو ماددەیە نەمێنێت، لەبەر ئەوە ئەوەی داوایان کردووە بمێنێت ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە؟دواتر سیاغەکەش بۆ ئێوە دەخوێنینەوە، تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٤٩) کەس لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ماددەکە دەمێنێتەوە، دووبارە سیاغە دەکرێ و دادەڕێژرێتەوە، ئێستا دەرفەت بە لیژنەی یاسایی دەدەین داڕشتنێکی نوێ بۆ ئەو ماددەیە بکەن، دواتر دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئێستا پێشنیارەکە دەخوێندرێتەوە بە داڕشتنێکی نوێ، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (١٨) کە دەبێت بە ماددەی (١٥):**

بۆ دامەزراندن، یان کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کارێکدا، ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت بە رەچاو کردنی پسپۆڕی و تایبەتمەندی کارکردن لە سێکتەرە جیاجیاکاندا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە کاك تحسین؟ فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێ بخرێتە دەنگدانەوە، ئەم سیاغە ئەو سیاغەیە نییە کە داواکراوە، دیسان رەچاوی پێکهاتەکان نەکراوە، زمانی کوردی بزانێت یان خەڵکی کوردستان بێت، یەکێك لەوانە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی موناقەشەکراوە ئەو پێشنیارانە کە ئێستا ئەو سیاغەیە لەسەر ئەساسی پێشنیاری ئێوە کراوە، لەبەر ئەوە ناخرێتە موناقەشەوە جارێکی تر، تەنها تێبینیەکی بەڕێز د.نوری تالەبانی هەیە لەسەر مەسەلەی وشەی (گرێبەست)، ئەوەش دوایی لە سیاغەدا چاك دەکرێ و گرفتێکی ئەوها نییە، وشەیەکە دەگۆڕێت یان وەکو خۆی دەمێنێت، لەبەر ئەوە بەو شێوازە کە هاتووە دەیخەینە دەنگدانەوە ئەو پێشنیارەی ئێستا بەڕێز د.ڤالا سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٢) کەس لەگەڵدایە،

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە، کەواتە ئەو ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی (١٩) کە دەبێتە ماددەی (١٦) فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (١٩) دەبێتە ماددەی (١٦):**

لە پەیوەندی زارەکی و نووسراوی نێوان خاوەنکاری کەرتی تایبەت و کارمەندەکانیدا (بەگرێبەستیشەوە)، زمانی کوردی بەکار دەهێندرێت، دەکرێت زمانی تریش لەگەڵ زمانی کوردی بەکاربهێندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە دەکات با ناوەکانیان بنووسرێت؟ (صالح فقێ، عباس غزالی، بەهزاد دەروێش، حاجی کاروان، مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی، د.پەری صالح، عمر عینایەت، محمد سعدالدین)، بەڕێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە پەیوەندی نێوان خاوەنکاری کەرتی تایبەت و کارمەندەکانی ڕێکخستووە، بەلاَم هیچ ئاماژەیەکی بە پەیوەندی نێوان کارمەندەکان لە نێوان خۆیاندا نەداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تریش بەخێرهاتنی بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی دەکەین ئەوە دوو ڕۆژە لەگەڵمان ماندوو بووە ، ئەمن وا هەست دەکەم ئەم ماددەیە لە بەشی چوارەم زمانی دام و دەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە لە ماددەکانی تر چارەسەری کراوە لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە ، ئێك " هەردوو دەڵێ کەرتی تایبەت کارمەندەکانیدا بە گرێبەستەوە زیادە لێرە چونکی کارمەند ، کە دەڵێی کارمەند دوو جۆرە (هەمیشەییە ، کاتییە) خۆی هەردووکی دەگرێتەوە ، پێویست ناکا گرێبەست ئەوە لابرێتن ، دوو " زمانی کوردی لەو ڕستەی دووەم دووجار هاتییە ، ئەوەش پێویست ناکاتن پێویستی بە سیغەیەکی ترە کە بەو شێوازەبیت ( لە پەیوەندی زارەکی نووسراوی نێوان

خاوەن کاری کەرتی تایبەت و کارمەندەکانیدا دەبێت زمانی کوردی بەکاربهێنرێت ، لە پاڵیدا دەکرێت زمانەکی تریش بەکار بهێنرێت) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کاك ابوبکر وابزانم لای لیژنەی داراییە ماعەدا ئەوەی ئێستا کە بوو کە دەنگمان لەسەریدا ماددەی (١٥) ئەوەندەی لێ دەربکرێ (١٩،٢٠،٢٢،٢٣) دەتوانن بیکەن بە یەك بەو شێوازەی کە هەیە لەلایەن ، ئەگەر دکتۆرە ڤالاَ سەیرکا (ئاگاداری و کاردۆزینەوە و نووسراوەکان و پەیوەندییەکان ، ڕیکلام و بانگەشە) پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنرێت ، بەکارهێنانی زمانی تر لێرەدا بەکارهێنراوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدلله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە پەری صالح فەرموو.

**بەڕێز د. پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش کران ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش قسەکانم کران ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك محمد سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیوەندی زارەکی یەعنی قسەکردن ، یەعنی لە پەیوەندی نووسراوی نێوان خاوەن کەرتی تایبەت ، پەیوەندی زارەکی ، ئیتیسالّ ، پەیوەندی زارەکی یەعنی قسەکردن ، ئەمە کو دەزانین خاوەن کار لەگەلّ کارمەندەکەی کو قسەی دەکاتن؟ لە کێ قسەی دەکاتن؟ چ دەلّێن؟ یەعنی ئەوە عیلاقەی بە فەرمی کردنی زمانی کوردی نییە ، چونکە دوو کەس لەگەلّ یەك بە چ زمانێك قسەی لەگەلّ یەك بکەن ئەوان ئازادن لەوەی بە ئینگلیزی قسان دەکەن ، بە کوردی یاخود بە تورکی ، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، لیژنە پەیوەندیدارەکان هیچ وەلاّمێکتان هەیە بۆ ڕای ئەندامانی پەرلەمان؟

فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆر لە پێشنیارەکان پەسند دەکەین ، بۆیە ئەگەر ماوەمان بدەنێ ئەو ماددەیە دادەڕێژینەوە ئینجا دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٦) " پێویستە لە پەیوەندی نێوان خاوەنکار و کارمەندەکانیدا (بە گرێبەستیشەوە) زمانی کوردی بەکاربهێنرێت ، دەکرێت لە پالّیدا زمانێکی تریش بەکار بهێنرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، کێ لەگەلّ ئەوە ماددەیە بەو شێوەیە کە ئێستا خوێنرایەوە؟ کێ لەگەلّیەتی؟ (٥٣) ئەندام لەگەلّیەتی ، کێ لەگەلّی نییە؟ کەس نییە لەگەلّی نەبێ ، کەواتە پەسەندکرا.

ماددەی (٢٠) کەدەبێت بە ماددەی (١٧):

پێویستە هەموو ئاگادارییەکی کاردۆزینەوە لە هەرێمی کوردستاندا بەزمانی کوردی و هەر زمانێکی تری پێویست بلاّوبکرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ گفتوگۆ دەکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ بەڕێز دکتۆر شوان قەلاّدزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر(شوان قەلاّدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە هەموو ئاگادارییەکی کار دۆزینەوە ، ئەو (کار دۆزینەوە) هەر لابرێت هەموو ئاگادارییەك ، چونکە شەرت نییە هەموو ئاگادارییەك بۆ کار دۆزینەوە بێت ، بەو شێوەیە (پێویستە هەموو ئاگادارییەك

له هەرێمی كوردستاندا بەزمانی كوردی بێت و دەكرێت بەپێی پێویست بەزمانی تریش بڵاوبكرێتەوە) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك فائق مصطفى فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی هەرێمی كوردستان ، دیسانەوە تووشی ئەو گرفتە بووینەوە لە كوردستانی عێراقدا ئەو هەرێمە لابرێ ، پاشان ئەوەی لە ئەخیردا (بەهەر زمانێكی تری پێویست) بكرێ بەوەی (ئەگەر پێویستی كرد) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو وشەی (پێویستەو ، هەرێم) لابرێت (دەبێتی) بۆ زیاد بكرێت (هەموو ئاگادارییەكی كار دۆزینەوە لە كوردستان بەزمانی كوردی دەبێت) ، ئەو بەشەی دووەمی (دەتوانرێت بە پێی پێویست زمانی تر بەكاربهێنرێت) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك تحسین اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد (تحسین دۆڵەمەڕی)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر سێ ماددەی (٢٠،٢٣،٢٤) زۆر لێك نزیكن ، پێم باشە بكرێتە سێ بڕگەی یەك ماددە ، لەگەڵ بەڕێز كاك فائقم لە جیاتی هەرێمی كوردستان ، كوردستانی عێراق بەكاربهێنرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دبینم ماددە (٢٠،٢٣) یەكبگریتەڤە كە دەكاتە ماددە (١٧،٢٠) ، چونكی یەك وشە بتەنێ فەرقا ، تەماشا بكەین ماددە (٢٠) گەل (٢٣) بەس تەنیا ئەوەكی ئیزافە بكەین ، یەعنی بێژین هەموو (ئاگادارییەكی كار دۆزینەوە) بەو جۆرەی لێبێت (هەموو جۆرە ڕیكلام و بانگەشەیەك) ئاگادارییەك كار دۆزینەوە دەبێت بە زمانی كوردی بێت ، لەپاڵیدا دەكرێت زمانەكی تر بەكاربهێنرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك عمر عینایەت فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو سەرنجم هەیە ، وشەی پالْ وشەیەكی نا ڕێزمانییە بلێین ، نـا ئەدەبییـە لـە كوردیـا ، لـە بڕگەكـەی پێشووش ڕۆیشت بە سەرماندا لە ماددەكە ، ئەكرێت خۆمانیـان لێبپـارێزین ، وشـەی (تـر) هـەروەها وشـەی تریش دەبی (دی) بەكار بهێنن ، ئەگەر بكرێتیش بەم شێوەیە هەمووەكە لابرێت (ئاگاداری كـار دۆزینـەوە لە هەرێمدا بە زمانی كوردی دەبێت و هاوكات ئەكرێت بەزمانێكی دیش بێت) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس ، دوایی (دیش) مانای تری دەبێت ، بەڕێز كاك حاجی كاروان فەرمووو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین احمد (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی كاك بەهزادم هەیە ، بەلاَم بەو شێوازە بێت ، چونكە ڕیكلام و ئاگاداری زۆر نـزیكن لـە یـەك ، یەعنی لەگەلْ ماددەی (٢٣)دا هەمان شتن ئەوەندە فەرقەی نییە (هەموو ئاگاداری و ڕیكلام و بانگەشەیەك) ئەو كار دۆزینەوەی لەسەر لابچێت (كوردستانی عێراق بە زمانی كوردی بێت) بكرێت بە یەك ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس ، ڕای لیژنە پەیوەندیـدارەكان لەسـەر ڕای ئەنـدامانی پەرلـەمان ، بـەڵێ بـەڕێز دكتـۆرە بـەهار فەرمووو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە سەبارەت بە هەرێمی كوردستان ، بەڵێ لای ئەبەین ئەیكەین بە (كوردستانی عێـراق) ، سـەبارەت بە دەمج كردنەكەش بەڵێ ئەو دوو ماددەیە زۆر لەیەكەوە نـزیكن بـەس ئـەوە دەبـێ بـە دەنگدان یـەكلایی بكرێتەوە ، سەبارەت بەوەی كە بۆ چی (ئەڵێین ئاگاداری كار دۆزینەوە)؟ خۆی ئەمـە ئەگـەر باشـتر سـەیری بەشەكە بكەن ناوی زمانی كار و بازرگانییە ، بۆیـە لەبـەر ئـەوە نـاوی كـار دۆزینـەوەمان هێنـاوە ، پێموایـە تێبینیەكان هەر ئەوەندە بـوون سـەبارەت بـە تێبینییـە زمانەوانـەكانیش پێـی وەردەگـرین ، بـەڵێ ڕاسـتە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، یەك تێبینیم هەیە سەبارەت بە ئەوەی کە هەموو هەرێمی کوردستان بکەین بە کوردستانی عێراق ، پێموابێت ناتوانین دام و دەزگاکانی کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن هەموو جارێك مولزەمیان بکەین بەو قانونانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن ، مولزەمیان بکەین بەو ماددانەی لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان هەن ، بۆیە حەزدەکەین دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەوێش هەبێ ، بەڵام با کارێك نەکەین ، ماددەیەك نەنووسین ، بڕگەیەك لە یاساکانمان نەبێ دوایی جێبەجێ نەکرێ ، چونکە جێبەجێ نەکردنی ماددەکانی یاساکانی پەرلەمانیش دیسانەوە عەیبە ئەبێ بۆ ئێمە ، بۆیە ئەگەر ئەو تێبینیەش بە نەزەری ئیعتبار وەرگرن خراپ نییە ، کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکەی جەنابت لە جێگای خۆیەتی بەڕاستی لە هەموو ماددەکان ناکرێتن (کوردستانی عێراق)بێت بەتایبەتی لە بواری ئاگاداری و ڕێکلام بلاّوکردنەوە لەبەر ئەوە مەرج نییە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کار بەم دەقە بکرێتن و ناشتوانن کاری پێبکەن ، ئەمە لەلایەك ، لە لایەکی تر تێبینیەکانی تر ، دکتۆرە بەهار باسی کرد مەسەلە بازرگانییە ، لەبەر هەندێ کار دۆزینەوەیەو ئەوەی تر سیاغەی زمانەوانییە ، ئەوەی کاك صالح فەقێ باشە کە ئەگەر پێویستی کرد ، هەر زمانێکی تر کە پێویستی کرد ئەوهای لێدەکەینەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکانم دکتۆرە بەهار وتی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، تێبینی ترتان نییە؟ بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی ئەگەر تێبینییەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. نوری تاڵەبانی / سەرۆکی ئەکادیمای کوردی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابتم ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ئێستا ئەگەر ڕێکی ئەخەنەوە ، فەرموون ، ماددەی (٢٠) لەگەڵ (٢٣) کە ئێستا بوونەتە ماددەی (١٧) ماددەی (٢٠) ئەخەینە دەنگەوە ، داواکرا دەمج بکرێن ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو ماددەیە دەمج بکرێ؟ (٥٣) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ لەگەڵی نییە؟ یەك ئەندام لەگەڵی نییە ، کەواتە پەسەندکرا ،

بۆیە ئێستا ماددەکە دابڕێژنەوە ، ماددەی (١٧) ، (٢٠) لێکبدرێن و دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە ، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) " کە دەکاتە ماددەی (١٧) ، لەگەڵ ماددەی (٢٣) کە دەکاتە ماددەی (٢٠) دەمجمان کردووە ، (پێویستە هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشەو ئاگادارییەکی کار دۆزینەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی بێت، دەکرێت لەگەڵیدا زمانی دیش بەکار بهێندرێت).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە کاك حاجی کاروان؟ فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە حەسر ئەبێ ، ئەو ڕێکلام و بانگەشەیە حەسر ئەبێ لە کار دۆزینەوە ، ئەوە حەسر ئەبێ ، بەڵام ئەگەر کار دۆزینەوەکەی لابەی هەمووی ئەگرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی (دیکە)یە ، (دی) نییە ، چونکە کە ئەڵێی (دیش) بەتەنیا جیای کەرەوە مانای تریش ئەبەخشێ ، بەڵام (دیکەش) ئەوە ڕێزمانە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تۆ خەرجی دیکەت بیر هاتەوە؟ من زمانەوان نیم ، بەڵام پێموایە زۆر زۆر ئاساییە لە زماندا هەر وشەیەك چەند مانایەك بدات ، لە زمانی ئینگلیزی ئەمە تەواوە ، لە زمانی عەرەبیش تەواوە ، (تر) ڕاستە بۆ پلەی بەراورد بەکاردێت لە زمانی کوردیدا ، بەڵام بەهەمان شێوە بۆ (دیش) بەکاردەهێنرێت لە هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان ، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ تێبینیت هەبوو؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە ، بە داوای لێبووردنەوە من پشتیوانی لەوەی کاك حاجی کاروان دەکەم ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەش من وامزانی بەڕێز کاك دکتۆر نوری تاڵەبانی لێرەماوە ، نەمزانی لەوێ نەماوە ئەوان ئەکادیمیان کە بەپێی ئەم یاسا هەموارکراوەی ساڵی (٢٠٠٧) کۆمەڵێ ئەرکیان خراوەتە سەرشان یەکێك لەوانە مەسەلەی بەرەو فەرمییەت ، یاخود بەرەو دروستکردنی ستاندار لە هەرێمی کوردستاندا ڕەئییەکیان هەیە کە لە ڕێنووسی

یـەکگرتوو خسـتوویانەتە ڕوو ، کتێبێکـە ، کتێبەکـە لـە سـاڵی (٢٠١٠) کۆنفرانسـی بـەرەو ڕێنووسـێکی یەکگرتووی کوردی ، لەبەر ئەوەی (تر) بۆ بەراورد لە زمانی کوردیدا بەکاردێت ئەوان پێشنیازیان کـردووە کە بۆ نموونە (دی) بەکار بێت (دی) بـە واتـا زمـانێکی تـر ، شـوێنێکی تـر ، واتـا (دی) بـە واتـای ژمـارە دێ هەرچی (تر)ە ڕاستە لە هەندێ شێوە زارەکانی زمانی کوردی بە واتای ژمارە دێ ، بەڵام ئەوان وا تەفسیریان بۆ کردووە کە (تر) بۆ بـەراورد بـەکار بهێنرێـت ، ئـەوان بـە پێـی ئـەم یاسایەش ئـەبێ شـتەکانیان پـەیڕەو بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، تەواو بوون داتان ڕشتەوە ، تکایە بیخوێننەوە بەو شێوەی کە ئێستا داتان ڕشتۆتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (١٧):**

پێویستە هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشەو ئاگادارییەکی کارو بازرگـانی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بـە زمـانی کوردی بێت، دەکرێت لەگەڵیدا زمانی دیش بەکار بهێندرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فائق نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەمدا کاتێك کە پێناسەکان دەکرێت بۆ ئەرك سـووك کردنـی ماددەکـان ، کورتکردنەوەیـەتی ، کە وتت هەرێم تەواو ئیتر.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی هەرێمی کوردستان ئەکەیت لە هەموویاندا پێویستە ڕێکبخرێتەوە ، تەواو ڕاست ئەکـەیت ، لـە چـەند ماددەیەکی تریش ئەوە هەبووە ئەوە پێویست دەکات چاك بکرێ ، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێدەچی هـەر ڕاهـاتبین بڵـێین (دیـش) ئەگـەرنا خـۆی پێویسـت ناکـا زمـانی (دی) ، بـەکاربهێنریت تـەواو ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێشوەیەی خوێندرایەوە؟ دوایی لە ڕووی داڕشتنەوە ئەتوانرێ دەستکاری بکرێ ، کێ لەگەڵیەتی؟ (٦٦) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ لە گەڵی نییە؟ کـەس نییـە لەگـەڵی نـەبێ ، کەواتە پەسەندکرا ، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) " پێویستە هەموو شتومەك و كەل و پەل و كالاَیەك كە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت بە زمانی كوردی وێڕای زمانی دیكە لەسەری بنووسرێت ، حكومەت لە سیاسەتی مۆڵەت بەخشین و ئاسانكاری بۆ هاوردەكردنی ئەو بەرهەمانەی لەدەرەوەی هەرێم و لەدەرەوەی عێراق بەرهەم دەهێنرێت بێ مەرجی نووسین بە زمانی كوردی لەسەر بەهەمەكان وەك یەكێك لە پێوەرەكانی مۆڵەت و ئاسانكارییەكان بەكار بێنێت ، هەمان نووسینی سەر ڕێنمایی و بەكارهێنان و كەتەلۆكی سەرجەم بەرهەمەكان بەتایبەتی داو و دەرمانیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ با ناوی خۆی بنووسێ. خاتوو ئاواز جەنگی فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من پێموایە ئەمە خاڵێكی زۆر زۆر گرنگە ، بەتایبەتی نووسین بەزمانی كوردی لەسەر هەموو ئەو خواردنانەی كە دێتە هەرێمی كوردستان ، ئەو خواردنی بە قوتو كراو یان پاكەت كراو نازانم چ زاراوەیەك بەكاربێنم ، بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە ، چونكە زۆرجار دەبێتە هۆكاری ئەوەی لەبەر ئەوەی بەزمانی كوردی لەسەری نەنووسراوە خەڵكانێك كە ئەم خواردەمەنیانە بەكار دەهێنن ڕەنگە شیاو نەبێ بۆ تەمەنێك ، بەتایبەتی بۆ منالْ شیاو نەبێ ، بەلاَم منالاَن بەكاری دەهێنن و دەیخۆن یاخود ئەو كەسانەی كە نەخۆشیان لەگەڵە ، ئەگەر نەزانێ لەسەر پاكەتەكە چی نووسراوەو بەزمانەكەی خۆی نەنووسرابێت ، تێی ناگا ، ئەمانە زیاتر ئەو نەخۆشیانەی بەتایبەتی نەخۆشی شەكرەو ئەو نەخۆشانە كە چەند ماددەیەكیان لێ قەدەغەكراوە نابێ بیخۆن زۆرجار بەكاری دێنن ، هەروەها لە ڕێنماییەكانی تری مەوادی ئەلیكترۆنی كە دێتە هەرێمی كوردستان بەڕاستی زۆرجار كێشە دروست دەكات ، چونكە بۆ نموونە ئەو مەوادانەی كە لە وڵاتی توركیا دێت بە زمانی توركی لێی نووسراوە خەڵكی هەرێمی كوردستان لە زمانی توركی ناگا ، لەبەر ئەوە دەبێتە هۆكاری ئەوەی نەتوانی بە دروستی ئەوە بەكاربێنی ، لەبەر ئەوە من تەئكید دەكەمەوە لەسەر ئەوەی كە ئەوە دەبێ یەكێ بێ لەو مەرجانەی كە هەرشتێك دێتە ناو هەرێمی كوردستان بەزمانی كوردی لەسەری بنووسرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم ماددەیە بەخۆی دووبەشە ، بەشێکی بەرهەم هێنانـە ، بەشێکی هاوردە ، لەبەر ئـەوە پـێم باشە بکرێ بە دوو فەقـەرە (ا ، ب) ، ا " هـەموو کـەل و پـەل و کاڵایـەك کـە لەهـەرێم بەرهـەم دەهێنرێـت بەکوردی لەسەری بنووسرێت ، ب " هەموو هاوردەکان بۆ هەرێم جا بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕێنمـایی بـە زمانی کوردی لەسەر بێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو شکریە اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز کاك عباس غزالی ، دووەم شت کە دەمەوێ باسی بکەم بەڕاستی ئەو یاسایانە کە لـە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو ، ئێستاش کە دەردەچێ لە زۆر شوێنەوە ڕەخنـەی زۆری لێـدەگیرێ لە ڕووی زمانەوانییەوە ، جا بۆیە تکا لە جەنابت دەکەم لێژنەیەك پێك بێت کە لە دوو کەس کەمتر نـەبێ پسۆڕی زمانـەوانی بـن ، کاتێ یاسـایەك دەردەچـێ ئەگـەر هـەر لـە هـۆڵی پەرلـەمانیش دەربچـن هـەم کـاتی زۆرمان بۆ دەگەڕێننەوە و جارێکی تریش بەسەری دابچنەوە ، زۆر جار هەیە ئەو یاسـایانەی کـە دەردەچـن شتی زۆر چاکن ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕووی زمانـەوانی کـەم و کورتیـان هەیـە خـەڵك لـەدەرەوە ڕەخنـەی زۆری لێدەگرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا ماجد عثمان

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن ، هەرچەندە لـەوەو پێشـتریش باسـم کـرد دەبووایـە ئـەو پـرۆژە یاسایە بهاتبایـە بـۆ ئێمـەش وەکو لێژنەی بازرگانی و مافـەکانی بـەکار بـەر ، لەبـەر ئـەوەی هەشـت مـاددە یاسـایی لێـرە هەیـە پەیوەنـدی بـە لێژنەکـەی ئێمـەوە هەیـە ، بـەڵام لێژنـەی پـەروەردە مەسـەلەن یـەك مـاددە یاسـاییە ئـەوان دیراسـەتی پرۆژەکەیان کردووە ، بۆ ئەوەی زیاتر زانیاریمان هەبا لەگەڵ پسپۆڕان پەیوەندیمان کردبا ، بەنیسبەت ئـەو ماددەیە من پێموایە ئەوە ماددەیەکی وەکو بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد زۆر گرنگە بە تایبەتی لەسەر خواردن و لەسەر دەرمانـەکان پـێش کاتـژمێرێك پـێش ئێستا پەیوەنـدیم کـرد بـە بەرپرسـانی کـوالێتی کۆنـترۆڵ و بەرپرسانی ئەوانـەی کـە سـەردانی بـا بڵـێین بەرپرسـانی دەرمانخانـەکان دەکـەن ، بـۆ ئـەوەی بـزانین بـە چ جۆرێك مەسەلەن بەتایبەتی ئەو دەرمانانەی کە لە دەرەوەی هەرێم دێن بۆ کوردستان ، ئەوان پێیان وابـوو کە هەندێ دەرمان دێن بۆ کوردستان تەنها بە عەرەبی ، بە ئینگلیـزی لەسـەری نووسـراوە و بـە کـوردی نـە

نووسراوە ، ئەو كۆمپانیانە ئاوا ئیتیفاقیان كردووە لەگەڵ كۆمپانیا سەرەكییەكان ، بۆیە پێویست دەكات لەوانەیە ڕێیان پێنەدرێت لە بەغدا ، لە حكومەتی مەركەزی بە زمانی كوردی بنووسرێت یان زۆر زەحمەتی لەسەر ناكەن لەناو كەتەلۆكەكە ئەو شتە هەبێت ، پێموایە ئەوە ڕاست بكرێتەوە بەو شێوەیە باشتر دەبێت (پێویستە پێكهاتەو ڕێنماییەكانی بەكارهێنان و هەموو زانیارییەكانی ئەو كەل و پەل و كاڵایانەی كە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێن یان هاوردە دەكرێن ئیزافەی لەسەر بكرێ ، ڕێكبخرێت) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دكتۆر شێركۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەكرێ تۆزێ كورتری بكەینەوە هەمان ماناشی هەبێ (پێویستە هەموو شمەك و كاڵا و دەرمانێك كە لە هەرێم و دەرەوەی هەرێمیش واتا ئەوانەی كە لەناو هەرێم بەرهەم دێن ئەوەی لە دەرەوەی هەرێمیش دێت ، پێویستە بە كوردی لەسەری بنووسرێت) یاخود با بڵێین لە تەنیشت زمانەكەی ترەوە زمانی كوردیشی لەگەڵدا بەكاربێت ، ئەمەش وەكو مەرجێكی مۆڵەت و ئاسانكاری بەكار بهێنرێت ئەمە هەم كورترە ، هەم ماناكەشی تەواوە ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دكتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد حەمەدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی من پێشنیار دەكەم لە بۆ لیژنەی پەیوەندیدار ئەوە بكرێتە دوو فەقەرە ، فەقەرەی یەكەم تایبەت بێتن بەو شمەكانەی كەوا لە هەرێمی كوردستان بەرهەم دێت ، فەقەرەی دووەم تایبەت بێتن بەو شمەكانەی كە هاوردە دەكرێن بۆ ناو كوردستان ئەوها جوانتر و ڕێك و پێكترە ، تایبەت بە بەشی دووەمی ماددەكە كە باس لە هێنان و هاوردەكردنی كاڵاكانی دەرەوە ئەكاتن بەڕای من سەختی پێوە دیارەو شەرتەكی تەعجیزی زۆر قورسی پێوە دیارە ، چونكە مەرج نییە هەر بازرگانێك كاڵایەك دێنیتن بەخۆی وەكیلی حەسری بیتن بە كەیفی خۆی نووسین لەسەر ئەو شتانە فەرزبكاتن ، چونكە هەندێ ماركاتی عالەمیمان هەیە ماركە هەیە نەك زمانی كوردی نانووسێتن بەڵكو زمانی توركی و فارسی و زمانەكانیی دیكەش هەتا عەرەبیشی لەسەری نانووسیتن ، كەواتە ئەم شەرتە زۆر قورسە خەڵكی كوردستان مەحروم دەكا لە زۆر كاڵا كەوا ئەمڕۆ زۆر پێویستمانەو خەڵك لەوانەیە تێدا زەرەرمەندبی ، بۆنموونە هەندێك مەوادی ئینشائی لە ئیسپانیای دێ ، لە ئەوروپای دێتن ئەتوو چی لێدەكەی ئیلا لەسەری حەسر دەكەی كارتۆنەكەی بە كوردی بنووسی زۆر زەحمەتە ، بۆنی فەرەنسی ، قوماشی ئینگلیزی ، یەعنی پێدا وەرە خوارێ ئەوانە زۆر زەحمەتە بتوانرێ لەسەریان فەرزبكەی ئەوانە شەریكاتی عیملاقی عالەمینە ، لەوانەیە

له بۆ تاجیرەکی مه ئیش و کارەکانی خۆی ئەوەنـده لێ کـەم نەکاتـەوه بتـوانێ هـەر ولأتێـك بـه زمـانی ئـەو ولأته لەسەری بنووسێتن ، جا بۆیه من داوادەکـەم پێداچـوونەوە بكـرێتن لەبـەر ئـەوەی خـەڵكی كوردسـتان مەحروم دەكرێتن له زۆربەی ئەو كالأیانەی خەڵك پێیان زەرورە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، كاك صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وشەی هەموو لابرێ ئەوەی له پێشوو گشتگیرتر نەبێ باشترە لەو بەشەی دووەمدا دەبێت مەرجی نووسـین لەوێش ئیلزامی زیاتر دروست دەكاتن ، هەموو قسەكانم كرا ئەمنیش هەر تەئكیدم لەوە كـردەوە دووبـەش بێ ، نەرمییەكی تاڕادەیەك لەبەر وەزعەكه تێدابێت باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز كاك صالح بشار فەرموو.

**بەڕێز صالح بشار صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دبینم ئەو كەل و پەلی داخیلی كوردستانێ دبن (٥٪) هـەتا (٨٠٪) كوردسـتانێ تێـدا سـەرفكرن ، ئـی دی دچنه ئیرانێ وەكو گەلەك تشتا نموونه جگەرە (٥٪) زیاتر سەرف نابێ له كوردستانێ دچنه ئیرانـێ ، دچـنه بەغدا ئەز دبینم ئەگەر نووسینا كوردی ل سەرا بدەی گەلەك زیانا مەزن ل بازرگانـا كوردسـتانێ دكـەڤتن ، هەروسا ئابووریا كوردستانێ ، دگەل بینن تشتێ پێش چاڤ ببینن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین احمد (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئەو قسەی كاك دكتۆر شێركۆ بوو ، بەلأم بەو سیاغەیه زۆر كورت بكرێتەوە ، ئەو قسەی دكتۆر سـیراج جێی سەرنجه ، ئێمه لەوە ئەچێ نەتوانین ئەوانەی له دەرەوە شت بێت به كوردی بیكـەین ، بـەلأم ولأتـانی تر هیچ شت داخیل ناكرێ ئیلا ئەبێ بـەزمانی ولأتـی خۆی نووسـرابێت ، لـه فەرەنسا ، لـه ئـەڵمانیا ئەمـه مەرجه بەڕاستی بەزمانی دایـك ئـەبێ بنووسـرێ ، بـەس ئەوەنـده كـورت بكرێتـەوه ئـەمن وا موختەسـەرم كردووە ( هەموو شتومەك و كەل پەل و كالأیەك و دەرمانێـك لـه هـەرێم و دەرەوەی هـەرێم بەرهـەم دێـت پێویسته نووسینی زمانی كوردی لەسەر بێت) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك ئومێد حەمه علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ناوەڕۆکەکەیم پشتیوانی لە بەڕێزان خاتوو ئاواز جەنگی و کاك عباس غـزالی و شـکریە خان و دکتۆر شێرکۆ حەمە امین ئەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەدام کـۆی ئـەو ماددەیـە لابـبرێـت لەبـەر ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە " ڕاسـتە تـۆ لـە ڕووی زمانەوانییەوە خزمەت بـە زمانەکـەی خـۆت دەکـەی بـەڵام لـە ڕووی کوالێتیـەوە ، لـە ڕووی جـۆر و جـۆری کاڵاکانەوە زەرەری گەورە ئەکەی ، دڵنیابە لەوەی کە ئەو مارکە گەورانەی کـە بـە کەمییـەکی زۆر کاڵایـەکی دیاریکراو دروست ئەکەن بە هـیچ شـێوەیەك ئامـادەی تێدانییـە بـۆ ژمارەیـەکی دیـاری کـراو لـە دانیشـتوان یاخود بۆ بڕێکی زۆر کەم بەو زمانەی تۆ بنووسێ ، ئەمە وائـەکا ئـەو کاڵانـەی کـە کوالێتیـەکی زۆر باشـیان هەیە نەیەنە وڵاتەکەی تۆوە ، لە لایەکی دیکەوە تەشجیعی خـەڵك ئـەکا بـڕۆن لـە ئـەو شـەریکە سـینیانەی تەقلید ئەکەن بەڵی زۆربەئاسانی چیت ئەوێ بۆت دەنووسێ ، ئەمە جگە لەوەی مەوادی سەیارە یەعنی بـۆ هەموو جیهان دروست دەکرێ چۆن بەکوردی لێی ئەنووسێ ، ئەمـە جگـە لـەوەی چـەندین کەرسـتەی تـری ئینشائی هەیە بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی پێنادرێ ، بۆیە من دڵنیام ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێت وائـەکات کاڵا مارکەکان وە ئەوانەی کوالێتی زۆرباشیان هەیە نەیەنە کوردستانەوە ، تەشـجیعی بازرگـان بکـەی کـاڵای سینی و خراپ بهێنێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو زولفا محمود فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیگری قسەکانی کاك علی حەمە صالح دەکەم ، لەگەڵ ئەوەدام دەتوانین بیکەین بەدوو بەشـەوە ئـەم کاڵانەی کەلـەدەرەوە دێـن جیـاوازن لەوانـەی نـاوەوە ، بیکـەین بـە مـەرج ئـەو کاڵایانـەی کـەل و پـەل ، ئـەو خواردەمەنی و دەرمانەش کە لە کوردستان دروست دەکرێت مەرجە تەنها زمانی کوردی لەسەر بێـت ، هـەم لە هەندێ جۆری خواردەمەنی ، هەم لە ڕووی دەرمانەوە ئەمە کە عەقـد دەکـەین لەگـەڵ کۆمپانیایـەك بـۆ ساڵێك دەیبەستین نزیکـەی ١٠٠ شـەریکەی برانـدمان هەیـە لـە کوردسـتاندا دەتوانی بیکـەی بـە مـەرج ئـەو شەریکانەی کە لێرە وەکالەتیان هەیـە، وەزارەتـی تەندروسـتی هـەرێمی کوردسـتان عەقـدی لـە گـەڵ ئـەکات پێویستە ئەو دەرمانەی لە بەر ئەوەی بۆ چەند ساڵێکە زمانی کوردی لە سەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئێستا وەڵامی ئێوە چییە لیژنە پەیوەندیدارەکان لە سەر ئەو قسانەی کە کران؟ بەڵێ کاك فرحان فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیری ئەم یاسایە، ئەم بەندە یان ئەم ماددەیە زۆر بە زەرور ئەزانین مانەوەی، لە بەر ئەوەی بە پێی ئەم ماددەیە یان ئەم بەندە وا دەکرێتن کە زمانی کوردی بە تەواوی بچیتە ریزی زمانە عالەمییەکان، ئەمڕۆ ئەگەر ئێمە ئەم خوتەمان هاوێشت دوایی دەبێتە زمانی زانست و گۆگڵیش وا دەکات کە ئێستا خەریکن لە جیهاندا حەتا سایتە گەورەکانیش بە زمانی کوردی دەنووسن وەکو جەنابت ئەمڕۆ خوێنتەوە کە لەو گۆڤارە باس کراوە بە ریزبەندی ژمارە (٣١) هاتیە زمانی کوردی بووەتە زمانێکی عالەمی، ئەگەر ئێمە ئەوە جێ بە جێ بکەین شەریکەکان مولزوم بکەین یان ئەو عەقدانەی کە ئیلزام ئەکەن، ئەگەر ئیلزامیان بکەن بۆ تێدا بێ ئەم شەریکانە دوو هەلی کاری سێ، چار هەلی کاری دەست دەکەوێ، دوو، سێ کوردی زمانزان لە ئەوروپا و ئاشووری و ئەوانەش بێکار نابن لەم شەریکانە تەعیین ئەبن، یەعنی ئەمە لە لایەك هەلی کار بۆ خەڵکی کورد زمان دەرەخسێنێتن و لە لایەکی تریش زمانەکە ئەچیتە ریزی زمانە عالەمییەکان و ئاستی بەرز ئەبێتەوە، و ئەبێتە زمانی زانست و ئەبێتە زمانێك شان بە شانی زمانە جیهانییەکان و ئەمە زۆر زۆر گرنگە بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە ئێمە بەرگری لە مانەوەی ئەمە ئەکەین لە جۆری سیاغەوە دەکرێ قسەی لێ بکرێ و سیاغە بکرێ، بەڵام مانەوەی زۆر زۆر پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، سوپاس، فەرمووو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز :**

**بەڕێز سورۆکی پەرلەمان.**

واللە قسەکانم کاك فرحان کردی، بەڵێ بە پێوبستی ئەزانین ئەم ماددەیە لەم یاسایەدا بمێنێتەوە، لە بەر ئەوەی ئەکرێ لە رێی ئەو شت و مەکانەوە با بڵێین ئەگەر دا و دەرمان بێ یان خواردنی قتوو و ئەمانی بێ ئەکرێ زمانی کوردی باشتر بڵاو ببێتەوە لە هەموو جیهاندا، و ئێمە نالێین ئەمە گشتگیر بێ بۆ ئەشیای سەیارە یان ئەوەیان بۆ بیت؟ نا، ئەمە لە هەموو دونیادا کاتێ یابان ئەشیای سەیارە دروست ئەکات، تەوزیعی ئەکات بە هیچ زمانێکی دیکە لێی نانووسێت، بەڵام ئێمە کاتێك ئەڵێین گرێ بەست لە گەڵ شەریکەیەك بکرێ، ئەکرێ دوو پسپۆری زمانەوانی ئەو شەریکەیە هەم بۆ کوردەکەش باشترە لەوێ دەتوانێت دابمەزرێت و شەریکەکان دەتوانن چەند دەرمان هەیە بە عەرەبی و بە ئینگیلیزی و بە زمانەکانی دی، با ئێمەش بتوانین زمانی کوردی بخەینە پاڵ ئەو زمانانەی تر، و ئەگەر بکرێ وشەی

هەموو، كاك صالح فقێ وشەی هەموو لابرێت گشتگیر نەكرێ بۆ هەموو ئیستیرادێكی بێتە هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی ئەو پێشنیارانەی لە لایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە كرا بە پەسەندی دەزانین و ئێمە پێشنیارەكەی بەڕێز عباس غزالی قەبول دەكەین كە لە لایەن زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسەند كرا بۆ ئەوەی كە دابەشی بكەین ماددەكە بكەین بە فەقەرەی یەك، و فەقەرەی دوو، لە فەقەرەی یەك باس لە هەموو كەل و پەل و كاڵایەك بكەین كە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت و بیكەین بە ئیلزامی كە بە كوردی لە سەری بنووسرێ، بەڵام لە فەقەرەی دوو دا باس لە هاوردەكان دەكەین، حوكمەكەی دەكەین بە جیاوازی، واتە دەكرێت بە زمانی كوردی لە سەری بنووسرێت، وجوبی نەبێ، ئەگەر كرا قەدەر ئەلئیمكان بە زمانی كوردی لە سەری بنووسرێت بۆ ئەوەی ماركەكانی دیكەش بێ بەش نەكرێت لە هاوردەكردنیان بۆ هەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ڕێكی بخەین و سیاغەی بكەین و دابڕێژنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو كاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

دیارە رای بەشێك لە پەرلەمانتاران بە تایبەتی رای علی حەمە صالح لە جێی خۆیەتی، ئەو مەترسییە لە هەندێ وڵات وا حەل كراوە كە دێتە ناو وڵاتەكە شەریكەكە مولزەم ئەكات كە دەزگایەك دروست بكات، وەرگێرانی بكات لەزگەیەك لێ بدات، لە دەرمان لە هەندێ كەل و پەل كە براندن شەریكەكە ناتوانێ خۆی وەرگێرانی بۆ بكات، تۆش پێویستە كە دێتە وڵاتەكە ئەو كۆمپانیە ئەو بازرگانییە كە دەیهێنێتە ناو هەرێمی كوردستان مەفروزە بە شێوەی لەزگە بە وەرگێڕان پێكهاتەكەی بنووسرێ، شێوازەكەی بنووسێ و بیدا لەو كەل و پەلەی كە دەیهێنیتە هەرێمی كوردستان، پێم وایە ئەویش جۆرە چارەسەرە بۆ ئەو مەرحەلانەی كە پێویستن و ئێمە ناتوانین كۆمپانیاكەی یان بەرهەمەكەی ناچار بكەین كە بە زمانی كوردی لە سەری بنووسێت بە تایبەتی لە دەرمان لەوە دەرچێ سێ خەتی لێ ئەدەن و ئەو بەیانی و ئێوارە و نیوەرۆ كە نازانێ چوونە راستی دەبێ هەندێ وردەكاری تێدا بێ كەسەكی ئەخوێنی بزانی ئەو دەرمانە بۆ چی باشە؟ چۆن ئەخۆی؟ كەی بخورێ؟ كاتەكەی چەندە؟ یەعنی واز لەو سێ، چوار خەتە بێنین، پێم وایە هەر ئەوە بۆ خۆی دەستكەوتێكی گرنگە بۆ هوشیاری خەڵكیش نەك ئەوەی زمانی، راستە زمانی ئێمە ئەچێتە زمانەكانی تر، بەڵام هۆشیاری خەڵكیش گرنگە، یەعنی لەوانەیە ئێمە تا ئێستا نەزانین كۆكاكۆلا

بخۆینەوە چی تێدایە، پێکهاتەکەی چییە، یەعنی بە رەنگی فتووەکانی جیا ئەکەینەوە و چی باشە و چی خرابە؟ بۆیە گرنگە ئەگەر نەتوانین کۆمپانیاکانیش مولزەم بکەین لایەنی کەم بازرگانەکانی خۆمان مولزەم بکەین کە جۆرێك لە لەزگەی تایبەتی دروست بکەین بیدەن بو کەل و پەلەکانی بە زمانی کوردی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێزان تەنها سەرەنج لەوە بدەن کە لەم بابەتانەی بەرێزتان باسی ئەکەین پەیوەندی بە جوولەی بازرگانییەوە هەیە لە سەر ئاستی نیودەوڵەتی، ئەگەر بازارێکی گەورەت هەبێ، بازارێکت هەبێ کە کۆمپانیاکان بە پێویستی بزانن ئاستەکانی ئەم بازاڕە جێ بە جێ بکەن بە دڵنیاییەوە هەموو مەرجێکی دەتوانێ بسەپێنێ، بەڵام کاتێك کە بازاڕەکە بچووکە و خۆی بەرهەمی ئەوتوت نییە لە ناوخۆیا بو ئەوەی لە ناو بازاڕەکەی دەرفەتەکانت کەمتر بە دڵنیاییەوە ناتوانێ ئەو مەرجانەی کە هەیە بە سەر کۆمپانیە زەبەلەحەکانی بسەپێنێ، بە سەر کۆمپانیا گەورەکانی بسەپێنی، ناچار ئەبی ئەگەر مەرجت دانابوو بە پێی یاسا، ناچار ئەبی پەنا بەریتە بەر ئەو کۆمپانیانەی کە رەنگە کوالیتیەکەی نزمتر بیت، بۆیە پێویست ئەکات باری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ئابووری هەرێمی کوردستان و بازاڕی هەرێمی کوردستانیش ڕەچاو بکەین لە دەرکردنی ئەم یاسانەی کە پەیوەندی بە زمان و پەیوەندی بە بازرگانیشەوە هەیە، فەرموو ئاواز خان.

**بەڕێز ئاواز شێخ جەنگی:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من کە باسم لەوە کرد لە سەر خواردن، بە راستی زۆر زۆر گرنگە، من لە دەرەوەی وڵات ژیاوم، چەند مەوادێك هەیە کە لە ناو خواردن مەوادی حافیزە زیاد دەکرێت بۆ خواردن کارێگەری دەبێ لە سەر نموی ئینسان، لە سەر تەندروستی ئینسان بە تایبەتی منداڵ، بۆ نموونە لە وڵاتی بریتانیا چەند مەوادێك هەیە بە رێنمایی دەیدەنە قوتابخانە و باغچەی ساوایان کە ئەوانە نابێ بە هیچ جۆرێك لە ناو خواردنی منداڵاندا هەبێ، ئێمە ئەگەر نەزانین ئەو خورادنەی کە دێ لە ناو قووتوو و موعەلەب کە دێتە وڵاتانی ئێمە نەزانین بیخوێنیەوە تێی بگەین، حاڵی ببین کە ئایا ئەو مەوادانە زیاد کراوە یان زیاد نەکرایە؟ چون دەتوانین رێگری لەوە بکەین کە منداڵەکانمان بە کاری بینن و بیخۆن؟ خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم بەشێکی زۆر لەو مەوادانەی ئیزافە دەکرێت دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ زۆر جوڵە جوڵ دەکات نازانم بیخەمە چ چوار چێوەیەك، جوڵە جوڵ دەکات لە لای ئێمە پێی دەڵێن هارو هاجی، بە راستی ئەوە هیچ گوناحی منداڵەکە نییە، کە دایك و باوك ئەچیت ئەو خواردنانەی بۆ دەکرێ بە تایبەتی ئەو خواردنانەی منداڵ کە دێتە هەرێمی کوردستان بەشی زۆری بە کەڵکی ئەوە نایێ منداڵ بیخوا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵەی بە بێی هەست بکات، لە بەر ئەوەی رێژەی شەکر و مەوادی تر زۆری تێدایە کارێگەری دەبێت لە سەر منداڵەکان، بۆیە من پێداگری لە سەر ئەوە دەکەم زۆر زۆر گرنگە پێداگری بکەین لە سەر ئەوەی کە

خواردنەكان بە كوردی لە سەری بنووسین، بۆ ئەوەی خەڵكی هەرێمی كوردستان تێی بگا و بتوانێ بە شێوەیەكی دروست بە كاری بێنێ لە هەرێمەكە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) بڕگەی یەكەم : پێویستە هەموو شتومەك و كەل و پەل و كاڵایەك كە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت رێنمایی بە زمانی كوردی لە سەری بنووسرێت، دووەم : دەزگا پەیوەندیدارەكان كۆمپانییەكانی هاوردە كردنی خواردن و دەرمان بە وەرگێرانی رێنماییەكان بۆ زمانی كوردی پابەند دەكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ماددەكەیە كە بەو شێوەیە خوێنرایەوە؟ (٦١) كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵێ نییە؟ (٣) كەس لە گەڵێ نییە كەواتە پەسەند كرا، تۆش لە گەڵێ نی كاك بشار؟ لە گەڵێ نی؟ (٤) كەس لە گەڵێ نییە؟ كاك دكتۆر سراج فەرموو، تەبعەن موناقشە كرا تازە دەنگی لە سەر درا، موناقشە ناكرێت.

**بەڕێز سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

موناقشە نییە، بەس دەمەوێ یەك تەوزیحێكی بدەم، بە راستی تەبیعەتێكی سلبی زۆری لە سەر دروست دەبێت لە بەر ئەوەی لەمەو دوا ئەو كاڵانەی كە لە دەرێ دێن دەبێتە قاچاخ و قاچاخكاری، وای لێ دێتن ئەو مەوادەی هەمووی دوو ڤات و سێ ڤات ئەبێتن، ئەوەی مەوادی كوردی نییە ماركاتی عالەمییە، بە دزی ئەفروشرێ لە بازاڕەكانی خۆمان، تووشی ئەزمەكی ماڵی زۆرمان ئەكات و بە راستی كارێكی زۆر باش نابێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی نوزدە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) : پێویستە فۆرمی داواكاری و پارە دان و پارە وەرگرتن لە گەڵ هەموو دەزگایەكی خزمەتگوزاری، بازرگانی، سیولە و زەرف و هی تر، بە زمانی كوردی بن، بە كار هێنانی زمانی عەرەبی یان زمانێكی بیانی لە پاڵی دا رێگە پێدراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ با ناوەكانیان بنووسرین، دكتۆر شێركۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. دکتۆر شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو جارێ بە کارهێنانەوەی ئەو زمانی عەرەبی یەی لە گەڵی دا، من تەنها سەرەنجم لە سەر ئەوە هەبوو، یەعنی ئێستا خۆ بە پێی دەستوری عێراقیش زمانی کوردی و زمانی عەرەبی، دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا، بەڵام لە کوێ لە بەسرە لە ناصرییە، نازانم لە دیوانییە لە کوێی یەك تابلۆشی بە کوردی نووسیوە؟ لە بەر ئەوە هەموو جارێ ئەو جەخت کردنەوەیە تۆزێك سەرنجم لە سەر ئەوە بوو و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئاواز جەنگی فەرموو.

**بەڕێز ئاواز شێخ جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا لەم ماددەیە هەموو وەك خۆی بمێنێتەوە، من تەنیا داوا دەکەم کە زمانی عەرەبی لێ دەربهێنرێت بکرێتە زمانی کوردی و هەر زمانێکی تری بیانی، یەعنی زمانی عەرەبی پێویست ناکات لێرەدا بنووسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە تا کورتر بێت وابزانم باشترە، دووبارەی تێدا نەبێ، ئەو ماددەیە پێم باشە وا بێ، پێویستە هەموو فۆرم و نووسراوێ کە بە کاری دەهێنن بە کوردی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، سوپاس، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە گەڵ ئەوەم، تەبعەن زمانە عەرەبیەکە لابرێت بەم شێوەیە : بە کارهێنانی زمانی بیانی لە پاڵی دا ڕێگە پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو مریم صمد فەرموو.

**بەرێز مریم صمد :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە بەشێك لە بەرێزان باسیان کرد، ئەوە منیش لە گەڵ رای بەرێزیاندام کە دەڵێ بەر لە هەر زمانێکی دیکە ئەگەر پێویست بکات زمانی عەرەبی لابرێت بە شێوەی ماددەی (١٧) کە عەرەبیەکەی لابرا ئەوەشیان لابرێت، بکرێت بە هەر زمانێکی دیکە ئەگەر پێویست بکات، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو پەروا علی فەرمو.

**بەرێز پەروا علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان سەرنجم هەبوو، قسەکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شکریە اسماعیل فەرموو.

**بەرێز شکریە اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لێرە سەتری یەکەم وشەی پارەی دوو جار دووبارە کردۆتەوە،ی هی دووەمیان زیادە، بەو شێوازەی لێ بێت : پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و وەرگرتن، پارەی دووەم دووبارە و زیادە، لێرەش واوێك کەمە، لە گەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاری و بازرگانی، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە، پێویستە فۆرمی داواکاری پارەدان و وەرگرتن لە گەڵ هەموو دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی و تایبەت بە زمانی کوردی بن، بە کار هێنانی زمانی دیکە رێگە پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵامی لیژنەکانی پەرلەمان بۆ رای ئەندامان، بەرێز دکتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێکڕای پێشنیارەکان پێشنیاری لوغەوی بوون، بۆیە بەو شێوەیە دایدەڕێژینەوە ماددەکە : پێویستە فۆرمی داواکاری و پارەدان و وەرگرتن لە گەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاری و بازرگانی و پسولە و زەرف و هی تر بە زمانی کوردی بن، بە کار هێنانی زمانی دیکە لە پاڵی دا ڕێگە پێدراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، کێ لە گەڵ ماددەکەیە بەو شێوە کە خوێندرایەوە؟ (٦٨) کەس لە گەلێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ کەواتە پەسەند کرا، یەك مادده ماوە لەم بەشە، تەواوی ئەکەین ماددەی بیست، تەبعەن ماددەی (٢٣) دەمج کرا، لێکدرا لە گەڵ ماددەی (١٧)، ماددەی (٢٤) ئەبێتە ماددەی (٢٠)، فەرموو بیخوێنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لە سەر بکەین، تکایە دکتۆرە ڤالا ماددەی (٢٠) بخوێنەرەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕۆژنامە و میدیا و کلتورە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بۆیان هەیە زمانی کوردی بە کار بهێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز کاك زانا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە کاتی گفتوگۆ کردنی ئەم پرۆژە یاسایەدا بەشێك لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران پەیوەندییان لە گەڵ لیژنەکەمان کرد، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری وایە کە بەشێکی تر زیاد بکرێت بۆ ئەم پرۆژە یاسایە، ئەویش تایبەت بێت زمان فەرهەنگ و ڕۆشنبیری بۆی بۆ ڕێکخستنی هەندێك بڕگە و مادده داوا ئەکەین مۆڵەتمان بدرێتێ، لە گەڵ لیژنەی یاسایی و بەڕێزەکانی تر ماددەکانی ناو ئەم فەصڵە ڕێك بخەین، چونکە ئەوەش بابەتێکی گرنگە، مەسەلەی زمان لە کاری هونەری و لە سینەما و لە ناو ڕۆژنامە، بۆیە پێشنیار ئەکەین ئەگەر مۆڵەتمان بدرێتێ بۆ ئەوەی ئەوە ڕێك بخەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەیە مامۆستا عبدالرحمن؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، من (١٠٠٪) لە گەڵ ئەو پێشنیارەی کاك زانا عبدالرحمن دام، چونکە ئەگەر سەیری کەین، ئێمە یاسایەکە لە ڕاستیدا وتووێژی لە سەر ئەکەین، کە تایبەتە بە زمانە فەرمییەکانە،

ئەوەی کە غیابە، بوونی نییە تێدایە باسی فەرهەنگ و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریە کە گەلی کورد بە ڕاستی زمانی کوردی لەم بوارە زۆر کۆڵەوارە، بۆیە من پێشنیاری ئەو بۆچوونە دەکەم و لە گەڵی دام، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە کە خوێنمانەوە و ئەبێ موناقشەی بکەین، من هەست دەکەم ئەمە شوێنی ئەم ماددەیە نییە لە ڕاستی دا، لە بەر ئەوە پێشنیار ئەکەم ئەو فرسەتە، یەعنی پشتیوانیەکەم بدرێتە جەنابیان بۆ ئەوەی ئەو ماددەیەش بەرنە ئەو فەصڵەی لە زمان و فەرهەنگ و ڕۆشنبیریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، باشە، دانیشتنەکەمان هەڵئەگرین بۆ کاتژمێر چوار و نیو، پشوویێکیش وەرئەگرین، و ئەو کات بابەتەکە ئامادە ئەبێ، ماددەکانی تر ئامادە ئەبن بۆ گفتۆگو کردن، سوپاس.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێر بێنەوە، بەناوی گەلەوە دانیشتنەکە دەست پێدەکەینەوە و بەردەوام دەبین، فەرموو کاک رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندەکە کە دەڵێت رۆژنامەو میدیاو ناوەندە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆیان هەیە زمانی کوردی بەکاربهێنن، وا دارێژراوە کە ئەوە قەدەغە بوو بێ پێش ئەو بەندە، پێش ئەم پرۆژە یاسایە، ئەوە ئیجازە دەداتە ئەوان، ڕێ دەدات بە ئەوان کە ئیتر لەمەودوا مافیان هەیە، ئەو دارشتنەم پێ باش نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم لەجیاتی بۆیان هەیە بڵێن پێویستە، کە دەکرێتە پێویستە هەندێك خەلەلەکە چارە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە؟، فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) کە دەکاتە (٢٤) لە راپۆرتە ئەسڵیەکە، ئێمە کردوومانە بە فەسڵێك، بۆیە پێم باشە ئەوە موناقەشە نەکەین، یەکسەر ئەو فەسڵەی کە لەجیاتی ئەو ماددەیە دامان ناوە بەوە دەست پێ بکەین، ئەوە هەڵدەگرین دەیکەینە ئەو فەسڵە، ئەگەر بدرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە ماوە لەناو فەسڵەکە یان نا؟.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە نەماوە لەناوە فەسڵەکە، نەمانی ئەو ماددەیە بخەیتە دەنگدان بۆئەوەی یەکسەر فەسڵەکە موناقەشە بکەین، لەناو فەسڵەکە ئەمەش جێگای بووەتەوە بەشێوەیەکی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی نەیان نووسیوە پێتان باشە بکرێت؟، چونکە ئێوە ناوتان نووسیوە بۆ گفتوگۆکردن، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو ماددەیە دەکەین کە ماددەکە نەمێنێ لە دواتر موناقەشەی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ناو نووسراوە بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام لیژنەکان داوای ئەوە دەکەن کە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، دواتر لە چوارچێوەی فەسڵێکی تردا موعالەجە بکرێ، دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت؟ (٥٣) کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە ماددەی (٢٤) کە بوو بە ماددەی (٢٠) لابرا، فەرموون دەچنە سەر فەسڵە تازەکە یان بەشی حەوتەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی حەوتەم

زمانی فەرهەنگ و رۆشنبیری

ئەو بەشەیە کە زیاد دەکرێت بۆ یاساکە، ماددەی ئیزافی دەبێتە ماددەی (٢٠):

یەکەم/ میدیاو ناوەندی کلتوری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لەکاتی پێویستدا زمانی دیکە بەکار دەهێندرێت.

دووەم/ پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو دوو بەشە پێکهاتووە، لەو دوو بڕگەیە پێکهاتووە، کێ قسەیەکی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە بەو دوو بڕگەیە؟ ئەمجارەش بیخوێنێتەوە، چونکە لەبەر دەستیان نییە د. ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی حەوەتەم

زمانی فەرهەنگ و رۆشنبیری، لە دوو ماددە پێك دێت، ماددەی (٢٠)، ماددەی (٢١)

ماددەی (٢٠) لە دوو بڕگە پێکدێت:

یەکەم/ میدیاو ناوەندی کلتوری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لەکاتی پێویستدا زمانی دیکە بەکار دەهێندرێت.

دووەم/ پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ وتووێژی هەیە، کێ گفتوگۆ دەکات؟ با ناوی بنووسین، کەس نییە گفتوگۆی هەبێ لەسەر ئەو ماددەیە، کاك فەرهاد قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆرم پێ خۆشە کە رۆشنبیران جوابیان ناردووە کە باسی ئەوان بکەی و بابەتەکەی ئەوان، بەلأم زمان ئیمڕۆ لە دونیا ئەوەندە گەشەی کردووە، یەعنی بۆ نموونە ئێستا کابرایەکی ئینگلیزی ئاسایی ناتوانێت لە زمانی سەربازی تێبگات، ناتوانێت لە زمانی ئابووری تێبگات، لەبەرئەوە هەموو بەشەکانی ژیان زۆر گەشەی کردووە، لای ئێمە خۆمان و گەلەکەمان و زمانەکەمان گەشەی نەکردووە، بۆیە هەست بەوە ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی تکایە ماددەکە بخوێنەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، د. ڤالأ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠):

یەکەم/ میدیاو ناوەندی کلتوری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لەکاتی پێویست زمانی دیکە بەکار دەهێندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵییەتی؟ باشە، با بڕگەی دووەمیش بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم/ پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکە بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٦١) کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١):

یەکەم/ لەکاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتوری بیانی لە هەرێمدا دەبێت پۆستەرو پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدا بێت لە پاڵ زمانە بیانییەکە.

دووەم/ هەر کارێکی هونەری و کلتوری کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر دەستییان نییە، دکتۆرە داوات لێ دەکەم جارێکی تر بیخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێتە ماددەی (٢١):

یەکەم/ لەکاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتوری بیانی لە هەرێمدا دەبێت پۆستەرو پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدا بێت لە پاڵ زمانە بیانییەکە.

دووەم/ هەر کارێکی هونەری و کلتوری کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ گفتوگۆی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو کاک عباس غزالی.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو هەموو ماددانە دەتوانرا بە بۆچوونی من بە یاساش ڕێکخراوە، بەلاَم هەر کارێکی نوێ بەرهەم دەهێندرێتن، پێویستە بە کوردی بێت و ژێرنووسیشی هەبێ، بەلاَم دەکرێتن دۆبلاژیشی هەبێ بە زمانی کوردی ئەمەشی لەگەڵ بێ، مادام بەسەر زمانە خاڵێکمان لە هەموو ماددەکان تەماشام کردووە، کە لەناوی دابێ، لەناوی دانەبووە نازانم لە کوێ جێگای دەبێتەوە؟، ئێمە باسی زمان دەکەین، ڕێنووسی زمان باس ناکەین، دروستە لە هەرێمی کوردستان بەو حروفەی ئێستا دەنووسن شێخ شامۆش باسی کرد، ئێمە ئەو زمانە دیاری بکەین بە چ ڕێنووسێك، جۆری هەرێمی کوردستان بە حروفی عەرەبی دەنووسێ، بەلاَم کوردیش کە زمانمان هاوبەشە، زۆربەی ئەدەبیاتی ئێمە بە حروفی لاتینییە، پێم باشە بڕگەیەك یان ماددەیەکی بۆ زیاد بکرێتن، ڕێنووسی زمانی کوردی بە حروفی لاتینی و عەرەبی دەبێ، چونکە ئەوانەی بیانەوێ فێر ببن، ڕەنگە بە حروفی لاتینی زووتر فێری کوردی ببن تاکو عەرەبی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەریز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیرە لە بەشێ: لە قسەکانی کاك عباس غزالی دەکەم، ئەو قسەکانی من کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها سەرنجم لەسەر خاڵی یەکەم هەیە، لەکاتی ئەنجامدانی چالاکی، پروپاگەندەکان بە کوردی بێ، چالاکییەکان بە کوردی نابێ؟، یەعنی ئەوە پرسیارێکە بۆ لیژنەی یاساییە، چونکە لە ماددەکەی تردا کە دەنگی لەسەر درا، میدیاو ناوەندی کوردی ڕوون نەکراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان، لەوەش پرسیارم هەبوو ئایا میدیا جیهانییەکان دەگرێتەوە یان ئەوەی کە لەو ماددەیەدا هات بوو ڕۆژنامەو میدیاو ناوەندە کلتورییە بیانییەکان، ئێمە ئەو ماددەیەمان لابرد، ئایا ئەوەی دەنگی لەسەر درا، ئەوەش دەگرێتەوە؟ ئەوەش تەنها پۆستەر و پروپاگەندەیە، ئایا خودی چالاکییەکە زمانە کوردیەکەی تێدا نابێ؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەمدا لە پاڵ هونەری کەلتوری هاتووە، بەڵام لە بڕگەی دووەمدا نەهاتووە، ئەگەر لە بڕگەی دووەمدا بتوانین ئەوەش ئیزافە بکەین هونەری و کەلتوری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتی زمانی بیانی بکرێتە زمانی دیکە، ئیحتماله زمانی عەرەبی، زمانی مەحەلیش بێتن، لەجیاتی زمانە بیانییەکە، لەپاڵ زمانی کوردی زمانی دیکە بن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سروود فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەی کاک محمدم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامی ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕای ئەندامانی پەرلەمان چییە؟ کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێك لە تێبینیەکان جێگای خۆی بوو، پلەی ژێرنووس لەوێ دەستکاری بکەین و بیکەین بە وەرگێڕانی کوردی هەبێ، وابزانم ئەوە هەم دۆبلاژەکەش و هەم ژێرنووسەکەش، یەعنی هەردوو مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە، وابزانم ئەو تێبینییە بۆئەوەی لەڕووی زمانەوانییە بوو، ئەوەی کە دکتۆر شێرکۆ باسی کرد تەواوە (کلتوری) بۆ ئیزافە دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زمانی بیانی بکرێت بە زمانی دیکە، هیچ سەرنجێکی ترتان هەیە؟ فەرموو بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١):

یەکەم/ لەکاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتوری بیانی لە هەرێمدا دەبێت، دەبێ پۆستەرو پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدا بێت لە پاڵ زمانە بیانییەکە.

دووەم/ هەر کارێکی هونەری و کلتووری کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٥٦) کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (٧) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی هەشتەم

## زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان

ماددەی (٢٢):

لە هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردندا، کە چڕی دانیشتووانەکەی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی جیاواز لە کورد بن، بۆیان هەیە بە ڕاپرسییەکی خۆجێی زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی کوردیدا بکەن بە زمانی فەرمی کاروباری ناوخۆییان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٥) کە دەڵێت (لە سەهەر یەکەیەکی بەڕێوەبردندا، کە چڕی دانیشتووانەکەی)، چڕی زۆر مەتاتییە یەعنی هیچ ڕێژەیەکی بۆ دیاری نەکراوە، کەواتە بۆئەوەی ئەوە نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێ کردنی ماددەکە، چونکە نیەتی موشەریع ئەوەیە کە خزمەت بە پێکهاتەکان بکات، بۆیە پێم باشە بگوترێت بەشێکی دیار سەر بە پێکهاتەیەکی نەتەوەی جیاواز لە کورد بن، وشەی ڕاپرسیش لاببرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی مافی پێکهاتەکان هەمووی لەم خاڵەدا کۆکراوەتەوە، ئەگەر دەوڵەمەندتر بکرێت باشترە، من پێم باشە بەم دارشتنە بێ، لەو شوێنانەی کە پێویستە پێکهاتەکان بۆیان هەیە لەپاڵ زمانی کوردی، زمانی خۆیان بەکاربهێنێ بۆ خوێندن و ئاخاوتن و بەڕێوەبردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی گەشە خانم هەیە، وشەی چڕی ڕەنگە شتێکی زیادبێ لەوێ، لە هەر یەکەیەکی کارگێڕی دابێ، ڕەنگە بەڕێوەبردنەکە باشتر بێ، دواتریش پێم وانییە پێویست بە ڕاپرسی بکات، وشەی ڕاپرسیش بە شتێکی زیاد دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ایدن فەرموو.

**بەڕێز ایدن سلیم معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٥) هەریەکەیەکی بەڕێوەبردندا کە چڕی دانیشتووانی سەر بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد بن، سەربە پێکهاتەی نەتەوەیی جیاواز لە کوردبن) ئەوە لاببرێت، ببێتە (سەر بە پێکهاتەی نەتەوەیی) یەعنی تەحدید بکرێت ئەو نەتەوەیە کێنە لەو ماددەیەدا، هەروەها من تەئیدی گەشە خان دەکەم، لەهەمان کاتیشدا تەئیدی کاک تحسینیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل وان ڕەئیەما کە راپرسی نەمێنیّ، راپرسی خۆجێی، وشەی پالْ ببێتە دگەل، زمانێ خۆیان دگەل زمانێ کوردیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی ئەو ڕەئیانە دەکەم، کە ڕاپرسی نەمێنێ، لەبەرئەوەی لە دەستووریش هەر حەقێکی موکتەسەبە بۆیان، بۆ نموونە لە چوارەم لەماددەی چوار لە دەستووری عیراقی دەڵێ زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی رەسمین لەو یەکە ئیداریانەی کە کەسافەی سوکانی دانیشتوانیان تێدایە، مانای وایە لەوێ پەیوەستی نەکردیە بە ڕاپرسی، بۆیە ڕاپرسی هەڵبگیرێت، ئەو حەقە موکتەسەبەی کە خۆیان بەپێی دەستوور هەیانە لەم قانونە ئیقرار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هاوڕام لەگەڵ ڕایەکەی بەڕێز گەشە خان و بەڕێز کاك ایدن، لە هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردندا چڕی دانیشتوانەکەی لابرێت، پێکهاتەی نەتەوەکان دیاری بکرێت نەك ئەو جیاواز لە کورد بوونە ئەویش هەر لابرێت، لەبڕی ئەوەی ناوی نەتەوەکان بنووسرێت، من هەر لەگەڵ ئەوەم ئەو ڕاپرسیەش لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە فاریزەی یەکەم زیادە، لەم بڕگەیەش چارەسەری شتێك نەکراوە، ئەویش ئەوەیە هەندێکجار ئەوەیە لە یەك شوێندا دوو پێکهاتەی جیاوازی تێدا هەیە، بۆ نموونە تورکمان و مەسیحی تێدا هەیە، لەم حاڵەتە پێم باشە لەم بڕگەیە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو وحیدە فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتگیری گەشە خان و كاك تحسین و مامۆستا بەهزاد و د. فرست دەكەم، بەس پێشنیارێك دی ئەز بێژم لە ماددەی سێ ئەگەر تو بەری خۆدەی یێ حەل كری، بەس تشتەكی زێدە لە یەكەی بەڕێوەبەرایەتی، چونكە ئەمە یەكە نینە بەڕێوەبەریاتییە بەتایبەت بە پێكهاتەی سریانی یان توركمانی، یەعنی موتەشابە هەیە، ئەگەر ببێتە ئێك ژی ئەز بێژم تەمامە، ئەگەر دەمج ببێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەو ڕەئیە دەكەم، كە ئەنجامدانی راپرسی كە زیادە، بەپێی ڕاپرسی ئەو مافەیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یعقوب فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس یاقو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئێمە باشە نەتەوەیی بێتە دیاركرن ئەوە یەك، دوو: ئەز پشتگیری دكەم لە گەشە خان و كاك تحسین و كاك ایدن و كاك بەهزاد و د. فرست و خوشكە مریم و وحیدە خان و كاك مردان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. سروود فەرموو.

**بەڕێز د. سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان قسەی دوێنێم هەیە، كە دەڵێت چڕی دانیشتووانەكەی سەر بە پێكهاتەیەك، ئەو شتە لەسەر ئەوە لەهیچ شوێنێك تەتبیق نابێ، ئەوە سبەی، دووسبەی دەبێت مەعتەڵ لە بۆمان، دەمانەوێ ئەو فەقەرەیە لابرێت و پشتگیری لەقسەكانی كاك یعقوب و كاك بەهزاد و كاك تحسین و گەشە خان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی دەستووری عیراقی دەڵێت (اللغة التوركمانیة واللغة السریانیة لغتان رسمیتاٌن اخریان في الوحدات الاداریة التی یشكلون فیها كثافة سكانیة)، بەڕەئی من ئەوە دابندرێت ئیتر هیچ كێشەیەكی قانونیمان بۆ دروست نابێ، تەرجومە بكرێ بە كوردی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چڕی دانیشتووان مەبەستی كەسافەی سوكانیەكەیە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی (اكثریة سكانیة) لەمەشدا نوقسانێكی تێدایە، دەبووایە بەزۆری چڕی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاست بێژێتن كاك عمر، بەس لوێرێ ئەرمەنی تێدانییە، بەس نڤیسیە لوغەی توركمانی و سریانی و ئەرمەنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبۆ ئەو موناقەششەتانە پشتگیری ڕای بەڕێز كاك عمر دەكەم، لە دەستور هاتووە باسی ڕاپرسیش ناكرێتن، بەڵام لە خاڵی پەروەردە لێرە گوترا كە ئەوە لە ماددەی (٢٥) چارەسەر كرایە، پەروەردەی توركمانی تەنها لەو وەحدە ئیداریانە نییە كە زمانی فەرمی توركمانی بێتن، بۆ نموونە لە هەولێر زمانی فەرمی توركمانی نییە، بەڵام پەروەردەی توركمانی و ڕۆشنبیری هەیە، بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەو فەقەرەیە ئەوە بنووسرێتن، تاوەكو لە یاسا بێ، پێكهاتە نەتەوەییەكان بەزمانی خۆیان مافی پەروەردەو خوێندنیان هەیە، یەعنی شەرت نییە زمانی فەرمی بێ، یان كەسافەی سوكانی بێ، بۆ نموونە لە كفری، لە سلێمانیش توركمان كەسافەی سوكانی نییە، بەڵام مەكتەبیان هەیە، دەگۆڕێ ئەم یاسایە دژی یەكتر نەبن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری خاتوو گەشە خان دەکەم، کاك تحسین و کاك ایدن و کاك بەهزاد و د. فرست و وحیدە خان و کاك مەردان و کاك محمد و کاك عمر عینایەت دەکەم، بەلاَم سەبارەت بە ڕاپرسییەکی خۆجێی ئەوە لابدرێتن، لە هەمان کاتدا ڕاستە لە زمانی پێکهاتەکان بەشێکی تایبەتییان بۆ داندراوە، ئەوە تەنها پێکهاتەکانە، بەلاَم ئاماژەی پێ نەکراوە چ لە پرۆسەی خوێندن، چ لە ئاخاوتندا، بۆیە پێشنیارێکی کاك تحسین پێشنیار دەکەم ئەمە کێشەکە چارەسەر دەکات، لە لیژنە پەیوەندیدارەکان داوا دەکەم، لە کاك تحسین ئەو پێشنیارە داوا بکەن، کە بتوانن بەگوێرەی یاسا دایبڕێژین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەلَەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە موناقەشەی هەمو بڕگەیەکدا وتمان لە ماددەی (٢٥) زەمانەتی حقوقی پێکهاتەکانمان کردووە، لەبەرئەوە من لەگەلَ دێڕی یەکەمدام تاجیاواز لە کورد بن، لەدوای ئەوە بلَێین زمانی پێکهاتەکە دەبێتە زمانی فەرمی بۆ هەموو حوکمەکانی ئەو یاسایە، لە هەموو شتەکانی کە جیامان کردووەتەوە هەموو ئەوانە بگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەلاَمی لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕای ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو د. ڤالاَ.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆری پێشنیارەکان بەجێن، بەلاَم ئەوەی کە پەیوەندی هەبوو بە چڕی دانیشتووان ئەوە چڕی دانیشتووان موستەلەحێکە، کەسافەی سوکانیەکە، بۆیە چڕی دانیشتووان دەبێ بمێنێتەوە کە سەر بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاوازبن لە کورد، باس لە خوێندن و ئاخاوتن و بەڕێەوبردن کرا، لێرانە ئێمە کە وتومانە بە زمانی فەرمی کاروباری ناوخۆیی لێرە بە موتلَەقی هاتووە، واتە هەموو ئەو کاروبارانە دەگرێتەوە، بەلاَم ئەگەر زیادیش بکرێن تەحدیدی ئەو کارانە بکرێت کە بە زمانی خۆیان ببن بە فەرمی، ئەوەشیان دەتوانین پێشنیاری بەڕێز کاك ابوبکر هەلَەدنی وەربگرین، داواکرا کارگێڕی لەجێگای بەڕێوەبردن بەکاربهێنێت، دوێنێش ئەو ڕوونکردنەوەیەماندا، ئەکادیمیای کوردی بەڕێوەبردن لەجێگای کارگێڕی بەکاردەهێندرێت و پێی وایە بەجێ ترە بۆبەکارهێنان، ئەگەر ماوەمان بدەنێ ئەو ماددەیە

دابڕێژینـەوە، هـەڵگرتنی ڕاپرسـیش چـەند ئەنـدام پەرلـەمانێك پێشـنیاری كـرد، ئەگـەر بیخەیـە دەنگـدان بەڕێزتان بۆ هەڵگرتنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە كێ لەگەڵ ئەوەیە ڕاپرسی لەوێ لابرێـت، لـەو ماددەیـە؟ (٦٥) كـەس لەگەڵێیـەتی، كـێ لەگـەڵی نییـە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێ كەواتە پەسەند كرا، ئێستا فەرموون ئەو ماددەیـە دابڕێژنـەوە بۆئـەوەی بیخەینـە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## بەشی هەشتەم

## زمانی پێكهاتە نەتەوەییەكان

ماددەی (٢٢):

لە هەر یەكەیەكی بەڕێوەبردندا، كە چڕی دانیشتووانەكەی سەر بە پێكهاتە نەتەوەییەكانی دیكە بن زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی كوردیدا دەبێتە زمانی فەرمی بۆ خوێندن، ئاخاوتن، كاروباری كارگێڕی و ناوخۆییان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەیە بەوشێوەیەی كە خوێندرایەوە؟ (٥٥) كەس لەگەڵێیەتی، كێ لەگـەڵی نییـە؟ (٢) كـەس لەگەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو ماددەكەی تر.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٣):

دەبێت دامەزراوەكانی ئەم جۆرە پێكهاتانە لە پەیوەندییەكانیان لەگـەڵ دامودەزگاكانی حكومـەتی هـەرێمی كوردستاندا، زمانی كوردی بەكار بێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسـەی هەیـە لەسـەر ئـەو ماددەیـە؟ كـەس نییـە قسـەی هـەبێ لەسـەر ئـەو ماددەیـە، كەواتـە دەیخەینـە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە؟ (٥٤) كەس لەگەڵێیەتی، كێ لەگـەڵی نییـە؟ كـەس نییـە لەگـەڵی نـەبێ، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## بەشی نۆیەم

## سزاكان

ماددەی (٢٤):

ئەوەی سەرپێچی حوكمەكانی ئەم یاسایە بكات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەكەوێت:

یەكەم: سزاكانی بەرزەفتەكردنی بەسەردا جێ بەجێ دەكرێت ئەگەر هاتو فەرمانبەر بوو.

دووەم: ئەگەر سەرپێچیكار فەرمانبەر نەبێت ئاگادار دەكرێتەوە كە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرپێچیەكە ڕاست بكاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچییەكەی بەردەوام بوو، بۆ هەر ڕۆژێك بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كە لە (٥٠) هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (١٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

سێ یەم: هەموو زەرەرمەندێك مافی جولاندنی داوای هەیە لە كاتی سەرپێچیكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم ئەگەر سەرپێچیكار فەرمانبەر نەبێ ئاگادار دەكرێەوە، كە لەماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرپێچییەكەی ڕاست بكاتەوە، ئەگەر لە سەرپێچیەكەی بەردەوام بوو بۆ هەر ڕۆژێك بە غەرامە سزادەدرێت، كە لە (٥٠) هەزار دینار كەمتر نەبێ لە ڕۆژی ئاگادار كردنەوە، یەعنی نازانین لە كەیەوە دەست پێ دەكات ئەو غەرامەیە، پێویستە ڕۆژی دەستپێكردنی غەرامەكە دیاری بكرێت، وشەی غەرامەش ئەگەر بكرێتە كوردی باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر چاكە، سوپاس، خاتوو مەدینە، فەرموو.

**بەڕێز مدينە أيوب أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل مادەیێ دووەم سێ جارا سەرپێچی هاتیە كرن، پێشنیار دكەم ڤێ شێوەی بیت (ئەگەر فەرمانبەر نەبیت بێتە ئاگادار كرن لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئەگەر بەردەوام بوو، وە هەر ڕۆژەك غەرامە سزا بدرێت لە (٥٠) هەزار كەمتر نەبیت، لە (١٠٠) هەزار دینار زێدە تر نەبیت، چونكە قانونی عقوبات تێدا ژی دائیمەن حد الأقصى و حد الأدنى تێدا دێتە تەحدید كرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك محمد سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین أنور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ هەر ڕۆژێك (٥٠) هەزار دینار، نازانین مەبەستی چییە لەوە؟ بۆ نموونە یەكجار سەرپێچی كرد، لە نووسراوێك هەڵەی كرد، (٥٠) هەزار سزا دەدات، نووسراوە بۆ هەر ڕۆژێك (٥٠) هەزار، مەسەلەن شتەكە بەردەوامی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕوونكردنەوەی ئێوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەیوەندی بە حەدی ئەدنا و حەدی ئەعلای غەرامەكە هەبوو پێی وەردەگرین بەو پێشنیارە، لە كاتی صیاغە كردنەوە دایدەڕێژینەوە، بەڵام لێرە كە بۆ هەر ڕۆژێك (٥٠) هەزار دینارمان داناوە، ئەگەر هاتو بەردەوامی هەبوو سەرپێچی كردنەكە، ئەگەر هاتو بەردەوامی هەبوو، واتا لە ڕۆژی ئاگادار كردنەوەی ئەگەر سەرپێچییەكەی هەڵگرت ئەوا تەنها بەو مەبلەغە غەرامە دەكرێ، بەڵام ئەگەر بەردەوام بوو رەغمی ئاگادار كردنەوەی، بۆ هەر ڕۆژێك ئەو مەبلەغە غەرامە دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموون صیاغەی بكەنەوە، دایبڕێژنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەڵام پێموابێت لەگەڵ ئاگادار كردنەوەی لێرە سزا نادرێ، بەڵكو (١٥) ڕۆژ مۆڵەتی دەدرێتێ ڕاستی بكاتەوە، لە دوای (١٥) ڕۆژەكە ئەو كات بۆ هەر ڕۆژێك (٥٠) هەزار دینار سزا دەدرێ، بەڵێ فەرموو بەڕێز د. ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤)

ئەوەی سەرپێچی حوكمەكانی ئەم یاسایە بكات بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەكەوێت:

یەكەم: سزاكانی بەرزەفتە كردنی بەسەر دا جێبەجێ دەكرێ ئەگەر هاتو فەرمانبەر بوو.

دووەم: ئەگەر سەرپێچیكار فەرمانبەر نەبێت ئاگادار دەكرێتەوە كە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرپێچییەكە ڕاست بكاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچییەكەی بەردەوام بوو بۆ هەر ڕۆژێك بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كە لە (٥٠) هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (١٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر تێبینیت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بری غەرامەکە بڵێین تاوانە، لە ناو قەوسێ، غەرامەکە هەر هەبێ بنووسن لەبەردەمی تاوانە واتا غەرامە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د. بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی تاوان تەنها موخالەفە ناگرێتەوە کە عقوبەکەی غەرامەیە، بۆیە غەرامەکە باشترە، مەفهومترە، ڕاستە عەرەبییە، بەڵام کەلیمەیەکی کوردیمان نییە لە بەرامبەری دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناڵێین تاوان، تاوانە، ئەو بزوێنەی پێوەیە، یەعنی کەسێك تاوانێکی کردووە لە بەرامبەر ئەوە شتێك وەردەگرێ، بمبوورن ئەم وشەیە بەکار دێنم، وەکو چۆن دەڵێی سەرانە، یەعنی لەسەر هەمان وەزنە، بمبوورن کە ئەم وشەیەم بەکار هێناوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک مەردان نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە جیاتی وشەی (غەرامە) وشەی (پێ بژاردن) بەکار دەهێنرێت ئێستا لەلای خۆمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەعویزە (پێ بژاردن)، با (غەرامە) بێت، دوایی ئەگەر وشەیەکی کوردیمان بۆ دۆزرایەوە ئەوە تێی دەکەین لە صیاغەوە ئەوە موشکیلەیەکی ئەوتۆ نییە، ماددەکە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی؟.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم: هەموو زەرەمەندێك مافی جوڵاندنی داوای هەیە لە کاتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ لەگەڵ ماددەکە؟ ٦٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، فەرموون ماددەکەی تر.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دەیەم**

ماددەی (٢٥)

ئەرکی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە ئەستۆی ئەکادیمیای کوردی یە.

لەسەر ئەم ماددەیە پێشنیار زۆرە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام پێشنیاری ئەندامان وەرگیرا، دواجاریش داوای کات لە بەڕێزت دەکەین بۆ داڕشتنەوەی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با دەست بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بنووسرێ، بەڕێز کاك صالح فقێ، فەرمووو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەرکە بە تەنها ناکرێ لە ئەستۆی ئەکادیمیای کوردی بێ، لە پاڵ ئەوە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بە گشتی بگرێتەوە، ناوی هیچ لایەنێك نەهێنرێ، لەبەر ئەوەی هەر بەشێکی پەیوەندی بە وەزارەتێك و لایەنێکەوە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك ڤەمان فيصل ، فەرمووو.

**بەڕێز ڤەمان فيصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو فەقەرەیە هیچم لەسەر نییە، بەڵام ئەوەی من پێشنیار دەکەم تەنیا جێگەی لە ئەحکامی خیتامی دەبێت، ئەگەر بکرێت، پێشنیارەکانیش دەخەمە ڕوو:

یەکەم: ئەوەیە کە هەر لە دەستووری هەمیشەیی عیراقیش ماددەی (٤) هاتووە کە موئتەمەرات بەو زمانە فەرمییانانە بن، کە گرێدانی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئەوە شتێکی زۆر گرنگە.

دووەم: هاندانی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ پێشخستنی زمانی کوردی لە پاڵ ئەوە دیاری و خەڵات پێشکەش بکرێن بەو کەسانەی کە دەست پێشخەری دەکەن لەسەر نەشر کردنی زمانی کوردی، ئەوەی زۆر گرنگە بەلامەوە دامەزراندنی دەستەیەکی تەرجەمەیە بۆ زمانی کوردی، چونکە ئێستا لە بازاڕی کوردستان دا هەر کەسێك بۆ خۆی تەرجومە دەکاتن، ئەوە شتێکی جوان نییە، خزمەت بە زمانی کوردی ناکات، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم دەستەیەك بۆ تەرجومە دابمەزرێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەرکی بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە ئەستۆی ئەکادیمیای کوردی یە، ئەوە کوردییەکە پێویستە بەسەر یەکەوە بنووسرێ، ئەوە لە ڕووی ڕێنووسەوە، بەڵام لە ڕووەکەی ترییەوە ئەمە یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای کۆڕی زانیاری کوردستان –عیراق، ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٧) کە لە بەرواری (٢٠٠٧)وە ناونراوە ئەکادیمیای کوردی، لێرەدا هەشت ئەرکی بۆ ئەکادیمیای کوردی دەستنیشان کردووە، ئەکادیمیای کوردیش بە پێی ئەم یاسایە دەلکێنرێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، قسەکەی من لەسەر ئەوەیە کە هەموو ئەوانەشی کە بەڕێز کاك ڤەمان باسی کرد لە ناو ئەو ئەرکانەدا هەیە، هەر بۆ نموونە پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی و گەشە پێکردن و پەرەپێدانی، کارکردن لە پێناو گەیشتن بە زمانێکی کوردی فەرمی یەکگرتوو بە سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەی هەموو شێوەکان، گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی زانستی و زمانەوانی، ببوورن ئەگەر بە خێرایی ئەوە بڵێم، گرنگیدان بە وەرگێران لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانێکی تر و بە پێچەوانەوە، قسەی ئەساسی ئەوەیە ئەگەر ئەکادێمیای کوردی نەیتوانی وەکو چۆن بەڕاستی نەیتوانیوە ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات، نەیشتوانی ئەم ئەرکەش جێبەجێ بکات، پێویستە بە بڕوای من لێرەدا ماوەیەك دیاری بکرێ، ماوەیەك دیاری بکرێ کە لە دوای ئەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، یاخود ئێستاکە ئایا من ئەم پرسیارەم بۆ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی یە، ئایا ئەکادیمیای کوردی کێ چاودێری بکات؟ ئێمە چاودێری دەکەین؟ یان ئەنجومەنی وەزیران؟ چۆنە؟ بۆ ئەوەی بەڕاستی هەم من بۆ خۆم گرنگە بەلامەوە زۆر ئەم هەشت ئامانجەی کە بۆی دیاری کراوە، هەم ئەم یاسایەش کە دەخرێتە ئەستۆی و جێبەجێی بکات، ئەگەر نەیتوانی جێبەجێی بکات بانگی بکەین لێرە، بۆمان ڕوون بکاتەوە، ڕێگرییەکانی چییە؟ چییە کە ئەو ناتوانێ یاساکە جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عباس غزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی ئەوەندەدا لە پاڵ ئەکادیمیا لایەنی پەیوەندیداریش زیاد بکرێ، بەڵام لە خاڵێکی پێشتریش گوتم من شتێك هەست دەکەم کەمە لێرە، مەسەلەی ڕێنووسە، ئێمە ئەم زمانە بە چ شێوەیەك بنووسینەوە، بە یاسا دیاری نەکراوە، ئێمەی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات بە حرووفی عەرەبی دەنووسین، بەڵام لە باکوور و ڕۆژئاوا بە حروفی لاتینی دەنووسن، حرووفی لاتینیش بۆ تێکەڵ کردن لەگەڵ خەڵکانی دەرەوە، بە تایبەتی ئەوانەی حرووفی لاتینی، ئینگلیزی و ئەوانە بەکار دێنن، زۆر ئەساسە پێم باشە، چونکە هیچ جێگای نەماوە، فەقەرەیەکی تر زیاد بکرێ، ڕێنووسی زمانی کوردی بە هەردوو شێوە بێت، عەرەبی و لاتینی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەم بڕگەیە کە کاری بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەیە، دەتوانم بڵێم بەشێك لە ڕوحی یاساکە پێك دەهێنێ، حیکمەت لە دەرکردنی هەر یاسا و بڕیارێك لە کوردستان جێبەجێ کردنییەتی، لە هەموو جێگایەکیش، عوقدەی گەورە لە کوردستان دا ئەوەیە، یاساکان وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێن، هەندێ جار ئەرکێك دەسپێردرێ بە جیهەتێك، ئێمە ناتوانین مۆفەق بین وەکو خۆی لە ئەو جیهاتەی کە دەستنیشان دەکرێ، تەصەوری شەخصی خۆم دەستنیشان کردنی ئەکادیمیای کوردی بۆ بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی محتەوای ئەم یاسا گرنگە لە جێگەی خۆی دا نەبووە لە ئەساس دا، بۆیە من وای دەبینم دەبێ ئەو پرسیارە بکەین، ئایا کێ بەدواداچوون بکات بۆ کاری ئەکادیمیای خۆی کە بەشێك لە مەهامی ئەم یاسایەی لە یاساکەی خۆی دا پێ سپێردراوە؟ ئەوە یەك، دوو/ ڕام وایە دەبێ جیهەتێك بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بکات کە قودرەتی بڕیاردان و قودرەتی ئیجرائاتی پێویستی هەبێ، کە ئەویش یان ئەنجومەنی وەزیرانە، یان بە دیقەتتر بڵێم لە ناو ئەنجومەنی وەزیران لە دەزگای جێبەجێ کردن وەزارەتی ڕۆشنبیری یە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە جیاتی ئەکادیمیای کوردی وەزارەتی ڕۆشنبیری بە کار بهێندرێ، خۆ دەبوو بۆ موناقەشە کردنی ئەم پرۆژە یاسایە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان وەزیری ڕۆشنبیری یان وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا و ئەو جیهاتەی مەعنین لە ناو ئەم گفتوگۆیە حزووریان هەبوایە، من پرسیارێك لە لیژنەی مەعنی دەکەم، ئایا بۆ گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتەکە و نووسینەوەی ڕاپۆرتەکە هیچ یەکێ لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن لەو وەزارەتانەی کە مەعنین

مەشوەرەتان پێ کردوون؟ یان لەگەڵتان حزووریان هەبووە؟ یان هەر ئیعتیماد کراوەتە سەر ئەکادیمیای کوردی؟ سوپاستان دەکەم؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك علی هالۆ، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا گوتنێن كاك عباس غزالی دكەم، ب دیتنا من گەلەك باشترە دڤیا سایدا ئەڤیش دیاری كرن كو ب كارهینانا پیتێن لاتینی گەلەك باشە، ژ بەر سێ هۆكارا:

ئێك: كوردێن باكوور و ڕۆژئاڤا پیتێن لاتینی ب كار دێنن، ئەڤە دبێت ئەو بەرهەمێن ئەدەبی و زانستی نڤێسینێ كو لە باشوور دەردكەڤن، بساناییا بخوینن و ئیستیفادە ژ ببینن، چەند سەد هەزار كوردن كو ژ دەرەوەی كوردستانێن كو وڵاتی ئەوروپی دژین زارۆكی وان حەمی سانایی فێری حەرفیت لاتینی دبن، دێ فێری زمانی كوردی و خوێندن و نووسینا كوردی بن، هەروەسا زمان حەرفێت لاتینی تەكنەلۆژی و زانستا ڤی سەردەمیدا لە حەمی جیهان ب كار دێت، ئەمەش ئاسانكارییە كو ڕێخۆشكەرەك، كو بە سانایی تر دگەل پێشكەفتنێن تەكنەلۆژی و زانستی بچین و سوودیش لێ ببینین، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرنجەكەم ئەوەیە ئەركی بەدواداچوونی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە لە ئەستۆی ئەكادیمیای كوردی یە، ئەركی بەدواداچوون ئەوە لە ئەركەكانی پەرلەماندایە، بەڕای من ئەوە هەڵەیە هەر لە ڕووی یاساییشەوە، بەدواداچوونی جێبەجێ كردن، ئێمە ئەركەكەی خۆمان بەخشیوە بە ئەكادیمیای كوردی، لە ڕاستی دا پەرلەمان ئەركی بەدواداچوونی جێبەجی كردنی یاساكانی خۆی هەیە، ئەوە ئەركی پەرلەمان خۆیەتی نەك ئەو ئەركە ببەخشێ بە ئەكادیمیایەك، ڕاستر وایە، یان ئاسایی تر وایە كە جێبەجێ كردنی یاساكە بە دەزگایەكی تر، وەكو چۆن نموونەیەك دێنمەوە، یاسای بە دەستهێنانی زانیاریمان هەیە كە تاكو ئێستا جێبەجێ نەكراوە، لە یاساكە دەستەی مافەكانی مرۆڤ بەرپرسیارێتی ئەوەی خراوەتە ئەستۆ، دیارە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران یاساكە جێبەجێ بكەن، ڕێنمایی بۆ دەربكەن، بۆیە هەر خودی ئەو وشەیە بەڕای من هەڵەیە لەوێدا بەكار هاتووە، دەكرێ جێبەجێ كردنی یاساكە لە ئەستۆی ئەكادیمیای كوردی و لایەنی پەیوەندیدار لە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن بێ، جا ئەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری یە یان هەر لایەنێكی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. فرست صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی یەكەمیش پێشنیارێكی بەو شێوەمان كرد، بەڵام ئێستا باش بوو دەرفەتەكە هاتەوە بۆ ئەوەی باشتر ڕوونی بكەینەوە، بەڕێز د. نوری تاڵەبانی كە ئامادە بوو لێرە گوتی ئەگەر یارمەتی داراییمان بدرێ، ئێمە دەتوانین ئەم یاسایە جێبەجێ بكەین، ئەگەر یارمەتی داراییان نەدرا كەواتە ناتوانن جێبەجێی بكەن، هەندێك شتی تێدایە ئەم یاسایە پەیوەستە بەوەی كە قیتعەی دوكانێكی تیجاری، عەلامەتێكی تیجاری، ئەوە وەزارەتی شارەوانی دەتوانێ تەحدیدی بكات، بۆ نموونە هەندێكی تێدایە پەیوەستە بە مرور، مرور و وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێ جێبەجێی بكات، هەندێكی وەزارەتی ڕۆشنبیری یە، یەعنی ئەركی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە دەكەوێتە ئەستۆی زیاتر لەلایەنێك، یەعنی ئەكادیمیای كوردی جوزئێكە لە جێبەجێ كردنی ئەو یاسایە، بۆیە پێشنیار دەكەم بۆ ئەوەی ئەو یاسایە یاسایەكی گرنگە بە مردووی لە دایك نەبێ، هاوشێوەی یاسای زمانە فەرمییەكانی عیراق كە من پێم وایە نەصێكی باشیان هەیە لەوەی، ئەنجومەنێكیان هەیە، دیسان تەئكید دەكەمەوە ئێمەش ئەنجومەنمان هەبێ، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان من سەیری یاسای زمانی چەند وڵاتێكیشم كرد، یەعنی تەحویلی چەند لایەنێكی كردووە، بۆیە من پێشنیارەكەم بەم شێوەیەی خوارەوەیە، یەعنی لەجیاتی ماددەی (٢٨) بەم شێوەیە بنووسرێتەوە، ئەركی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە دەكەوێتە ئەستۆی ئەنجومەنی باڵای زمانە فەرمییەكان، كە پێك دێت لەم لایەنانەی خوارەوە:

١- نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران.
٢- نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ.
٣- نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری.
٤- نوێنەری وەزارەتی شارەوانی.
٥- ئەكادیمیای كوردی.
٦- سێ زمانناس و شارەزا لە هەر یەك لە پێكهاتەكانی توركمان و سریان و ئەرمەن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك مەردان خدر، فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، ئەرکی بەدواداچوونی یاساکە ئەرکی پەرلەمانە، دووەمیش پشتگیری پێشنیاری د. فرست دەکەم، کە ئەنجومەنێك پێك بهێنرێت لەو لایەنانەی کە باسی کرد، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو حیات مجید، فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز د. فرست صوْفی دەکەم، ئەو بەدواداچوونەش لابرێ، پشتگیری لە کاك ئومێد حەمە علی و کاك مەردان خدر دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شوان، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەوەی من نوقتەیەکی نیزامییە، ئەوەی سەیر دەکەم ئەو پرۆژە یاسایە لە سەرەتاوە تا دەگاتە ئێستا بۆشاییەکی گەورەی تێدایە، کە نەمانتوانیوە، دەڵێین زمانی کوردی، بەڵام زمانی پرۆتۆکۆلی نووسین بەیانی لە پەرلەمانی کوردستان، لە حکومەتی هەرێم نامەیەك ئاراستەی ئیتیحادی ئەوروپی دەکەن، بە کرمانجی سەروو دەنووسرێت یان خواروو؟ خاڵێکی تر، مەسەلەی ئەو لەهجانە، کرمانجی سەرووە، خوارووە، زازایی یە، شێوەزارەکانی ترە، پێویست بوو لە شوێنێك دا ئاماژەیان پێ بکرابا و پێناسەش کرابانایە، لە کوێ قسەیان پێ دەکرێ؟ خاڵێکی تر مەسەلەی لاتینی، من پێموایە یەعنی ئیسارە کردنی بەکارهێنانی حروفی لاتینی لە کوردستانی باشوور، وەکو ئەوەیە کاتی خۆی ئەتاتورك یەکەم شتی کە هاتە سەر کار لە تورکیا حروفی عەرەبی و هەتا تورکیشی گۆڕی بۆ حروفی لاتینی، ئەوە بەڕاستی دوورخستنەوەیە لە لوغەتی قورئان، کە لوغەتی قورئان بەڕاستی لوغەتی عەرەبە شۆڤێنی و بەدەوییەکان نییە، یەعنی ئەوە بۆ ئێمە باش نییە، بۆ خۆی عەلامەتی ئیستیفهام دەکەوێتە سەر بابەتەکان، لەبەر ئەوە پێویستە لێرە بە ڕاستەوخۆ باس بکرێ، زمانی ستاندارد چییە؟ ئێمە کامە دەکەینە زمانی ستاندارد؟ خۆ ناکرێ ئێمە دوای (٢٢) ساڵ هەر پینە پەڕۆی بکەین، هەر خۆی لێ بەدوور بگرین، نەوێرین خۆی لێ بدەین، بە ئاشکرا لە پەرلەمانی کوردستان با بڕیار بدەین، چ شتێك لە خزمەتی قەزیەی ئێمەدایە با ئەوە یەکلایی بکەینەوە،

ناكرێ كەسێك ئەو پرۆژەیە بخوێنێتەوە لە سەرەتاوە تا دەگاتە كۆتایی، بەڵام نەزانێ زمانی نووسینی ئەم پرۆژە یاسایە چییە؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، كاك علی نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

غەڵەتێ زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئەم حروفەی لە كوردستان دا بەكار دێت عەرەبی نییە، حروفی ئارامی كوردییە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە سوپاس، مامۆستا مەڕوان، فەرموو.

**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا وەكو ڕوونكردنەویەك ئەگەر ئیجازە هەبێ، كەم قسە دەكەم و پێشم خۆش نییە قسە بكەم لە شتێك دا ئیجاب نەكات، زۆر لە خوشك و برایان بۆ ئەوەی كە نەبێتە ڕەد، قەناعەتم وا نییە ئێمەی كورد لەبەر ئەوەی دوا كەوتووین چونكە بە كوردی دەنووسین، زمانی كوردی زمانێكی پاڵاوتە بێت، دوور بێ لە زمانی عەرەبی، دوور بێ لە زمانی فارسی، دوور بێ لە ئینگلیزی، دوور بێ لە هەموو زمانێكی تر، خاوەن كلتوری خۆمان بین، خاوەن نووسینی خۆمان بین، من ئەو برا بەڕێزە و خوشكە بەڕێزانەم كە پێشنیار دەكەن، ئەگەر دەزانن ئێمەی میللەتی كورد لەبەر ئەوەی دواكەوتووین، چونكە حەرفەكانمان كە دەنووسین و بە هی عەرەبی دەچن، ئەگەر بیانكەینە لاتینی یان بیكەینە ئینگلیزی دەگەینە ئەو كۆمەڵگە و موجتەمەعە ئەوروپیانەی كە پێشكەوتوون با ئێستا ناوی خوای لێ بینین، بەڵام بەڕاستی پێم خۆشە ئێمە چۆن داكۆكی لەسەر ئەوە دەكەین كە میللەتی ئێمە فێری زمانی ئینگلیزی بێ زەرووره، فێری زمانی وڵاتە ئەوروپییەكان بێ زەرووره، ئەوولاترە كە میللەتێكی موسوڵمانین و خاوەن هەویەیەكین، باب و باپیرانمان موسوڵمانن ئێمە ئەو زمانەی كە زمانی عەرەبییە، وەكو مامۆستا ئیشارەی پێكرد، نەك شۆڤێنی یە عەرەبەكان، زوبانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (علیه السلام)، شانازی پێوە دەكەین كە فێری بین، بەڵام ئەفزەلییەت و ئەولەوییەتیش بە زمانی خۆمان دەدەین كە زمانی كوردی یە، حروفی لاتینیش بەڕێزان، سەرۆكی پەرلەمان، تەحەدا دەكەم لە كوردستانی ئێمە خوێندەوارەكانمان زۆر نایزانن، دایك و باوكانمان كە خوێندەوارن سەریان لێ دەرناچێ، با هەر حیسابی منداڵەكانمان نەكەین، منداڵەكانمان فێری زمان و حروفی لاتینی بكەین، با حیسابی ئەوە بكەین ئەو خوێندەوارانەی، ئەو دایك و باوكانەی لەبەر فانوس و قەندیل فێری خوێندەواری بوون، فێریانكردووین، ژیان و كەلتوری ئەوان فی صفر نەكەین، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شکریە إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز شکریە إسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەلف و بێی کوردی بە بۆچوونی من دەلالەت دەکاتە سەر کلتور و ڕەسەنایەتی کورد، دوورکەوتنەوە لە ئەلف و بێی کورد دوورکەوتنەوەیە لە ڕەسەنایەتی و لە کلتوری کورد، بۆیە بەڕاستی لە هەمان کاتیش دا ئەگەر ئێمە ئیسارەی حروفی لاتینی بکەین، مانای ئەوەیە لە کلتور و ڕەسەنایەتی خۆمان دوور دەکەوینەوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە نەوەکەی خۆمان، نەوەی داهاتوومان لە قورئان و لە فەرموودەکانی پێغەمبەر و لە پیتەکانی کوردی دوور دەکەینەوە، لە ڕەسەنایەتی و لە کلتووری کورد دووریان دەخەینەوە، لەلایەکی تریشەوە وەکو مامۆستا مەڕوان ئاماژەی پێ کرد، ئەو جیلەی کە پێش ئێمە خوێندەوارن تازە زۆر زەحمەتە فێری حروفی لاتینی بن، بۆیە بەڕاستی ئێمە دەکەوینە هەڵەیەکی زۆر گەورە ئەگەر لە ئەلف و بێی کوردی دوور بکەوینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەبعەن ئێستا باسی ڕێنووس نییە، ئەم ماددەیە باس لە چۆنییەتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەکات، بەڵام پێشنیاری ئەوە کرا کە ماددەی تری بۆ زیاد بکرێ، ئەم ماددەیە جارێ هێشتا نەخراوەتە وتوویێژ، بۆ ئەوەی زیاد بکرێ تا قسەی لەسەر بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە باس کرا ئەو وتوویێژەشی لەسەر کرا، گفتوگۆکەی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە کێ بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بکات؟ ئایا تەنها ئەکادیمیای کوردی بێ؟ یان حکومەت بێ؟ یان لایەنە پەیوەندیدارەکان بێ؟ یان ئەوەی کە باس کرا ئەنجومەنێك دروست بکرێ، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەو تێبنییانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرانە ڕوو، فەرموو د. ڤاڵا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە خرانە ڕوو بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێن، بەڵام کاتمان دەوێ بۆ داڕشتنەوەی ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، فەرموون دایبڕێژنەوە، کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك بۆ لیژنەی یاسایی، ئەگەر بکرێ ئەرکی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە ئەستۆی ئەکادیمیای کوردی یە، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، ئیتر وەزارەتەکان دەگرێتەوە، هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باش، زۆر سوپاس کاك عمر، کاك ڤەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەکەم بۆ ئەم مەبەستە ماددەی (٢٨) و (٢٩) یەك بخرێن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەڵام تاوەکو ئیجازەمان دەدەی ئێستا نوقتە نیزامییەکەمان باس بکەین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر چییە نوقتە نیزامییەکەت؟ نیزامی بێ دەبێ لەسەر پەیڕەو بێ.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

بەڵێ لەسەر پەیڕەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ماوەیەك لەمەو پێش زیاد لە (٣٠) ئەندام پەرلەمان لەسەر کێشەی بەنزین و گرانبوونی نرخی بەنزین، کە بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە و قەیرانێکی گەورەیە لە کوردستان دا، یاداشتێکمان تەسلیمی بەڕێزتان کرد، تاکو ئێستا هەر نەمانزانی ئەو یاداشتە چی لێهات؟ هیچ جوابێکی نەبوو، لە ڕاستی دا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە هەموومان نوێنەری ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتەین، نوێنەری میللەتی کوردین، نوێنەری گەلین، تاکو ئێستاش نەمبینی لەم پەرلەمانەی کوردستان دا خەڵك یەعنی لە ڕاستی دا ئەوەی حاجەتی خەڵکە و پێویستی خەڵکە بە جیددی قسەی لەسەر بکرێ، نرخی بەنزین لە (٥٠٠)وە بوو بە (٨٠٠)، هیچ هەڵوێستمان نەبوو، لە (٨٠٠)وە بوو بە (٩٠٠) هیچ هەڵوێستمان نەبوو، چارەسەری کێشەی

بەنزین نەکرا ئەگەر ببوورە سەرۆکی پەرلەمان با قسەکانی خۆم بکەم، عەرزت کەم با قسەکانی خۆم بکەم ئینجا وەڵامم بدەنەوە....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە تەنها ئەوەی نیزامی بوو کە ئێوە یاداشتتان تەسلیمی ئێمە کردووە، داوای ئەوە دەکەی کە دەرەنجامی یاداشتەکەی خۆتان بزانی.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

بەڵێ، دەرەنجامەکەمان نەزانی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە مامۆستا هەورامان، (٣) یاداشتی ئێوە هاتۆتە بەردەستی ئێمە، بە (٣) نووسراو ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانمان کردووە، نووسراوەکان ماون، لە کاروباری پەرلەمان دەتوانی بیبینی، جارێکی تر بە یارمەتی خۆت، جارێکی تر لە ئەنجومەنی وەزیران داوایان لێ کردین ئەو (٣) یاداشتە کە یەکێکیان بۆ بانگ کردنی وەزیری سامانە سروشتییەکانە بۆ بەردەم پەرلەمان، یەکێکیان بۆ بانگ کردنی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز بوو بۆ بەردەم پەرلەمان، یەکێکیان بۆ بانگ کردنی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز بوو بۆ بەردەم لیژنەی وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران داوایان لێ کردین کە یەکێك لەو نووسراوانە جێبەجێ دەکەن ئەوان، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان داوای ئەوەی لێ کردین کە نووسراوەکان تەوحید بکرێ، نووسراوێکی ترمان ئاراستە کردوون بۆ ئەوەی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز بێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، پێموابێ لە حەفتەی داهاتوو یان دوای ئەوە، ئەم حەفتەیە بەتەما بووین بیانهێنینە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی سێ ئەندامی ئەنجومەنەکە لە ناو هەرێمی کوردستان نەبوون، لە دەرەوەی وڵات بوون، بۆیە ئەو حەفتەیە نەمانتوانی ئەوە تەرتیب بکەین، بەڵام لە دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئەوە ڕێك دەخەین.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕاستی دا نوقتە نیزامییەکەم لەسەر ئەوەیە زۆر تەئخیر بوو بە حەقیقەت، ئەو میللەتەی کە دەنگی بە ئێمە داوە و ئێمەی هێناوەتە ناو هۆڵی ئەم پەرلەمانە گلەییمان لێ دەکەن هەموویان، گلەیی لە هەمووومان دەکەن، لەو پەڕی ئیسلامییەوە بۆ ئەو پەڕی علمانییەوە گلەییمان لێ دەکات، دەڵێ ئێوە لەسەر ڕەش و ڕووت و قووتی خەڵك و بەنزین و ئەو هەموو قەیرانەی کە دروست بووە نایێنە جواب لەسەری.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە مامۆستا هەورامان، وەڵامم دایتەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە هەبوو وەڵامم دایتەوە، تکایە ئیتر ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە نییە، با بچینەوە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کاک علی، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم ڕاست کردنەوەیەك بکەم، ئێمە تەنیا بەنزین گرفتێکی گەورەیە، بەڵام ئێستا ئابووری کوردستان لە قۆناغێکدایە، یان ڕوو دەکەینە بەغداوە وەچەرخانی گەورە ڕوو دەدات، هیچ مانایەك نامێنێ تۆ بۆ ئەوەی پەرلەمان نەزانێ ئەو دۆخە بەرەو کوێ دەڕوا؟ یەعنی مەبەستەکە کە دەڵێین ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز، قەیرانی دارایی، مووچە، هەموو گرفتەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسی وزە لە هەرێمی کوردستان بانگمان کردوون بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە ماوەی داهاتوو دێنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز کاك ئومێد خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامییەکە تایبەتە بە ئێوە ، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەرفەت دەدەن بابەتی لا بەلا بێتە ناو کارەکانەوە، ئەوە یەکەم جاریش نییە، جاری دیکە تیکرار بۆتەوە، بۆیە من داواکارم ئەم قسانەی بەڕێز مامۆستا مەلا هەورامان مەسەلەی، بمبوورە مامۆستا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە مامۆستا هەورامان لە جێگای خۆتەوە قسەی مەکە.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس موزایەدە نەکا، خەڵکی کوردستان دەنگی بە هەموو لایەنەکان داوە، پێویست ناکات مامۆستا تەنگاو بێت، هێشتا نازانی من چ دەڵێم؟ مامۆستا حەزم لێیە گوێم لێ بگری، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کاری جەنابتە ئەندامی پەرلەمان بۆی نییە بێتە ناو، مامۆستا کەس باسی گەندەڵی نەکردووە، هەموومان دژی گەندەڵین، ڕەجائەن با قسەی خۆم بکەم، مامۆستا دوو جار باس لەوە دەکات ڕەش و ڕووت، خەڵکی کوردستان نە ڕەشە، نە ڕووتە، خەڵکی کوردستان هەژارە، خەڵکی کوردستان پێویستە..

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە با کۆتایی بەم بابەتە بێنین، دەگەڕێینەوە سەر بەرنامەی کارمان کە بریتی یە لە ماددەی (٢٥)، بە یارمەتی تکایە بێ دەنگی، مامۆستا هەورامان بۆ دواجار ئاگادارت دەکەمەوە لە جێی خۆتەوە قسە مەکە، فەرموو د. ڤالا ماددەکە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشنیاری بەڕێز د. فرستیان قبوولّ کرد، بە دەستکارییەکی سادەوە کە بە ڕەزامەندی بەڕێزیان بوو، ئەوەش دەقی ماددەکەیە.

ماددەی/ ٢٥: ئەرکی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەیەکی بالاّ کە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەست دەکرێ، پێك دێت لەم لایەنانەی خوارەوە:

یەکەم: نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ.

دووەم: نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری.

سێیەم: نوێنەری وەزارەتی پەروەردە.

چوارەم: نوێنەری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

پێنجەم: ئەکادیمیای کوردی.

شەشەم: نوێنەری پێکهاتە نەتەوایەتیەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە، بەڵێ کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەشێکمان تەرخان کردووە بۆ دادگاکان، لەبەرئەوە دەبێ نوێنەری ئەنجومەنی دادوەریشی تێدابێ بە ڕای من.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێ ئەو ماددەیە لابرا، خاتوو شیلان فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ مامۆستا ابوبکر، چونکە ئەبێ نوێنەری دادگاکانی تیابێ زائیدەن نوێنەری وەزارەتی خوێندنی بالاّش، چونکە پەیوەندی بە توێژینەوە زانستیەکانەوە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرمووە.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك ابوبكر دەكەم پێویستە نوێنەرێكی دادوەری تیا بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری، لە كاتێك دا سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، مەبدەئی فەسڵی سوڵتات ڕێگە بەوە نادات، وەزارەتی عەدل، بەڵێ، كاك عمر فەرمووە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە كارێكی ئیجرائییە، لە مەیدانا جێ بەجێ دەكرێ، پێویستە كەسێك ئیشی بۆ بكات، ئەكادیمیا دەتوانێ ئەو كارە بكات بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگا و وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەبەرئەوە ئەگەر كەسێك نەبێ لیدەر و قائیدی ئەو مەسەلەیە بێ، ناكرێ، كە بوو لە لیژنە، دەبێ جارێكی دیكە لیژنەی بۆ پێك بهێندرێتەوە، دەبێ ئەكادیمیای كوردی ئەوكارە جێ بەجێ بكات بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگار و وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەم شێوەیە نەبێ جێ بەجێ ناكرێ، دەبوایە بخرایە دەنگدانەوە، منیش پێشنیارێكم هەبوو وەكو ئەوەی جەنابی كاك د.فرست ئەوەی منیش دەبووایە بە هەند وەرگیرایە بەداخەوە لیژنەی یاسایی بەهەندیان وەرنەگرتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صالح فەرمووە.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێمواية ئەمە نەك تەنها پەیوەندی بەو چوار، پێنج وەزارەتەی ناویان هێناوە هەیە، ئەمە گشتگیرە پەیوەندی بە سەرجەم وەزارەتەكانەوە هەیە، بۆیە هەر بە هەماهەنگی ئەركی بەدواداچوونەكە سەرجەم لایەنە پەیوەندارەكان بگرێتەوە، ئەو ماددەیەی دوایی وەك خۆی بمێنێ كە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندارەكان حوكمەكەی جێ بەجێ بكەن، واتە ئەم ماددەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكانە یان وەزارەتە پەیوەندارەكان یام دەستەكان، لەبەرئەوەی گشتگیرە هەمووی دەگرێتەوە، ئەگەر ناو بهێندرێ ناوی سەرجەم وەزارەت و دەستەكان بهێندرێ، جگە لەوە ئەمە پەیوەندی بە كەرتی تایبەتیشەوە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان فەرمووە.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئیمینکی (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لە چارەسەرێك بگەڕێین ئەو پێشنیارە هەمووی باسکراوە، هەموویان کۆبکرێنەوە، واباشە کە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو ماددەکەش دەمج دەکرێ، باشە، سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی ٢٥ و ٢٦ لێك بدرێن؟ بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند بکرێ، کێ لەگەڵیەتی؟ ٧٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هاتووە لەلایەن پەرلەمانتار بەڕێز فەرهاد سەنگاوی، بەم جۆرە داوای زیاد کردنی ماددەیەك بۆ یاسایەکە دەکات، ناوی هەر ناوچەیەك کە بەمەبەستی سیاسی و گۆڕینی دیموگرافیا گۆڕابێ، دەبێ ناوی کوردی بۆ دابندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر جارێکی تر بیخوێنیتەوە، چونکە لەبەردەست ئەندامان نییە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی هەر ناوچەیەك کە بەمەبەستی سیاسی و گۆڕینی دیموگرافیا گۆڕابێ، دەبێ ناوی کوردی بۆ دابندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەکە؟ کاك عمر نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە ئایا زیاد دەکرێ یان زیاد ناکرێ، دوای ئەوە گفتوگۆ لەسەر ماددەکە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ئەو کاتە ئەگەر بە پەسەند زانرا زیاد بکرێ، ماددەکە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا ئەندامانی پەرلەمان قبوڵ دەکەن ئەوە زیاد بکرێ بۆ ئەم یاسایە یان نا؟، ئەگەر قبوڵ کرا ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەگەر قبوڵ نەکرا، جا ئیتر بۆ خۆمان هیلاك بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا کە قبوڵ کرا ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر ناکرێ، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مافی ئەندامی پەرلەمانە پێشنیار بکات بۆ زیاد کردنی هەر ماددەیەك، ئەمە مەبدەئێك نییە بخرێتە دەنگەوە، بۆچوونەکەی بەڕێزت تەواوە، شەرح دەکرێ، زەرورە زیاد بکرێ، دوای شەرحەکە ئەو کاتە دەخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم بیرۆکەیە، بیرۆکەیەکی گرنگە، ئێمە ئەسڵی یاسایەکەمان بۆ ئەوەیە، ئەویش ناحەقیانەی بە حەقی زمانە فەرمییەکان کراوە لە کوردستاندا بگێڕدرێتەوە، خۆتان دەزانن لە مێژووی دوور و نزیك دا، لە دەورانی مێژوودا، پرۆسەی گۆڕینی ناوە ڕەسەنەکانی ئەم نیشتمانە ڕوویداوە، ئەم یاسایەش دەرفەتێکە بۆ گەڕانەوەی ئەو مافانە، لەماوەی ڕابردوودا چەند بڕیارێك دراون لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و لە عیراقیش دا بۆ گەڕانەوەی ناوە ئەسڵیەکان بۆ نموونە کە کەرکووك هاتەوە سەر ناوی خۆی کە تەئمین بوو لە هەندێ جێگای تریش هەم لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و هەم لەناوچە کوردستانییەکان تەبەعاتی ئەو لێشاوە داگیرکردنەی مێژووی داگیرکەران لە کوردستاندا ماونەتەوە، حەقێکی مەشروعە ئێستا ئەم بابەتە بجولێنرێ، بۆیە من پشتیوانی ئەم دەقە پێشنیارکراوە دەکەم وەکو خۆی، ئەگەر بەڵگەشتان ویست بۆ چەند ناوێك وەکو گۆڕینی دیموگرافیا دەتوانین بیخەینە بەردەستتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی کردن لە پێشنیارەکەی بەڕێز فەرهاد سەنگاوی من پێم باشە ئیزافەی ئەوەش بکرێ، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا شەپۆلێکی ناوگۆڕین هەبوو، ئەگەر ناویش نەکرێتە ئیجباری ئێستا تەنها ڕێگا

بدرێت ناوی کوردی بێت، بەڵام دەتوانرێ ڕێگا بگیرێ لەوەی کە ناوی کوردی ڕێگای پێ نەدرێ بە ناوی دیکە و بە شێوازی دیکە گۆڕانکاری بەسەردابێت، پشتیوانی لە پێشنیارەکە دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەك هەر ئەوانەی کە ناوەکەیان گۆڕدراوە، بگۆڕدرێنەوە بە ناوی کوردی، بەڵکو کۆمەڵێك شوێنی گشتی تازە لە گەڕەك و لە شەقام کە دروست کراون و ناوێکیان لێ نراوە کە بە تایبەتی مۆرکی سەردەمی ڕژێمی بەعسی لەناوچوویان پێوەیە و ئەو ناوانەش بگۆڕدرێن بە کوردی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدين انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدين (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێین بگەڕێتەوە، بۆ کوێ بگەڕێتەوە؟ یەعنی پێشنیاری کاك علی بوو بەس خۆی قسە ناکا من لە جیاتی ئەو قسە دەکەم، یەعنی بۆ کوێ بگەڕێتەوە؟ هی کەی؟ چ ناوێکی کۆنتر هەیە لە ئەسڵی هەیە مەسەلەن لە نووسینێك دا و لە چ دەمێك؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەو پێشنیارەی ئەو کردوویەتی، بگەڕێتەوە بۆ ناوە ئەسڵیە کوردیەکە، لە دەقەکە بەو شێوەیەیە کە ناوی کوردی بۆ بگەڕێتەوە، ناوی کوردی بۆ دابندرێتەوە، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە بیرۆکەی کاك فەرهاد دەکەم و پێشنیارەکی پاڵپشتی دەکەم، بەڵام وا چاکە بنووسرێ ئەو شوێنانەی کە ناوی گۆڕدراوە پێشتر ناوی کوردی هەبووە، بگەڕێتەوە سەر ناوە ڕەسەنەکەی خۆی، هەندێك شوێنیش کە حکومەت ئیستحداسی کردووە، یەعنی پێشتر ناوی کوردی نەبووە، نوێ ناوی بۆ داناوە، ئەو ناوانەش ناوی نوێی کوردی بۆ دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، کاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك سالار و د.سراج کردیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئێمە لە حکومەتە دوماهیەکان داین و گەیشتووینەتە سەر جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، دووەم/ ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی بە زمانە فەرمییەکانەوە نییە، پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی و ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ گێڕانەوەی ناوی هەموو ئەو شوێنانە بۆ ناوە کوردیە کۆنەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منی فەرمووو.

**بەڕێز منی بنی نارد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك فەرهاد سەنگاوی بە تەواوی تاوەکو ئێستا بۆمان ڕوون نەبووەتەوە، ئایا ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن، یاخود لەهەرێمی کوردستانە؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا جارێکی تر پێشنیارەکە بخوێنەوە؟ فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی هەر ناوچەیەك کە بە مەبەستی سیاسی و گۆڕینی دیموگرافیا گۆڕابێ دەبێت ناوی کوردی بۆ دابندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منی فەرمووو.

**بەڕێز منى نبى نادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت ئەو ناوچانەى كە گۆڕاوە، پێشان زمانى كوردى بوو ئێستا زمانى عەرەبيە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداين و هاوڕاين كە بگەڕێتەوە سەر زمانى كوردى، بەڵام ڕەچاوى زمانى توركمانيش بكرێت، كە لە هەندێك شوێنان، هەندێك ناوچە دانيشتوانى زۆرينەى توركمانن ئەوانيش مافيان هەبێ، كە ئەو ناوچەيە بە توركمانى بنووسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

د. پەرى فەرموو.

**بەڕێز د.پەرى صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتيوانى لە قسەى زۆرينەيان دەكەم، قسەكانى من كرا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.ابراهيم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهيم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگيريا پێشنيارا كاك فەرهاد سەنگاوى دكەم و ئاخافتنێت منيش داى كاك سالار محمود و هەڤالان هاتن كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسين اسماعيل حسين (مەروان گەڵاڵى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگيرى لەو پێشنيارە دەكەم، بەڵام شاملتر بكرێت، بۆ نموونە تايبەت نەبێ بە ناوچەكان، جادە و پارك و شوێنەكانيش كە ناوى خەڵكى ديكەمان لێ ناون، ئەوانيش بگۆڕين وەكو فرانسۆ ميتران و قەزافى و ئەوانە هەمانە لاى ببەين، ناوى كورێكى شۆڕشگێڕى ئەو وڵاتەى لێ بنێين، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك كمال فەرموو.

**بەڕێز كمال يلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

نازانم تەغيرى ديموغرافى لە وەختى بەعس كرايە يان هى قەديميش هەبێت، چونكە يەعنى ئەگەر ناوەكە بگەڕێتەوە ئەسڵى خۆى وابزانم باشترە لەوەى كە بڵێين ناوە كورديەكە بێت، ئيعتياديە، يەعنى دهۆك

وەختی خۆی نۆهەدرە بوو، یەعنی دەگەڕێتەوە نۆهەدرە؟، یان ئەربیل ئەربائیلۆ بوو خۆ ناگەڕێتەوە ئەربائیلۆ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەمێك گفتوگۆمان ماوە تکایە بێ دەنگی بپارێزن، ئارامی هۆڵەکە بپارێزن با گفتوگۆکانمان تەواو بکەین، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله پێشنیارەکەی من ئەو کات لە گفتوگۆکەدا کردی پرسیارەکە ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ کەی و چ ناوێ ئیزافە بکرێ؟، چونکە هەندێکی تەئریخەکەی دیار نییە، بۆ نموونە قوشتەپە دەکرێتەوە بە چی؟ مەسەلەن قەرەهەنجیر دەکرێتەوە بە چی؟ یاخود چۆن دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله تەقریبەن ئەو ڕەئیەی کاك علی بوو، کۆمەڵێك ناو هەیە پێموایە تەئریخەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی عوسمانیەکان، بە نموونە قەرەداغ، قەرەناو، قزلەر، ئەمانە هەمووی ناوی تورکین، ئەمە ئەسڵەکەی چی بووە؟ چۆن بووە؟ یەعنی پێموایە ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی زۆر ئەوەیە، یەعنی دەبێ لەسەری بوەستین و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە پێشنیارەکەی بەڕێز جەنابی سەنگاوی دەکەین، لەبەرئەوەیە بۆ پێداچوونەوەی سیاسەتی بە عەرەب کردن لە کوردستاندا، ئەو جا چ ناوی شوێن بێ یاخود هەر شتێکی تر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك فەرهاد دەکەم و قسەکانم لەلایەن کاك ئومێد و کاك سالار کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ ئێمە گەیشتینە كۆتاییەكانی یاسایەكە، ئێستا ئەگەر ئەو بەندە دابنێین لەوانەیە ببێتە ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بكەین، واتە بەندێك دابنێین لەپێشەوەی ئەو یاسایەی كە پەسەندمان كردووە، دووەم/ عینوانی ئەم یاسایە زمانە فەرمییەكانە لە هەرێمی كوردستان، من ڕێزێكی زۆر زۆرم بۆ پێشنیارەكەی پەرلەمانتاری بەڕێز كاك فەرهاد سەنگاوی هەیە، بیرۆكەیەكی زۆر باشە، بەڵام كێ دەتوانێ من ئیقناع بكات ئەو بیرۆكەیە هیچ پەیوەندیەكی بەم یاسایەوە هەیە، هیچ پەیوەندیەكی پێوە نییە، لەگەڵ ڕێزێكی زۆرم بۆ بیرۆكەكەی كاك فەرهاد سەنگاوی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرباری پشتیوانیم بۆ بیرۆكەكەی كاك فرهاد، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە، یەعنی گۆڕینی ناوەكان لەكوردیەوە بۆ عەرەبی و بۆ توركی و بۆ فارسی، ئەمە دەتوانم بڵێم ڕەچەڵەكێكی مێژوویی هەیە، ئایا پێویست بەوە دەكات ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە مێژووییە؟، مەسەلەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی، ئەم دوو هێزە ئەگەر بۆ نموونە ئەگەر بۆ نوقتەیەكی مێژوویی بگەڕێینەوە بۆ ١٥١٤ كە سەرەتای شەڕی چاڵدێران و سەرەتای دابەش كردنی كوردستانە، ئایا ئەمە بكەینە سەرەتا یاخود هەر لە بنچینەوە لە دوای هاتنی سوپای عەرەبی ـ ئیسلامی بۆ كوردستان و بۆ ناوچەكە، ئەمە بكەینە سەرەتا بۆ گۆڕینی هەموو ئەو ناوە تازانەی كە بەسەر شوێنەكانی كوردستان و ناوچەكانی كوردستان داگیركراون؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، من پشتگیری لە بیرۆكەكە دەكەم، بەڵام پێم باشە پەلە لەوە نەكەین، بە پرۆژە بڕیارێك پێشنیاری بكەین، ئەو پرۆژە بڕیارە تێروتەسەل دەبێ، بیروبۆچوونی جیاواز من گوێبیست بووم، لەسەر ئەوەی لە چ مێژوویەك ئێمە دەستی پێ بكەین، بۆیە بە باشتری دەزانم كە ئێمە بە پرۆژە بڕیارێك دەكرێت لیژنەی یاسایی هاوكار بێت و ئەوانەی كە زیاتر شارەزاییان هەیە لەڕووی جوغرافیەوە و

لەڕووی مێژووییەوە هاوکار بن، ئێمە پرۆژە بڕیارێکتان تەقدیم بکەین، چونکە ئەوە گرفتی تری لێ دەکەوێتەوە، یەك/ ئەوە شوێنی خۆشی نییە، من پشتگیری لە کاك ابوبکر و کاك ڕابوون دەکەم کە گوتیان شوێنی خۆی نییە، لە دوا ماددەکانی ئەو یاسایە داین، مومکینە جێگیر نەبێ، بە بڕیارێکی سیاسی، ئەوە زیاتر چ دەزگای جێ بەجێ کردن بێ، چ ئێمە بە پرۆژە بڕیارێك تەقدیمی بکەین و ئاوا گفتوگۆی لەسەر بکەین، بە پەسەند تری دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەسبیت بوو من پێم باشە بەو شێوەیە بێت کە لایەن ڕژێمی پێشوو، بۆ ئەوەی لەوە دەرچین کەی دەگرێتەوە و کەی ناگرێتەوە؟، دیارە ڕژێمی پێشووش مەبەست ڕژێمی بەعسە کە بە سیاسەتی تەعریبی کردووە، بەو تەحدیدەی خۆ ئێمە ناگەڕێینەوە سەردەمی قوشتەپە و سەردەمی قەرەهەنجیر و ئەوانە، ناوەکەو بووەتە کوردی و هەموومان شانازی پێوە دەکەین، تەبیعیە ئەوە، بەس لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو کە کەرکووکی کردە تەئمیم، کەرکووك هەر کەرکووکە و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو مەسەلەیە لەڕابردوو دا هەندێك گەڕەك و ناوچە ناونراوە، بۆ نموونە حی صدام، حی الشرطة، دور الامن، شارەوانییەکان هەموو ئەو ناوانەی گۆڕیوە و ناوی ئەو گەڕەکانە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ناوی شوێن لە ناوی زمانە فەرمییەکاندا من پێموایە گرفتێکی تاریخی و جەدەلێکی زۆر ئاڵۆز ماددەیەکی قانونی لێرە دروست دەکات، بۆیە لەگەڵی دانیم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو نوقتە نیزامی هەیە، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت ئەو بیرۆکەیەی منت ڕەت کردەوە، کە من وتم با دەنگ لەسەر ئەوە بدەین ئایا ئەم ماددەیە ئیزافە بکرێ یان نا، بەس من تێ نەگەیشتم بە پێی چ ماددەیەك بوو کە ئەوەی من ڕەت کرایەوە، من پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم ئەمە بەڕاستی ئەو بابەتە گفتوگۆی زۆر لەسەر کرا و زۆر دەخایەنێ، لەم یاسایە هێشتا ناتوانین جێگەی بکەینەوە، کاتی ئەوە نیە ئێستا دەست بۆ ئەو بابەتە بەرین، پێم باشە یان بە

پرۆژە یاسایەك بیرۆكەیەك بخرێتەڕوو و قسەی زۆری لەسەر بكرێ و گفتوگۆی لەسەر بكەین، لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ زەمانی عوسمانی، وەكو بەڕێزان باسی دەكەن هەندێ شوێن هەیە، ئێستا قەرەهەنجیر لای هەمووان زۆر تەبیعییە و قەرەهەنجیریشە و هیچ ئەشكالێكیشی نییە و شارێكی كوردیە و توركمانی تیا بێ و كوردی تیا بێ هیچ كێشەیەك نییە، ئێمە زیاتر مەبەستمان ئەو شوێنانەیە كە ڕژێمی بەعس ناوەكەی گۆڕیوە بە تایبەتی لە ناوچە كوردیەكانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم ئەو شتە هەیە، ئێستا ئێمە ناتوانین لێرە ئەو كارە بكەین، لەبەرئەوە من پێم باشە و هەم وەڵامی ئەوە بدەیتەوە بەڕێزت بە چ ماددەیەك ئەوەی من ڕەت كرایەوە؟ بۆ ئەو بابەتەش پشتگیری بەڕێز كاك ڕابوون و بەڕێز كاك سۆران عمر و ئەو بەڕێزانەی دیكە دەكەم كە وتیان با ئێستا دەست بۆ ئەو بابەتە نەبەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر عینایەت، هیچ ماددەیەك لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەوەی ڕێك نەخستووە كە ئەندامێكی پەرلەمان پێشنیاری ماددەیەكی كرد بخرێتە دەنگەوە كە ئایا ئیزافە دەكرێ یان بخرێتە گفتوگۆوە؟، هەر ئەمڕۆ كەمێك پێش ئێستا دوو ماددەی تر ئیزافە كرا بۆ یاسایەكە نەمان خستە دەنگەوە بۆ ئەوەی ئیزافەی بكەین وتوێژەكان، بەڵام ماددەكان خوێنرایەوە و وتووێژی لەسەر كرا و دەنگیشی لەسەر درا، هیچ ماددەیەكی پەیڕەومان نییە داوای ئەوەمان لێ بكات كە پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان پێش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێ بخرێتە دەنگەوە، بۆیە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان مافی خۆیەتی پێشنیار بكات، مافی خۆیەتی پێشنیارەكانیشی لەبارەی ئەو یاسایانەی كە موناقەشە دەكرێ لە پەرلەمانی كوردستان گفتوگۆی لەسەر بكرێ، هەروەكو چۆن هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بابەتەیان خستەڕوو كە لە ناو پرۆژە یاسایەكە جێی ئەوە بكرێتەوە كە ڕێنووسی لاتینی بكرێ بە ڕێنووسی زمانی كوردی، هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش گفتوگۆیان لەسەر ئەمە كرد، ئەم بابەتەش بە هەمان شێوەیە، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم بۆ بەڕێزت كە بۆ لیژنەی هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بڵێی كە چارەسەری ئەو بابەت بكەن، بۆ ئەوەی لەمەودوا ئەم كێشەیەمان نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر چاكە، زۆر بابەتە هەن لە پەیڕەوی ناوخۆ بە تەواوەتی چارەسەر نەكراون كە پێویست دەكات چارەسەر بكرێن، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە نامانەوێ بگەڕێینەوە بۆ جزوری تاریخی زۆر کۆن، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە ئیجحافی بە حەقی زمان کردووە لە گۆڕینی ناوی شوێنەکان، ئەگەر بەلگەش لەسەر ئەوە بێ کە ئێمە باسمان کرد کە خاوەنی بیرۆکەکە لێرە نییە، دیفاعەن بۆ بیرۆکەکە لیژنەی بەڕێز وەریان گرت، چەندین پەرلەمانتاریش پشتیوانیان کرد، بە عەکسەوە ئێمە بۆ نموونە تەنها نموونەیەك دەهێنمەوە، ...... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار ئەمە نوقتەی نیزامی نیە، ئەمە ڕوونکردنەوەیە، بەڵێ، چونکە تۆ دەرفەتت وەرگرت، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرفەتم بدە ئەگەر قسەکەم تەواو بکەم سەرۆکی پەرلەمان، شارۆچکەیەکی وەکو سەعدییە لە بنەمادا ناوی خزرەواتە، لەسەردەمی عوسمانییەکان ئەو ناوەی لێنراوە، ئێمە داوادەکەین بۆ نموونە ناوێکی لەو بابەتە بگەڕێتەوە سەر ئەو ئەسڵە، نەگۆڕێ بۆ نموونە باسی قەرەهەنجیر یان قەرەداغ یان شوێنێکی تر کرا، بۆیە ئەگەر مەنتقی بێ ناوی ریکلام و کەلوپەل و شتومەك و جادە و کۆمپانیا و تابلۆی کونسوڵخانەکان بگۆڕدرێ تەبیعیە ناوی شار و شارۆچکە و شوێنەکانیش بگۆڕدرێ، ئێمە ئەوەمان تەجاوز کرد، دەکرێ بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەتوانین قەرار بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەربکەین؟ چونکە ئێستا ئیستفسارمان کرد هەموو ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر گۆڕاون، بۆ نموونە قادسیە لە سلێمانی گۆڕاوە، دور الامن گۆڕاوە، حی شورتە و حی صدام لە هەولێر گۆڕدراوە و هەمووی کراوە بە کوردی، دەتوانین ئەو مەنتیقانە دەربکەین شتێکی ترە، ناتوانین، کوردستان هەمووی گۆڕاوە و هەرێمی کوردستان و پێویست ناکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، با ڕای لیژنە پەیوەندارەکان لەسەر ئەم بابەتە وەربگرین، لیژنەی یاسایی بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم پێشنیارە وەکو لیژنە سەلاحیەتی ئەوەمان نیە قبوڵی بکەین، دیارە قبوڵ کردن بۆ ئەندامانی بەڕێز دەگەڕێتەوە، تەنیا ئێمە پێشنیارەکەمان خستەڕوو لە ڕوئیای ئەندامانی بەڕێزیش دیارە دوو بەشە بەشێکیان تەئیدی دەکەن و بەشێکیشیان تەئیدی ناکەن، بۆیە ئەگەر بەڕێزت بیخەیتە دەنگدانەوە بزانین ئەم ماددەیە زیاد بکرێ یان نا؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاک فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەم ماددەیە هێنانەوەی بۆ ئێرە شتێکی نەگونجاوە لەگەڵ ئەم پرۆژە یاسایە، ئەوەی کاک ابوبکر باسی کرد تەئیدی دەکەم، شتێکی سیاسییە و بە بڕیارێکی سیاسی دەزگا خۆجێیەکان دەتوانن تەنفیزی بکەن و تەنفیزیشیان کردووە، لە هەموو کوردستاندا کاک علی حەمە صالح باسی کرد، بۆیە من پشتگیری لە ڕەئی بەڕێزان کاک ڕابوون و کاک ابوبکر و کاک کاپیر کامەلا و کاک علی حەمە صالح و کاک سۆران و کاک عمر عینایەت و هەموو ئەو بەڕێزانەی تر دەکەم کە ناوەکانم لەبیر نینە و تەئیدیان کرد کە ئەم پرۆژەیە نەیەتە ناو ئەوە، لەبەرئەوە بابەتێکی سیاسییە و دەزگا پەیوەندارەکان دەتوانن جێ بەجێ ی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک باپیر نوقتە نیزامییە؟ ڕای خۆتت گوت، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە ئێمە باس لەوە دەکەین زمانی بیانی، ئەی عەرەبی و ئەی ئەو زمانە بیانیانەی کە دریم ستی و گرین لاند و نازانم ئەوانە لەکوێ دەبن؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوای ئەو گفتوگۆیەی کە کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە زیاد بکرێ بۆ پرۆژە یاسایەکە؟ ٣٠ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ ٣٦ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، بچینە سەر ماددەیەکی تر، ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز شێخ جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ژمارەکە ئاوا نەبوو، بۆیە داوا دەکەم بژمێردرێتەوە جارێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەبەرئەوەی گومان لەسەر دەنگەكان هەیە، لەبەرئەوە دواتر لە وێنەكان سەیری دەكەینەوە و جارێكی تر دایبژێرینەوە، بابەتێك لە پەرلەمان دووجار ناخرێتە دەنگەوە، هاوڕێ ابو كاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوكاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ژماردنی دەنگەكان من ئەو تێبینیەم هەیە، دوو سبەی كە لە پرۆتۆكۆڵ حیساب كرا، غەڵەت بوو چۆن تەعامولی لەگەڵ دەكرێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، زۆر زۆر سروشتییە ئەگەر هەڵە كرابوو لە دانیشتنی داهاتوو كە هاتینەوە باس لەوە دەكەین كە ئەو ژماردنە هەڵە بوو دوایی چارەسەری دەكەین، كارێكی ئاسانە، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان پرسیاری كاك ابوكاروان، بەڵام ڕوونكردنەوە بۆ ئەوەی جەنابت بزانی كە ئێمە ئەگەر هاتوو بڵێین بەلای ئەوە دابوو ماددەكە قبوڵ بكرێ، دیسان دەبێ گفتوگۆی لەسەر بكەینەوە، ئەو ماددەیە، دەبێ یاسایەكەش خرایە دەنگدانەوە پێویستی بە هەموار دەبێ، ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گفتوگۆی لەسەر كرا، تەواو بووە، فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا، چۆن قبوڵ دەبێ ئەوە دارشتنەوەكەی نەكراوە؟، تاوەكو قبوڵی بكەین، ئەو دەمە دەبێ بچێتە هەموارەوە، بۆیە ئێستا چاكترە یەكلا بكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك باپیر، ماددەكەمان خستە گفتوگۆوە و گفتوگۆی لەسەر كرا، ئەو كات دەنگدانی لەسەر كراوە، بۆیە ئەگەر دوایی وا دەرچوو كە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بووبێتن كە دەنگ بۆ ئەو ماددەیە درا بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانین راستی بكەینەوە، كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیڕەوی ناوخۆ زۆر بە وازیحی ئاماژەی كردووە كە بابەتێك دوو جار ناخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیار دەكەم بۆ دەستەی سەرۆكایەتی دەسەڵاتەكانی كە پەیڕەوی ناوخۆ پێی داون بەكاری بێنن و بەردەوام بن لەسەر تەواو كردنی پرۆژە یاساكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو دەنگدانەی كە لەسەر ئەو ماددەیەك زیادەیە قسەی لەسەر كرا (٧٦) ئەندام لە هۆڵدایە بە دەستەی سەرۆكایەتییەوە، فەرقی نێوان بەڵێ و نەخێری دەنگەكە (٦) دەنگە، (٦) ئەندام پەرلەمان هەرگیز لە (٧٦) كەسدا دوو ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز جێگرو سكرتێری پەرلەمان بژمێرن شەش دەنگ فەرقی نابێت، ئەگەر دەنگێك فەرقی ببێت چاوت لەسەر نەبوو بێت یان نا بەس شەش دەنگ فەرقەكە زۆرە بۆ دوا جاریش وێنەكان و پرۆتۆكۆڵ راستی ئەوە باس دەكەن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەكانی تر بخوێننەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٠) دەبێتە ماددەی (٢٦):

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی، یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٦٤) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كەس نییە، كەواتە پەسند كرا.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) دەبێتە ماددەی (٢٧):

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٦٧) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كەس نییە، كەواتە پەسند كرا.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر رۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی كۆماری عێراقی فیدراڵ، كە زمانە فەرمییەكانی لە سەرانسەری عێراقدا دیاریكردووەو، لەبەر پێویستی بوونی یاسایەكی تایبەت، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ گفتوگۆ دەکات لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێت بەو شێوازەی لێ بێت، دوای ئەوەی کە نووسیتیان دوای ئەوان (بۆ زیاتر پێشخستن و بایەخدان بە زمانی دایك و رێزگرتنی زیاتر لە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانی، بۆ قووڵ کردنەوەی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچووێنرا)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت: (لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری عێراقی فیدراڵ، لە پێناو رێکخستنی زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی یاسایی و دادگەریی و حکومی و خوێندن و بازرگانی و فەرهەنگی، ئەم یاسایە دەرچووێنرا)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ یاسا دوو خالا ڤە گرێ دایی، ئێك/ زمانێت فەرمییە، دوو/ تایبەمەندیا زمانێ کوردیا، بەردەما پێ باشە بێژین (لەبەر پێویستی و گرنگیدان بە زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانداو، فەرامۆش نەکردنی زمانە فەرمییەکان کە لە ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵدا هاتووە، ئەم یاسایە دانرا)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو منی نەبی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیاری بەڕێز دکتۆر سراج دەکەم، ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو زولفا محمود فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش پەسند کردنی یاساکە دەستم بەرز کردەوە لە ئاخیر خاڵدا جەنابتان ئاگادار نەبوون، پێشنیازێکم هەیە ئایا دەکرێت ئێستا باس بکرێت، یان نا؟ چونکە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن نییە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تەنها لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن قسە دەکەین خاتوو زولفا.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەڵامی ئێوە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان سەبارەت بەو ڕەئیانەی کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرایە ڕوو، فەرموون صیاغەی بکەنەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری بەڕێز دکتۆر سراج بەم شێوەیە قەبوڵ کرا، لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکان بەم شێوەیە داڕێژرایەوە:

**هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ زیاتر پێشخستن و بایەخدان بە زمانی دایك و ڕێزگرتنی زیاتر لە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٦٦) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵیدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا.

بەڕێزان، لە پەیڕەوی ناوخۆ نەهاتووە کە کۆی بڕیار، یان کۆی یاسا بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام بەشێوەیەکی عورفی ئەوە کراوە لە خولی پێشوو، لە خولەکانی پێشوو، لە هەموو خولەکانی پێشوو ئەوە کراوەو، تا ئەم بابەتە لەلایەن لیژنەی هەمواری پەیڕەووەوە یەکلا دەکرێتەوە کۆی یاساکانیش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ کۆی یاساکەیە بەو شێوەیەی کە پێشتر خوێندرایەوەو دەنگی لەسەر دراوە بە کۆی ماددەکانی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٦٨) کەس لەگەڵیەتی، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم

یاسایە، لەڕاستیدا دەرچوونی یاسایەکی لەم شێوەیە هیچی کەمتر نییە لەو گرفتە رۆژانەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستان بە دەستییەوە دەناڵێنن و، باس کردنی لە پەرلەمانی کوردستان چەندە گرنگە پەسند کردنی یاسایەکی لەم شێوەیە کە پەیوەندی بە رابردوو و بە ئێستاو بە داهاتووی گەلی کوردستانەوە هەیە، بە هەمان شێوە گرنگە پاراستنی زمان، پاراستنی کلتوور هیچی کەمتر نییە لە بواری ئابووری، لە بواری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە هیوادارین پەسند کردنی ئەم یاسایە ببێتە هۆی زیاتر بەرەو پێشوو چوونی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی تری هەرێمی کوردستانیش، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەژین، لە ماوەی داهاتوو هەوڵ دەدەین کە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی پاراوتر، بەشێوەیەکی باشتر، بە رێنووسێکی یەکگرتوویی کوردیانەتر بنووسرێن و بلاّو بکرێنەوە، بە هەمان شێوە هیوادارین پەسند کردنی ئەم یاسایە ببێتە هۆی هاندانی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر، بۆ ئەوەی بە سیستەمی خوێندندا بچنەوە، بە مەنهەجەکاندا بڕۆنەوە، بۆ ئەوەی پەرتووکەکانی خوێندن لە خوێندنگاکانمان بەشێوەیەکی زۆر باشتر، بە زمانێکی زۆر پاراوتر سەر لەنوێ دابڕێژرێنەوەو بخرێتە بەردەم خوێندکاران و قوتابیانی خۆشەویستی کوردستان.

بەڕێزان، ژمارەیەکی زۆر بیرۆکە لەبەردەستمانە، پێتان باشە ئێستا ئەو بیرۆکانە بخرێتە روو، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بیرۆکەکان بخرێتە روو دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٤) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بیرۆکەکان ئێستا بخرێتە روو، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەواتە پەسند نەکرا بیرۆکەکان لە دانیشتنەکانی داهاتوو دەخرێتە روو، زۆر سوپاس بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆ، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی**

**دوو شەممە رێکەوتی ١٠\١١\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١١/١٠

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١١/١٠ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٠)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١١/١٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١- گفتوگۆ كردن لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەكان سەبارەت بە گرفتی پشكی هەرێمی كوردستان - عێراق لە بودجەی گشتی عێراقی فیدراڵ و ڕاسپاردەی پەرلەمانی كوردستان بۆ وەفدی دانوستانی هەرێمی كوردستان-عێراق بە پێی خاڵی (١)ی بڕگەی (٢)لە ماددەی (٥٤) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢).

٢- گفتوگۆ كردن سەبارەت بە سیاسەتی وزەی هەرێمی كوردستان بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ كاروباری نەوت و غاز بە پێی خاڵی (٢) لە بڕگەی (٢)لە ماددەی (٥٤) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢).

٣- خوێندنەوەی یەكەمی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی ماددەی (٧١) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) پەرلەمانی كوردستان —عێراق،.

أ- پرۆژە یاسای هەمواركراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و و توێژینەوی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بە پێی ماددەی (٧١)لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢).

ب- پرۆژە بڕیاری ستایشی فەرمانبەران بە پێی ماددەی (٧١) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١) ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٠)، رۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١١/١٠ بەرنامەی کار بە پێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پێڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی گرێ دانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی (٢٠١٤/١١/١٠)بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت، یەکەم: گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان سەبارەت بە گرفتی پشکی هەرێمی کوردستان - عێراق لە بودجەی گشتی عێراقی فیدراڵ و راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەفدی دانوستانی هەرێمی کوردستان-عێراق بە پێی خاڵی (١)ی بڕگەی (٢)لە ماددەی (٥٤) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)، دووەم، گفتوگۆ کردن سەبارەت بە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز بە پێی خاڵی (٢) لە بڕگەی (٢)لە ماددەی (٥٤) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)، سێیەم خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی ماددەی (٧١) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) پەرلەمانی کوردستان —عێراق، ١- پرۆژە یاسای هەموارکراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و و توێژینەوی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بە پێی ماددەی (٧١)لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)، ٢- پرۆژە بڕیاری ستایشی فەرمانبەران بە پێی ماددەی (٧١) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) سەرەتا بە خێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەروەها بەخێرهاتنی ستافی یاوەری دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ بەشداری کردن لە گفتوگۆکانی ئەمرۆمان، بەڕێزان بە پێی ماددەی (٢٣) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لێرە نییە، دەبێت سکرتێرێك هەڵبژێرین بۆ دانیشتنی ئەمرۆمان، بۆیە من پێشنیار دەکەم (د. ڤاڵا) سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان تا سکرتێر ئامادە دەبێت لێرە ئامادە بێت و کاری سکرتێر راپەڕێنێت و ئەمەش دەخرێتە دەنگدانەوە، کێ ئامادەیە کە (د. ڤاڵا فرید) ببێت بە سکرتێر تا سکرتێر ئامادە دەبێت؟ (٨٦) کەس لە گەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە لەگەڵدا نەبێت، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو ﴿د. ڤالا﴾ بۆ ئێرە، بۆ راپەڕاندنی کارەکانی سکرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین ناوی ئەندامانی ئامادە نەبووی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە،**

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم (سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان،**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی رۆژی (٢٠١٤/١٠/٢٩) مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون، بەیانییەكەی، بێستون فائق محمد /مۆڵەت، جەمال عثمان كارەسول ، مۆڵەت، خلف احمد معروف مۆڵەت، دلێر مصطفى حسن مۆڵەت، سهراب مكائيل محمد﴿مۆڵەت﴾، زۆزان صادق سعيد﴿مۆڵەت﴾، سەركەوت سەرحەد خليفە﴿مۆڵەت﴾، شرين حسنى رمضان﴿مۆڵەت﴾، عزت صابر اسماعيل﴿مۆڵەت﴾، فەيرۆز طە عبدالخالق﴿مۆڵەت﴾، محمد على ياسين﴿مۆڵەت﴾، ناظم كبير محمد﴿مۆڵەت﴾، ناوی ئەندامانی پەرلەمان كە لە دانیشتنی ژمارە ﴿٩﴾ی ئاسایی كە لە رۆژی ﴿٢٠١٤/١٠/٢٩﴾ مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون ئێوارەكەی، بێستون فائق محمد ﴿مۆڵەت﴾، جەمال عثمان كارەسول ﴿مۆڵەت﴾، خلف احمد معروف ﴿مۆڵەت﴾، دلێر مصطفى حسن﴿مۆڵەت﴾، سهراب مكائيل محمد﴿مۆڵەت﴾، زۆزان صادق سعيد﴿مۆڵەت﴾، سەركەوت سەرحەد خليفە﴿مۆڵەت﴾، شرين حسنى رمضان﴿مۆڵەت﴾، عزت صابر اسماعيل﴿مۆڵەت﴾، فەيرۆز طة عبدالخالق ﴿مۆڵەت﴾، محمد على ياسين﴿مۆڵەت﴾، ناظم كبير محمد﴿مۆڵەت﴾، ادريس على اسلام﴿مۆڵەت﴾، انس محمد شريف﴿مۆڵەت﴾، امنە زكرى سعيد﴿مۆڵەت﴾، ئارى محمد عبدالرحيم﴿مۆڵەت﴾، برزۆ مجيد عبدالله﴿مۆڵەت﴾، پەروا على حەمە﴿مۆڵەت﴾، حسن صالح محمد﴿مۆڵەت﴾، زياد حسين عبدالكريم﴿مۆڵەت﴾، ڤيان عباس عمر﴿مۆڵەت﴾، عمر صالح عمر﴿مۆڵەت﴾، غريب مصطفى حەمە﴿مۆڵەت﴾، ماجد عثمان توفيق﴿مۆڵەت﴾، محمود عمر صالح﴿مۆڵەت﴾، منيرە عثمان على﴿مۆڵەت﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێزی دەكەین ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەكانی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆبوونەوەی لیژنەكانی پەرلەمان لە رۆژی یەك شەممە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾، یەكەم: لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن، كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە و گشت ئەندامەكانی ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون، لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئایینی لە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داوە و سێ لە ئەندامەكانی مۆڵەت بوون﴿لينا عزريا بەهرام، د. جوان اسماعيل عزيز، انس محمد شريف﴾، لیژنەی مافەكانی مرۆڤ لە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە دوو لە ئەندامەكانی مۆڵەت بوون ﴿منيرە عثمان ، زۆزان صادق﴾، لیژنەی كاروباری یاسایی لە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە و دوو لە ئەندامەكانی مۆڵەت بوون﴿شوان احمد نعمان، تەلار لطيف محمد﴾ لیژنەی وەرزش ولاوان لە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾ كۆبوونەوەی

خۆی ئەنجامداوە و یەك لە ئەندامەكانی مۆڵەت بوو ﴿ابراهیم احمد سمۆ﴾، لیژنەی كشتو كاڵ و ئاژەڵداری لە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە و دوو لە ئەندامەكانی مۆڵەت بوون﴿حسن صالح محمد، فەرهاد سەنگاوی﴾ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵ و توێژینەوەی زانستی لە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە و دوو لە ئەندامەكانی مۆڵەت بوون ﴿د. جوان اسماعیل عزیز ، زۆزان صادق سعید﴾ ئەو لیژنانەی كە ﴿٢٠١٤/١١/٩﴾ كۆبوونەوەیان ئەنجام نەداوە، لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە دواخراوە بۆ رۆژی دووشەممە كاتژمێر ﴿٣﴾ی دوای نیوەڕۆ، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەت كۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان كۆبوونەوی ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوەی دەكەوێتە هەمان رۆژی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خوجێییەكان، دواخراوە بۆ رۆژی دووشەممە بەرواری ﴿٢٠١٤/١١/١٠﴾، لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە و تەنها ﴿عبدالرحمن فارس عبدالرحمن﴾ مۆڵەت بووە، ببوورن لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە ﴿٩﴾ی مانگ ئەنجامی نەداوە، لیژنەی كاروباری تەندروستی لە ﴿٢٠١٤/١١/١٠﴾ كۆبوونەوەی ئەنجامداوە لە كاتژمێر ﴿٣﴾ی داوی نیوەرۆ، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خوجێییەكان كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە تەنها ﴿ناظم كبیر محمد﴾ مۆڵەت بووە بە هۆی پرسە، لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر لەهەمان رۆژ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە، تەنیا ﴿ڤیان عباس﴾ مۆڵەت بووە، لیژنەی نەزاهە لە هەمان رێكەوت كۆبوونەوی خۆی ئەنجام داوە و گشت ئەندامەكان ئامادەبوون، لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەكانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار پێش كۆبوونەوەی پەرلەمان كۆبوونەوەیان ئەنجامداوەو ئامادەبوونیان نەگەیشتووە، لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ﴿٢٠١٤/١١/١٠﴾ پێش كۆبوونەوەی پەرلەمان كۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامداوە و ئامادەبوونیان گەیشتووە، تەنیا ﴿عبدالرحمن فارس عبدالرحمن﴾ مۆڵەت بووە، ئەو لیژنانەی كە لە ﴿٢٠٤/١١/١٠﴾ كۆبوونەوەیان ئەنجام نەداوە، لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان كۆبوونەوی ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوەی دەكەوێتە هەمان رۆژی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی دارایی و ئابووری و كاروباری وەبەرهێنان كۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوەی دەكەوێتە هەمان رۆژی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەكان كۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوەی دەكەوێتە هەمان رۆژی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەكانی بەكاربەر كۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوەی دەكەوێتە هەمان رۆژی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی، كۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، داوا لـە بـەڕێزیان دەکـەین پۆختەیـەك لـە کۆنووسـی دانیشـتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ﴿٩﴾ لە بەرواری ﴿٢٠١٤/١٠/٢٩﴾ بەم شێوەیە بووە، ١- دەست پێکردنـی دانیشـتن لـە لایـەن سـەرۆکی پەرلەمانـەوە، ٢- خوێندنـەوەی نـاوی ئەنـدامانی پەرلـەمان ئەوانـەی ئامـادە نـەبوون و هـەروەها خوێندنـەوەی پوختـەی دانیشـتنی پێشـوو لـە لایـەن سـکرتێری پەرلـەمان، ٣- پەسـەندکردنی پرۆژەیاسای زمان لە لایەن پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بـەڕێز سـکرتێری پەرلـەمان، بـەڕێزان یاداشـتێکمان پێگەیشـتووە لـە لایـەن حـەوت سـەرۆك فراکسـیۆنەوە ئیمـزا کـراوە، داوا دەکـەن کـە برگـەی ﴿١ و ٢﴾ی بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ئـەمڕۆمان لیکبدرێت، بۆیە ئەمە دەخەینـە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیـە برگەکانی ﴿١ و ٢﴾ی دانیشتنی ئـەمڕۆمان لێکبدرێـت با دەست بـەرز بکاتـەوە، ﴿٧٩﴾ کـەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییـە؟﴿٤﴾کـەس لەگەڵدا نییـە، کەواتـە پەسـەند کـرا، بـەڕێزان لـەم یاداشـتەدا ئـەم حـەوت فراکسـیۆنە، داوای ئـەوەیان کـردووە کـە بـۆ ڕێکخستنی دانیشتنەکەی ئەمڕۆ و ڕێکخستنی گفتوگۆکان ئەندامانی فراکسیۆنەکان لە هەر دوو لیژنـەکانی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان و هەروەها لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان و نوێنەری ئەو فراکسیۆنانەی کە ئەندامیان نییە لەم دوو لیژنەیە قسە بکەن، ئەوەی کە بڵاوکرایـەوە کـە گوایـە ئێمـە ئـەمڕۆ دانیشـتنەکە وا لێدەکـەین کـە ڕێگـە بـە ئەنـدامان نـادەین، بـەو شـێوەیە نییـە، ئـەو یاداشـتەمان ئاراستەکراوە کە ئێستا دەیخەینە بەردەست جەنابتان خۆتان دەنگی لەسەر دەدەن، ئێوە دەزانن لە ماوەکانی رابـردووش چـەندین جار لـەناو هـۆڵی پەرلـەمان داوای ئـەوەتان لـە ئێمـە کـردووە کـە هـەوڵی ڕێکخسـتنی گفتوگۆکـانی نـاو پەرلـەمان بـدەین و کـات دیـاری بکـەین، بـەڵام ئێمـە ئـەوەمان نـەکردووە لەبـەر ئـەوەی سەلاحیەتی ئێمە نییە بە پێی پێڕەوی نـاوخۆ، و جـاری یەکـەمیش نییـە کـە ئێـوەی ئەنـدامانی پەرلـەمان داوای ئەوە بکەن کە لیژنەی پەیوەندیدار لە بابەتێکی دیاریکراو قسە بکەن، ئەگەر بە بیرتان بێت لە کاتی قسەکردن لە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانی دیسان داوایەکی لەم شێوەیەتان کرد کە خستمانە دەنگەوە و لە لایەن خۆتانەوە پەسەند کرا، ئەوەی کە باسکراوە کە گوایە هەر جارێك حکومەت یان وەزیرەکان دێنە ئێرە، ئێمە گفتوگۆکان سنووردار دەکەین و ئەمەش دیسان وا نییـە، چونکە ئێـوە خۆتـان بیرتانـە وەزیـری سامانە سروشتییەکان هاتە ئێـرە، ﴿ ٨﴾ سـەعات لـە نـاو هـۆڵی پەرلـەمان گفتوگـۆ بـوو و زیـاتر لـە ﴿٧٠﴾ ئەندامی پەرلەمان قسەی کرد، وەزیری پەروەردە هاتـە پەرلـەمان و زیـاتر لـە ﴿٦٠﴾ ئەنـدام پەرلـەمان لـە ﴿٢﴾ ڕۆژدا قسەیان کرد، بۆیە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، پەیوەندی بە خۆتان و فراکسـیۆنەکانەوە هەیـە،

پیموابێ داواکاری لە ناو خۆتان هەیە بۆ زیاتر ڕێکخستنی گفتوگۆکان، لە لیژنـەی پێـڕەویش دیسان ڕەنگە بە هەمان شێوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بدرێت، ﴿٢﴾ نوقتەی نیزامی هەیە فەرمووو ئێڤار خان،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تـەوەری دووەم لـە بەرنامـەی کـار، گفتوگـۆ کـردن سـەبارەت بـە سیاسـەتی وزەی هـەرێمی کوردسـتان بـە ئامادەبوونی، ئایا ئێمە پێشتر هەم فراکسیۆنی یەکگرتوو و هەم بزوتنەوەی گۆڕان و چـەند پەرلـەمانتارێك لەسـەر داوای ئـەوان بانگهێشت کـراوە و ئەمـە پێچەوانەی پێـڕەوی ناوخۆیـە و بـە مێوانداریيـە، هیـوادارم بۆمان ڕوونبکەیەوە، قسەیەکی تریشم هەیە ئەگەر ئەو پاسەوانانەی یـاوەری سـەرۆکی حکومـەت و وەزیـرە بەڕێزەکانن هۆڵی پەرلەمان بە جێ بێڵێم، وا بزانم ئێرە جێی موتمەئیننە و جێی هیچ شتێك نییە، ئەگەر بکرێت بچن لەسەرەوە دابنیشێن شتێکی باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێڤار خان ئەگەر بەرنامەی کارت خوێندبێتەوە بەهیچ شێوەیەك باسی مێوانداری تێدا نییە. بەڕێز ئێڤار **بەڕێز ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئامادەبوون، دەبێت بڵێیت لەسەر بانگهێشتی پەرلەمانتاران.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ ئەو مادەیەت خوێندۆتەوە کە لە بەرنامەی کاردا ئاماژە پێـدراوە؟ پـەیڕەوی نـاوخۆت خوێندوتـەوە؟ تـۆ ئەو ماددەیەت خوێندۆتەوە؟ تکایـە ماددەکـە بخوێنـەرەوە، وەڵامی مـن مـەدەوە ئـەو ماددەیەیـە کـە لەسـەر داوای ئەنـدامانی پەرلـەمان، وەزیـری پەیوەندیـدار یـان سـەرۆکی حکومـەت و جێگـری سـەرۆکی حکومـەت ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەبن ماددەکە خۆی ئەمەیە، بۆیە باشتر بوو تۆ لە پێشان ماددەکە بخوێنی پاشان نوقتەی نیزامی بگری، پێموابێت ئەوانەی کە لێرەن کامێراوانەکانن، تکایە ئێوەش کە ڕەسمی خۆتـان تـەواو کـرد بچنە دەرەوەی هـۆڵی پەرلـەمان، پـێم وابێـت تـەنها سـکرتێرێکی بـەڕێز سـەرۆکی حکومـەت و سکرتێرێکی ئێمە تـەنها لێرەیـە، کـە ئـەوانیش دیسـان داوایـان لێدەکـەین بچـنە دەرەوەی هۆڵەکـە، فـەرموو بچنە دەروەی هۆڵەکە، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بووم کە باسم کرد، من نەم وتووە وەزیرەکان،من وتوومـە کاتێـك سـەرۆکی حکومـەت بێتـە ئێـرە ڕێگـە نادرێت بە ئەندامانی پەرلەمان کە وەك پێویست قسە بکەن، مـن داوا لـە بـەڕێزت دەکـەم ڕێگـە بـدەی کـە هەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان ئـەوەی دەیـەوێت گفتوگۆ لەگـەڵ بـەڕێز سـەرۆکی حکومـەت و جێگرەکـەی و وەزیرە بەڕێزەکان بکات، ئەو کەسەی کە ئـەو قسـەی کـردووە، مـن شـەو لـە ڕووداو ئـەم قسـەیەم کـرد، مـن

نەموتووە وەزیرە بەڕێزەکان، تەنها سەرۆکی حکومەتم باس کردووە و وەزیرەکانم باس نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نەتیجە قسە دەکەین یان قسە ناکەین ئەندامانی پەرلەمان خۆیان بە دەنگدان ئەم پرسە یەکلا دەکەنەوە، بەڵام پێویستە ئەمە راست بکەمەوە جەنابت شتەکەت وا تەرح کردووە کە ئەوەی وابێ فراکسیۆنەکان چووبنە هۆڵێك دانیشتبێن، رێکەوتن کرابێت کە چۆن قسە بکەن ئەم رێکەوتنە بە حزوری دەستەی سەرۆکایەتی و خۆتان بووە لەبەر ئەوە نابێت خۆتان لە مەسئولییەت بدزنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە خۆمان لە بەرپرسیارەتی نادزینەوە، بەڵام ئەمە یاداشتی حەوت فراکسیۆنە کە ئیمزایان کردووە، نامەوێت ناوی فراکسیۆنەکان بخوێنمەوە، بەڵام ئەمە مەوجودە لای ئێمە و ئەوان داوایان کردووە و بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ئەم پرسە یەکلا دەبێتەوە، خاتوو بەهار فەرموو،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ برگەیەکی پێڕەوی ناوخۆ تا ئێستا ئاماژەی بەمە نەداوە کە ئەم ئیتیفاقەی کە ئێستا بۆتە عورفێك لە ناو پەرلەمان، سەرۆکی فراکسیۆنەکان دادەنیشن و خۆیان ئیتیفاق دەکەن پەرلەمانتار قسە نەکات، بە راستی ئەمە عورفێکی زۆر خراپە هاتووتە ئەم خولەی پەرلەمان، جاران لە مەکتەب سیاسییەکان لە قۆناغەکانی پێشوو بریار دەدرا و یەکلا دەکرانەوە و لە قاعەی پەرلەمان دەنگی بۆ ئەدرا، ئێستا سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بۆیە ئێمە نوێنەری خەڵکین ئێمەش قسەی خۆمان هەیە، ئەنجومەنی نەوت و غاز پەیوەندییان بە کێشەی خەڵکەوە هەیە، هەموو رۆژێك نایێنە پەرلەمان و دەمانەوێت کێشەی خەڵك بەوان بگەیەنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، من نامەوێت هیچ لایەنداریەك لێرە بکەم ئەمە داواکاری ئێوەیە و خۆتان یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام قسەکردنی نوێنەرانی ئێوە لە لیژنەکانی پەرلەمان لەگەڵ عورفی پەرلەمانی بە تەواوەتی گونجاوە و تەنانەت لە زۆرێك لە پەرلەمانەکانی دونیا بۆ کورت کردنەوەی کات ئەو کەسانەی کە موختەسن لە بوارەکانی دیاری کراو قسە دەکەن، نەك ئەوەی کە، خۆشتان یەکلایی دەکەنەوە، هەردوو شێوازەکە هەیە دەتواندرێت قسە بکرێت تا چەند قسە دەکرێت قسە بکرێت و دەتواندرێت خەڵکانی مەعنی قسە بکەن، کاك انور فەرموو،

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پەرلەمانتار ئازادە لە قسە کردن، ئەو یاداشتە من وەك پەرلەمانتارێك هیچ ئاگاداری نیمە، ئەو بابەتەی ئەمڕۆ بابەتێکی زۆر گرنگە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، ئەگەر ڕێگری لە پەرلەمانتاران بکرێت من شەخسی خۆم ئامادە نیم لە هۆڵی پەرلەمان دابنیشم کە لەسەر بابەتێکی گرنگ نەتوانم قسە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن﴿ئومێد خۆشناو﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

خەریکە بابەتەکە بە لاڕێدا دەبردرێت، ئێمە دوێنێ فراکسیۆنەکان کە کۆ بووینەتەوە دەستەی سەرۆکایەتی بەشدار بوو لە پێناو ڕێکخستنی کارەکان و زیاتر زەبت کردن، داوای هەموو فراکسیۆنەکانە کە موناقشە کرا و گفتوگۆی ﴿٦﴾سەعاتی، ئەمە ئەنجامەکەی بوو، نە کەس ڕێگرە و نە دەستەی سەرۆکایەتی و نە ئێمەش سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەتوانین ڕێگری بکەین، لە پێناو ڕێکخستنی، کە هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار لە پێناو ڕێکخستنی کۆبوونەوەکە و گەیشتنی مەسێجەکە بووە، نە کەسێك داوای کردبێت و کەسێك ڕەتی کردبێتەوە، گەیشتینە ئەم ڕێکەوتنە چەند ڕێگایەك لە پێشم بووە هەموو کەسێك قسە دەکات حەقی خۆیەتی و کەس ناتوانێت ئەم مافە لە ئەندامی پەرلەمان بستێنێتەوە، بەڵام تکایە بە لاڕێدا نەبردرێت، نەداوای لایەنێك بووە بە تەنیا و نە داوای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بووە، هەمووومان بووینە، دەبێت ئەندامێك لە فراکسیۆنێك کە کاتێك سەرۆکی فراکسیۆنەکەی بەشداری ڕێکەوتنێك دەکات پێوە پابەند بێت، ئەگەر نا، ئەو فراکسیۆنەکە و ئەو ئەندامە لە فراکسیۆنەکەی خۆیدا ئەو ڕێگایە لە سەرۆکی فراکسیۆنەکەی بگرێت، نەك سەرۆکی فراکسیۆنەکەی لە ڕێکەوتنێك بەشدار بێت، لە جەلسەدا بە لاڕێدا ببردرێت، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم ﴿ئاری هەرسین﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی نۆرەی من بوو، بەس نۆرەی منت دا بە ﴿کاك ئومێد﴾، دیارە ئەوەی لە پێشەوە بێت ئەفزەلییەتێکی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی فراکسیۆنتانە.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەی چی دەکات، ئێمەش ئەندامی پەرلەمانین، دوو بابەت هەبوو، یەکەم لە وڵاتی ئێمە خەریکە عورفێك دروست دەبێت کە بە راستی خزمەت دەکات بە دیموکراسی لە کوردستان، کە ئەویش مەسەلەی تەوافوقە، بە بیری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی دەیهێنمەوە کە تەنانەت بوونی بەڕێزیان بە سەرۆکی پەرلەمان ئیتیفاقێکی سیاسی بووە، شتێکی عەجاییب نییە کە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا لەناو فراکسیۆنەکاندا، بۆ باشتر بەڕێوەبەردنی ئیش و کارەکان ئیتفاقێك هەبێت، بەڵام یەك تێبینی ترم هەیە لەسەر هاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و شاندی یاوەری، خۆی لە راستیدا ئەم بابەتەی کە خراوەتە بەرنامەکەوە، ئەمە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، حەقیقەتی ئەمر ئەمەیە، ئەمەش لەوانەیە مەحدود کردنی ئیجازەی قسەکردن بەو بەڕێزانەی کە ئەندامی پەرلەمانن وەڵامی تێرکەرەوە نەبێت بۆ هیچ یەکێك لە ئێمە، بەڵام من سەیرم لەوە دێت لە حاڵەتێك کە هەرێمی کوردستان لە شەڕدایە، یەعنی حکومەت و هەموو دام و دەزگاکان لە ئینزارێکی تایبەتی دان، سەیرە هاتنی بەڕێز سەرۆك حکومەت بە شێوەیەکی پەلە و ئیش بەڕێوەبردن هیچ خزمەتێك دەکات بە تێگەیشتنی ئێمە لە حکومەت و خەڵکی کوردستان لە کابینەکە بۆ ئەم بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەنجامی کۆبوونەوەکان ئەم پرسە یەکلا دەکاتەوە پێم وابێت قسەکان تێر بوون، هەردوو لا بەرگریتان لە بیروبۆچوونەکانی خۆتان کرد ئەم پرسە بە دەنگدان یەکلا دەکەینەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم داواکارییە رەزامەندی پەرلەمانی بەدەست هێنا کە لیژنە پەیوەندیدارەکان قسە بکەن مانع نییە لەبەردەم ئەوەی کە فراکسیۆنە گەورەکان رێك بکەون لەناو خۆیاندا کە کەسێك یان دوو کەسی تریش لەم فراکسیۆنانە قسە بکەن لە پەرلەمان، بۆیە ئەم داواکارییە دەیخەینە دەنگەوە کە هەردوو لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستان (لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان) ئەندامانی ئەم دوو لیژنەیە کە نوێنەری فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستانن، لەگەڵ ئەو فراکسیۆنانەی کە ئەندامیان نییە لەم دوو لیژنەیە، هەر یەکێکیان یەك کەس قسە بکات دەخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەندامانی فراکسیۆنە جیاوازەکان لە هەردوو (لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان) بەشداری بکەن لە گفتوگۆکانی ئەمڕۆ، جگە لەمەش ئەو فراکسیۆنانەی کە ئەندامیان نییە لەم فراکسیۆنانە هەر یەکێکیان یەك کەس قسە بکات، کێ لەگەڵدایە؟ (٦٥) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (١٥) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، بە هەمان شێوە یاداشتێکمان لە لایەن ژمارەی یاسایی

ئەندامانی پەرلەمان بە دەست گەیشتووە کە داوای ئەمە دەکەن بە پێی ماددەی ﴿٩﴾ی لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دانیشتنەکە بکرێتە نهێنی، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ رێزم بۆ رای ئەم بەڕێزانە و مێوانەکانیش، بەم شێوەیە بێت ئێمە هەتا ماوین ناتوانین یەك پرسیاریش ئاراستەی سەرۆکی حکومەت بکەین و بە داوای لێبۆردنەوە من هۆڵەکە جێدێڵم، لەبەر ئەوەی ناتوانم پرسیار بکەم و بەرگری لە هاوڕێکانم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کردووە کە دانیشتنەکە بکرێتە نهێنی و بە پێی ماددەی ﴿٩﴾ لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنەکە باسی ئەوەمان کرد، دوو بابەت هەیە، دوو وشە بەکاردەهێنرێت لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کە فەرقییان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە پەخش نەکرێت بە راستەوخۆ، و یەکێکیان ئەوەیە بکرێت بە نهێنی، ئەگەر بکرێت بە نهێنی یەعنی دۆکیۆمێنت ناکرێت خراپە، بەڵام پەخش نەکرێت بە راستەوخۆ یەعنی تەلەڤیزیۆنەکان رادەگیرێن، هیوادارم وشەی پەخش نەکردن بەکار بهێنرێت نەك نهێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشتەکە وایە داوای نهێنی یان کردوە، ئەوە دیسان دەنگدان یەکلایی دەکاتەوە، کاك فەرهاد فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی رابردوودا ئۆپۆزیسیۆن خوا عەفووی کرد، ئەگەر دیمۆکراسیش وای لێبێت و تەوافوق وای لێبکات ئەوا منیش دەچمە دەرەوە، زۆر سوپاس،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

پێش ئەوەی ئۆپۆزسیۆن خوا عەفووی بکات ﴿کاك فەرهاد﴾ خوا عەفووی کردبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، کاك رابوون پێویست بە وەڵامدانەوە ناکات، دەنگدانی پەرلەمان ئەم پرسانە یەکلا دەکاتەوە پەیوەندی بەهیچ لایەنێکەوە نییە، خاتوو امنە فەرموو،

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ﴿٢٠١٤/١٠/٣٠﴾ داخازییەك ژلایێ سەرۆكێ دەستەیا ناوچێن كوردستانی یێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ یا هاتییە كرن و ئەڤە بۆ چەندین جارە دەستەیا سەرۆكایەتیێ ئاگەهدار دكەت بۆ هندەك تشتێت پەیوەست یێت هەی كو پێدڤییە پەرلەمان ئاگەهدار بیت و هەتا نووكە نەكەفتییە بەرنامێ كارێ دا، ئەگەر چ نە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە زووترین كات دەكەونە بەرنامەی كار، كاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن﴿ئومێد خۆشناو﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی ﴿كاك رابوون﴾ دەكەم، ئەوەی داواكراوە دانیشتنەكە راستەوخۆ نەبێت لە رێگەی تەلەڤیزیۆنەوە ئەگەر نا، دانیشتنەكە نهێنی نەبێت و پرۆتۆكۆل و دیكۆمێنتەكان وەكو خۆی بێت، تەنها ئەوەیە كە داواكراوە راستەوخۆ نەبێت لەو بابەتانەی كە پەیوەستن بەمە لە تەلەڤیزیۆن نەبێت، دووەم، دیسان تەئكید لەسەر بابەتی یەكەم دەكەمەوە، فراكسیۆنەكان رێكەتنمان كردووە ئەم بابەتانە لێرە وەكو موزایەدە دەخرێنە روو، زۆر ئاساییە ئەندامی ئەم فراكسیۆنە لە كۆبوونەوەی بەیانی خۆی لە فراكسیۆنەكەی خۆی ئەم وەڵامەی وەربگرتبا و وەری گرتووە، كەس لە كەسمان دڵسۆزتر نین و نیشتمانپەروەرتر نین و هەموومان كوڕی ئەو خاكەین، بۆیە دەبێت لە فراكسیۆنەكانی خۆیان لەوێ كە رێكەوتن كراوە وەڵام وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ڤەمان فەرموو،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا كردنی هەر شتێك دەبێت ئیستیناد لەسەر پێڕەوی ناوخۆ بكرێت ئەو داوایەی كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتوون، ئیستینادیان لەسەر ماددەی ﴿٩﴾ی پێڕەوی ناوخۆ كردییە كە لە كۆتایی فەقەرەكەدا دەڵێت بە زۆرینەی ئامادەبووان بكرێتە نهێنی، كەواتە ئەندامانی پەرلەمان داوا دەكەن، بەڵام ئالییەتی نهێنی كردن سەلاحییەتی سەرۆكی پەرلەمانە بە حەز و ئارەزووی ئەندامانی پەرلەمانەوە نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر مەسەلەی پەخش کردن مەسەلەی تەکنیکییە پێویست بە دەنگدان ناکات، جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان دەتوانی یەکلایی بکەیەوە، ئەگەر مەسەلەش، مەسەلەی بە نهێنی کردنی دانیشتنەکەیە، ئێمە نیمانە دەنگدان لەسەر پەخش، تەنها لەسەر نهێنی و ئاشکرا، کە ئەمەش لە ماددەی ﴿٩﴾دا هاتووە، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی ﴿کاک ڤەمان﴾ دەکەم، ئەگەر نهێنیە پشتگیری لەسەر نهێنی دەنگدان بکرێت، ئەگەر مەسەلە پەخشە ئێوە وەکو سەرۆکایەتی دەتوانن لە رووی تەکنیکییەوە رێکی بخەن و نیو سەعات پاشی قسە کردن، پەخشی دەکەن ئەمە ناخرێتە دەنگدان، چونکە لە پێڕەوی ناوخۆ دا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. رێواز فەرموو،

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

لەو کۆبوونەوەیەی کە هەردوو لیژنەی ﴿دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان﴾ ئەنجامامان دا، من یەکێك بووم لەو پەرلەمانتارانەی کە داوام کرد کە دانیشتنەکانی پەرلەمان نەتیجەی هەبێت و وەکو ئەو ئامادەبوونانەی جارانی تری بەڕێزان ئەندامانی دەسەڵاتی تەنفیزی نەبێت، دانیشتنەکەی پەرلەمان رێکبخرێت، بەو مانایەی کە پرسیاری مونتیج بکەین و وەڵامی مونتیجمان پێ بگات، و ئێستاش لەگەڵ ئەوەدام ئیستیناد بە یاسای دەستکەوتنی زانیاری، کە لە وەرەقەکە باس لەوە دەکات لە ئیستیسناکان، ئەگەر کەشف کردنی زانیاری کاریگەری هەبێت لەسەر رەوتی موفاوزات نابێت ئاشکرا بکرێت، لەم مونتەلەقەوە داوا دەکەم، بۆچوونی بەڕێزان لە دەسەڵاتی تەنفیزی وەربگری ئایا ئەو زانیارییانەی بەڕێزیان پێشکەش دەکەن کاریگەری لەسەر رەوتی موفاوزات هەیە؟ ئەگەر هەیەتی ئیستیناد دەکەینە سەر یاسای دەستکەوتنی زانیاری و ئەگەر نییەتی با ئاشکرا بێت و پەخش بکرێت و هەموو خەڵك بیبینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ حکومەت لە رێگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەو پەیامەی گەیاندۆتە ئێمە، حەز دەکەم خۆی باس بکات فەرموو بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

**مولود مراد محی الدین﴿وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

بەندە دوێنێ بە نوێنەرایەتی حکومەت لە کۆبوونەوەی بەڕێزتان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان و نوێنەرایەنی هەردوو لیژنە بەشداریمان کرد، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کە لەوێ باس کرا، بەڕێز سەرۆکی حکومەت داوای کردووە هەردوو راپۆرتەکە، هەم راپۆرتی داریی و هەم راپۆرتی سامانە سرۆشتییەکان، برێك لە زانیاری تێدایە کاریگەری هەیە لەسەر دانوستاندنەکانەوە پەخش کردنی دەبێتە دۆکۆمێنتی ئامادە، ئەمە مەناعاتی نییە خەڵك و خۆشك و برایانی بەڕێزی پەرلەمانتار لە دەرەوە چۆن

مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکە دەکەن و چۆن لەگەڵ میدیاکان قسە دەکەن ئەمە کێشە نییە، کێشە ئەوەیە کە ئەمە وەکو دۆکیۆمێنت لەبەر دەستدا نەبێت و ئێمە ئێستا خەریکی گفتوگۆ کردنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە ئەو یاداشتەی لەبەر دەستمان دایە داوای ئەوەی دەکەن کە بە پێی ماددەی ﴿٩﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، کۆبوونەوەکە بکرێتە نهێنی و هەندێك لە ئەندامان داوای ئەوەیان کرد کۆبوونەوەکە نەکرێتە نهێنی و تەنیا پەخش نەکرێت، لە پێشدا لەم یاداشتە هاتووە بە واژووی ئەندامانی پەرلەمان دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا دانیشتنەکە دەبێتە نهێنی و ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو کات داواکاری ئەو ئەندامانەی کە دەڵێن پەخش نەکرێت، کاك ئاری نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم﴿ئاری هەرسین﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم تەنیا یەك کەس داوای خاڵی دووەمی کرد کە بڵێین جەنابت نیازت وابێت بخرێتە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان تەئکیدی کردەوە لەسەر ئەمە.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم﴿ئاری هەرسین﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، بۆ قسەکەی سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێم تەنیا یەك کەس پشتیوانی کرد بکرێتە دۆکیۆمێنت و دوو کەسی تر نەبوون، بۆیە ناکرێت بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نهێنی، دەخەینە دەنگدانەوە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە شتێك داوا بکرێت بخرێتە دەنگدانەوە، سەرۆکی پەرلەمان بڕیار دەدات، نا، بەپێی پێڕەو هیچ بابەتێك لەم شێوەیە نییە، کاك ئومێدیش پشتگیری لەم بابەتە کرد کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن﴿ئومێد خۆشناو﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکە، کێشەکە لەوەدایە ، سەرۆکایەتی حکومەت نایانەوێت، ئێمەش دوێنێ لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان باسی ئەوەمان کردووە تەنیا مەسەلە ڕاستەوخۆیەکەیە سەلاحییەتی جەنابتانە وەکو سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوە نهێنی نەبێت و دیکۆمێنت بکرێتن، تەنیا ئەوەیە، بڕیار بدە پەخشی ڕاستەوخۆ نەبێت، سەلاحییاتی جەنابتە، دوێنێش موفاوزاتی لەسەر کراوە و ڕازیبووینە لەسەری و کە ڕازیبوونە تەواو، سەلاحییەتی جەنابتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەروان فەرموو،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین(مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

منیش پشتگیری هەمان رای بەڕێز (کاك رابوون)دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د.عزت.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

ئەگەر پەخشەکە بڵاو نەکرێتەوە و نهێنیش نەبێت، بۆ ئێمەی پەرلەمانتار زۆر گرنگە بە دۆکیۆمێنت دەکرێ، ببێت، وەك سەرچاوەی زانیاری سبەنێ هەموو پەرلەمانتارەکان سوودی لێ وەرئەگرێت و منیش پشتیوانی دەکەم کە نهێنی نەبێت و تەنیا پەخش نەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رای حکومەت وەردەگرین کە ئایا بەڕێز سەرۆکی وەزیران دانیشتنەکە بە تەواوەتی بکرێتە نهێنی یان تەنیا پەخش نەکرێت و بکرێتە دۆکیۆمێنت؟ رای ئێوە چییە؟ فەرموو،

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس بارزانی (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان):**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من حەز دەکەم بە ناوی حکومەتەوە ئەو هۆکارەی کە ئێمە بۆ داوامان کردووە؟ من ئیشارەت دەدەمە قسەکانی ﴿ڕێوازخانِ کە بزەبت ئەمەیە کێشەکە، ئێمە ئەوە نییە دەمانەوێت شتێك بە نهێنی بمێنێت و پەخش نەکرێت، ئێمە دەمانەوێت راستەوخۆ پەخش نەکریت و مەبەستیشمان لەم مەسەلەیە چییە؟ ئەو زانیارییانەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیخەینە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەگەری زۆرە کاریگەری لە شێوەی موفاوزات و گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی ئێمە هەبێت لەگەڵ بەغدا و لایەنەکانی تر، ئێمە کۆمەڵێك ناوی کۆمپانیا و ژمارە حیساب دێنین، باسی ئەو بانقانە دەکەین کە ئەم پارەی تێدا بووە، کە کۆمەڵێك زانیاری زۆر گرنگە و ئەو زانیارییە نهێنییە ئەگەر دەربچێت بەشێوەی راستەوخۆ، لەوانەیە لایەنی تر لە موفاوزات لەگەڵ ئێمە بە شێوەیەکی تر ئیستیفادەی لێ بکات، نموونەیەکتان بۆ دێنم، ئێمە لە ساڵی ﴿٢٠١٣﴾ قسەیەك کرا لە شوێنێك کە دەڵێت حکومەتی هەرێم ئێستا ﴿٤٠٠﴾هەزار بەرمیل نەوت ئینتاج دەکات، ئەو وەختە، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی ئێمە ئەوەمان بۆ بەغداد نەناردبوو کە ئێمە ﴿٤٠٠﴾هەزار، ئەوەیان بەسەر ئێمە کرد بە ماڵ، چونکە لە راگەیاندن دەرچوو کە تەسریحێکی وا دراوە ئەمەیان بۆ ئێمە بوو بە ماڵ، ئێمە لە پەرۆشیمان بۆ ئەوەی کاریگەری نەکات لەسەر شێوەی دانۆستانی ئێمە لەگەڵ بەغداد، ئێمە ئەوەمان داوا کردووە، ئێمە داوا ناکەین نهێنی بێت، ئێمە داوا دەکەین پەخشی موباشر نەبێت و بە پێچەوانەوە زۆر زۆر گرنگە کە لە پەرلەمان وەك دۆکیۆمێنت بمێنێتەوە، بەڵام بە تەئکید پەخشی موباشر کاریگەری لە دانوستاندنی ئێمە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە سەلاحییەتی ئێمەیە کە ئەم دانیشتنە بە شێوەی پەخشی راستەوخۆ بخەینە دەنگدانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو کات ئەو واژوویانەی گەیشتوونەتە دەستی ئێمە بۆ نهێنی کردن دەیکەین، چونکە بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت هەموو دانیشتنێکی پەرلەمان راستەوخۆ بگوازرێتەوە، بۆیە کێ لەگەڵ ئەمەدایە کە پەخش بە شێوەی راستەوخۆ نەبێت؟ ﴿٦٣﴾کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٧﴾کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، داوا لە بەڕێزان لە راگەیاندنی پەرلەمان دەکەین پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکە کۆتایی پێبێنن، داوا لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەین و داوا لە نوێنەری کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەین کە هوڵی پەرلەمان بە جێ بێڵن، کەواتە پەخشەکە راگیرا دەست دەکەین بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە تەوەری یەکەم بریتییە لە گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی هاوبەشی هەر دوو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان سەبارەت بە گرفتی پشکی حکومەتی هەریمێ کوردستان-عێراق، لە بودجەی گشتی عێراقی فیدراڵ و راسپاردەکانی پەرلەمان لەم بارەیەوە، هەروەها گفتوگۆکردن لەسەر سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز بە پێی خاڵەکانی ﴿١ و٢﴾ی بڕگەی دووەم لە ماددەی ﴿٥٤﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ هەموارکراو، نوقتەی نیزامی هەیە د. شێرکۆ؟ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

من پێشنیار دەکەم ئەو پەرلەمانتارانەی بواری قسەرکردنیان بۆ نارەخسێت بە نووسراو پرسیارەکان پێشکەش بکەن و ئەنجومەنی هەرێمیش مولزەم دەبێت لە ماوەی ﴿١٥﴾ رۆژدا وەڵامەکان بداتەوە بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دواکارییەکەت پەسەندە، دەتوانن هەر پرسیارێکی ئێوە لە لایەن نوێنەرەکانتانەوە نەکرا، بە نووسین ئاراستەی سەرۆکی حکومت و جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەندامانی لیژنەی هەرێمی نەوت و غاز بیکەن، داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان دەکەین بێنە سەر مونەسە بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەیان، پیهەر بۆ روونکردنەوەی جەنابتان، بەڕێزان، بوونی پاسەوان لە ناو هۆڵی پەرلەمان، هیچ پاسەوانێك لەو کاتەدا لە ناو هۆڵی پەرلەمان نەبوو تەنها راوێژکارانی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان لێرە بوون کە ئەوانیش هۆڵەکەیان بەجێهێشت، فەرموو د. عزت،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی هاتووە، جەنگێکی ناڕەوا بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، حکومەتی بەغدا لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)ەوە بودجەی بۆ هەرێمی کوردستان نەناردووە، ئێمە دەزانین هەرێمێك لە (٨٥٪ بۆ ٩٠٪)ی کۆی داهاتەکەی ببڕدرێت کارێکی قورسە لەو قەیرانە دەربازی ببێت، ئەوەی گرنگە بۆ ئێمەی پەرلەمانتاران و خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرچاومان روون بکەن و زانیاریمان بدەنێ، ئەوەی پرسیاری ئێمەی پەرلەمانتار و خەڵکی کوردستانە وەڵاممان بداتەوە، سەبارەت بەوەی کە کەی لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە ئەم قەیرانە سووك بکات؟ چارەسەری بکات؟ ئەگەر بەغدا هاوکارمان نەبوو لەگەڵ بەغدا رێکنەکەوتین، پێمان بڵێین دواکەوتنی مووچە و پێشینە و سولفە وەك خۆی لێدێتەوە لە چ ماوەیەکدا؟ ئەمە پرسیاری خەڵکە و داوای خەڵکە، بۆئەوەی لە راستیدا دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەرك و مەهامی خۆیان وەك پێویست بزانن، راستە دەسەڵاتی ئیمزاکردنی گرێبەستی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش راستە کە ئێمەی پەرلەمانتار بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەین، بۆ ئەوەی ئەرکی پەرلەمانتاری خۆمان بەجێ بگەیەنین، گرنگە وێنەیەك لەو گرێبەستە لەبەردەستمان بێ بۆ ئەوەی بزانین ئایا حکومەتی هەرێم وەك ئەوەی لە گرێبەستەکە هاتووە کارەکانی جێبەجێ دەکات؟ ئەمە ئالیەتی رەقابەیە کە کاری پەرلەمانتارە بیکات، لە راستیدا لیژنەی دارایی و لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکی کورتیان ئامادەکردووە سەبارەت بە کێشەی بودجە لەگەڵ حکومەتی عێراقی، وادیارە بە دڵنیاییەوە حکومەتی هەرێم، وەزارەتی دارایی وردتر لە ئێمە ئاگاداری ئەوەن کە کێشەکان چین، بەڵام وەك ئەرکی پەرلەمانتاری، وەك ئەرکی ئەو لیژنانە بەشێوەیەکی کورت و پوخت من لەگەڵ برای بەڕێزم کاك (د. شێرکۆ) سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمان هەوڵ دەدەین بە کورتی بۆ پەرلەمانی بەڕێز و، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیشارەتی پێ بدەین، سایدی یەکەم پێشەکییەکە بریتییە لەوەی بودجە چییە؟ لە ساڵێکدا چۆن ئامادە دەکرێ؟ کاری چییە؟ هەوڵ دەدا بژێوی بۆ ژیانی خەڵك دابین بکات، بریتییە لە بەیانی مالی یاخود لە وەرەقەیەکی مالییە بە دراو و داهات کاری حکومەت دیاری دەکات لە ماوەی ساڵەکەدا، پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا، لە راستیدا ئەوەی ئێمە ئیشارەتی پێ دەدەین ئەمە تەنها پەیوەست نیە، بە (٢٠١٤)ەوە، ئەمە کێشەیەکە لە ساڵ (٢٠٠٣)وە و، دواتر لە (٢٠٠٤)ەوە تا (٢٠١٤)، هەرێمی کوردستان موعاناتی هەبووە لەگەڵ حکومەتی عێراقی لە بەغدا، بودجەی گشتی عێراق نزیکەی (١٧٤) تریلۆن دینارە، پشکی هەرێم نزیکەی (٢٠) تریلۆن دینارە، کە دوای ئەوەی خەرجی سەروەری و خەرجی فەرمانڕەوایی لێ دەردەکرێت بەمەش بودجەی گشتی هەرێم ئەو(٢٠) تریلۆنە دابەشی (١٧٤) تریلۆنی بکەی دەکاتە (١١،٥٪)، ئەمە کێشەی گەورەی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ بەغداد کە هەرگیز لە (١٧٪)ی نەدراوەتێ بۆ (٢٠١٤) خەملێنرابوو (١١٪)ی بەردەکەوت لە دوایی پلانێکی تر دانرا بۆ ئەوەی خەرجی نەفەقاتی عەسکەری حکومەتی عێراقی پڕ بکرێتەوە بە پارە بوو بە (١٨٥)تریلۆن، کەواتە بودجەکە لە (١١٪) دەبێ بە (١٠،٨٪)یش، ئەگەر بەغدا

هەموو پارەکەی بناردبایە (٪١٠،٨) نەك (٪١٧) ئەم دابەشکاریە چ بۆ بودجەی عێراق و چ بۆ پشکی هەرێمی کوردستان، هەرگیز جێبەجێ نەکرا ئەم ساڵ، بە نزیکەی (١٤٠) تریلۆن دینار داهاتەکەی بوو، (٣٢) تریلۆن کورت هێنانی بودجە بوو، بەڵام دوای گەڕانەوەی بودجەی گشتی عێراق لە بەرواری (٢٠١٤/٨/٧) لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران گۆڕانکاری تێدا کرا، خەرجی سەربازی وڵاتی عێراق بەشێوەیەکی تەواو لە خۆ بگرێت، بەم خشتەیەی خوارەوە: بەڕێزان ئەمە پێی دەوترێ (بيان مالي) وەرەقەیەکە وەزارەتی دارایی عێراق ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە عێراق دەڵێ حاڵی داهاتی پارە و داهاتی وڵات بەم شێوەیە: ئەمە دواین گۆڕانکاری بوو لە پڕۆژەکە و، بۆ بەڕێزتانم باسکرد، کۆی خەرجی (١٨٥) تریلۆنە، کۆی داهات (١٠٥) تریلۆنە، کورت هێنانی (٨٠) تریلۆنە، لەلایەکی ترەوە خەرجی و داهاتی راستەقینەی حکومەتی عێراقی لە بەرواری (٢٠١٤/١/١) هەتا وەکو (٢٠١٤/٨/٣١) بریتییە لەم خشتەیە بە بەڕێزتانی نیشان دەدەم، کۆی داهاتی عێراق (٧٢)تریلۆن بووە هەتا (٢٠١٤/٩/١)، کۆی خەرجییەکەی (٦٩) تریلۆن بووە، کۆی ئەو پارەیەی کە ماوەتەوە (٢) تریلۆن بووە، ئەم پارەیە لە صندوقی( D, F, A ) دادەنرێت، (دیڤەلوب من فان ئۆڤ عێراق) صندوقی گەشەی عێراق، کەواتە تا (٢٠١٤/٩/١) عێراق (٢)تریلۆنی لە بانقەکەدا هەبووە، لە هەمان کاتدا وەزارەتی دارایی عێراق کورتەی بودجەی پلان داڕێژراوی چوار مانگی ئەم ساڵەی کە ماوە دایڕشتووە لە (٢٠١٤/٩/١) بۆ (٢٠١٤/١٢/٣١) بەم شێوەیەی خوارەوە ئامادەی کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بدا بە هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوەی بڵێت هەرێمی کوردستان بەشە بودجەی هەیە لای من، پلانی بودجەکەی بەم شێوەیە بووە کۆی داهاتەکەی کە خەملاندوویەتی بۆ ئەم چوار مانگە (٣٣) تریلۆنە، کۆی خەرجییەکانی کە سەرفی کردووە، ئەوەی سەرنج راکێشە بەڕێزان ئەمەیە، (١٩٨) ملیاری داناوە بۆ حەشدی شەعبی بۆ بەدر و سەدر، خەرجی بەرگری کە بۆی تەرخان نەکراوە لە بودجەدا (٦) تریلۆن دیناری خەرج کردووە بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی بۆ جەیشی عێراقی، (١٧٦١) ملیار دیناری تەرخان کردووە بۆ هێزی ناوخۆی عێراقی، بە کۆی ئەمە (٨) تریلۆن دیناری کە بۆی دانەنراوە لە (٢٠١٤)دا ئەو پارەیەی خەرج کردووە، ئەگەر تۆزێك شارەزاییت لە ئابووری هەیە پێم بڵێی بودجەی کوردستان (٢٠) تریلۆنە، حکومەتی عێراقی (٨ بۆ ٩) تریلۆنی داوە بۆ چەك و جبەخانە و بۆ جەیشی عێراقی، (١٠) تریلۆنی کە ماوە کورت هێنانی بودجەی وڵاتی عێراقی پێ پڕ کردۆتەوە، کەواتە ئەو (٢٠) تریلۆنەی بەپێی یاساو دەستور مافی کوردستانە وەریبگرێ حکومەتی عێراقی خەرجی کردووە بۆ بابی تر، کەواتە شتێك نەماوە بەناوی بودجەی هەرێمی کوردستان کە بەغدا دایبنابێت و بۆ ئێمەی بنێرێ، بۆ زیاتر روونکردنەوە وەزارەتی دارایی عێراق چەند پێشنیارێکی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کردووە سەبارەت بە چۆنێتی پڕکردنەوەی کورت هێنانی بودجەکەی، چونکە تا ئێستا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق لە راستیدا، قەرز لە صندوقی دراوی نێو دەوڵەتی بکات، دەرکردنی سەنداتی خەزێنە لە بانکی رەشید و رافیدێن، قەرزکردن لە صندوقی بەخێوکردن، هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە داهاتی وڵات زیاد دەکات، بەهێوای ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستانیش،

مرۆڤ به باش بلێ باش و، به خراپ بلێ خراپ، سوود ببینین لەو پلانانەی كە وڵاتان بۆ زیادكردنی داهاتیان و، بۆ كەمكردنەوەی خەرجی دەتوانن سوودی لێ ببینن، بانكی ناوەندی سەنداتی خەزێنە دەربكات،خەرجییەكانی (٢٠١٤)بەشێكی دوابخرێ بۆ (٢٠١٥) لە راستیدا ئەمە بەشێكی بۆ حكومەتی هەرێمیش دەبێ سوودی لێ ببینرێ، دواخستنی جێبەجێكردنی هەندێك پڕۆژە یاسا كە ئیمزای لە سەر كراوە وەك چاككردنی مووچەی فەرمانبەران وەك پێدانی پارەی خوێندكارانی سەرەتایی كەم كردنەوەی خەرجی بەرگری و گواستنەوە، پێدانی بڕی (٣) ملیار دۆلار قەرز بە حكومەت لەلایەن بانكەوە، ئەوەی لێرە جێی باسە ئەوەیە راستە حكومەتی عێراقی پارەی ئەوەی هەیەتی ئەمساڵ هەمووی خەرج كردووە، بەشی كوردستانی نەداوە، بەڵام شتێكیان هەیە پێی دەوترێ صندوقی خانەنشینی، لە صندوقی خانەنشینی بڕیارە ملیارێك یان دوو ملیار دۆلار لەم صندوقە بە قەرز بدات بە حكومەت بۆ ئەوەی حكومەت كە پارەی هەبوو بیداتەوە سوودەكەشی بدات، بەهیوای ئەوەی حكومەتی هەرێم و سەرۆكایەتی پەرلەمانیش ئەم پڕۆژە یاسایانە پەسند بكەن بگاتە ئەوەی كە ئەگەر بودجەكەشت كەمی هێنا صندوق هەبێ، بانك هەبێ لەم هەرێمەدا ئەم قەیرانە داراییە بەخێراتر تێپەڕێنن، هەرێمی كوردستان ئەگەر لە (٢٠١٤/١/١)ەوە هەتا (٢٠١٤/١٢/٣١) رۆژی (٤٠٠) هەزار بەرمیلیشی هەناردە بكردبایە، بە (٩٠) دۆلاریشی بفرۆشتبایە كە ئێستا هەرزانترە لەوە، كۆی ئەو پارەیە (١٥) تریلۆن دیناری دەكرد، بە یاسا مافی ئێمە لە بەغدا (٢٠) تریلۆنە، ئەگەر نیەت پاكی حكومەتی عەبادی بیسەلماندبایە، دەیگوت بایی (١٥) تریلۆن دینارتان فرۆشتووە، ئەوە (٥) تریلۆن دینار وەك سولفە، ئەوەشی نەكرد لە راستی،من لێتان ناشارمەوە (حیدر عبادی) سەرۆكی لیژنەی دارایی بووە لە پەرلەمانی عێراقی پێش ئەوەی ببێ بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران،بڕیاری بڕینی مووچە كە مالیكی ئیمزای كردووە پلان دانەرەكەی عەبادی بووە، من لەگەڵ لیژنەی مالی عێراقی قسەم كردووە، ئەو بەڕێزانەی كە ئەندامی حیزبەكانی ئێمەن لەو لیژنەیە ئەو حەقیقەتەیان پێ وتین، تا (١٠) رۆژ پێش ئێستا تۆزێك گەشبین بوومایە، ئێستا گەشبین نیم لەبەرئەوەی كە ژمارە و داتا و بەیانات هاتە بەردەستت دەتوانی شیكاری بۆ بكەی تەحلیلی بكەی لە راستیدا، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نییە هەرێمی كوردستان تەنها پشت بە نەوت ببەستین، مەعنای ئەوە نییە بەشی گەورەی ئەم قەیرانە باجە زۆرەكەی خەڵك بیدات، فەرمانبەر بیدات، دەبێ سیاسەتی باج چاك بكرێت، دەبێت كۆمپانیاش باج بدات، دەبێ بەشێكی ئەم قەیرانە ئەوانیش بەشدار بن تیادا لە راستیدا، گرفتەكانی پشكی كورد لە بودجەی عێراق، زیادبوونی خەرجی سەروەری و فەرمانڕەوایی، هەرێمی كوردستان مافی هەیە لە (١٧٪) بودجەی خۆی بدرێتێ، بەڵام حكومەتی عێراق هەموو جارێ خەرجی سەروەری زۆر دەكات بۆ ئەوەی بەشە بودجەی كورد كەم بكات،لە ساڵی (٢٠١٤) ئەو پلانەی دانراوە (٤٧) تریلۆن دینار دانراوە بۆ خەرجی سەروەری كە دەكاتە لە(٢٨٪)هەموو عێراق، هەموو جارێك ئەم بودجە قەبەیە دادەنێن هەمووی خەرج ناكەن، ئەوەی خەرج دەكەن و، ئەوەی دەمینێتەوە دەچێتە بانكی ناوەندی عێراقی، صندوقی (D, F, A) كورد ئیستیفادەی لێ ناكات، كە مافی لە (١٧٪)ی كورد هەیە لەوەی بانكی ناوەندی عێراقدا، ئەمە لیستی ئەو

خەرجبییانەیە، خەرجی سەروەری پێ دەوترێت، (٤٤) بابە،با ئەمەش بڵێین هەرێمی کوردستانیش وەك پێویست سوودی لەو خەرجبییە سەروەریە نەبینیوە، بۆ نموونە لە فەقەرەیەکدا دەڵێ: لە (٢٠٠٣)وە تا (٢٠١٤) هەرێمی کوردستان من حەقیقەتەن نازانم رێگریەکان چی بوون کە نەکراوە، هێڵی ئاسن لە زاخۆوە بۆ خانەقین دەمانتوانی بە خەرجی سەروەری بیکەین، چونکە پارەی بۆ دانراوە تەنها لە (٢٠١٤)دا، بۆ هێڵی ئاسن نیو ملیار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر بەغدا (١٧٪)ی ئێمە ببات بۆ خۆی بۆ ئەوەی هێڵێ ئاسن دروست بکات، با هەرێمی کوردستانیش (٨٣٪) ئەوانی ببردبایە بۆ ئەوەی هێڵێ ئاسنی دروست بکردبایە، بەنداوی گەورەی ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان چی دروست بکەی بە خەرجی سەروەری دەکرێت،چەندەها بابەت کە دەیتوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی لێ ببینێ، وەك پێویست لە راستیدا سوودمان لێ نەبینیوە، کەواتە کۆی پارەکە (٤٧) تریلۆن لە کۆی ئەو (١٧٤)دا لە خەرجی سەروەری چووە، پێم وانییە لە (٢٪ بۆ ٣٪ بۆ ٤٪)ی سوودمان لێ بینیوە باقیەکەی تری بۆ بەغدا گەڕایەتەوە لە راستیدا، خەرجی فەرمانڕەوایی بریتییە لەو خەرجییەی بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی عێراق دانراوە بابەکانی بریتین لە فۆڕمی خۆراکی مانگانە، خەرجی هەڵبژاردن، خەرجی وزەی کارەبا، خەرجی سکالا، کڕینی گەنم و جۆی جووتیاران، دەستەی حەج و عومرە، بۆ عێراق (٢٠١٤)، (١٢) تریلیۆن بووە، بەشی کورد (٢) تریلیۆن بووە، لەو سێ چوار ساڵەی رابوردوودا زۆر گرنگ بوو بۆ حکومەتی هەرێم چەند دەیتوانی ئەو پارەیەی بۆ خۆی وەربیگرێ، سایلۆی پێ دروست کردبایە، گەنمی پێ بکڕیبایە، یەعنی ئەوانە مەجموعەیەك خاڵن، دەمانتوانی ئەو پارەیە کاش وەرگرین زیاتر سوودی هەبوو وەك لەوەی نامان دەنێ، پارەی هەڵبژاردنمان نادەنێ، پارەی کڕینی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا نامان دەنێ، کە ئەوەش زەرەرێکی پێ گەیاندووین، لە راستیدا ئەم راپۆرتە بریتییە لە دوو بەش، بەشێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان و بەشێکی تریشی لیژنەی سامانە سروشتییەکان ئامادەی کردووە، ئێستاش کات دەدەم بە برای بەڕێزم کاك (د.شێرکۆ) بۆ تەواوکردنی بەشی کۆتایی راپۆرتەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان،ئەمەی کە بەشی دووەمە لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان کە بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی دارارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستاندا ئامادەمان کردووە، تەعبیرە لە رای ئەم بەشەی کە دەیخوێنمەوە و، بەشەکەی پێشتریش کە (د. عزت) خوێندیەوە تەعبیرە لە رای هاوبەشی هەردوو لیژنە کە گفتوگۆمان کردووە، تەوەری دووەم سەرنج لە سەر چەند ماددەیەکی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق کە دیارە ئەو ماددانە کاریگەری هەیە لە سەر خوێندنەوەمان بۆ ئایندە، چەند ماددەیەکی پڕۆژە یاسای بودجە هەیە کە

پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەشێك لەو ماددانە بەجێبەجێبوون زیانی دەبێت بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان یەکەمیان: هەرچەندە لە ماددەی یەکەم لە بڕگەی (ب) تەنها ئەوە هاتووە کە عێراق ڕۆژانە (٣) ملیۆن و (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و لەو بڕەش (٤٠٠) هەزار بەرمیل لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت و هەناردە دەکرێت، لەم بڕگەیەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان لە ئەگەری نەناردنی ئەو بڕەدا لێپێچینەوەی لێ بکرێت، سزای دارایی بدرێت، بەڵام لە ماددەی (١٠) لە بڕگەی (٤)مدا هاتووە، وەزارەتی دارایی عێراق بڕی ئەو زیانانە دیاری دەکات کە هۆکارەکەی هەرێم یان پارێزگاکانن، لە دابین نەکردنی ئەو نەوت و غازەی بۆیان دیاری کراوە وەزارەتی نەوتی عێراقی بڕی زیانەکە دیاری دەکات و لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەیخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لەبارەیەوە بدرێت و، ئەگەر حکومەتی هەرێم یان پارێزگاکە ناڕەزاییان هەبوو لە سەری پرسەکە دەگوازرێتەوە بۆ دادگای فیدراڵی بە مەبەستی یەك لایی کردنەوە، لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو ماددەیە لەوە تێدەگەین ئەگەر حکومەتی هەرێم هەر گرفتێکی هەبوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندا یان هەر کێشەیەك لەناوخۆدا دروست بوو یان گرفت لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی نەوتدا هەبوو ئەم گرفتانەش بوون بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم نەتوانێ ڕۆژانە (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگای حکومەتی ناوەندیەوە هەناردەی دەرەوە بکات، ئەوا لە بودجەی گشتی کوردستان دەبڕدرێت لە کاتێکدا تاوەکو ئێستا هەرێمی کوردستان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەم بڕە هەناردە بکات، بەمەش ئەگەر هەرێمی کوردستان بەهۆی هەر ناکۆکییەوە بێت ئەو (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوتە بەشێوەی ڕۆژانە دابین نەکات، حکومەتی ناوەندی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، دیارە ئەمە لەو پڕۆژە یاسایەیە کە پێشتر دەیانویست کە لە ڕێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەند بکرێ، بۆیە ئەگەر کێشەی بودجە لە نێوان عێراق و کوردستان لە سەر هەناردەکردنی نەوتدابێ پێشنیار دەکەین هەرێمی کوردستان سەرجەم نەوتی بەرهەم هاتوو جگە لەوەی بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاری دەهێنێت لە ڕێگای بۆڕی و بە ئاگاداری حکومەتی ناوەندی بفرۆشێت و عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت، تەوزیع لە سەر ئەمە ئەوەیە کە ئێمە مەبەستمانە کە مەسەلەی شەفافیەت وابزانم ئامادەباشی هەموو لایەکی لە سەرە کە ئامادەین بۆ شەفافیەت لەگەڵ بەغدا، بەڵام کۆنترۆڵ و بڕیاردانی هەناردەکرنی نەوت پێویستە بە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، لە ماددەی (١٠)دا خاڵی دووەم: بڕگەی (ب) هاتووە: پاش وردبین کردنی لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی عێراق بەهەماهەنگی لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی ناوخۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیدا تەسویە دەکرێت لە ساڵی (٢٠٠٤) تا (٢٠١٣) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە نەگاتە (٢٠١٤/١٠/١٥)، لە خاڵی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە: ئەگەر هەرێمی کوردستان داهاتە فیدڕاڵییەکان کە لە هەرێمی کوردستان وەدەست هاتوون نەگەڕاندەوە بۆ خەزێنەی گشتی فیدڕاڵ، ئەوە حکومەتی فیدڕاڵی بە ئەندازەی ئەو بڕە پارەیە کە وەدەست هاتووە لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت، دیارە ئەمە نیەت و بەرنامەی حکومەتی فیدڕاڵ بوو لە بەغدا کە دەیویست پەسەندی

بکات، هەرچەندە لە ساڵانی رابوردووشدا ئەم ماددەیە بەشێوەی جیاواز هاتووە و ئەگەر ئەمساڵیش ئەم ماددەیە جێبەجێ نەکرێت لە ساڵانی ئایندەدا لە یاسای بودجەدا جێگەی دەکرێتەوە لە هەموو ساتێکدا قابیلی جێبەجێکردنە، بۆیە دەبێت ئەم دۆسیەیە یەك لا بکرێتەوە و، یەك لایی بونەوەکەش بە زیان بۆ خەڵکی کوردستان نەشکێتەوە، لە ساڵانی پێشووتریشدا بە بڕی جیاواز داهاتی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵام حکومەتی ناوەندی پێی وایە ئەمەی داهاتی فیعلی هەرێمی کوردستان نییە، ناکرێت داهاتی راستەقینەی هەرێمی کوردستان نەخرابێتە ناو بودجەی گشتییەوەو بۆ هەر مەبەستێك بەکار هاتبێت، دواتر لە حکومەتی ناوەندییەوە لە بودجەی گشتی کوردستان ببڕێت و، خەڵکی کوردستان بکرێنە قوربانی، سێیەم: لە ماددەی (١٠)م لە خاڵی سێیەمدا هاتووە: هەر کاتێك حکومەتی هەرێم یان پارێزگایەك ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە هۆکاری رێگریکردنی لە بەکارهێنانی ئاسمان (فەزا) و، یان رازی نەبوون بە راکێشانی کێبلاتی زەوی بۆ خزمەتگوزاری و ئەنتەرنێت و گەیاندنی فیدراڵی و جیهانی رێگەپێدراو لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی ئامێری مۆبایل و خزمەتگوزاری و ئەنتەرنێت بە بڕی ئەو زیانانەی کە دەدرێت پارە لە پشکی هەرێم و، یان پارێزگا کەم دەکرێتەوە لە پێدانی مۆڵەت دەست کەوت لە ئیجازەو رسوومی کۆمپانیای تەلەفۆنی مۆبایل وەدەست دێت، وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیە دەبڕێت دوای ئەوەی وەزارەتی پەیوەندی عێراق بڕی ئەو زەرەرە دیاری دەکات دەیخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لە کاتی بوونی ناڕەزایی لەلایەن حکومەتی هەرێم یاخود پارێزگا لە سەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ ئەو پرسە رەوانەی دادگای فیدراڵ دەکرێت بۆ یەك لا کردنەوەی، بەڕێزان ئەم ماددانە بۆیە دەخەینە روو بۆ ئەوەی کە بزانین بەغدا بەتەمای چی بووە، بۆیە خستوومانەتە روو و، قسەشمان لە سەر کردووە، ئەم هەنگاوە ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت کە زیان بە بودجەی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت، چونکە ئێستا زۆرینەی هەرە زۆری خزمەتگوزارییەکانی ئەم کەرتە لە دەست کۆمپانیای کەرتی تایبەتە، چونکە ئەگەر ئەم داهاتە نەگەڕێتەوە حکومەتی ناوەندی ناکرێت لە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، یان ئەگەر رێگریەك بکرێ لە پێناو بەرژەوەندی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت ناکرێت خەڵکی کوردستان سزا بدرێت، بۆیە پێویستە کۆمپانیا بدرێتە دادگا، کۆمپانیا سزا بدرێت نەك لە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، چوارەم: لە ماددەی (٩)م بڕگەی (٥)دا هاتووە: بەڕێکەوتنێك لە نێوان ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان خەرجی هێزەکانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان پێشمەرگە لە دابینکردنی مووچە و چەك و پێداویستییەکانی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە خەرج دەکرێت بە مەرجێك لەگەڵ دەستوری عێراقدا بگونجێت، لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە ئەم بابەتە بە شێوازی جیاواز لە یاسای بودجەدا هاتووە و جێبەجێ نەکراوە، بەپێی خەمڵاندنەکانیش حکومەتی ناوەند تاوەکو ئێستا زیاتر لە (١٠) تریلیۆن دیناری خەرجی هێزی پێشمەرگەی نەداوە و، پێ دەچێ زیاترش بێ، کۆمەڵێك هەنگاو گرنگە بۆ جێبەجێبوونی ئەم ماددەیە، یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە بکاتە هێزێکی نیشتیمانی رێکخراو و ژمارەی

دروستی پێشمەرگە دیاریکراو بێت و، پێدانی پلە و پۆست لە سەر بنەمای لێهاتوویی بێت و، لادانە نا ئاسایی و نا یاساییەکان نەهێڵدرێت، دووەم: ئەگەر حکومەتی هەرێم هێزی پێشمەرگەی کردە هێزێکی رێکخراوی نیشتیمانی و ژمارەیان دیاریکراو بوو کارە یاسایی و نا یاساییەکان نەهێڵدران کار بکرێت بۆ ئەو مافانەی دیکەی هێزی پێشمەرگە کە لە سالانی رابوردوودا لای حکومەتی ناوەندی بووە و نەیداوەتە حکومەتی هەرێم باشترین چارەسەر بۆ ئەو وەرگرتنی لە (١٧٪)یە، بودجەی وەزارەتی بەرگری عێراقە، لێرەدا جێی خۆیەتی ئەم تێبینیەی باس بکەین کە ئەم کەم و کورتیانەی کە هەیە ئەگەر هەیە لە پرۆژە (٢٠١٥)و سالانی دواتر دووبارە ببنەوە، چونکە ئێمە دەزانین بودجەی سالی (٢٠١٤) پەسەند ناکرێت، بەلام ئەمە رەسمی سیاسەتی حکومەتی عێراقی دەکات، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ بکەین، پێنجەم: لە ماددەی (١١)می پرۆژە بودجەی عێراقدا هاتووە چاوپێداخشاندنەوە بکرێت بە بەشە بودجەی هەرێم و پارێزگاکاندا بەپێی ئەنجامی سەرژمێری بۆ سالی (٢٠١٥)، ترس هەیە لە ئەگەری ئەنجام نەدانی سەرژمێریدا پەنا بۆ بەشە خۆراك ببرێت بەمەش پشکی هەرێمی کوردستان بۆ (١٢،٦٪) کەم دەبێتەوە، بۆیە پێشنیاری لادانی ئەم ماددەیە دەکەین تاوەکو سەرژمێری ئەنجام دەدرێت، شەشەم: بەپێی ماددەی (٢٣) پرۆژە یاسای بودجەی عێراق سەرجەم مافی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن لە چوارچێوەی لە (١٧٪)ی پشکی هەرێمی کوردستاندا جێگیرکراوە، لە کاتێکدا پێویستە وەك ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی لە عێراق کار دەکەن لە چوارچێوەی خەرجییە سەروەرییەکاندا جێگەی بکرێتەوە، واتا ئێستا سالانە وەك پێویست جێبەجێ ناکرێت، حەوتەم: جێبەجێکردنی ماددەی (١٠٦) لە دەستوری عێراقی کە پەیوەستە بە دامەزراندنی دەستەی دابەشکردنی داهاتە فیدرالییەکان بە هەماهەنگی لەگەل هەرێمی کوردستان کە تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە، ئەمەش گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان، هەشتەم: لە بری ئەوەی بەشی هەرێمی کوردستان بە (٣٦) جار بێت لە سالێکدا بە شێوەی وەرزی بنێردرێت یان مانگی جارێك یان بە وەجبەی روون و ئاشکرا بێت، نۆیەم: پشکی هەرێمی کوردستان وەك فەسلێك لە فەسلەکانی بودجەی عێراق نەبێت بەلکو وەك پاشکۆیەك پشکی هەرێم دیاری بکرێت و دابەشکردنی خەرجییەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنان و وردەکارییەکانی تر بەپێی ماددەی (١٢١) لە دەستوری عێراقی دەسەلاتی هەرێمی کوردستانە، دەیەم: کۆی گشتی ژمارەی فەرمانبەرانی عێراق لە ئێستادا (٣) ملیۆن و (٤) هەزار و (٣٦٩) فەرمانبەرە و لەم ژمارەیەش، ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (٦٧٩) هەزار و (٩٣٩) فەرمانبەرە، بەمەش ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (٢٢،٦٪)ی هەموو فەرمانبەرانی عێراق پێك دێنێت لە کاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق (١١،٦٪) چۆن بەو رێژەیە دەتوانرێت پێداویستی (٢،٦٪)ی فەرمانبەرانی عێراق دابین بکرێت؟ ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان جیاواز لە فەرمانبەران نزیکەی (٧٢٠) هەزار مووچە خۆری تری هەیە، عێراق بریاری زیادکردنی مووچەی خانەنشینی بەگشتیدا، ئەمسالیش عێراق بەنیازی بریاردانە لە سەر زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، بەلام تاوەکو ئێستا لێکۆلینەوەی لە بارەی ئەوە نەکردووە کە ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەو

ڕێژەیەو بەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەر و خانەنشین ئەو مووچەی فەرمانبەرانەی زیاد بکات، یانزەهەم: دیاریکردنی میکانزمێکی بەهێز بۆ کارابوونی بەشداریکردنی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داڕشتنی بودجەی عێراق، چونکە تا ئێستا ئەو میکانیزمە بەپێی پێویست نەبووە و، پێش وەخت قسەی پێویست بوارنەدراوە بۆ ئەوەی کە قسەی پێویست بکرێت لە داڕشتنی بودجەی عێراق، دوانزەهەم: سوود وەرگرتن لە دراوی یەدەگی دەوڵەتی عێراقی بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتی پێویستدا وەك سەنداتی خەزێنە کە ئێستا بانکی مەرکەزی عێراق خاوەنی (٧٣) ملیار دۆلار یەدەگی نەختینەیە و، ئێمە بەهیچ شێوەیەك یەدەگمان نییە، پێشنیارەکان، یەکەم: هەوڵ بدرێت سەرجەمی ئەو پێشنیارانەی لە ڕاپۆرتی گرفتەکانی پشکی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی عێراقدا دیاری کرابوو جێبەجێ بکرێت ئەگەر نا پەنا بۆ ئەم خاڵانە ببرێت، واتائەوەی کە پێشتر باسمان کرد لە تەوسیات، هەوڵ بدرێت ئەوە جێبەجێ بکرێت وەکو ڕاسپاردە و، ئەگەر نا ئەم ئەڵتەرناتیڤانە ناچار دەبین کە بڵێین بگیرێتەبەر وەکو ڕاسپاردە باسی لێوە بکەین، یەکەم: هەرێمی کوردستان داوای لە (١٧٪)ی بەشە بودجەی عێراق بکات، واتا پێش دەرهێنانی خەرجی سەروەری و فەرمانڕەوایی، دووەم: هەرێمی کوردستان سەرجەمی نەوتی بەرهەم هاتووی جگە لەوەی کە بۆ پێداویستی ناوخۆیی بەکاردێت لە ڕێگەی بۆڕییەوە بە ئاگاداری حکومەتی ناوەندی بیفرۆشێت، واتا حکومەتی ناوەندی ئاگاداری بڕی بەرهەم هاتووی نرخی فرۆشراوی نەوتی کوردستان بێت، سێیەم: پێویستە لە ماوەی دوو حەفتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دوایین سەرنجی لە سەر کۆمپانیای کوردستان بۆ بازاڕکردنی نەوت و صندوقی داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات و، ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەی لە سەر سازکرا، دووەم: ئەگەر ڕاسپاردەکانی پەرلەمان سەری نەگرت ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣) بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی هەرێم و دابینکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ نەوتی هەرێمی کوردستان بفرۆشێت و بودجەی کوردستان دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ هەردوو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان وەهەروەها لیژنەی وزە و پیشەسازی سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکەیان، ئێستا بەڕێزتان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، ئێستا داوا لە بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ دەسپێکردن بە گفتوگۆکانی بەشی دووەمی دانیشتنەکە، ئێستا بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت با بفەرموێ بۆ پێشکەشکردنی وتەکەی،

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس مصطفى/ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش هەموو شتێك حەقیقەت دەمەوێ لەگەڵ ڕێز و سوپاس و دەست خۆشی بۆ ئەم دوو تەقریرەی کە ئەمڕۆ لێرە خوێندرایەوە لە هەردوو لیژنەکە حەقیقەت مەعلوماتی زۆر زۆر باشی تێدا بوو و، ئەو

تەوصیات و پێشنیار و ئەوانەی کە کرابوون بەشێوەیەکی گشتی زۆر باش بوون دەست خۆشیان لیَ دەکەین، من ئەوە نییە بڵێی وتارم هەبێ، حەز دەکەم ئێوەی بەڕێز ئاگادار بکەین لە ئاخر پێشهاتەکانی بڵێین دانوستاندنی ئێمە لەگەڵ بەغدا، من با لەوەوە دەست پێبکەم تەبعەن قسەکان نامەوێ تیکرار بکرێتەوە، چونکە حەقیقەت ئەو سەبەبانەی کە بوون بەهۆی ئەوەی کە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێت یان کەم بکرێتەوە لەو تەقریرەی کە ئەمڕۆ پێشکەش کرا زۆر بە روونی هەموو شتەکان باسکرا، هۆیەکەی چییە هەر لە دەست پێکردن، چۆن ئەو کارە کرا، من نامەوێ بەڕاستی بگەڕێمەوە سەر ئەو ئەرقامانە، بگەڕێمەوە سەر ئەو قسانەی کە کرا، بەڵام هەر بە کورتی دەڵێم کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا بیزەبت مەسەلەی جێبەجێکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراقە، ئەو دەستورەی کە خەڵکی عێراق دەنگی بۆ داوە، حکومەتی عێراق پابەندی جێبەجێکردنی ئەو دەستورە نییە، سەرچاوەی کێشەکانی ئێمە لێرەوە دەست پێ دەکات، دەست پێکردنی کێشەکانی ئێمە لە مەسەلەی کۆنترۆڵکردنە کاك (د. عزت) ئیشارەتی بەوەدا ئەوان ساڵ ساڵ خەرجی سیادیان زیاد دەکرد، تەبعەن بە زیادکردنی خەرجی سیادی بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ کەمتر دەبۆوە ئەوەی کە پیشانیش درا لە جیاتی ئەوەی ئێمە لە (١٧٪) وەربگرین واقیعی پیشان درا و ئەوەیە لە (١١٪) ئەوەی ئێمە وەری دەگرین، لە مەساریفی سیادی ئێمە هیچ شتێك وەرناگرین، لە مەساریفی حاکیمە زۆر بە کەم ئەوەی ئێستا وەرمان گرتووە، ئەها ئەمانەن کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا و، ئێمە ئەوە لە ساڵ (٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦)ەوە هەستمان بەوە کردووە کە بەغدا دەیەوێ وردە وردە، ساڵ بە ساڵ کێشە بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکاتن، ئەو بڕگانەی کە خوێندرایەوە ئەوەی کە لە قانونی بودجەی ساڵی (٢٠١٣) جێگیرکرابوو هی عێراق، ئەوانە هەموو ئێمە ناومان نابوو قانونی عقوبات لە سەر هەرێمی کوردستان ئەوە قانونی بودجە نییە، هەمووی ئەگەر هەرێمی کوردستان لە ئەنتەرنێت و لە ڤاییەرێك هەتا دەگاتە شتی تر، ئەگەر ئەمە نەکات وای بەسەر دێنین لە هیچ سیستەمێکی فیدڕالی لە دونیا ئەمە نییە، سیستەمی فیدڕالی لە هەموو وڵاتانی دونیا مینحەیەکە دەدرێت با بڵێین ئەو دەڤەرەی فیدڕالییە، پەرلەمانی خۆی هەیە، میزانییەی خۆی دروست دەکاتن و، جێبەجێ دەکاتن، بەداخەوە ئێمە لە عێراق ئەمەمان نەبووە، ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە بواری نەوت و غاز کردوومانە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای بەدەست هێنانی مافە داراییەکانی ژماە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەمان جێبەجێکردووە، بەداخەوە حکومەتی عێراق من جارێکی تر لەم پەرلەمانە باسم کرد، بەڵام بەس بۆ ئەوەی بیرتان بێنمەوە، ئێمە کە حکومەت لە بەغدا میزانیەی هەرێمی کوردستانی بڕی بە حەقیقەت ئێمە نەوتمان نەناردبوو بۆ دەروە، ئێمە هیچ شتێکمان نەکردبوو، ئەوان میزانیەی ئێمەیان بڕی پێش ئەوەی دانوساندن لەگەڵ ئێمە بکەن، پێش ئەوەی مفاوەزات لەگەڵ ئێمە بکەن بڕیاری خۆیان دابوو من پێشتریش پێم وتن کە ئەوان وتیان ئێمە بە ئەمری سەرۆك وەزیران ئەو ئیشەمان کردووە، ئێمە تیَ نەدەگەیشتین، بودجەیان بڕیوە دوای ئەوە هاتن مفاوەزات لەگەڵ ئێمە بکەن، کەواتە کێشەی گەورە لە سەر مەسەلەی کۆنترۆڵکردنە

بیزەبت وایە کۆنترۆڵەکە لە دەست کێیە؟ مەسەلەی نەوتە ئێمە کێشەمان لە سەر مەسەلەی شەفافیەت نییە، کێشەی ئێمە لە سەر ئەوە نییە کە بەغدا ئاگاداری هەموو وردەکاری فرۆشتن و تەندەر و بارکردن و بە چ شەریکەیەك دەفرۆشرێ و نرخ و ئەمانە هەمووی ئێمە موشکیلەمان نییە، بێینە سەر وەزعی ئێستا ئێمە دوای ئەوەی کە کابینەکەی بەڕێز سەرۆك وەزیران عەبادی تەشکیل کرا، ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاری ئەوەماندا بەشدار بین لە حکومەتی عەبادی، ئێمە ئەو کۆبوونەوەیەمان لە سلێمانی کرد و، بڕیاری ئەوەماندا ئێمە (٣) مانگ فرسەت بدەینە بەڕێز سەرۆك وەزیران عەبادی بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی کە هەیە لەگەڵ هەرێم چارەسەر بکرێت، ئێستاش من دەڵێم ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەو هیوایەین کە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ بەغدا چارەسەر ببێ ئەولەویەتی یەکەمی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان حەلی کێشەکانمانە لەگەڵ بەغدا لە سەر ئەساسێکی واقیع بینانە هەڵس و کەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت، مەسلەحەتی ئێمە ئەوەیە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی هەتا ئێستا لە بەغدا دەیبینین مەسەلە عەقلیەتێکە کە دەیەوێ هەموو شتێك رەبت بکات بەوەی سەروەری عێراقە، یەکگرتوویی عێراقە، یەك پارچەیی عێراقە، کە بە حەقیقەت وا نییە، لە زۆر وڵاتانی دونیادا و، هەتا یاسای ئێمەش شەریکاتی نەوت خۆیان دەتوانن نەوت بفرۆشن، هیچ پەیوەندی بە حکومەتیشەوە نییە و، لە دونیا ئەمە هەیە، بەداخەوە ئەوان لەو مەسەلەیەدا هەرچی هەیە یەکسەر رەبتی دەکەن بە مەسلەی سیادەی عێراق، ئێمە بەشداریمان کرد لە حکومەتی بەڕێز عەبادی و، داوامان کرد کە کێشەکانی ئێمە حەل بکاتن، جەنابی سەرۆك وەزیران لە بەیانی وەسیقەی ئیتیفاقی سیاسی کە پێی دەوترێ بەینی کوتلەکان لە پەرلەمانی عێراقدا کە خوێندییەوە، من تەنها ئیشارەت دەدەم تەبعەن ئەگەر عەرەبییەکەم باش نەبێت کاك دکتۆر تۆ یارمەتیم بدە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئیجازەتان ئەوە تەبیعی (وثيقة الأتفاق السياسي بين الكتل السياسية المشاركة في حكومة الوحدة الوطنية)، (٢٠١٤/٩/٧)، ئەمە ڕۆژی پێش سوێند خواردنە کە ئیمزا کراوە، و لەنێوان ئەترافەکانە، (٢٠) ماددەیە، ماددەی (١٧) کە توقیع کراوە ئەڵێ (تمهيدا لحل الخلافات عالقة بين الحكومة الاتحادية وحكومة اقليم كردستان في ملفين الموازنة العامة و تصدير النفط تلتزم الحكومة الاتحادية من جهتها فورا المصادقة على تشكيلتها الجديدة في مجلس النواب باطلاق سلفة لحاسب اقليم كوردستان، و تلتزم حكومة اقليم كردستان من جهتها ايظن بمباشرتها بتسليم كميات النفط المنتج من حقول كوردستان لتصديرها عبر وزارة النفط الاتحادية السقف الزمني لشهر واحد).

**بەرێز نێچیرڤان بارزانی-سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

ئەمەویٚ ئەوە بڵێم ناردنی وەفدی هەرێم بۆ بەغدا مەسەلە نییە، ئیلتیزامێکە ئومەمی موتەحیدە دای بە ئەمریکا، خۆشی خوێندیەوە کە سولفەیەك ئەنێرێ بۆ هەرێمی کوردستان، تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، بیانووی پێشتر ئەوە بوو کورد بەشدار نییە، لەبەر ئەوە نازانم لەگەڵ کێ قسە بکەم، وەلاّ وەزیری مالیەمان نییە، وەزیری مالیەش گەڕایەوە، وەزیرە کوردەکانیش گەڕانەوە، چوون بۆ بەغدا، بەلاّم تا ئێستا بەداخەوە ئەوان هیچ ئیلتیزامێك بۆ ناردنی سولفەیەك بۆ هەرێمی کوردستان جێ بەجێ نەکراوە، خۆم شەخسی بەردەوام لەسەر هێڵم لەگەڵ شەخسی عەبادی خۆی وەکو سەرۆك وەزیران، لەگەڵ لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بەو مەسەلە، ئەمریکا، ئومەمی موتەحیدە، هەموو لایەك، بۆ ئەوەی ئەوە جێ بەجێ بکرێ، هەرێمی کوردستان لەوە تێ ئەگات موشکیلە نییە ئەتوانین ئیتیفاق بکەین، مەجالی ئیتیفاقیش هەیە، بەلاّم پێداگیری ئەوان لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ئێمە سولفەیەك نانێرین بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوە کێشەیە، نیشانەی نەفسی ئەو نەهجەیە کە پێشتر پەیڕەو کراوە لەلایەن سەرۆك وەزیران مالیکی، و بەداخەوە لە لایەن ئەو سەرۆك وەزیرانەش بە نەوعێکی تر، کێشە لێرەیە، ئێمە چاوەڕێی چی ئەکەین لە بەغدا، ئەوان ئاخیر قسەیان ئەوە بوو کە دکتۆر عادل عبدالمهدی وەکو وەزیری نەوت بە چەند پێشنیازێکەوە دێت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی قسەمان لەگەڵ بکات، چاوەڕێی هاتنی بەڕێزیان ئەکەین، نامانەوێ پەلە بکەین، بەڕاستی هێزە سیاسەکانی هەرێمی کوردستان چ بڕیارێك ئەدەن؟ بەلاّم ئەگەر زەختی بەغدا و ئسلوبی بەغدا لەگەڵ هەرێم هەر بەو شێوەیە بێت، بە تەئکید هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەبێ ئەوکات دابینشن و بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە بدەن، ناتوانین هەر بەو شێوەیە بەردەوام بین، لەلایەکی تر ئەگەر سەیری بکەین، لە ڕووی عەمەلیی و واقیعیەوە ئەتوانین بگەینە حەل لەگەل بەغدا، بۆ؟ لە ڕووی عەمەلیەوە بەغدا ناتوانێ هیچ نەوتێك هەناردەی دەرەوە بکات بەبێ هەرێمی کوردستان لە هەموو مەنتیقەی شیمالی، ئەبێ بە هەرێمی کوردستان دا تێپەڕێ، ئێمە هەر دوای ئەوەی داعش هات بۆ موسڵ، ئێمە ژێرخانی ناردنی نەوتمان بۆ دەرەوە جێ بەجێ کردووە، ئەگەر هاوکاری بەغدا هەبێ، ئەتوانین نەوتی هەرێمی کوردستان بنێرینە دەرەوە، و ئەتوانین نەوتی کەرکووك و ئەو شوێنانەی هەیە، ئەویش لە ڕێگەی هەرێمەوە هەناردەی بازاڕەکانی دەرەوە بکەین، ئەوەی بە نیسبەت ئێمە موهیمە دوو نوقتەیە، یەکەم مەسەلەی کونتڕۆلی نەوتە، سیاسەتی حکومەتی هەرێم ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك مەسەلەی کۆنتڕۆلی نەوت جارێکی تر نادەینە دەست بەغدا، ئامادەین بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتری بکەین، ئامادەین لە پرۆسەکە لەگەڵمان بن، لە مەسەلەی شەفافیەت، تەندەر، پارە، هەمووی، بەلاّم کۆتڕۆل جارێکی تر بدەینەوە بەغدا کێشەیەکی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان دروست ئەکات، دووەم، ئێمە داوای لە (١٧٪) ی حەقیقی ئەکەین، ئەوەی لە تەقریری ئێوە هات، ئەوە حەقی هەرێمی کوردستانە، تا ئێستا لە شەڕین لەگەڵیاندا، لە بەرگرین نەك لە شەڕ، چونکە سیاسەتی ئێمە قەت شەڕ نەبووە، هەتا لەگەڵ داعشیش، داعیش پەلاماری ئێمە داوە، ئێمەش بەرگری ئەکەین، تا ئێستا نە بۆ پێشمەرگە، نە بۆ هەرێمی کوردستان، بەغدا هیچ هاوکاری نەکردووین، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار ئاوارە هەیە، و باری گرانیش لەسەر موحافەزەی دهۆکە، بەلاّم ئەبینین یارمەتی لەلایەن بەغداوە وەکو پێویست بۆ ئەو مەسەلە نییە، لە شەڕین لەگەڵ داعش، ئەو شەڕە موسروفاتی هەیە، میزانییەی ئەوێ، تا ئێستا بەغدا یارمەتی ئێمەی نەداوە، ئەوانە بارگرانی زۆرن بۆ هەرێم لە هەموو ڕوویەك، لەبەر ئەوە ئێمە داوای (١٧٪) ی حەقیقی ئەکەین، ئەوەی ئەو بەڕێزانە لەو تەقریرە نیشانیان دا، ئەوەی مافی ئێمەیە، چونکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستە ببێتە بەشێك لە سیستەمێکی بەرگری لە عێراق، و ئیسپاتیش بوو کە بەو

شێوەیە، ئەبوایە لە (٢٠٠٣) یەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق نەیهێشتووە کە هێزەکانی پێشمەرگە فیشەکێکیش لە دەرەوە بکڕن، تەبلیغی هەموو وڵاتانی دونیایان کردبوو کە بە هیچ شێوەیەك بۆتان نییە سیلاح بفرۆشنە هەرێمی کوردستان، ئەوانیش یارمەتی ئێمەیان نەدا، ئەو وەزعە دروست نەدەبوو لە هەرێمی کوردستان، و بەرگری باشتریش ئەکرا، کۆمەڵێك پرسیار دێتە پێشەوە بۆ پەرلەمانتاران، و نەفتەی دووەم ئەوەیە هاتنی پارەکە بە شێوەیەکی ڕاستوخۆ، ئێمە ئەڵێین نەوت ئەفرۆشین، لە پرۆسەکە لەگەڵ ئێمە بن، بەڵام پێویستە پارەی حیسەی هەرێم (١٧٪) حەقیقی بدرێ ڕاستەوخۆ، ئەوەش داوا ئەکەین، نەك ئەوەی بەو سیستەمەی ئەوان هەیانە، هەر وەخێتك تووڕە بوون لێمان بڕیار بدەن کێبڵی تەلەفۆنێکیش بکەن بە موشکلیە و بودجەمان بیڕن، کەواتە ئێمە ئەبێ میکانیزمێك بدۆزینەوە ئەو شتانە دووبارە نەبێتەوە، دوای ئەو هەموو موشکیلەیەی ئێمە هەمانە، دوای ئەو هەموو زەریبەی ئێمە داومانە، لەوە تێئەگەم هاووڵاتی و حکومەت و موقاولینی ئێمە بەراستی زۆر تەحەمولیان کردووە، حکومەتی هەرێم کەم و زۆر توانیویەتی مەعاش دابین بکات، بەڵام تاخیر، ئێستاش ئەبینین تاخیر توانیومانە مەعاش دابین بکەین، ئەمانەوێ بگەینە حەلێك مەسەلەی مەعاش دان و ڕۆژانە فلان وەزارت وەرئەگرێ، ئەبێ کۆتایی پێ بێت، ناکرێ دانی مووچە ببێتە کێشە، ئەبێ بگەینە حەل، بە سوپاسەوە تا ئێستا هاووڵاتیانی کوردستان تەحەمولی ئەو وەزعەیان کردووە، موقاولەکان، هەندێ داتامان هەیە کە وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری دارایی هەردووکیان ئەمڕۆ لێرەن ئەیخەینە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز، ئەمانەوێ ئاگادار بن لەوەی چەند نەوتمان فرۆشتووە؟ پارەکەی چەندە؟ بە کێ فرۆشتوومانە؟ لە چ بانقێك ئەم پارەیە هەڵگیراوە؟ چۆن دێتەوە بۆ هەرێم؟ چونکە سوئالی زۆر هەڵئەگرێ، باس لەوە ئەکرێ تورکیا پارەی ئێمەی بلۆك کردووە، تەنیا (١٧٪) ئیجازە ئەدات، ئەوە ئەسڵی نییە، باس لەوە ئەکرێ ئەو نەوتەی ئەفرۆشین سەرگەردانە لە ناو ئاوەکان و کەس نایکڕێ، ئەوەش ئەسڵی نییە، بە عەکسەوە ڕەغبەتی زۆر هەیە لەسەر نەوتی هەرێم، باس لەوە ئەکرێ بە علوج ئەوە ئەکەین، ئەوەش ڕاست نییە، شەریکاتی زۆر گەورە لە دەرەوە ئەو نەوتەی، کەواتە ئێمە پێشبینی خۆمان کە لە ئایندە ئەتوانین چەند نەوت بنێرین، ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە پێم وایە ئەو پەرلەمانە بەڕێزە ئەبێ ئاگادار بێ، هەردوو بەڕێزان وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری دارایی ئەو خاڵانە هەمووی بە شێوەیەکی گشتی ڕوون ئەکەنەوە، و ئەوەی کە لە تەقریری ئێوەش هاتبوو دوو مەسەلە بوو، ئەو قانونەی ڕاستە ئەوەی کاك دکتۆر شێرکۆ ئیشارەتی پێدا، یاسای سندوقی داهاتی نەوتییەکان و کۆمپانیای کوردستان بۆ بازاڕ کردن، هەردوو پرۆژە یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەکان و کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت تەواو کراون ئەو دوو یاسایە، ڕۆژی چوارشەم لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر ئەدەین و ئەینێرین بۆ پەرلەمانی کوردستان، و ئەو یاسایەی کە باستان کرد ئەوەی پێی ئەڵێن دروست کردنی شەریکەی (کۆمۆ) بۆ بەبازاڕ کردنی نەوت، ئەویش بەم زوانە ئەوەی خۆتان داواتان کرد بەم زوانە تەواوی ئەکەین، و ئەینێرین بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسند کردن، وەکو ئاگاداریشن یاسای وەرگرتنی قەرزیش ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە، بەهیوای پەسند کردنی، هەر ویستم قسەکانم لەو چوارچێوەیە بێت، ئێستاش ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیجازە بدات هەڤاڵانم، ئەوانەی لەگەڵ من هاتوون بە وردی باسی چۆنیەتی هەنارده کردنی نەوت و کەمیەی نەوت و هەموو ئەو تەفاسیلانە بۆ ئێوە ڕوون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت، داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەین بفەرموێ بۆ باس کردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا لە ڕووی داراییەوە.

**بەڕێز ڕێباز حملان-وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی و لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەیان کردبوو دەست خۆشیان لێ ئەکەم، ئێمەش وەکو وەزارتی دارایی لەسەر هەمان ئەو مەسەلەیە ڕاپۆرتێکی کورت و پوختمان ئامادە کردووە، دوو شت هەیە ئەمڕۆ ئەیخەینە بەردەم بەڕێزتان، بەشێکیان لەسەر ئەو بەیانە مالییەیە کە وزارەتی دارایی عێراق ئامادەی کردووە بۆ پەرلەمانی عێراق و وابزانم خوێندراوەش، ئەوان ئەیانەوێ واقیعی دارایی ئەمڕۆی عێراق پەسند بکەن، و لە جیاتی ئەو بودجەیەی ئامادە کرابوو بۆ (٢٠١٤) ئەو بەیانە مالییە جێ بەجێ ئەکرێ و پەسند ئەکرێ، ئەو بەیانە مالییەش واقیعی دارایی عێراقە، پەسندی ئەکەن، لەسەر ئەو مەسەلەیە کۆمەڵێك تێبنیمان هەیە وەکو تەواوکارییەك، یان وەکو بەشێك لەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی کردبوو، ڕاستی گرفتی پشکی حکومەتی هەرێم لە بودجەی عێراق، یەك، لەکاتی بەرز کردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە کە هاوپێچە پێویست بوو نونێنەری حکومەتی هەرێم، ببورن، ئەو ڕاپۆرتە بەر ڕەسمی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە بە جەنابتان بگات، ئەو ڕاپۆرتە مالیەی حکومەتی عێراق ئامادەی کردووە لە وەزارەتی داریی عێراقەوە، ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، بۆیە ئەوە هاوپێچە کە باسی ئەکەم، ئەبێ ئەو ڕاپۆرتە لای بەرێزتان هەبێ، و ئەو ڕاپۆرتە کە هاوپێچە پێویست بوو نوێنەری حکومەتی هەرێم ئەندام بێ بۆ ڕەچاو کردنی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێم، دووەم، تێبینی ئەوە کراوە کە خەرجییەکانی هەشت مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٤) کە (٦٥) ترلیۆن دینارە بەو (١) ترلیۆنەی ڕەوانەی حکومەتی هەرێم کراوە بۆ مووچە لە مانگی (١، ٢) ی (٢٠١٤)، بەڵام لە (٩/١ تا ١٢/٣١) خەرجی خەملێنراوە بە (٧٢) ترلیۆن دینار بە ڕەچاو کردنی گشت ئاوارە و شەهیدانی تیرۆر و زیادەی مووچەی لە پلە (١٠) بۆ پلە (٤)، لەگەڵ هاوکاری قوتابی سەرەتایی، بەڵام لە کوردستان خەملێنراوی ڕەشنووسی عێراق کە (١٧١) ترلیۆن دینار بوو، (١٩٩٩) نۆزدە ترلیۆن و نۆ سەد  و نۆوەد و نۆ ملیار دینار بۆ کوردستان دیاری کراوە، و ئێستاش پاش زیاد بوونی بودجە لە (١٧١) ترلیۆن بۆتە (١٨٥) ترۆلیۆن، تەنیا (١٦) ترلیۆن بۆ کوردستان دانراوە، و نووسراوە ئەکرێ گۆڕانکاری لەسەر بکرێ، بۆیە پێشنیار ئەوەیە لەبەر ئەوەی زیاتر لە (١) ملیۆن و نیو ئاوارە لە کوردستان هەیە بۆ بودجەی (٤) مانگی کۆتایی (٢٠١٤)، و بۆ ساڵی نوێی (٢٠١٥) پشکێکی تایبەت دابنرێ بە مەبەستی ڕایی کردنی کاروبار و پێداویستییەکانیان، خاڵی سێ، ئاماژە بە ڕاپۆرتی دارایی حکومەتی ناوەند دەکا، هاتووە پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٠١) لە (٢٠١٤) سەبارەت بە دەستەڵات دان بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەند، یان ئەو کەسەی دەستەڵاتی پێ ئەدات بۆ پێدانی پێشینەکان بە زیاتر لە ڕێژەی یەك لەسەر دوانزە بۆ مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر و کڕینی چەك و

تەقەمەنی، بۆیە پێویست بوو ئەو پێشینەیەش بدرێتـە حکومـەتی هـەرێم بـۆ هـەمان مەبەستی سـەرەوە، ئـەوەش پاڵپشـت بـە هـەمان بڕیـار کـە لـە حکەمـەتی ناوەنـد جـێ بـەجێ ئـەکرێ، بـەپێی مـاددەی (١١٠) ی دەستوور، ئامادە کردنی سیاسەتی دارایی لـە دەسـتەڵاتی حکومـەتی ناوەنـدە، بـەلاّم بـەپێی مـاددەی (١١٤) ی دەستوور ئەبێ نوێنەری حکومەتی هەرێم بەشدار بێ بـۆ دانـانی پلانـی عێـراق لەگەڵیشـی دانـانی بودجـە، پێنجەم، لە یاسای بودجەی ساڵانەی حکومەتی ناوەند هاتووە هـەموو داهـاتی خاڵـە سنوورییەکان بـە گشـتی ئەکرێتە خـەرجی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان، بـەڵام لـە لایـەن حکومـەتی ناوەنـد و وەزارەتـی دارایـی هـەموو داهاتەکـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ خۆیـان، و سـاڵانە ڕێنمـایی پـێ دەرئـەکات، و بەشـێکی کـەمی ئەگەڕێتـەوە بـۆ حکومەتی هەرێم، شەشەم، کە خەرجییەکانی حکومەتی فیدراڵ دائەنرێ و پەسند ئـەکرێ، دواتـر هەنـدێ خـەرجی بـۆ وەزارەتـەکانی فیـدراڵ خـەرج ئـەکرێ، بـە بڕیـاری ئەنجومـەنی وەزیـران، بـێ زیـاد کردنـی بـۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، واتـە ئەبوایـە ئـەو خەرجیانـە لـە بودجـەی تەواوکـەر بوایـە، بـۆ ئـەوەی حکومەتی هەرێمی تێدا بوایە، حەوتەم، بۆ بەرچاو ڕوونی بەرێزتان هەندێ پرۆژە کە لـە خـەرجی سـیادی پارەی بۆ تەرخان کراوە هیچ سوودێکی بۆ حکومەتی هەرێم نییە، چونکە پرۆژەکان لە باشووری عێـراق و حکومەتی ناوەند خەرج ئەکرێ وەکو سکەی حەدید و مەشاریعی سـدود و نـەفعی عـام، هەشـتەم، پێویسـتە بودجەی وەزارەتی بەرگری لە خـەرجی سـیادی نـەبێ، بـەڵکو پێویسـتە لـە چوارچێوەی بودجـەی تـەرخان کراوی وەزارەتەکان بێ، لەبەر ئەوەی تا ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە هیچی بۆ خەرج نەکراوە، و لە ڕێژەی لە (١٧٪) کەم ئەکاتەوە، حکومەتی هەرێم لە بانکی ناوەنـدی عێـراق نوێنـەری هـەبێ، بـۆ چاودێری کـردن لـە (دی. ئێف.ئای) بۆ بەدوا داچوونی داهات، دەیەم، هەموو ساڵێك پشکی حکومەتی هەرێم بـۆ بەرهـەمهێنانی نەوت دیاری ئەکرێ لە بودجەی ساڵانە بێ هیچ بنەمایەك، وەك بۆ ساڵی (٢٠١٣) بڕی (٤٠٠) هـەزار بـەرمیل ڕۆژانە سەپێندرابوو بەرهەم بهێندرێ، یانزە، ساڵانە بودجەی پیترۆ دۆلار لە بودجـەی گشـتی دەرئـەهێنرێ بۆ دابەش کردن بەسەر ناوچە بەرهەم هێنەرەکانی نەوت بۆ پـەرە پێـدانی پارێزگاکـان، بـەلاّم بـۆ هـەرێمی کوردستان ئەو پشکە دیاری نەکراوە، دوانزە، هەنـدێ خـەرجی هەیـە لـە بودجـەی سـیادی وەکـو مەجلیسـی ئەمنی وەتەنی و جیهازی موخابەراتی وەتـەنی و دیـوانی ڕاقابـەی مـالی و هەیئـەی نەزاهـە کـە کـار لەسـەر دەستەبەر کردنی ئاسایش بۆ حکومەتی ناوەند ئەکەن، هەمان دەزگا لە حکومەتی هەرێم هەیە، هیچیان لە بودحەی سیادی بۆ تەرخان ناکرێ و لە پشکی ١٧٪ ی هەرێم ئەو خەرجیانە دابـین ئـەکرێ، بۆیـە پێویسـتە خەرجی ئەو دەزگایانە لە حکومەتی ناوەند نەخرێتە بودحەی سیادیەوە، چونکە لە بەشە بودجەی هەرێم کەم ئەبێتەوە، و دەزگاکانی هەرێمیش لێی سوودمەند نابن، سیانزە، لە مـاددەی (١٠) ی بڕگـە (٣) ی یاسـای بودجـەی حکومـەتی عێـراق بـۆ سـاڵی (٢٠١٤) هـاتووە کـە وەزارەتـی دارایـی حکومـەتی هـەرێم پابەنـدە بـە بـژاردنی هـەر زەرەرێـك کـە ڕووئـەدات بـە وەزارەتـی دارایـی حکومـەتی عێـراق، وەکـو فـەزائی جـەویی و خەدماتی ئیتیسالاّت وئینتەرنێتی ئیتیحادی و عالەمیش، واتە لە پشکی حکومەتی هەرێم ئـەبڕدرێ، بـەلاّم پێویستە هەر کێشە و گرفتێك لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم هەبێ ئـەبێ لەلایـەن دادگای

فیدراڵیەوە یەکلایی بکرێتەوە، چوارده، پێشنیار ئەکەین لە ناو خەرجیەکانی سیادی حکومـەتی ناوەنـد لـە ژێر ناونیشانی قەرەبووی زیان لێکەوتووانی ڕژێمی پێشوو بەو بڕەی کە دیاری ئەکرێ لەلایـەن لیژنەیـەکی پێکهینراو بۆ ئـەم مەبەسـتە بـۆ دروسـت کردنـی ژێرخـانی ئـابووری حکومـەتی هـەرێم، وەکـو کیمیابـارانی هەڵەبجە، و ناوچە ئەنفال کراوەکان، وەکو قەربووی وڵاتی کوەیت، ئەوە بوو لەسەر ئـەو بەیانـە مالییـە کـە حکومەتی عێراق پەسندی ئەکات، و ڕاپـۆرتێکیش حـازرە وەکـو وەزارەتـی دارایـی لەسـەر ئـەو وەزعـەی کـە ئێستا هەیـە لـە هـەرێم لـە ڕووی داراییـەوە، ئەگـەر سـەرۆکی پەرلـەمان ڕووخسـەتی دا ئامـادەی ئەکـەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بـەڕێز وەزیـری دارایـی و ئـابووری، ئێسـتا بـەڕێز دکتـۆر ئاشـتی هـەورامی وەزیـری سـامانە سروشتییەکان با بفەرموێ بۆ پێشکەش کردنی بابەتەکەی لەسـەر بـارودۆخی وزە لـە هـەرێمی کوردسـتان، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز ئەکەم سوپاسی ئەو بەرێزانە بکەم کە بەشداری بکەن لە ئەو ڕاپۆرتە، بەراستی تەفاسیلەکەی ئەگونجا لەگەڵ ئـەو کێشـانەی کـە دیومانـە لـە (٩) سـاڵی ڕابـردوو، هیـواردام لـەم ڕیزنتـەرەشـەی مـن هەنـدێ سـوود وەرگرین، کە ئیزافەیە بۆ هەموومان، بەڵکو بتوانین کێشەکان ڕوون بکەینەوە، لە کوێ دەستی پێ کـرد؟ لـە ناحیەی عەمەلیەوە کێشەی سـەرەکی لـە مەسـفاکانەوە دەسـتیان پـێ کـرد، حـەز ئەکـەم لـەوێوە دەسـت پـێ بکەم، باسی ئەوانە ئەکەم پەیوەندی بە نەوت و غازەوە هەیە، بۆ ئـەوەی بـزانین و بـەراورد بکـەین لەگـەڵ بەغـدا کـە چـەندی تەصـدیری کـردووە. و چـەندی تەسـفیە کـردووە، و ئێمـە چـیمان کـردووە؟ توانامـان چەندە؟ داهاتمان بۆ کێ ڕۆیشتووە؟ چۆن تەسعیری نەوت کراوە؟ ناقیلاتی نەوت چۆن ئەڕوات، داهاتیان لـە کوێیە؟ تەکالیفی ئەو پرۆسەیە چەندە؟ لە ژمارەکانی عێراقەوە دەست پێ ئەکەم، تەقریری خۆیان لەسـەر سایتی وەزارەتـی نـەوت بـڵاو کراوەتـەوە، مانگانـە لـە (٢٠١٤) ەوە تـا مـانگی (٩) ئـەبینین لـە جنـوب چـەند بەرمیل دەرچووە، کەرکوك لە دوای مانگی (٤) داعش هاتوو وەستا، ڕۆژانـە لـە عـامودی دووەم کـە ئەکاتـە تەقریبەن (٢٤٧٠) دوو ملیۆن و چوار سەد و حەفتا هەزار ڕۆژانە، و موعادەلەکانیشـی دیـارە کـە (٦٧) مليـار دۆلارە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە پلانی خۆیان لە ماددەی (١) لە موازانـە دایـان نـاوە کـە ئـەبێ (٣) میلۆن تەصدیر بکات، کەواتە (٥٣٠) هەزار بەرمیل کەمە، کەس عقوبەی ئەمە نادات؟ بە دڵی خۆی (٤٠٠) هـەزاری داناوە بێ ئەوەی بپرسێ ئایا توانامان هەیە یان نا؟ بەڵام هەزار عقوبەی لە هەموو خاڵەکانی تر داناوە بـۆ ئـەوەی موازەنـەمان لـێ کـەم بکاتـەوە یـان بیبـڕێ، ئـەتوانین بڵـێین بەشـێکی چونکە لـە کـەرکوك نـەماوە، ئەوەشم بە عەداڵەت نیشان داوە، ئەگەر داعش نەبوایە کەرکووك هەر شەشی دەهێنا مانگانـە وەکـو ئـەوەی موتبەع بوو لە پێشدا، هەتا بەوەش (٤٠٠) هەزار بەرمیل کەمترە ئێستا، دووبارە با بڵێین ئـەم سـێ مانگـەی

داهاتوو بەرزترین ژمارە ئەنیرێ بۆ دەرەوە کە (٧٦) ملیۆن مانگانە، ئاخیر ژمارەیە کە هەیەتی، ئەو کاتیش (٣٨٠) هەزار کەموکوڕی هەیە، کەواتە عێراق خۆی ئیلتیزاماتی نەبووە بە موازەنەی خۆی، بە ئینتاجی خۆی، باسی ئیستیهلاکی مەحەلی بکەم بۆ ناوخۆ جگە لە کوردستان، ئەمەش لە سایتی وەزارەتی نەوت دەرمانهێناوە دووبارە، لە مانگی (١)ەوە تا مانگی (٩) داتاکە بڵاو کراوەتەوە، ئینتاجی ئیجمالی عێراق لە عامودی دووەمەوەیە لە دەستە چەپ، تەصدیری دیارە، موقابیلی ئەو ژمارەی باسم کرد، تەسفیەی مانگی (١) (٦٢٨) هەزار بووە، مانگی (٢) (٥٦٦)، و هەروەها حکومەتی عێراق (١٠٠) تا (٢٠٠) هەزار بەرمیل ئەسووتێنێ لە مەحەتاتی کارەبا، وەکو مەسفا، لەجیاتی ئەوەی بینێرێ بۆ تەسدیر، ئەیسووتێنێ، کەواتە کۆی گشتی بەکارهێنانی نەوت بۆ ناوخۆ لە عێراق (٧٦٢) هەزارە، موعەدەلی ئەو (٤، ٥) مانگەی کە پێش هاتنی داعش تەقریبەن (٧١٨) هەزار بەرمیلە ڕۆژانە، جا ئەگەر بێینە سەر ماڧ هەرێمی کوردستان، ژمارەکان لە خوارەوە موقارەنەم کردووە کە ئەڵێ بۆ مانگی یەك تا پێنج پێش داعش موعەدەلی عێراق (٧١٨) ەیە، ئەگەر ١٧٪ حیسابی بکەین ئێمە (١٥٠) هەزار حەقمان هەیە بیخەینە سەر ئەوە، کە موعەدەلی هەموو عێراق ئەکاتە (٨٦٨)، بەڵام زۆرجار باس کراوە کە ناوچە شاخاویەکانە، تەقدیری کوردستان جیایە، ئەبێ عەل ئەقەل ٢٠٪ بێ، کەواتە ئێمە حەقی (١٨٠) هەزار بەرمیلمان هەیە کە بۆ ناوخۆ بەکاری بێنین، بێ موقابیل، بێ حەق و حیساب بەرامبەر بەغدا، بەڵام راستە ئەبێ بە شەفافی بیکەین، بەرپرسین بەرامبەر حکومەت و پەرلەمان، بەڵام ئەوە داهاتێك نییە بیگەڕێنینەوە بۆ بەغدا، ئەو (٧٠٠) هەزار بەرمیلە کە عێراق بەکاری ئەهێنێ یەك دۆلاری ناگەڕێتەوە خەزێنەی عێراق تا ١٧٪ سوودی لێ وەربگرین، هەموو لە چوارچێوەی وەزارەتی نەوت ئەمێنێتەوە، مەشاریعی پێ ئەکات، لە هەمان کات سیعری پاڵاوتن لە باقی عێراق یەك یان دوو تا سێ دۆلارە، چونکە مەسفاکان لە کۆنەوە دورست کراون، گەورەن، تاقەیان زۆرە، ئێمە کولفەیەکی زۆرمان لەسەرە، چونکە قەتاعی خاس کردوویەتی، هێشتان حەقی خۆی وەرنەگرتۆتەوە، کێشەی سەرەکی بوو ئەوە کە دەستی پێ کرد بەرامبەر دکتۆر شەهرستانی لە سەرەتاوە، حیکایەتی ئەم دوو مەسفایە کە هەمانە ئەگەڕێتەوە بۆ (٢٠٠٥) و (٢٠٠٦) کە دکتۆر (بحر علوم) وەزیری نەوت بوو، ئەو بڕیاری دا چەند مەسفایەکی بچووك بکرێنەوە لە چەند شارێك لە زمنی موسڵ و کەرکووك و لە کوردستان دوو مەسفا کە تاقەی ئینتاجیان تەقریبەن (٢٠) هەزار بەرمیل بوو ئەوکات، دوای (٣) تا (٤) ساڵ وەستان، هێشتان مەشروعەکە لەسەر دیزاین بوو، زۆر هاوارمان کرد لە کابینەی چوار بوو یان پێنج بوو کە ئەو کات ئێمە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، ئاخیری دکتۆر شەهرستانی گوتی خۆتان بیکەن، ئێمە لەو کاتە پێمان ناکرا، ئێوە پەلەتان هەیە مادام خۆتان بیکەن، ئەو کاتە تەمویلەکەشیان بڕی، مەجبور بووین وەرمان گرت، دیراسەمان کرد، تەقریبەن (٣٠) ملیۆن دۆلار سەرف کراوە لە مەسفاکان، ئەوکات نە داهاتمان هەبوو، نە شارەزاییمان هەبوو، ئەنجومەنی نەوت و غاز بڕیاری دا ئەو کۆمپانیایانەی بەشدار بوونە لەگەڵ حکومەتی عێراق بەردەوام بن لەسەری بەشەرتێ تەمویلی بکەن، ئەو کاتە مەعایری تازەمان بۆ هات، تاقەکەمان زیاتر بوو، و عەقدێکمان کرد لەگەڵیان کە حکومەت نەوتەکە ئەدات، بەڵام سیعری پاڵاوتن ئەدات، کە کولفەی وەرگرتەوە، ئەوسا ئەبێ بە نیوە، هێشتان کولفەی

وەرنەگرتۆتەوە، کە وەرگیراوە نیوەی پارەکە ئەدەین ئەوکات، ئینجا ئەو دوو مەسفایە ئێستا تاقەیان بەرز بۆتەوە، بوون بە (٨٥) هەزار یەکیان، ئەوەی تر (٣٥) هەزار، با بێینە سەر عێراق، ئایا بە عەدالەت لەگەڵ ئێمە ئیشی کردووە لەناحیەی تەسفیە؟ لە (٢٠٠٣)ەوە تا (٢٠١٣) ئەوەندە بەرمیل تەسفیە کراوە لە کوردستان، ئینتاجی ئێمە لە هەموو کوردستان (٢٧٢) ملیۆن بەرمیل بووە بۆ ئەو (١٠) ساڵەی ڕابردوو، لەوە (٧١) مان داوە بە سۆمۆ موقابیلی ئەوەی مەشاکیل حەل بکەین، بەڵام هیچ پارەش نەهاتووە، شەریکاتی نەوت (٢) ، (٣) سولفەی بچووکیان بۆ هات، بەردەوام بوون، هیچیان نەنارد، (٧٠) ملیۆنمان تەرخان کرد بۆ شەریکاتی مونتیج، ئەوانیش بە تاقەی مەحەلی فرۆشتیان وەکو ئێمە، ئەو پارەیە گەڕاوەتەوە بۆ کولفە، کەواتە ساڧی کە بەکارمان هێناوە بۆ تەسفیە، کە خۆمان بەکارمان هێناوە، (١٣١) ملیۆن بەرمیل بووە لە مەسفا گەورەکان و بچووکەکان، عێراقیش لە هەمان فەترە (١٠٨) ملیۆنی ناردووە بۆ ئێمە، موشتەقات، تەبعەن لە (٢٠١٠) دا یەکەمجار نەوتی ڕەشی لابرد بە تەواوی، دوای (٢٠١٠) هێواش، هێواش موشتەقاتی ئێمەی بڕی، وەکو ئەوە تۆ موشتەقاتی خۆت هەیە، ئێمەش محاوەلەمان کرد تەتویری مەسفاکان بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین وەزعی داخیلی دابین بکەین، کەواتە ئەوەی کوردستان وەریگرتووە (٢٣٩) ملیۆن بەرمیلە لە ئەو (١٠) ساڵە، با بزانین چۆن ئەگونجێ لەگەڵ عێراق؟ ئەم جەدوەلە ئیستیهلاکی مەحەلییە لە (٢٠٠٤) ەوە تا (٢٠١٣) ، من زمنی کوردستان، یەعنی شمولی ئەو ژمارەیە کە باسم کرد، کە سەیری ئەکەی ئەگەر ١٧٪ بێ ئێمە ئەبوایە (٣٣٧) ملیۆن بەرمیلمان بۆ بهاتابیایە، من زمنی عێراق ناردوویەتی (١٠٨) ە، ئەوەی خۆمان بەرهەمان هێناوە ئەکاتە (٣٣٧)، ئیستیهلاکی ئێمە (٢٣٩) یە، واتە عێراق قەرزاری ئێمەیە تەقریبەن (١٠٠) ملیۆن بەرمیل، بەڵام ئەوانە ئەوەیان کرد بە حیجەت و ئەڵێ ئەو نەوتی مونتیجە ئەبێ تەسلیمی عێراقی بکەی، من تەسفیەی ئەکەم، موشتەقاتت بۆ ئەنێرم، تەبعەن ئەوەندەش نانێرن، تەنیا ئەوە ئەنێرن کە بەشت ئەکات، کەواتە تەسلیم بوونی نەوت لە مەسفاوە دەستی پێ کرد، و ئەبێ تەسلیمی ئێمەی بکەی ئینجا ئیعتیراڧ پێ ئەکەم، ئەبێ بیخەنە بەرچاوی، ئەوکات بە دڵی خۆی ئەینێرێتەوە، ئیعتیراڧ بەوە نەدەکرد بۆمان هەیە تەسفیە بکەین و حەقی خۆمان وەرگرین، کەواتە (١٠٠) ملیۆن کەمترە نەك زیاتر، ئەگەر بێتو ئیعتیرافیش نەکات بە عقودی نەوتی ئێمە، هەتا ئەوەی داومانە بە کۆمپانیا نەوتییەکان حیسابی بکات بە تەسفیەی داخیلی لەسەر ئێمە، ئەوەی ئێمە کردوومانە من زمنی داومانە بە کۆمپانیا نەوتییەکان (١٠٩) ملیۆنە، موقابیل (٣٤٩)، کەواتە ئێمە هێشتان لەوێش (٤٠) ملیۆن قەرزاری ئێمەیە، ئەکاتە (٤) یان (١٠) ملیار دۆلار ئەگەر ئەویتر حیساب بکەین، ئەوان هاوار ئەکەن ئێمە زۆر نەوت بەکاردێنین، زۆر ئیستیهلاك ئەکەین، ئەوانە خۆیان ئەیکەن، کەس حیسابی بۆ ناکات، بە نەوعێکی تر، ئەو عیجزە چۆن تەراکومی کردووە؟ ساڵ بە ساڵ کە سەیری ئەوە ئەکەین، لە (٢٠٠٤) تا ئێستا نەقسەکە ئێستا دەستی پێ کردووە خەریکە ئەگەڕێتەوە، ئەگەر بێتو شەریکەکانیش حیساب بکەین، ڕاستە (٢) ساڵی ڕابردوو ئێمە زیاترمان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئەو گاپەی هەمان بوو لە (١٠٠) ملیۆن کەمی بکەینەوە، ئیستیهلاکی کوردستان وتوومانە ماڧی خۆمانە و جێ بەجێی ئەکەین، کردوومانە و دەستمان پێ کردووە، داهاتی چی بەسەر دێت؟ وەکو وتم ئەو دوو مەسفایە (١٢٠)

هەزارە، و تەقریبەن (٨٠) هەزار بەرمیلی تریشمان پێویستە بۆ ڤیتاعی مەحەلی، ئەكاتە (١٨٠) بۆ (٢٠٠) هەزار بەرمیل، ئەو نەوتە دابین ئەكەین بۆ دوو مەسفاكە، یان بۆ چەند مەسفایەكی بچووك، جاروبار بەشێك لە نەوتەكە ئەبەینە دەرەوە كە موشتەقاتی پێ ئەكڕین بە تانكەر و ئەو شتانە، داهاتی ئەو پرۆسەیە تەقریبەن (٢٧٠) ملیۆن دۆلارە مانگانە، ئەوانە تەخمینین، ئەو پارەیە چی بەسەر دێت؟ كولفەی ئەو عەمەلییە، تەسفییە، نەقڵ، پالأوتن، تەقریبەن (٥٨) ملیۆنە، سافی عائیدات (٤٠٠) ملیۆنە مانگانە، ئەمە ئەو پارەیە كە وەزارەتی نەوت ئیشی خۆی پێ ئەكات، ڕاستە لەوانەیە داهاتەكەی نەختێك كەمتر بێ بۆ بەرمیلێك یان مەشاریعی گەورەتر ئەكات، بەلأم حەقیقەتەن پارەی وەزارەتی نەوت لای خۆی ئەمێنێ، ئێمەش ئەو پارەیە كورت و موختەسەر هەموومان بەكارهێناوە بۆ گازوایل بۆ كارەبا، ئەبێ ئەوە ڕوون بێ لەبەر چاوتان ئەو كولفەیە نە لە دەستوورە، لە موازەنەیە، ئەوە كولفەی حەقیقییە، موازەنەی كوردستان ئەبێ دابینی بكات، ئەگەر بگەینە ئیتیفاق لەگەڵ عێراق ئەوە ڕێگە نادرێت، ئەوكات ئەڵێ گازوایل كەیفی خۆتە چەند ئەسووتێنی؟ من هی خۆم تۆش هی خۆت، یان ئەبێ بكرێتە سیادی، كەواتە بۆ سافی عائیدات پرۆسەكە سفرە، بەلأم دۆكیۆمێنتی تەواومان هەیە كە ساڵ بە ساڵ، مانگ بە مانگ، عەقد بە عەقد سەیری بكەن، عائیداتمان چەندە بۆ تەسدیر؟ ئەوەم لە ئێستاوە دەست پێ كردووە، ئەمەوێ بۆ ساڵی داهاتوو بم بۆ ئەوەی بزانین چیمان پێ ئەكرێ خۆمان؟ هیچمان پێ ناكرێ، لە مانگی (١١) ەوە حەقل بە حەقلمان داناوە، تەوەقوعی ئەو مانگەمان هەیە كە بگەینە (٣٦٠) هەزار بەرمیل لە تەسفیە كە باسم كرد، (٣٦٠) هەزار بەرمیل بچێتە دەرەوە بۆ فرۆشتن، حەقیقەتەن ئەو بەیانییە خەبەری ئەوەم بۆ هات كە دوێنێ (٣٢٠) هەزار بەرمیل بووە، لە (٣٠٠) تێپەڕیووە، بۆ مانگی داهاتوو ئینشائەللە ئەگەینە (٤٥٠) ، و بە پێی ئەو تەقدیرانەی دراوە بە من لە لایەن كۆمپانیاكانی نەوتەوە بۆ ئیزافە كردنی ئینتاجیان كە (٣٠٠) هەزار بەرمیل ئیزافە ئەكرێ لە بلۆكی دهۆك لە مانگی یەك، ئەگەینە (٥٠٠) بۆ (٦٠٠) هەزار بەرمل لە سەرەتای ساڵی داهاتوو بەرەو (٨٥٠) ئەڕوات بۆ كۆتایی ساڵ ئێمە باسی ملیۆنێكمان كردووە لە پێشوو، بەلأم ئەوەم داناوە چونكە (٢)، (٣) مانگ دوا كەوتووین لەبەر داعش، شەریكەكان چوونە دەرەوە، تا هاتنەوە، ئەبێ خۆیان كۆ بكەنەوە، پارەشیان نەدراوەتێ، نەختێك بە هێواشی ئەڕۆن، بەلأم ئەوە ئینتاجە، ئەگەر بە (٨٠) دۆلار حیسابی بكەین، یان هەندێ كەمتر داهاتی عەمودی نیهائی كە بە مەلاین دۆلار نیشان دراوە، مەسەلەن بۆ مانگی (٩) تەوەقوع ئەكەین یان مانگی (١١) بگاتە (٨٠٠) تا (٨٦٠)، ئێمە دەیگەیەنینە (٥٥٦,٠٠٠) بەرمیل لەسەرەتای ساڵی داهاتوودا و، بەرەو (٨٥٠,٠٠٠) دەڕۆین لە كۆتایی ساڵ، وەلەو باسی ملیۆنێكمان كردووە پێشوو، بەلأم ئەمەم داناوە چونكە ئێمە دوو، سێ مانگ دواكەوتین لەبەر داعش و، كۆمپانیاكان چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوە و دەبێت خۆیان كۆبكەنەوە دووبارە، پارەشیان نەدراوەتێ و لە بەرئەوە كولفەیان وەرنەگرتووە، نەختێك با بڵێین بە هێواشی دەڕۆن، بەلأم ئەوە ئینتاجەكەیە، ئەگەر ئەمە بە (٨٠) دۆلار حیساب بكەین یان نەختێك كەمتر داهاتەكەی ئەو (عمود نهائیة) كە بە مەلاین دۆلار پیشاندراوە، مەسەلەن بۆ مانگی (٩) ئێمە تەوەقوع دەكەین مانگی (١١) (٨٠٠)ملیۆن بێت یان (٨٦٠) دەكاتە ملیارێك و بەرەو (٢) دەڕوات تا كۆتایی ساڵ، تەبعەن ئەمە داهاتی

ئیجمالییە ئەساسەکەی (٨٠) دۆلارە لەوانەیە (٨٠) زۆر بێت نەختێك بۆ کوردستان، چونکە نەوتەکەمان نەختێك قورسترە و نەوتی برنت ئێستا هاتۆتە تەقریبەن (٨٢) دۆلار، عێراق بڕوا ناکەم نەوت بفرۆشێ، هی عێراق تەقریبەن بە (٧٨,٧٥) دۆلارە هی ئێمە نەختێك لەوانەیە کەمتر دەرچێت، بەڵام با بڵێین ئەو ژمارانە وەربگرین کە ئەساس مافی شەریکەکانمان تەرخان کردووە، تەخمین کردووە لێرە و، ناتوانین بەردەوام بین پارەیان بدەینێ ئەگینا ئینتاج ناکەن، ئەوە حەقل بەحەقل دامان ناوە بە پێی عەقدەکان تەخمینم کردووە کە مەجموعی کولی تەقریبەن پێشانماندا بە بەرمیل ئەویشمان کردووە بە دۆلار بە عەینی ژمارە (٨٠) دۆلار بۆ بەرمیلێك، کەواتە ئەو عەمودەی کە دەڵێت (حيسة با الدولار) ئەوە هی شەریکەکانە، ئەگەر ئەو هەوڵە بدەین بەشەریکەکان شتێکە یان وەکو ئەوەی ئێمە موفاوەزاتێکمان کردووە وتوومانە ئێمە ناتوانین (١٠٠٪) یان بدەینێ جارێ سوپاستان دەکەین بۆ سێ، چوار، مانگی ڕابردوو هیوادارین کەمتر ڕازی بین، کەواتە ئێمە تەوەقوع دەکەین ئێستا (٢٥٪)، (٥٠٪) لەلای خۆمان بمێنێتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری موازەنەمان بکات، بەڵام بۆ سێ، چوار، پێنج، مانگی تر تەوەقوع ئەوەیە کە ئێمە (١٠٠٪) مافی خۆیان جێ بە جێ دەکەین، ئینجا ئەگەر (صافي العائدات) وەر بگرین لەوێ (صافي العائدات) ئەو عەمودەی دوای تاریخەکە ئەوە داهاتەکەی ئێمەیە بۆ مانگانە مەسەلەن بۆ ساڵی ٢٠١٤ ئەگەر بە (٨٠) دۆلار حیساب بکەین دوای کولفەی شەریکات (٦٦٠) ملیۆن دۆلارمان پێدەگات، ئەوە موقابیلی ملیارێك و سەد لە موازەنە ئەگەر پێاندا، ئەگەر موازەنەی (٢٠١٤)مان حیساب کرد، ٢٠١٣ کەمترە لەوە بە دۆلار هەژمار دەکەم، بەڵام (صافي العائدات المحمية)شمان هەیە ئەویش وا بزانم نزیکەی (١٥٠,٠٠٠) تا (٢٠٠,٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دەڕوا بۆ ساڵی داهاتوو، بەڵام ئێستا نەختێك کەم کودەکەینەوە لەبەر ئەوە خەڵك پێی ناکرێت تەعویزەکە بدات، ئەگەر ئەوەش بخەینە سەر ئەمە ئەوەی کە موقابیلی موازەنە نەقسمان چەندە (٤٠٠) یان (٤٣٤) ملیۆنە بۆ مانگی پێشوو دەبێتە (٢٨٩) و دەبێتە (١١١)، ئێمە کە گەیشتینە مانگی (١) مانگی (٢) موقابیلی موازەنەی خۆمان داهاتمان دەبێت، ئەوە بە پێی ئەو حیساباتانە، بەڵام ئەگەر هەقیقەتەن لە (١٧٪) بوایە دەبوایە ئێمە لەباتی ملیارێك و (١٠٠) ملیارێك (٧٤٠) مان بۆ بهاتبایە، کەواتە ئەو غەدرە کەباسمان کرد کە بەڕێزتان لە تەقریرەکەش باستان کرد ئێمە تەقریبەن (٦٠٠) تا (٦٤٠) ملیۆن خەسارەت دەکەین مانگانە کە بەغدا لای خۆی دەیهێڵێتەوە، تەبعەن ئەوە موبیعاتە، داهاتە، بەڵام کولفەش هەیە، چونکە ئێمە پارەیەکی زۆرمان وەرگرتووە لە کۆمپانیاکان موقەدیمەن کە نەوتمان فرۆشتووە کە دەبێ لە ئایندەدا نەوتەکەیان بدەینێ ئەوە (المبيعات المصبقة) یە کە نەوتەکە دەفرۆشین داهات نایەت، چونکە پارەمان وەرگرتووە، موعاشی مانگی (٨) و (٩) مان داوە مەسەلەن، بەڵام ئێستا خەریکین پارەی تریش وەردەگرین موقەدیمە ئەو عەمودەیە (المبيعات المستقبلية) ئەو داهاتەیە بە حیسابی ئێمە ئەگەر بە داهات حیسابی بکەین کەنەقد بەدەستە، ئەو صافی نەقدەکە (٩١١) دەبێت بۆ مانگی (١١) دەگاتە (٩٣٩) دەگاتە ملیارێك و (١٠٠) موقابلی موازەنە دەبێت ئەو کاتە، وە لەو ئەو هەموو داهات نەبووە، بەڵام ئەو پارەمان بەدەست دەبێت لەڕێگای موسبەقەن فرۆشتنی نەوت یان قەرزکردن موقابیلی دابین کردنی نەوت موستەقبەلەن، کەواتە

(النقص الشهري) ئەگەر ئێمە سەیری ئەوە بکەین (٢٨٤) بۆ مانگی (١٠)، (١٨٩)، (١٦١)، دوای ئەو نەقسمان دەبێت، یان نامێنێت؟ تەبعەن ئەو هەمووە فەرزدەکات، موقارەنە دەکات بە ملیارێك و (١٠٠) کە موازەنەی (٢٠١٥)ش وابێ کێ دەزانێ؟ نازانم ئەم ژمارەیە دەر دەچێت یان کەمتر دەر دەچێت؟ ئەوە شتێکی ترە، کە بەو شێوەیە بەردەوام بین بۆ کۆتایی (النقص) یان (الفائز المتراکین) بۆ کۆتایی ساڵی (٢٠١٥) ئێمە موقابیل ئەو موازەنە ئەو تەرخانی کردووە نە ئەوەی موستەهەقین، ئێمە تەقریبەن دوو ملیار و (٨٠٠) یان سێ ملیار ئیزافەمان بۆ دێت، کە دەمان گەیەنێتەوە تەقریبەن (١٤٪) و (١٥٪) نەك (١٧٪) هەقیقی، بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٦) من موتەئەکیدم لە (١٧٪) تێدەپەڕێت ئەوەش دەست کەوتێکی گەورەیە بۆ موفاوەزات بەدەست ئێمەیە، بەڕێزان ئەو پڕۆژەیەی کە کردوومانە ئێمە لە مانگی (٥) دا دەستی پێکرد بۆ (higy plane) حیسابێکمان کردۆتەوە بەناوی هەرێمەوە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، جێگری بەڕێز وەزیری دارایی هەموومان وەکو (skin series) ئیتیفاقمان کردووە لە گەڵ بانکەکان، ئەو نەوتەی کەفرۆشتوومانە تا ئێستا (٦٦٥) ملیۆن دۆلار چۆتە (halk bank) لە ئەنقەرە لەگەڵ (٣٣) ملیۆن یۆرو، ئەوەی کە تەحویل کرایەوە بۆ حیسابی وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان لەڕێگای وەزارەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی (٦١٦) ملیۆن دۆلارە کە گەیشتۆتە کوردستان وەکو جەنابی سەرۆکی حکومەتیش ئاماژەی پێدا، ئێمە هیچ ئیتیفاقێکمان نییە فەقەت لە (١٧٪) مان بێت هەموو داهات لەژێر دەستی خۆماندایە دەتوانین هەمووی بەکاربێنین، ئێمە یەك شتمان بڕیارداوە ئیتیفاقمان کردووە لەگەڵ (تورکیا) (٥٪) دەستکاری ناکەین لەبەر ئەوەی (U.N) بەرامبەر بە (کویت)، وتوومانە ئەوە حیسابێکی تایبەت بە جێی دەهێڵین، بەڵام باقیەکەی ماڧ خۆمانە صەرفی دەکەین بۆ کولفە یان بۆ داهاتی خۆمان بێتەوە کوردستان تەصەروف لای حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ تەدەخول نە لە حکومەتی (تورکی) نە لە بانك لەسەر ئەم پرۆسەیە، کەواتە وەکو دەبینین لە (٦١٦) کە (٦٥) هاتۆتە کوردستان زۆربەی پۆرۆەکەش هاتۆتە کوردستان، تەبعەن ئەوە بەشێك لە داهاتەکەیە بەشی پارەی موقەدیمەکەیە وەرمان گرتبوو کە (٤٦٥) ملیۆنە ئەوە بە موباشر هاتۆتە بۆ بانکی کوردستان لەلایەن ئەوانەی کە دابینیان کردووە نەچۆتە پرۆسەکەی (halk bank) ئێمە بڕیارماندا کە بە موباشر بۆمان بێت، چونکە ئەوانە موقەدیمەن پارەیاندا و حەزیان کرد موباشر پارەکەمان بدەنەوە ئەوە لە ڕێگای (ئەڵمانیا)وە هاتووە، کە شەریکەی با بڵێین بانکێکە کە حیسابی هەیە چۆتە ئەوێ و لەوێ ئۆتۆماتیکییەن تەحویلی حیسابی وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکانی کردووە لەوێشەوە لە پرۆسەی دابین کردنی موازەنە، بودجە بۆ فەرمانبەران، وەزیری دارایی توانیویەتی زۆربەی بەکاربێنێت، ئەوە ئەو پرۆسەیەیە لەو تاریخانەی کە وەرگیراوە لە حیسابی بانکەکە کە حیسابی (١٠٧٢) هی دۆلاری ئێمەیە لە هەولێر ئەوە وەرگیراوە، ئەو نەوتەش کە فرۆشتوومانە وتم بەشێکی چووتە ( halk bank) کە (٦٦٥) ملیۆن دۆلار بۆ بەشێکی تریش لە ڕێگای پرۆسەی تانکەرەکانەوە بووە، دێمە سەرئەوە کە (٢٥٥) ملیۆنە کە صافی عائیدات بووە ئیزافەتەن لە موشتەقاتی ئەونەوتەی کە کڕیومانە هەموومان صەرف نەکردووە بۆ مووشتەقات (٢٥٠) کاشیشی هەبووە، ئەو کاشەش بە ئۆتۆماتیکییەن هاتۆتە حیسابی

(K.R.B)ی وەزارەت لە کوردستان و، هەروەها ئەو نەوتەی کە فرۆشتوومانە ماعەدا ئەو پارەیەی کە چۆتە (halk bank) تەقریبەن ملیارێك و (٧٩٧)، یەعنی تەقریبەن سێ بەشی لەوێش موباشر هاتۆتەوە بۆ حیسابی وەزارەت لە هەولێر نەك لە ڕێگای (halk bank) کەوە، ئەوە بڕیاری خۆمان بووە و ئیتیفاقێك بووە لەگەڵ (halk bank) و ئیتیفاقێك بووە لەگەڵ کۆمپانیاکان کە دابینیان کردووە ئاسانتربوو بۆ ئەوان موباشیر پارە بنێرین بۆ کوردستان و زۆتر دەگەیشتە ئێرە لەبەر ئەوە ئێمە پەرلەمان بووە لەبەر ئەوە ئەو پرۆسەیە وابووە، کەواتە حەسری نییە بۆ ئێمە بەتەواوی هەر دەبێت بچینە ( halk bank)، مەجالمان هەیە موباشیر لێرە وەردەگرین لەوێیەوە بۆمان بێت ئەوە مافی خۆمانە و بەکارمان هێناوە، کەواتە مولەخەسی پارەکە ئێمە تەقریبەن (٢١) ملیۆن بەرمیل نەوتمان فرۆشتووە بە جیهان بە بۆڕییەوە ڕۆیشتووە، نزیکەی (١٢) ملیۆنیش لە حەقڵی تەق تەق و، شێخان، ناردووە بە تانکەر ئەوەش چۆتە (میناء مێرسین) بۆ تەبادولی موشتەقات مەبدەئییەن، بەڵام لەو پرۆسەیەدا (٢٥٥) ملیۆنیشمان بۆ گەڕاوەتەوە کە داهاتی ئەو دوو پرۆسەیە تەقریبەن دوو ملیار و (٨٨٦) ملیۆن دۆلار بووە، ئەو پارەیەش چۆن بەکارهێنراوە؟ تەبادولی موشتەقات (٧٠٨,٠٠٠) تەن موشتەقاتمان کڕیوە زۆربەی گازوایل و، بەنزین و، کە دەگاتە ملیارێك (لیتر)، کە کولفەکەی (٧٧٤) ملیۆن دۆلارە کولفەی نەقڵیشی بێتە سەر تەرقیبەن (٢٨٨) ملیۆن دۆلار بووە ئەوەش دەگاتە تەقریبەن ملیارێك، ئەمە بەشێك لەوەیە کە ماعەدا لە پرۆسەی مەصفاکانی داخڵی کە باسم کرد گازوایلەکە دەکڕین و دەیبەین بۆ کارەبا، ئەمەش تەکمیلەکەیەتی کە پێویستمان بووە بۆ ئەوەی یان بەنزین یان نەوتی سپی حالییەن دەکڕین و گازوایل ئیزافە دەهێنین بۆ هاووڵاتیان، کەواتە نەقدەکە ئەوەی کە ماوەتەوە دوو ملیار و (١٠٠) ملیۆن بووە لەو پارەیەش ئێمە کولفەی (٤٠٠) ملیۆنمان بووە بە موستەهەقاتی موقاولین ئەوەی کە مونتیجن لەگەڵ ناقیلەکە کە باسم کرد، کە (صافي العائدات) بۆ هەرێم ملیارێك و (٧٠٠,٠٠٠) بووە لە هەمان کاتدا ئێمە (٧٠٠,٠٠٠)ی ئیزافیشمان قەرز کردووە، نەك قەرز پارەمان وەرگرتووە موقابیل دابین کردنی نەوت موستەقبەلەن، کەواتە تەقریبەن دوو ملیار و نیو داهاتمان بۆ هاتووە لەم پرۆسەیەی (تورکیا)وە کە بەکارهێنراوە بۆ دابین کردنی مووچە بۆ فەرمانبەران، تەبعەن هەر ئەوە نەبووە پرۆسەکە ئێمە لە داهاتی ناوخۆ بەتایبەتی قەرز لە کۆمپانیاکانی ئەوانەی کە تاجرن تەقریبەن ملیار و نیوێکمان قەرز کردووە وەعدمان داوە موشتەقاتمان هەبێت بیدەینێ یان نەوت دەنێرینە دەرەوە یان نەوتیان دەدەینێ لە ناوخۆ ئەوە هێشتا ماوە لەلای ئێمە ئەمەش تەقریبەن دەگاتە چوار ملیار و، ئیزافەتەن لەوەش ئەو گازوایلەی کە بۆمان دێت لە ناوخۆ کڕیومانە لەو کۆمپانیانە کە قیمەتی تەقریبەن ملیارێك دۆلارە، ئێمە عادەتەن دەمان کڕی پارەکەمان دەدا ئەم ساڵ پارەمان نەداوە ئەویش بوو بە قەرز لەسەرمان، وەعدمان داوە دوایی پارەیان دەدەینێ، کەواتە ئەو داهاتەی لەباتی ئەوەی سەرفی کەین لە کڕینی سووتەمەنییەکە، ئەویشمان خستۆتە خەزینەوە بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی پێبدرێ، کەواتە داهاتی وەزارەتەکەمان (٥) ملیار بووە و توانیومانە بەشانازییەوە دەڵێم، چونکە ئێمە لەصفرەوە دەستمان پێکرد و بەپەلە دەستمان پێکرد، چونکە موفاجەئە بوو کە موازەنەکەمان بڕا یەکسەر

چووینە پرۆسەکە و دەستمان کرد بە تەصدیر و سەرەتا بە (٥٠,٠٠٠)مان دەست پێکرد و ئینجا گەیشتۆتە (٣٠٠,٠٠٠)، بەڵام بەرە و باشی دەڕوات بۆ ساڵی داهاتوو (انشاء الله)، لەو توانایەوە لەگەڵ چەند داهاتێکی ناوخۆ کە (١٠٠) ملیۆن و (٢٠٠) ملیۆن لە بابەتەکانی تر توانیومانە مافی فەرمانبەران بدەین، کەواتە خۆمان نەشکاند بەرامبەر (بەغدا) توانیمان دیفاعێك بکەین، بەڵام ئێستا ئاسانتر بووە دەتوانین بەڕێوەی ببەین ئەگەر ئیتفاقمان نەکرد لەگەڵ (بەغدا)، بەڵام (انشاء الله) ئیتفاق دەکەین نەك لەسەر تەنازولی مافەکانی خۆمان، بەڵام ئەوانیش پرۆسەکە ببینن کە ئەمە هەقی خۆمانە لە (١٧٪) هەقی خۆمانە نەوت بفرۆشین بەشەفافیەت بەڵێ، من نامەوێت سەرتان بێشێنم، بەڵام چەند تەفاصیل هەیە (للتصدیر والشحن، عدد من الجهات) ئەمە لە عەمودی یەکەم ناوی باخیرەکانە لەو تاریخەی کە بار کراوە لەوێ تەفصیلی دەوێ کە چەند بەرمیل هەر جار بارکراوە بەینی (٥٠٠,٠٠٠) تا ملیۆنێك تا (٣٠٠,٠٠٠)، چونکە باخیرەکان جیاوازن هەیە بچووکە، هەیە وەسەتە، هەیە گەورەیە تەقریبەن لە (١٥) باخیرەش دەبێت و (١٥) تریش تەقریبەن (٣٠) باخیرە ڕۆیشتووە، بەڵام بە ئیجمالیەکەی (٢١) ملیۆن بەرمیلی نەوت بووە، باشە نەوت چۆن دەفرۆشرێت؟ نەوت دەفرۆشرێت لە بازاڕ عەقد ئیشارەت دەدات بە مەراجیع و موئەشەرات پێی دەڵێن (Index)، (Index) ئەوانەی کە سۆمۆ بەکاری دێنێ، ئێمە بەکاری دێنن، خەڵکی تر بەکاری دێنن، دەڵێن (west texas enter mediate)جۆرێکی نەوتە وەکو باسکێتێکە مواصەفاتێکی تایبەتی هەیە، نەوعێکی تر هەیە کە دەڵێن (A.S.C.I ) ئەوەش میعیارێکی ترە کە تەخمینی سیعر دەکات، یەعنی سیعر چۆن حیساب دەکرێت؟، سێیەم: نەوتێکی خەفیف هەیە کە پێی دەڵێن (Brent) خۆی (Brent) حەقلێکە لە (بریتانیا) هەر جۆرە نەوتێك هەبێت وەکو میعیارێکی دورست کردووە پێی دەڵێن (brent)، دووەم ئەوە دەکەی بە میعیار دەڵێی سیعری ئەو میعیارە چەندە، میعیارەکە هەڵدەبژێری من (discount) یان ئیزافە لە تۆ وەردەگرم، تەبعەن بە نیسبەت ئێمە ئەوە (discount)، چونکە کوالێتی ئێمە خراپترە بەتایبەتی کبریتمان زۆرە نزیکەی (٠٢,٨) تا (٣) یە، کەواتە تۆ ئەو بەرمیلەی کە دەفرۆشی (٣٪) هەر نەوت نییە دەبێت ئەوە حیسابی بۆ بکرێت، ئەوەش کە نەوتەکە جیادەکاتەوە لە کبریتەکە کولفەی هەیە دەبێت ئەو کولفەشی نەختێك هاوکاری بکەیت، میعیار دادەنێ کە مواصەفاتەکە چۆنە و ئەگەر هاتو لە کاتی بارکردندا مواصەفاتەکە نەگونجا لەگەڵ عەقدەکە دەبێت ئەوەش تەعدیل بکەی سیعرەکەی بێنیتە خوار یان بەرزی بکەی ئەوە پرۆسەی بابڵێن عەقدە، فەترەی زەمەنی بۆ تەسبیتی سیعر، سیعر ئەوە نییە کە باری کردو بڵێی سیعرەکە ئەوەندەیە، نە پرۆسە هەیە دەڵێت لەکام ڕۆژەوە دەست پێدەکات ئەو ڕۆژە بارم کردووە یان ئەو ڕۆژە کەتەسلیمی دەکەی بە نیسبەت ئێمەوە تەسلیم کردنە، چونکە هیچ موقاولێك نەهاتووە باخیرەی خۆی بێنێت، ئێمە باخیرەکانمان ئیجار کردووە، کەواتە مولکیەتی نەوتەکە بەدەست هەرێمە، داوای لێ بووردن دەکەم، نەختێك وەختی ترم هەیە، چونکە ئەم پرۆسەیە هیوادارم کە شێوازێکی ئیزافە بدەم، کەواتە ئێمە تا وەکو نەوتەکە نە گەیەنینە (destination)، یەعنی (المکان المقصود) مولکیەتی ئێمەیە ئەو حیسابی بۆ ناکات لای ئەوە کە گەیشتە شوێنەکە دەڵێت باشە گەیشت، کاتێك

گەیشتینە ئیتیفاق خۆی نەوت وا دەفرۆشرێت چۆن سیعر حیساب دەکەی؟ ئەو ڕۆژە نییە دەڵێی دوای (١٥) ڕۆژ موعەدەل پێش (١٥) ڕۆژ موعەدەل یان هەردووکیان، ئیتیفاق هەیە لەسەر فەترەیەك پێش گەیاندنی کاروانەکە عادەتەن دوو مانگ پێشەوە، دوو مانگ پاشەوە یان (٣٠) ڕۆژ (٣٠) ڕۆژە یان (١٥) (١٥) ئیتیفاق دەکەین، ئەوەی کە دەکرێت مافی خۆیەتی فەترەیەك لەوە کە دوو هەفتە بێ یان هەفتەیەك بێت هەڵبژێرێ بۆ حیساب کردنی کولفەکە، ئەوە بۆ ئاگاداریتان ئاوا حیساب دەکرێت، بەداخەوە بەنیسبەت ئێمەوە، چونکە زۆربەی پرۆسەکەمان لە (٨، ٩، ١٠) یەوە دەستی پێکرد زۆربەی نەوتەکەمان کەوتۆتە مانگی (١١، ١٢) کە سیعر دابەزی، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو وەربگرن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەفرۆشین ئەگەر سیعر بەرزبێتەوە پارەی زۆرتر وەردەگرین لە سیعرەکەی حالی، پرۆسەی فرۆشتنی نەوت وایە، بۆچی وایە؟، چونکە تۆ باخیرەکە تا نەگاتە مەصفایەکی بە ئیش ئەو سوودی لێ وەر ناگرێت، دەڵێت من کڕیومە بە (١٠٠) دۆلار، بەڵام ئێستا سیعر (٨٠) دۆلارە و دەبێت موشتەقات کەمتر بفرۆشم، لەبەر ئەوە هەردوو لا دەپارێزێت ئەوەی کە دەفرۆشرێت و ئەوەی دەکڕێت، کەس نایەوێت موجازەفە بە سیعر بکات، بەڕێزان ئەمە وەکو موقارەنە ئەو میعیارانە مەسەلەن ئەوە موقارەنەی (برنت)ە لەگەڵ (W.T.I) بۆ شەش، حەوت ساڵ تەقریبەن عەینی شت دۆلارێك ئەولا دوولارێك ئەولا، دوو ساڵی ڕابردوو کرایەوە بۆ (supply demande)، بەشێك لە مەصفاکان مەصفای برنت تازە دورست بووە، کەمە لە بازاڕ، ئامادەیە پارەی ئیزافە بدات بەشێکی بە نەوتی قورس ئیش دەکات یان نەوتی (متوسط) کەمییەکە زۆرە ئەوە دەبێت دایبەزێنێ، مەسەلەن بۆ ئەم ساڵ موقارەنەی ئەو سێ میعیارەوە بووە وەکو دەبینین لە کۆتایی ساڵ تەقریبەن نزیك بوونەوە ئێمە لە مانگی (٦،٥) دەستمان پێکرد ئەو وەختە مەعایرەکان نزیك بوون بۆ ئێستا تەقریبەن بۆ چەند دۆلارێکی کەم دوو، سێ، دۆلارێکیان فەرقە، ئەو نەوتەی کە فرۆشتوومانە لە ڕێگای شاحیناتەوە ئێستا من بە پەلە پێوە دەچم، ناوی موشتەریەکە نە نووسراوە، داوای لێ بووردن دەکەم بە پێی عەقد بۆمان نییە باسی بکەین، یەعنی تووشی مەشاکلی قانونیمان دەکات، بەڵام تاریخ لەوێیە موشتەریمان هەیە ئەگەر کەسێك دەیەوێت بزانێت چەند تەن بووە؟ بەچەند فرۆشراوە؟ عائیداتەکەی چەند بووە؟ عەینی شت نەوتی تەق تەق بە چەند فرۆشراوە،؟ ئەمە ئەوەی شاحیناتەکانە، تەفاصیل هەموویە قائیمەی شاحینات هەمووی لەوێ دامان ناوە، ئەمە بۆ تەبادولی موشتەقات کردوومانە بەشێك لەو داهاتە یان ئەو نەوتە بەرامبەر قیمەتەکە بەرامبەر موشتەقات کراوە، کەواتە ئێمە تەقریبەن ئەو تاریخانە لەو شەریکانە ئەم موشتەقاتەمان کڕیوە مەسەلەن لەم شەریکانە (جێت فێڵت)مان کڕیوە، (جێت فێڵت) خۆی نەوتی سپی یە بۆ نەوتی سپی کڕیومانە، ئەمە هی گازوایلە کە دیزلی پێ دەڵێن کڕیومانە بۆ (محطات)ی کارەبا، کەوەکو دەبینین کولفەی کولی تەقریبەن (٢٤٤) ملیۆنە، هی ئەوی تر (١٣٩) ملیۆن بووە، هی بەنزین (٦٠) ملیۆن بووە لەو فەترەیە ئیزافەتەن لەوە (صافي العائدات) (٢٥٥) ملیۆنمان بۆ هاتۆتەوە وەکو باسم کرد، تەبعەن ئەوە تەبادولی موشتەقاتەکانە، لە کۆتاییدا سوپاستان دەکەم، ئەگەر روخسەتم بدەیێ بە دوو کەلیمە کۆتایی پێدێنم، وادیارە روونە بۆ هەموومان وەکو جەنابی سەرۆکی حکومەت باسی

کرد کە کێشەی ئێمە لە دەستوورەوە دەستی پێکردووە، بەڵام بەراستی لە پاڵاوتنەوە بۆ بە ماڵ لەسەرمان و دەبێت ئیزافەتەن لەوانەی کە باسمان کرد (١٧٪) حەقیقی و (٪) (تلقائیا) موازەنەمان بێت و مافی فرۆشتنمان هەبێت دەبێت لەبیرمان نەچێتەوە ئێمە (٢٠/١٧٪) موفاوەزاتمان هەبێت بۆ بەکارهێنانی نەوت بۆ ناوخۆ موقابیل بیزەبت ئەوەی کە عێراق دەینارد، ئەگینا هەر ئەو وەختە دەبێتەوە ماڵ لە سەرمان، موازەنەمان پێی دەبڕێت دووبارە، دەبێت ئیعتیراف بەوە بکات کە ئێمە مافی خۆمانە ئەو نیسبەیە بەکار بێنین ئەوە ئیزافەیەکە کە وابزانم ئیشارەتم پێنەدابوو، تەبعەن پێویستە ڕێك بکەوین لەسەر ئەو کەمو کوڕیەی ساڵانی پێشوو هیوادارم، بەڵام با ئەمساڵ تەواو بکەین، یەك شتی تر ئیشارەتم پێنەداوە مافی شەریکاتی نەوت نابێت لە حیسەی (١٧٪) بێت و لە (٢٠١٤) موازەنە لەبەر ئەوە (١١،٨)، (١١،٥)، چونکە (٣) ترلیۆنی دانابۆ بۆ شەریکەکانی نەوت ئەگەر ئەوە لابدەیت (١٠،٣)، (١٠،٤)، ئینجا ئەگەر ئەوە ئیزافەبکەی ئێستا دایناوە بۆ دیفاع ئەویش بکەوێتە سەر لە (١٠) کەم دەبێتەوە نەك زیاد دەبێت ئەوە شتێکی ترە، من پێشنیارێکی ترم هەیە لەوانەیە هەموو کێشەکان حەل بکات ئەگەر (بەغدا) ئامادەبێت لەگەڵ ئێمە ئیتیفاق بکات، با ئیتیفاق نەکەین لەسەر موازەنە، با ئیتیفاق نەکەین لەسەر پارە، با ئیتیفاق بکەین لەسەر (١٧٪)ی نەوت لە بەرمیلەکانەوە، ئێمە چی پێدەکەین لە مەصفا بەکاری دێنین، دەیفرۆشین، دەیخوین، بە بەلاش تەوزیعی دەکەین، دەیرژێنین، بە بەلاش دەیدەین بە تورکیا وەکو خەڵك باسی دەکات، ئەوە هەقی خۆمانە ئێمە بەرپرسین بەرامبەر بە پەرلەمانی خۆمان، موازەنەی خۆمان بەرێگای ئەو بەرمیلانەوە دادەنێین لە داهاتی ناوخۆ و تەصدیر، با عێراق (٨٣) یەکەی خۆی چی پێدەکات بیکات هەق و حیساب دەکەین جار و بار، بەڵام سوودی ئەوە چییە؟ کێشەی مەصفا حەل دەبێت؟ کێشەی ناوخۆ حەل دەبێت؟ کێشەی پێشمەرگە حەل دەبێت؟، چونکە کێشەی سیادی و دەسەڵات هەمووی حەل دەبێت، ئێمە ئەگەر حەلێکی باشتر و عەدالەت و ئاسانی بتوانێت حیساب بکەین چەند بەرمیل ئینتاجە لە موازەنە دادەنێین؟ کوردستان تۆ هەقت ئەوەیە ئەوەندە تەصدیر بکەی، ئەگەر نیتە من ئەوە تەکمیلەی پارەت بۆت دەنێرم تا دەبێت، ئەگەر هاتو لە (١٧٪) تەجاوزت کرد یان وەکو هەر ژمارەیەك کە ئیتیفاقی لەسەر دەکەین دەڵێ ئەو وەختە دەبێت باقییەکەی بنێری بۆ نیسبەت (٨٣) لە بەغدا، لەوانەیە بۆ (٢٠١٦) ئینتاجی ئێمە (٢٠٪) بێت، باشە، بە عەدالەت تەوزیع دەکەین، موشکیلەمان نییە، من وتم بۆ بیر کردنەوە لەوانەیە موشکیلەکەمان نەختێك ئاسانتر بێت بەتایبەتی کە عێراق ئێستا دەبینێت ئێمە توانای تەصدیرمان بۆ ساڵی داهاتوو وەکو دەڵێین بە (تحصیل حاصل) موازەنەی خۆمان لەوانەیە بتوانین دابین بکەین، (انشاء الله) دەتوانین ئەو وەختە ئەو زەغتەی کە لەسەر ئێمەیە بۆ موازەنە و بڕین و ئەوە سەرناکەوێت ئەم ساڵیش و ساڵێکی تر، هەروەها کارتێکی تر بەدەستمانەوەیە کە جەنابی سەرۆکی حکومەت ئیشارەتی پێدا (٣٠٠،٠٠٠) بەرمیل نەوت راوەستاوە لەوێ بەبێ تەعاونی ئێمە ناڕواتە دەرەوە، ئەوە ئێمە دەتوانین ئێستا بەکار بێنین وابزانم ئێستا هینەکە گۆڕا، خەتە سۆرەکان لەم لاون نەك لەولاوە، (انشاء الله) دەتوانین لە موفاوەزاتدا

سوودی لێ وەربگرین و، دووبارە وابزانم ئەمە گونجاوە لەگەڵ پێشنیارەکانی بەڕێزتان و هەر تەکمیلەی دەکات، ئەگینا من بڕواناکەم ئیزافە بچێتە سەری و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سرۆشتییەکان، ئێستا دەرگای گفتو گۆ دەکەینەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان لێرە تۆمار کراوە لە هەردوو لیژنەکە ناویان دەخوێنینەوە بۆ گفتو گۆ کردن، بەڕێز کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئێمە ئەم جۆرە دانیشتن و گفتو گۆیانە بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانین بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، بەمەرجێك ئەم گفتو گۆیانە مونتیج بێت، سوود لە سەرنج و پێشنیاری پەرلەمانتارەکان وەربگیرێت کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن، ئەمەی کە لێرە بەندە بەیانێکە بە هاوکاری هەموو هاوڕێیانم لە فراکسیۆنی گۆڕان کە ئێمە نوێنەرایەتی ئەو فراکسیۆنە دەکەین و لەهەمان کاتدا ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان ڕەسمی سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین، بۆیە لێرە بە ڕاشکاوی سەرنجەکانی خۆمان، رەخنەکانی خۆمان، پشتیوانییەکانی خۆمان، لە کوێی سیاسەتی نەوتدایە؟ روون دەکەینەوە، ئێمە چۆن دەتوانین پشتیوانی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین؟، بۆیە چی رەخنەکان بێت کە رەخنەی جدی و بنیاتنەرن چی سەرنج و پێشنیارەکان بێت هەمووی لەم چوار چێوەیەدا ڕووندەکەمەوە، سەرەتا من دڵنیام بەڕێزتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوردی ئەگەر ئەم بەیاناتانەی وەزارەتی مالییەی عێراقیان خوێندبێتەوە زۆر باش دڵنیا دەبن لەوەی کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا پارە نییە حکومەتی عێراق بیدات بە کوردستان، ڕەنگە پارە هەبێت، بەڵام ئەوەی ئەو خۆی جێگیری کردووە بەتایبەتی لە چوار مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ دا (٢١) ترلیۆن دیناری داناوە خەرجی بکات، هیچ بڕە پارەیەك نییە بیدات بە هەرێمی کوردستان، ئەمە دەبێت لامان وازح بێت، واتە ئێستا ئیحتیمالە هەرا گەورەکە ئەوەیە کە پارە نەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان ئێستا لە قۆناغێکی گرنگدایە و پێویستی بە بڕیارێکی دیراسە کراو هەیە، پاش ورد بوونەوە لە سیاسەتی حکومەتی عێراق ئێمە پێمان وایە تا ڕادەیەکیش بەرچاو ڕوونی بەوەی کە حکومەتی عێراق هیچ ئامادەکارییەکی ئەوتۆی نییە بۆ ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، تەنانەت لەو پارەش کە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی لەم ساڵدا وەکو بەیاناتی مالی لە پەرلەمانی عێراق لە ئایندەدا پەسەند بکرێت هیچ بڕێك تەرخان نەکراوە، ئەگەر ئەمە لە پەرلەمانی عێراقدا پەسەند بکرێت واتە بە قانون دیاری دەکرێت کەنابێت لە ٢٠١٤ دا پارە بدرێت بە هەرێمی کوردستان، ئەمە دەبێت بەرچاومان ڕوون بێت، ئەگەر پرۆژە بودجەی ٢٠١٤ عێراق ببینین کە ٢٠١٠ ، ٢٠١١ ، ٢٠١٢ ، ٢٠١٣ وە ڕەنگە ٢٠١٥ و، (٢٠١٦) ش هەمان شت تێدا دووبارە ببێتەوە، تەنیا ڕەقەمەکان دەگۆڕێت، ئێمە تێدەگەین لە سیاسەتی مالی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، بەڕێزان: دڵنیابن لەوەی کە ئەگەر ئەو پرۆژەی ئێستا لە ٢٠١٤ دانراوە ئەگەر پەسەند بکرێت کە پەسەند ناکرێت، بەڵام ڕەنگە ساڵی (٢٠١٥) هەمان شت بێت پەسەند بکرێت،

بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە یاسایی دەکرێت، واتە تۆ ناڵێیت بەغدا غەدری لێ کردووم، چونکە بە پێی کۆمەڵێك ماددە بۆ نموونە دەبێت هەرێمی کوردستان (٤٠٠،٠٠٠) بەرمیل نەوت لەڕێگای شەریکەی سۆمۆ وە بنێرێت، چونکە ئەوە لە ماددەیەکدا حەصری کردووە لەڕێگای شەریکەی سۆمۆ وە بینێرێت ئەگەر نەی نارد بە ئەندازەیەکەوە لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لێ دەدرێت بەشی هەرێم ببڕدرێت، لە ماددەیەکی دیکەدا دەڵێن پێویستە هەرێمی کوردستان لە (١٧٪) خۆی ئیستیحقاقی کۆمپانیاکان بدات ئەگەر ئەمەش (٢) ملیار دۆلار یان (٣) ملیار دۆلار بۆ ئەوە (١٤) ملیار دۆلار ڕۆیشت، لێرە (٢) ملیار دۆلاریش دەڕوات، ئەمە لەوەی کە لە ڕابردوودا بۆ ئێستا ئەوەی بابەتی داهاتی خاڵە سنوورییەکان ئەگەر ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکات کە لە (٢٠٠٣)یەوە بۆ ئێستا تەحقیقات بکرێت ئەگەر ئێمە پارەمان کەوتۆتە لای ئەویش وەرگرێتەوە ئەمە کێشەی فەزا لە لایەکی ترەوە گرفتێکە کە تەنیا کێبلاتی ئەنتەرنێت و موبایل نییە، بەڵکو کۆنترۆل کردنی فڕۆکەشە ئەم کێشەمان بینی لە ئەگەری هاتنی چەك بۆ هەرێمی کوردستان کە ڕێگایان نەدا، واتە ئێمە ئێستا لە هیچ شتێکدا لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا کۆك نین لەو پێنج گرفتە سەرەکییەی کە هەمانە ماددەی (١٤٠) کە ئەوان دەڵێن بە تەوافوق بێت، پێشمەرگە کە ئەوان دەڵێن بە پێی دەستوور هەموو ساڵێك لە پڕۆژە یاسای بودجەدا دەڵێت حکومەتی عێراق ئیستیعدادی هەیە بەڕێکەوتنێك لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پارەی پێشمەرگە بدات بە مەرجێك لە گەڵ دەستووردا بگونجێت، موبەریرەکەی ئەوەیە لە گەڵ دەستووردا نا گونجێت، واتە ئێمە خۆمان بەوە خەریك نەکەین و ماددەیەك نییە کە حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بینێرێت، سەرباری ئەمەش ئێمە پێمان وایە وەکو دوایەمین نیاز پاکی ئەگەر دەرفەتێك بۆ دانوستاندن ماوە کە هیوادارم سەرۆکی حکومەت دواتر ڕوونی بکاتەوە ئایا دەرفەت بۆ دانوستاندن ماوە یان نەماوە؟ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیەکی تەواوی هەبێت بۆ ئەوەی دانوستاندنەکانی تێدا بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەکات بە خەرجییەکانی پێشمەرگەشەوە، ئێمە داوا دەکەین ئێوە ئەگەر دەڕۆن و دانوستاندن دەکەن، داوای بەشە بۆدجەی هەرێمی کوردستان بکەن بە خەرجییەکانی پێشمەرگەو تەواوی ئەو مافانەی هەرێمی کوردستان کە لە ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکەدا هاتووە، لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی تەواوی تێدا بێت و دڵنیایی بداتە حکومەتی عێراقی، کە ئاگاداریان دەکاتەوە لە کۆی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ ئۆمێد بوو لەوەی کە حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت ئەوا پێویستە گرەنتی تەواو بداتە خەڵکی هەرێمی کوردستان کە بە پشت بەستن بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان و داهاتی ناوخۆ دەتوانرێت مووچە و خەرجی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان داوا دەکەین و لێرەشەوە تەئکید دەکەینەوە بۆ ئەوەی بەڵێنێکی دەقیقمان بدەنێ، ئەمە یەکێکە لەو مەرجانەی یا خۆد یەکێکە لەو داوانەی یا خۆد یەکێکە لەو خواستانەی کە ئێمە هەمانە لە فراکسیۆنی گۆڕان کە تەمسیلی سیاسەتی بزووتنەوەی

گۆڕان دەکەین لە پەرلەماندا، وادەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەوەی دوایەمین سەرنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر سندوقی داهاتی نەوت، کۆمپانیای کوردستان بۆ بازاڕ کردنی نەوت، کە ئێمە پێمان وایە لەم مەرحەلەدا پێش کۆمپانیای کوردستانە بۆ دۆزینەوە و گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت وادەیەکی دیاری کراومان بدەنێ، دوایەمین سەرنج تەنیا ئەمە نە قانونەکەش بە زووترین کات لە پەرلەمان تەشکیل بکرێت و لە زووترین کاتیشدا ئەنجومەنی هەم سندوق و هەم کۆمپانیاکە پێك بێت، من بەڕێز سەرۆکی حکومەت و سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان دڵنیا دەکەمەوە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان کاتێك کە زانیان ئەو نەوتەی کە بەرهەم دێت کۆی پارەکە بەکار دەهێنرێت بۆ دابین کردنی مووچە، ڕێگاو بان، شەقام، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، هاوڵاتیان نەك رەخنە لە پرۆسەی نەوت ناگرن، بەڵکو ئامادەن خوێنی خۆشیان لە پێناویدا بەخت بکەن، ئێمە پێمان وایە بەدورست کردنی ئەم دوو دامەزراوەیە کۆمپانیایەکمان هەبێت پەرلەمان متمانەی پێبدا بە ئەندامەکانی ئەمانە نەوتی کوردستان دەفرۆشن، پارەکەی دێتە سندوقێکەوە کە پەرلەمان متمانەی بە ئەندامەکانی داوە، ئەمانە بەیاناتی مانگانەیان دەبێت یا خۆد هەفتانەیان دەبێت، بە خەڵکی کوردستان دەڵێن چەند نەوت  فرۆشراو، چەندی بەرهەم هاتووە، چەندی گازوایل و بەنزین فرۆشراوە، ئەمە پشتیوانییەکی بەهێزە من پێموایە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بۆ ئەمە ببات هیچ لایەنێك یا خۆد هیچ کەسێك نا مێنێتەوە دژایەتی سیاسەتی نەوت بکات، بەڵام ئێمە لێرەوە بەڕێزتان دڵنیا دەکەینەوە لەوەی کە لە ئەگەری دورست نەکردنی بەتایبەتی سندوق و کۆمپانیای ناوبراو کە وتم و، دواتر هەردوو کۆمپانیاکەی تر کە ئەمە داواکاریەکی زیاد نییە داواکاریەکە لە چوار چێوەی یاسای نەوت و غازی ساڵی ٢٠٠٧ دا هاتووە جێ بە جێ نەکرێت زۆر قورسە بتوانرێت پشتیوانی سیاسەتی نەوتی بکرێت، ئەمە بۆ ئەوەی لای بەڕێزتان روون بێت، بۆیە داواتان لێ دەکەین ئەمڕۆ پێمان بڵێن کەی دەتانەوێت ئەم سندوق و کۆمپانیایە دورست بکەن بەراستی دەتانەوێت یاسای نەوت و غاز جێ بەجێ بکەن و ئەو پرسە ببێتەوە بە دامەزراوەیی؟، خاڵێکی تر کە من لە ڕەقەمەکانی بەڕێز دکتۆر (ئاشتی) کە بەیانی کرد لەسەر ئاستی بڕی بەرهەمی نەوت و لەگەڵ ئەم راپۆرتەی بەڕێزیان کە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ رادەستی ئێمەی کرد هەندێك تەناقوزات هەیە، ئایا کامەیان راستن و بۆچی ئەمە ڕوویداوە؟ بۆ نموونە ئەگەر ئەوەی کە لە بەردەستی مندایەو لە حکومەتم وەرگرتووە، ئێمە دەبوو لە مانگی ئوکتۆبەردا داهاتی نەوتمان ملیارێك و (١٢) ملیۆن دۆلار بێت، ئاستی بەرهەم هێنانیش دیاری کراوە، سەرباری ئەمە ئیستیحقاقاتی دانەوەی تێچووی کۆمپانیاکان (٤١٠) ملیۆن و بەشی بەڵێندەر (١٥٨) ملیۆنە دیاری کراوە، ئینجا ملیارێك و (١٢) ملیۆن دۆلار داهاتمان هەبوو، چونکە ملیارێك و (١٢) ملیۆن دۆلار دەتوانرێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکات و هەم خەرجی تەشغیلیش پێی دابین بکات، ڕەنگە گرفتێکمان لە پرۆژەکانی بەڵێندەرایەتی هەبوایە، هۆکاری چییە؟ ئەمە راپۆرتی بەڕێزیانە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ کە لە بەڕێزتان وەرم گرت مەسەلەن بۆ نموونە لە مانگی نوڤێمبەردا دەگاتە ملیارێك و (٣١٠) ملیۆن دۆلار لە مانگی (١٢) دەگاتە ملیارێك و (١٤٢) ملیۆن داهاتی فیعلی، ئەگەر ئێمە ملیارێك و

(٣٤٢) ملیۆن داهاتی فیعلیمان هەبێت و نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن دۆلاریش داهاتی ناوخۆمان هەبوایە بە تەئکید زۆر زیاتر دەبوو لەو برە پارەی کە لە عێراقەوە دەهات، چونکە ئەمە بەوردەکاریشەوە لە لاپەڕەی یەکەم و دووەمدا دیاری کراوە، هەر کێڵگەیەك چەندێکە؟ ئێمە لە گەڵ پەرلەمانتار کاك (قارەمان)دا بۆ نموونە بەدوادا چوونمان کرد بۆ کێڵگەی تەق تەق (١٤٠,٠٠٠) بەرمیل بەرهەم دێنێت ئەوەی ئێمە لە خەڵکەکەمان وەرگرت کەلەوێ کار دەکەن (١٤٠,٠٠٠) کە لێکدانی (٦٠) دۆلار بکە و لێکدانی (٣٠) بکە دەکاتە (٢٥٠) ملیۆن دۆلار، واتە ئێمە لە تەق تەق دەتوانین مووچەی (٣٣٪) فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکەین سەرەرای ئەوانی تر، بۆیە دیسان تەئکید دەکەمەوە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت و دورست کردنی پشتگیری هەم ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان و هەم خەڵکی کوردستان تەئکید لەسەر ئەم خاڵانە دەکەینەوە کە ئێوە ئیشی لەسەر بکەن:

یەکەم: بەدامەزراوەیی کردنی پرسی نەوت و دورست کردنی سندوق و هەموو کۆمپانیا پەیوەستیەکان.

دووەم: فرۆشتنی کۆی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لەڕووی بۆڕییەوە بێت جگە لەوەی بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاردێت، واتە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تۆکمەی هەبێت، کۆتایی هێنان بێت بەفرۆشتنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لەڕێگای تانکەرەوە بۆ دەرەوە لەرێگای بۆڕییەوە بێت و جگە لەوەی کە بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاری دێنێت.

سێیەم: کۆتایی بەکاری پاڵاوگە بێ مۆڵەتەکان بێنێت و بیر لەوە بکرێتەوە بەکۆی سەرمایەی سەرجەم پاڵاوگەکان چەند پاڵاوگەیەکی هاوچەرخ دورست بکرێت، ئەمە جگە لەوەی زیانی ژینگەیی، زیان لەڕێگا و بان، یەعنی زیانیان لە زۆر شتی ئەم وڵاتە داوە، بۆیە ئێمە نامانەوێت ئەوانیش نان بڕاو بکرێن، بەڵام بیر لەوە بکرێتەوە بە سەرمایەی هەموویان چەند پاڵاوگەیەکی هاوچەرخ دورست بکرێت.

چوارەم: بەهۆی کاری کۆمپانیا نەوتییەکانی گەرمیان و پشکنین و بەرهەم هێنانی نەوتەوە ژمارەیەك خەڵك و کۆمپانیا بەشێوەی نا یاسایی لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان بوون بە خاوەنی سەدان ملیۆن دۆلار دواتریش کۆی ئەم پارەیە لە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان وەك ماقی کۆمپانیاکان وەردەگرێتەوە، بەڕێز وەزیری سامانە سرۆشتییەکان من سەرنجی تۆ بۆ ئەوە ڕادەکێشم، من نازانم بەڕێزتان لە نزیکەوە ئاگادارن یان نا؟ چی کۆمپانیا وەسیەتەکان بێت چی کۆمپانیاکانی تر بێت، بۆ نموونە ئۆتۆمبێلێك تۆ ئەگەر لە بازاڕدا بەکرێ بگری بۆ پاڵاوتگەیەك (١٠٠٠) دۆلار وەردەگرێت مانگانە، ئەوان (٣٥٠٠) دۆلار دەدەنە ئۆتۆمبیلێك، ئەمە ئۆتۆمبیلێ لە هەموو کەس وەرناگرن خەڵکێك هەیە (١٠) ئۆتۆمبیلێ بۆ دادەنرێت و خەڵکێك هەیە (١٥) ئۆتۆمبیلی بۆدادەنرێت و خەڵێکیش هەیە هیچی بۆ دانانرێت، واتە کێبرکێ ناکەن من کە لەگەڵ خەڵکەکە قسەیەك دەکەم دەڵێن کاکە تۆ هەقت چییە خۆ پارەی تۆ نییە مەسەلەن دەڵێن هی ئەمریکییەکانە، هی ڕووسەکانە دەڵێم کاکە دوایی دینار بەدینار لە حکومەت وەردەگرێت، من دڵنیاتان دەکەمەوە ئیستیحقاقی کۆمپانیاکان بەشێکی بۆیە زۆرە بەم شێوەیە، بەشێکیان کۆمپانیاکان ئەوانەی کە نێوانگیری دەکەن و سەیارە و شتیان بۆ دە دۆزنەوە و پارەیەکی زۆر دەبەن بەشێکی تر خەڵکی تر بەدوادا

چوون بکە ئۆتۆمبیلێ هەیە من تەئکید دەکەمەوە دەتوانیت لە بازاڕدا بە (١٠٠٠) دۆلار بیگریت، بە (٤٠٠٠) دۆلار دەیگرێت ئەمە لە ئاخیردا کۆی ئەم پارەش لە کوێ وەردەگرێت؟ من دڵنیات دەکەمەوە ئەمە بۆ ڕازی کردنی خەڵکی مەنتیقەکان نییە کەمترینی خەڵکی مەنتیقەکان لێی موستەفیدن، بەڵکو چەند کەسێکن ئیستیغلالی ئەمەیان کردووە، ئێمە بەدوادا چوونمان کردووە خەڵك دەناسین بەهۆی ئەم کارانەوە لە ماوەیەکی کەمدا بووە بە خاوەنی پارەیەکی ئێجگار زۆر، ئەمەش دیسانەوە بە هەدەردانێکە، هیوادارم ئەمە کونترۆڵ بکەن، بە قانون کونترۆڵی دەکەن، بە تەعلیمات کونترۆڵ دەکەن، چونکە لە ئاخیردا زەرەر لە پارەی هەرێمی کوردستان دەدات.

پێنجەم: داواکارین دەستی حیزب لەکۆی پرۆسەی نەوت دوور بخرێتەوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك وەك خۆمان وەك فراکسیۆنی گۆڕان ڕازینین بزووتنەوەی گۆڕان هیچ بەرپرسێکی ئەم بزووتنەوەیە داوای یەك دینار لە پارەی نەوت بکات، ڕازیش نین هیچ کۆمپانیایەکی خزمەت گوزاری هەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەڕان و پشکنین دا ڕێك بکەوێت و، ڕازیش نین هیچ مەسئولێکی گۆڕان، هیچ کۆمپانیایەکی ئەمنی دورست بکات بۆ ئەوەی بەناوی کۆمپانیای ئەمنییەوە پارەیەکی ئێجگار زۆری دەست بکەوێت، بۆیە کە بۆ خۆمان ڕازی نین بە تەئکید قسەی جدیشمان دەبێت لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەم کارە دەکەن، من دڵنیاتان دەکەمەوە بەناوی کۆمپانیای خەدەمی و بەناوی کۆمپانیای ئەمنییەوە ئەگەر حیزبیش نەبێت وەکو حیزب چەندین مەسئولی گەورەی حیزبی بوون بە خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان.

شەشەم: بەدەر لەو ژمارە دیاری کراوەی نەوت کۆمپانیاکان کە لە بواری نەوتدا کاردەکەن پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی کێبڕکێ بخوڵقێنێت، من سەرەنجی بەڕێزت و هاوڕێیانم لە لیژنەی پیشەسازی و وزە رادەکێشم کە شایەدی بۆ ئەمە دەدەن کە کۆمپانیا هاتووە بۆ نموونە لە بواری پاڵاوتندا، گوتوویەتی ئێستا بە (١٧) دۆلار نەوت دەپاڵێورێت، من دەتوانم بە (١١) دۆلار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی بپاڵێوم، بەڵام ڕێگەم پێ نادرێت، یاخود ڕێگە نادرێت، یاخود دەرفەتم بۆ ناخوڵقێنێ، یاخود کار ئاسانیم بۆ ناکرێت، ئێمە داوا دەکەین حەلی ئەمە ئاسانە، ڕەنگە بەڕێز د.ئاشتی هەورامی بڵێ من ناتوانم هەموو ئەو نەوتانە بکڕمەوە، هەموو ئەم بەنزینانە بکڕمەوە، پێم سەرف ناکرێت، فەلسەفەی کێبڕکێ دەخوڵقێنین نەوت بدە بە هەموو کۆمپانیاکان کێ دەتوانێ بە کەمترین نرخ بیپاڵێوێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ سەرچاوم، کێ نەیتوانێ؟ با خوێ بیبات بۆ دەرەوە بیفرۆشێت، ئەمە بابەتێکی جدیە من دڵنیام هەریەکە لە برادەران قسە بکەن ڕەنگە ناوی چەند کۆمپانیایەکیان لەلابێ دەڵێن ئێمە ئامادەین پاڵاوگە دابنێین، مەسەلەن ئەوەی دوکان و شوێنی تر کە دەرفەتمان پێ نادرێت، دیسان تەئکید لەوە دەکەمەوە د.ئاشتی هەورامی روونی کردەوە ئەگەر پێداچوونەوە بەو دوو عەقدە بکرێت، پەرلەمانتار رۆزە خان هەرخۆی پێشتر لەو پاڵاوگانە کاری کردووە، ئێمە بەدواداچوونمان کردووە دەڵێن تێچوونی بەرمیلێك نەوت ئەو خۆی لەوێ کاری کردووە، من نەم کردووە، خەڵکی بینیووە، نزیکەی (٧) دۆلارە، بەڵام (١٧) دۆلار لە حکومەت وەردگیرێت، بیرکەرەوە هەموو رۆژێك (١٢٠) هەزار بەرمیل، (١٢٠) هەزار کەڕەتی (١٠) بکە، (١٠) کەڕەتی (٣٦٥) بکە بزانە قازانجی ئەم دوو کۆمپانیایە لە ساڵێك چەند دەبێت، من دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە ئەو خۆی لەوێ کاری کردووە

موهەندیسی بینیوە و خەڵکی عەمەلی بینیوە، دەرفەت هەیە پێداچوونەوە بەمە بکرێت، خاڵی شەشەم: تاوەکو ئێستا لای من و هەندێ زانیاریشم ئێستا دەیخەمە روو لەلای خەڵکی کوردستانیش بە داخەوە بە قاچاخ بردنی نەوت بوونی هەیە، لێرەدا تەنها سەرەنجی بەڕێزتان بۆ دوو نموونە رادەکێشم بە پێی راپۆرتی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە لە کەرکووك کار دەکات لەم رۆژانەی دواییدا لە سنووری پارێزگای کەرکووك ئێستا رۆژانە (١٥١٧٠٠) بەرمیل نەوت بەرهەم دێت، لە ناو کەرکووکدا (٢٩٧٣٢) بەرمیل دەپاڵێورێت، واتە (١٢١٠٠٠) بەرمیل لە سنووری پارێزگای کەرکووك پرسیاری لەسەرە، لە رێگەی حکومەتی هەرێمەوە دەڕواتە دەرەوە دەفرۆشرێت، یان غازەکەی دەردەهێنرێت و نەوتەکەی تری دەخرێتە ژێر خاك، ئایا ئەمە لە رووی زانستییەوە مەنتیقە؟ من تەبعەن ئەوە خەریکی بەدواداچوون بووم، تەبعەن ئەمە نووسراوی کۆمپانیای نەوتی باکوورە ئەمە دەسەلمێنێت، من لەگەڵ برادەرێکدا دەیگوت ئەگەر بشخرێتەوە ژێر خاك لەم مەرحەلە مەنتیق نییە لەو قەیرانەی لە کەرکووك هەیە، لە کوردستان هەیە، تۆ نەوتێکی خاو لەبەردەمانەو پارە بکات و بیفرۆشی، بڕۆی بیخەیتە ژێر خاك، کە خستەوە ژێر خاك ناتوانین لە (٣٠٪) ئەو نەوتە لە ئایندەدا دەربێنیتەوە، ئەمە چیمان پێ دەگەیەنێ، نموونەی دووەم بەڕێزان رۆژانە نزیکەی دەیان هەزار لیتر لە پێکهاتەکانی نەوت لە سنووری گوندی بەرمیزەی سەر بە ناحیەی سیدەکان و نزیك قەزای مێرگەسۆر، واتە دوایەمین خاڵی سنووری هەرێمی کوردستان دەبرێتە تورکیا، پاشان دەبرێتە گوندەکانی ماوان و دێگژەنێ و کەونە و کورت کە سەر بە ناحیەی رووبارۆکی قەزای شەمزینانی تورکیایە، ئەم کارە لە کاتێکدا دەکرێت کە هیچ مەرزێکی فەرمی و نافەرمی لەو سنوورەدا نییە، بە هاوکاری بەرپرسی باڵای حیزبی ئاسانکاری بۆ ئەو خەڵکە دەکرێت، ئەوانەی کە ئەم کارە دەکەن لە کوردستانەوە سەرەتا پێش بازگەی ساراداو کە سەر بە قەزای مێرگەسۆرە دەچنە رێگەی کونەمار و بە ناو کونەگوندەوە تێ دەپەڕن و تاوەکو دووردەکەونەوە لە بازگەکان، دواتر لا دەدەن بۆ ناوچەی مەیدانۆکان و کاران، دواتر پێش ئەوەی بگەنە بازگەی گۆچار لا دەدەن و لە رێگای تایبەتی خۆیاندا دەڕۆن تاوەکو دەگەنە بەرمیچە، لەوێش خەڵکانێك چاوەڕوان دەکەن پاشان بە دوو شێواز پێکهاتەی نەوت کە رەوانەی تورکیا دەکرێت، شێوازی یەکەمیان ئەوەی کە پێیانە دەیخەنە ناو حەوزێکەوە حەوزەکە بە بۆڕی دەچێتە ئەو دیوی تورکیاوە، شێوازی دووەمیان لە رێگەی موزەخەوە راستەوخۆ دەینێرێت، ئایا حکومەتی هەرێم ئاگاداری لەمە هەیە؟ ئەگەر ئاگاداری ئەمەیە خۆ ئەم مەرزە دوەلی نییە، بۆ لەم رێگەوە دەنێردێتە دەرەوەی کوردستان؟ واتە ئێستا خەڵکی کوردستان جگەلەوەی رۆژانە خۆتان پرسیارتان لە سەدان تەنکەر لێ دەکرێت، گومانیان لەوە هەیە کە نەوتی کوردستان دەبێ دڵنیایی بدەنەوە من ئەو دوو نموونەم خستەروو، هیوادارم وەڵامی تر ئەگەر بگەڕێین رەنگە نموونەی تریش هەبێت، کە هیوادارم نەبێت هەر ئەو دوو نموونەیە بێت، بۆیە داواتان لێ دەکەین دڵنیامان بکەنەوە لەو پرسیارە، هاتنی ئێوە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك پرسیاری خەڵك بکەم لە چوار پرسیاردا کورتم کردۆتەوە کە من دڵنیام پرسیاری زۆربەی هاوڕێیەکانیشمە، یەکەم: گەرەنتی تەواو هەیە بۆ دابینکردنی پارەی پێویست بۆ خەرجیەکانی هەرێمی کوردستان یان نا؟ دووەم: بە پێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەیرانی دارایی بەرەو چارەسەربوون دەڕوات، ئایا لەگەڵ چارەسەربوونی ئەم قەیرانە نرخی بەنزین دادەبەزێنرێ یاخود نا؟ چونکە پێشتر بەڵێنێك هەبوو کە لەگەڵ چارەسەربوونی قەیرانەکە پێداچوونەوە بە نرخی بەنزین بکەن کە ئێمە پشتیوانی هەرزانکردنی نرخی بەنزین دەکەین، سێیەم: هۆکاری دروست بوونی گرفتی غازی ماڵان چییە؟ زانیاری

و قسەش هەیە گوایە وەکو ئەوەی پێشتر گوتمان بۆ دەرەوەی هەرێم ئەو غازە دەبرێ، ئەمە تا چەند راستە؟ چوارەم: وەرزی زستان نزیك بۆتەوە ئێستا پلانی حکومەت بۆ دابینکردنی نەوت بەسەر هاوولاَتیاندا چییە؟ ئایا هەموویان سوودمەند دەبن یان نا؟ پێنجەم: کە زۆر گرنگە بەلامانەوە ئەوەیە کە خۆتان لیژنەتان دروستکردووە بۆ چاودێری کردن ئێمە لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان رایسپاردین زانیاریەکانی لەلای ئێمە و زانیاریەکانی لەلای ئێوەش دەیسەلمێنێ کە هەندێك کەس من ناڵێم کێن، مەسئولن یان مەسئول نین، بەلاَم لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە مامەڵەیان لەگەڵ (داعش)دا کردووە، دەمانەوێ خەڵکی کوردستان دڵنیا بکەنەوە لە هەر پلە و پۆستی حیزبێکدا بێت بەراستی دەبێ دادگایی بکرێن، چونکە ئەمە یەك پێناسەیان هەیە ئەویش خیانەتی نیشتیمانییە، بۆیە ئێمە لەلای خۆمان بەراستی ئێمە لەوە خۆش نابین و داوا دەکەین ئێوە هەم خەڵکی کوردستان و هەم ئێمە دڵنیا بکەنەوە، ئێمە وەکو خۆمان پشتگیری ئابووریەکی سەربەخۆ دەکەین، بەلاَم چەند پێشنیارێکمان هەیە بۆ ئەمە، یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ساڵانەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی کوردستان ئامادە بکات، ئەگەری دەقیق بوونی پلانەکەش دیاری بکات، ئایا ئەمە (١٠٠٪، ٩٠٪)ە، چونە؟ چونکە وەکو گوتم پێشتر بەڕێز د.ئاشتی هەورامی هەندێك رەقەمی دا بە ئێمە، ئێستاش هەندێك رەقەممان لێ وەرگرت، ئیتر لەبەر (داعش)ە یان لەبەر هۆکارێکی ترە رەقەمەکان دەقیق نەبوون، سێیەم: بەرنامەیەکی تۆکمە و شەفاف دابنرێت بۆ کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ بە خاڵی سنووری و سەرجەم باج و رسومات بە شەفافی ئەم داهاتە بخرێتە بەردەم پەرلەمان و چاودێری دارایی لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکات، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بە سیستەمی مووچە و خانەنشینی بکات و ئەوانەی دەوام ناکەن و مووچە وەردەگرن کە پێیان دەگوترێت بن دیوار، یان بخرێنە سەر کار، یان فەسڵ بکرێن، ئەوانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە تەنها یەك مووچەیان بۆ بهێڵدرێتەوە، من سەرەنجتان دیاسانەوە بۆ خاڵێك رادەکێشم بەڕێزت لە بەغداوە لە (١٠٪)ی بودجەت بۆ دێت، بەلاَم مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە (٢٣٪)ی فەرمانبەرانی عێراقیە، چۆن بە لە (١٠٪) دەتوانی پێداویستی لە (٢٣٪) دابین بکەی؟ ناتوانی؟ یەعنی من ئەگەر بیخەمە بەردەست بەشێك لەم وەزارەتانە کە من هەموویانم دیاری کردووە ژمارەیەکی یەکجار زۆر بن دیوار تێدایە، من یەك نموونە بۆ بەڕێزتان دەهێنمەوە وەزارەتی کشتوکاڵ (چواردە هەزار و نۆ سەد و حەوت) فەرمانبەری هەیە بەشێکی دەوام ناکات کە من لە بەڕێوەبەرایەتییەکان بە عەینە بینیوومە، خەرجی مانگێکی (٢٢٨) ملیارە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە قسە لەسەر ئابووریەکی سەربەخۆ دەکەین کە بەرەو ئابووریەکی سەوبەخۆ هەنگاو دەنێی پێویستە کۆمەڵێك هەنگاوی تر بنێی، من دڵنیا دەبمەوە لەوەی و خەڵکی کوردستانیش دڵنیایە لەوەی بەم شێوە بەڕێوەبردنەی کە لە رابردوودا هەبووە بەبێ دیراسە دادەمەزرێ، بەبێ دیراسە خەڵك خانەنشین کردن، ساڵی خزمەتی نەبێت، پارەی نەوت هەرچەندێك زیاد بکات ناتوانی بەڕێوەبردنێکی جیاوزتر پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکەی، چوارەم: بیر لەوە بکرێتەوە پلان دابنرێت بۆ ئەو بودجەیەی کوردستان کە پشت بە نەوت دەبەستێت بکرێت بە بودجەیەکی فرە سەرچاوە، واتە ناکرێت ئێمە تەنها پشت بە نەوت ببەستین و سوود لە سێکتەرەکانی تر وەرنەگرین، تەئکید دەکەمەوە خەرجی وەزارەتی کشتوکاڵ نەك لە داهاتی وەزارەتەکەی زیاترە لە داهاتی هەموو جوتیارانیش زیاترە، هەموو جوتیاری کوردستان کۆکەرەوە بزانە لەم ساڵە (٢٢٨) ملیار دیناریان دەستکەتووە و خەرجی ئەم وەزارەتە (٢٢٨) ملیار دینارە، پێنجەم: کۆتایی هێنان بە قۆرخکاری لە بواری

بەڵێندەرایەتی وەبەرهێنان، ئەویش بە داڕشتنەوەی پلانی ستراتیجی و چەسپاندنی بنەماکانی کێبرکێ لە پێداچوونەوەی پرۆژە، شەشەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان من نازانم کێشەی لەگەڵ دروست کردنی سەندوقدا هەیە، یاخود کێشەکەمان چییە؟ مەسەلەن سەندوقی خانەنشینیمان نییە، سەندوقی عەقارمان نییە، سەندوقی زەواجمان نییە، سەندوقی کشتوکاڵمان نییە، سەندوقی پێشەسازیمان نییە، لە سەرووی هەموویانەوە سەندوقی داهاتی نەوتیشمان نییە، ئەم سەندوقانە ئەگەر ئێستا هەبوونایە هەر یەکەیان بڕە پارەیەکی گەورەیان تێدابوایە لەم دەرفەتە یاخود لەم قۆناغە خزمەتێکی یەکجار گەورەیان بە خەڵکی کوردستان دەکرد، حەوتەم: من حەزدەکەم ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرن، تاوەکو ئێستا نزیکەی (ملیارێك و دووسەد ملیۆن) دۆلار حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك قەرز داویەتی بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، من لەگەڵ تەشجیعدام لە بواری کەرتی تایبەتدا، بەڵام بەشێك لەم قەرزانە بە فائیدەی لە سەدا سفر دراوە، لە کاتێکدا هەموو کۆمپانیایەکیش نابێت، هەروەها بەشێکیان وادەی یاساییان تەواوبووە و نەیانداوەتەوە، داواکارین لێتان لە زووترین کاتدا ئەو کۆمپانیایانەی کە قەرزیان لایە و نەیانداوەتەوە بدرێتەوە، چونکە (ملیارێك و دووسەد ملیۆن) دۆلار دەتوانێ مووچەی مانگێکی تەواو و لە (٥٠٪)ی مانگێکی تریشی پێدابین بکرێت، هەشتەم: پێداچوونەوە بە گرێبەستی کڕینی تەزووی کارەبا بکرێت، چونکە ساڵانە ئێمە (یەك ملیار) دۆلاری هەرێمی کوردستان دەدرێ بە کڕینی تەزووی کارەبا کە ئەمە بڕە پارەیەکی یەکجار گەورەیە، ئەگەر پێداچوونەوە بەمەدا بکرێت من دڵنیام دۆخێکی باشتر دەخوڵقێنێت، هەروەها دواهەمین سەرەنجیشم ئەوەیە کە هیوادارم وەزارەتی سامانە سروشتییەکان من کاتم زۆر گرت پێداچوونەوەیەك بکات بە یاسای نەوت و غازی ساڵی (٢٠٠٧)دا، زۆر ماددەی ئەو یاسایە تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، من دەرفەتم نییە لێرەدا بیخوێنمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر کات نەگرم بەشێکی زۆری ئەم ماددانە جێبەجێ نەکراوە، لە ئەخیردا ئێمە لەگەڵ ئابووریەکی سەربەخۆین وەکو بیرکردنەوە و هەستێکی نەتەوەیی، لەگەڵ شەفافیەتی بە دامەزراوەکردن، دابینکردنی گوزەرانێکی باشترین وەك هەستێکی دیموکراتی و مەدەنی کە هاوتایە لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئەمەش بە دامەزراوەییکردنی پرسی نەوت دەچەسپێندرێت، دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە خواستی ئێمە بۆ پشتیووانی کردنی پرسی نەوت دروست کردنی سەندوقی داهاتی نەوت و کۆمپانیاکانی کوردستانە بۆ بە بازارکردنی نەوت، حەزدەکەم لەم دانیشتنەدا دڵنیامان بکەنەوە و وادەیەکمان پێ بڵێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین، پشوویەك وەردەگرین، کاتژمێر (٣) دەست دەکەینەوە بە دانیشتنەکەمان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان سەرۆك و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای نەوت غاز، وەکو دیارە بە پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە (٢٠٠٥/١٠/١٥)، بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان کە

بڕیاریدا لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتیدا و لەسەر بنەمای ئەم دەستووره کار بکەین بۆ دامەزراندنی وڵاتێك کە تێیدا هەموو خەڵکی عێراق بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و کەلتوری خۆیان شادبن، بەڵام بە پێی تەجروبەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دوای ئەو وادەیە دەرچوو کە فیدراڵیەت و سیستەمی لامەرکەزی لە حوکمرانی عێراقدا بە پێی دەستوور تەنها شتێکی تیوری بووه، لە بواری کردەییدا هانگاوی زۆر جدی بە دوایدا نەبووه و رووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق ئاماژەیەکی روون و ئاشکرابوون بۆ شکستی ئەم جۆره بەڕێوەبردنە کە ئێستا لە عێراق لە ئارادایە، هەنگاوی بڕینی یەك لەسەر دوازدەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوه لە بەرواری (٢٠١٤/١/١٩)، پێش ئەوەی هەرێمی کوردستان دەست بە بازاڕکردنی نەوتی خۆی بکات لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەم ساڵەوه بڕیارێکی سیاسی و دوور لە هەموو بنەماو ماددەکانی دەستووری عێراقی بووه، کە بە هیچ شێوەیەك بڕینی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایی نابێت، چونکە تەنانەت ئەگەر حکومەت و پەرلەمانی فیدراڵیش یاسا و بڕیار دەربکەن بە بڕینی بودجە و مووچە، ئەم بڕیار و یاسایانە پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی دەبن، هەر یاسا و بڕیارێکیش کە پێچەوانەی دەستووره بە یاسا و بڕیاری باتڵ دادەنرێن بە پێی مەبدەئی عەلویەت کە لە ماددەی (١٣)ی دەستووری عێراقیدا هاتووه، ئێمە لە فراکسیۆنی زەرد سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بە سەروەریەکی نیشتیمانیی و نەتەوەیی دەزانین بۆ گەلەکەمان وەکو وەڵامدانەوەی ئەم تەهدیدی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقیەوه، هەروەها بە فاکتەرێکی هەره گرنگ دەزانین لە رووی دیبلۆماسی و ئابووری و ئەمنییەوه کە سێکتەرێك بووه بۆ جێگیرکردنی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی وڵاتانی ئەورووپی و زلهێزەکانی جیهان وەکو زامنێك بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە هەر هەڕەشە و شاڵاوێکی دوژمنکاری و تیرۆریستی، هەرچەندە دۆزینەوه و دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت و بە بازاڕکردنی بەرهەمی نەوت لە بازاڕی ناوخۆ و دەرەوەدا پرۆسەیەکی تازەیە بۆ هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە عێراق و زۆر وڵاتانی تر، بۆیە بە دڵنیاییەوه ئەم پرۆسەیە بێ کەم کورتی نابێت، تاوەکو ئێستا رەنگە نەیتوانێ بێت پێداویستیە داراییەکانی هەرێمی کوردستان پێی دابین بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا سەلماندی کە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیکی سەرەکی لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە رەنگە ئەمە هەنگاوێکی سەرەتایی بێ بو نەهێشتنی کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا، ئێمە لە فراکسیۆنی زەرد هاوڕاین لەگەڵ هەبوونی شەفافیەتی تام لەم سێکتەره گرنگەدا، بە رەچاوکردنی لایەنی ئاسایشی نیشتیمانیی هەرێمی کوردستان لەم بواردا، ئامادەبوونی ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز لە پەرلەمان بۆ جاری سێیەم، بە ئامادەبوونی بەردەوامی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لە پەرلەمان و ئاڵوگۆڕکردنی داتا و پێزانینی پێویست لەسەر ئەم سێکتەره ئاماژەیەکی دیاره بۆ دروست کردنی ئەو متمانەیەی کە زۆر قسەی هەڵگرتبوو لە بەینی حکومەت و پەرلەمان و خەڵکی کوردستانەوه، بەڕێزان ئێمە لە فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی هەر هەوڵێك دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی

کوردســتان و حکومــەتی فیدراڵیــدا لــە ڕێگــەی دیالۆگــەوە بــە مــەرجێك تــەنازول نــەکرێت لــە مافــە دەستوورەیەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ وەرگرتنی موستەحەقاتی دارایی هەرێمی کوردستان کە لە (١٧٪)ی بودجەی عێراقیە، سەرەڕای ئەو ئابلوقە ئابووریەی کە لە بەغداوە لەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێندراوە کە بۆتە هۆی دروست بوونی قەیرانێکی ئابووری و دارایی و ئاسەوارەکانی بەدی دەکرێن، بەڵام لە ئەنجامی تێگەیشتنی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان لـەو سیاسـەتەی کـە لـە بەغـداوە دژیـان ئەنجامـداوە کـارتێکردنی گەورەی لەسەر ئیرادەی ئەوان دروست نەکردووە، سەرەڕای ئەم قەیرانە پێگەی هەرێمی کوردستان هـەم لـە رووی مۆراڵ و هەم لە رووی زیادکردنی بەرهمی نەوت لە گەشەدایە و بەهێزە، بە پێچەوانەوە کـە جێگـەی داخە ئێستا عێراق رووبـە رووی قـەیرانێکی ئـابووری و دارایـی بۆتـەوە کـە رەنگـە لـە سـاڵی (٢٠١٥)دا قوڵتر ببێتەوە، چونکە بە پێی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق لە ساڵی (٢٠١٤) پێداویستییەکانی خـەڵکی عێـراق و تێچووەکان زۆر زیـاترن لـەو داهاتـەی کـە عێـراق پـێش بـینی بـۆ کـردووە کـە پێویسـتە عێـراق رۆژانـە بـۆ پڕکردنەوەی ئەم تێچووانە نزیکەی (سێ ملیۆن و چوارسەد هەزار) بەرمیل بە نرخی (٩٠) دۆلار هەناردەی دەرەوە بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی عێراقی لە ئێستادا توانـای زیـاتری نییـە لـە هـەناردەکردنی (دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار) بەرمیل بە نرخی (٧٨) دۆلار بۆ (٨٠) دۆلار لە رۆژێکدا، عێـراق رۆژانـە بـە بڕی (یەك ملیۆن) بەرمیل نەوت عەجزی هەناردەکردنی نەوتی هەیە، ئەمە دەبێتە هـۆی کـەم کردنـەوەی لە (٢٥٪)ی کۆی میزانیەی عێراقی جگەلە لە تێچووی لە ناکاوی شـەڕی تـیرۆر و لـە تێچـووی لەشـکری، کـە دەبێت حکومەتی ناوەندی بیر لە چارەسەرێك بکاتەوە بۆ رزگاربوونی عێراق لەم قەیرانە، بـە دیـدی ئێمـە دەبێت حکومەتی ناوەندی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، سوود لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان و بەرهەمەکەی وەربگرێت بۆ پڕکردنەوەی ئـەو عـەجزەی کـە لـە هـەناردەکردنی نـەوتی عێراقـدا دروسـت بووە، ئینجا بۆ ئەم مەبەستە ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەگەر هاتو لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نەگەیشـتینە هـیچ رێکـەوتنێك ئـەوە دەبـێ پێکـەوە پشـتگیری لـە جێبـەجێکردنی یاسـای ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٣)ی پەرلـەمانی کوردسـتان بکـەین بـۆ وەرگـرتنی موسـتەحەقاتی دارایـی هـەرێم کـە بریتیـە لـە سـەربەخۆیی ئـابووری هـەرێمی کوردسـتان، ئێمـە لـە فراکسـیۆنی زەرد ئـەم پێشـنیارانە دەخەینـە روو، یـەك: پێشـنیار دەیکەین بە رێکـەوتنێکی سیاسـی لـەناو پەرلـەمانی کوردسـتاندا میکانیزمێـك دابڕێـژین لەگـەڵ حکومـەتی هەرێم بۆ دروست بوونی متمانەی زیـاتر و بـاوەڕی لـە نێـوان حکومـەت و پەرلـەمان لـە سـێکتەری نەوتـدا دوور لە هەر موزادەیەکی سیاسی، دوو: داوا دەکەین پڕۆژە یاسای کۆمپانیـای (کیپکـۆ) و سـەندوقی داهـاتی نەوت، پڕۆژە یاسای فلزی و لافلزیـەکان لـە کـاتێکی نزیکـدا بگەنـە پەرلـەمان، سـێ: پێداچوونـەوە بـە پێـی ئیمکانیـات لەسـەر نرخـی بـەنزین و کێشـەی غـازی مـاڵان بکرێـت کـە بەراسـتی لـەم بارودۆخـەی ئێسـتای کوردستاندا قورساییەکی گەورەی دارایی لەسەر خەڵکی کوردستاندا دروست کردووە، چوار: دادگایی کردن و بە سزاگەیاندنی ئەو هەموو کەسانەی کە دەستییان هەبووە لە بازرگانی کردن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی بە نـاوی داعـش بـە پێـی یاسای تـیرۆری ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠٠٦)ی هـەرێمی کوردسـتان، پێـنج: خەمڵانـدنی

بودجەی هەرێمی کوردستان بە نرخی لە نێوان (٥٠) بۆ(٦٠) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لەبەر دابەزینی نرخی بەرمیلی نەوت و زیادبوونی تێچووی دەرهێنان و قازانجی کۆمپانیاکان، هەروەها لە کاتی ئاسایی بوونی نرخی جیهانی بەرمیلی نەوت ئەم نرخە موشەجیعە بۆ ئەوەی پارەی زیادەی فرۆشتنی نەوت وەکو یەدەگ بەکار بێت، هەروەها داهاتی نەوت نەبێت بە سەرچاوەیەکی سەرەکی یاخود تەنها سەرچاوە بۆ دابینکردنی بودجە لە ئایندەدا، شەش: دیارکردنی وادەیەك بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی بە پشت بەستن بە بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان و داهاتووی نەوتی هەرێم و داهاتی ناوخۆ، لە کۆتاییدا یەك، دوو گلەییم لە وەزیری دارایی هەیە کە دەبێت پابەندی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بێ، یەکەم: بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (٢٠١٤/٩/٢٨) پێش (٤٢) ڕۆژ کۆمەڵێك پرسیارم ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری کردووە کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبنە بەرچاو ڕوونییەکی باش بۆ پەرلەمان لەسەر کۆی داهات و خەرجیەکانی ساڵی (٢٠١٤)، بەڵام بەداخەوە کە دەبوایە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لەو کاتەی لە پەرلەمان دەرچووە وەڵامەکە بگەیشتبوایە دەست ئێمە کە بەداخەوە تاوەکو ئێستا بەدەستمان نەگەیشتووە، دووەم: وەزارەتی دارایی کەم تەرخەم بووە لە دانانی پلانی (٢٠١٥)ی بودجەی هەرێمی کوردستان کە هیچ موبەڕیڕێك نییە بۆ دواخستنی، بە پێی ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەبوایە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئەم پڕۆژەیە لە پەرلەمان بوایە، یانیش ڕوونکردنەوەیەکی فەرمی هەبوایە لەلایەن بەڕێزیانەوە لەسەر ئەم بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پلانی ئاخاوتنی ئەمڕۆی قسەکردن لەسەر ئەو بنمایەبوو کە بەڕێزتان ئیشارەتتان پێدا، بۆیە پێشنیار و پرسیارەکان ئەوەی کە پەیوەستە بە لایەنی دارایی بە من سپێردراوە لە فراکسیۆنی سەوز، ئەوەی خواست و پرسیار و داواکاری خەڵکە لەگەڵ پرسیاری پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی فراکسیۆن، بەشی ئەوەی کە پەیوەستە بە پرۆسەی نەوتەوە ئەوە بۆ هاوڕێم د.ڕێواز جێدێڵم، لە ڕاستیدا بە پێی ئەو شارەزاییە کەمەی کە لە بواری دارایی هەمانە حکومەتی هەرێم دەتوانێت مانگانە بە بڕی (دووسەد ملیۆن) دۆلار بە چەکی بانکی مامەڵە بکات و بەشێك لەم قەیرانە چارەسەر بکات، وەزارەتی دارایی بەشێکی کردووە، بەڵام نوقسانە، لەبەر یەك سەبەب، چەکی بانکی دەدەن بە بەڵێندەران لەسەر بنەمای ئەوەی کە پارە هەبوو بیاندەنێ، هەر ئەم چەکە حکومەتی هەرێم خۆی لێیان وەرناگرێتەوە، ئەمڕۆ ئەوە داواکاری بەڵێندەران بوو لە کوردستان داوایان لێ دەکردین، یەعنی بەم ئالیەتە وەك ئەوەی کە ئیشارەتم پێدا، ڕاستە بانکی ناوەندی سەنەداتی خەزێنە دەردەکات لە هەرێمی کوردستان کاری پێ ناکرێت، بەڵام بانکەکانی حکومەتی هەرێم کە چەکیان داوە بە بەڵێندەر بە بڕی (دووسەد) بۆ (سێ سەد ملیۆن)

دۆلارە، ئەمە پەیوەستە بە هاوبەشی لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی، چەکێك وەزارەتی دارایی ئەمە چەکی حکومەتە و بانکی حکومەتە دەیدەی بە بەڵێندەر، پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش ئەم چەکە وەرگرێ لە جیاتی پارە، کەواتە بەڵێندەرێك (پەنجا ملیۆن) دۆلاری دەدەیتێ پڕۆژەی بۆ حکومەت کردووە بە چەك بیدەرێ پارەی مەدەرێ ئەم چەکە، ئەم بەڵێندەرە با مافی هەبێ بچێ چیمەنتۆی پێ بکڕێ، نەوتی پێ بکڕێ، سووتەمەنی پێ بکڕێ، بەنزینی پێ بکرێ، بەم ئاڵوگۆڕە دەتوانین مانگانە (دووسەد ملیۆن) دۆلار مامەڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا بکەین و پارەش بە کار نەهێنین، عەمەلیەتەکە لێرە نەقسە، ئەوە دەتوانین من دەزانم لە سەرەتای ئەزمەکەوە (دووسەد ملیۆن) دۆلار بە نزیکەی مانگانە دانرا بدرێ بە بەڵێندەر بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان، دەتوانی پارەی کاشیان نەدەیتێ بە بڕی (دووسەد ملیۆن) دۆلار ئابووریەکەت پێش بخەی، کێشەی قەیرانی دارایی چارەسەر بکەی، بۆیە هیوادارم بە تەنسیق لەگەڵ وەزیری دارایی، لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەم پڕۆسەیە بخەنەوە کار، ئەم کارە لە هەموو دونیادا بەم جۆرە دەکرێ، لەبەر ئەوە هیوادارم ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، ئێمە بتوانین بایی (دووسەد ملیۆن) دۆلار مانگانە مامەڵەی بازرگانی بکەین و پارەیان نەدەینێ ئەوە بەشێك لە ئەزمەکەمان چارەسەرکرد، لە ماوەکانی پێشوودا یەکێك لە راسپاردەکان و پلانەکان ئەوەی لە پەرلەمان خوێندمانەوە وەك راپۆرتێك هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەرۆکی هەرێم دەست خۆشی لێ دەکەم بڕیارێکی پەسەندکردووە کە بڕیاری راسپاردەی پەرلەمان بوو مووچەیان وەکو مووچەی هێزی ناوخۆ لێ بکرێت، راستە ئەمە پارەیەکی زۆری دەوێ، قەیرانی داراییمان هەیە، بەڵام حەلەکەشیمان هەیە هەوڵدەدین لە حەفتەی داهاتوودا پڕۆژە بڕیارێك بدەینە سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێشمەرگە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا کەمترین مووچە (حەوت سەد هەزار) دیناری بدەنێ، دیراسەمان کردووە مانگی (شەش ملیۆن) بۆ (حەوت ملیۆن) دۆلاری دەوێ، پارەیەکی کەمە لە چاو ئەو خزمەتە زۆرەی کە پێشکەش بە پێشمەرگەی دەکەین، هیوادارین سەرۆکی حکومەت و مێوانە بەڕێزەکان ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرن کە خزمەتێکی زۆر بە پێشمەرگە دەکات بە پارەیەکی کەم خزمەتێکی زۆر تا ئەو کاتەی کە قەیرانی دارایی چارەسەر دەبێ بۆ ئەوەی مووچەی پێشمەرگە هاوتای مووچەی هێزەکانی ناوخۆ بێت، کەواتە ئەمە پلانێکی خێرایە خەرجیەکی کەمی دەوێت خزمەتێکی زۆر دەکات، لە راستیدا لە راپۆرتەکەشدا ئیشارەتمان پێدا هیوادارین حکومەتی هەرێم بە جدی ژمارە و پلە و پۆستی پێشمەرگە رێکبخاتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی بەغدا ئەو حیجەیەی بەدەستەوە نەمێنێت بڵێ ژمارەی پێشمەرگە زۆرە، بۆیە ئێمە پارە نادەین، جەخت لەوە دەکەمەوە وەزارەتی دارایی قەرزی داوە بە کۆمپانیاکان ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لێیان وەربگرێتەوە، کە بڕی ئەو سوودانە رێکبخات کە لەسەریانە بۆ ئەوەی وەکو داهات دەستی بکەوێت بۆ ئەوەی بانکەکان بکەوێتەوە کار ئەوەی کە دراوە بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، خەڵك زۆر چاوەڕێی ئەوەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە راستیدا ئێمە پڕۆژەیەك پێشکەش بە پەرلەمان دەکەین هیوادارین بە هاوکاری حکومەت ئەویش ئەوەیە کە ئابووری کوردستان دەبێ پێشینەکانی بگەڕێتەوە

شوێنی خۆی، دەبێ مووچە لەم دواکەوتنە کۆتایی پێ بێت، پلان هەیە دەتوانین جێبەجێی بکەین، بۆیە بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان لێرەن، لە زۆر ولاتی دونیادا قەرز حکومەت نایدات، کۆمپانیا و بانکی ئەهلی دەیدات، لە ساڵی (٢٠١٥)دا هیوادارم وەزارەتی دارایی لە بەرنامەی کاری خۆیدا دایبنێ، چونکە بەڕێزت شتێك خەڵکت فێر کرد، شتێك موجتەمەع لەسەری راهات، شتێك شەش ساڵ، حەوت ساڵ بەردەوام بوو لە پڕ بیبڕی قورسە، بۆیە فائیدەکەی با حکومەت بیدا، قەرزەکان کەرتی تایبەت و بانکی ئەهلی بیدات، زۆر کەم دەکەوێت کولفەکەی، پێشینەکان دەکەونەوە سەر کاری خۆیان، لە زۆر شوێنی دونیادا بەم جۆرەیە، هیوادارم وەزارەتی داراییش ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، کەواتە لەلایەك بیر لە سولفە بکەنەوە بۆ بەڵێندەران، لەلایەك بیر لە مووچەی پێشمەرگە، لەلایەکی تر بیر لە مووچەی فەرمانبەران، ئەمەی بۆ بەڕێزتانی باس دەکەم هیچ قورس نییە ئەنجامدانی، بەڵام پێویستی بە هاوکاری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئامادەبووانی خۆشەویست، ئەمەی کە ئێستا عەرزی دەکەین بە ناوی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە عەرزی دەکەین، بۆیە لە دوتوێی چەند پرسیارێکی تایبەت بە سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و چەند خاڵێکی داراییشی تێدایە، یەکەم: سەبارەت بەوە دەست پێدەکەم کە لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا برای بەڕێزمان کاك فەرهاد سەنگاوی قسەیەکی کرد بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن پێشنیار دەکەم لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، چونکە تا ئەو کاتە پەخش راستەوخۆبوو، ئینجا ئەگەر وایە پێویستە فراکسیۆنی یەکێتی روونکردنەوەیەك بدات لەسەر ئەوە، چونکە ئیهانەبوو بە ئۆپۆزسیۆنی جاران، لەبەر ئەوە جێی قبول کردن نییە لەلایەن ئێمەوە بەراستی، دەبێ روونکردنەوەیەك بدەن داوا دەکەین بۆ ئەو قسەیە، دووەم: سەبارەت بە راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە لەم دواییەدا خرایە روو ئەم تێبینیانە عەرز دەکەین، لە راپۆرتەکەدا هاتووە کرۆکی تێبینیەکان ئەوەیە کە ئەرقامی ناو راپۆرتەکە، ئینجا بۆیە هیوادارم کە ئەم پرسیارانەی کە ئەمڕۆ دەیکەین هەر وەکو چۆن نوسخەمان پێشکەش کردووە بە جەنابی سەرۆکی حکومەت و جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری سامانە سروشتییەکان نوسخەی ئەم پرسیارانەی ئێمە لەبەر دەستی جەنابتاندایە، بۆیە هیوادارین کە وەڵامان دەست بکەوێ، ئەگەر مومکین بێ لێرە لە هۆڵی پەرلەماندا وەڵامان دەست بکەوێ زۆر باشترە، چونکە تێبینیەکان پێشتریش باسکراوە، بەڵام هەندێکی تازەیە، ئەو ژمارانەی لە دوایین راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا هاتووە باس لەوە دەکات، بۆ نموونە دەڵێ ڕێژەی ڕۆیشتنی ڕۆژانە هێڵی بۆڕی نەوتی خاوی کوردستان بۆ تورکیا لە (١٨٥) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەوە لە ئابدا بۆ نزیکەی (٣٠٠) هەزار بەرمیل

نەوتی رۆژانە لە حەفتەی یەکەمی تشرینی دووەمدا زیادی کردووە، ئەم زیادبوونەش بە رێژەی لە (٦٠٪)ە لە چوار مانگی پێشوودا، واتە لە مانگی (٨)ی ساڵی (٢٠١٤) رێژەی هەناردەی نەوتی رۆژانە (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوت بووە، بە پێی هەمان راپۆرت کۆی هەناردەکراو بریتیە لە کانونی دووەمی (٢٠١٤)ەوە نزیکەی (٣٤,٥) ملیۆن بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەکراوە، ئەگەر بێت و تەنها تا کۆتایی تشرینی یەکەم هەژمار بکەین واز لەو چەند رۆژەی مانگی تشرینی دووەم بێنین، واتە لە کانونی دووەمەوە تا کۆتایی تشرینی یەکەم بڕی هەناردەکراو بەم شێوەیەی لای خوارە بووە، لە کانونی دووەمەوە تا کۆتایی مانگی تەموز کە دەکاتە (٢١٢) رۆژ، بە پێی راپۆرتی وەزارەت رۆژانە (١٨٥) هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە هەناردەکراوە، ئەگەر هاوکێشەکە بەکار بێنین کە کۆی بڕی هەناردەکراو بە حەوت مانگ یەکسانە بە بڕی هەناردەی رۆژانە زەربی کۆی رۆژانەی رۆژەکانی ئەو ماوەیە، لە مانگی یەك تاوەکو مانگی حەوت یەکسانە بە (١٨٥) هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا زەربی (٢١٢) رۆژی بکەی دەکاتە (٣٩٢٢٠٠٠٠) بەرمیل نەوت، هیوادارم جەنابی وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەم رەقەمانەمان بۆ راست بکاتەوە، ئەگەر هەڵەبین، لە سەرەتای مانگی ئابەوە تاوەکو کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم دەکاتە (٩٢) رۆژ بە پێی راپۆرتی وەزارەت، رۆژانە (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردەکراوە ئەمە بە پێی ئەرقام و ژمارەی راپۆرتی وەزارەت، کۆی بڕی هەناردەکراو بۆ سێ مانگ یەکسانە بە بڕی هەناردەکراو زەربی کۆی رۆژەکان، واتە (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوت زەربی (٩٢) رۆژی بکەی دەکاتە (٢٧٦٠٠٠٠٠) بەرمیل نەوت، کۆی پوختەی هەناردەکراو بۆ (١٠) مانگی (٢٠١٤) یەکسانە بە (٣٩٢٢٠٠٠٠ + ٢٧٦٠٠٠٠٠) کە دەکاتە (٦٦٨٢٠٠٠٠) بەرمیل نەوت، بە پێی ئەو ژمارەیەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گوایە لەو ماوەیەدا بڕی (٣٤٥٠٠٠٠٠) بەرمیل نەوت هەناردەکراوە، بەڵام لە راستیدا ئەم ژمارەیە بە پێی ئەو حیسابەی کە کرا کەمترە وەك لەوەی کە دەرچوو، فەرقەکە لە نێوان ئەوەی کە ئێمە حیسابمان کردووە و لە نێوان ئەوەی کە وەزارەت ئیعلانی کردووە لە راپۆرتەکەدا (٦٦٨٢٠٠٠٠) کەم (٣٤٥٠٠٠٠٠)، (٣٣٣٢٠٠٠٠) بەرمیل نەوت فەرقی هەیە، ئینجا بۆیە داوای راست کردنەوە دەکەین، داوای روونکردنەوە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین راستییەکان لە کوێدایە؟ دووەم: بە پێی هەمان راپۆرت کۆی ئەو پارەی وەرگیراوە بریتیە لە (دوو ملیار و هەشت سەد و حەفتا هەزار) دۆلار ئەمە بە رەسمی ئیعلان کراوە لە راپۆرتەکەی وەزارەتدا، کۆی بەهای ئەو نەوتەی هەناردەکراوە بە نەقدی و بە شێوەی عەینی (٢,٨٧) ملیار دۆلارە کە لەو بڕە (٢,١) ملیار دۆلار بە نەقدی وەرگیراوە، (٧٧٥) ملیۆن دۆلار بە شێوەیەکی عەینی وەرگیراوە لە بڕی ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان، ئەمە دەقی راپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، گرنگ ئەوە نییە بە چ شێوەیەك وەرگیراوە، پێویستە بزانین کۆی ئەو پارەیەی کە وەرگیراوە، تەواوە یان نا؟ بە مانای ئەوەی ئەگەر کۆی داهاتی بەدەست هاتوو یەکسان بێ بە داهاتی نەختینە زائیدەن داهاتی تر ئەوە کۆی داهاتی بەدەست هاتوو یەکسانە بە (٢,١٠٠,٠٠٠٠٠٠) کۆی (٧٧٥,٠٠٠٠٠٠) کە یەکسانە بە (٢,٨٧٥,٠٠٠٠٠٠) کە لێرەدا (٥,٠٠٠٠٠٠) دۆلار لەگەڵ ئەو رەقەمەی کە وەزارەت لە راپۆرتەکەدا ئیعلانی کردووە جیاوازی هەیە، کەوابێ (٥) ملیۆن دۆلار فەرق لە کوێیە؟ سێیەم:

یەكێكی تر لە هەنگاوە كرداریە ژمێریارییە سەیرەكان كە تێبینیمان كردووە بەراستی ئەوەیە كە لە كاتێكدا وەزیری سامانە سروشتییەكان لە راگەیاندنەكانەوە ئەوەی راگەیاند كە نەوتی فرۆشراو هەمان نرخی جیهانی هەیە، بەڵام كاتێك كە حیسابی ئەو بڕەی كە فرۆشراوە و دابەشی دەكەین بەسەر ئەو بڕەی كە بەرهەمهێنراوە بۆمان دەردەكەوێت كە لە بڕی ئەوەی كە بە (١٠٠) دۆلار نرخی بەرمیلێك حیساب كرابێت، بەڵكو (٨٣) دۆلار حیساب كراوە ئەمە كاتێك كە دابەشی (٣٤,٥٠٠,٠٠٠) دەكەی بەسەر بڕی هەناردەكراودا، چەند پرسیارێك عەرز دەكەم سەبارەت بە سیاسەتی نەوت و غازی هەرێمی كوردستان، هەوڵدەدەم تەواوكاری قسەی ئەو بەڕێزانەبم لە پەرلەمانتارەكان كە قسەیان كرد لە فراكسیۆنە جیاوازەكان، یەكەم: بۆ ئەوەی دووبارەی نەكەمەوە، دووەم: بۆ جەخت كردنەوە لەوەی كە ئێمە پشتیوانی لە هەموو ئەو داواكاریانەی كە لە فراكسیۆنەكانی تریش كرا، چونكە بە رەوای دەزانین و هەمان بۆچوونی ئێمەشە، پلان كاتێك جیاوازیەكی زۆری دەبێ لەگەڵ واقیعدا پێویستی بە تەبریرە، پێویستی بە تەفسیرە، تەفسیری وەزیری سامانە سروشتییەكان پێمان دەڵێ شەڕی (داعش) وای لێكردین پلانمان بۆ وەبەرهێنانی نەوت لەگەڵ واقیعی حاڵدا كە ئەمڕۆ (٣٠٠) هەزار بەرمیلە جیاوازبێ، ئێمە لە مانگی چواری ساڵی (٢٠١٤) پلانی وەزارەتمان وەرگرت تاوەكو ساڵی (٢٠١٦)، لە مانگی چواری (٢٠١٤)دا بە ئێمە گوترا بە فەرمی كە لە مانگی شەشی ساڵی (٢٠١٤)، (٤٠٢) هەزار بەرمیل ئینتاج دەكرێ، یەعنی ئەوە داتاكە مەوجودە و (كاك علی)ش باسی كرد، دەتوانین بۆی بگەڕێینەوە لە مانگی چواردا بە ئێمە دەگوترێ كە لە مانگی شەشدا (٤٠٢) هەزار بەرمیل نەوت ئینتاج دەكرێ، ئێستا لە مانگی یازدەداین دەگوترێ (٣٠٠) هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنرێت، باشە، تەسریحی فەرمیمان هەیە لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەكان لە كاتی شەڕی (داعش)دا دەڵێ بە هیچ شێوەیەك بەرهەمی نەوتیمان تەئسیری لێ نەكراوە بە هۆی ئەم شەڕی (داعش)ەوە، تەسریحی فەرمی ئەوها دەڵێ، ئێستاش موبەڕیری جیاوازیەكی زۆر لە نێوان پلانی وەزارەت و لە نێوان واقیعی حاڵدا هەیە و پێویستی بە روونكردنەوە هەیە، دوو: سیاسەتی حكومەتی هەرێم چییە بەرامبەر بە وڵاتی ئێران لە رووی مامەڵەی نەوتی غازیەوە؟ ئێمە ئەوەمان بیستووە و داوای روونكردنەوەی لەسەر دەكەین كە ئێران مەرجی بە (بەڕێز عەبادی) داوە بەوەی كە ئەوەی هەرێمی كوردستان كردوویەتی لەگەڵ توركیا بە راكێشانی بۆڕی نەوت بە پرۆتۆكۆلی (٥٠) ساڵە، ئەگەر لەگەڵ ئێراندا نەكرێ (بەڕێز عەبادی) تۆش مووچەیان مەدەرێ، ئایا ئەمە راستە؟ ئایا ئێران فشاری ئەوها دەكات؟ سێ: سیاسەتی بەدیلتان چییە بۆ توركیا؟ واتە زەمانەتی بەردەوامی توركیاتان چییە بۆ جێبەجێكردنی رێكەوتننامە (٥٠) ساڵیەكەی نێوانمان؟ ئایا توركیا ئیحتیمالێك نییە لە هەر لەحزەیەكدا پاشگەزبێتەوە لەو رێكەتنەی نێوانمان كاتێك ئێمەش لەگەڵ بەغدادا ئەوە حاڵمان بێت؟ چوار: سەبارەت بە شەفافیەت، ئایا لە بەرنامەتاندا هەیە سەندوقی نەوت و غازی هەرێم دابمەزرێت؟ ئەوە باسمان كرد، پێمواپە جەنابیشتان باستان كرد كە سەندوقی نەوت و گاز و كۆمپانیاكان لە چوارشەممەدا پرۆژە یاساكانیان دەگاتە دەستمان ئەوە شتێكی باشە، پێنج: سیاسەتی پاراستنی سامانی خۆماڵیتان چۆنە؟ واتە

بەڕێزان جەنابی د.ئاشتی هەورامی دەتوانم بڵێم بە وردی ئاگاداری ئەوەیە کە (Drilling) و لە حەفریاتی نەوتدا بەرد کەشف دەکرێ، ئەو بەردە کۆدی مەعادن و کانزاکانی ئەو مەنتیقەیەی تێدایە، سیلعەی ئەو بەردە شتێکی زۆر گرانبەهایە، بە پێی ئەو بەدواداچوونانەی کە ئێمە کردوومانە لە هەموو وڵاتێکدا دەبێ ئەو بەردانە لە سەندوقێکدا، لە مەخزەنێکدا کۆ بکرێتەوە، ئایا ئەو بەردانەی لە بیرە نەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەرهێنراون لەلایەن کۆمپانیاکانەوە؟ ئایا لە هەرێمی کوردستاندا شوێنێکیان هەیە؟ چونکە ئەوە کۆد و ئەسراری مەعادن و کانزاکانی هەموو ئەو ناوچانەی تێدایە، ئێمە هەواڵمان پێ گەیشتووە کە نێردراوە بۆ ئەوروپا، بۆ وڵاتانی کەنداو، لە ناو هەرێمی کوردستاندا نییە، ئایا ئەمە تا چەند راستە؟ کێشەی کۆمپانیای (دانا غاز) لە بەرژەوەندی ئەوان لەلایەن مەحکەمەی بەریتانییەوە کۆتایی پێ هات، مەحکەمەی بەریتانی بڕیاریدا کە لە بەرژەوەندی ئەوان دابێت، حکومەتی هەرێمیش بڕی یەکەمی قەرەبووەکانی داوەتەوە لە کۆی زیاتر تەقدیری دەکرێ ئەو تەعویزەی کە  دەبێ بدرێتەوە بە کۆمپانیای (دانا غاز) زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن دۆلاری تەقدیرکراوە، کێ لێی بەرپرسیارە؟ بۆ ئەمە روویدا؟ حکومەت پلانی چییە بۆ دانەوەی ئەو بڕە زۆرەی قەرەبوو بۆ کۆمپانیای (دانا غاز)؟ لە کاتێکدا لە سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان راتان گەیاندووە کە (٤،٨) ملیار دۆلار کۆمپانیای (دانا غاز) قەرزارە، ئەی بۆچی ئێستا رێتان پێداون بەرهەم بفرۆشن؟ حەوت: سیاسەتی ژینگە پارێزیتان چییە بە تایبەت بەرامبەر بە داخستنی پاڵاوگە نا یاساییەکانی هەرێمی کوردستان؟ هەروەها بە چی گەیشت دوای ئەوەی بەڵێندرا کە تا کۆتایی ساڵی (٢٠١٤) دابخرێن؟ بۆ زانیاری بەڕێزتان دوێنێ پاڵاوگەیەکی نێوان دووبز و قوشتەپە سووتاوە و سێ تانکەریشی سووتاندووە، ئەمە چەند جارێك تەئکیدە لەسەر کراوەتەوە ئێمە ئەو پاڵاوگە نایاساییانە ئیجرائاتیان بەرامبەر بکرێ ، ئەوەی باشە بهێڵدرێتەوە ، ئەوەی کە نا باشە لابرێ ، ئایا مەسیری ئەو پاڵاوگانە گەیشتووە بە چی؟ بەرنامەی دابینکردنی خواستی ناوخۆ لە نەوتی سپی چۆنە؟ واتە پێشتر بەڵێنمان پێدرا کە نەوتی سپی لە مانگی (١٠)ی ئەم ساڵدا بۆ هاووڵاتیان دابین دەکرێ ، بەڵام تا ئێستا دابین نەکراوە ، هۆکارەکەی چییە؟ کەی دابین دەکرێ؟

٩- سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی دابەزینی نرخی نەوت چییە؟ واتا ئایا چۆن حیسابتان بۆ دابەزینی نرخی نەوتی جیهانی کردووە لە دابینکردنی مووچەی هەرێم؟ پێش بینیتان چییە بۆ (٢٠١٥)؟ واتا تا چەند دادەبەزێت بە پێی ئەو دراساتانەی کە هەیە تەوەقوعی (٧٠) دۆلار دەکرێ بۆ بەرمیلێك لە بیدایەتی (٢٠١٥)دا .

١٠- ئایا سیاسەتی قەرز کردن دەگرنە بەر؟ یان گیراوەتە بەر؟ وە مەرجەکانی قەرزدەرەکان چین؟ دیارە ئەو پرۆژەیاسایەش کە تەسلیمی پەرلەمان کراوە جێی خۆیەتی لەو بوارەدا.

١١- ئایا بەرنامەو هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی دەوروبەری عین زالە و کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانتان هەیە؟ واتا ئێستا ئێمە ئەو هەواڵانەی پێمان دەگا دەڵێ ئێستا ئەنێردرێ ، واتا ئێستا ئەڕوا ، لێی ئەڕوا ، ئایا ئەوە بڕیاری لەسەر دراوە؟

**١٢- سیاسەتی هەناردەکردنی گازی سروشتیتان هەیە؟ چی بۆ کراوە ؟ ئایا بۆڕی غازی سروشتی دروستکراوە؟ تەواو بووە؟ گەیشتووە بە چی؟**

**١٣- سیاسەتی توانا سازی و گەشەپێدان بەدەستی کاری خۆماڵی لە کۆمپانیا نەوتییەکان چییە؟ ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە کە ڕێگەوتنێك ، ئەمە بەڕێزان زۆر زۆر گرنگە سکالأیەکی زۆرمان پێدەگا لەسەر ئەوە ، ئەڵێ گوایە ڕێکەوتنێك لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ئاسایش و کۆمپانیا نەوتییەکان هەیە کە هەر کەسێك بە حەق بێت یان بە ناحەق ئاسایش تێبینی لەسەر دابنێت ئەوە نەك هەر وەرناگیرێت ، بەڵکو دەردەکرێت لەو کۆمپانیایە گەرچی چەندین ساڵ وەك نموونەترین کەسی ئەو کۆمپانیایەش کاری کردبێت ئەمەش دیسان گەڕاینەوە بۆ سزادانی سیاسی ، بەڕێزان شاهیدمان هەیە ، بەڵگەمان هەیە هەرکاتێك ویستتان دەتوانین بەرەو ڕووی لایەنی پەیوەندیداری بکەینەوە ، خەڵکانێك هەیە دەرئەکرێن لە کۆمپانیا نەوتییەکان ، خەڵکانێك هەیە سزا ئەدرێن کە بەدوای هۆکار ئەگەڕێن عیلەتەکەی ئەڵێ ئیتیفاق کراوە ئاسایش پێی وتووین کە قبوڵ ناکرێ؟**

**١٤- سیاسەتی بەرەنگار بوونەوەتان بۆ گەندەڵی چۆنە؟ واتا ئەوانەی مامەڵەی بازرگانیان لەگەڵ تیرۆرستانی داعشدا کردووە چیان لێکرا؟ دواین دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان گەیشت بەچی؟ من زۆر تەکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی زۆر هەستیارە ، ئەوەتا ڕاگەیاندن ناوەکانیشی بلأوکردۆتەوە ، ئێمە ئەمەانەوێ تەحقیق لەوە بکرێ ئەم ناوانەی کە لە ڕاگەیاندنەکاندا بلأو کراوەتەوە ، بیزەبت لە سایتی (چاوی گەل) ناوەکان بلأوکراوەتەوە کە مامەڵەیان لەگەڵ داعش کردووە بە بازرگانی بە بڕی بە کەمییەتەکەوە ئەگەر ئەتانەوێ ئەیخەینە خزمەتتان.**

**١٥- سەبارەت بە سیاسەتی لێپرسینەوەو شەفافیەت ، دوای ئەوەی کە دوومانگ لەوەو پێش بڕیاردرا لە کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمدا کە لەمەو دوا دیوانی چاودێری دارایی وردبینی لە داهاتوو خەرجی سامانە سروشتییەکان بکات ، بەڕێزان ئەو جوهدە زەخمەی کە ئامادەکرا بوو ، ئەو داتاو ڕەقەمە گەورانەی کە ئامادەکرا بوو بەڕاستی من وەکو خۆم ، وەکو سەرۆکی لیژنە ، وەکو پەرلەمانتار من کاتێك بڕوام پێ ئەبێ کاتێك دیوانی چاودێری دارایی ئەم هەرێمی کوردستانە پەسەندی بکات ، من ناتوانم ئەم هەموو وردەکارییە بچم تەدقیق بکەم ، بۆیە ئێستا گەیشتینە حەلێك لەگەڵ بەڕێزان کە لە هینەکە ، هیوادارین ئەو ئالیەتە بۆ تەقوییەی دیوانی چاودێری دارایی بێتە دی ، بەرەو کۆتایی ئەچم باسی کێشەی غاز و بەنزین کرا دووبارەی ناکەمەوە ، کوالێتی و جۆری بەنزین بەڕێزان لایەزال لە زۆربەی شوێنەکانی هەرێمی کوردستان زۆر زۆر خراپە تاکەی ئەمە بەردەوام ئەبێت؟ ناهاوسەنگییەك هەیە بەڕێزان لە دابەشکردنی سووتەمەنیدا بۆ نموونە پارێزگای دهۆك تا ئەم لەحزەیە ئەگەر تەوزیعات بە پێی ژمارەی دانیشتوان بێ پارێزگای دهۆك حیسەی زۆر کەمترە لەو ڕێژەیەی وەکو ژمارەی دانیشتوان هەیە لە هەرێمی کوردستان ، دەمێکە ئەو پرسیارانەمان کردووە وەلأممان دەست ناکەوێتەوە ، بۆچی پارێزگای دهۆك لە هەموو پارێزگایەکانی تر بە پێی دانیشتوانەکەی ، بەپێی**

مەعایرەكان كەمتری بەردەكەوێ؟ ئاخر شتم پرسیارێكە كە بە نووسراوی ڕەسمی بە ئیمزای وەزیری سامانە سروشتییەكان لەبەر دەستدایە كە بە بڕی سەد ملیۆن لیتر نەوت كڕاوە لە كۆمپانیایی (Iraq oil) ئەم سەد ملیۆن لیترە بە (١٢٠٠) دینار كڕاوە ، ئەمە لە كاتێكدا لە بازاڕەكاندا هەر لە دهۆك بە (٨٠٠)و شتێكە؟ ئێمە بۆ لە كۆمپانیا (Iraq oil) بكڕین بە (١٢٠٠) دینار لە كاتێكدا لە بازاڕدا لە هەمان بازاڕی هەرێمی كوردستاندا بە (٨٠٠) دینارە ؟ بۆ غازیش بە هەمان شێوەیە ، ئاخر پرسیارم كە عەرزی جەنابتان ئەكەم سەبارەت بە هی بەڵێندەرانە ، ئەو بەڵێندەرانە بەڕاستی داوای ئەوە دەكەن كە ئەو موشكیلەی ئەو چەكەیان بۆ حەلبكرێ ، داوای ئەوە دەكەن كە ئەو مامەڵە كردنە بە چەك چارەسەركردنێكی مەعقولبێ لە نێوانیاندا چارەسەری ئەوە بكرێ ، ئینجا ئەو پرسیارەی كە بۆچی موجمەلی داهاتی باسكراو لە بانقێكی حكومی دانانرێت؟ بۆچی لە بانقی ئەهلی دائەنرێت؟ ئاخیر پرسیار باس لەوە نەكراوە توركیا چەند سوودمەند دەبێ لەو مەوزوعە؟ لەم مامەڵەی بەینی ئێمەو توركیا ، توركیا چەند سوودمەند دەبێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێزان ئێستا تەقریبەن چوار فراكسیۆنی پەرلەمان ڕای فراكسیۆنەكانیان باسكرد ، ئەندامانی لیژنەكان لەم چوار فراكسیۆنە ڕای فراكسیۆنەكانیان باسكرد ، بەڵێ ئەزانم ئەندامانی لیژنەكان ماون ، بەلاَم تكایە ئیتر بە كورتی ئەو بەڕێزانەی تر كە قسە ئەكەن قسەكانتان كورت بكەنەوە كە بەرنامەی كار ماومانە ، كاتیشمان زۆر كەم بەدەستەوەماوە ، بەڕێز كاك عبدالله حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاتنی سەرۆكایەتی وەفدی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە بۆچوونی من لەم كاتەدا لە جێگای خۆیدا بوو ، دەستخۆشی لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەكەین كە زۆر بە وردی باسی لە گیروگرفتەكانی ئەمڕۆی كوردستان كردووە ، ڕوونكردنەوەو سەرنجی باش درا هەم لە لایەن وەفدی حكومەتی كوردستان ، هەم لەلایەن پەرلەمانتاران ، دیارە ڕەوشی سیاسی كوردستان و هەناردەكردنی نەوت و پشتیوانی سیاسی و قانونی ئێمە لە كاتێكی ، لە هەل و مەرجێكی پێشووترا بڕیار لە هەناردەكردنی نەوت درا لەگەڵ فشارەكانی حكومەتی عێراق هەم لەسەرەتا و هەم لە ئێستادا ، هاتنی داعش و جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە ئەمانەش بۆخۆیان بە شێوازێك لە شێوازەكان كاریگەریان لەسەر ئابووری هەرێمی كوردستان هەیە ، بەتایبەتی هاتنی ئاوارەیەكی زۆر بۆ هەرێمی كوردستان ، بەشی زۆری هەوڵەكان بۆ ڕاگرتنی پرۆسەی سیاسی و دیموكراسی بۆ لەمپەر دانان لەبەردەم پرۆسەی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستان ئەمانە

هەموویان لەگەڵ زۆرێك لە ڕاو سەرنجی تری برادەران کە بووە مایەی گیروگرفتی دارایی لە هەرێمی کوردستان ، من چەند ڕاو سەرنج و پێشنیارێکم هەیە ، بوار نەدان بەناوی ئەنجومەنی وەزیران لەکات و ساتێکی گونجاوە نەبێت کە باس لەبواری دارایی هەرێمی کوردستان بکرێت کە سەرەنجام لە وتەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باسی لێوە کرد ببێتە مایەی گیروگرفت لە هەرێمی کوردستان ، کە لە کاتێکی وادا قسە بکرێت کە گیروگرفت و پێشهاتی ئابووری نەیەتە پێش بۆ هەرێمی کوردستان ، ئایا دادگای فیدراڵی عێراق چ ڕۆڵێکی هەیە لە یەکلایی کردنەوەی گرفتەکان؟ تا ئێستا کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو پێشلکارییە دەستوورییانەی کە لە عێراقدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان کراوە؟ هیوایەك ماوە وەکو پرسیارێك بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نە پچڕاندنی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراقی؟ ئەو هەوڵە دبلۆماسییانە باسکرا بەڕێزیشیان باسیان کردهەم ئەورووپا ، هەم ئەمریکا من پێشنیار دەکەم جمهوری ئیسلامی ئێرانیشی بخرێتە سەر ، چونکە بە شێوازێك لە شێوازەکان کاریگەریان لەسەر حکومەتەکەی ئێستای عەبادی هەیە ، ئایا دیراسە کراوە بە وردی وەکو برادەران باسیان کرد؟ مانەوەو نە پچڕاندنی لەگەڵ حکومەتی عێراقی لە داهاتوودا کە گرفتی دارایی نەیەتە پێش بۆ هەرێمی کوردستان ، چونکە وەکو دەبینین هاوولاتیانی کوردستان ئێستا کاریگەری زۆری دەروونیان لە ڕووی ئابوورییەوە لە سەرە تەمەنا ئەکەین دراسە کرابێ بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بە بڕیاردان لە مانەوەو پچڕاندنی لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەبەر ژەوەندی گەلی کوردستان بێ ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان پێشتر ڕایگەیاند کەلە مانگی ٢٠١٤/٦ کێشەی دارایی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبێت تەمەنا ئەکەین بە لەبەر چاوگرتنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە عێراق ، هەرێمی کوردستان ، هاتنی داعش ئەوانە لەبەر چاو ئەگیرێت ، بەس تەمەنا ئەکەین لە ئێستا بەدواوە بەو داتایەی بەڕێزیان باسیان کرد لە ئایندەدا بتوانین لەو کات و زەمەنەدا گرفتەکان چارەسەر بکرێ ، پرسیارێکی تریش بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان وەکو باسکرا من تەکیدی لێ ئەکەمەوە گرفتی دابەزینی نرخی نەوت لە ئایندەدا کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو هیڤا حاجی لێرە نییە ، خاتوو ڕۆژا محمود فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژا محمود عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر باسی یەکەم باس لە دانوستانا ، لەبەر ئەوەی کە دانوستان یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی کاری سیاسی ئەوە وەکو جەنابی سەرۆکی حکومەت باسی کرد کە بە سەعاتێك و دوو سەعات نابێ ئەوە چەندین دانیشتنی ئەوێ ، بەراورد بەو قوربانی و بەو شۆڕشەی کراوە لەپێشوو یەعنی ئەتوانم بڵێم وەلەو لە ماوەی ڕابردووا شکستمان هێناوە لە دانوستانەکاندا ، بۆیە پلانی تۆکمە تر ، بەرنامەی چڕ و پڕتر پێویستە بچن بۆ دانوستان ، سەبارەت بەوەی کە وەزیری سامانە سروشتییەکان کە باسکرا داهاتی نەوت کە

ئەفرۆشرێ دیسان ئەچێتەوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ، بۆچی ناچێتەوە سەر وەزارەتی دارایی؟ چونکە کاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تا ئەوەیە کە بفرۆشێ دوایی نەوتەکە لەبەر ئەوەی داهاتەکەی ئەبێ بچێتەوە وەزارەتی دارایی دواتر کولفەی ئەو وەزارەتە ، ئینجا ئەو تێچووانەی تری بۆ جیا بکرێتەوە ، سەبارەت بە سیاسەتی نەوت کە وەکو باسکرا من قسەکانی ترم هەمووی کران لە لایەن بەڕێزانەوە ، تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە بەگشتی لەسەر ئەوە داهاتی نەوت و ئەو داهاتەی کە هەبووە بەشێکی زۆر زۆری کە وازحە و دیارە هەم خەڵکیشی لێ ئاگادار نەبووە ، بەشێکی زۆری بەهەدەر چوو ، نەتوانراوە ژێرخانی ئابووری کوردستانی پێ دەوڵەمەندبکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو هیڤا حاجی فەرموو.

**بەڕێز هیڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنەکی گەرمی ئەنجومەنی نەوت و غاز ئەکەین ، بەتایبەتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە لەم کاتە هەستیارەدا لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگ لەپەرلەمانی کوردستان ئامادەیی هەیە ، بە پێویستی ئەزانین ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بیخەینە بەردەستی بەڕێزتان: یەکەم " بە نەفەقاتی سیادی و حاکیمە کە ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندایە کە ئێستا گەیشتووتە ٢٧٪ کۆی بودجەی گشتی عێراق ، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بودجەی سیادی بە هیچ شێوەیەك بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی نادرێت ، بۆیە پێمان باشە کەوەفدی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان کە دەچێتە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی یەکە بە یەکەی خاڵ و بەندەکانی ناو نەفەقاتی سیادی پێناسە بکەن بۆ نموونە کە دەڵێی نەفەقاتی دەستەی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە ، یان کە دەڵێین نەفەقاتی ئەنجومەنی نوێنەران لەهەمان کاتدا پشکی پەرلەمانی کوردستانیش دەگرێتەوە ، لە نەفەقاتی سیادی کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دەنێردرێتن ، بەم شێوەیە بۆ هەموو بەندەکانی دیکەش کە نەفەقاتی سیادیان بۆ تەرخان دەکرێتن لە پێش هەموویان نەفەقاتی سیادی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

دووەم: ئەگەر نەتوانرا پشکی هەرێم لە نەفەقاتی سیادی دیاری بکەین ئەوا باشە هەرێمی کوردستان دوو هەنگاو بگرێتە بەر ا : جەخت لەسەر ئەوە بکرێتن کە پشکی هەرێمی کوردشتان ١٧٪ لەکۆی بوودجەی گشتی عیراق دابێت ، پێش جیاکردنەوەی نەفەقاتی سیادی حاکیمە هەروەك لە ڕاپۆرتەکەشمان ئاماژە پێکرابوو ، ب : هەوڵبدات نەفەقاتی سیادی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبکرێتەوە ، کە ئێستا ئاماژەمان پێدا ٢٧٪ واتە لە ڕێژەی ١٥٪ زیاتر نەبێت کە ئەمەش بارگرانییەکی ئێجگار زۆرە لەسەر گەلی عیراق بەتایبەتی هەرێمی کوردستان ، سێیەم: جەخت لەسەر ئەوە بکەین کاتێك کە نەفەقاتی حاکیمە بڕە پارەیەك بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان دەکا لە بەندێکی دیاریکراویدا بۆ نموونە لە بواری کارەبا نابێت

حكومـەتی عـیراق مـافی موناقەلـەی ئـەو پارەیـە بـۆ سـێکتەرێکی دیکـەی هـەبێت ، دەبێـت ئـەم پارەیـە بـۆ هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە.

چوارەم: پێمان باشە وەفدی دانوستانکاری کوردستان یـەکێك لـە خاڵـە هـەرە سـەرەکییەکانی بـریتی بـێ لـە قەرەبووکردنی گەلی کوردستان لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی کە ڕژێمی پێشوو دەرهەقی کردووین لە ئەنفال و کیمیاباران و خاپوور کردنی گوندەکان و ڕاگواستنی بەزۆر ، هەر وەك چۆن عیراق قەرەبووی کوێت دەکات بە ڕێژەی ٥٪ بەهەمان شێوەش بە پێی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەسەلاتی ئێستای عـیراق پابەنـد بێت بە قەرزی گەلی کوردستان.

پێنجەم: خاڵێکی دیکە کە بە گرنگی دەزانین لێرە باسی بکەن هاتنی ئـەو ڕێـژە زۆرە ئاوارەیـە بـۆ هـەرێمی کوردسـتان کـە نزیکـەی دوو ملیـۆن کـەس دەبـێتن ، لـەم ڕێژەیـەش بەشـێکی زۆریـان لـە شارەکانی عـیراق هاتوونەتـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان ، بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانـین حکومـەتی عێـراق بەشـی سـەدان هـەزار هاووڵاتی عیراقی بنێرێتە هەرێمی کوردستان ، بەڕاستی بۆ ئێمە جێگای پرسـیار و سـەرنج و سەرسـوڕمانە کە حکومەتی عیراق ئامادەیە مووچەی فەرمانبەران بنێرێتە موسڵ کە لە ژێـر دەسـتی داعـش دانـە، بـەڵام ئامادە نییە یەك دینار بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بـەڕێزان سـەرۆکی حکومـەت، جـێگیری سـەرۆکی حکومـەت ، وەزیـرە بـەڕێزەکان ، شـاندەکەی هاوڕێیان دەکەم، سەرەتا پێش ئەوەی قسەی تەخەسوسی بکەم ئەمەوێ یـەك، دوو سـەرنج بڵـێم کـە ڕەنگـە هەردووکیان سەرنجی سیاسی بن ، یەکەمیان ئێمە لە فراکسیۆنی سـەوز خـۆمـان بـە شـەریکێکی سـتراتیژی، حزبەکەمان بە شەریکێکی ستراتیژی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەزانین ، بەرپرسین لە شکست و کەم و کورتییەکانی ، خۆشمان بە خاوەن بەختەوەری ئـەزانین ، بـەخاوەن سـەروەرییەکانی پرۆسـەی نـەو ، سیاسەتی نەوت لە هەرێمی کوردستان ئەزانین ، ئێستا بۆیە ئـەو قسـەیە دەکـەم ئێمـە ئێسـتا لـە قۆنـاغێکی زۆر موفسـەڵی و زۆر گـرنگ و یەکلاکـەرەوە دایـن ، نـابێ کـەس لەبـەر پرسـیاریەتیەکانی بچـێتە دەرەوە هیـوادارم شـەریکەکانی تـریش ، هاوڕێکـانی ترمـان ، دۆسـتەکانی ترمـان ، هـەموو هاوڕێیانمـان لـە فراکسیۆنەکانی تـر ئەگـەر ئێمـە سـەرکەوتوو نـەبووین بـە پێشـنیاریەکانیان وابکـەن سیاسـەتی حکومـەتی هەرێمی کوردستان لە کـەرتی نەوتـدا سـەرکەوتوو بـێ ، کـەم و کورتییـەکانی پڕبکرێتـەوە ، دوو" ئەمـەوێ سەرنجی بەڕێزتان بۆ خاڵێکی تر ڕابکێشم ئەویش ئەوەیە دەست پێشخەری هـەردوو لیژنـەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لەگەڵ دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان بۆ ئامادەکردنی یان بـە ئامـادەبوونی بەڕێزان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە ئەنجومەنی هەرێمی بـۆ ئامادەکردنی وەرەقەیـەکی هاوبـەش

بووە بۆ دانوستان ، ئامانجی سەرەکیمان بووە لە فراکسیۆنی سەوز کە وەفدەکەی هەرێمی کوردستان کە ئەچێتە دانوستان وەفدێك بێ کە پشت ئەستووربێ لە ڕووی سیاسییەوە بە ڕەئی و بۆچوونە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان ، بەڕێزان ئێمە هەمیشە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دەمانەوێ سیاسەتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا سیاسەتێکی سەرکەوت و بێ ، کەم و کوڕی و کەم و کورتییەکانی چارەسەر بکرێ ، بۆ ئەو مەبەستە ، بۆ ئەوەی ئێمە پشتیوانی ڕاستەقینەی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بین چەند سەرنجێکمان هەیە هەندێکیان لە شێوەی پرسیارە ، هەندێکیشیان ڕەنگە لە شێوەی تەعقیبابێ:

یەکەم: بەدامەزراوەکردنی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە لە فراکسیۆنی سەوز لەهەرە لە پێشینەترین ئامانجەکانمانە لە کەرتی ئابووری هەرێمی کوردستاندا، بۆیە بە خۆشبەختییەوە ئەو شەڕەفەمان پێ بڕا کە کەمێك پێشتر لە هاوڕێکانمان هەردوو پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت، کۆمپانیای (کۆپ کۆپ) پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەین کە لە خولی پێشووش پێشکەش کرا بوو، بەڵام ئێمە لە خولی چوار ئەو دەستپێشخەرییەمان کرد ، بەخۆشحاڵییەوە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەنەی من بزانم، زانیاریم هەبێ و داواکاریشم ئەوەیە کە ڕۆژی چوارشەمە ئەگەر پرۆژەکان ئامادەن بخرێنە دەنگدان ، بنێردرێن بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ئێمە دەسەڵاتەکانی کارکردن لە کەرتی نەوتدا دابەش بکەین بەسەر ئەو دامەزراوانەی کە لەناو یاسای نەوتدا هاتوون، چیتر کۆمپانیایەك هەبێ بۆ فرۆشتن ، کۆمپانیایەك هەبێ بۆ ئەوەی لە ٢٠٪ وەربگرێ ئەوەی کە لە بڕی باج وەریدەگرین، کۆمپانیایەك هەبێ بۆ دۆزینەوەو بەدوا گەڕان بۆ ئەوەی شەراکەت بکاو مونافەسە بکا ، سندوقێکیش هەبێ بۆ ئەوەی ئیتر بە شەفافانە داهاتەکانی تیادا کۆبکرێتەوە ، ئیتر ئەرکی ئێمەی چاودێری پەرلەمانتارانیش کەمێك سووکتر بکا ، ئەم کەرتە ڕێڕەوی خۆی بگرێ لە ڕووی دامەزراوەییەوە ، خاڵێکی تر بۆ ئەوەی خواستی پەرلەمانتاران ، پەرلەمان بێتە دی لە پشتگیری کردنی تەواوەتی پرۆسەی نەوت لە هەرێمی کوردستان ، ئێمە پێویستیمان بەوەیە دەوڵەمەندبکرێین بە وردترین زانیاری کە پەیوەندی بەم کەرتەوە هەبێ ، دەبێ بزانین لە هەموو کەناڵەکانی ئەم کەرتەدا چی ئەگوزەرێ ، بە نموونە ئێمە حەقی ئەوەمان هەیە بزانین ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستە ، ئەو پرۆتۆکۆلەی (٥٠) ساڵەیی کە کراوە لەگەڵ تورکیا چییە؟ گرێنتییەکانی چین؟ گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان و نەخشەی ناوچەکە چ کاریگەریەکی لەسەر ئەو ڕێکەوتنە ئەبێ ، ئایا ناکرێ کۆپییەکی ئەو گرێبەستە لای پەرلەمانتاران بێ؟ پێداگیری ئێمە ئەوەیە لە فراکسیۆنی سەوز کە ئیتر هەرچی ڕێکەوتنێکە چارەنووسازی لەم شێوەیە کرا پەرلەمانی کوردستان مافی ئیقرار پێکردنی ئەو ڕێکەوتنامانەی پێبدرێ نەك تەنها ئاگاداری، بەڕێزان ئێمە لە لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکان بەختی ئەوەمان هەبوو کە ڕەنگە جیا لە هاوڕێکانمان هەندێ زانیاریمان دەستکەوتبێ ، لەناویان ئەم ڕاپۆرتە کە تایبەتە بە پلان و پێشبینیەکانی بەڕێزان لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ بەرهەم و بۆ داهات ، ڕاگەیندراوێکیش لە ١١/٧ بڵاوکراوەتەوە جێی داخە بەرهەمی واقعی لەگەڵ ئەو پلانەی کە پێشتر دانراوە لە هەندێ شوێندا بۆ نموونە لەمانگی (١١) ئاستی شکستەکەی یان با

بلێین وێکنەهێنانەوەکەی گەیشتۆتە لە ٦٣٪ ، بۆ نموونە لە پلانەکەدا هاتووە لە تشرینی دووەمدا بەرهەمی نـەوت ئەبێتـە (٧٩٠٠٠٠)هـەزار بـەرمیل نـەوت ڕۆژانـە، بـەلاَم لـەڕووی واقیعییـەوە ئێمـە ئێسـتا وەکـو لـە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە (٣٠٠٠٠٠) هەزار بەرمیلمان هەیە ، کەواتە ڕێژەی کورتهێنانی پلانەکە بە نیسبەی لە ٦٣٪یە کە ئەمە لە ڕاستیدا جێگای نیگەرانییە هەرچەندە ئەمـە بۆخۆی پلانـە ، ئـەوەی لەبـەر دەسـتی ئێمەیە تاکو کۆتایی ٢٠١٦ نرخی نەوت بە (١٠٠) دۆلار خەملێنراوە ، مـن ئـەو پرسـیارە ئەکـەم ئـاخۆ بۆچـی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشبینی و یـان تەسـەوراتی ئـەوی نـەکردووە کـە تێکڕاییـەك دابنـێ لـەوە کەمتر سەبەبەکەی چییە؟ یان ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە موتەقەوع نەبوون؟ یـان لـەناو پێشـبینیەکان نەبوون؟ لە ڕاپۆرتی پێشبینی کردنی بەرهەما دوورو درێژ باس لە بەرهەمی کێڵگەکانی کەرکووك نەکراوە ، بەلاَم ئێستا بەبەرهەمی ئەو کێڵگانەشەوە ئێمە بڕی بەرهەمەکەمان ئەو بڕەیە کـە ئـەمن باسـم کـرد کـە لەگـەڵ پلانەکـەیا نایەتـەوە ، بۆیـە ئێمـەی پەرلـەمانتاران ئەمانـەوێ جۆرێـك لەمتمانـە وەربگـرین ، ئـەو نیگەرانیانەمان برەوێننەوە بە پێدانی پلانی کەمێك ورتـر ، نزیـك تـر لـە واقـع کـە هیـوادارم لـە ئاینـدەیا ئەمـە تاڕادەیـەکی زۆر سـەرکەوتووبێ ، بابـەتێکی تـر لەهـەرێمی کوردسـتان ئێسـتا لـە قـەیرانێکی تاقـە تڕوتێندایە (ماڵی سپیش بۆ ڕۆژی ڕەشە) ، پێشبینی ناکرێ هـەرێمی کوردستان ڕووبـەڕووی دۆخێکـی لـەم دۆخە قەیراناوی تر ببێتـەوە ، تەسـەور نـاکرێ ، پرسـیارەکەی مـن ئەوەیـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان خاوەنی پێـنج ملیـۆن دۆلار بەخشـیش و پـارەی بـۆ نـەس بـووە کۆمپانیاکـانی نـەوت یـەعنی لـە مەرحەلـە جیاوازەکانی گرێبەستدا وەرگیراوە ، من ئەزانم بایی ئەوە زانیاریم هەیە ، بەشێکی بۆ پرۆژەکانی ڕێگاوبـان ، زانکۆکان ، پرۆژەی ستراتیژی گرنگ بەکار هاتوون ، هەروەها بڕێك لەو پارەیەش دراوە بە کەرتی تایبـەت ، بەلاَم لەم ڕووەوە چەند پرسیارێکی وردم هەیە ، ئێستا چەندێك لەو پارەیـە مـاوە؟ وردەکـاری ئـەوەی کـە خەرج کراوە چییە؟ دەزانم لێرە باس ناکرێ بەلاَم هیوادارم بە ڕاپۆرت بگا بەدەسـتی پەرلـەمانتاران ، خـۆ ئەگـەر بڕێـك لـەو پارەیـە مـاوە بۆچـی بـۆ پـرۆژە گرنگـەکان و حەیەوییـەکانی وەك پاككردنـەوەی ئـاوی خواردنەوەی شارەکان و پێداویستی نەخۆشخانەو خوێندنگاکان خەرج ناکرێ ، هەندێ لە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ کەم ناکرێتەوە؟ مەسەلەیەکی تر کەئەمەش بۆ من گرنگە لەبەر ئەوەی پەیوەنـدی بـە سـومعەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە هەیـە ، لـە گرێبەسـتکردن لەگـەڵ کۆمپانیـا گرنگـەکان ، کۆمپانیـا نێودەوڵەتییەکانی بواری کاری نەوتی ئێستا لە هەندێ لەو ناوچانەی کە کۆمپانیاکـانی نـەوت کاریپشـکنین و بەدواداگـەڕانی تێـدا ئەکـەن جۆرێـك لـە کێشـەو بەریەککـەوتن لـەنێوان کۆمپانیـا و خـەڵکی ناوچـەکەدا دروست بـووە ، بـۆ نموونـە وەزارەتـی سامانەسروشـتییەکان گرێبەسـتی لەگـەڵ کۆمپانیـای گـاز پـرۆم ئیمـزا کردووە بۆ ئەوەی لـە (ناحیـەی مەیـدان و بنـاری بـەمۆ) لـە ڕێگـای کۆمپانیـای (global geophisical service) لە کەرتی هەڵەبجە (two disaous block) کاری پشـکنین لـە (٤٨) گونـدی ناوچـەکە بکـەن کە من خۆم خەڵکی ئـەو گوندانـەم ، بـەلاَم ئێسـتا بەریکەوتنـەکی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان خـەڵکی ناوچـەکەو کارمەندانی کۆمپانیایەکـەدا هەیـە و بەداخـەوە هەنـدێ لـە میـدیا جیهانییـەکانیش لـەو ڕووەوە ڕاپۆرتیـان

بلاوكردۆتەوە من بۆخۆم ڕاپۆرتەكەم بینیوە ، راوێژكارانی لیژنەكەمان لیژنەی سەرچاوە سروشتییەكان بەدواداچوونی جدییان بۆ ئەمە كردووە پرسیارەكەم لێرە بە دەقیقی ئەوەیە ئایا وەزارەتی سامانە سروشتییەكان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخانەدا دەكات؟ ئایا تیمی تایبەت بە دانوستان و چارەسەری كێشەكانی لەو جۆرەتان هەیە؟ بەتایبەت كە خەڵكی ناوچەكان ئێستا وشیارن ، ئەزانن كە كاری كۆمپانیاكانی نەوت واتا پاوانكردنی دەیان دۆنم زەوی ، بۆ ئۆفیسی ستاف و پاسەوان ، بیر لێدان ، بۆڕی ڕاكێشان ، پشتێنەی ئەمنی ، كۆگا ، فڕێدانی پاشماوە ، ڕێگاوبان بۆ كۆمپانیاكان ، هەڵكەندنی زەوی تێكدانی ڕێگاوبانی گوندەكان و باغ و باخچەكانیان ، پیسكردنی ژینگە ، دووكەڵ ، ژاوەژاو ، تا دوایی ، حكومەت سیاسەت و میكانیزمی بۆ دڵنیایی بەخشین بە گوند نشینەكان بەوەی لە زیانەكان قەرەبووی شایستە وەردەگرنەوە ، سەرچاوەی ئاوەكانیان پارێزراو دەبێت و ژینگەكەیان بە جۆرێك تێك ناچێت كە دواتر نەناسرێتەوە ، من ئەزانم لە ناویاسایەكەدا ئەمانە بەدەق هاتوون ، بەڵام داواكارم وەزارەتی سامانە سروشتییەكان ستافی خۆی لەو ڕووەوە دەوڵەمەند بكا ، چونكە یەكێك لەو مەسەلانەی كە لەوێ باس دەكرێ غیابی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان و حكومەتە لە دروستكردنی لە جۆرێك لە زمانی تێگەیشتن لە نێوان گوند نشینەكان لەگەڵ كۆمپانیاكان ، من بۆخۆم خەڵكی ئەو گوندانەم ، بەڕێزان ئێمە لە فراكسیۆنی سەوز مەبەستمانە لە بڕی ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ٢٠٪ پارە بەناوی كۆمپانیا نیشتمانی وەربگرێ كە دروستمان نەكردووە ئێمە ئەو كۆمپانیایە دروست بكەین لێرە ئەندجامەكانی هەڵبژێردرێن بۆئەوەی دواجار ئێمە نەتوانین وەكو پەرلەمانتاران قسە لەسەر ئەو بڕە پارانە بكەین ، سەرنجێكی ترم هەمان پرسیاری ئامادەبوونی پێشتری بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەكان دووبارە ئەكەمەوە ، سەبارەت بە ڕاگرتنی بەلانس لەنێوان گرێبەستەكانی پشكنین و بەرهەمهێنان و گەشەپێدان ، لەگەڵ كار كردن بۆ دابینكردنی گشت جۆرەكانی سووتەمەنی بۆ بەكاربردنی ناوخۆیی بۆ هەرێمی كوردستان بە نرخێك كە لەگەڵ دۆخی ئابووری خەڵكی هەرێمی كوردستاندا بگونجێت ، لە بەنزین ، گازوایل ، نەوتی سپی و غازی ماڵان ، ئەپرسم بەڕێزتان لە ٢٠١٤/٦/٤ كە لێرە ئامادەبوون تا ئێستا چ هەنگاوێكی عەمەلی نراوە بۆ دروستكردنی پالاوگە؟ بۆ ئەنجامدانی گرێبەست؟ بۆ دابینكردنی باشتری پێداویستییەكانی خەڵكی كوردستان؟ من دەستخۆشی لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەكان دەكەم سەبارەت بە پلان و ستراتیژی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بەپێی ئەم زانیارییانەی ئەمڕۆ خستیە ڕوو ، جێگای ئیهتیمامی هەموومانە ، بەڵام یەك پرسیارم هەیە لەو ڕووەوە ، ئایا حكومەتی هەرێمی كوردستان لەكاتی جێبەجێ نەكردنی ئەو ستراتیژ و پلانە بەدیل و ئەلتەرناتیفی بۆ ئەو مەسەلەیە چییە؟ بەدیل چییە ئەو پلانەی بەڕێزتان عەرزتان كرد ئێمە ئەزانین لە حاڵەتی ناقسەوە وردە وردە چووینە حاڵەتێك كە چووینە حاڵەتی زائید وەفائیزمان هەبوو ئەگەر ئەمە نەكرا؟ ئێمە لە فراكسیۆنی سەوز پرۆژەیاسامان درافتمان بۆ كۆمپانیای (كۆمۆ) ئامادەیە هیوادارم بە دەستخۆشییەوە چۆن انشاءالله چوارشەمە هەردوو پرۆژە یاسای (سندوق و كۆپ كۆپ)مان بۆ ئەنێرن وەختێ كۆمۆشمان بۆ ناردن هەر بەدەستخۆشییەوە زوو

بۆمان بنێرن وەكو هەنگاوێكی تەشریعی فیعلی بۆ ئەوەی پشتیوانی لە سەربەخۆبوونی هەرێمی كوردستان بكەین ، بە بیر بەڕێزتانی دەیخەمەوە كە ئاخیرجار ئێمە لەگەڵتان دانیشتین وتمان ئێمە لە فراكسیۆنی سەوز لەگەڵ جەنابی كاك دكتۆر عیزەتدا نامانەوێ سازش بكرێ ، هاو هەڤاڵەكانم لە فراكسیۆنەكانی تریش حكومەتی هەرێمی كوردستان وەفدی دانوستانكار سازش بكا لەسەر هەنگاوەكانی سەربەخۆكردنی ئابووری لە هەرێمی كوردستان ، چونكە خەڵكی كوردستان باجە زۆرەكەی داوە كەمێكی تر ماوە انشاءالله تەحەمولی ئەكەین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕیزان سەرۆكی حكومەت و جێگر و وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم ، زۆر بەكورتی ئێمە وەكو فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز سەرۆكی حكومەت و وەزیری سامانە سروشتییەكان دەكەین ، پرسیاری یەكەمان كە پرسیارێكی سیاسییە ئاراستەی سەرۆكی حكومەتی دەكەین كە ئەویش گرنگە مەوقیفی ئێستای ئەمریكا بزانین لەمەڕ ئەو هەڵوێستانەی عیراق بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان ، ئایا ئەمریكا لەسەر مەوقیفی پێشینەی خۆی ماوە؟ یان ئەوەتا گۆڕانكاری بەسەر مەوقیفەكەیدا هاتووە؟ جا ئەگەر پێیان بڵێی ئاگایان لێرەبێ ، باشە ، پرسیاری یەكەم دووبارە كەمەوە باشە بۆ سەرۆكی حكومەت ، مەوقیفی ئەمەریكا گرنگە بزانین ، ئایا لەسەر سیاسەتی خۆی ماوە بەرامبەر عیراق و هەرێمی كوردستان؟ یان گۆڕانكاری بەسەر سیاسەتەكەیداهاتووە لەگەڵ شەڕی داعش؟ چونكە مەوقیفەكەی پێشی ڕوون و ئاشكرا بوو بۆ هەموولایەكمان كە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەی دانەبوو كە هەرێمی كوردستان بەشدار نەبێتن لە حكومەتەكەی عەبادی ، بەلام پاش ئەو وەعد و بێ بەڵێنانەی حكومەتەكەی بەغدا بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان مەوقیفی ئەمریكا وەكو خۆیەتی؟ یان گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە؟ پرسیاری دووەمان ڕازی نەبوونی بەرپرسانی هەرێمی كوردستان بەو دەستی دەستی پێكردنە و چوونە ژێرباری ئەركێكی قورس لە داهاتوو؟ پرسیاری سێیەمان كێشەی بەنزین گوترا دوومانگ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەكان وەكو تەجروبەیەك لە هۆڵی پەرلەمان ئیشارەتی بەوەدا كە دوومانگ بەنزین سیعرەكەی بەرز دەبێتەوە ئەوە بۆ تەقریبەن سێ مانگ و چوار مانگیش ڕۆیی ئایا پلانی چییە بۆ داهاتوو گرانتر دەبێت؟ یان ئەوەتا سیعرەكەی دێنیتە خوارەوە جارێكی تر؟ پرسیارێكی دیكەمان هۆكارەكانی كێشەی غاز چییە لە هەرێمی كوردستان؟ هیوادارین لێتانی ببیستین ، پرسیارێكی دیكەم ئێمە چۆن دەتوانین دەستەبەری بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان بكەین؟ ئەو پرسیارە لە برای بەڕێزم وەزیری دارایی دەكەم باسی بودجەی بەغدای بۆ كردین ، بەلام ئیشارەی بە شێوازی دەستەبەر كردن و دابینكردنی بودجەی هەرێمی كوردستانی بۆ باس نەكردین ، هیوادرام وەلامەمان بداتەوە ، پرسیاری

حەوتەم و کۆتایی لە پرسیارەکان ، دوو پێشنیارم بۆ چارەسەر هەیە وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ، ئەو داتایانەی بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان جێی دڵخۆشین وە دەستخۆشی لێدەکەین ، بەڵام پرسیارێك لای ئێمەو لای خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر مەبەستە دوا وادوا کۆتایی و کۆتایی هێنان بەو قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستان کەی دەبێت؟ دوو پێشنیاریشمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی کە تێی کەوتووین ، پێشنیارێك بۆ حکومەتی بەرێزی خۆمان ، پێشنیارێکیش بۆ پەرلەمانی کوردستان کە خۆمان ئەندامین لەو پەرلەمانە ، پێشنیارمان بۆ حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە بە جدی چاو بخشێنێتەوە بەو وەزارەتانەی کە ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنەکان گوێ بیستی بوون کە باسی (١٠٠٠٠ ، ١٢٠٠٠ ، ١٤٠٠٠) کەمتر و زۆرتر دەکرێ بن دیوار هەیە ، ئەگەر ئەو بن دیوارانە ڕاستەقینەنەو حەقیقەتێکە هەموو وەزارەتەکانیش من ناوی هیچ وەزارەتێك ناینم ئەوا ئەتوانم بڵێم دەخلێکی زۆر و پارەیەکی زۆر بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە و دەتوانین قەرەبووی زۆر شتی پێبکەینەوە ، پێشنیاریشم بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموولایەکمان و سەرجەم فراکسیۆنەکان ، ئەوەی کە بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان زۆر بەجدی پڕۆژە بڕیارێك لەو پەرلەمانە دەربچێتن بۆ پێدا چوونەوەی مووچە باڵاکان هەر لە سەرۆکی هەرێمەوە لە بەرێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتەوە ، وەزیرە بەڕێزەکان ، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ، پێداچوونەوە بکرێتن بۆ خانەنشینە پلە باڵاکان کە پارەیەکی زۆر وەردەگرین هەموو لایەکمان ، ئەو پێداچوونەوەیە قەناعەتم وایە دڵی خەڵکیش خۆش دەکاتن ، کەلێنێکیشی پێدەگرین ، والسلام علیکم وبرکاتە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تشتە من دڤێت کو ئیشارە پێبکەم کێشا مە لگەل عیراقێ ، وەکو دیارە ژئاخافتنێ بەڕێز سەرۆکێ حکومەتێ و وەزیرێن بەڕێز ئەڤ ئەنجامێ هەتا نووکە مەدیتین کێشا مە لگەل عێراقە نەك کێشەك دەستووری و قانونی وە مەسەلەیەت ئەرقامانن ، ئەگەر عیراق عەقلیەت و نیەتەکا پاك هەبا گەلەك ب سانایی دچەن کۆم بینا ، چەند لیژنەی پسپۆر ئەڤ کێشە ب سانایی دهاتە چارەسەرکرن ، بەس دیارە ل عیراقێ عەقلیەتەکا مەرکەزی لسەر ئینکارا کوردا ، لزروفەکێ گەلەك تەنگدا کو کوردستانێ ئێخستی ژێر دورپێژەکا ئابووری وەکی هەڤالاْ ژ ئیشارەت پێکری کو زێدەتر (١٥٠٠٠٠٠) هەزار ئاوارە ل کوردستانێدا هەین ، دوژمنی تیرۆریستی داعش کو هێرشێن بۆ سەر ئەمنییەتا عیراق و کوردستانێ دکا دیسا دگەل زروفێ بەرتەنگەدا عیراق ئامادەنینە پێنگاڤێك بێتە پێش ، دیتنا من ئەگەر ژ ئەڤرۆ پێڤەتر ژ گەل عیراقێ بگەهینە هەندەك ئەنجاما ژی نەتیجەیەکا باش نابت بۆ بەرژەوەندیا خەلکێ کوردستانێ ، یا پاش ئەوە

ئەگەر حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ بشێت مووچە و بودجەی خەڵکێ کوردستانێ دابین بکات ئەگەر وەکو پێویستیش نەبت کەمتر بت ژ وێ رێژا کو عیراقێ تێت ، گەلەك باشترە کو ئەم بەرەو سەربەخۆیی ئابووری بچین نەك تەسلیمی عێراقێ بین وەکی گەلێ جاری دی ئەم تووشی کارەسات و مەشاکیلی گەلەك مەزن بین ، چونکی کێشا مە د گەل عیراقێ کێشا عەقلیەت و مێژوو و ئینکارا مە دکەت و مە قەبوڵ ناکات ، بەس بۆ هەندێ کو ئەم بشێن خزمەتا خەڵکی بکەین دڤێت ل کوردستانێ سیاسەتەکا شەفافتر هەبت ، کێشەی مە دگەڵ عیراقێ ئەگەر چارەسەر بن یان نە بەس دناڤ خۆدا مە گەلەك کێشەیەت مەزنێت هەین ، نەبوونا عەدالەتا ئیجتماعی ، نەبوونا سیاسەتەکا شەفاف ئەڤە یەت بینە رێگر ، ب دیتنا من ئەو کێشەین مەیت باشوورێ کوردستانێ ژبلی ئەڤ کێشا کو نووکە ژ عێراقێ و داعش بۆ مە پەیدا بینە کێشێت ناڤخۆینە ، ئەگەر ئەم بشێن برێکێن دورست ب ئیدارەیەکا سەردەمیانە ، ب سیستەمەکێ ساخلەم و مودێرن کێشێن خوەین ناڤخۆیی چارەسەر بکەین بێگومان ئەم دێ گەهین قۆناغێن گەلەك باشتر ، چونکە تەحەدیات ل رۆژ هەلاتا ناڤین و عێراقێ گەلەکن ئەگەر دناڤ خوەدا ئەم خودان سیستەمەکێ سەرکەفتی و ئێکگرتی و خودان گۆتارەکا سیاسیا هەڤگرتی نەبین گەلەك بزەحمەتە ئەم ژ دەرهەڤ دەربکەڤین ، دکتۆر (شێرکۆ) بەحسێ پارێزگەها دهۆکێ کر من دڤێت ئەز پشتەڤانیا ئاخفتنێت وی بکەم و بێژم جەنابێ وەزیرێ سامانێت سرۆشتی کاك دکتۆر (ئاشتی) ئەوا کو ئەم دبینن ل پارێزگەها دهۆکێ ئەم هەست ببێ عەدالەتییەکێ دکین و ل ڤێرێ مافێ مرۆڤ و مافێ هاوەڵاتی بوونێ یێ ڤێ پارێزگەهێ دێتە پێشێل کرن ، چونکە ل باژێرەکێ وەکی زاخۆ کو نفوسا وێ (٢٠٠,٠٠٠) کەسن و زێدەتر ژ (٢٠٠,٠٠٠) ئاوارەژی تێدانە بتنێ سێ یان چوار بانزینخانە یێت هەین کو لیترەك بانزینێ ب (٩٠٠) دینارا تەوزیع دکەن ، ئەو ژی پرانیا جارا بانزین تێدا نینە یان ژی دناڤبەرا دهۆکێ و زاخۆ دووبانزینخانە یێت هەین ب (٩٠٠) ئەوژی گەلەك جارا گرتینە ، دوو: بەشێ گازوایلێ ئەوا کو ل پارێزگەهێن دیێن هەرێما کوردستانێ دێتە دان کو بۆ هەر سەیارەیەکێ (٨٠٠) لیترن ، دیسان ل وێرێ خەڵکێ دهۆکێ (٤٠٠) لیترا وەردگرن و بێ بەشن ، ئەز هیڤیدارم کێماسی دڤی زروفیدا هەتا حەدەکێ عەدالەت بێتە رەچاوکرن داکو ئەم هەمی هەست بکەین ئەم خەڵکێ ئێك وەڵاتینە ، ئێدی بێ عەدالەتی کێمتر ببت ، ئەم شتی دی گەلەك ماین بەس دیارە وەخت کێمە ، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت کاك علی هالۆ، کاك یروانت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا جەنابێ سەرۆکێ حکومەتێ دکەم دگەڵ شاندێ دگەل، بخێر بێن، ئەز ب ناڤێ فراکسیۆنا کلد و سریان و ئاشوور و ئەرمەنییا، راستی ئەم دگەل سەربەخۆیا ئابوورینە، مە سەربەخۆیا خو هەبیت، چونکی هندەك مەعیار یێن هەین ئەم ل دویف دچین، وەکی میزانیا عێراقێ، بۆدجا یا (٢٠١٤)، وەکی موئامەرەکە

ل سەر کوردستانێ، دویف ماددا رەقەم نەھ فەقەرا پێنج، و ماددا دەھ ژی فەقەرا دوو، سێ، چار، یا ژ هەمیان گرنگتر ماددا یازدەیە بەحسێ ئێحصایێ دکەت ئەگەر خەلەلەك کەفتێ دێ فروقاتا زانین، ئەڤە نیسبەت میزانیا عێراقێ، بەس من دڤێت بێژم ل ڤێرێ ئەو ئاخر ئیجتیماعا مە (٨/٢٣)، وەختێ مە کرین، دکتۆر وەزیرێ سامانە سروشتییەکان هەر هندەك داتا دانەمە، یەعنی ئەو ڤیسل ئەو ناقیلێت چووین (٥/٢٢) حەتا (٨/٣٠)، پانزدە شاحینە بوون، تەقریبەن (١٢) ملیۆن بەرمیل بوون، ژ ٩/١ حەتا نووکە ژی تەقریبەن و ل دویف ئێك ئەوا موقتەرح، حەتا ئەڤرۆکە (١٤) ناقیلە لازم بچن، یەعنی سێزدە ملیۆن بەرمیل، یەعنی کۆیێ وان حەتا نووکە لازمە بیست و چار (٢٤) ملیۆن با، بەس ئەوا وەکی عەرز کری سەر داتاشوویێ (٢١/٦١٣/٠٠٠) بیست و ئێك ملیۆن و شەشصەد و سێزدە هزارن، یەعنی مە ل ڤێرێ دا تەقریبەن سێ ملیۆن خەلەل یا هەی، ئەو ژی تشتەکێ باشە نە خرابە، چونکی نیسبە خوتە (٩٪)، یەعنی نیسبا مە (٩٠٪) پلانا وەزارەتا سامانێن سروشتییەکان دروست دچیت، یەعنی ل ڤێرێ سوال بۆ وەزیرێ پلان دانانێ دهێت، ئەرێ ئەم دێ شێن ل سەر ڤێ پلانەکا دروست ئەم بودجا (٢٠١٥) کوردستانێ سەر بدانین؟ ئەڤەیە ئەز دبێژم، چونکی (١٠٪) تنێ خەلك یا کەفتیێ دویف رەقەمێت مە بو میزانیە، بەس مە موشکیلەکا دی یا هەی یا موەزفێت مەسح جیولوجی ل دهۆکێ یە، راستی ئەم نووکە ل هیڤی کو ئەم کۆمپانیان بدانین ل کوردستانێ خەڵکی مە تێدا شول کەت، موەزفێن مە تێدا شول کەن، راستی دهۆکێ بەس هندەك شەخص بتنێ موەزفێن جیولوجی دچنە دگەل شەریکاتان شول دکەن، تەبعەن ئەڤە ل گەرمیان و سلێمانیێ و ئەربیل ژی هەی، یێ بەس ئیحتیکار یا بۆ چێ بووی سێ سالێن وان یێن خلاس بووین ئیجازە، جارەکا دی ناڤەکێ دی یێن بۆ دانانین کا چ ناڤ بۆ دانایە، و دچنە دگەل شەریکا شول دکەن هەر پارێ دی ب وان بۆ خدمە، ڤێجا ئەڤە داخازیا مەیە بۆ جەنابێ هەوە، دڤێن یان سێ سالێن لەغو کەن یان ئەو ژی کار بکەن دا ئیستیفادە ژ خبرا گازێ بکەن ل ڤێرێ ل پرۆسەێ، و سوپاسیا وە دکەم و دەست خۆشیێ ل هەوە دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ایدن معروف فەرموو.

**بەڕێز ایدن سلیم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بە خێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، هەروەها دەستخۆشی لە راپۆرتی هاوبەشی هەر دوو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان دەکەین، کە هەر دوو راپۆرتەکی زۆر بە تێر و تەسەل و بە وردی باسی گرفتەکانی دارایی و سەرچاوەی سامانە سروشتییەکان کردووە، ئێمە دەمانەوێ رای خۆمان وەکو لایەنە تورکمانەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا لە سەر ئەم کێشەیە بیخەینە روو، لە (٨) ئەیلولی (٢٠١٤)، ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق متمانەی بە حکومەتی حەیدەر عەبادی دا کە حکومەتی عەبادی بەڵێنی دا کە داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی دەستوری عێراق جێ بە جێ بکات،

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە تا کو ئێستا هیچ هەنگاوێکی جدی و بە کردار نەنراوە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەند بۆ ئەم پرسە، تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانیش نەنێردراوە، لێرەدا پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و حکومەتی هەرێم و گشت لایەنە سیاسی و پێکهاتەکان و گوشار بیخەنە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و کۆمەڵگای نیودەوڵەتی بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە حکومەتی عەبادی هەمان سیاسەت و شێوازی حوکم و پەیڕەو ناکات و راستگۆیە لە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان بەغدا و هەولێردا، هەروەها ئێمە وەکو کۆتلەی خۆمان پشتگیری سیاسەتی حکومەتی هەرێم دەکەن بۆ پشتگیری کردنی بنەمای سەربەخۆیی ئابووری هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بە شێوەیەك یا خود میکانیزمێك جێگیر بکات کە چی تر دەسەڵاتی ناوەند نەتوانن وەکو کاتی فشار هەر کات بیەوێت بەشی بودجەی هەرێم ببڕێت، هەروەها پشتیوانی لە هەرێم و هەوڵەکانی هەرێم دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیدارە و ئیداریەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە پێویستیشی دەزانین کە لە قۆناغە گفتۆگۆکەیان بەردەوام بن، لە هەموو گرنگتریش پارێزگاری کردن لە یەك هەڵوێست و لە یەك ریزی لایەنەکان، بەڵام ئەوە و ئێمە هەموو هاوڵاتیانی کوردستان نیگەران دەکات راو و بۆچوونی هەڵوێستی جیاوازی بەشێك لە هەندێك لە گفتوگۆی میدیەکان باس لەوە دکەن کە لایەنی هەرێمی کوردستانیش بەشێکن لەم گرفتانە، کە بوونەتە کۆسپ لە بەردەم ناردنی بودجەی هەرێم، پرسیارەکەمان لێرەدا ئەوەیە ئایا راستەش ئێمە وەکو هەرێم بەشێکین لەم گرفتە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نەوت و غاز، دیارە کاك علی پێشتر را و سەرەنجی ئێمەی بە گشتی گەیاند، بەڵام بە خاڵێکی کورتەوە ئاماژەی پێی ئەدەم، دیارە ئەزموونی ئێمە ئەزموونی ساڵانی رابردووی ئێمەی دەرخستووە، بۆ ئێمە ئەم بابەتە تازە نییە، کێشە و ناکۆکی ئێمە لە سەر بودجەی مەرکەزی لە بازنەیەکی داخراو دابوو، تەنها بەوە ئێمە رزگارمان دەبێت کە بەرەو ئابووریەکی سەربەخۆ هەنگاو بنێن، بەو مەرجەی کە باس کرا، بە سیستماتیکی کردن و دامەزراوە کردنی پرسی نەوت، کێشەکە لە سەر یەك رێژەیە کە پێی ئەڵێن لە (١٧٪) یە، بەڵام ئێمە بە ربەیەکی ئەیپێوین و مەرکەزیش بە ربەیەك ئەیپێوێ، دیارە ئێمە داوای ئیستیحقاقی (١٧٪)ی حەقیقی خۆمان ئەکەین، و هەر کاتێك ئێمە ئەو کاتەی ئەزموونی رابردوو ئەوەی دەرخستووە، تا ئەو کاتەی ئێمە لە رێگای ئابووری سەربەخۆی خۆمان نەبێ ناتوانین (١٧٪) حەقیقی بە دەست بێنین، بۆیە پێویستە هەنگاو بەرەو ئەوە بنێنین، پێم وایە هەنگاوەکانیش زۆر چوونەتە پێشەوە، یەك پێشنیاری ترم هەیە ئەگەر گەرەنتی هەیە فیعلەن ئەو پلانانەی ئێمە بۆ سیاسەتی نەوتی هەرێم دامانناوە، گەرەنتی ئەوەیە ئەم سیاسەتە ئەچێتە پێش، هیچ گرفتێکمان نابێت،

من پێم وایە وەفدی دانوستاندکاری ئێمە پێش مەرجی هەبێ بۆ دان وستاندن بەوەی کە حکومەتی عێراقی سولفەیەك بنێرێ ئەمە پێش مەرجی دانو ستاندن بێ، چونکە بە هەموو معیارەکان تەنانەت بەو خەمڵاندنانەی کە خۆشی کردوویەتی هێشتا ئەو قەرزاری ئێمەیە، لایەنی کەم سیلفەیەك بنێرێ ئەوە پێش مەرجی دانوستاندنە، سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆیی لە سەر مەسەلەی نەوت کە بەنزین، غاز و نەوت دەگرێتەوە، سەبارەت بە بەنزین دیارە ئێمە لە سەرەتایی لەم ساڵەوە خەڵکمان زۆر ماندوو بوون کە لە قەیرانێکی زۆر قورس دابوون، پێم وابوو کە ئێمە لە فەترەی رابردووش دوو مانگمان دانا کە کاتی ئەوە هاتووە لایەنی کەم پێداچوونەوەیەك بە نرخی بەنزیندا بکرێت، نرخی بەنزین دابگیرێ، ئەمە یەك، دووەم قەیرانی غازیش کە تازە پێدا تێپەڕ بووین، من ئومێد دەکەم ئەو قەیرانە دووبارە نەبێتەوە، چونکە حاڵەتەکە تەنها حەجمی قەیرانەکە ئەو حاڵاتانە بوو کە تەنها تەکنیکی بێ بەڵکو بازرگانانیش قۆستیانەوە کە ئومێد دەکەم سەرجەم ئەو سنوورانە کونترۆل بکرێن لە بەر ئەوەی لە رووی تریشەوە بە بازرگانی کراوە، جگە لە نەوت و غاز، سەبارەت بە نەوت ئێمە پێشتریش لە گەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان باسمان کردووە، نەوت پاڵپشتێکی زۆر گەورەیە بۆ کەم کردنەوەی ئەو لۆدە زۆرەی کە لە سەر کارەبایە، ئەو بارگرانییە کە لە سەر کارەبایە کە مەسرەفێکی زۆر زۆری تێ دەچێت، پێم وایە ئەگەر بە شێوەیەکی رێك و پێك بە مونەزەمی بە شێوەیەکی دەوری نەوت لە کاتی خۆی دا، سووتەمەنی کە لە زستاندا بە کار دێت بگاتە دەستی هاووڵاتیان، پێم وایە بارێکی زۆر گران لە سەر کارەبا لا دەچێ، سەرەرای ئەوەی سیستەمی کارەبا ئەتوانێ (٢٤) سەعات بێ، لەو لاشەوە تێچوونێکی زۆری لە سەر کارەبا لادەبەین، ئەوەی کە دەزانین بە گازائیل ئیش دەکەن هێشتا نەکراوە بە غازی سروشتی و هەر لێرەشدا ئەو پرسیارە دەکەم، ئەو هەنگاوانەی کە قەرار بوو بنرێت بۆ مودیفیکەیشنەك لە ئێزگەکانی کارەبادا بۆ ئەوەی کە بە غازی سروشتی ئیش بکەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە کوی گەیشتوو لەو پلانەدا؟ سەبارەت، بە پێشمەرگە، دیارە ئەرکە قورسەکە لە حاڵەتی ئیستادا لە سەر شانی پێشمەرگەیە کە بۆتە پارێزەری ئێمە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو هەنگاوانەی کە چووتە پێش و زیاد کردنی بڕی بەرهەم هێنانی نەوت پێش هەموو شتێك ئەو بڕیارەی پەرلەمان جێ بە جێ بکرێت کە مووچەی پێشمەرگە هاوتای مووچەی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بکرێت و لە سولفەی عەقاریش لێیان خۆش بێت، پرۆژە یاسای خانەنشینی کە بەرێز کاك مەلا مەروان پێشنیاری کرد پشتگیری لەوە دەکەم کە بە زووترین کات بخرێتە کارنامەی پەرلەمانەوە، رێگاوبانەکان، ئێمە پێشتریش لە کۆبوونەوە لە گەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان باسی ئەوەمان کردووە، رێگاوبانەکانی ئێمە جێگای باخیرەیان گرتوتەوە، جێگای شەمەندەفریان گرتوتەوە، جێگای بوری نەوتییان گرتۆتەوە، بە تایبەتی نەوت کارێگەرییەکی زۆری هەیە بۆ خراب بوونی رێگاوبانەکان و قوربانیەکانی رێگاوبان، هیچێك کەمتر نییە، بەڵکو زیاتر، قوربانیەکانی بەرەکانی جەنگ بە داخەوە، بۆیە ئێمە پێمان باشە و پێشنیار دەکەین بە زووترین کات پەلە بکرێت لەوەی کە نەوت لە رێگەی پایپلاینەوە نەك هەر ئەوەی دەرەوە بەڵکە لە رێگەی ناوخۆش دابین بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو بارە

قورسەی لە سەر ڕێگاوبانەکان لابەین و هاووڵاتیەکان کە زۆریش زەرەرمەند بوون، ئێمە لە کۆبوونەوەی مانگی شەش دا لە بەرێز سەرۆکی حکومەت و وەزیری سامانە سروشتییەکان کە ئەو پرسەمان باس کرد بۆ قەرەبووکردنەوەیان و بەڵێنیان دا کە بە جدی بیر لەو مەوزوعە بکەنەوە و قەرەبوویان بکەن، بۆیە من لێرەوە بیریان دەهێنمەوە، پرسیارێکی تر بۆ بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان حەتا ئێستا لە بەنزینخانەکان نووسراوە بەنزینی بێجی، لە کاتێکدا ئێمە ئەڵێین بەنزینی بێجیمان نەماوە، ئەم ناوە بۆ لەوێ ماوە؟ لە بەنزینخانەکە نووسراوە بێجی، سەبارەت بە بەڵێندەران، ئەو بەڵێندەرانەی کە پرۆژەکانیان لە سەر بودجەی پترو دوڵارە، دیارە پێشتر لە بانکێکدا دانرا بوو، (٥٠٢) پێج صەد و دوو ملیۆن دۆلار بوو، دیارە لە بەر قەیرانی دارایيە ئەم پارەیە لەوێ دەرهات و حکومەت چۆن سەرفی کردوویە؟ بەڵام بەڵێندەرانی تووشی تەنگەژەیەکی زۆر گەورە کردووە، هەم پرۆژەکانی راگرتووە، و هەم بە تەواوی سەغلەتی کردوون کە بە راستی ئەگەر وا بێت پێویستە چاوی پێدا بخێشنرێت بە چارەسەرکردنیان، پرسیارێکی ترمان هەیە، گازائیل بە (٨٥٠) دینار حکومەت خۆی ئەفروشێتەوە، بەڵام لە هەندێك کۆمپانیا بە ناشەرعی بە (١٢٥٠) ئەیکڕنەوە، نازانم ئەوە پێویستی بە وەڵام هەیە؟ پرسیارێکی تر بە چی یاسا و رێنماییێك گواستنەوەی غاز تەنها کۆمپانیای قەیوان ئەنجامی ئەدا؟ لە کۆرومۆر بۆ شار و شارۆچکە و ماڵان، پرسیارێکی تر کە ئاخر پرسیارمە، ئایا ئێستا هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای هەرێمی نەوت و غاز ئاگاداری بڕیاردەری داهاتی نەوتن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دیارە (٦) شەش بەرێز ماون قسە بکەن، بەڵام سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت مەوعیدی پێش وەختیان هەیە، بۆیە ئێستا ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە بەرێزیانەوە هەیە ئەیانەوێ وڵامیان بدەنەوە، داوا لە بەرێزیان ئەکەین وەڵامی ئەندامانی پەرلەمانە بدەنەوە، بۆ ئەوەی دواتر ئەو بەرێزانەش قسە ئەکەن و وەزیرە پەیوەندیدارەکانیش وەڵامی ئەندام پەرلەمانەکانی ئەدەنەوە، فەرموون بەرێز سەرۆکی حکومەت، دکتۆر شێرکۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان، ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی ئەو دەنگدانەی کە کرا، دانیشتنەکە کرا بە با بڵێن پەخشی راستەخۆ نەبێ، هەر بۆیە پێویستە (سیدی) ئەم دانیشتنەش بە راستی بە هیچ میدیایەك نەدرێت، چونکە ئەگەر (سیدی) یەکە بدرێ بە هەر میدیایەك دواتر هەمان ئەوەیە کە یەعنی کۆمەڵێك خەڵك دەرئەکەون بە مەعنا ئەوانی تر قسەیان نەکردووە، بۆیە من داوا ئەکەم (سیدی) یەکە نەدرێن بە هیچ کەسێك و هەروەها، ببورە کاك دکتۆر، پێویستیشە ئەصلیش وایە بە پێی ئەم پەیڕەوە بە پێی ماددەی (٦٥)،

دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن لە ماوەی پانزدە رۆژدا وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بداتەوە، من لە (٧/١٧)ەوە پرسیارم ناردووە بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، بۆ سەروکایەتی ئەنجۆمەنی وەزیران، بۆ وزارەتەکانی تر، تا ئێستا وەڵاممان وەرنەگرتوتەوە، تکا ئەکەم ئەم پرسیارانەش بە دەردی پرسیارەکانی تر نەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئەم بابەتە لێگەڕین دواتر وتوویژ لە سەر ئەم بابەتە ئەکەین، بەرێز سەرۆکی حکومەت با بفەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەت:**

زۆر سوپاس، سەرۆکی پەرلەمان، تەبعەن حەقیقەت ئەو تێبینی و سەرنج و پێشنیارانەی کە ئەمرۆ باس کرا، ئەو پرسیارانەی کە کران هەمووشیان جێی بایەخن، تەبیعی بە راستی پێم وایە ئوسوڵی پەرلەمانیش هەر بەو شێوەیە پرسیار ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکرێ، و هەر وەکو کاك شێرکۆ باسی کرد لە ماوەی پانزدە رۆژدا پێویستە حکومەت وەڵامی پرسیاری ئەو پەرلەمانتارانە بداتەوە، ئێمە ئەمڕۆ لەم خەلەلە تێگەیشتووین، چونکە من بە حسابی خۆم زۆربەی ئەو پرسیارانەی کە بۆ ئێمە هاتووە وەڵاممان داوەتەوە، بەڵام دیارە ئەو موتابەعەیە لای خۆمان وەکو پێویست نییە، من ئەو وەعدەتان دەدەمی هیچ لەو پرسیارانەی کە خۆیتانەوە دەینێرن بۆ ئێمە نەك تەنها ئەوانەی کە دەینێرن بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە هەوڵ دەدەین هەردووکمان بە زوویی وەڵامتان بدەینەوە کە حەتا ئێستاش هەر بەو شێوەیە کردوومانە، هەر وامان کردووە، بەڵام وەزارەتەکانیش ئێمە لەمەو دوا هەوڵ دەدەین میکانیزمێکی وا دابنێین کە دڵنیا بین ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن پەرلەمانتارەکانەوە دەکرێ، وەزارەتەکان، وەزیرەکان لە مەودای قانونی خۆی دا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە، تەصەور دەکەم هەر ئەوەش باشترە، چونکە من پێم وایە ئێمە لەم جەلەسەیش دا هەر وەڵامێکتان بدەینەوە بەو شێوەیە بە فەرمی نابێت حەقیقەت، یەعنی پێویست بەوە دەکات بە نووسین ئەو وڵامەنە بدەیتەوە ئەو پرسیارەمان بۆ بێ و ئێمە لە ماوەی یاسایی خۆمان کە هەمانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارنە بدەینەوە، بەڵام هەندێك مولاحەزە هەیە کە مومکینە پێویست بەوە دەکات، ئەگەر لەم دەرفەتە کورتە ئێمە مەوعدێکمان هەبوو لە گەڵ کاك قوباد بچینە شوێنێك، دوامان خست حەتا وامان کرد کە لە مەتار بیانبینن، بەڵام پێویست دەکاتن کە ئێمە بچین بۆ بینینی ئەوان، من بە موختەصەری ئەوەی کە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەرقام و شتەکانەوە هەیە کاك ڕێباز لە گەڵ کاك دکتۆر ئاشتی هەندێك روونکدرنەوە دەدەن کە من تکام وایە، داوا دەکەم بە نووسین دیسانەوە بۆمان بێتن بۆ ئەوەی ئێمە ئەوەی بکەن، سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان من هەر دەمەوێ ئەوە بڵێم لە پرسیاری ئەوە دا لە گەڵ ئێرانن ئێمە ئەوەی کە باس دەکرێت و لە ئێران بە شێوەیە قسە لە گەڵ عیبادی کراوە ئەوە هیچ ئەصل و ئەساسی بۆ نییە، ئێمە ئەوەمان نەبیستووە بە هیچ شێویەك، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە، ئێمە هەوڵ بدەین تەبیعی ئێران وەزعی تایبەتی

خۆی هەیە لە بەر مەسەلەی ئەو حەسارەی کە لە سەر ئێران هەیە، حەقیقەت ئێمە کە دەتوانین لە گەڵ ئێران بیکەین بە بەراورد ئەوەی کە دەتوانین لە گەڵ تورکیا بیکەین ئیحتیماله کەمتر بێ، بەڵام سیاسەتی ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ئەوەیە باڵانسێکمان هەبێت لە عیلاقەی خۆمان، لە مەسەلەی نەوت و غاز لە گەڵ ئێران و زۆر بە جدیش هەوڵمان داوە کە ئەم کارە بکەین، حەتا ئێستا چەندین وەفدی ئێرانی هاتوونە لای ئێمە، کاك دکتۆر ئاشتی سەردانی تارانی کردووە، وەفدی وەزارەت سەردانی تارانی کردووە، ئیحتیماله لەم نێزیکانە دیسانەوە وەفدێکی تری هەرێمی کوردستان سەردانی ئێران بکاتن، سیاسەتی ئێمە مەسەلەی باڵانسە لە گەڵ ئەم وڵاتانە، حدودێکی دوور و درێژمان لە گەڵ ئێران هەیە، بە سوپاسەوە دەڵێم یارمەتی ئێمەیان داوە، ئێران یارمەتی ئێمەی داوە، و ئێمە وەکو هەرێمی کوردستانیش بەردەوام دەبین، بابەتی ئەو ئیتیفاقەی کە ئێمە لە گەڵ تورکیا کردوومانە، ئێمە دەتوانین شتێکی تر بکەین لە جیاتی ئەوەی ئەندام پەرلەمانێك وەکو بڵێی نوسخەیەك لەو ئیتیفاقەی هەبێت دەتوانین سەرۆك فراکسیۆنەکان دەعوەت بکەین، لە کۆبوونەوەیەکدا ئێمە نەصی ئەو ئیتیفاقەی کە لە گەڵ تورکیا کردوومانە، ئێمە بۆتان شەرح کەین، هیچ موشکیلەیەك من لە سەر ئەوە نابینم، و پێم وایە بەعەکسەوە باشە بۆ ئەوەی ئێوەش ئاگادار بن، چیمان کردووە لە گەڵ تورکیا؟ مەسەلەی زەمانەت حەقیقەت یەعنی ئێمە دەبێ لەم مەسەلەیەدا تۆزێك بە ئەوە قسە بکەین، ئەوەی کە گەڵ تورکیا کردوومانە کارێکی زۆر سەرکەوتوومان کردووە، ئەگەر ئەوەمان نەکردبا ئێستا دەبوایە هەرچی بەغدا بە ئێمە بڵێ ئێمە ئەوە جێ بە جێ بکەین، و بە سوپاسیشەوە تورکیا یارمەتی ئێمەی دایە، ئەمە مەعنای ئەوەش نییە کە ئێمە، من عەرزم کردن یەعنی بە جدی دەمەوێ پێتان بڵێم ئەولەوییەتی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان حەلی ئەو کێشەیە لە گەڵ بەغدا، یەعنی حەز دەکەم وەکو سیاسەتی هەرێمی کوردستان ئێمە ئەم ئیشانەمان کە کردووە لە گەڵ تورکیا بۆ ئەوە نەبووە ئێمە ئیهتیمام بە بەغدا نەدەین، ئێمە دەمانەوێ لە گەڵ بەغدا بگەینە ئیتیفاق، و پێشتان دەڵێم هەر فورسەتێك بۆ گەیشتن بە ئیتیفاق لە گەڵ بەغدا هەبێ، ئێمە یەك دەقیقەش پشت گوێ ناخەین، بەڵام دەمانەوێ ئیتیفاقەك بێ لە سەر ئەساسەك بێ کە ئەو ئێحترامە، دوولایەنە بێ، دووەمیش لە سەر واقعی ئێستا بێ، بەرێزان مەسەلەی ئەوەی کاك فائق بوو پێم وایە ئیشارەتی پێدا خۆ ئەوەی زەریبەی ئێمە، ئێوەش باستان کرد، زەریبەی ئێمە داماوە چی تر دەبێ بینین، نۆ مانگە ئەوەی پێکراوە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دژی خەڵکی کوردستان کردوویەتی، لە بەر ئەوە ئێمە ئێستا بەغدا ئەوی کە مەبەستە دەبێت هەڵسۆکەوت لە گەڵ ئەمری واقعی ئێستای هەرێمی کوردستاندا بکاتن، ئەمری واقع ئەوەیە کە ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەمانە، شتێکە کە ئەگەر ئەوان تەعامولی لە گەڵ بکەن من پێم وایە دەگەینە حەل، ئەو دوو یاسایە کە باسمان کرد، بە دڵنیاییەوە رۆژی چوارشەممە، سوپاسیش بۆ ئێوە کە باستان کرد لە فراکسیۆنی سەوز ئەوەتان کردووە، بەڵێ ئێمە دەینێرین بۆ پەرلەمان، و بە تەئکید ئەوانەی تریش کە پێویستە بۆ دروست کردنی کۆمۆ ئێمە ئەوانیش بە زووترین کات، حەز دەکەم یەعنی من ناتوانم ئێستا رۆژەکەی پێتان بڵێم، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە ئێوە

باسی سێ قانونتان کرد، یاساتان کرد، فلزی و لا فلزی، و کۆمۆش، مومکینە ئێوە گلەیی ئەوە بکەن، چونکە لە کۆبوونەوەی ئەخیریشمان کە پێکەوە دانیشتین باس لەوە کرا ئێمە حەتا نیهایەتی مانگی دە، نۆ، بەڵێ نۆ دەبوایە رای خۆمان بدەین، نەمان کردووە، ئێمە ئەو گلەییەی ئێوەمان قەبولە، بەس من یەعنی پێتان دەڵێم ئێمە وەکە بەرنامەی کاری خۆمان بە زووترین کات ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و بینێرین، ئەوانەی کە باسی ئەوەتان کرد، من دەمەوێ بەو کەلیمەیە بڵێم تیجارەت کردن لە گەڵ داعش خیانەتێکی نیشتیمانییە بە هەموو مەعنایەوە، و ئەمە هەموو لایەکمان موتەفەقین لە سەر ئەمە، ئێمە لیژنەیەکی زۆر، تەبعەن ئەوەی کە لە سایتەکان دەگوترێ حەقیقەت ئێمە تەعامول لە گەڵ ئەو مەسەلەیە ناکەین، لە سایتەکان ناو دەردەکرێ، ناو دەنووسرێ، ئەوە ئاسانترین شتە کە دەتوانرێ بکرێت بە تایبەتی (ماشا الله) لەم وڵاتەی ئێمە بەو هەموو میدیایەی کە هەمانە ئەوە کارێکی زۆر زۆر ئاسانە، ئەوەی کە من دەمەوێ تەئکید کەم حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی باڵای بە دوا چوونی دروست کردووە بۆ ئەم مەسەلەیە، لیژنەکە کاری کردووە ئێمە بەیانی کۆبوونەوەی دووەمان لە گەڵ ئەم لیژنەیە هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی کە موهیمە ئێوەی بەرێز بزانن، ئێمە زۆر بە جدی بە دوایدا چونین و من هیوادارم لە رێگای بە دواداچوونی خۆتان وەکو پەرلەمانتار، وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەو مەعلوماتانەی کە دێتە بەر دەستتان ئاگاداری ئێمە بکەن، بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەڵسوکەوتی جدی لە گەڵ ئەو مەلەفە دەکات، بە تەئکیدیش لە لایەن دادگاوە دەبێ یەك لا بکرێت، و ئەوانەی کە دەستیان هەیە لەو مەسەلەیە، من زۆر موتەفقم لە سەر ئەوەی ئەو ئەرقامانەی کە ئێمە باسمان کرد ئەمرۆ ئەو شتانەی کە دامان، پێویست بەوە دەکات چاودێری دارایی بڵێن بە دواداچوونی بۆ بکات، بزانە ئەو شتانەی ئێمە راستن و ئەمە پێشنیارێکی زۆر بە جێیە، من لە گەڵ دەستەی چاودێری دارایی قسە دەکەم، تەبعەن سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام ئێمە قسەیان لە گەڵ دەکەین، و داواشیان لێ دەکەین کە بەدواداچوون بکەن بۆ هەموو ئەو ئەرقام و ئەو شتانەی کە ئێمە لێرە باسمان کردووە، رۆڵی دادگای فیدراڵی عێراق لەم مەسەلەیەدا، ئێمە هەتا ئێستا وا نابینین کە حەقیقەت دادگای فیدراڵی عێراق رۆڵێکی هەیە، بە عەکسەوە ئێمە ئێستا بە تەمای شتێکی ترین، ئەویش ئەوەیە ئێمە بە تەماین لە لایەن هەندێك موەزەفین بڵێن پارێزگای سلێمانی، هەولێر، دهۆك، سکاڵایەکی یاسایی تۆمار بکەین لە سەر حکومەتی فیدراڵی بۆ مەسەلەی بڕینی مووچە، چونکە بەس تەصەور بکەن پێم وایە لە ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەی کرد حەتا ئێستا ئەوان مووچەی داعش دەدەن، بەڵام موچەی هەرێمی کوردستان، کارمەندانی هەرێمی کوردستان حەتا ئێستا ئەوان نادەین، ئێمە بە تەماین یا بڵێن شکایەتێك لە سەر ئەوان تەسجیل بکەین لەو روویەوە، بە نیسبەت هیوای حەل لە گەڵ بەغدا، لە گەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران عبادی، ئێمە لە رۆژی یەکەمیشەوە ئەگەر بەشداریمان لە حکومەت نەکردبا دەیان گوت والله کورد عەرقەلەیە، عەرقەلەیە بۆ مالکی، عەرقەلەیە بۆ جەعفەری، عەرقەلەیە بۆ عبادی، ئەمە موشکیلە کوردە، یەعنی ئێمە لەو کاتەی دا کە دوستانی ئێمە بە تایبەتی ئەمریکا داوای لە ئێمە کرد بۆ ئەوەی بەشداری

بکەین، ئێمە پێمان وابوو بەشداری کردنی ئێمە لەو حکومەتە زۆر باشترە لەوەی کە بەشداری نەکەین، لە گەڵ ئەوەی دا کە مومکینە هیوای زۆرمان نەبوو بۆ حەلی موشکیلەکان، بەڵام من پێم وایە قەرارێکی زۆر راستمان دا، بۆ ئەوەی بچین و بەشداری بکەین، ئەوەی راستی بێ ئەو هەنگاوانەی حەتا ئێستا سەرۆك وەزیران عبادی ناویەتی، هیچ یەك لەو هەنگاوانەی ئەوە نین ئێمە دڵمان خۆش بێ کە دەیەوێ کێشەکە حەڵ بکات، بەڵام ئێمە دەبێت، چونکە خۆی نوێیە، کابینەیەکی نوێ هەیە، وەزیری نەوتی نوێ هەیە، خۆی سەرۆك وەزیرانی نوێیە، من پێم وایە لە لایەن ئێمەوە دەبێ فورسەتی زیاتری پێی بدرێت بەم دانو ستاندنە لە گەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی بگەینە حەلێك، ئەوەی کە باستان کرد لەوەی کە ئێمە دەبێت وەکو بڵێین پێش مەرجمان هەبێت، ئێمە حەتا ئەوەشمان نەگووتوە، ئێمە باسی پێش مەرجیش ناکەین، ئێمە دەڵێین کاکە حەقی خۆمانە، ئەوەی کە کاك فائیق باسی کرد، بەڵێ سولەفەیەکمان بۆ بنێرە، سولەفەیەك بۆ هەرێمی کوردستان بنێرە کە سولفەکەت نارد ئەوەی کە خۆت، ئێستا دکتۆر علی لێرە خوێندیەوە دوایی ئێمە دەست دەکەین بەوەی دانو ستاندنیان لە گەڵ بکەین و بگەینە حەلێك، حەلێك کە لە خزمەتی هەرێمی کوردستان و لە خزمەتی عێراقیشدا بێت، بەڵام زەمانەت هەبێت، هیچ زەمانەتێك نییە، بەڵام ئێمە بە تەئکید حەتا ئەخیر نوقتەش لە گەڵ سەرۆك وەزیر یان عبادی ئەوەی کە پێمان بکرێ بۆ حەلی موشکیلە دەڕۆین، ئێمە چاوەڕێی ئەوەین کە وەزیری نەوتی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین پێشنیازیان بۆ حەل چییە، ئەوەی کە باس کرا لە مەسەلەی پارەی وردەکاری ئەو شتەی کە پێی دەگوترا شرینی، ئێمە پێی دەڵێین ژێرخانی ئابووری، ئەو پارەی کە وەگیراوە، چۆن وەرمان گرتووە؟ هەموو لەو تەقریرانەی پێشتر لە پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە، ئێمە باسمان کردووە، ئێمە ئەگەر بە جدی بە دواچوونی بۆ بکەین، ئێمە ئەو تەفاصیلەمان هەموویان نووسیون، پارە چۆن صەرف کراوە؟ بە چ شێوەیەك وەرمان گرتووە. و، من دیسانەوە دەڵێم ئەگەر لەو رووەوە کێشەیەك هەیە یان دەتانەوێ روونکردنەوەی زیاترتان لە سەر ئەو مەسەلەیە پێ بدرێ بە تەئکید یەعنی دڵنیا بن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە حازرین، ئێمە پێم وابوو ئەوەی لە سەرمان بووە جێ بە جێمان کردووە، ئینجا ئەگەر جێ بە جێمان نەکردووە کاك علی دەتوانن داوای بکەن، بەس دڵنیا بن ئێمە هەوڵی شاردنەوەی شتمان نەداوە، دڵنیاتان دەکەمەوە ئێمە ئەومان نەکردووە کە دەمانەوێ شتێك بشارینەوە، بەو پەری شەفافییەت هەوڵمان داوە لە گەڵ پەرلەمان کار بکەین و ئەگەر لەو مەجالەدا شتی تر هەیە دەبێ ئێمە بۆمان بنووسین بەسەرچاو ئێوە پێمان بڵێن ئێمە دێ کەین، مەوقفی ئەمریکا، مامۆستا نازانم مەبەستی جەنابت لە سەر مەسەلەی داعش بوو یان لە سەر مەسەلەی هەرێمی کوردستان؟ نەوت؟ خۆی ئەمریکا تەرەفێك کە لە گەڵ ئێمە بەشدار بووە لەو مەسەلەیەدا، ئێمە ئەو شتانەمان هەمووی بە ئەمریکا گوتووە، ئەوانیش زۆر بە جدی لە سەر خەتن لە گەڵ عێراق و دەڵێن حەقی خۆتانە، ئەوەی کە بە ئێمە دەڵێن ئەمریکیەکان، بەریتانیا نوێنەری ئوممەمی موتەحیدە هەموو ئەوانە بە ئێمە دەڵێن ئەوەی ئێوە دەڵێن راستە و زەغتێکیش هەیە لە سەر سەرۆك وەزیران بۆ ناردنی سولفەیەك، تەبیعی ئێمە لە ئێوە تێ دەگەین

کە عێراق موشکیلەی پارەی هەیە و فیعلەن ئەوەی کە لە تەقریری پێم وایە کاك علی هاتبوو، بە راستی پارەی ئێمەیان خواردوویانە، فیعلەن خواردوە، عێراق تەسبیتی کردووە شانزدە ترلیۆن دینار قەرزداری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمە تەسبیت کراوە، من خۆم وام قسەم لە گەڵ سەرۆك وەزیران عبادی کرد، گوتم باشە ئەگەر تۆ سولفەیەکمان بۆ بنێری خۆ چ زەرەرێك هەیە؟ ئێوە یەك ملیار و دوصەدمان بۆ دەنێرن، ئێمە موفاوزات دەست پێی دەکەین دوایی ئەوەی کە بۆ هەرێمی کوردستانی دەنێرن، یەك ترلیۆن و دوصەد، ئێمە یان دەگەینە ئیتیفاق یان ناگەین، ئەگەر گەیشتینە ئیتیفاق خۆ ئەوە زۆر باشە، ئەگەر نا خۆ ئێوە شانزدە ترلیۆنی ئێمە قەرزارن، یەعنی ئەگەر یەك ترلیۆن و دوصەدتان نارد یەعنی تەقریبەن نێزیکەی چواردە تلیریون و هەشت صەد هەر بۆتان دەمێنێت، چ کێشەیەك هەیە لەوە؟ موهیم عەقلییەتە نایانەوێ حەل ببێ، مەوقوفی ئەمەریکا، لە سەر مەسەلەی ناردنی نەوت من عەرزم کردن، ئێمە هیچ باخیرەیەکمان نییە کە بڵێ واللە گیرا بێ، یەعنی ئێمە دوو باخیرەمان کێشەی هەبوو، ئەوەی یەکەمیان چوو بۆ مەغریب، ئەوەی تریان ئەوەی ئەمریکا بوو، ئەوانەی تر فرۆشراون، یەعنی فرۆشراون، سیاسەتی ئەمریکا حەتا ئێستا ئێمە ناتوانین بە عەلەنی بە ئێمەیان گوتووبێ پشتگیری لە سیاسەتی ئێوە دەکەین، بەڵام مەوقفیشیان لە چاو جارانی گۆڕاوە، یەعنی ئەو توندییەی کە پێشتر هەیان بووە حەقیقەت ئێستا نییانە، من پێم وایە هەر ئەوەیە کە من دەبوایە گوتبام ئەوەی تریان برادەران کاك رێباز، کاك ئاشتی قسەی لەسەر دەکەن، وەڵام دەدەنەوە بەس من هیوادارم ئەگەر پرسیارێك هەیە وەڵام نەدراوەتەوە، بە نووسین بۆمان بنێرن بەسەرچاو، وەڵام دەدەینەوە، وە ئامادەشین لەبەردەم پەرلەمان بۆ هەموو پرسیارێك، ئیشارەت بە سیعری بەنزین درا، ئایا ئەم سیعرە کەم دەکرێتەوە، من دەتوانم ئەوە بڵێم بەداخەوە، ئێمە ناتوانین سیعری بەنزین لەم وەزعەی ئێستای ئێمە کەمی بکەینەوە پێمان ناکرێ مەسەلە ئێمە زۆر حەز دەکەین، زۆرلەوە کەمتریش بێ بە حەقیقەت، ئەو وەزعەی ئێستا ئێمە هەمانە، ئێمە ناتوانین سیعری بەنزین کەم کەینەوە لەمەی کە ئێستا هەیە، نازانم ئێمە دەتوانین حەتا دە دەقەی تریش لەگەڵ کاك قوباد لێرە دابنیشین دوای ئەوە ئەگەر کاك قوباد لەسەر قەرزەکە ئیجازە هەیە سەرۆکی پەرلەمان، ئەویش قسەیەك بکات.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی حکومەت هەرێم بەڵێ جێگیری سەرۆکی حکومەت بفەرموو ئەگەر قسەیەکتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز قوباد تالەبانی/ جێگیری سەرۆکی حکومەت:**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانتارانی بەڕێز پرسیارێك کرا سەبارەت بە قەرز وەك بەڕێزتان ئاگادارن لە کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران رەشنووسی یاسای وەرگرتنی قەرز پەسەند کراوەو بڕیاری لەسەر دراوە و ئێستا چاوەڕێی ئەم پەرلەمانە پیرۆزەین بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکات تاکو ئینشائەللە پەسەندی بکەن وببێتە قانون، کە ئەمە پەسەند کرا ئەمە چوارچێوەیەکی یاساییمان

ئەداتێ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین وەکو هەرێمی کوردستان قەرزی نێو دەوڵەتی وەربگرین، وە ئەم قەرزە تەفاسیلی قەرزەکە واتە قەرز بە قەرز دەکەوێت، وە لەناو یاساکەدا کە نامەوێ پێش خۆم کەوم، لە یاساکەدا دەسەڵات، ئەدرێت بە ئەنجومەنی وەزیران ئالیەتی موفاوەزات دابنێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر تەفاسیلی قەرزەکە، چۆنە؟ فایدەکەی چەندە؟ کەی ئەدرێتەوە ؟ چۆن ئەدرێتەوە؟ ئەو تەفاسیلانە، پرسیارێکی تریش کرا سەبارەت بەوەی، ئایا حکومەتی عیراق مولزەم دەبێ بەو قەرزە یان نا؟، یەعنی هیچ ئیلتیزامێك ناخرێتە سەر حکومەتی فیدڕاڵ بەپێی ئەو یاسایەی کە رەشنووسەکەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە هیوادارین ئەم پرۆژە یاسایە بە هەند وەربگیرێت وە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەم پەرلەمانە بەرێزەو بۆ هەرجۆرە پرسیارێك یان مەعلوماتێك یان زانیارییەك کە پێویستان پیێ بێت دەربارەی، ئەم یاسایە یان نیەتەکەمان، بەرنامەکەمان و بۆچوونەکانمان، ئێمە ئامادەین هەم بەندەی موخلیصتانین لەگەڵ ئەو ستافەی ئیش و کاری کردووە لەگەڵ بەرێز وەزیری دارایی و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئامادەین پرسیارەکانتان وەڵام بدەینەوە لەکاتی خۆی و لەکاتی پێویست، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جێگیری سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی گلەییمان لێ نەکەن ئەم دەرفەتە کەمەی کە ماوە پێش ئەوەی، کە رێستێك وەربگرین بەرێز کاك شوان قەڵادزەیی و کاك باپیر قسەیەکیان هەیە بفەرموو .

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. شوان فەرموو.

**بەر ێز د. عمرمصطفى باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان سەرەتا بەخێر هاتنی بەرێز سەرۆکی حکومەت و بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەت و شاندە یاوەرەکەی دەکەین، وە گومانی تیا نییە بەرێکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێی بۆڕیەوە دەست کەوتێکی گەورەو مێژووییە، بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان ئەوەی کەوا دمەوێ ئاماژەی پێ بکەم بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لە مانگی (١) وە لە مانگی (٧)یش لە مانگی (١) فەرمووی کە لە مانگی شەش قەیرانی سووتەمەنی و قەیرانی دارایی کۆتایی پێدێت، بەڵام وەکو خۆی مایەوە (٧-٧) یش بەهەمان شێوە وتی دوای دوو مانگی تر ئەم سیعری بەنزینە دەهێنینە خوارەوە، بەڵام بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لەگەل ئەوەشدا کە نەوت رۆژانە زیاد دەکا، مانگانە زیاد دەکا، رێژەی ناردنە دەرەوەی و بە هەمان شێوە رۆیشتنی لە حاجی ئۆمەران پێنجوینیشە و هەر بەردەوامە، بەڵام رۆژ بەرۆژ دواکەوتنی مووچەو وەستانی بازاڕو وەستانی سولفەکان هەر بەردەوامە، خاڵێکی تر بەرێز وەزیری دارایی جارێك ووتی ئێمە بۆیە نرخی بەنزین زیاد دەکەین بۆ ئەوەی مووچە لە کاتی خۆیدا بدەین، بەڵام سیعری بەنزین بەرز بوویەوە، بەڵام

مووچەکە بەهەمان شێوە هەر دوا دەکەوێت، راستە ئێستا کێشەو مەشاکیل هەیە، ئەم هەموو جارە پەیماندانە بە خەڵك، خەڵك نا ئومێد دەبێت خەڵك چاوەڕێیە لە داهاتی نەوت هەموو ماڵێك بڕێکی بۆ بچێت خانەوادەی شەهیدان بەڵێنێکیان پێدراوە (١٥٠,٠٠٠) هەزار بدرێت خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالەکان پێیان بدرێت یان وەعدیان پێ بدرێت کەوا جێبەجێ دەبێت یان جێبەجێ نابێت، خاڵێکی تر بازرگانی نەوت و گاز ئەوانەی لە کەرکووك یان لە هەرشوێنێکی تر بازرگانیان کردووە لەگەڵ داعشدا، یەعنی بۆچی سزا نادرێن بۆچی ئەمە زۆر دوادەکەوێت ئایا کەسێك هەیە لە بەرێز سەرۆکی حکومەتا بە دەسەڵاتر بێت؟، یان لە سنووری ناخۆشە بڵێن سلێمانیش.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

د. شوان ئەمە باسکرا ئەم بابەتە.

**بەرێز د. عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئەزانم باسکرا جەنابی سەرۆکی حکومەت، هیچ نەتیجەیەك نییە یان کاك قوباد کە لێرەیە، بۆچی ئەم مەلەفە بۆ هەر رۆژانە باس دەکرێ لە میدیاکاندا باسدەکرێ، یەکلا ناکرێتەوە شتێك لەوە خەتەرتر هەیە کەسێك بیەوێ هەرەشە لە کوردستان بکا، کوردستان داگیر بکا، نەوتی لێ بیکری تیجارەتی لەگەڵ بکەی، بەڵام وەکو بەرزەکی بانان بە حەزەرەوە باسی ناوەکانیان بکرێت، خاڵ\ێکی تر ئەو لێدوانەی لە سەرەتایساڵی تازە قەیرانی دارایی چارەسەر دەکرێت ئایا ئەمە قسەیەکی خۆشی سیاسیانەیە؟ یان هەروەکو جارەکانی تر ئەم قەیرانە بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە؟ پرسی ناردنە دەرەوەی نەوت، نەوت لە کەرکووکەوە بە پێی زانیارییەکان رۆژانە (١٠٠,٠٠٠) بەرمیل رەوانەی وڵاتی ئێران دەکرێت، بەهەمان شێوە غازیش رەوانە دەکرێت، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادارە؟ ئەو پارەی داهاتە ئەچێتە کوێوە؟ هەڵوێستی ئەمریکا هەمیشە ئەوە بووە کەوا  وا حەز دەکا هەرێمی کوردستان لە بەغداوە بۆ ووڵاتانی بنێرێت، ئایا ئەم هەڵوێستە بە هەمان شێوە هەر بەردەوامە؟ هەرچەند بەرێز جەنابی سەرۆکی حکومەت وەڵامی ئەوەی دایەوە، بەرای بەرێزتان کێشەی نێوان بەغداو هەرێم، ئێمە هەست دەکەین لە هەرێمی کوردستان حکومەتیش زیاتر، یەعنی وەکو بڵێی بە ئەزموون و تەجروبە گەیشتۆنە ئەوەی حکومەتی بەغدا مەجال و دەرفەتێك نەماوە بۆ گفتووگۆ کردن لەگەڵیدا، بۆیە هەوڵبدەین کێشەکان لە کوردستان، قەیرانی دارایی، کێشەی دارایی بۆخۆمان چارەسەری بکەین پێویستیمان بەوان نەبێت، لەوانەیە ئەوەش حەلی جەزری و حەلی چارەسەری کۆتایی بێت، هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەکە زۆر باس لەوە دەکرێت کە چۆن نەوت لە رێی تورکیاوە ئەنێردرێتە وڵاتی تر، فشار ئەخاتە سەر وڵاتی تر دەبێ بە هەمان شێوە لەگەل ئەویشا هەمان موعامەلەو هەمان هەڵسوکەوت بکرێ، بۆیە وای کردووە قەیرانی دارایی نێوان بەغداو هەرێم چارەسەر نەکرێت، ئەو قەرزانەی کە لە دەرەوە داوا دەکرێت، ئایا ئەو قەرزانە زیاتر کێشەی

دارایی بۆ ئێمە دروست ناکات؟ زۆر جار هەبووە وڵاتان قەرزیان کردووە ئەو قەرزە لەوانەیە یەك لە ئامانجە بە کۆیلە کردنی ئیرادەی میللەتان بێ، ئیرادەی ئێمە بێت، ئێمە هەوڵدەین متمانە زیاتر بە....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

دوایی لەسەر یاسای قەرزەکە قسە بکرێ لە پەرلەمان، ئەو کاتە ئەتوانین زۆر بە تەفسیل لەسەر قەرز بوەستین.

**بەڕێز د. عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ مەسەلەی گفتوگۆ کردنی لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئەو شاندەی پێشوو پێمان وایە، تا ئێستا هیچ نەتیجەیەکی دیار نییە دەتوانین بڵێین شکستی هێنایە، بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پێنج لایەنەی کە ئێستا لە هەموو شتێکدا دەستیان هەیە، بۆچی پەرلەمان ناکەنە مەرجەع؟، یان بۆچی ئەو لایەنانەی تر کە لە دەرەوەی حکومەتن بۆچی هیچ پرس و رایان پێ ناکرێت؟، لە گفتووگۆکان لە مشورەت کردن چ کاتێك بە قەدەر ئێستا هەستیارە پێویستمان بە کۆ دەنگی و یەك هەڵوێستی هەرێمی کوردستان هەیە، کۆمپانیای گرووپی کار لە کەوەرگۆسك، یاخود لە بازیانیش باس لەوە دەکرێت کە زیاتر گرنگی بە کرێکاری، بە فەرمانبەری بیانی دەدەن، لە کاتێکدا فەرمانبەری خۆمان هەیە دانامەزرێت وە زۆر جاری واش هەیە پێویستی تەزکییەی حیزبی هەیە، بۆچی ئەی ئەو پاڵێوگانە بۆ هەموو خەڵك نەبێ لە رووی تەعینات و لەرووی شتەکانی تریشەوە؟ ئیجا باس لە زیادکرنی پاڵاوگە کرا یەکێك لە کەورگۆسك و لە بازیان بۆچی نەبوو بە سێیەم؟ پاڵاوگایەك زیاد ناکرێت ئەو پالاوگە ئەهلیانە بۆچی بە رەسمی داناخرێن؟، یاخود ئەو پرسارانەش هەیە ساڵی (٢٠١١) وێستگەی کارەبای دهۆك کراوەتەوە، بۆچی غازی بۆ دابین ناکرێت بە دیزل ئیش دەکات ئەویش یەکێکە کە دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگەی ئەو شارە، بۆچی غازی بۆ دابین ناکرێت ، خاڵێکی تر ئێستا نەوت و غاز دابین نەکراوە بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان ئەمە وا دەکا لە ئایندەیەکی نزیکدا کێشەیەکی گەورە بۆ کارەبای هەرێمی کوردستان دروست ببێت، ئیمە لە لای خۆمانەوە پشتگیری لە سیاسەتی ناردنە دەرەوەی نەوت دەکەین لە هەرێمی کوردستان، ئەوە بەراستی یەکێکە لە بە گشتدا چوونەوەی ئەو پیلانانەی کە لە بەغداوە یاخود لە هەر شوێنێکی تر بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەمە بەراستی هەڵوێستێکی زۆر مێژوویانەیە هەڵوێستێکی نیشتیمانیانەیە، بەڵام پێویستە چیتر هاووڵاتیان چاوەڕێ نەکەن لە مانگی (٦بۆ٩) (٩) بۆ سەرەتای سەری ساڵی تازە هیوادارین هەموو خەڵکی کوردستان سوودمەند بێ لە نەوتەکەو کێشەی دارایی لە رێی نەوتەوە کۆتایی پێ بێت، زۆر سوپاس. بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :

زۆر سوپاس بۆ ماموستا د. شوان بۆ ماوەی (١٥) خوولەك دانیشتنەکەمان هەڵئەگرین دوایی لە (کاك باپیر)ەوە دەست پێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی سێیەم**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٠)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١١/١٠، بەردەوام دەبین لە گفتوگۆکردن لەسەر تەوەری یەکەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان، کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان سەبارەت بە گرفتی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عیراقی فیدڕاڵ و راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە، دووەم: واتە هەر لە تەوەری یەکەم گفتوگۆکردن سەبارەت بە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز، بەپێی خاڵەکانی یەك و دوو لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٥٤)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ژهەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان_ عیراق، داوا لە بەڕێز کاك باپیر دەکەین کە سەرنج و بیروبۆچونەکانی خۆی بخاتە ڕوو، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت هەمووجار چ لەناوەڕاستی قسەکانت دابێ، چ بە مەبەست بێ ئێمە دەخەیتە دوای ئەوەی کە ناعەدالەتیەکی خراپت کرد، لە ڕێگادان لە هەر فراکسیۆنێك ٣ کەس، هەر یەکێك نیوسەعات،(٤٠) دەقیقە، (٢٠) دەقیقە، (٢٥) دەقیقە قسەی کرد، دواکات بۆ ئێمەت بەجێهێشت، بۆیە من قسە ناکەم، سوپاس دەنا سەرنج و تێبینی زۆرم هەیە، بۆئەوەش قسە ناکەم بۆئەوەی ئەوە دووبارە نەبێتەوە، ئومێد دەکەم جەنابت ئەوە دووبارە نەکەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت ئەوە لەبەرچاو بگرە، کە جەنابت یەك کورسیت هەیە لە پەرلەمانی کوردستان، فارکسیۆنەکانی تر هەیانە ٣٨ کورسی هەیە، هەیەتی ٢٤ کورسی هەیە، بۆیە جەنابت دەرفەتی خۆت وەردەگری و فراکسیۆنەکانی تریش دەرفەت وەردەگرن، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆ نەهاتووە قسە کردن بۆ ئەندامانی پەرلەمان پێوانە بێ، بە پێوانەی کورسی، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش نەهاتووە بەرێکەوتنەکانیش ئەوە بوو هەر فراکسیۆنێك یەکێك قسە بکات، ئەوانی تر تیکراری کردباوە نەك (٣) کەس لە یەك فراکسیۆن قسەی کردبا، ئەوە موبەریر نییە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان قسەكان زۆربەیان كرا، ئەگەر قسەكان دووبارەی تێدا نەبێ باشترە، زۆربەی ئەو قسانەی كە بە پێویست بوون و سەرنج و تێبینی بوون، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە باسكرا، ئێوەش فەرموون هەر سەرنج و تێبینییەكی زیاترتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گرینگترین ئەو ستراتیجییەی ئەو حكومەتەی هەرێمی كوردستانێ لەسەر بكرێت، بۆ چارەسەركرنا ئەو گرفتانە، بایەخدان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆ جۆراوجۆری كوردستانە، نەك تەنها دەرهێنانی نەوت، بەڵكو گرینگیدان بە بابەتەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی بەتایبەتی لەڕێگای رێكخستنەوەی باجەكان، كەمكردنەوەی زێدەڕۆیی لە خەرجی گشتیدا، بەردەوام بوون لەسەر هەنگاوەكانی حكومەت بۆ چاكسازی لە سیستەمی تەندروستی بەشێوەی یەك لە خزمەتی نەخۆشی تایبەتی، لە خەڵكی هەژار و كەمدەرامەت، گرینگیدان زیاتر بە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا هەتا نووكە هەنگاوەكی گەورە پێوەیە، هەوڵدان بۆ كاراكردنی ڕۆڵێ بانكەكان لە پێدانی قەرزی خانووبەرەو كشتوكاڵ و پیشەسازی، ڕێ نەدان بە بەشداری هەرێمی لە داڕشتنی سیاسەتی دارایی و دانانی بودجەی عیراق، لە دیف مادده (١١٠) دەستوورێ عیراقێ دانانی سیاسەتی دارایی لە دەسەڵاتی حكومەتی فیدڕاڵ، بەڵام لە بڕگەی چوارەم ماددەی (١١٤) لە هەمان دەستووردا هاتووە، دانانی سیاسەتی گەشەپێدان و پلاندانانی گشتی بۆ هەموو عیراق و دەسەڵاتی هاوبەش لەنێوان حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمدا، بێگومان دانانی بودجە بەدەر نییە لە سیاسەتی گەشەپێدان و پلاندانان، سەبارەت بە خەرجی حاكیمە، بودجەی ساڵە (٢٠١٣) (١٠) تریلیۆن و سەد و یەك ملیار و نۆسەد و پەنجاو چوار ملیۆ ن دینار ڕێژەی كۆی بودجەی عیراقێ (٧,٣) بێ، لە ساڵی (٢٠١٤) خەرجی حاكیمە گەیشتە (١٩) تریلیۆن و (٥٥٨) ملیار و (٥٢٨) ملیۆن دینار، بەكۆی یاسای بودجەی گشتی عیراق دەبێت (١٧٪) خەرجی حاكیمە بۆ هەرێمێ كوردستانێ تەرخان بكرێت، هەروەسا خەرجی داواكانی ناكۆكی و مولكدارانی نەفەقە و، نزاعات مولكية، نفقات العقارية، نفقات انتيخابات ،عدد سكاني، عمل مزارعين، رعاية اجتماعية، هیچ شێوەیەكی ئەوە نەهاتیتە خەرج كردن، دەربارەی پلەكانی دامەزراندنی هەرچەندە ئەو خاڵە لە بەرژەوەندی هێزە كار دەبێتەهۆی كەمكردنەوەی دیاردەی بێكاری، بەڵام ساڵانە تێبینی دەكرێت كە ژمارەیەك زیاتر دامەزراندن هەیە، پێشنیار دەكەم لە ساڵی دووەم مەرجی دامەزراندن لەسەر بنەمای یەكسانی و یاسایی و زانستی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح بشار صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنە من هاتە کرن، ژ لایەك کاك علی هالۆو کاك دڵشادی و ڕێواز خان و کاك فائق ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا لیژنەی باڵای هەرێمی نەوت و غاز دەکەم، ئێمە ئەوڕۆ پێویستمان بە کەمترین قسەو زۆرترین بەرهەممان هەیە، بۆیە قسەکانی خۆم کورت دەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی (٥) ساڵە لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆی ئابووریە و وا خەریکە بەدەستی دەهێنێ، بە بڕوای من تاوەکو هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووریەوە سەربەخۆ نەبێ، ناتوانێت لە شەڕی بەغدا براوە بێ، بەڵام ئەم پێنشیارەی کە هەیە بە ئاگاداری حکومەتی ناوەندی نەوت بفرۆشێت، واتە پێویستە ڕوون بکرێتەوە چ جۆرە ئاگاداریەك؟ ئایا ئێمە دەڵێین ئەوەندە نەوتمان فرۆشتووە؟ یان لەڕێگای سۆمۆوە، بەبڕوای من ئەو ئاگاداریە هەر چۆنێك بێت ئەوە سیاسەتی نەوتی هەرێم دەخاتە دەستی بەغداوە، بۆیە پێشنیاردەکەم لەبڕی ئەوە بنووسرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەهای دیاریکراو ساڵانە لە بودجەی فیدڕاڵ (١٧٪) نەوتەکەی خۆی بفرۆشێت، کە لە ڕێژەی (١٧٪)ی زیاتر بووە ئەوە زیادەکەی بۆ حکومەتی فیدڕاڵ بگەڕێتەوە، بە پێچەوانەشەوە تا ئەوکاتەی سەر ژمێری گشتی لە عیراق ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دوای لێدەرکردنی مافی کۆمپانیای بیانییەکان و ئەو خەرجییانەی کە دەکەونە خانەی خەرجە سیادیەکان وەك خەرجی هێزەکانی پێشمەرگە، دووەم: پێشنیاردەکەم بۆئەوەی بەرچاو ڕوونی بۆ پەرلەمانی کوردستان و هەروەها سبەی هیچ بیانوویەکیش بۆ بەغدا نەبێتن، پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەك پێك بێنێت بە هاوبەش لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، بۆ هەژمار کردنی و دیاریکردنی ئەو داهاتە فیدڕالیەی بۆ هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (٢٠٤ تا ٢٠١٣) بەدەست هاتووە وەك لە یاسای بودجەی عیراق هاتووە، سێیەم : سەبارەت بە فۆرمی خۆراك ئەویش کە بودجەیەکی زەبەلاحی هەیە، ئەویش لە خەرجی سیادی ئەژمار دەکرێت لە بەغداوە، دەکرێت ئەگەر لەجیاتی حیسەی خۆراك کە لە بەغداوە دەنێردرێت بۆ هەرێمی کوردستان پارە بنێردرێت لەجیاتی ئەو فۆرمە خۆراکە، وەکو پێزانینم وەرمگرتووە کە پێشتر پێشنیاری حکومەتی خۆمان بوو، پێشنیاری وەزارەتی پلاندانانی خۆمان بوو، بەڵام ئەو پێشنیارە بردیانە تەدبیقیان کرد لەسەر شاری نەجەف، ئەگەر ئەو پێشنیارە تەدبیقیان کردبا لەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بارودۆخ و وەزعی ئەمنی هەرێمی کوردستان لەوەوە گونجاوتر بوو، کە ئەم پێشنیارە لەجیاتی خۆراك، پارە بنێردرێت بۆ خەڵك، پێم باشە باسی مەوزوعێکی تر بکەم، بە فرسەتم بینی کە کاك علی سندی لێرەیە، لەسەر هێڵی هەژاری تەبعەن ئەو هەفتەیەی پێشتر بەشداریم کرد لە وۆرك شۆپێك، سەبارەت بە کەمکردنی هەژاری لە عیراق و، لە هەرێمی کوردستانەوە، وابزانم حکومەتی ئێمە، وەزارەتی پلاندانانی ئێمە لە (٢٠٠٧)ەوە پێشنیاریان کرد بوو، کە

یەك هێڵی هەژاری نیشتمانی هەبێ لەسەرانسەری عیراق، یەعنی هێڵی هەژاری کوردستانیش لەگەڵ هێڵی هەژاری عیراقەوە بێ، پێشنیاردەکەم ئەگەر هێڵی هەژاری جیاوازمان هەبێ، هێڵی هەژاری لە سەرانسەری کوردستان جیاواز بێ لەگەڵ هەر (١٥) پارێزگاکەی تری عیراق باشتر دەبێ، ئەگەر ئەو بودجەیەی تەرخان بکرێتن بۆ ستراتیجییەی کەمکردنی هەژاری لەلای حکومەتی ناوەندەوە، ئەگەر لە خەرجییەکانی سیادی بێ لێرە هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەگەر بە یارمەتی بانکی نێودەوڵەتیش بێ چ لە مینحەیەك بێ، یان بە قەرز بێ، ئەو قەرزەش لەسەر خەرجییەکانی سیادی بکرێت، دیسان هەرێمی کوردستان زەرەرمەند دەبێتن، بۆیە من بەباشی دەزانم ئەگەر هێڵی هەژاری لە هەرێمی کوردستان جیا بکرێت دگەل هێڵی هەژاری بەغداوە لە خەملاندنی بودجەی هەرێمی کوردستانەوە، بودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێت و دیاری بکرێت، پشتگیری کاك شێرکۆ دەکەم بۆ هەندێك بۆ سیدی چ بۆ ڕاگەهاندنە، ئەڤ سیدیە دانیشتنە ئەمڕۆ بۆچ ڕاگەهاندنە دێتە دەست ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی بەشداریان کرد ناوەکانیان تەواو بوو، سوپاس بۆ ئێوە ئەندامانی بەڕێز، ئێستا داوا لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکەین، با وەزیری دارایی بفەرموێت، ئەگەر هەر ڕوونکردنەوەیەکی هەیە لەسەر پێنشیار و پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبازحەملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ڕاو و سەرنجەکانی ئەندامانی بەڕێز، من دوو شتم هەیە، یەکێکیان وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانەی کە ئەو بەڕێزانە کردیان، بەشێکیشی ئەو ڕاپۆرتەیە لەسەر وەزعی دارایی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ بە ڕاپۆرتەکە دەست پێ ناکەی؟ تکایە بەس بەکورتی، دوایی وەڵامی ئەندامانی بەڕێز بدەیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز حەملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ، وەکو وەزارەتی دارایی ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووە لەسەر قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، ئەو واقیعەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی تێدایە، هیوادارم وەکو ڕوونکردنەوەیەك وابێ هەم بۆ بەردەم جەنابتان و هەم وەڵامێك بێ بۆ هەندێك لە پرسیارەکان، ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کێشە داراییەکان، بودجەی هەرێمی کوردستان یەك: بەشی هەرێم بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادی کۆماری عیراق بۆ ساڵی دارایی (٢٠١٣) بە بڕی (١٤) تریلیۆن و (٤٠٦) ملیار و (٧٣٥) ملیۆن دینار دیاریکراوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگای پێ نەدراوە، بە بەشداریکردن و ڕاوێژکردن لە دارشتنی سیاسەتی دارایی حکومەتی عیراقی فیدرال و، تەنانەت ڕۆڵی نییە لە ئامادەکردن و

**دیاریکردنی بەشە بودجەکەی خۆی و، ئەو بڕە نەوتەی کە دیاری دەکرێت، بۆ هەناردەکردن لە هەرێمی کوردستان، دوو: لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێم، بە بڕی کورتهێنانەوە پەسەند دەکرێ، کە بەمشێوەیەی لای خوارەوە ساڵی (٢٠١١) (١) تریلیۆن و (٥٦٤) ملیار و (٩٦٦) ملیۆن دینار عجز هەبووە، ساڵی(٢٠١٢) (٢) تریلیۆن و (٤٤) ملیار و (٨٤٧) ملیۆن دینار عجز هەبووە، ساڵی (٢٠١٣) (١) تریلیۆن و (٦٨٤) ملیار و (٩٠٠) ملیۆن دینار عجز هەبووە، تا کۆتایی مانگی ٢٠١٤/١٠ (٨) تریلیۆن و (٢٠٠) ملیار دنیار نزیکەی عجز هەیە، سێ: حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ تاکو ئێستا خەرجییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دابین نەکردووە، کە بڕەکەی دەگاتە (١٠) تریلیۆن دینار، چوار: بەپێی یاسای ژمارە(٩٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)، بەپێی ماددەی (٤) لە یاسای اصول المحاسبە العامە) لەسەر حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ پێویست بوو، تاکو بودجەی ساڵی (٢٠١٤) پەسەند بکرێت، مانگە ڕێژەی (١ لەسەر ١٢)ی تەرخانکراوی ساڵی (٢٠١٣) بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، کە مانگانە دەکاتە (١) تریلیۆن و (٢٠٠) ملیار دینار، پێنج: تاکو ئێستا بەشێك لەو پارانەی لە بەغداوە بۆ ساڵی (٢٠١٤) بۆ هەرێم نێردراون تەنها بۆ مووچە بۆ مانگی کانونی دووەم، شوباتی ساڵی (٢٠١٤) هاتووەتە هەرێمی کوردستان، کە دەکاتە (١) تریلیۆن و (١١٤) ملیار دینار، شەش: لەدوای دروست بوونی کێشەی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، داهاتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان کەمی کردووە، کە لە مانگی (٨)ی (٢٠١٤) بریتییە لە (١٦٧) ملیار دینار، کە بەمشێوەیەی لای خوارەوە بووە: (٣٨) ملیار و (٩٦٨) ملیۆن دینار داهاتی کارەبا بووە، (٤٧) ملیار و (٢٦٧) ملیار دینار داهاتی گومرگەکان بووە، (١٢) ملیار و (٧٤٥) ملیۆن دینار داهاتی باجەکان بووە، (٦٨) ملیار و (١٣٠) ملیۆن دینار داهاتی وەزارەتەکانی تر بووە واتە رسوماتی وەزارەتەکان، حەوت: شێوازی خەرجکردنی تیکڕای مانگانە و مووچەو بودجەی بەکاربردن و بودجەی وەبەرهێنان دوای کەمکردنەوەی خەرجییەکان بەمشێوەیەی لای خوارەوە بە ١- مووچە (٨٥٠) ملیار دیناری پێویستە بۆ هەموو مانگێك، بودجەی بەکاربردن (٢٥٦) ملیارە، بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان (١١٤) ملیارە، واتە کۆی گشتی (١) تریلیۆن و (٢٢٠) ملیار دینارە، بەڕێزان ئەوەی خاڵی شەش کە ئاماژەم پێدا بەنیسبەت ئەو داهاتەوە، داهاتی ناوخۆیە جگە لە نەوت، هەشت: خەرجی مانگانەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجەی ئاسایی کە دەگاتە (٢٠٩) ملیار و (٧٠) ملیۆن دینار دوای کەمکردنی بەمشێوەیەی لای خوارەوە بوو: یەعنی حەزدەکەم بۆ بەرچاوی بەڕێزتان بەردەوام لە هەرێمی کوردستان باسی کێشەی مووچە دەکەن، لە هەرێمی کوردستان ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی و وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها کێشەی مووچەمان نییە، کێشەیەکی ترمانی هەیە کە شان بەشانی مووچە قورساییەکی گەورەی لەسەر یەعنی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، پێشینەی مانگانەی فەرمانگەکان (٦٥) ملیار دینارە، کاری سەرەرایی (الاعمال الاضافیة) (١) ملیار دینارە، کرێی خانوو و ئەو بینایانەی فەرمانگە حکومییەکانی تێدایە (٢) ملیارو (٧٥٠) ملیۆن دینارە، کرێی ئۆتومبێل (٢) ملیار و (٥٠٠) ملیۆن دینارە، خواردنی نەخۆشخانەکان و بەندیەکان لە وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆو کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (٣)**

ملیار و (٢٥٠) ملیۆن دیناره، خاوێنکردنەوەی شار و شارۆچکەکان (١١) ملیار دیناره، خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەو بالأخانە و فرۆکەخانەکان (٤) ملیار و (٣٠٠) ملیۆن دیناره، کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی (٨) ملیار و (٥٥٠) ملیۆن دیناره، بەخشینی مانگانەی کۆمەڵەو سەنتەر و ناوەندی وەرزشی و هونەریەکان بە ڕێژەی (٥٠٪) کە ئێستا سەرف دەکرێت (٢) ملیار و (٦٠٠) ملیۆن دیناره، بەخشینی مانگانەی نەخۆشخانەکانی سووتان و سەنتەری دڵ و نەخۆشخانەکانی تالاسیما (٥٠٠) ملیۆن دیناره، کڕینی کارەبا مانگانە (٨٠) ملیۆن دیناره پێشینەی وەزارەتی پێشمەرگەو یەکەی (٧٠) و یەکەی (٨٠) و ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایش و سووتەمەنی و ئەرزاق و چاککردنەوەی ئامێرەکان و ئوتومبێل (٢٥) ملیار دیناره، خەرجی تواناسازی قوتابیان لە وەزارەتی خوێندنی بالاَ (٣) ملیار و (١٣٠) ملیۆن دیناره، چاککردنەوەی پردو ڕێگاوبان لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە (١) ملیار و (٨٩٠) ملیۆن دیناره، کۆی گشتی (٢٠٩) ملیار و (٧٠) ملیۆن دیناره، یەعنی ئەوە بۆ مەعلوماتتان کە ئێمە هەموو مانگێك ئەوە مەسەرفانە جگە لە بودجەکە بەردەوام باس دەکرێت، خالَی نۆ: جگە لەو خەرجییانەی سەرەوە هەندێ خەرجی کە بە بەکۆی گشتی داوا دەکرێن، کە بڕی (٢) ملیار و (١٣٣) ملیۆن دینار بۆ چاپکردنی پەرتووك، بڕی (٦) ملیار و (٢٠٠) ملیۆن دینار بۆ خەرجی ئەزموونەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە خەرج کراوە، بڕی (٢) ملیار و (٤٦٣) ملیۆن دینار بۆ چاککردنەوەی هێڵەکانی کارەبا بۆ وەزارەتی کارەبا سەرف کراوە، بۆ لەمەودوا مانگانە بڕی (٣) ملیار و (٢٥٠) ملیۆن دینار بۆ کرێی وانەوتنەوە هەروەك پێشبینی زیاد بوونی کرێی بینا و باڵەخانەکانی تایبەت بە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان دەکرێت، دە: تاکو ئێستا بڕی (١) تریلیۆن و (٦٥٠) ملیار دینار شایستەبووی کۆمپانیاکان و بەڵێندەرەکانە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەدراوە، یانزدە: تاکو ئێستا بڕی (٢٥٠) ملیار دینار شایستەی خەرجییەکانی بودجەی ئاسایی وەك کڕینی دەرمان و کرێی وانەبێژی و جیاوازی مووچەی فەرمانبەران و خەرجییەکانی تره لەو چوارچێوەیە کە خەرج نەکراوە، یەعنی ئەو قەرزانەن کە ئێستا لەسەر ئێمە قەرزە دەبێ بیدەینەوە، ئەم قەرزە بەمانای ئەوەنا قەرزمان کردووە، بە مانای ئەوە کە قەرزدارین، لەبەرئەوەی ئەوانە لەسەرمانە بیدەینەوە، بەلاَم بەهۆی ئەو وەزعە داراییەی هەرێمی کوردستان تێکەوتووە، نامنتوانیوە بیدەینەوە، ١٢: قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری کە کراوە لەلایەن لقی بانکی ناوەندی هەولێر و سلێمانی و لەگەڵ پارەی بانکی بازرگانەکان بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە، بەڕێزان ئەم قەرزانە کە حکومەت داویەتی دوو جۆرە، جۆرێکیان هەندێك لە کۆمپانیایەکان بۆ هەندێ پرۆژەی ستراتیجی کراوە لە هەرێمی کوردستان، بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو قەرزانە وەرگیراوە نەك وەزارەتی دارایی، ئەو قەرزانەی کە هەندێك لە قەرزەکانی تریش کە حکومەت نەیداوە، بانکەکان داویانە بە فایدەی رەسمی خۆیان و ستانداری خۆیان، پارەی بانکە ئەهلییە ناحکومییەکان لەلای لقی بانکی ناوەندی هەولێر (٤) تریلیۆن و (٧٧٧) ملیۆن دیناره، پارەی بانکە ئەهلییە ناحکومییەکان لەلای لقی بانکی ناوەندی هەرێم لە سلێمانی (٢) تریلیۆن و (٧٨٨) ملیۆن دیناره، کۆکەی (٧) تریلیۆن و (٥٦٥) ملیار دیناره، توخوا ببوورن ئەو

ژمارەی تریان ئەوەی یەکەم و دووەم هەڵەیەکی تێدایە، ئەوە بە هەڵە خوێندمەوە، پارەی بانکە ئەهلییە ناحکومییەکان لەلای لقی بانکی ناوەندی هەولێر (٤) تریلیۆن و (٧٧٧) ملیۆن دینارە، ئەوەی تریشیان (٢) تریلیۆن و (٧٨٨) ملیار دینارە، کۆکەی دەکاتە (٧) تریلیۆن و (٥٦٥) ملیار دینار، پارەی بانکە بازرگانیەکان بەکارهێنراوە ، بەکارهێنراو یەعنی ئەو پارانەن لە بانکەکان ئیداع کراوە، پارەی خەڵکە، کە بەکارهێنراوە یەعنی رەسیدەکەی ماوە، تەنها نەقدەکەی بەکرێدراوە (٤) تریلیۆن و (٩٠٠) ملیار دینارە، کۆی گشتی (١٢) تریلیۆن و (٤٦٥) ملیار دینار لە بانکەکاندا بەکارهێنراوە، کە ئەم ماوەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە بەڕێوە دەبات بەمشێوازە بووە، ١٣: قەرزەکانی حکومەتی هەرێم کە دراوە بە هاووڵاتیان و وێستگەکانی کارەبا، قەرزەکانی بابەتەکان بەمشێوەیەیە، شێوازەکانی خانووبەرەو قەرزی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و نیشتەجێ کردن لەلایەن بانکە بازرگانیەکان کە دراوەتە هاووڵاتیان (٣) تریلیۆن و (٢٤٦) ملیار دینارە، تەبعەن ئەوە (٤) تریلیۆن بوو، بەڵام ئەوانەی هاتووەوە ئێستا ئەوانەی حکومەت لای خەڵکە، یەعنی خەڵك قەرزاری ئێمەیە لە بانکە پسپۆریەکان ئەمانە، قەرزی نەقدی کە بە سوودی (١١٪) لەلایەن بانکە بازرگانیەکانەوە دراوە بە هاووڵاتیان (٧٠١) ملیار دینارە، قەرزی دراو بە وێستگەکانی کارەبا لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە (١٣٧) ملیار دینارە، واتە کۆی گشتی ئەو پارانەی ئێمە وەکو حکومەت، وەکو بانکەکان داومانە (٤) تریلیۆن و (٨٤) ملیار دینارە، ١٤: بە بڕیارێك لەلایەن سەرۆکی حکومەتی عیراقی فیدڕالەوە بەبێ هیچ بە بڕیارێك لەلایەن سەرۆکی حکومەتنی عیراقی فیدڕالەوە، بەبێ هیچ بنەمایەکی دەستوری و یاسایی بڕیاری دا بە بڕینی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی حکومەتی عیراقی فیدڕال باوەڕی نییە بە دانپێدانان بە مافە دەستوریەکانی هەرێم و ، پەرەنسیپی فیدڕالیەت و هاوبەشی کردن لە بڕیاری دەسەڵات و دابەشکردنی سامان و ئامانجیان گەڕانەوەیە بۆ کۆنتڕۆلکردنەوەی هەرێم و بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکەی بەشێوەیەکی مەرکەزی، حکومەتی هەرێم لەوبارەیەوە دەستکەوتی گەورەی بەدی هێناوە ئامادەی هیچ سازشێك نییە لەسەر ئەو دەستەکەوتانە، بۆیە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانانی پلان بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوەی کێشەی دارایی هەرێم، لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)ەوە ئەم رێکارانەی خوارەوەی گرتە بەر، دوای ئەوەی کە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕا: ١- دەرکردنی فەرمانی ژمارە (١٨) لە بەرواری (٢٠١٤/٢/١١) بۆ دەستگرتنەوە لە خەرجییەکان و رێکخستنەوەو زیادکردنی داهاتەکانی ناوخۆی هەرێم، ٢- بڕیاردرا لە (٣٠٪) بودجە لە بڕەکانی شمەك و پێداویستیەکان و چاککردنەوە خەرج بکرێت. ٣- خەرجکردنی رێژەی (٥٠٪) بودجە لە بڕگەکانی بەخشین و خەرجییەکانی تر خەرج بکرێت، ٤- ڕاگرتنی خەرجکردنی بەخشینی مانگانەی حزبەکان، ٥- پێدانی ئەولەویەت بە دابینکردنی مووچەو بەردەوام بوونی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان وەك ئاوو کارەبا و تەندروستی و ئاسایش و خوێندن و زانکۆکان و پاککردنەوەی شارەکان، ٦- ڕاگرتنی بانگەوازکردنی پرۆژەی نوێ و خەرجییە ناپێویستییەکان. ٧- ڕاگرتنی خەرجکردنی داهاتی ناوخۆی هەندێك لە وەزارەتەکان کە

پێشتر بۆ خۆیان خەرجییان دەکرد، داهاتەکانی کارەبا و ناوخۆو شارەوانی و تەندروستی، گەڕانەوەی بۆ خەزێنەی وەزراەتی دارایی و ئابووری، ٨- ڕاگرتنی کارکردن بە دەسەڵاتە لامەرکەزیەکانی پارێزگاو یەکە ئیداریەکان تاکو ئاسایی بوونەوەی باری دارایی هەرێم، سەرچاوەکانی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ خەرجییەکانی مووچەو خەرجییەکانی تر، یەك: ئەو بڕە پارانەی لە ئەنجامی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و رێکخستنەوەی داهاتی ناوخۆ فەراهەم کراوە، ٢- داهاتی ناوخۆی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان،٣- پشتیوانی بانکە بازرگانییەکانی حکومەت و بانکە ئەهلییەکان و دابینکردنی سیولەی نەقدی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای پشتیوانی هەندێك لە بازرگانەکان و وەبەرهێنەران و کۆمپانیای بیانی و خۆماڵییەکان، خاڵی سێیەم ئەوەیە کە پێشتر بە وردی باسم کرد، بە جەدوەلەکە، ٤- داهاتی پرۆسەکانی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان و پشتیوانی سامانە سروشتییەکان، بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، تەبعەن ئێمە لە مانگی (٧) ئەنجومەنی نەوت و غاز بڕیاریدا کە مانگانە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، لەبەرئەوەی داهاتی ناوخۆ زۆر زۆر کەم بووەتەوە، سامانە سروشتییەکان مانگانە (٨٥٠) ملیار دینار بدات بە وەزارەتی دارایی، تەنها بۆ دابینکردنی مووچە، ئەوەی کە داهاتی تریش هەیە، ئەو پارانەی لە وەزارەتی دارایی هەیە تەنها بۆ تەشغیلی بەکار بێ، کێشەی دروست بوونی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ١- بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی تیرۆریستان و پاراستنی هەرێمی کوردستان، خەرجییەکانی تر دروست بوو لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢- تەرخانکردنی بڕی (٧٠) ملیار دۆلار بۆ بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، بە مەبەستی داپۆشینی خەرجی هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، ٣- نزیکەی (١) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار ئاوارە ڕوویان کردووەتە ناو هەرێمی کوردستان، کە ئەم حاڵەتەش پێویستی بە خەرجییەك دەبێ، بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان، ٤- تاکو ئێستا بڕی (٣٦) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دۆلار بە بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە پرۆسەی فرۆشتنی نەوت، خەرجکراوە بۆ دابینکردنی شوێنی حەوانەوەو خواردن و پێداویستی ڕۆژانە و پێداویستی پزیشکی و خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان، لەم مانگەشدا (١٠) ملیۆن دۆلار کە هەر بە هەمان شێوە لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کارەبا و نەوت و غاز بۆ ئاوارەکان دابین دەکرێت، بەشی زۆریشی ئەو مەسرەفانە کردوومانە لە پارێزگای دهۆك کردمانە، لە بیدایەت کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك ڕووی لەو پارێزگایە کردووە لە ئاوارەکانی شنگال و زومار، کە کێشەیەکی گەورەی نایەوە، بۆیە بەپەلە ئەو بڕیارەماندا، بۆئەوەی کە بتوانین بەدەم ئاوارەکانەوە بچین، ئەمە واقیعی وەزارەتی داراییە، واقیعی قەیرانی داراییە لە هەرێمی کوردستان، هیوادارم ڕوونکردنەوەی بوو بێ بۆ بەڕێزتان، من بە ئیجازەی سەرۆکی پەرلەمان ئەو پرسیارانەی ئاراستەم کراوە، دەمەوێ جوابی بدەمەوە، دەربارەی پرسیارێك کە بەڕێز کاك دڵشاد شعبان کردی لەسەر ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکەیان نەدراوەتەوە، تەبعەن ئێمە هەر پرسیارێك دێتە وەزارەتی دارایی، پێم وایە لە ئەوەلیەوە چەندینجار سوپاسمان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ هاتووە، لەسەرئەوەی کە زۆربەی پرسیارەکان وەڵام

دەدەینەوە، بەڵام ئەم پرسیارانە کە دێت ڕاستەوخۆ ڕەبتی نییە بە وەزیری دارایی، بۆیە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتە گشتییەکان یان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکرێ کە مەعنین، پێم وایە ئەوە حەقی خۆتە ئەو گلەییە بکەی، بەڵام خاڵێکی تر لە کتابەکەی بەڕێزتاندا، دەڵێ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەمان نەدەنەوە، ئەوە ئامادەبن لە دانیشتنێکی تەرخانکراو، ئەوە ئەمڕۆ ئامادە بووین، پێم وایە شتێکمان جواب دایەوە، بەنیسبەت ئەوەی کە پرسیارەکانی جەنابیشت کاك دڵشاد دوو بەشە، بەشێکیان پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە، یەعنی پەیوەندی بە وەزارەتەکەی ئێمەوە نییە، تۆ باسی داهاتی ناوخۆ بێ جگە لە وەزارەتی نەوت ئەوە باسمان کرد، داهاتی فرۆشتنی نەوت بە بۆڕی، بە تانکەرەوە پەیوەندی بە جەنابی کاك دکتۆر ئاشتی هەیە، جەنابت باست کرد کە ئێمە کەمتەرخەمین لە ئاستی ئەوەی کە بودجەی ٢٠١٥مان دابین نەکردووە، ئێمە کەمتەرخەم نین دڵنیابە، بەڵام خۆی جارێ بودجەی (٢٠١٤) پەسەند نەکراوە، دوای ئەوە هەرێمی کوردستان گرفتی داهاتی هەیە، کێشەی هەیە لەگەڵ بەغدا ، تۆ چۆن دەتوانی خەریکی ئەوە بێ، بەڵام ئەوە دوو هەفتەش دەبێ لەگەڵ جەنابی کاك د. علی سندی وەکو وەزیری پلاندانان خەریکی ئەوەین کە چی بکەین بۆ (٢٠١٥)، چەند کۆبوونەوەیەکیشمان کردووە لەسەر ئەو مەسەلەیە، لەگەڵ بەڕێز دکتۆر فاضل نبی لە پەیوەندیداین، ئێستا ئەو لە بەغدا کراوە بە سەرۆکی لیژنەیەك، بۆئەوەی کە لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا پرۆژە یاسای بودجەی (٢٠١٥) دابین بکات، بۆیە بەردەوام لە تەنسیق داین، کە ئەوان ئیشیان کرد ئێمەش شان بە شانی ئەوان ئیش بکەین، دڵنیابن کە کەمتەرخەم نەبووین، من سوپاسی جەنابت دەکەم، بەنیسبەت کاك د. عزت لەسەر ئەوەی چەکی بانکەکان کە بۆ بەڵێندەرایەتی، بەنیسبەت زەریبەوە ئێمە هەموو تەعامولێکمان لەگەڵ کردوون، بە فەرمان بۆمان ناردوون، چونکە لەوێ (براءة الذمة) بۆ بکەن، بەڵام بەنیسبەت دەوائیرەکانی تری وەزارەتەکانەوە قسەکانی جەنابت ڕاستە، پێویستە حکومەت وا بکات ئەو چەکانە کاری پێ بکرێت لە هەموو دەوائیرەکانی حکومەت، خۆی ئەو چەکەش لە ئەسڵ ئەوەیە، ئەسڵەن نەقد نەك لە بانکەکاندا نەماوە، لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانیش نەماوە، ئەگەر ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی ئەمڕۆ (١٠٠) ملیۆن دۆلار بخەینە بازاڕەوە بڵێین بیگۆڕنەوە نییە، کێشەی گەورە دروست بووە نەك نەقد نەك لە بانکەکاندا، لە بازاڕەکانیش نەماوە، ئەسڵەن ئێستا زۆرتر ئیعتبار لەسەر بەغدایە، بەنیسبەت ئەوە دیراسە دەکەین لەسەر پێدانی، هەر دەربارەی کاك د. عزت، لەسەرئەوەی قەرزەکان کە قەرز وەرگرینەوە ئەوە لیژنەیەکمان پێکهێناوە، لیژنەکە ئەوانەی کە لە بانك پارەکانی داوە بە سیستەمی ئەوەی کە لە (١١٪)ی فایدە وەردەگیرێت ئەوە چووەتە سەر سیستەمی خۆی، مانگانە ئەو خەڵکانە بەپێی ئەو فایدانەی خۆیان پارەکە دەهێننەوە، ئەوانەی کە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران چەند کۆمپانیایەك پارەیان بۆ هەندێ پرۆژە بۆ سەرفکرا و مودەکەی بەسەرچووە، پۆلینمان کردوون بە دوو بەش، ئەگەر قەیرانی دارایی سەبەبە لەوەی کە بۆچی قەرزەکەی نەهێناوەتەوە، ئیحتیماله بە لیژنەیەك، لیژنەیەکی (٧) کەسیمان پێکهێناوە، ئەگەر پرۆژەکە ستراتیجی بێ حەقی خۆی بێ بۆی درێژ دەکەینەوە، ئەگەر نا ئەوانەی تر هەمووی ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکەین، بەپێی قانون ئەو مولکەی کە کردوویانە بە

زەمان دەیخەینە ڕەهنەوە، بەنیسبەت قسەکانی ئەوەی دکتۆر عزت من سوپاسی دەکەم لەگەڵیدام، پێم وایە دکتۆر شێرکۆ جودت لەسەر بەڵێندەران ئەوەیە چەکەکەمان کە وەختی خۆمان بۆمان کردوون لەسەر قسەی خۆیان بووە، خۆیان تەکلیفیان لە پەرلەمان کردووە، تەکلیفیان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە ئەو چەکانەیان بۆ بکەین، وتیانە ئێمە جارێ ڕایناکێشین، لەبەرئەوەی ئێمە دەتوانین لەنێوان یەکدا مداوەلەی پێ بکەین، مەقاسەی پێ بکەین ئیشیان بڕوات، بەڵام خۆ ئەوە حەلێکی لە (١٠٠٪) نییە، بەڵام عیلاقەی وەکو وتمان بە نەقدەوە هەیە، ئێمە قەرزاریانین بەزووترین کات لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت و غاز بڕیارێك دەرکراوە، کە لەلایەن کاك دکتۆر ئاشتی لە داهاتوویەکی نزیکدا ئینشائەڵلا هەوڵ دەدەین پارەیەك دابین بکەین، تەنها بۆ ئەو مەسەلەی بەڵێندەران و پڕۆژەکان لەگەڵ د. علی تەختیتێك دابنێین لەسەر ئەو مەسەلەیە چۆن بێ، پرسیارێك کرا لەلایەن دکتۆر شێرکۆ لەسەر بۆچی داهاتی نەوت لەو بانکە ئەهلییە، یەکێك لە گرفتە گەورەکان ئەوەیە بانکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیفەتێکی دەولی نییە، بۆیە ئەو پارانەی ئێمەش کە ئێستا لە داهاتی ئەو باخیرانە کە دەفرۆشرێت لەوەی لە بانکی دەولیەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بۆیە بانکە ئەهلییەکان سیفەتێکی دەولیان هەبووە لەڕووی ئەوان دەگەڕێتەوە، بانکە حکومییەکان ئەو سیفەتەیان نییە، دواتر ئێمە بە فەرمانی وەزارەتی دارایی ئەو پارەیەی کە دەگەڕێتەوە بانکە ئەهلییەکە، ئەوبەشەی کە دابینکراوە بۆ مووچە ئێمە تەسەروفی پێوە دەکەین وەکو وەزارەتی دارایی، کاك مەروان پرسیارێکی کرد لەسەر بودجەی (٢٠١٥) ئەوە جوابەکەمان بوو، بەنیسبەت ئەوەی باسی مەسەلەیەکی زۆر گرینگ هەیە، مەسەلەی ئەو بن دیوارەیە کە باس دەکرێت لەناو دائیرەکانی حکومەتدا، لەناو وەزارەتەکاندا هەیە، ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی لیژنەیەکمان پێکهێناوە، کە وەزارەتی دارایی ڕاسپێردراوە، ئێمە مووچەی فەرمانبەران و هەموو مووچە خۆرێکی هەرێمی کوردستان دەکەین بە سیستەمی بانکی، لەمەودوا لە بانك مووچە وەربگرن، لە ئەسنای ئەوەشدا کە تەدقیق دەکرێ و کۆدێك دادەنرێت بۆ هەموو مووچە خۆرێك، ئەو بن دیوار و ئەو کێشانەی کە خەڵکی وەهمی هەیە دەدۆزرێتەوە، دەستیشمان پێکردووە، سەرەتاش بە ئەنجومەنی وەزیران دەست پێ دەکەین، بەنیسبەت ئەوەی مووچەی پێشمەرگەو هێزەکانی کاك فەرهاد باسی کرد، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یەك بگرێ بە یاسا دەکرێ، لەم کاتە ناتوانم جوابێك لەسەر ئەوە بدەینەوە، بەنیسبەت ئەوەی سولفەی عەقار مەعفو بکرێن، ئێمە بڕیارێکمان داوە لە وەزارەتی دارایی و جەنابی سەرۆکی حکومەتیش ئاگادارە، هەرچی لە ٦/١ەوە شەهیدی دەستی تیرۆرە، هەموو لە سولفەی زەواج و عەقار و هەر هەمووی مەعفومان کردووە،

بەڵام ئەوەی کە سولفەی عەقار کە هەموو پێشمەرگە بێتەوە، بەڕاستی لەگەڵ ڕێزم، خۆ هەموو پێشمەرگەی کوردستان ئەوەی کە مووچە وەردەگرێ بە ناوی پێشمەرگەوە شەرت نییە هەمووی لە شەڕدا بێ، بۆیە لەم کاتە پۆلین کردنی ئەوە قوڕسە، تۆ بتوانی چەندی لە شەڕی لەگەڵ داعش دایە، چەندی لە شەڕدا نییە؟ تۆ بتوانی لەیەك جیای بکەیتەوە و هەموویان مەعفوو بکەی، لەبەر ئەوە ئەوە دیراسەتێکی وردتری دەوێ، بەڵام قەرارمان داوە بۆ ئەوەی شەهیدان بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوانەی شەهیدی

دەستی تیرۆرن، لە (٦/١)وە لە هەموو سولفەکان عەفوو کراون، بە نیسبەت کاك د. شوان وتی من وتوومە بەنزین بۆیە گرانە لە کاتی خۆی مووچە، عەفوو ببوورە من وام نەوتووە، من وتوومە لە داهاتی نەوت مووچە دابین دەکەین، بۆیە بێجگە لە مووچە من باش قسەکەی خۆم بیرە، وتوومە بە داهاتی نەوت پارەی ئێستای مووچە صەرف دەکەین، لەو کاتەش دا قورساییەکی تر هاتۆتە سەر شانمان، مەسەلەی ئاوارەکان و مەسەلەی هێزی پێشمەرگەیە کە لە شەڕدایە، بۆیە ئێستا بەشێکی زۆر لەو دەعمە ناتوانرێ بکرێ بۆ بەنزین، بەڵام نەموتووە لە کاتی خۆی دا ئەو مووچەیە دەدەین بە فەرمانبەران، ببوورە، بە نیسبەت ئەوەی ئەو لێدوانانەی کە گوایە وتراوە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٥) کێشەی دارایی حەل دەبێ، شتی وانییە، بە فرۆشتنی نەوت، بە بەرهەمهێنانی زیاتری نەوت و بە فرۆشتنی زیاتری نەوت وردە وردە کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان حەل دەبێ، ئەگینا ئەگەر ئێستا حالیەن لەگەڵ بەغداش ڕێك بکەوینەوە، هەموو میزانییەکەش بنێرێ، بەم کاتە یەکسەر هەموو کێشە داراییەکان حەل نابێ، ئەوە قەیرانێکە ئێمە (١١) مانگە لەو قەیرانەداین، چۆن یەکسەر بە دوو مانگ حەل دەکرێ؟ من پێموایە بەشێکی زۆری سوئالەکانم جەواب دایەوە، سوپاستان دەکەم، لە وەختم گرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێز د. علی سندی وەزیری پلاندانان، ئەگەر قسەیەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هەر یەك پرسیار هەیە، چونکە پرسیارێکی تر هەبوو لەسەر چۆنیەتی تەمویل کردنی مەشاریع لە پەیوەندی با بڵێین بە داهاتی نەوت و ئەوانە، وابزانم بەڕێز وەزیری دارایی تیشکی خستە سەر کۆی گشتی وەزعەکە، ئەولەوییاتەکان وازحن، هیوادارین لە موستەقبەل دا ئەو مەصدەرە ببێتە، با بڵێین داهاتی نەوت ببێتە مەصدەری تەمویلی مەشاریعیش، بەس سێ پرسیاری بەڕێز شرین حوسنی، کە لەسەر ئاستی هەژاری و لەسەر تەعریفی خەتی هەژاری، کە ئایا ئێمە بۆچی بە یەك مەعیار ئیشەکە قیاس دەکەین لەگەڵ شوێنەکانی تری عیراق؟ ئاستی هەژاری هەتا پێشی ئەم ئەحداسانەی کە لە هەرێمی کوردستان، با بڵێین لە مانگی شەشەوە، لە (٦/٩)وە ئەگەر دەست پێ بکەین، گەیشتبووە (٣,٧٪)، ئەم ژمارەیەش هی مەسحێکی عیراق و هەرێمی کوردستان کە بە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام دەدرێن، کە پێی دەڵێن مەسحی ئیحساس ( Iraqi household socioeconomic survey)، کە ئەوە با بڵێین مەرجەعی هەموو ئەوەکانە، لەوێدا دوای ئەوەی کە (validation) دەکرێ، یەعنی تەدقیق دەکرێن نەتائیجەکان و ئەوەکان، لەوێدا دەرکەوتووە کە عیراق، با بڵێین هەرێمی کوردستان ڕێژەی هەژارییەکەی (٣,٧٪)ە، ئەو ڕەقەمە ئێمە دروستی ناکەین، ئەو ڕەقەمە نەتیجەی ئەو مەسحەیە کە مەسحەکە نزیکەی هەشت مانگی پێ دەچێت هەتا تەحلیل دەکرێت، هەتا

ڕەقەمەکان تەسبیت دەکرێ، مەسحی پێشووتر لە ساڵی (٢٠٠٧) کرابوو، لەو کاتەوە بۆ (٢٠١٢) کە نەتائیجەکانی لە (٢٠١٣) بڵاوبووەوە با بڵێین، ئێستاش ئێمە لەسەر ئەوە دەچین، چونکە ئەگەر تەغیرێکیش بووبێتن، بێجگە لە مەسەلەی هەژمار کردنی ئاوارە و نازحین ئەوانەی کە هاتوون، کە ئەوان ئیحتیمالە موعادەلەکە بە شێوازێك بگۆڕن، ئەگەر نا ڕەقەمەکە فەرقێکی ئەوتۆ ناکات لە خیلالی مودەتێکی زەمەنی کورت دا، ئەو ڕەقەمەش تەعریفەکەی کە دادەنرێت، تەبعەن لە بەینی (٢٠٠٧) بۆ (٢٠١٢) تەقریبەن نزیکی نیوە بووەتەوە، (مع العلم) ئێمە لە پێوەری (٢٠١٢) ئێمە ئیصرارمان کرد کە ئەو ژمارەی کە وەکو (خط الفقر) تەعریفی (خط الفقر) دادەنرا، دوو تەعریف هەیە، تەعریفەکی عالەمی هەیە، تەعریفێکی (national) هەیە هی هەر وڵاتێك، هی عالەمییەکە با بڵێین دۆلارێکە، بۆ یەك کەس، بۆ یەك ڕۆژ، بەڵام هی عیراق حەتمەن تۆزێك زیاتر بوو پێشتر، ئێمە داوامان کرد کە زیاتریش بکرێت بۆ ئەم جارە، چونکە پێوەرەکان ئێمە تەبیعی حکومەت چەند تموحی زیاتر بێ، دەبێ ئەو پێوەرە بەرزتر بکات، بەڵام لە حدودی موعقولیەت و واقعیش دا بێت، سوئالی جەنابت لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە بۆچی خەتی فەقر لە هەرێمی کوردستان جودا ناکینەوە لە شوێنەکانی تری عیراق؟ لەبەر ئەوەی ئەوە دوو سێ جانبی هەیە، جانبێکیان ئەوەیە کە مەوزووعەکە زۆر تەعقید دەبێت، جانبێکی سیاسی تێدا هەیە، کە ئیحتیمالە سوئی ئیستیفادەی لێ بکرێت، جانبی عەمەلییەکەی ئەوەیە کە ئەساسی دانانی خەتتەکە ئێستا لە حکومەتی عیراق لەم ساڵانەدا بە تەنسیقێکی کامل لەگەڵ جیهاتی نێودەوڵەتی دادەنرێت، یەعنی حکومەتی عیراق دەتوانێ ئەو مەوزووعە (تسیس) بکات بۆ نموونە، خەتتەکە زۆر نزم دابنێت، بڵێت هەژاری نییە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی کە ڕێگری بکرێت لە بە سیاسەت کردنی ژمارەکان، ئەو جیهاتە نێودەوڵەتییانە موداخەلە دەکەن، تەعریفی ئەم جارەش کە بۆ هەموو عیراق کرابوو، نزیکەی (١٠٥) هەزار دینارە بۆ یەك کەس بۆ مانگێك، یەعنی ئەگەر عائیلەیەك (٥) کەس بێت، (٥٠٠) هەزار دینارە، یەعنی هەر کەسێك لەو حدودە کەمتر داهاتی هەبێت، ئەوە دەچێتە ژێر خەتی فەقرەوە، چۆنیەتی چارەسەر کردنی لە ناو بودجەدا بە حەقەت بەو شێوازە نییە کە ئێمە بڵێین (٣,٧٪)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە بن خەتی فەقر دان، ئەوانە ئەگەر بیانگەینینە سەروو (٥٠٠) هەزار دینارەوە، ئەوانە کێشەیان حەل دەبێت، مەفهومەکە بەو شکلە نییە، هەرچەندە وەسائیل دەبێ لە زۆر لاوە ئەم کێشەیە حەل بکرێت، چونکە ئەو مەبلەغەی کە دانراوە بۆ (٥) بابەتی سەرەکی دانراوە، خواردنە، جل و بەرگە، سەکەنە، تەربیەیە (Education)، زائیدەن خەدەمات، خەدەمات شتی تریش دەگرێتەوە، وەکو نەقل و مواصەلات و ئەوانە، ئەم چارەسەر کردنی یان بنبڕ کردنی هەژاری تەنها بە تەوزیعی پارە نییە، یەعنی ئەوە لە هیچ شوێنێکی عالەم شتی وا نییە، جوزئێکی ئەوەیە، بەڵام جوزئێکی تری ئەوەیە کە تەئمین بکرێت کە ئەوانە دەستیان دەگاتە مەدرەسە، دەستیان دەگاتە خەستەخانە، دەستیان دەگاتە کۆمەڵێك خەدەمات هەیە کە دەبێ مەزموون بکرێ، لە دەورەی پێشووتری پەرلەمان دا ئێمە کارێکی ئەوەمان کرد بە تایبەتی لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چونکە ئێمە وەکو ئەوەی کە بەڕێز شرین حوسنی باسی کرد، کۆمەڵێکی زۆر وۆرك شۆپ و

سیمینار و دەورات و شت لە وەزارەتی پلاندانان هەیە، کە ئێمە حەز دەکەین کە ئەندامانی پەرلەمان بەشدار بن، چ ئەوانەی لە ناو هەرێمن چ ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمن، بۆ ئەوەی کە یەکەم شت ئاگادار بن، بەڵام دووەمیش بتوانن لە ناو قەوانینەکان، لە ناو تەشریعات و جەلەساتی ڕۆژانەی پەرلەمان دا جێیان بکەنەوە، ئەوەی کە بە ڕەنگاربوونەوەی هەژاری لە ناو بودجەدا، پرۆژە یاسای بودجە، بەو شکلە ڕەنگ دەداتەوە کە پێی دەڵێن (الميزانية الموجهة)، (الميزانية الموجهة) بۆ شتێکی موعەیەن، ئەگەر مەخصەد ئەوەیە کە بنبڕی هەژاری بکرێ، لە ناو میزانییە بابێك نایێت بڵێین پارە بدەنە هەژاران و تەواو، هەر ئەوەندە نییە، دەبێت میزانییەکە هەمووی تەصمیمەکەی بەو شێوازە بێت کە ئەو خەڵکە، ئەگەر میزانییەکە موەجەهـ بێت بۆ ئەوەی کە (equality) ڕەگەزی نێر و مێ و ئەوە موراعات بکات، ئەوە دەبێت موەجەهـ بێت بەو شێوازە، لەبەر ئەوە ئێمە کە پرۆژە یاسای بودجەیساڵی (٢٠١٥)مان حازر کرد، کە نێردرا بۆ ئێرە، دەتوانین زیاتر تەنسیق لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن بابەتی هەژاری ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ناو پرۆژە یاسای بودجەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان، ئێستا با بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بفەرمێ بۆ وەڵامی پرسیارەکان.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەت:**

هەر باش بوو یەك پرسیار بوو، خۆ ئەگەر زیاتر پرسیارتان بکردبا ئێمە دەبا هەتا بەیانی دانیشتباین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار مانگە خۆی حازر کردووە بەڕێز سەرۆکی حکومەت، وەزیری پلاندانان چوار مانگە خۆی حازر کردووە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

بەشێکی بووە بە دووبارە، بەشێکی پرسیاری کۆنە، بەشێکی وابزانم باسم کرد، هیوادارم بتوانم هەمووی وەڵام بدەمەوە، ئەگەر نەکرا، یان ئەگەر شتێکم لەبیر چوو داواکارم کە بە نووسین بۆمان بنێرن، حەز دەکەم بە نووسین بێ ئێمە لە ڕێگای لیژنەی سامانە سروشتییەکانەوە بێ، تاوەکو وەڵامەکان بە ڕێك و پێکی بێتەوە لاتان، بەڵام هیوادارم کە بەشێوەیەکی گشتی هەموو وەڵامەکان بدەمەوە لێرە بە شێوەیەکی عام باسی دەکەم، حەز دەکەم لە قورسەکانەوە دەست پێ دەکەم، دێمە خوارەوە، ئێمە باسی تەقاریرمان کرد، (١٠) ملیار لێرەوە، (٥) ملیار لەوێوە، کولفە هەمووی گەورەیە، بەڵام من حەز دەکەم باسی ئێمە ئەو پێنج، شەش، حەوت مانگە، نۆ مانگە کە موازەنەی ئێمە نەما وەکو حکومەت سەیری خۆمان کردووە، کەمی حکومەت، شەرت ئەو مەشاکیلانەی ئێمە چۆن حەل دەکرێ؟ ئەگەر هاتو عیراق پارە بدات و دوو قاتیش بیدات، بەو شێوەیەی کە سیاسەتی حکومەتە یان وەکو پەرلەمانە، یان ئیدارەی هەرێمی کوردستان

ناکرێت، دەبێ گۆڕانکاری بکرێت، بە بێ گۆڕانکاری کردن ئێمە تووشی هەموو قەیرانێکی دارایی دەبین، هەتا دوو ملیۆن بەرمیلیشمان هەبێ ڕۆژانە، کێشەی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووانە، ئەوانە گەورەکانن، ئەوەی کە پێی دەڵێن با بڵێین بن دیوار، کولفەیەکی زۆرە لەسەر حکومەت، کەس ناوێرێ، یان هەر تاقەتی نییە، یان بە پێویستی نەزانیوە کە سەیری بکات، کاتی هاتووە کە ئێمە بە صەراحەت سەیری بکەین، وەزارەتی دارایی دەستیان پێ کردووە، دەست خۆشیان لێ دەکەین، هیوادارم پشتگیری پەرلەمانی لەسەر بێ، چونکە ئەوە چارەسەر نەکەین ئێمە نەجاتمان نابێ، شێوەیەکی گەندەڵییە ئەوەش، ناکرێ بەردەوام بێ بەو شێوەیە، ئەوە بخەرە جانبێك، دووەم/ با بێینەوە سەر موازەنەی ئێمە لەگەڵ بەغدا، با بڵێین هیچ کێشەمان نییە، بەیانی پارەکەمان بۆ دێت، موازەنەی (٢٠١٤) پەسند کراوە، ملیارێك و (١٠٠) ملیۆن دۆلار دەکات مانگانە، ئەوە قەتعییە، لەوە زیاتر بۆت نییە پارە صەرف بکەی، داهاتی ناوخۆت زمنی ئەوەیە، نەفەقاتت زمنی ئەوەیە، هەرچی زیادە بێ دەبێ بینێریتەوە بۆ بەغدا، ئەوە ئەوەیە ئەگەر دەمانەوێ بە عەدالەت لەگەڵ بەغدا ئیش بکەین، ڕاستە جیاوازی ئەوە هەیە لەگەڵ (١٧٪)کە، بەڵام ئەوەیە حالیەن، بڕییان ئەگەر نەیانبڕی، چی دەبێت؟ دەبوایە ئێمە لە چوارچێوەی ئەو پارەیە بژین، باشە، با بێینە سەر ئەوەی تەحلیلی ئەوە بکەین، ئایا حکومەت دەتوانێ ئیشی خۆی بەڕێوە بەرێ بەو موازەنە؟ کولفەی فەرمانبەران هەشت ملیار و چوار سەدە، من بە دۆلار قسە دەکەم، ئەوە (٨٥٠) ملیار مانگانە، (٧٠٠) ملیۆن دۆلارە، زەربی دوازدەی بکە هەشت و چوار سەدە، کولفەی سووتەمەنی بۆ کارەبا حەز دەکەن یان حەز ناکەن، گازمان هەیە یان نیمانە (٣) ملیارە، فەقەت بۆ سووتەمەنی، کولفەی تەشغیلی وەکو جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێ دا هەشتاو شتێکە مانگانە، ئەویش ملیارێکە، ئەوە چوار، داهاتی کارەبا تەقریبەن صفرە موقابیل ئەوە، (١٪)یش نییە، کەواتە بەینی فەرمانبەران و کارەبا تۆ کولفەت دوانزە و چوار سەدە، ئەوەی لە عیراقەوە بۆت دێت سیانزە و دوو سەدە، هەشت سەد دەمێنێتەوە، ئایا بە هەشت سەدەوە دەتوانی ئیدارەی ئەم هەرێمە بکەی؟ تەشغیلی و ئیستیسماری و ئەوانە، بەخوا ناکرێ، دەبێ چارەسەری هەردووکیان بکەی لە بنەڕەتییەوە، ئینجا ئێمە باسی دەعم دەکەین لەلایەکەوە، ئەوەمان پێ دەکرێ دەتەوێ کولفە ئیزافە بکەی؟ تۆ سەیری خۆت بکە؟ سەیری خۆمان بکەین، ئایا ئێمە دەتوانین وڵات، ئەم شوێنە ببەین بەڕێوە؟ بۆ کوێ دەڕۆین؟ چۆن دەتوانین بگەینە نەتیجەیەك؟ سیعری بەنزین هەرزان بکە، ئەوە هەرزان بکە، خەڵکی تر تەعین بکە، پارەی پێشمەرگە زیاد بکە، ناکرێ، ئەگەر من ئەو چوار ملیارە کولفەیەی سەرمان بیکەین بە یەك، ڕاستە سیان ئیزافەم بۆ دەبێ، بەڵام دەعمی دەوێ، بڕیاری قورسی دەوێ، دەبێ پشتیوانی پەرلەمانی هەبێ، دووەم خاڵ دەمەوێ بیڵێم لێرە، پەرلەمان، داوای لێ بووردن دەکەم حەز دەکەم بەم شێوەیە بیڵێم، ئیشی پەرلەمان هەر سەرپەرشتی نییە، هاوکارییە بۆ داڕشتنی سیاسەتی حکومەت، ئێوەش بەشێکن لە هەڵبژاردن و لە حکومەت، دەبێ لە واقعییەکەدا دەست پێ بکەین، ئەوە نییە کە پەرلەمان داواکاری بکات، داوا و داواکاری، ئێوە بۆ داواکاری نەهاتوون، داواکاری دەبێ لەسەر ئەساسێك بێ کە توانا هەیە جێبەجێی بکات، ئەگەر توانا نییە چۆن جێبەجێی بکەین؟ خۆ ئێمە

حکومەتێکی سەربەخۆش نین تا قەرزی زۆر بکەین؟ جا لەبەر ئەوە ئەساسی داڕشتنی موازەنەی حکومەتی هەرێم لە ناحییەی یاساییەوە بە هەموو قەوانینی دەولی بۆی نییە عەجز دانێ لە موازەنە، چونکە تۆ عەجز دادەنێی ئەگەر داهاتێکی ترت هەبێ پڕی بکەیتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی تری نییە، لەبەر ئەوە دەبێ تەجاوزی داهاتی خۆی نەکات، قەرز دابنێ و عەجز بکا ساڵ دوای ساڵ، ئێستا باسی ١٢ تریلیۆنمان کرد، باشە ئەوە لە کوێ دا دەگەڕێتەوە؟ ناگەڕێتەوە، ئەوە هی دووەم، جگە لە (٨٥٠)، ئێمە تەبعەن تووشی سەدمەیەك بووین لە ماوەی سێ مانگ دا، یەکەم/ سێ، چوار مانگ ئێمە تەوەقوعی بڕینی بودجەی کوردستانمان نەدەکرد، ئێمە پلانمان داناوە بۆ (٢٠١٥)، بگەینە شوێنێك بتوانین ئەو موناقەشەیە بکەین لەگەڵ بەغدا، دەڵێین ئێمە بەرەو توانای خۆمان دەڕۆین، ئەگەر تۆ بە عەدالەت ئیشمان لەگەڵ نەکەی، ئێمەش هەنگاوی تازە دەنێین بۆ سەربەخۆیی ئیقتیصادی خۆمان، ئەوان بۆ ساڵێ پێشتر بڕیاری خۆیان دا موازەنەی ئێمە نەنێرن، ئێمە یەکسەر تووشی ئەوە بووین کە بووە کێشەیەکی دارایی گەورە بۆ هەمووومان، دووەم/ تەبعەن تووشی شەڕی داعش بووین لە هەمان کات دا، سێیەم/ تووشی ملیۆنێك و نیو ئاوارەکان بووین، ئەوە قورسترین ئەرکە بۆ هەر حکومەتێکی باڵا، گەورە، تورکیا ئێستا ناتوانێ زۆر ئیش بکات بەو ملیۆن و نیوە، ئێمە تووشی ئەو هەمووە ببووین،ماشەڵڵا توانیمان ئەقەلەن بمێنین، (٨٥٠) ملیار کەم نییە بۆ وەزارەتێك کە چوار مانگە نەوتی خستۆتە بازاڕەوە بە ڕەسمی، توانیومانە قەرز بکەین، قەرزی ناوخۆ، قەرزی دەرەوە، نەوت بفرۆشین، ڕاستە ئاسان نەبووە لە پێشەوە، بەڵام من ئێستا دەڵێم (light at the end of tunnel)، هینەکە دەبینم، دەبینم بۆ چەند مانگێکی تر، تا نیوەی ساڵی داهاتووە ئینشاڵڵا، ئەگەر من مابم لێرە، ئێمە و ئەو پەرلەمانە با بڵێم گەیشتینە ئەو شوێنە، من ئیمانم بە خۆمان هەیە، ئیمانم بە ژمارەمان هەیە، هەر دەگەینە نەتیجە، من دەڵێم ئەگەر (٢٠٪)یش کەمتر بێ، سەربەخۆیی خۆت باشترە لەوەی سواڵ بکەین لە بەغدا هەموو جارێ موازەنەکەمان بکات، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە بتوانین بە حوریەتی خۆمان بڕیاری خۆمان بدەین، شەڕی خۆمان بێ لەسەر ئەوە نەوەك لەوان بپاڕێینەوە بۆ ئەوەی موازەنەمان بۆ بنێرن، بەو ئالیاتانەی کە ئێستا هەیە، بەڵێ ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بە ڕێککەوتن بگەینە ئەو نەتیجەیە، پرسیارێك کرا لەسەر بڕیارەکانی بەڕێزتان کە دەستتان پێ کردووە، بۆ بە ئاگاداری بەغدا نەوت بنێرینە دەرەوە؟ ئێمە لەگەڵ ئەوەدایەن، ئێمە دەڵێین ئەگەر ڕاپۆرتی ئێمە دەخوێننەوە، هەموو ڕۆژ لە جیهان، مەکتەبەکەیان لەوێ یە دەیبینن، بەڵام ڕاستە ئەو پرسیارە کرا ئەگەر ئایا مەبەستمان ئەوەیە بە سۆمۆی بدەین، وابزانم سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە نەء، بۆ شەفافیەت، بەڵێ، بۆ ئاگاداری، بەڵێ، بۆ ڕاپۆرت، بەڵێ، بۆ ئاشکراکردنی داهاتەکە، بەڵێ، بەڵام بۆ کۆنترۆڵ، نەخێر، ئەوە سیاسەتی هەرێمی کوردستانە، جا لەبەر ئەوە هیوادارم لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێزیشتان ئەوە ڕوون بێ، هەتا غموززی تێدا نەبێ کە دەردەچێ بۆ دەرەوە، نەك دوایی بەکار بێت دژی خۆمان، باسی پێنج ملیارە کۆنەکە کرا دووبارە، پرسیارەکە لە شوێنی خۆیەتی، بەڵێ لە سەرەتای ساڵەوە بە پێی ڕاپۆرتەکەی ئێمە کە لای بەڕێزتانە، وابزانم کاك ئامانج لێرەیە، نزیکەی ملیارێك مابوو لەو حیسابە کە

صەرف نەکرابوو، بەڵام بەداخەوە ئەو ملیارە و ملیارەکانی تریش کە ئێمە لە حیسابی بانکی منارە دامانابوو، وەزارەتی دارایی خەتی سووری بەکاری هێناوە، وەکو هی هاووڵاتیان، هی ئێمەشی بەکار هێناوە، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە نەمانتوانی تەرخانی بکەین بۆ هیچ مەشاریعی تازە، ئێستا ئەوەش چووەتە سەر حیسابی مەعاشات، بەڵێ بۆ مەعاشات صەرف کرابوو، هەموو داهاتەکانی تازە و کۆنیش کە بڕابوو، ئەوەش لە زمنی ئەو (١٢) ملیارەیە کە بەڕێزی ئیشارەتی پێدا، لەبەر ئەوە من وابزانم ئەو (١٢) تریلیۆنە نیوەی قەرزاری ئێمەیە، بەڵام نیوەی وەکو بڵێین بەینی دوو وەزارەتە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین بە داهات بۆ وەزارەت و نەجاتمان دەبێ، بەڵام حەقیقەتەن شەش، حەوت ملیار قەرزارین ئێمە، یەعنی صافی صافی، با بێمە سەر شتە عاممەکانیش کە بەشێکیان وابزانم قسەم لەسەر کردبوو، پاڵاوگە بچووکەکان، جێبەجێ کردنی یاسای (٢٠٠٧)، وابزانم ئیشارەتمان بەوە دا، یاساکان دوانیان ئامادەن، چوارشەممە تەواو دەبن، فلزی و لافلزی، کۆمۆش ئیشی لەسەر دەکەین، بەڵام من حەز دەکەم بۆ ئەوەی (سوء تفاهم)ێ نەبێ، چوارشەممە ئەو ڕۆژەیە ئێمە دەیبەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هاتو مولاحەزاتی لەسەر نەبوو ئەو ڕۆژە یان ڕۆژی دوای ئەوە دێت، بەڵام ئەگەر مولاحەزاتی لەسەر بێ، دەچێتەوە صیاغە لەوانەیە چەند ڕۆژێ بخایەنێ، جا لەبەر ئەوە هیوادارم بۆ ئەوەی دوایی نەڵێن وتتان چوارشەممە و نەتاننارد؟ ئەوە ئیحتیمالاتە، چونکە ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەکە نازانین وەزیرە لەوانەیە مولاحەزەی هەبێ، بچین دیراسەی بکەینەوە، ئیشارەت درا لە ئیدارەی ئەو کۆمپانیا لێرە بڕیاری لەسەر دەدرێ، ئەوە واجیبێکی یاسایی یە، لە یاسای ژمارە (٢٢) هاتووە، من لە بیرمە زۆر زۆر موناقەشەمان کرد، من دەمەوێ ئەو کۆمپانیا سەربەخۆ بێ لەم وەزارەتە، لە وەزارەتێکی تر، ئیدارەی خۆی هەبێ، حەقی مالی هەبێ، بڕیاردانی هەبێ، بەڵێ دەبەستێ بە ئەنجومەنی نەوت و غازەوە، بەڵام ئیدارەی سەربەخۆی هەبێ لە وەزارەتەوە، سیاسەتی ئێمە بۆ دامەزراندنی مەصفا، مەصفای تازە، سیاسەتی ئێمە ڕوونە، ئەوەی کە دێ مەصفا دابنێ هاوکاری دەکەین، وابزانم بەڕێز کاك علی حەمە صالح، برادەرێکی تر هاتبوون بۆ لای من، خەڵك، ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە، بەڵام ئایا (١٧) دۆلار دەدەین بە مەصفای تازە؟ نەخێر، چونکە ئێمە پێویستمان بە موشتەقات نییە بیکڕین، دەمانەوێ خەڵك بە سەربەخۆیی بیخا، موجازەفە لەسەر ئەوە بێ، نەوت بە سیعری بازاڕ بکڕێ، نەختێ تەنزیلاتی دەدەینێ، دیراسەی ئیقتیصادی خۆی وا پێ دەگرێ، ئێمە دەعمی دەکەین، بەڵام ئایا ئێمە مۆڵەت دەدەین بە بێ گفتوگۆ؟ نەخێر، بۆ؟ بەرنامەکەی ئێمە وەردەگرێ دەچێ بەکاری دەهێنێ و دەچێ دەیفرۆشێ، ئێمە ئەوەمان دیوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو کۆمپانیایەی جیددی نەبێ، پارەی نەبێ، تەئمینات دانەنێ بە هیچ شێوەیەك لەگەڵیان دانانیشین، چونکە من (١٥٠) موفاوز هاتووە بۆ لام، وەختم نییە، وەخت بسووتێنین بۆ موفاوەزاتی ئەوەو، دوایی دەرکەوێ یاریمان لەگەڵ دەکات، داوای لێبووردن دەکەم ئەم شتانە، بەڵێ پێویستیمان بە مەصفا هەیە، بەڵێ ئێمە هاوکاری دەکەین، دوو، سێ کەسی جیددی هەن، گفتوگۆمان هەیە، ئەگەر پێیان بکرێ ئێمە سیاسەتی ئێمەیە کە پاڵاوتن لە کوردستان زیاد بکەین، چونکە مەشاکیل حەل دەکات، هەروەها ئێمە با بڵێین بۆ ئیش کردن، بۆ پەرەپێدان و هەموو

ئەو شتانە بۆ ئێمە باشە، باسی (١٧) دۆلار و (٧) دۆلار کرا، من ئەوەی کە دەزانم لە مەصفاکانی جیهانی (٧) دۆلار کولفەی تەشغیلی یە، (٧)یش نییە، تەقریبەن (٧) تا (١٠)یە، بەڵام ئەوەی کولفەی تەشغیلی جیایە لە کولفەی ئیستیسماری کە ئیزافەیە، تۆ مەصفایەك دادەنێی ملیارێك صەرف بکەی، دەبێ لە ماوەی پێنج ساڵ دا بۆت بگەڕێتەوە، یان لە حەوت ساڵ دا بۆت بگەڕێتەوە، ئێمە وەختی خۆی (Model)مان دانابوو، حیسابمان کردبوو ئەگەر ملیارێك صەرف بکەین، ئەو مەصفایەش بەرەو ملیارێ دەڕوات یان تەجاوزی کردووە، دەبێ ئەو کولفەیە وەرگریتەوە زائیدەن تەشغیلی، ئێمە چیمان وتووە؟ کە گەیشتیتە ئەو وەختە پارەکە لە (١٧)وە دەبێ بە (٧) یان بە (٨)، کە تەشغیلی و ربحەکەت دەداتەوە ئەو وەختە، ئێمە ئەوەش وەکو دەڵێن (rate of return)ی ئیقتیصادی، بەڕێزان بەشێکتان لە ئیقتیصاد دا ئیش دەکەن لێرە، تەقریبەن حیسابمان کردووە لە (١٥٪) تا (١٨٪) تێنەپەڕێ، جا لەبەر ئەو ئەساسە ئەو نرخە دانراوە، سووتەمەنی بە شێوەیەکی عام بۆ ناوخۆ، من نامەوێ ئەو دەرگایە بکەمەوە، بەڵام مولاحەزەی ئەوە هەبوو کە یان کەم هەیە، یان عەدالەت نییە لە دابەشکردن، ئێمە سەیری ئەوە بکەین دهۆك ڕاستە، چونکە ئێستا بووە بە دوو قات، دەبێ حەلی بۆ بدۆزینەوە، بەڵام بۆ غاز ئێمە کێشەمان نییە، وەختی خۆی کە عیراق دەینارد (٦٠٠) تەن بوو، ئێستا ئێمە (٨٥٠)، (٩٠٠) دەخەینە بازاڕەوە، من نازانم موشکیلەکە چییە؟ موشکیلە ئێمە شتێکمان کەشف کردووە، لە سلێمانی تەقریبەن (٤٠٠)، (٥٠٠) تەن دەچێ بۆ سلێمانی، تەقریبەن نیوەیەتی، بەشێکی لە کەرکووکەوە دێ، بەشی ئێمەش وەردەگرێ، هەر لە ئەوەی دانا غازێك دەردەچێ، ئەوەی سلێمانی تەجاوزە لە پێویستییەکان، تەقریبەن (١٥٠) تەنی بە ڕەئی من زۆرترە، (١٥٠٪)، بووە بە تیجارەت و دەیبەنە دەرەوە، دەیدەزن، ببوورن ئەو زمانە بەکار دەهێنم، ئینجا وای لێهاتووە ئێستا لە دهۆك و هەولێریشەوە دەچێتە سلێمانی بۆ ئەوەی بڕواتە دەرەوە، دەرگای ڕەشی کردۆتەوە، ئێمە بڕیارێکمان دا دوێنێ کە تەوزیعەکە دەخەینەوە سەر ئەساسی، بنەمای ئەوەی کە پێش ئەوە کرابوو، ئەو وەختە ئەوەی کە هەمانە بەش دەکات، بەشی ئاوارەکانیش دەکات، بەڵام ئەگەر ڕێگە بدرێ بچێ بۆ ئێران بە هەرزان، هیچ بەش ناکات، ئەوە یەکەم، دووەم/ دابەش کردن و کەمکردنەوەی سیعر هەر حەل نییە، با بێمە سەر هینەکەی، خەڵك دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەم مەسەلانە، ئێستا ئێمە فڕنەکان، هی نان و سەموون و ئەوانە، یان بە کارەبا ئیش دەکات، یان بە (L.P.G)، باشە ئەی بۆچی نەوتی سپی دەدەیتێ؟ محافز دوای محافز نامەی بۆ دەکات و نەوتی سپی دەداتێ، نەوتی سپی بۆ؟ دەیفرۆشێ، یەعنی ئەو قەیرانەی ئێمەی تیایە، من مەفرووزە نەوتیش بدەم هەتا وەکو ئەگەر بەکاریشی نەهێنن، بیفرۆشێ؟ باڵاخانەکان هیچ شوێنێکی نییە کە نەوتی سپی تیا بەکار بهێنێ، کارتی هەیە، دەچێ نەوتەکە دەفرۆشێتەوە بەو مقاولەی کە نەوتەکە نەقل دەکات، هەر وەریشی ناگرێ، کۆبۆنەکەی لێ دەستێنێ، بە نیو قات نەوتەکە دەبا و دەیهێنێ دەیفرۆشێتەوە بە من بە (١٢٠٠)، ئەوە بازاڕی ڕەشە، ناکرێ ئەم شێوە، ئیسلوبی دەعم هەر خۆمان زەرەرمەندین، حەل نییە لەوەدا، (طالما) بازاڕی ڕەش هەیە، هەر بەردەوامە، وەکو بیستوومانە کە داعش نەوت دەفرۆشێ، هەموو کەسێك دژیەتی، بەڵام ئەگەر قوژبنێك بدۆزێتەوە، چونکە بە (١٠) دۆلار

دەیفرۆشێ، فلانە کەس دەیکڕێ بە (٢٠)، ئەوی تر دەیفرۆشێ بە (٤٠)، دەیفرۆشێ بە (٥٠)، دەیبا بۆ (١٠٠)، کەس ناتوانێ بیوەستێنێ، بەرپرس دێتە ناوی، مەسئول دێتە ناوی، ئەو شتانە، خۆی بازاڕی ڕەشە موشکیلەکە دروست دەکات، ئێمە لە داهاتوودا هیوادارم بڕیارێك بدەین لە مۆدێلێکی باشتر، عەدالەتتر، کە ئەم کێشەیە بەخۆمان حەل بکەین، ئیشارەت درا غازی سروشتی، بەڵێ ئێمە پلانمان هەیە بۆ غازی سروشتی، سەروو دوو ساڵی دەوێ بۆ ئەوەی بگەینە غازی سروشتی، تەبعەن ئەویش بەلاش نییە، کولفەی ئەقەلەن ملیارێك، ملیار و نیوێك، بەڵام لە سیعەی کەم دەبێتەوە، بەڵام ملیارێ، ملیار و نیوێ دوای ئەوەش ملیارێك تەولیدت هەیە، تۆ دوو ملیار کولفەت هەیە،  ئێ هەر دەبێ داهاتێکت هەبێ، کە بگونجێ لەو کولفانە، ناکرێ حکومەت دەوام بێ لە دوو ملیار ، سێ ملیار، چوار ملیار کولفە لەسەر کارەبا دابەشی بکات بە بێ  داهات، ئیشارەت درا کە مەحکەمە براوەتەوە، من نامەوێ باسی بکەم، لە ناحیەی قانونییەوە پێم وتراوە قسە نەکەم لەسەری، هەر ئەوەندە دەڵێم ڕاست نییە، ڕاستی لای ئێمەیە، ئیمانمان بە خۆمان هەیە، خەریکی ئیش کردنین، ئێمە ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز ئیجرائاتی خۆشی بکات لەسەر کۆمپانیاکە، چونکە تەجاوزی حدودی کاتەکەی کردووە، حەوت ساڵ تێپەڕیوە هیچی نەکردووە بۆ چەمچەماڵ مەسەلەن، ئێمە پێویستمان بە غازەکەیە، لەوانەیە خۆمان بچینە ناو حەقلەکانەوە، ئیشەکان بکەین لە باتی شەریکەکە، بەو شێوەیە نەجاتمان دەبێ لەو کۆمپانیایە، لە ئیشە نایاساییەکانی، تەبعەن باسی داعش ناکەم، جەنابی سەرۆك ئیشارەتی پێ دا، ئیشارەت درا بە نەوتی کەرکووك، داهاتەکەی ئێمە ئایا ئاگادارین؟ بەڕێزان کەرکووك خاریجی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستانە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئاگادار نین، بەشدار نین لەوە، ئێمەش تەقاریرمان بۆ دێت کە نەوت ئینتاج کراوە، ئێمەش دەزانین پاڵاوتن تەقریبەن (٣٠) هەزار بەرمیلە، (١٢٠)ی دیار نییە، جارو بار حاشای لێ دەکەن، جاروبار دەڵێن حەقلمان کردووە، ئەوە لە ژێر تەحقیقدایە و کۆنترۆڵ دایە، ئەو لیژنە تەحقیقیەی باسمان کرد هاوبەشیشە، وابزانم محافزیشی تیایە، هەمووومان دەمانەوێ ئەوە بوەستێنین، مەعنای ئەوە نییە یەعنی کەس لە حکومەت دا بەشدار بێ لێرە، بە ڕەسمی یەعنی ئێمە بەشدار نین لەوە، پرسیار کرا ئایا لە عەینزالە ئینتاجمان هەیە؟ نەخێر نیمانە، ئایا دەمانەوێ بیکەین؟ بەڵێ، پلانمان هەیە کە بچینە ئەوێ، تەقریبەن (٥٠) تا (١٠٠) هەزار توانای هەیە، مافی خۆمانە، ئێمە بە پێی یاسای ژمارە (٥) ئەگەر بیخوێننەوە دووبارە بەڕێزان، مافی خۆمانە لە هەر شوێنێ هەر چیمان دەست بکەوێ ئەو پارەی عیراق قەرزاری ئێمەیە وەریگرینەوە، بەڵام نەوتی کۆنە، نەوتی تازەیە، نەوتی کەرکووکە، نەوتی عیراق خۆیەتی، لە دەرەوە وەری دەگرین، لە ناوەوە، مافی خۆمانە بە پێی یاسا ئەو شەڕە بکەین و وەریگرینەوە، بەڵام ئەو بڕیارەم نەداوە نە لە کەرکووك، نە لە عەینزالە هێشتا، عەینزالە لەوانەیە ئاسانتر بێ، بەڵام تا ئێستا شەڕی تیایە، هێشتا ئەو هەنگاوەمان نەناوە کە بچین بۆ ئەوێ، نەختێ فحوصات و شت هەیە ڕاستە، بەڵام هێشتا بە ناحیەی عەمەلی نەچووینەتە ناو عەینزالە خۆی، وابزانم نەختێ سوء تەفاهوم لە بەینی تەقاریری پێشووی ئێمە و تەقاریری ئەمڕۆ هەیە، ئێمە ئەمڕۆ ویستمان واقعی بین، ئەمری واقعی ئەو چییە؟ ئێمە تەقریبەن (٩) مانگە پارەی کۆمپانیا

نەوتەکانمان نەداوە، وەکو باسم کرد، تەبعەن کۆمپانیاکانیش ئەگەر داهاتیان نەبێ ناتوانن (investment) بکەن، ئەوە بەشێك لە سەبەبەکان، دووەم/ داعشە، داعش تەئسیری نەکردۆتە سەر ئینتاجی سێ حەقلەکە کە هەمانە، ڕاستە، بەڵام ئەو حەقلانەی کە مەفرووزە بێن نەختێ تەئسیری لەسەر ئەوان کرد، چونکە شەریکەکان سەحبیان کرد لەسەر حدودی دهۆك و ئەوانە، کە دوو، سێ لەو حەقلانە لەسەر ئەو حدودەن، لە مەنتیقەی شێخان و ئەو شوێنانە، ڕاستە لە تەقتەق و تەوقی بەرەو ئیزافە چوو، بەڵام ئەوانەی کە مەفرووز بوو ئێستا ئینتاجیان هەبێ، ئەوە بوو بە ئینتاج بۆ ساڵی داهاتوو، ئەوەش بەشی دووەمە، بەشی سێیەم خیلافات لەوانەیە لەوە بێ من لەم تەقریرەی پێشوو باسی داهاتی گشتیم دەکرد، کولفەی تیا نەبوو، کولفەی پاڵاوتن و ئەوانە و کڕینی سووتەمەنییەکە، داخلی و خاریجی و تەصدیری ئەوە لە زیمنی داهاتەکەیە، وابزانم ئەوەیە، بەڵام من حەز دەکەم لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی نەوت و غاز دانیشم، ئەو تەقریرەی کە هەمانە، ئەمڕۆ پێشکەشمان کردووە بە ڕەسمی بۆ پەرلەمان، من ئیمانم بەوە هەیە، ئەوانی تریش لەوانەیە قسەی ئیعلام بووبێت جاروبار، هیچ تەناقووزێك نییە ئەو قسەیەی کردوومانە حەفتەی ڕابردوو لەو موئتەمەرە، بەرامبەر ئەو تەقریرەی ئەمڕۆ خوێندمەوە، عەینی ژمارەکانە، ئینجا ئەگەر حیسابی بکەی، ئەم ژمارە بیبەی ئەملا، تەقسیمی بکەی، زەربی بکەی، عەینی ژمارە دەردەچێ، من حەز دەکەم لەگەڵ بەڕێز کاك شێرکۆ دانیشم، کە ڕوونی بکەمەوە ئەوەی کە وتوومانە لەوێ، لێرە وتوومانە عەینی ژمارەکانە، جا لەوانەیە تەفسیرێکی هەبێ، شتێك، بە (presentation)ی (PowerPoint) ناتوانین هەموو شتێك پێشان بدەین، لەبەر ئەوە ناکرێ هەر ژمارەیەك و دوو ژمارە وەرگری حیسابیان بکەی، کە بڵێی ئەوە جیاوازە لەوە، وا نییە، چونکە ئێمە هینمان تێکەڵ کردووە لەم ڕاپۆرتەش دا، کڕینی سووتەمەنیشی تیایە لێرە، بەڕێزێك، وابزانم کاك شەعبان بوو وتی نەوت نەبێتە سەرچاوەی تەواو بۆ داهات، ئینشائەڵلا، ئەوە گەورەترین خەلەلە بۆ ئێمە، بەڵام ئێستا سەرچاوەی یەکەمە، قەتەر بیست ساڵ ئەوجا گەیشتە ئەو مەرحەلەیەی کە نیوەی بکات، ئێمە هیوادارم بە (١٠) ساڵ بیکەین، بەڵام بەیانی نابێت، داهاتی ئێمە داهاتی ترمان نییە، هیچ تەقەدومی نەکردووە، نە زراعە، نە (tourism)، نە صناعە کە نیزامی زەریبی، ئەی داهاتەکەی باقییەکەی لە کوێ دەهێنی؟ هیوادارم داهاتی نەوت و غاز بەرز ببێتەوە، هیوادارم لە زمنی یاسای سندووقی داهات ئیشارەتمان داوە بە دروستکردنی سندووقی موستەقبەلی، هیوادارم داهاتێك بچێتە ئەوێوە، (investment) بێ بۆ موستەقبەل، ببێ بە مەصدەرێك بۆ دابین کردنی داهاتی مەسەلەن ساڵانی داهاتوو، بۆ ئەوەی ئیعتیماد لەسەر نەوت و غاز با بڵێین کەم بێت، با بڵێین (٧٥٪)، (٥٠٪) موستەقبەلەن، تاوەکو تەتەور دەکات وڵاتەکەمان، ئیشارە درا کە کارمەندان جاروبار ناهێڵین ئێمە ئیش بکەن لە ئاباری نەوت، ئاسایش تەدەخول دەکات، ئەم شتانە، یا مەبەستێکی سیاسی یان نا، بەڕێزان ئێمە وەکو وەزارەت تەدەخول لە ئیشی ئاسایش ناکەین، ئیشی ئێمە نییە، کۆمپانیاکانیش بەو شێوەیە ئیش دەکەن، بە پێی پرۆسەی خۆیان، کە دەیانەوێ خەڵك تەعین بکەن، سی ڤییەکە دەنێرن بۆ لای ئێمە، ئێمەش مەجبوورین، مەفرووزە لەسەرمان وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش

ئاگادار بكرێن، ئایا تەعین كردنی ئەم شەخصە كێشەی هەیە لەسەر؟ زۆربەی وەختەكان با بڵێین (٩٩٪)، جاروبار چ، ٢ كەس دەردەچێ دەڵێن ئەوە، سەبەبەكەش نادەن بە ئێمە، چونكە ئێمە پێویست نییە بزانین، ئەوەی ئەگەر شەخصێك هەیە تەعین نەكراوە، مەبەستێكی سیاسییە، بەخوا من یەكەم كەس دەبم كە دیفاعی لەسەر بكەم، بەڵام ئەگەر لەسەر (security) كراوە، شتێكی لەسەرە، ئێمە تەدەخول ناكەین، بەڵام ئەو جیهەتانەی مەعنین دەتوانن تەدەخول بكەن، حەقی خۆیانە، بۆ داهاتەكە دەچێتە حیسابی بانكی كوردستان؟ بەڕێز وەزیری دارایی بەشێ لە وەڵامەكەی دا، من دەمەوێ ئیزافەی لەسەر بكەم، ئێمە بە عەمدی بڕیارمان دا، هەموو حیسابەكان نەقل بكەین بۆ ئەو بانكە، چونكە سیولە نەمابوو، فەقەت ئەو بانكە نەیدەهێشت پارەكەی ئێمە صەرف بكرێت، بە نەقدی بمێنێتەوە، ئەگینا ئەوە نەبوایە هەتا ئێستا سیولەكەمان نەبوو، بڕیاری عەمدی بوو بۆ بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لەو سیوولەیەی كە بازاڕ نەماوە، ئەگینا نەشمان دەتوانی معاشەكان بدەین، ڕاستە موستەقبەلەن دەبێ لە ژێر حیسابێكی حكومی باین، بەڵام یاسای با بڵێین سندووقی كوردستان ئەوە حەل دەكا بۆمان ئینشائەڵا سەروو مانگێكی تر، كە بڕیاری لەسەر درا، باسی شەریكەی (Gazprom) كرا، كە نەختێ كێشە هەیە لەوێ ڕاستە كێشەكەش گەورەیە، خەڵك بەشێكی لەوانەیە حەقی هەبێ، بەڵام بەشێكی بەڕاستی شەڕ فرۆشتنە بە شەریكەكە، لەسەر ئەوەی دەوێ لێی، ئەوەی دەوێ، دەبێ هەر من ئیش بكەم، كەسی تر ئیش ناكات، یەعنی خراپە، ئێمە ئیشمان لەسەر كردووە، هیوادارین بیوەستێنین، هەتا بزانن كاك قوباد ئیشی لەسەر كردووە، كاك علی حەمە صالح ئیشی لەسەر كردووە، خۆم ئیشم لەسەر كردووە، دوو كەس چوونە مەحكەمە، بردوویانە بۆ مەحكەمە، ئەمری (إلقاء القبض)یان لەسەر دەرچووە، نەگیراون، علوجن نازانم لە كوێن؟ بەڵام لەسەر خەتن لەسەر (Gazprom) ناهێڵن، منیش علوجم بەكار هێنا بۆ دوو جار، ناهێڵن كۆمپانیاكە ئیش بكات بە تەلەفۆن، ئێ باشە ئێمە حكومەتین؟ ئاسایشین؟ چین؟ بەڕاستی ئەگەر نەتوانین دوو كەس بگرین، كۆمپانیایەكی وەستاندووە كە (١٠٠) ملیۆن دۆلاری هێناوە بۆ هەڵەبجە، پێش ئەوەی نەوت بدۆزێتەوە، بۆ دەعمی بونیەی تەحتی هەڵەبجە، بەڕێزان من ئاگادارم، منیش خەڵكی تەوێڵە و هەڵەبجەم، بە شانازییەوە من فەخرم بەوە كردووە ئەو كۆمپانیایە بێ لەوێ ئیش بكات، مەعقولە دوو، سێ كەس، پێنج كەس بچن ئەو كۆمپانیایە بە هەڕەشە بوەستێنن؟ دەبێ ئەم شتانە ڕێگا نەدەین، عەینەن خۆ هەر ئەوێ نییە، لە شێخان حەفتەیەك، دوو حەفتە لەمەوپێش شتێكی وا ڕوویدا، مەجبوور بووم ئاخیرەكەی تەلەفۆنم بۆ سەرۆكی حكومەت كرد، كاك كەریم لە دەرەوە بوو، نەمانتوانی ئەو موشكیلەیە حەل بكەین، ئەو كابرایە گیراوە ئێستا، گیراوە تا دۆسیەی بۆ دەچێ و دەچێتە مەحكەمە، بزانین چی بەسەر دێت، دەبێ نموونە دابنێین بۆ ئەوەی خەڵك فێر ببێ كە بە عەداڵەت ئیش بكات، نابێ ئێمە هەڕەشە بكەینە سەر ئەوانەی دەمانەوێ، دەستی ئەوە مەبرە كە بە خێوت دەكات، ئەو شەریكانە موستەقبەلی ئێمەن، ناكرێ بەو شێوەیە تەعامولیان لەگەڵ بكەین، ئایا بانكەكان عموولە وەردەگرن؟ بانكی توركی و (K.I.B)، (K.I.B) ئیتیفاقمان كردووە، بانكی ئەجنەبی نەختێ عموولە وەردەگرێ، بەڵام ئەوە شتێكی بەسیتە، یەعنی لە (١٪) و ئەوانە نییە، بچووكە،

لە تەحویل کردن و ئەو شتانە، یەعنی نایەتە  حیسابات بە ژمارەیەکی گەورە، باسی تانکەر کرا، ئێمە هەموو تانکەرەکانمان فرۆشراوە، خۆمان نەقلمان کردووە، دوو تانکەر وەستابوون  و وەستانی ئەو دوو تانکەرە بڕیاری خۆمان بووە، باخیرەکان دەڵێم،  ببوورە باخیرەکان ئەوەی کە چوو بۆ مەغریب ئێمە دوای ئەوە ئیشی خۆمان کرد، نەقلمان کرد بۆ شوێنێکی تر، باخیرەکە دووبارە هاتۆتەوە، نەوتی تری برد بۆ شوێنی تر، پارەکەشمان وەرگرتووە، هیچ نەماوە، لەوێ چۆتە تەکساس، من دەمەوێ دوو شت ڕوون بکەمەوە لێرە، ئیشی حکومەتی ئەمریکی لەوە نییە، حکومەتی ئەمریکی بەشدار نییە لەم بڕیارە، ئەمە شتێکی بڕیاری مەحکەمەیە، یەکێ چووە شکاتی کردووە لەوێ، مەحکەمە سەیری ئەوە دەکات، بەینی دوو تەرەفە، حکومەت ناتوانێ تەدەخولی لەسەر بکات، حکومەت دروستی نەکردووە، بەڵام من دەزانم سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا نەختێ دژ بوون، یان وەکو حەزی نەدەکرد ئێمە بە جیا ئیش بکەین، وەلەو گۆڕاوە ئێستا، بەڵام ئەم ئیشەیان نەکردووە، دڵنیابن ئەوە ئیشی حکومەت نەبووە، بە پێی ئامۆژگاری لەگەڵ محامات، حەق لەگەڵ ئێمەیە، ئێمە موتەئکیدین دەیبەینەوە، بەڵام وەختەکە، موهیم پارەکەشمان وەرگرتووە، ئێمە پارەی باخیرەکەمان وەرگرتووە، بە دەست خۆمانە کەی بمانەوێ بیجوولێنین، بەڵام تەسلیم نەکراوە، پارەکەمان وەرگرتووە، تەسلیم نەکراوە بۆ جیهەی مەعنی کە مەقصودە، لەبەر ئەوە ئێستاش نازانین کولفەکەی چەند دەبێت، وەختی خۆی فرۆشتمان نزیکەی (١٠٠) بوو، (٩٨) بوو، شتێکی وابوو، ئێستا لەوانەیە (٧٠) دەرچێ، چونکە تا تەسلیمی دەکەی، ئەو وەختە سیعر حیسابە کە تەسلیمت کردو لە ماوەی فەترەیەکدا حیسابی، وەکو باسم کرد لە هینەکان، بەڵام ئەوە موهیم نییە، چونکە لەوانەیە بگاتەوە (١٠٠) تا ئێمە تەسلیمی دەکەین، ئێمە لەوانەیە دوای ئەو مەحکەمە بڕیاری تازە دەردەچێ، سەروو حەفتەیەکی تر، لەوانەیە بڕیار بدەین لایبەین لەوێ، بیهێنینەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام ئێمە نەوتمان لەسەر بەحر نییە و لە هەموو شوێنەکان فرۆشتوومانە و موشتەریەکانیشمان باشن و بەرەو باشی دەڕوات و إنشالله دەرگای تازەشمان بۆ دەکرێتەوە لە وڵاتانی گەورەوە، بەڕێزان هیوادارم توانی بم زۆربەی وەڵامەکان بدەمەوە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر هیچ هەیە، لەڕێگەی کاک شێرکۆ و لیژنەکەی کاک شێرکۆ بۆمان بنێرن، ئێمە دووبارە وەڵامتان دەدەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بۆ د.ئاشتی وەزیری سامانە سروشتییەکان، بەڕێز سەرۆکی حکومەت فەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمواية ئەوەی کە کاک د.ئاشتی پێشنیاری کرد، دەمەوێ دووپاتی ئەوە بکەمەوە، پێمواية کۆبوونەوەیەك لەگەڵ لیژنەی نەوت و غاز ئەوەی کە لە پەرلەمان هەیە، لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەفتەی داهاتوو زۆر پێویستە، کاک ئاشتی کۆبوونەوەیەکتان پێویستە لەگەڵ لیژنەی وزەی پەرلەمان، چونکە هەم بۆ ئەوەی قسە بکرێ لەسەر ئەوە، ئێستا ئێمە خیلافێك، شتێك دەبینم لە

ئەرقامەکان مومکینە قسەیان هەیە، دووەم/ ئەوەی کاك شێرکۆ و ئەوان باسیان کرد، کە خەڵکانێك ئاسایش دەری کردوون یان بەهەر سەبەبێکی سیاسی، بە حەقیقەت ئەوە من دەمەوێ وەکو سیاسەتی حکومەت من لێرەوە پێتان بڵێم ئێمە بە هەموو شێوەیەك دژی ئەوەین، من دەتوانم وەکو حکومەت بە شێوەیەك ئەو قسەیە بکەم، لەبەرئەوە من هیوادارم بە یارمەتی ئێوە ئێمە بتوانین حەدێك بۆ ئەو شتانە دابنێین، بە مەعلوماتی دەقیق لەلایەن ئێوەوە دێت، دووەم/ من لەم جەلسەیە بۆم دەرکەوت خەلەلێك هەیە لەلایەن ئێمەوە، وەکو حکومەت لەسەر مەسەلەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە پەرلەمانەوە بۆمان دێت، بەڵێ پرسیار دێت، من تەئکیدم ئێمە هی کاك قوباد هی بەندە لە هەموو کۆبوونەوەکان ئەوە بووە کە پێویستە وەڵامی پرسیارەکان لە وادەی قانونی خۆی بدرێتەوە، ئێمە ئێستا لە خەلەلەکە تێ گەیشتین، من حەز دەکەم دڵنیاتان بکەمەوە ئێمە ئەم خەلەلە علاج دەکەین، بە تەئکید مومکینە هەندێ پرسیاریشتان ماوە کە وەڵام نەدراوەتەوە، یان ئێوە وەڵامی پێویستتان وەرنەگرتووە، من داوا دەکەم بە نووسین دیسانەوە ئەو پرسیارانەمان بۆ بێت و، بۆ ئەوەی ئێمە وەڵام بدەینەوە و باشترین حەلیش ئەوەیە کە وەزیری خۆمان کە لە پەرلەمانە پرسیارەکان تەسلیمی ئەو بکرێ، ئەویش لە ڕێگەی خۆیەوە بۆ وەزیرەکان بینێرێ و وەڵامەکانی حازر بکات و بە زووترین کات لەماوەی خۆی موتابەعەی بکات و بگاتە دەستی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئێمە هەر بۆ ئاگاداریتان کۆبوونەوەیەکیش بزەبت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و حزبەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان،بە تایبەتی ئەوانەی کە لە حکومەت بەشدارن و لە پەرلەمانیشن، بۆ ئەوەی ئێمە ئەم شتانەی کە پێویستە بە نیسبەت مەسەلەی نەوت و سیاسەتی ئێمە وردەکاری ئەو شتانەی کە هەتا ئێستا ئێمە کردوومانە لەگەڵ ئەو لایەنەنانەش باس بکەین، ئێمە هەرچی لەسەر ئەم بابەتە ڕابوەستین بەڕەئی من کەمە و پێویستە، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی زۆ گرنگە و مەسەلەیەکی نیشتمانییە، سیاسەتی یەك حزب نییە و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە شێوەیەکی گشتی و ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە ئێمە پێشنیازی ئێوە و پرسی ئێوەو بەدواداچوونی ئێوە بەڕاستیمە ئێمە زۆر بە بەرز دەینرخێنین و پێمان وایە یەکجار زەروریە، یەعنی ئەو بەدواداچوونەی ئێوە بۆ شتەکان یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەو کەموکوڕیانەی کە هەیە لە حکومەتەوە، لە ئیشەکانمانەوە بتوانین جێ بەجێ یان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز مامۆستا مولود، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز مولود محی الدین/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها دوو قسەم هەبوو لەم بارەیەوە، بە گوێرەی ماددەی (٢٦) ی پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە ١ی ساڵی (٢٠٠٦) کە لە (٩/٩) دوە واتە لە نزیکی کۆتایی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمدا، داڕێژراوە، ئێمە ئەم پەیڕەوی ناوخۆیەمان هەیە کە پەیڕەوی ژمارە (٧) ی ئەنجومەنی وەزیرانە کە پەیوەیستە بە

پۆستەکەی من یان فەرمانەگەی من، ڕێك نەسەکەیتان بۆ دەخوێنمەوە و تەواو یەك دێرە (وەرگرتنی ئەو پرسیارانەی کە ئەندامی پەرلەمان ئاراستەی سەرۆك و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی دەکەن ناردنەوەی وەڵامەکەیان بۆ پەرلەمان) بیزەبت دروست وەکو ئەوەی کە سەرۆکی حکومەت فەرمووی، بیزەبت وا، بەڵام تا ئێستا عورفی ساڵانی ڕابردوو وابووە، ئەم پرسیارانە گەیشتووەتە ناو ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوبەری گشتی سەرۆکی دیوان ئەو بەرپرس بووە لەوەی کە بینێرێ بۆ وەزیرەکان و پاشان بێتەوە بۆ لای خۆی و پاشان بگاتە لای بەڕێزتان، ئێستا ئێمە ئەو مەوزوعە انشاالله ڕادەپەڕێنین، بە نیسبەت داواکردنی ئامادەبوون و بەشداری کردن لە ئامادەبوون ئەوە زۆر و کەمی ئەرکی ئێمە نییە، ئەوەتا نەسەکەت بۆ بخوێنمەوە ( بەشداری کردنی وەزیر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنەکانی دا، واتە لە دانیشتنەکان بۆ خستنەڕووی هەڵوێستی، بەڵام ئێمە ئەوەش هەر دەکەین، جەنابتان هەر وەزیرێکتان بوێ و لەههر سەعاتێکدا بێ ئێمە قسەی لەگەڵ دەکەین، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان تا ئێستا پەرلەمان (٣٣٧) پرسیاری ئاراستەی حکومەت کردووە، لە خولی ڕابردوودا (٢١٢)پرسیار لە هەموو خولەکە (٢١٢) پرسیار ئاراستە کراوە، تا ئێستا (٣٣٧) پرسیار ئاراستە کراوە، لە خولەکەی ڕابردوو تەقریبەن (٢١٢) شتێکی ئاوایە، لە کۆی ئەم پرسیارانە (١٥) پرسیاری پەیوەست بووە بە سەرۆکی حکومەت و بەندە کە هاوکاری بەڕێزیان بوو لە جواب دانەوەدا، هەر ١٥ کەمان بە یەك وەجبە تەسلیم کردووە و جوابەکانیان لە خزمەت جەنابتانە لای پەرلەمان، ئێستا (١٣) پرسیاری لەبەردەستە، بۆ مەعلوماتی ناو پرسیارەکان، پرسیارمان لە وەزیرە مەعنیەکان کردووە کە وەڵاممان بدەنەوە، ئەوەی کە پرسیارەکانتان دوا دەکەوێ لە (١٥) ڕۆژدا بەڕاستی بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پرسیارەکان کلکە پرسیاری زۆریان هەیە، جاری واهەیە پرسیاری ١ و ٢ و ٣و ٤ و .... ١٦ پرسیاری تیایە، لە یەك وەرەقەی بەڕێزتان (١٦)پرسیاری هەیە، (١٦)فەرعی هەیە، ئەگەر وەزیر دابنیشێ جوابی ئەمانە بداتەوە بە دڵنیاییەوە هی بەڕێزیشتان هەیە و هی لیژنەی تریش هەیە، لە نەتیجە دەبێتە نووسەری زۆر باش لە تەواو بوونی خولەکە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت هیچ وتەیەکتان هەیە جەنابتان؟ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەندامانی بەڕێز لە لیژنەی نەوت و غاز، جەنابتان دەتوانن تەشریف بەرنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەرنامەی کارمان شتێکی کەم ماوە و تەواوی دەکەین و دانیشتنەکە هەڵدەگرین، کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبوو، ئێمە (٨) سەعاتە گفتوگۆ دەربارەی بابەتێکی هەرە هەستیاری کۆمەڵگا دەکەین و چاوەڕوانی ئەنجامیشی لێ دەکرێ، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کێشەمان لەگەڵ

حكومەتی خۆمان نییە، واتە ئەو تەوەرەی کەباسی لێوەکران، پەرلەمانی کوردستان یان هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ بەغدا هەیە، ئەو کۆبوونەوە ناکرێ بێ ئەنجام بێت، داواکارین کە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی ڕەسمی خۆی ئەمڕۆ بە نامەیەکی نارەزایی ئاراستەی حکومەتی عیراقی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بکات کە هاتن وەفدی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی دێت تا ئێستاکە لە قسە زیاتر گوێ بیست نەبووینە، بۆیە دەکرێ ئەنجامەکەی وابێت، ئەگەر ئەو متمانەیە دروست بووە، هەموو لایەنەکان باسی ئەوەمان کرد پشتگیری سیاسەتی نەوتی دەکەین، داوای شەفافیەت دەکەین، بەلام هەڵوێستێکی ڕوونی پەرلەمانی کوردستانیش پێویستە ئەمڕۆ دەربڕدرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی دوو لیژنەکە نووسیومانە پێشنیار، ئەو کاتە بەم تەفسیلە ئەم پێشنیارەمان نووسی و ویستەکەمان وابوو ئەم پێشنیارە یان ببێ بە ڕاسپاردە، یان ببێ بە بڕیاری پەرلەمان، واتە ئەو پێشنیارانەی کە کرابوون ببن بە ڕاسپاردەیەك یان بڕیارێك دەنگی لەسەر بدرێ لە پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی بە دەستی بە تاڵ دەرنەچین، دووەم/ من داوا دەکەم ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە بەڕێز وەزیری دارایی خوێندیەوە، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی وەزیری سامانە سروشتییەکاندا، یەعنی ئەو ڕەقەمانە بۆ ئێمە زەبت نەکران، بە کاغەز بمان دەنێ بۆ ئەوەی دیراسەی بکەین و بە دواداچوونی بۆ بکەین، ئەم فرستە دەقۆزمەوە سەرۆکی حکومەت هیوادارم بە تەرکیزەوە گوێی لێ بێ، چونکە ئەوە زەختێکی گەورەیە، زۆر بێ تاقەتی کردووین و زۆر ئازاری داوین، بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە کوردستاندا سزای سیاسی ماوە معاونی مەکتەب دانانرێ لەبەرئەوەی گۆڕانە، سەد نموونەمان لایە، هیوادارم......... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، سوپاس، نوقتەی نیزامی نییە کاك علی لە دەرفەتێکی تر دەتوانی ئەوە باس بکەی، بەڕێز د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەوە دەڵێم پێویستە بە بڕیارێك و بە شتێك خۆ ناکرێ کۆبوونەوەکە هەروا کۆتایی پێ بێت و چەند جارێکیش بەڕێزان وتیان پرسیارەکانمان بە نووسراو بۆ بێنن، ئێمە خۆمان هەمووومان بە نووسراو تەسلیممان کردووە، ئایا پێویست دەکات جارێکی تریش بە نووسراو لە ڕێگەی بەڕێز کاك مولود

باوەمرادەوە بینێرینەوە، یاخود ئەو نووسراوانە کافیە بۆ ئەوەی وەڵامەکانمان دەست بکەوێتەوە، چەند جارێك وتیان بۆمان بنێرن بە نووسراو ئێ ئێمە بە نووسراو تەسلیممان کردوون ئێستا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، ئەوەی کە بە نووسراو تەسلیم کرابێ بە تەئکید وەڵام دەدرێتەوە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت فەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەوەندە بوو، من ئەو گلەییەم قبوڵە ئەوەی کە باسیان کرد، من ئەو گلەییە خۆم باسم کرد گوتم لێرە من ئەوە تێ گەیشتم کە مەسەلەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان وەکو پێویست نەبووە، ئێمە بە تەئکید لەسەر ئەم بابەتە ڕادەوەستین، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش قسەی لەسەر دەکەین، ڕۆژی چوار شەممە، ئالیەتێکیش دادەنێنین بۆ ئەوەی ئەو وەڵامانە لە کاتی پێویستی خۆی بگاتە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

سەبارەت بە کۆپی کردنی، ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری سامانە سروشتییەکان پێشکەش کران، ئەوەش پەسەند کراوە و ئەو ڕاپۆرتانە بە زووترین کات دەگاتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بەسەر ئەندامانی پەرلەمان دا دابەشکرێ، سەبارەت بە ڕاسپاردەی ئەم کۆبوونەوەیەش ئێستا دەتوانین بیخەینە دەنگەوە ئەو ڕاپۆرتە کە لەلایەن هەردوو لیژنەوە ئامادە کرا، بە ئیزافەی ئەو سەرنج و بیروبۆچوونانەی کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە خرانەڕوو، بە ئیزافەی ئەوە پەسەند بکرێ لەم کۆبوونەوەیە، دواتر بۆ حکومەت بنێردرێ بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێ، ئەگەر پێتان باش بێ دەیخەینە دەنگەوە و پەسەند کردنی ئەو ڕاپۆرتە و بە دەستکاری کردنی ڕای ئەندامانی پەرلەمان، کاك علی سندی فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی یەکەم کە زۆر بە ڕێك و پێکی ئامادەکرابوو، کۆمەڵێك تەوسیاتی تێدایە، بۆ مەسەلەی مفاوەزات، تەرکیزی لەسەر میزانیەی عیراقە و شێوازی تەعامول کردنی لەگەڵ ئەوە، ئێمە لە ئەسنای قسەکردن و ئەوانە لەوەوە دەرچووین، یەعنی ئەگەر ئەو کۆمێنتانە، بە تەسەوری من هەروەکو پێشنیارێك ئەگەر تەرکیز بکرێتە سەر ئەو ڕاپۆرتە، فیعلەن ئەو ڕاپۆرتە ئەوەیە کە سوودی دەبێت، وەکو دەعمێك دەبێت بۆ جهودی حکومەت لە جەولاتی مفاوەزات دا، هەروەها تەحدید کردنی شتەکان، ئەگەر نا ڕاستە ئێمە زۆر شتی ترمان باس کرد ئەمرۆ، یەعنی لە شتی تەفاسیلی نەوتەوە هەتا شتی تر، بەڵام ئەگەر ئیختیسارەن بۆ

وەقت بێت کە نەتیجەیەکی هەبێت، کە سوودی هەبێ بۆ کارەکانی حکومەت، تەرکیز بکرێتە سەر ئەو ڕاپۆرتە و بە دەستکاریەکی بچووکەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو، بەڵێ کاك ڕابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕابووت توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو سەرنجی بچووکم هەیە، یەکیان/ ئەو پێشنیارەی کاك ئومێد تەبعەن لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەین، سەبارەت بەو کێشانەی هەمانە لەگەڵ حکومەت لە بەغدا تەبعەن تەسەورم وایە هەموو هێزە سیاسییەکان هاوڕاین، بۆیە ئەو بەشە ئەگەر بەیانێك، ڕاگەیاندنێك لە پەرلەمانەوە دەردەچێت لەو خاڵەیان هاوبەشین، بەشەکەی تر ئەوەی پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە وەك جیهەتی موراقیب لەسەر حکومەت، تەبعەن کەواتە ئێمە کۆمەڵێك پێشنیارمان ئەمڕۆ پێشکەش کردووە، هیوادارم لەو ڕاگەیاندنەدا ئەگەر دەردەکرێ ئەو پێشنیارە جێیان بۆ بکرێتەوە، واتە ئەو پێشنیارانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان خراونەتە ڕوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك مولحەق بۆ ئەم سەرنجە ئەوەیە کە ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندارەکان چەند پێشنیارێکی تێدایە، پێموایە واباشە ئەو پێشنیارانەی ئەخیر دەنگیان لەسەر بدرێ، ئینجا بە ڕاسپاردە یان بە قەرار ئەوە بڕیاری لەسەر بدەین کە دەنگی بۆ بدەین و پەسەندی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

هەر ئەو ڕاپۆرتە دەنگی لەسەر دەدەین و پەسەندی دەکەین، بەزیادکردنی ئەو تێبینیانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرانەڕوو، هەندێ تێبینی دروست و زیاتر بۆ ئەو ڕاپۆرتە هەبوو، داوا لە هەردوو لیژنە دەکەین بە زووترین کات ئەو تێبینیانەی کە هەتانە و خۆتانیش باستان کرد لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکە جێی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاڕاستەی حکومەتی بکەین، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتە کۆمەڵێك پێشنیاری تێدایە ئایا وەکو ڕاسپاردە دەخرێتەڕوو یان ئەوەتا دەبێتە بڕیار، ئەگەر بڕیارە ڕێکاری دیکەی پێویستە، ئەگەر ڕاسپاردەشە قبوڵ کردنەکەی شێوازێکی تری هەیە، سوپاس.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):

ئەوەی ئێستا هەیە وەکو ڕاسپاردەی ڕاپۆرتەکە قبوڵ دەکرێت، دوایی ئەگەر پێویستی بە بڕیار بوو ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوای ئەوەش بکەن کە بڕیاریش لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێ، بەڕێز مامۆستا مولود باوەمراد قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز مولود محی الدین (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەنگ لەسەر هەموو ڕاپۆرتەکە بدرێ، پێموایە ڕاپۆرتەکە تەقریری مانگێکی تری بەسەر دەچێ، بڕگە و ئاماژەکانیش و ژمارەکانیش هەمووی هی (٢٠١٤) واتە یاسای بودجەی ٢٠١٤ کە تەسبیت نەکراوە، کەواتە من لەگەڵ ئەوەم کە پێشنیارەکانی بخرێتە دەنگدان بەو دەسکاریانەی کەوا بڕیارتان لەسەر داو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەکە هەمووی پێویست ناکات بخرێتە دەنگدانەوە، ئەرقام، تەنها پێشنیارەکان لە (٥) خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم (٥) خاڵە من پێشنیار دەکەم بکرێ بە بڕیاری پەرلەمانی، زۆر گرنگترە ئەمە، یەعنی دیارە بۆ خەڵك ئاسانە (٥) خاڵە و ئەخوێنرێتەوە و ئەمە بڕیاری پەرلەمانە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستاندا، ئیتر زۆر زۆر یا بەڕاسپاردە یان بڕیار خۆتان باشتر دەزانن کامیان دەردەکەن.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):

دەزانی بە ڕاسپاردە دەری بکەین ئەگەر پێتان باش بوو دوایی دەتوانین بیکەن بە بڕیار، یەعنی هیچ گرفتێك لەوە نییە، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ کۆمەڵێك پێشنیار کرا، لەگەڵیشی دا کۆمەڵێك پێشنیار بە شەفەهی کراوە، ئەگەر ماوەیەکی زیاتر بدرێت بە هەردوو لیژنەی مەعنی هەردووکیان تەوحید بکرێ، دوایی وەکو پڕۆژە بڕیار دەربچێ کاتەکەی زیاتر و بڕیارەکەی حکومەت یەکلا بێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم تێکەڵ کردنی هەردوو تەوەری یەکەم و دووەمی بەرنامەی کارەکە ئەم ئەشکالیەتەی دروست کردووە، بۆ؟ چونکە ئەگەر دوو تەوەرەکەمان تێکەڵ نەکردایە و تەنها تەوەری یەکەم کە باسمان لە مەسەلەی ڕاسپاردەکانی ئێمە بۆ وەفدی دانوستانکار بکردایە، بە تەسەوری ئێمە نابێ ئەمە لە شکڵی بڕیار دەری بکەین، دەبێ لە شکڵی ڕاسپاردە بێ، چونکە کە بوو بە بڕیار ئیتر مرونەتی تیا نامێنێ، وەفدەکەی حکومەت دەست کراوە نابێ، بۆیە ئەم دوو شتە پرسی وزە و پرسی وەفدە دانوستانکارەکە دوو شتی جیاوازن، ئەوەی وزە لە شکلی پرسیاردا

پرسیارمان کردو بەشێکیمان وەکو وەڵام وەرگرت، بەشێکی ماوە وەری بگرین دواتر ئێمە ڕەئی خۆمان دەڵێین لەسەر ئەوەی ئایا دانیشتنەکە مونتج بووە یان نا سەبارەت بە پرسی وزە؟، بەڵام سەبارەت بە پرسی وەفدی دانوستانکار پێشنیارەکانی هەردوو ڕاپۆرتەکە لەگەڵ هەر ئیزافیەك کە پێویست دەکات و بۆچوونی پەرلەمانتارانە و لە شکڵی ڕاسپاردەش بێ بۆ ئەوەی دەستی وەفدە دانوستانکارەکە تا ڕادەیەکی زۆر کراوە بێ و مرونەتی تیا بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئێستا ئێمە ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی لەگەڵ لیژنەی سامانە سروشتییەکان پێشکەشی کرد بیخەینە دەنگدان، ئەگەر ڕاپۆرتەکە بخەینە دەنگدانەوە و دواتر دەسکاری بکرێ ئەمە ناگونجێ یان دەبێ ئەوەی ئێستا کە هەیە و بەوەی کە هەیە بیخەینە دەنگدانەوە و دەسکاری نەکرێ، ئەگەر بە نیازن دەسکاری بکەن و تێبینی و مولاحەزاتی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە دایان ئیزافەی بکەنە سەری تەئجیلی بکەن با ئیزافە بکرێ ئەو کاتە کە هاتەوە ئەندامانی پەرلەمان ببینن ئەو کات بیخەنە دەنگدانەوە، ئەمە یەك، خاڵی دووەم/ سەبارەت بە بڕیار من پێموایە ئەوانە بەشێکیان پەیوەندیان بە مەسەلەی مفاوەزاتی ئەم بەڕێزانەوە هەیە کە دەچنە بەغدا، ئەمە ناکرێ بڕیاریان بۆ دەربکەین مفاوەزات یەعنی چی؟ دانوستاندن، دەبێ دەستیان کراوە بێ، بۆیە مەرج نییە ئێستا ئێمە لەم کۆبوونەوەیە دەرچووین بەم شێوەیەی دەرچووین مانای کەموکوڕی هەیە، ئێمە هاتووین گفتوگۆ بکەین و زانیاریمان وەرگرتووە و بەڕێزان لە حکومەت لەسەر نەوت و لەسەر دارایی شتیان پێداین، ئێمەش تێبینی خۆماندا، مانای وایە ئێمە دەستکەوتمان هەبووە، بۆیە ئەگەر بە ڕاسپاردە و بە بڕیار دەرنەچوو مانای ئەوە نییە کە پەرلەمان کەموکوڕی هەبووە، بۆیە ڕاپۆرتەکە لێ گەڕێن با لیژنەی موختەس بچیت و دەوڵەمەندی بکات و بیهێننەوە پەرلەمان و دەکرێ ئەو کات وەکو ڕاسپاردە بیدەینە حکومەت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، کاك د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بخۆ دگەل هەندێ دامە بەیانەکی کو بتەنێ دەربکەڤێت و تەسویت لسەر چ تشتی نەهێتە کرن، ژ بەر دوو سەبەبێت ڕەئیسی، ئێك/ ئەڤ دوو تەقریرە، وەکو دبێژن حاڵەتەکا موستەعجیل هاتینە کرن ژ لایێ دیش نابا، هەمی ئەندام پەرلەمان موتەڵیع نەبووینە تەفاسیلێت وێ ڤە، لەورا لازمە نەك بەسەر دوو لیژنە، بەڵکو هەمی ئەندام پەرلەمان و زۆربەی فراکسیۆنێت خۆ جارەکا دی پێدا بچنەڤەوە ل ناو ڕاپۆرتێ دا و گەل وان مولاحەزێت هاتینە بەر سنگێ حکومەتا هەرێمێ، جەوابێت حکومەتا هەرێمێ باشتر دێ

تێروتەسەل بن، ژ بەر هندێ ئەز دگەل هەندێ دامە بتنێ ئەڤرۆکە بەیانەك دەرکەڤت بەرامبەر حکومەتا مەرکەزی و ئەم ژی نارازی خۆ دیار کەین بەرامبەر ڕەفتارێت وان دگەل مەداو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز وەسا دبینم وەکی ئەندامەکی لیژنەیا دارایی و ئابووری ڕاپۆرتا هاوبەشیا لیژنا دارایی و ئابووری دگەل ڕاپۆرتا سامانێ سروشتی بتێروتەسەل باسی ئەم بابەتە کریە، گەر بکەڤیتە دەنگدان باشترە بێتن، سەبارەت بە خالێکی تر پشتگیری کاك ئومێد خۆشناو دەکەم، ئەمرۆ بە بڕیارێك دەربچێت و ناڕەزایی پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەتی ناوەندی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم گفتوگۆیەی کە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان کرا، تەقریبەن (٥) ساڵە ناوەڕۆکەکەی لە هۆڵی پەرلەماندا لەلایەن حکومەت و لیژنە مەعنیەکان و پەرلەمان و حکومەتەوە بە شێوەیەکی گشتی باس دەکرێ، ئەو ڕاپۆرتەی لەلایەن لیژنەی دارایی و لیژنەی سامانە سروشتیەکانەوە پێشکەش کرا هیچ شتێکی نوێ نییە بە نیسبەت حکومەتەوە، بەشێکی زانیاریەکان لای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەن، بەشێك لەو زانیاریانەش کە حکومەت پێشکەشی پەرلەمانی کرد لای لیژنەکانی مەعنی هەن، بۆیە ڕاپۆرتەکە لەم دانیشتنەی ڕاپۆرتی حکومەت بۆ پەرلەمان، ڕاپۆرتی پەرلەمان بۆ حکومەت ئاڵوگۆڕ کرا، ئێمە یاسامان هەیە، یاسای ژمارە ٥ ی شایستە داراییەکان، یاسای نەوت و غاز ژمارە(٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) لەبەردەست حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری پێ بکات، ئەو سێ پرۆژەیەی کە ئێمە تەرحمان کرد، کۆمپانیای کوردستان و سندوقی داهاتە نەوتەکان بە زوویی حکومەت ئامادەی بکات و بیهێنێتە پەرلەمان، تەسەورم وایە ئێمە ئەو بۆشاییە یاساییانە پڕ دەبێتەوە، ئەگینا ئەگەر ئێمە تەنها بۆ تەرزیە کردنی ڕێی عام ڕاسپاردەیەك تەسویت بکرێ، پێموایە شتێکی زیادەیە، خۆی بۆ خۆی دانیشتنەکە موستەسمیر بوو، بەرچاو ڕوونی تیایە و هەموو لایەك بە ئەرکی خۆی هەستێ و حکومەت پەلە بکات لە ناردنی پرۆژە یاساکان بۆ ئێمە کیفایەتێکە و ئەوەشی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت پێشنیاری کرد هەفتەی داهاتوو لیژنەیەکی مەعنی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ تەکمیلە کردنی ئەم دانیشتنە و ئەو پێویستیانە کۆ ببنەوە و تەسەورم وایە هەموو شتەکان کۆتایی پێ دێنێ و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز د.ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پێشنیارم هەیە ئەگەر بکرێ بە بڕیار یان ڕاسپاردە، خاڵی دووەم ئموری تیایە، من پێشنیارم ئەوەیە کۆتایی جوملەکە، بەڵام کۆنترۆڵی فرۆشتنی نەوتی هەرێم هەر بە دەست حکومەتی هەرێم خۆی بێت، هەتاوەکو ڕوون بێ کە ئێمە باسی دەوری حکومەتی بەغدا بەس بۆ شەفافیەتە و تەقاریرە و ئاگادارکردنە، ئەگەر ئەمەی تیا نەبێ وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئیشارەتی پێی کرد، بە نیسبەت منەوە ئەمە غموزمان دەداتێ و کێشەمان بۆ دروست دەکات، لەبەرئەوە ئەو ئیزافەیەی پێویستە وەکو تەکمیلەی جوملەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

پێموابێ ئێستا ڕەئیەك هەیە کە ڕاسپاردەکان تێروتەسەل بکرێن لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئەو کاتەی لیژنەی مەعنی ڕاپۆرتەکەی ئەو دوو لیژنەیەی کە ڕاپۆرتەکەیان حازر کردووە پیاچوونەوەیان بۆ کرد، ڕاسپاردەکانیان ئامادە کرد، دەتوانین لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکەینەوە و ئاراستەی لیژنەی مەعنی بکەین، سەبارەت بە بەیانیش هیچ شتێك حازر نییە ئێستا هیچ بەیانێك حازر نییە تا ئێستا کە ئێمە دەری بکەین، بەڵام لە موئتەمەرە سەحەفیەکەی ئێستا دەکرێ دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین و ئاماژە بەو بارودۆخەش بدەین کە بۆ هەرێمی کوردستان هاتۆتە کایەوە، کاك علی قسەیەکی ترت ماوە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان بیخوێنەوە بزانە زۆربەی سەرنجەکانی تیا جێ کراوەتەوە یان نا؟ دوو/ زۆر پەرلەمان داوای کرد ئەو پێشنیارەی ڕاپۆرتەکە بکرێتە ڕاسپاردە و ئەمڕۆ دەربکرێ، هیوادارم بیخەیتە دەنگدانەوە، بەڵام دەرفەتمان پێ بدەی جارێکی تر بیخوێنینەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بنەوە برادەران لەوەی کە جێگیر کراوە یان نا؟ (٥) خاڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ......، بەڵێ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیری جەنابتی دەخەمەوە ئەگەر ئێستا ئەو ڕاسپاردانە بخرێتە دەنگدانەوە جارێکی تر ناتوانرێ هیچ ئیزافەیەکی بۆ بکرێ لەڕووی قانونیەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ڤەمان لە زووەوە دەستت بەرز کردووەتەوە فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر هەنگاوێك لەم پەرلەمانە بهاوێژرێت پێچەوانەی ئەم پەیڕەوە بیت، ئەوا ئەو کاتە ئەو هەنگاوە قابیلی تەعنە، کەواتە ئەگەر ئێمە بڕیارێك لەم پەرلەمانە دەرکەین ئێستا ئیجرائاتی بڕیاردان لەو پەیڕەوە بە وازحی دیار کراون دەبێ ئەو هەنگاوە بهاوێژرێ پێش ئەوەی بڕیار دەربچێت، ئەگەر بەشێوەی ڕاسپاردە دەریبکەین من پەسەندی قسەکانی د.فرست دەکەم، دوای دەنگدان لەسەر ڕاسپاردە بەهیچ شێوەیەك بۆمان نییە دەسکاری بکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز کاك ڕێباز فەرمووو.

**بەڕێز ڕێباز محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە وەفدی حکومەت ئەو ڕاپۆرتە کە تازە تەعدیل کرابوو ئێمە لامان نەبوو، پێم باشە کە جەنابت نوسخەیەکمان بدەنێ بۆ ئەوەی ئێمەش ڕەئی خۆمان بدەین، پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم  کە ئێستا تەسبیت دەکرێ، چونکە ئەگەر تەسبیت بکرێ دوایی دەسکاری ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتوو بێگەرد فەرمووو.

**بەڕێز بێگەردڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بنەمای دانوستان کردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر ئەو میکانیزمانەی کە پێویستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دانوستانە، ئێمە ئەگەر بڕیار دەربکەین یان ڕاسپاردەیەك دەربکەین بیدەینە وەفدی دانوستانکار  واتە شتێك لەوانەیە نەهێڵینەوە بۆ ئەوان کە قسەی لەسەر بکەن، من بە باشی دەزانم ئێستا تەسویت لەسەر ئەم بابەتە نەکەین، بۆ ئەوەی دەرگا واڵا بێ لەبەردەم وەفدی دانوستانکار بۆ ئەوەی بتوانن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە ڕاسپاردە تەبیعیە، بەڵام ڕاسپاردەکان با تێرتەسەل بکرێ بە دروستی بێتە بەردەستمان ئەو کاتە دەیخەینەڕوو، بەڕێز سەرۆکی حکومەت فەرمووو.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر دەمەوێ یەك شت بڵێم بۆ ئەوەی کۆتایی بەو بابەتە بێنین، بەڕەئی من خۆی هەتا ئێستا ئێمە وادەی دەست پێ کردنی دانوستان لەگەڵ بەغدا دیار نییە، نازانین و مەعلوم نییە بگەینە چی؟ من پێموایە باشترین شت ئەوەیە ئەگەر مەعلوم کرا کە کەی سەردانەکەمان دەست پێ دەکەین و کەی ئەم دانوستانە دەست پێ کرا؟، من پێموایە حەقیقەت من پێم باشە هەندێ پەرلەمانتاریش لەگەڵ ئێمە بن بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەگەر ئەمە دەستی پێکرا ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ بەغدا بۆ دانوستاندن دێین لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆدەبینەوە، یان ئەو تەوسیە و شتانەی کە هاتنە پێش ئەوەی ئێمە بچین بۆ بەغدا

له ئێوه وەری دەگرین و هەر بەو شێوەیەش سەفەری بەغدا دەکەین، پێموابێ ئەوە باشترە، موهیم ئەوەیە حکومەتی عیراق کە ئێمە دەست بە دانوستان دەکەین لەگەڵیان لەوە تێ بگەن کە ئێمە پاڵپشتی پەرلەمانی خۆمانمان هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی دیکە تەرکیز لەسەر ئەو پێشنیارەی خۆم دەکەمەوە، پەرلەمانی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستانە بە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی، بە لێدوانێك بڕی ئەو بابەتە ناشکێنێ، لەماوەی ڕابردوودا دوو مانگ بەر لە ئێستا هێز و لایەنە سیاسییەکان بەشداری حکومەتێکیان کرد و ماوەیەکیان دیاری کرد، دوو مانگ ڕۆیشتووە و یەك مانگ ماوە، کەواتە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە سیاسەتی نەوت قسە کردن دەربارەی شەفافیەت و ئەوانە لایەنێکی ناوخۆیی خۆمانە و هەموو کاتێك چاودێر دەبین و بە وردیش چاودێری کارەکانی حکومەت دەکەین، بەڵام تایبەت بە ڕێگا داخراوەکانی کە حکومەتی عیراقی گرتوویەتە بەر قووتت دەبڕێت و بودجەت دەبڕێ و ڕێگا نادات نەفتت بڕوات، دەبێ پەرلەمانی کوردستان کە پێك هاتووە لە تەواوی لایەنە سیاسییەکان بە مەوقفێکی ڕەسمی کە ڕۆژانە ئەوان ئەو بابەتانەیان هەیە لە ئاستی حکومەت و لە ئاستی پەرلەمان و لە ئاستی شەقام هەمیش قسەی وا دەوروژێنن هەڕەشەیە، بۆیە ئەمڕۆ پێویستە دوای هەشت سەعات گفتوگۆ و کۆبوونەوەی نێوان حکومەت و پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی هەبێ لە بەیانێکی ڕەسمی موخاتەبەی شەقامی عیراقی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

دەبێ ڕەشنووسەکە حازر بێ و هیچ ڕەشنووسێك لەبەردەستی ئێمە نییە تەسویتی لەسەر بکەین، بەلاغێکی لەم شێوەیە حازری بکەین بە دڵنیاییەوە دەتوانین بەلاغیش دەربکەین هیچ موشکیلەیەکی تیا نیە، کاك ڕابوون دوا موداخەلە، فەرمووو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم دوا موداخەلە بێ دکتۆر ئێوە خۆتان بە کارنامەی ئەمڕۆ دوو تەوەر بوو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەوەرێکیان سەبارەت بە کێشەکانی نێوان ئێمە وحکومەت بەشە بودجەی ئێمە لەوێیە، بەشی دووەم پەیوەند بوو بە کێشەی نەوت و غاز لە کوردستان وبۆیە ئەم بەڕێزانە لێرە میوان بوون، ئێمە ئەگەر بۆ نموونە بەیانێك دەربکەین سەبارەت بە پشتیوانی ئێمە و ئیدانەکردنی هەڵویستی حکومەت لە بەغدا، یەعنی ئەوەی دووەممان وەکو لای ڕەئی گشتی وا دەکەوێتەوە کە بڵێی بەشی دووەممان ئیهمال کردووە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم و تەرکیز دەکەمەوە لە قسەی ئەو هاوڕێیانەی کە کردیان، ئەم پەلە پروزەیەی پێ ناوێ، ئەو هاوڕێیانە موختەسن و تایبەتمەندن لە لیژنەکانی تایبەتمەند کۆمەڵێك ڕاسپاردە یان ئەگەر ڕێککەوتین دەیکەینە بڕیار، من پێموایە

ڕاسپاردە بۆ ئەم دۆخە باشتر دەبێ، سەبارەت بە هەردوو تەوەرەکە حازری دەکەین و دەنگی بۆ دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس بۆ ئێوە، ئێستا دێینە سەر تەوەری دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی دوو پرۆژە یاسا و بڕیار کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراون، بەڵام لە هەمان کاتدا من دەمەوێ ئەوە بە جەنابتان بڵێم کە لەو کاتەی بەرنامەی کار ئامادەکرابوو ڕۆژی پێنج شەممە دوای ئەوەی کە بەرنامەی کار ئامادە کرابوو حکومەتیش بە پێی ماددەی (٧١) پرۆژە یاسایەکی ئاراستەی پەرلەمان کردووە، دەیخەینە دەنگەوە کە ئەو پرۆژە یاسایەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت یان نا؟، ئەگەر پەسەندتان کرد خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین و هەر سبەینێ لەڕێگەی سندوقەکانتانەوە یاسایەکەتان ئاڕاستە دەکەین و بۆ ئەوەی ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانی کوردستانی بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پرۆژە یاسای (قانون االستقطاب الاموال عن طريق الاقتراض فی اقليم كوردستان العراق) کە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوە بە پێی ماددەی (٧١) ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت کێ لەگەڵیەتی؟ (٣٩) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (٩) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، من دەزانم دابەش نەکراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان بەڕێز د.فرست بۆیە خستمانە دەنگدانەوە، ئەگەر نا ئێمە خۆمان دەسەڵاتی ئەوەمان هەبوو کە ڕاستەوخۆ بیهێنینە ناو بەرنامەی کارەوە، پەسەند کرا، بۆیە ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە ئێرە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی کە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستانن، بەڕێز د.فرست نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٢٠ )فەقەرەی (١ )لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکخستنی بەرنامەی کاری هەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و پێ ڕاگەیاندنی ئەندامەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ پرۆژە پێشنیاری ڕاپۆرتی بابەتێکی بەلای کەم بەر لە دوو ڕۆژ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان، ئەوەی کە جەنابت ئێستا خستتە دەنگدان پێموایە سابیقەیەکی باش نابێ لە داهاتوو هەر شتێك بتانەوێ هەر ئەو کات بیخەنە دەنگدان و بیخەنە بەرنامەی کار و بەڕاستی ئەمە سابیقەیەکی باش نییە، بۆیە من پێموایە ئەوەی ئێستا خستتە دەنگدان لەوەی کە ئەم پرۆژە یاسایە یەکسەر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت بە بێ ئەوەی لەناو سەندوقەکانمان بێ، پێش ئەو مودەیەی لە پەیڕەو دیاری کراوە پێموایە موخالفی پەیڕەوی ناوخۆ بووە و ئەو تەسویتەی کردمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، تەبعەن سەرۆکایەتی حکومەت ئەو پرۆژە یاسایەی ناردووە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، گفتوگۆی لەسەر ناکرێ تەنها خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ، ئەمڕۆ بخرێتە سەندوقی ئەندامانەوە و سبەینێش بخرێتە سەندوقی ئەندامان زۆر فەرقێك ناکات، بۆیە ئەوەی جەنابت باسی دەکەی سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەکان تەواو ڕاستن، سەبارەت بەو بابەتانەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ تەواو ڕاستە، بەڵام بۆ

خوێندنەوەی یەکەم پێموانییە ئەشکالێکی گەورە دروست بکات، فەرموون بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی بەرنامەی کار کە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان دانراوە، ئەم پرۆژە یاسا و بڕیارانە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت:

یەکەم/ پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەم پرۆژە یاسایە لە چوار مادده پێك هاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندن کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە ئەمە ناوەکانی بەڕێزیانە، (١/گۆران ئازاد، ٢/شکریە اسماعیل، ٣/ قارەمان قادر، ٤/ محمود حاجی، ٥/ ئومێد حەمە علی، ٦/ باپیر کامەلا، ٧/ شوان قەڵادزەیی، ٨/ کەژاڵ هادی، ٩/ بەهزاد دەروێش، ١٠/سهام عمر، ١١/ نجیبە لطیف، ١٢/عباس فتاح، ١٣ صالح فقێ، ١٤/ عبدالرحمن علی، ١٥/ بێستون فائق، ١٦/ مریم صمد، ١٧/ سعید مصیفی، ١٨/ ڕێواز فائق، ١٩/ مەردان خدر، ٢٠/ حاجی کاروان، ٢١/ سۆران عمر، ٢٢/ فرحان جوهر، ٢٣/ علی هالۆ، ٢٤/ شوان شێخ احمد، ٢٥/ زیاد حسین، ٢٦/ ئومێد عبدالرحمن، ٢٧/ سالار محمود، ٢٨/ عبدالله حاجی محمود، ٢٩/ دلێر مصطفی، ٣٠/ قادر ئۆتمان، ٣١/ شێرکۆ حەمە امین، ٣٢/ خلف احمد، ٣٣/ هەورامان گەچێنەیی، ٣٤/ فخرالدین قادر)، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێت، شکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەق وایە بەڕاستی پەخشەکە دەست پێ بکاتەوە، لەبەرئەوەی هیچ شتێکی نهێنی نەما.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

شتێکی وامان نەماوە تا جارێکی تر ئەو ئیجرائاتانە دەست پێ بکەینەوە، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم پرۆژە بڕیاری ستایشی فەرمانبەرانە، ئەم پرۆژە بڕیارە لە (٥) بڕگە و هۆکارەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەمە ناوی بەڕێزیانە (١/عبدالرحمن علی، ٢/ڕۆزە محمود، ٣/ قارەمان قادر، ٤/ حسن صالح، ٥/عادل عزیز، ٦/ پەروا علی، ٧/ منیرە عثمان، ٨/محمود حاجی عمر، ٩/ ئومێد حەمە علی، ١٠/ برزۆ مجید، ١١/ شێرکۆ حەمە امین، ١٢/ شێرکۆ جودت، ١٣/ عمر صالح، ١٤/ حاجی کاروان، ١٥/ فائق مصطفی، ١٦/ فرست صۆفی، ١٧/ انور قادر، ١٨/غریب مصطفی، ١٩/ شیلان جعفر، ٢٠/ سالار محمود، ٢١/ ئاواز جەنگی، ٢٢/ تەلار لطیف، ٢٣/شوان شێخ احمد، ٢٤/ منی قهوەچی، ٢٥/ پەری صالح، ٢٦/ حسین اسماعیل، ٢٧/بەیار طاهر، ٢٨/ سۆران عمر، ٢٩/ زولفا محمود، ٣٠/ شکریە اسماعیل، ٣١/ نجیبە لطیف، ٣٢/ ایوب

عبدالله، ٣٣/ هەورامان حەمە شريف، ٣٤/ ئێڤار ابراهيم، ٣٥/ مريم صمد، ٣٦/ سهام عمر، ٣٧/ زانا عبدالرحمن، ٣٨/ عبدالرحمن فارس، ٣٩/ باپیر کامەلا، ٤٠/ فەرهاد سەنگاوی، ٤١/ عبدالله حاجی محمود) داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکەین، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای سێیەم بریتیە لە پرۆژە یاسای قانون(استقطاب الاموال عن طريق الاقتراض فی اقليم كوردستان _ العراق) ئەم پرۆژە یاسایە لە (١٢)مادده و هۆکارەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە لە دانیشتنی ژمارە(٦) لە ڕۆژی (١٩) تشرینی یەکەمی(٢٠١٤) ئاراستەی پەرلەمان کراوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کۆی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانە بوو کە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی لیژنەی یاسایی، فەرموون بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان داوا لە هەموو فراکسیۆنەکان دەکەین کە هەر سەرنج و تێبینیەکتان هەیە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی کە هەردوو لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمان ئامادەیان کردبوو بۆ ماوەی هەفتەیەك بیگەیەننە لیژنەکە بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینیەکانتان ڕەچاو بکرێ لە ئامادە کردنەوەی ڕاپۆرتەکە، مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله پێم باش بوو ئەو پرۆژە یاسایەی قەرزی پارەکە، ئەگەر بکرێ بنێردرێ بۆ لیژنەی ئەوقافیش لەبەرئەوەی لەڕووی شەرعیشەوە قسەی لەسەر بکرێ، چونکە قەرز کردن بە تایبەت کە سووی تیایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بـەڵێ سـەیری پـڕۆژە یاسـایەکە دەکـەین ئەگـەر لـە بابـەتێکی پەیوەندیـدار بەلیژنـەی ئـەوقافی تیـا بـوو ئاراستەی لیژنەکەی دەکەین، باشە، سوپاس، بەڕێزان بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان کۆتایی هات، زۆر سـوپاس بۆ هەموو لایەك.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |